# دەنگۆ

کۆنترین ئامرازی ڕاگەیاندن لە جیهاندا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

جان – نۆیل کاپفیرێر

# دەنگۆ

کۆنترین ئامرازی ڕاگەیاندن لە جیهاندا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**عەبدولڕەزاق عەلی**

ناوی کتێب: دەنگۆ – کۆنترین ئامرازی ڕاگەیاندن لە جیهاندا
نووسینی: جان – نۆیل کاپفیرێر
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٣٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩٤٠ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکیی چاپی کوردی

بەدران ئەحمەد حەبیب

سەرەتا با بپرسین: دەنگۆ چییە؟ بەلای منەوە کوردستان وڵاتی دەنگۆیە بۆیە ناشێ خوێنەری کورد پێناسەی دەنگۆ بەباشی نەزانێ. زمانی کوردیش زۆرترین زاراوەی بۆ واتای دەنگۆ داهێناوە، بۆ نموونە: دمگۆ، بانگەشە، گەنگەشە، وتیوتی، واتەوات، وتووات، قسەوقسەڵۆک و رەنگە زۆری تریش. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم جۆرە هۆی راگەیاندنە لەناو کورددا لە دێرزەمانەوە هۆیەکی کارا و بەبرەو بووە و کورد زۆر حەزیان لە دەنگۆ بووە. وەک دیارە دەنگۆ بەو هەواڵ و دەنگوباسانە دەگوترێ کە لەبارەی کەسێک یان داوودەزگایەکەوە دەگوترێن بێ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە راستن یان نا، یان دیاربێ سەرچاوەکەیان کێیە. وەک دەردەکەوێ دەنگۆ سەرەتا لەلای یەکێک سەر هەڵدەدا و پاشان هەریەکە و لەلای خۆیەوە شتێکی دەخاتە سەر و دەیدا بەوی تر، ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەڕوا تا دواجار لە قاڵبێکدا دەگیرسێتەوە.

خەڵک دەزانن کەوا دەنگۆ بەلای زۆرەوە راستیی کەم تێدایە یان هەر تێیدا نییە، ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی سەرچاوەی دەنگۆ دیار نییە و کەس لێی بەرپرس نییە، بگرە لەبەرئەوەش کە زۆربەی خەڵک خۆیان بەشداری لە داڕشتنەوەی دەنگۆدا دەکەن و لە چۆنیەتیی سازبوونی ئاگەدارن. هەروەها زاراوەکانی: "دەنگۆ، بانگەشە، وتیوتی و ئەوانی تریش" هەموویان ئاماژەیەکی شاراوەیان تێدایە بۆ کەم بڕوایی خەڵک بەڕاستیی ناوەڕۆکەکانیان. بەڵام وێڕای ئەمەش خەڵک هەر کەیفیان بەدەنگۆ دێ و بەردەوام پەرەی پێ دەدەن و دەیگوازنەوە. مەرجیش نییە دەنگۆ هەر لە

کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هەرمێنی هەبێ وەک کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆمان، بگرە دەنگۆ لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا هەرمێن و برەوی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی هۆی سەرهەڵدانی دەنگۆ دەگەڕێتەوە بۆ بێ بڕوایی و گومان. واتە ئەو دەمانەی راستگۆیی لە نێوان رەشە خەڵک لەلایەک، دەسەلات و کاربەدەستان و بژاردە سیاسی و هونەرییەکان لەلایەکەی تردا ون دەبێ، ئەو دەمانە گۆڕەپان خۆش دەبێ بۆ برەوسەندنی قسەوقسەڵۆک و دەنگۆ. بۆ نموونە دەنگۆ لەبارەی بڕیارە نهێنییەکانی دەسەلاتی سیاسییەوە، یان لە هەڵسوکەوتە ژێربەژێرییەکانی کاربەدەستانی کارگێڕی، یان لە ژیانی پشت پەردەی هونەرمەندان و کەسایەتییە کۆمەلایەتییەکان، یان لە رەفتاری شاراوەی بازرگانان و کۆمپانیا ئابوورییەکان یان دەنگۆی دژ بەیەکتر لە نێوانی پێڕەوکارانی ئاینە جیاوازەکاندا و... هتد.

"بێ متمانەیی" لە نێوانی خەڵکدا پرسێکە پێوەندیی بەپێکهاتەی دەروونی و رابردووی پەروەردەیی و مێژوو و کولتووری کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە تا مرۆڤ بژی دەنگۆش هەر دەمێنی تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە دیموکراتیترین سیستەمیشدا ژیان بەسەر ببات. دەنگۆ راگەیاندنی بێ سانسۆری خەڵکە، مرۆڤیش لەوەتەی هەیە وێڵی ئەوەیە بێ چاودێر و بێ سانسۆر و بێ لێپێچینەوە بدوێ. ڕاستت دەوێ دەسەلاتێکیش نییە لە دنیادا ڕێ لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی دەنگۆ بگرێ تەنانەت ئەگەر ئەو دەنگۆیانە زۆر لە نەریتی باویش دوور بن، یان مەترسیدار بن بەسەر ژیانی کەسی یان گشتییەوە.

هەرچۆن بێ، دەنگۆ هۆیەکی راگەیاندنی شاراوەی ناو خەڵکە و تەواو جیایە لە راگەیاندنی رێزدارانەی ئاشکرا. هۆیە راگەیاندنییە ئاشکراکانی هاوسەردەم وەک رادیۆ و ڕۆژنامە و تەلیڤزیۆنەکان، بەردەوام لەوە بەپارێزن نەوەکا ببن بەنێچیری دەنگۆ. لەبەرئەوەی دەزانن بەبلاوکردنەوەی دەنگۆ لە ریزی هەواڵەکانیاندا، راستگۆییی خۆیان لەناو گوێگران و خوێنەران و بینەرانیاندا لەکەدار دەکەن و متمانەیان دەدۆڕێنن.

ئەرکی راگەیاندنی پیشەیی ئەوەیە زانیاریی راست بڵاو بکاتەوە ئەگەر نا ئەو

ڕاگەیاندنە ڕاگەیاندنێکی هاوسەردەمییانە نییە. ئێمە زۆرجار دەڵێین ڕاگەیاندنی ڕاستەقینەی کوردی لە دوای ئەزموونی دەسەڵاتی کارگێڕیی کوردییەوە دەست پێ دەکات، واتە لە ١٩٩١ەوە. لەبەرئەوەی پێمان وایە بەر لەو مێژووە، ڕاگەیاندنی شاخ یان ڕاگەیاندنی نهێنیی ڕێکخراوە سیاسییەکان، بۆ زیاتر ڕەشکردنی رووی دزێوی دەسەڵاتی پێشووی عێراق، پەنای بۆ زۆر شت بردووە وەک بانگەشە و پێوەنان و چەواشەکاری. دەبوو ئەو ڕاگەیاندنە دوای ڕاپەڕین خۆی چاک بکاتەوە بەڵام نەیتوانی. بەداخەوە ئەو ڕاگەیاندنە نەیتوانی ببێ بەپردێک بۆ گواستنەوەی وێنەی ڕاستەقینەی ڕووداوگەل و هۆشیارکردنەوەی بیری خەڵک بەزانیاری. تا لە ئەنجامدا وەک بینیمان بەرەو پووکانەوە چوو.

ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کوردستان لەبەرئەوەی نەیتوانی ببێ بەئاوێنەی ڕاستییەکان، وردە وردە گۆڕەپانی چۆڵ کرد بۆ ڕاگەیاندنێک کە ئەمڕۆ بە کولتووری چەواشەکاری بەڕێوە دەچێ. ئەمەی دوایی، ڕاگەیاندنێکی دەم هەراشی هیچ نەزانە، ناسڵەمێتەوە لەوەی هەموو چیرۆکێک بڵاو بکاتەوە تەنانەت ئەگەر زۆر لە هۆش بەدەر یان کرچوکاڵیش بێ، ویژدانی نییە و گوللە بەتاریکییەوە دەنێ، ڕاستی هەڵدەگێڕێتەوە، سوورە لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و تەنانەت خولقاندنیشی، ناو دەزڕێنێ، فایل دروست دەکات و هەموو شتێکی نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە. بەرپرسیارانی ئەم ڕاگەیاندنە دەڵێن تا دەسەڵات خۆی بدزێتەوە لە خستنە سەرپشتی دەرگاگەلی زانیاری، ئێمە بەم ڕێبازەدا کار دەکەین و دیمەنی ئەو لێڵتر دەکەین. من پێم وایە ئەمە کارێکە ئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێ بۆ ڕاگەیاندنەکە خۆی، لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە تۆ دەڵێی گەندەڵە یان زانیاری دەشارێتەوە یان ڕوون نییە لە مامەڵەکاری لەگەڵ ڕاگەیاندندا، ئەگەر بەڕاستی دەسەڵاتەکە وا بێ کە تۆ پێناسەی دەکەی، ئەوا ئەم دەسەڵاتە زیاتر سوود لەم کارەی تۆ وەردەگرێ. لەبەرئەوەی لەلایەکەوە بەردەوامبوونی ڕاگەیاندن لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە کۆتاییدا دەبێ بەمایەی لەکەداربوونی خۆی و لێڵبوونی دیمەنەکەی لەبەرچاوی خەڵک، هیچ مومکین نییە خەڵک تاسەر دیلی دەستی دەنگۆ و چەواشەکاری بن، لەلایەکی تریشەوە تۆ بەم کارەت باشترین پاساو دەدەیە دەستی دەسەڵاتەکە تا زیاتر دەرگا بەسەر

زانیارییەکانی خۆیدا دابخا و متمانەت پێ نەکا. بەکورتی ئەمڕۆ، دەنگۆ مەترسیدارترین هەڕەشەیە بەسەر راگەیاندنی کوردییەوە و تەڕ و وشکی بەیەکەوە سووتاندووە.

ئەم کتێبەی بەردەست لێتۆژینەوەیەکی زانستییە لە دەنگۆ. بێگومان ئەوانەی لە راگەیاندنی کوردستاندا کار دەکەن بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆرترین سوود وەردەگرن و وریا دەبنەوە لەوەی خۆیان لە شالاوی دەنگۆی سەر زاری خەڵک بپارێزن. ئاشکرایە و هەمووومان لە ژیانی خۆماندا بینیومانە، کەوا بەهەرمێنکردنی دەنگۆ، راستگۆیی مرۆڤ و داوودەزگای گشتی لار دەکات و وردە وردە دایان دەبڕێ لە متمانەی جەماوەری خەڵک.

لەبەر ئەم هۆیە، دەزگای ئاراس بەباشی زانی ئەم کتێبە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. زمانی داڕشتنی کتێبەکە وەک دەبینن زمانێکی زانستی و تۆکمەیە، هەموو وەرگێڕێک ناتوانێ خۆی لە وەرگێڕانی کتێبی وا بۆ سەر زمانی کوردی بدات. من چەند بەناوەڕۆکی کتێبەکە خۆشحاڵ بووم ، دوو ئەوەندەش بە دەسەڵاداریەتیی بەڕێز عەبدوڕەزاق عەلی لە وەرگێڕانەکەدا ، بۆیە ئەوپەڕی دەستخۆشیی لێ دەکەم، بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کە زمانی کوردی بەدەستی نەزانانەوە گلۆڵەی خراپ کەوتووە لێژی و مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە.

٥ تشرینی دووەم ٢٠٠٨

# پێشەکی

لە ساڵی ١٩٨١ەوە، کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ Procter and Gamble ، کە یەکێکە لە دیارترین کۆمپانیای ئەمریکاییی بەرهەمهێنانی کەرەستە سەرەکییەکان، هەزاران تەلەفۆنی لە لایەن کڕیارە ڕاڕاکانیەوە بۆ دەکرێت و دەپرسن داخۆ ئەو دەنگۆیە ڕاستە کە دەڵێ ئەو کۆمپانیایە پێوەندیی بەئیبلیسەوە هەیە، بەپێی ئەو دەنگۆیە، لۆگۆی کۆمپانیاکە کە ڕوخساری مرۆڤێکە و لە ژمارەیەکی هێجگار زۆر ئەستێرە ورد دەبێتەوە، کۆمەڵێک هێمای ئیبلیسانەی لەخۆیدا حەشار داوە. خۆ ئەگەر مرۆ بەجوانی لە لۆگۆکە وردبێتەوە بۆی دەردەکەوێت؛ شێوازی ڕیزبەندکردنی ڕێکوپێکی ئەستێرەکان، ژمارەی ٦٦٦ی لێ دەردەچێ کە بەژمارە ئیبلیسانییەکە ناسراوە. وا دیارە ئەم وێنەیەی نێو لۆگۆکە، ئەو دەنگۆیە زیاتر دەچەسپێنێ کە دەڵێ کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ، هاوبەندیی لەگەڵ ئیبلیسدا هەیە تا بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە دوو هێندە بکات و ١٠٪ قازانجەکەشی بۆ میللەتێکی ئیبلیسپەرستە. شایانی باسە ئەم دەنگۆیە کە لەساڵی ١٩٨٠دا لە ڕۆئاوای ڕووباری میسیسیپی بڵاو بووەوە، هێندەی نەبرد دەنگۆکە گەیشتە ڕۆهەڵاتی ئەمریکا. مایەی سەرنجە، دەنگۆکە ئاگری شەڕێکی هەڵایسان کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ خۆی بۆ ساز نەدابوو، بووە شێوازێکی تایبەت لە شەڕی ئەستێران و پاڵی بەکۆمەڵگەلێکی ئاینییەوە نا کە مانای ئەو ئەستێرە بێ مەبەستانە ڕقی هەستاندبوون، داوا لە خەڵک بکەن بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایە نەکڕن، مادام ئەو لۆگۆ شوومەیان پێوەیە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٦دا، دەنگۆیەک لەبارەی سوپەرمارکێتی بەناوودەنگی ڕوان Roune بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەکراوە لە باکوری فەرەنسا بڵاو بووەوە، گوایە بازاڕەکانی سەرپۆشێکە بۆ بازرگانیی سێکسفرۆشی، هەڕەشە بەتەلەفۆن

دەستی پێ کرد و تا دەهات هەڕەشەکان زۆرتر دەبوون، تا کار گەیشتە ئەوەی ئەو خاتوونەی بەڕێوەبەری سوپەرمارکێتەکە بوو (هەوڵی زۆریشی دا دەنگۆکە دامرکێنێتەوە)، بەناچاری شارەکەی جێ هێشت. پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ، دەنگۆیەکی ئاوا ژەهراوی بەشاری ئۆرلیان Orleansدا بڵاو بووەوە، شەش سوپەر مارکێتی گەورەی فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادە کە ئافرەتی ئیسرائیلی بەڕێوەیان دەبردن، یەک کڕیاریان نەما، گوایە کۆمەڵێک کچی گەنج لە ژووری تاقیکردنەوەی جلوبەرگەکاندا، ڕفێندراون، دەنگۆکە وابوو گوایە پۆلیس، دووسێ کچی بەبێهۆشی لە ژێرزەمینی ئەو بازاڕانەدا دۆزیوەتەوە کە ئامادەکراون تا ڕادەستی تۆڕێکی بازرگانیی سێکسفرۆشی بکرێن. دەنگۆکەی ئۆرلیان، زۆر بەفراوانی تەشەنەی کرد، بۆیە وای دەخواست ڕۆژنامەکانی پاریس و ڕۆژنامە لۆکالییەکان و ڕێکخراو و شوێنە گشتییەکان، بخرێتە گەڕ تا دەنگۆکە دامرکێنرێتەوە یان لانی کەم، دەنگۆکاران بێدەنگ بکرێن.

لە کانوونی دووەمی (یونایەر) ١٩٧٣دا، لە فەرەنسا دەنگۆیەک لە نێوەندە سیاسییەکانی حزبی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنیشدا بڵاو بووەوە گوایە سەرۆک جۆرج پۆمپیدۆ Georges Pompidou (سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا – وەرگێڕ) تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و ناتوانێت حەوت ساڵەکەی سەرۆکایەتی تەواو بکات، هێندەی پێ نەچوو دەنگۆکە هەموو فەرەنسای گرتەوە و بووە بابەتی ڕۆژنامە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جێی پرسیاری گشتیی خەڵک، ئەودەم نەخۆشیی سەرۆک پۆمپیدۆ کە بەڕەسمی ڕانەگەیەندرابوو، بووە بابەتی یەکەمی گفتوگۆکانی ئەو خەڵکە، کەچی قەدەر وابوو، دوای ساڵێک بووە ڕاستی و سەرۆک بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی بیست و دووی نۆڤەمبری ساڵی ١٩٦٣، جۆن فیتزجیراڵد کەنەدی John Fitzgerald Kennedy سەرۆکی ئەودەمی ئەمریکا لە کاتێکدا بەنێو شاری دالاسدا تێپەڕ دەبوو، کوژرا. هەر زوو تۆمەتبارێک بەنێوی لی هارڤی ئۆزواڵد Lee Harvey Oswald دەستگیر کرا. لێژنەیەکی فەرمی بۆ لێکۆڵینەوە لەو ساتەوەختە ڕەشەی مێژووی ئەمریکا پێک هێنرا. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەپێی ڕاپۆرتی وارن -War

renی بەناوبانگ دەری خست؛ لی ئۆزواڵد تاکە بەرپرسیاری کوشتنی جۆن کەنەدییە و خــۆبەخــۆشــی بڕیاری ئەو کــارەی داوە. بـەڵام هـەر لە ڕۆژانـی ســـەروەختــی ڕووداوەکـەوە، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە؛ نەخـێـر ئەو کەسـانەی بۆ تەقـەکردن لە جـۆن کەنەدی هـاتبـوونە داڵاس زۆر بوون، ئەمـەش مـانای بوونی پیلانێکی ڕاسـتەقـینەیە. هەندێک فیدڵ کاسترۆ Fidel Castro (سـەرۆکی کۆبا – وەرگێڕ)یان تۆمـەتبار کرد، خـەڵکێکی دیکە دەیانگوت نەخـێـر ئاژانسی نێـوەندی هەواڵگریی CIA دەسـتی لە مەسەلەکەدا هەیە.

ئەو گـریمانەیەی ڕای گـشـتـیی ئەمـریکا هـەرگـیـز بڕوای پێ نەکـرد، ئەو گـریمانە فەرمییەی گوایە کابرایەک لای خۆیەوە بەتەنیا ئەو کارەی کردبێت.

ئەمــە چوار نموونەی دەنگۆ بوون کـە بەفـراوانی بڵاوبوونەوە. هەمــوو جـارێکیش هەروایە: دەنگۆیەک کەس خـاوەنەکـەی ناناسـێت بڵاو دەبێـتـەوە و تـەشـەنە دەکـات، دەبێـتـە جـێـی بایەخی خــەڵک، دەگـاتـە لوتکە، بـەر لەوەی دامـرکـێـتــەوە و دواجـار بکوژێتەوە. بـەڵام دەبێ ئامـاژە بەوە بدەین، ئەو چـوار دەنگۆیە هـیـچـیـان لێک ناچێت. دەنگۆکـەی ئۆرلیـان بنەمـایەکی نەبوو، کۆمـپـانیـای پرۆکـتـەر ئەند گـامـڵـبـیش هیچ پێـوەنـدییـەکی بەئـیـبلیـسـەوە نـەبوو. لە بەرانبــەردا، دەرکـەوت ئەو دەنگۆیەی باسـی نەخۆشییە کوشندەکەی سـەرۆک پۆمپیدۆ، ڕاستییە و لەخـۆڕا نەبوو، بەڵام دەنگۆی کوشتنەکەی جۆن کەنەدی و ڕاپۆرتی وارن، هیچ بەڵگەیەک نییە درۆ و ڕاستییەکەی، بسەلمێنێ، بۆیە تا ئێستاش گومانی لێ دەکرێت.

شایانی باسـە، وشـەی دەنگۆ بەلای خەڵکەوە دیاردەیەکی لێڵ و نیمچـە سیحـراوییە ئەوەش بەدەسـتـەواژەکانیـەوە دیارە. دەنگۆ دەفـڕێت، دەخـشـێت، پێچـاوپێچ دەکـات و ڕادەکات، هـەر ئەمـەشـە وای کردووە لە گیانەوەرێکی سـووکەڵە و تیژڕەو بچێت کە نە دەگـیـرێت نـە لە هـیـچ گـیـانەوەرێکی دیکە دەچێت. بەڵام وەک (خــەو لێـخــسـتـنی مـوگناتیسی) کـار لە مـرۆڤ دەکات. نەخـاسـمـە دەنگۆ، سـەرسامـکار و سیـحـراوی و سەرنجڕاکێشە و مرۆڤ دەهەژێنێ.

ڕاسـتییـەکـەی، ئەم کـتێبـە، گریمانـەیەک دەخاتـە ڕوو کە پێـی وایە ئەم تێگەیشـتنە هـەڵەیـە. دەنگۆ زۆر ڕوونـە، چونکـە ملکەچی لۆگــیکێکی بەهێـــزترە، دەتوانرێت

میکانیزمەکانی بڵاوبوونەوەی هەڵوەشێنرێتەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆر ئاسانە بەچاکی وەڵامی ئەو پرسیارە گەورانە بدرێتەوە کە دەنگۆکان دەیوروژێنن؛ لەکوێوە سەر هەڵ دەدات، چۆن گەڵاڵە یان کۆ دەبێ، بۆچی لە کاتێکی دیاریکراو و لە نێو خەڵکێک یان شوێنێکی دیاریکراودا بڵاو دەبێتەوە؟

هەر لەو بارەیەوە: دەنگۆ دەکرێت لێک بدرێتەوە: بۆچی خەڵک حەزی پێ ناکەن؟ بنەماکانی پەیامی بڵاوکردنەوەیان چین؟ ئەو پەیامە شاراوەیە چییە کە لە نێوەڕۆکی ئاشکرای دەنگۆکە واوەترە؟

جیا لەمانە، ناتوانرێت دیاردەی دەنگۆ شی بکرێتەوە بەبێ باسکردنی ڕۆڵی دەنگۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا. مرۆڤ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دەنگۆدا دەکات، چۆن و بۆچی بەکاری دێنێ؟ لێکەوتەوە پێشبینیکراو و نەکراوەکانی چین؟ دوا پرسیار ئەوەیە: دەتوانرێت دەنگۆیەک دامرکێنرێتەوە؟

تا ئەمڕۆ تەنیا دیاردەکە باس کراوە و لێک دراوەتەوە، بەڵام ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان هانمان دەدەن زۆرتر بڕۆین، کاتێک لە کێشەی کۆنترۆڵکردنی دەنگۆ ورد دەبینەوە، دەگەینە کرۆکی لۆگیکەکەی، واتە دیاردەی بڕواپێکردنی دەنگۆ.

باسی یەکەم

# دیاردەیەک تێگەیشتنی ئەستەمە

دەنگۆ لە هەموو شوێنێک بڵاو دەبێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی. کۆنترین ئامرازی ڕاگەیاندنیشە لە مێژوودا. پێش دەرکەوتنی نووسین، زارەکی (المشافهة)، تاکە کەناڵی لێک تێگەشتنی کۆمەڵگەکان بوو، ئەودەم، دەنگۆ؛ ئامرازی گواستنەوەی هەواڵەکان، ناوبانگ دەرکردن و ڕووخاندنیشی، فیتنەگێڕی و هەڵایسانی شەڕەکان بوو. وا دیارە هاتنەئارای ڕۆژنامە و دواتر وەشانی ڕادیۆیی و دواجار سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، نەیتوانی دەنگۆ بکوژێنێتەوە. سەرەڕای زۆربوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئێستاش خەڵک زۆر لە زانیارییەکانیان لە گفتوگۆ زارەکییەکانەوە وەردەگرن، نەک هێندە، ئەوەی دەزگا سەرەتاییەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامیان دا، نەهێشتنی دەنگۆ نەبوو، بەڵکو تایبەتمەندیکردنی دەنگۆکان بوو، بەشێوازێک هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن بووە پسپۆڕ لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆکان، هەریەکە و لە بوارێکی دیاریکراو و تایبەتدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاریی تەواومان سەبارەت بەدەنگۆکان نییە، لە کاتێکدا هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەوەندە گرینگ بێت، پێویست بوو زۆر قووڵتر و فراوانتر دیراسەت بکرێ. بەڵام وا دیارە، دەنگۆ کە ڕووداوێکی لێڵ و نیمچە سیحراوییە، ڕووبەرێکی نەبینراو و نەزانراوە و لەوانەیە بشێین بەجەنگەڵستانی ماتۆگرۆسۆی Mato Grosso بەرازیلی بچوێنین.

دیاردەی دەنگۆ لە کوێ لە کوێ دەست پێ دەکات و لە کوێ کۆتایی دێت؟ جیاوازیی چییە لەگەڵ قسە و قسەڵۆکدا؟ دەنگۆ بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین بڵاو دەبێتەوە لە

کاتێکدا پێمان وایە گەمارۆمان داوە. هەریەکەمان هەست بەگەیشتنی دەنگۆکە دەکەین، بەڵام ناتوانین پێناسەیەکی بۆ بکەین، بەهەرحاڵ، ئەگەر هەموومان بڕوامان بەبوونی دەنگۆ هەبێت، کۆدەنگییەکمان نییە سەبارەت بەخاڵی دەستپێکی دیاردەکە و خاڵی کۆتاییهاتنیشی.

چۆن دەتوانین نەبوونی توێژینەوەگەلێک لەبارەی ئەم دیاردەیەوە لێک بدەینەوە؟

ڕەنگە یەکەمین هۆکار، گرانیی ئەرکەکە بێت. ئاخر ئاسانە توێژینەوە لە بارەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانەوە بکەین، چونکە وەشانکارانیان ناسراون، بێگومان هەر کەسێکیش دەکارێ بەئەرشیفی تەواوی کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بگەڕێ، هەروا دەکارێ گوێ لە پرۆگرامە وەشانکراوەکان بگرێتەوە یان تەماشایان بکاتەوە، بەڵام دەنگۆ مەسەلەیەکی جیاوازە. بەدەگمەن نەبێت، توێژەوە زۆر درەنگ دەنگۆیەکی دیاریکراو دەبیستێ، ئەویش کاتێک کە دەنگۆکە دامرکاوەتەوە، لەو حاڵەتەشدا توێژەوە تەنیا دەتوانێ لە کاریگەرییەکانی ئەو دەنگۆیە بکۆڵێتەوە، ئەو دەمەی بووەتە بیرەوەری، بیرەوەریش لەوانەیە بیر بچێتەوە، بگۆڕێت، کەواتە توێژەوە دیراسەتی دەنگۆکە خۆی ناکات، بگرە شوێنەوارە دەروونییەکانی، بۆیە کەڵکی نامێنێت. دووەمین هۆکار، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەندێک لە توێژەوان، دەنگۆکان لەلایەنی ئاکارییەوە لێک دەدەنەوە، زیاتر لەوەی میکانیزمەکانی ڕوون بکەنەوە.

## زانراوەیەکی شلەژێن

پێویستە بگوترێ توێژینەوە زانستییە بەرایییەکانی دەنگۆ، ئەمریکایی بوون. پێ دەچێت ئەو دەنگۆیانە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانی و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر سوپا و خەڵک، پاڵی بەژمارەیەکی زۆر توێژەوە نابێ، بایەخ بەم بابەتە بدەن.

ئەو توێژەوانە چۆن پێناسەی دەنگۆیان کردووە؟ هەردوو دامەزرێنی ئەم بوارەی توێژینەوە ئەلپۆرت Allport و پۆستمان Postman[٥] پێیان وایە کە دەنگۆ"گریمانەیەکە پێوەندیی بەڕووداوەکانەوە هەیە و دەویسترێ خەڵک بەگشتی بڕوای پێ بکەن و لە نێو خۆیاندا زارەکی بیگوازنەوە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەلماندنی لەبەر دەستدا بێت". بەڵام کناپ Knapp وای دەبینێ کە دەنگۆ "قسەیەکە بۆ ئەوە دەگوترێت خەڵک بڕوای پێ بکات، بەڕووداوە نووکەیییەکانەوە پێوەستە و

بەڵگەیەکی ڕاستیشی نییە"، هەروەها پێتەرسۆن Peterson و گیست Gist[١١٥] وا پێناسەی دەنگۆ دەکەن "چیرۆکێکی زارەکییە لە یەکێکەوە دەچێت بۆ یەکێکی دیکە و سەبارەت بەڕووداوێک یان پرسێکی جێی بایەخی خەڵکە".

ڕاستت دەوێ، هەرسێ پێناسەکە زۆر لێک نزیکن، هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن دەنگۆ بەپلەی یەکەم، زانیارییەکە ڕەگەزی نوێ دەخاتە سەر کەسێک یان ڕووداوێکی واقیعی. هەر بەم خەسڵەتەش لە ئەفسانە جیا دەکرێتەوە کە باس لە ڕووداوگەلێکی کۆن دەکات. دووەم، دەنگۆ بۆ ئەوە بڵاو دەکرێتەوە خەڵک بڕوا بکەن، وەک باوە، دەنگۆ بۆ خۆشی و خەیاڵپڵاوی نییە، بەمەش لە چیرۆکە خۆش و سەرەڕۆییە خەیاڵاوییەکان جیا دەبێتەوە، نەخاسمە دەنگۆ بۆ شوێنەوار بەجێهێشتن و ڕازیکردنە.

پاش پێناسەکردنی چەمکەکە، توێژەوان کۆمەڵێک نموونە پێشکێش دەکەن، بەڵام ئەوی جێی سەرنجە، تەواوی نموونەکان لەبارەی دەنگۆگەلە "هەڵەکانن". لە هەموو نموونەکاندا خەڵک بڕوایان بەدەنگۆگەلێک کردووە هیچ ڕاستییەکیان تێدا نەبووە، لە کاتێکدا دەنگۆی ڕاستیش هەن، هەر بۆ نموونە: نەخۆشیی ڕۆناڵد ڕیگان Ronald Reagan ، لیۆنید برێجنێڤ Leonid Brejnev و یوری ئەندرۆپۆڤYuri Andropov یان جۆرج پۆمپیدۆ کە پێشتر باسمان کرد. دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت بەر لە هەر داڕووخان و کەوتنێک دەنگۆگەل بڵاودەبنەوە. لە کۆمپانیاکاندا، پێش دەرککردنی ژمارەیەک فەرمانبەر یان ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی دەنگۆ بڵاو دەبێتەوە، لە سیاسەتیشدا، دەنگۆ پێش دەرچوونی کۆمەڵێک وەزیر لە حکوومەت بڵاو دەبێتەوە. لەمەبارەیەوە با نموونەیەک بێنینەوە: ساڵی ١٩٨٥ چەند هەفتەیەک بەر لە پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بەشێوەیەکی فەرمی، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە سیستمی بگۆڕی "ریتا" کە کۆمپانیای تۆمسۆن سی ئێس ئێفی Thomson CSF فەرەنسایی بۆ چەکسازیی سوپای ئەمریکا، چاکتری کردبوو، سەرنجی ئەمریکاییەکانی ڕاکێشاوە، ئەوەبوو دەنگۆکە بووە ڕاستی و ئەمریکاییەکان سیستمی ریتای فەرەنساییان کڕی و وازیان لە سیستمە هاوشێوە بەریتانییەکەی هێنا.

ڕاستییەکەی، نموونەکانی ئەو توێژەوانە، نیازی شاراوەیان لە پشتەوە بوو. هەموو

نموونەکـانیـان ئەو دەنگۆیانـەن کـە ڕاست نەبوون. لەکـاتێکدا پێناسـەکـانیـان هیچ ئامـاژەیەک بەڕاسـتـیی زانیـارییـەکـە ناکـات، ئەوان باسی ئـەوە ناکـەن کـە دەنگۆ "زانیـارییـەکی هـەڵەیە"، هـەر هێندە دەڵێن "زانیـارییـەکی نەسـەلمێنراوە"، باسی ئەوەش ناکەن، بۆ حوکمدان لەسـەر زانیارییەکە دەبێ دواتر لە ڕاستییەکەی، دڵنیا بین. ئەو توێژەوانە لەسـەر ئەو میتۆدە دەڕۆن و وەک ئەرکی سـەرشـانیـان بێت، بەئاگاییـیەوە باس لە ئەگەری ڕاستیی هەندێک دەنگۆ ناکـەن، ئالپۆرت و پۆستمان بەخستنەڕووی "دەنگۆ ناڕاسـتەکـان" واز ناهێنن، بەڵکو بەئەنقەست – نـەک پەیامەکە نەگەیشتبێتە خـوێنـەران – باس لەو ڕێڕەوەی دەنگۆ دەکەن کە چار نییە بەرئەنجامەکەی هەڵەیە.
ئەو ئەزمـوونـانەی لەم ڕووەوە کـردوویانـە، ئەزمـوونگەلێکی باو و زانراون. بۆ نموونە داوا لە کـەسێک دەکـەن چەند چرکـەیەک لە دیمـەنێکی شـەقامێک ورد بێتـەوە، دوایی داوای لێ دەکەن چیی بینیوە بۆ کەسێکی دووەمی بگێڕێتەوە و ئەویش بۆ سێیەم و ... هتـد، کـاتێک چیـرۆکی دیمەنی شـەقـامـەکـە دەگـاتە شـەشـەم یان حـەوتەم کـەس، زانیارییەکە زۆر لەو وێنەیە جیاوازە کە یەکەمین کەس بینیویەتی و گێڕاویەتیەوە.

بەم ئەزمـوونە ئـەلپۆرت و پۆستـمـان ویستـیـان بیسـەلمێنن؛ هەڵە تاکە بەرەنجامی دەنگۆیە و بەگواستنەوەی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە، بەهـەردوو مـانا ڕاست و مەجازییـەکەی ڕاسـتی و دواجار دەبێتـە وێنەیەکی شێواوی ڕاستییەکە (کە دەبوو بسەلمێندرێت). بەڵام لەبەشەکانی داهاتوودا دەبینین چۆن ئەم مامـەڵە ئەزموونکارییە، هەموو کات لەگەڵ ڕێڕەوی دەنگۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا نایەتەوە و هـەنـدێک جـار هـەیە، ئەو دەنگۆیە چۆن یەکـەمین جـار بڵاودەبێـتـەوە وەک خـۆی دەگوازرێتەوە.

لـە چوارچێـوەی ئـەو کـارەی ئەو توێژینـەوانەی بـۆ نووسـینگەی زانیـارییـە جەنگییەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دا، توێژەوان بایەخی سەرەکییان بۆ کەمکردنەوەی بـایەخی دەنگۆ بوو، بـەو پێـیـەی دەنگۆ چەمکێکی بێـلایەنە، نموونەکـانی ئـەو توێژەوانەش تەنیـا بـۆ چەسـپـاندنی ئەم گـریمانەیەیان بـوو. بەڵام ئەم مـیـتـۆدە کـارکـردنەیان بێ خـەوش نـەبوو، باشـە کـە دەنگۆ هـەمـیـشـە"ناڕاسـتـە" بۆچی پێی نیگەران بین؟ لە هـەموو حاڵەتێکدا، ڕۆژگار خەڵکی ڕاهێناوە گومان لە دەنگۆ بکەن.

بەڕاسـتی ڕەگـەزی سـەرشـێـوێن لە دەنگۆدا ئـەوەیە ناسـەلمێنـدرێت. سـەرەوەختـی

شـەڕەكان، دوژمن لە ڕێگەی گوێ نەبینراوەكانیـەوە یان ئـەوەی بەتابووری پێنجـەم دەناســرێت، بەهـۆی دەنگـۆكــانـەوە هـەندێک زانیــاریی چنگ دەكــەوێت، ئـەمــەش بەڵگەیەكی تەواوە كە هـەندێک دەنگۆ ڕاستییەكیان تێدایە.

بۆ ڕێگرتن لە مــەترسـیی چوونـە دەرەوەی زانیــاریگەلێكی نهـێنی، نووسـینگەی زانیـارییە جەنگییـەكان، هەڵمـەتێكی بڵاوكردنەوە و هەڵواسینی پۆستـەری دەست پێ كرد كە هاووڵاتیان ڕادەسـپێرێت دەنگۆ بڵاو نـەكەنەوە و نەیگوازنەوە ئەگەر بیانەوێت هاووڵاتییەكی چاک بن "بێدەنگ بە، دار و دیواریش گوێی هـەیە". بەڵام سەرجەم ئەو ڕاسپاردانە كێشەیەكی بنـەڕەتییان فەرامـۆش كردبوو: چۆن خەڵک فێر بكەین دەنگۆ بناسنەوە؟ ئەمـەش ڕاست دەمـانگێـڕێتـەوە بـۆ كێـشـەی پێناسـەكـردن. نەخـاسـمـە هـەرسێ پێنـاسـەكەی پێشـتـر باسـمـان كـردن، شـتـێكی نوێیان بۆ خـەڵک پێ نییـە. كەواتە كە دەڵێین "زانراوەیەكی نەسەلمێندراو" مـەبەستمان چییە؟ جیا لەوەش خۆ لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا كـەمـجار هـەوڵ دەدەین لە زانیـارییـانە دڵنیا بـین كە لە خـەڵكمان گـوێ لێ دەبێت. مـەسـیح خـۆی زۆر لە قـدیس تۆمـا تووڕە بوو كـە چاوەڕێی دەكـرد شـتێک ببینێ ئەوجا باوەڕ بهێنێت و پێی گوت"سـەروەری بۆ ئەو كەسـەی بێ بینین باوەڕی هێناوە". شـایانی باسـە ژیانی كـۆمـەڵایەتی لەسـەر مـتـمـانـە وەسـتـاوە و دڵنیابونیشـی بۆ خـەڵكی دیكە لێ گەڕاوە. هەمـوومـان كـاتێک بـاوەڕ بەزانیـاریی نێو ڕۆژنامـەیەک دەكـەین، وای دادەنێین خـەڵكێكی دیكە لە ڕاسـتی زانیـارییـەكـە دڵنیـا بووە، بێ ئەوەی هـیچ بەڵگەیەكـمـان بۆ ئەو دڵنیـابوونەی كـەسـانی دیكە بەدەسـتـەوە بێت.

دوای ئەوە، هەوڵی دڵنیابوون لە دروستیی هەموو هەواڵێک لە پێناسـەی ئەو كەسە جیا ناكرێتـەوە كە دڵنیابوونەكەی لە ئەستـۆدایە، خـۆ ئەگەر متـمانەمـان بەكەسەكە نەبێت، ئەوجا گومـان لە زانیارییەكە دەكەین، ڕەنگە هـەر ئەم لۆژیكە بوبێت وای كرد، زۆربەی ئەمریكاییـیەكان گومان لە ڕاپۆرتی وارن بكەن، كە زانییان گریمانەكانی نێو ڕاپۆرتەكە نەسەلمێندراون، بـاوەڕیان بەگریمانەی كوشتنی لەخۆوەی تاكەكەسێكەوە نەمـا. لێرەوە بۆمـان دەردەكەوێت، پێوەری دڵنیـابوون یان سـەلماندنی زانیـارییـەكـان، ڕێژەیەكی زۆر نـامـەوزوعییـەتی تێدایە.

بەرەنجـام، پێناسـەكردنی دەنگۆ بەوەی "زانراوەیەكی دەمـاودەمی نەسـەلمێندراوە"

بەلای خەڵکەوە زۆر روون نییە، مەگەر ڕێنوێکی گشتیشی لەگەڵدا بێت داخۆ خەڵک چۆن دەتوانن لە دروستیی زانیارییەکان دڵنیا بن، وەک دەنگۆکە لە زاری کەسێکەوە بگوازرێتەوە، خۆی ڕووداوەکە بینیبێت، بۆ نموونە کەسێک دەڵێ:"هاوڕێیەکم بەچاوی خۆی ئەمبولانسەکی بینی لە کۆشکی ئەلیزێ دەهاتە دەرەوە". مایەی سەرنجە کە دەنگۆ لە هاوڕێیەک، هاوکارێک یان خزمێکەوە پێمان دەگات کە بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی نەبینیوە، بەڵکو تەنیا برادەری بینەرەکەیە، بەڵام داخۆ کێ لەو کەسە ڕاستگۆترە کە بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیبێت؟ چ بەڵگەیەک لە بینینەکەی ڕاستگۆیانەترە؟ ڕاستییەکەی، ئەو شایەتە لەو ڕۆژنامەوانە سادە و بێ سەروبەرە دەچێت کە خۆشەویستیی خەڵکانی دیکە و حەزی گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ برادەرەکانی، پاڵی پێوە دەنێت چی بینیوە بۆیان بگێڕێتەوە.

بۆیە پێناسەکردنی دەنگۆ بەپشتبەستن بەخەسڵەتی "نەسەلمێندراوی" بەپێی لۆگیک بەرەو ڕێگەیەکی داخراومان دەبات کە جیاکردنەوەی دەنگۆ لەو زانیارییانەی خەڵک بەزارەکی دەگوازنەوە یان ئەوانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان دەکەنەوە، مەحاڵ دەکات. بەگەڕانەوە بۆ ئەو کێشەیەی نووسینگەی زانیارییە جەنگییەکان وروژاندی، هەر دەبێ پرسیارێک بکەین:"چی بکەین تا ڕێ لە تەشەنەکردنی دەنگۆ بگرین؟". خۆ ناکرێت ڕێ لە پێوەندیی نێوان ئەمریکاییەکان بگرین، نەخاسمە لە کاتی شەڕدا، ئەوکاتەی بەئومێدی ڕەواندنەوەی نیگەرانییان یەکدی دەدوێنن. بەڵام ئەو پێنج ڕاسپاردەیەی کناپ بۆ ڕێگرتن لە بڵاو بونەوەی دەنگۆگەل ڕای گەیاندوون، بەراستی جێگەی سەرنجن، بەتایبەت، لە نێوەرۆکیانەوە خەسڵەتی شلەژێنی دەنگۆمان بۆ ئاشکرا دەبێت:

یەکەم: وا چاکە خەڵک هەمیشە متمانەیان بەدەزگا ڕاگەیاندنە فەرمییەکان هەبێت "ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان" متمانەیەکی کوێرانە تا هەوڵ نەدەن زانیاری لە شوێنگەلی دیکەوە وەرگرن.

دووەم: دەبێ بنکەی جەماوەری باوەڕی ڕەهایان بەسەرکردەکانیان هەبێت، متمانەیان بەحکوومەت هەبێت کە هەموو هەوڵێک دەدات، لە کاتی تەنگژە و شەڕەکاندا، بەرەورووی کێشەکان بێتەوە، دەبێ هەر کارکردێک بۆ نەهێشتنی گومان

و سڵکردنەوە پێویستن، جێبەجێ بکرێت.

سێیەم: کاتێک ڕووداوێک دەبێت، پێویستە زۆرترین زانیاریی لەبارەی ڕووداوەکە بڵاو بکرێتەوە، ئەگەرنا دەنگۆ، پرسیارگەلێکی لامسەرلایی دێنێتە ئاراوە کە وەڵامیان نابێت و دواجار خەڵکیش لە نەدیوی ڕووداوەکەدا، باوەڕ بەدەنگۆکان دەکەن.

چوارەم: گەیشتنی زانیاری بۆ خەڵک هەموو کات مسۆگەر نییە، دەبێ بەڕێگەی گونجاو، بەڵام بەسووربوونەوە کار بۆ گەیشتنی زانیاری بکرێت، ئەمەش واتە؛ نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەزانی. "کناپ" لەمبارەوە نموونەیەکی سوپای بەریتانیا دێنێتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا پەیڕەوی دەکەن، سازدانی "سیمیناری ڕۆشنبیریکردن". لەو سیمینارانەدا، سەربازان گفتوگۆ دەکەن، پرسیار لەبارەی هەموو شتێکەوە دەکەن و وەڵامی ڕوون و ئاشکرایان دەدرێتەوە.

پێنجەم: بێزاری وا لە مرۆڤ دەکات حەزی لە هەرا و فەرتەنەیەک بێت تا لەو بێدەنگی و ڕۆتینە دەرچێت. بێکاری دەردێکی خراپە، دۆزینەوەی کار یان ڕێکخستنی کاتەکانی دەستبەتاڵی پێویستە.

ئەم ڕاسپاردانەی کناپ بۆ سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانی، ڕاسپاردەگەلێکی ڕەوان و دڵسۆزییان بۆ نیشتیمان پێوە دیارە، وەلێ ئەگەر لە سەردەمی ئاشتیدا جارێکی دیکە بیانخوێنینەوە، دەبینین ڕاچێتەیەکە بۆ ژیان لە سایەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا. ڕاسپاردەی یەکەم، گومانی پێشوەختەیە لە دەزگا نافەرمییەکانی ڕاگەیاندن، نەخاسمە کاتێک خەڵک هەوڵ دەدەن زانیاری لە سەرچاوەی دیکەوە وەرگرن، لەم کاتەشدا لەوانەیە زانیاریگەلێک وەرگرن، لە زانیارییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنە فەرمییەکان ناچن.

بەڵام ڕاسپاردەی دووەم، دروست لە سرودێکی پیرۆزیبەخش دەچێت، کاتێک داوا لە خەڵک دەکات متمانەیەکی ڕەها بەو کەسانە بکات وڵات و شار و کۆمپانیا و سەندیکا و حزبە سیاسییەکان بەڕێوە دەبەن. خۆ ڕاسپاردەی سێیەم و چوارەم بەتەنگەوەهاتنێکی زۆریان پێوە دیارە تا گێڕانەوەی فەرمیی ڕووداوەکان بڵاو ببنەوە و تەنیا ئەو گێڕانەوە فەرمییەش بگاتە هەموو لایەک، نەک بۆشاییەک دروست بێت و خەڵک بەبیری خۆیان بیر لە گێڕانەوە یان چیرۆکێکی دیکەی ڕووداوەکان بکەنەوە.

دوا ڕاسپاردەش؛ کناپ داوای ڕێکخستنی زۆر باشی کاتی خەڵک و نەهێشتنی یەکجارەکیی دەستبەتاڵی و دیاردەی بێکاری دەکات.

کەواتە ئەو پێناسانەی دەنگۆ کە جەخت لەسەر خەسڵەتی"نەسەلمێندراوی" دەکەنەوە، سەر بەقۆناغێکی مێژووین کە خەڵک بەگومان و پارێزەوە دەنگۆیان وەردەگرت، بۆیە ناکرێت ئەم پێناسانە وەک خۆیان قبووڵ بکەین، چونکە پێوەر"نەسەلمێندراوی یان دڵنیانەبوون لە ڕاستیی دەنگۆکە" وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، بنەمایەکی بابەتییانەی نییە و دەنگۆ و قسەی دەماودەمی نێو خەڵک کە لەوانەیە بۆ نموونە کەسێک لە ڕۆژنامەی ئەو بەیانییەدا خوێندبێتیەوە، جیا ناکاتەوە. ڕاستە هەر کەسە و لای خۆیەوە ئەرکی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دەخاتە ئەستۆی یەکێکی دیکەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشمان نییە، کەسێکی دیاریکراو ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردبێت. چونکە دەنگۆش کە بڵاو دەبێتەوە دەڵێی شایەتحاڵێک ڕووداوەکەی بینیوە و دەیگێڕێتەوە، وەک هەر ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندنیش، سوودێکی زۆر لەو بنەمای دڵنیابوونەی باسمان کرد، دەبینێ.

ڕاستت دەوێ، ئەو پێناسانەی پشت بەپێوەری زانراوەی"نەسەلمێندراو" یان دروستتر زانراوەی "هەڵە" دەبەستن، پێناسەگەلێکی ئایدیۆلۆجین و حوکمی پێشوەختە لەسەر دەنگۆ دەدەن و زیاتر لە ئامۆژگاری و بەسەرداهاتن دەچن نەک پێناسەکردن. بێگومان پێوەرەکان یان ڕاسپاردەکانی کناپ بۆ قۆناغی ئاشتی مایەی گاڵتەجاڕین.

تەنیا چاکەی ئەو بنەمایانەی کناپ ئەوەیە بەئاشکرا ڕەگوریشەی حوکمی پێشکاتمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئاخر دەنگۆ، لەبەرئەوە شڵەژێن و سەرشێوێن نییە چونکە "هەڵەیە"، خۆ ئەگەر وابێت، دەبوو سەرنجی کەس ڕانەکێشێت. بەڵام خەڵک بۆیە باوەڕ بەدەنگۆگەل دەکەن، چونکە زۆرجاران "ڕاستن"، وەک بۆ نموونە لە هەواڵ و گەندەڵییە سیاسییەکاندا دەبینین. دەتوانین بڵێین؛ دەنگۆ بۆیە سەرشێوێنە، چونکە زانیاریگەلێکە دەسەڵات دەستی بەسەردا ناڕوات. هەر دەنگۆیە وا دەکات، لە بەرانبەر چیرۆک و گێڕانەوە فەرمییەکانی ڕووداوەکاندا، گێڕانەوەی دیکەش هەبن و ڕاستیی دیکە بێنە ئارا و "ڕاستییە" فەرمییەکان تاکە "ڕاستی" نەبن.

## دەماودەمکردنی گەلەکۆیی

بەو پێیەی باس کرا، دەتوانین هەر هەواڵێک کە دەماودەم دەگوازرێتەوە، ناو بنێین دەنگۆ؟ ئەگەر وابێت، دەتوانین بەهەر هەواڵێک کە لە نێو کۆمەڵدا بڵاو دەکرێتەوە بڵێین دەنگۆ، با مەبەستەکەش ئاگەداربوونی خەڵک بێت لە لێدوانەکانی سەرۆک وەزیران لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی، لێرەوە ناوهێنانی ئەو هەواڵە بەدەنگۆ، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئاشکرایە ئەگەر هەمان ڕۆژ لە کۆمەڵە کەسێک بپرسین؛ ئەرێ دەنگۆی نوێ چییە؟ بەدڵنیاییەوە زانیارییە فەرمی و دەقی لێدوانەکانی سەرۆک وەزیرانمان بۆ ناگێڕێتەوە. بۆیە، دەبێ گێڕانەوەی زارەکیی زانیارییە فەرمییەکان لە پێناسەکردنی دەنگۆ دەربێنین.

ڕاستییەکەی، بەناوودەنگترین پێناسەی دەنگۆ کە لە بزۆزیی دیاردەکەوە سەرچاوەی گرتووە، پێناسەکەی زانای کۆمەڵناسیی ئەمریکایی "تی شیبوتانی T . Shibutani"ە کە پێی وایە دەنگۆ "هەواڵگەلێکی هەڵبەستراوە لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی هەرەوەزییەوە دێتە ئارا". هەر لەم چوارچێوەیەدا، شیبوتانی دووپاتی دەکاتەوە کە سەرچاوەی دەنگۆ، ڕووداوێکی گرنگ و ناجۆرە (ملتبس). بۆ نموونە؛ شەوێک لە ناکاو کۆمەڵێک زرێپۆش بەنێو جەرگەی شارێکدا تێپەڕ دەبن، گواستنەوەی زانیاری و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو شارەش سانسۆرێکی زۆریان لەسەرە، باشە خەڵک دەپرسن دەبێ چ بێت، چ ڕووی داوە؟ ئا لەو کاتەدا دەنگۆ کاری خۆی دەکات:"خەڵک گرد دەبنەوە و بۆ خۆیان ڕووداوگەلێک هەڵدەبەستن و دەبێتە دەنگۆ، بۆ بەیانی ئیدی دەبێتە هەلا و دەنگۆکان بڵاو دەبنەوە و خەڵک بەئارەزووی خۆیان ڕووداوەکە باس دەکەن و لێکی دەدەنەوە"(١٣٧). وا دیارە "شیبوتانی" دەنگۆ، وەک کارێکی دەستەجەمعی دەبینێ کە ئامانجەکەی بەخشینی مانایەکە بەو ڕاستییانەی ڕوون ناکرێنەوە بۆ خەڵک. "بڵێی ئەو زرێپۆشانە هێرشی سوپای فلانە دەوڵەتی هاوسێ نەبن؟ بڵێی یاخیبوونێکی گشتی نەبێت بەدژی گرانیی بازاڕ؟ ڕەنگە مانۆڕێکی ئاسایی سوپا بێت؟ دەچێتە ئەقڵەوە سەرۆکی وڵات مرد بێت؟". ئیدی بەم شێوەیە دەنگۆ و لێکدانەوە و قسەکانی نێو خەڵک بڵاو دەبنەوە، تا لەئەنجامدا یەک دوو لێکدانەوەیان زاڵ دەبێت، ئەو گۆڕانانەش بەسەر نێوەڕۆکی

دەنگۆکاندا دێن، بۆ لاوازیی یادەوەریی خەڵکەکە ناگەڕێتەوە، بگرە پێوەستە بەگۆڕانی بەردەوامی لێکدانەوەکانی خەڵک بۆ ڕووداوەکە.

دەکرێ ئەم بنەمایە یان پێناسەیەی "شیبوتانی" لەم هاوکێشەیەدا کورت بکەینەوە:

## دەنگۆ: گرینگی - ناجۆری

لەم پێوەندییە لێکداناوییەوە "عملية الضرب" بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر ڕووداوێک هاوزەمان گرنگ و ناجۆر نەبێت، دەنگۆی لێ ناکەوێتەوە. ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا جێی سەرنجە، هیچ باسێک لە وزەی جۆشدانی بەکۆمەڵی خەڵک ناکات. بۆ نموونە؛ وا باوە دەڵێن بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە بواری بازاڕ گەرمکردندا (التسويق) کارێکی ئاسانە، بەڵام ئەم تیۆرییە هەڵەیە. چونکە زۆربەی خەڵک بایەخێکی زۆر بەو دەرمانی ددان و ماستە نادەن کە دەیکڕن، بەڵکو شتومەکێکی زۆر بەلای خەڵکەوە هەر گرنگ نین، هیچ ناجۆرییەکیشیان تێدا نییە و وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە ئەو کەرەستەیە یان شتومەکە چۆنە.

بازاڕگەرمکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانی ماڵ لە ڕێگەی ڕێکلامەوە، داهێنانی ئەمڕۆ نییە، ئەگەرچی ئەو کەرەسانە جێی بایەخێکی زۆری خەڵک نین و حەزیش ناکەن زۆر باسیان بکەن. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، ئامانجی دەنگۆگەلێک کە بۆ هەندێک شتومەکی خراپ دەکرێت، تا بایەخێکی زێدەتریان پێ بدرێت و خەرمانەیەکی خەیاڵاوی و لێڵاوییان بەدەوردا دروست بکرێت. نموونەی ئەم دەنگۆیانە "بوونی مادەی ئەفیون لە جگەرەی کەمێڵدا Camel" و "سێبارەکردنەوەی پیتی k بەڕەنگی سور لەسەر پاکەتی مارلبۆرۆ، بەڵگەی ئەوەیە کۆمپانیای مارلبۆرۆ خەرجی چالاکییەکانی ڕێکخراوی کو کلوکس کلان Ku-Klux-Klanی دژ بەڕەشپێستەکان دەدات" و "بوونی مادەیەک لە پەنیرێکی بەناوبانگدا کە دەبێتە هۆکاری شێرپەنجە".

بەگشتی، بوونی هێمای شاراوە، زەمینەسازێکی لەباری دەنگۆیە. نەخاسمە هێماکان ناجۆرن و گەلێک پرسیار دروست دەکەن، بۆ نموونە هیچ فەرەنسییەک ڕۆژێک لە ڕۆژان شێوەگەلێکی ئەندازەییی لە نزیک دەرگای ماڵەکەیەوە نەبینیوە

بەقەڵەم یان تەباشیر وێنا کرابێت، کەچی لەپڕ ڕۆژێک بڵاڤۆکگەلێکی زۆر بڵاو کرایەوە گوایە ئەو شێوە ئەندازەییانە "هێماگەلێکن بۆ ڕێنوێنیی کاروانی و دزەکان" (لەم تێکەڵکردنەی کاروانی و دزان ورد بەوە). بۆ نموونە، بازنە واتە "ئەو پێداگرتن و خۆزەحمەتدانەی ناوێ"، سێگۆشە "ئافرەتێک بەتەنیا دەژی"، بەڵام پیتەکانی N: Nuit شەوەکەی و D: Demain سبەی و DM: Demain Matin سبەی بەیانی، واتە دیاریکردنی گونجاوترین کات بۆ دزی. جا ئەو بڵاڤۆکەی باسمان کرد بەئیمزای بەڕێوبەری پۆلیسی مەدەنیی ناوچەی سینی ژووروو بوو، بەسەر کۆمپانیا و فەرمانگەکانیشدا دابەش کرابوو.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، دەنگۆ کاتێک لەدایک دەبێت خەڵک بیانەوێ لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان تێ بگەن و وەڵامێکی تێروتەسەلیان دەست نەکەوێت، هەر ئەم لێکدانەوەیە، دەنگۆ، وەک بازاڕی ڕەشی زانیارییەکان لێ دەکات.

بەم پێیە، پێناسەی "شیبوتانی" تەنیا وەک تیۆرییەک لەبارەی سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی دەنگۆ دەمێنێتەوە و پێوەستیشە بەو دەنگۆیانەی دەستبەجێ لە ئاکامی ڕووداوێکەوە پەیدا دەبن، بۆیە پێناسەکەی "شیبوتانی" پێناسەیەکی سنووردار و دیاریکراوە. ئاخر خۆ هەموو دەنگۆیەک لە ئاکامی ڕووداوێکەوە پەیدا نابێت کە پێویستی بەلێکدانەوەیە، تەنانەت دەنگۆ هەیە بەخۆی ڕووداوخوڵقێنە. هیچ ڕێگرییەکیش نییە بۆ ئەوەی ئەم جۆرەی دواییان ناو بنێین دەنگۆ. بۆ نموونە؛ لە کانونی دووەمی (یونایەر) ١٩٨٥دا، لەنێو شەقام و گەڕەکەکانی شاری ستراسبۆرگدا، بەبێ هۆکارێکی شیاو، دەنگۆی چیرۆکی ناخۆشی ئەو دایک و باوکە سەرەڕۆیە بڵاوبووەوە، گوایە خەریکی وەرزینی سەر بەفر بوون و منداڵەکەشیان لە ئۆتومبێلەکەیاندا بەتەنیا جێ هێشتووە، تا هاتوونەتەوە هەردوو پێی منداڵەکە لە سەرماندا بەستوویەتی، دواجار "پێ"یەکانی منداڵەکەیان بڕیەوە. لەم نموونەیەشەوە لەکورتیدانی تیۆرییەکەی "شیبوتانی" دیار دەکەوێت. هەر لەم سۆنگەیەشەوە؛ هەردوو چیرۆکەکە دەکرێ دەنگۆ بن، چونکە دوو زانیاریی نا فەرمیین بەنێو خەڵکدا بڵاو بوونەوە.

## شیکاری دەروونییانەی دەنگۆ

ئی مۆرین E. Morin پێی وایە چیرۆکی ئەو منداڵە پێ براوەیە، بەشایستەییەوە "دەنگۆ"یە، چونکە هەردوو پێوەرەکەی دەنگۆبوونی تێدایە. یەکەم، هەرگیز منداڵێکی پێ بەستوو نەدۆزراوەتەوە، کەواتە چ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ڕووداوەکە لەبەردەستدا نییە. دووەم، ئەم چیرۆکە تا ماوەیەکی زۆر دەماودەمی دەکرد، بێ ئەوەی هیچ دەزگا یان ئامرازێکی ڕاگەیاندن تەنانەت بڵاوکراوەیەکی سەر دیواریش ئاماژەی پێ بکات[١٠٦]. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەی "مۆرین" لەبارەی هەندێک نموونەی دەنگۆ (بازرگانیی سێکسفرۆشی لە ئۆرلیان، ئایاری ١٩٦٩) مانایەکی نوێی لە نێو فەرهەنسییەکاندا بەخشییە دەنگۆ، ئەوەبوو کۆوارێکی تایبەتمەند لە دەنگۆدا، کە پێناسەی دەنگۆی کرد نووسی "دەنگۆ، ئەو زانیارییەی هیچ بنەمایەکی نییە"، ڕەنگە ئەم پێناسەیە، بەڕەهایی تۆکمەترین پێناسەی "دەنگۆ" بێت[٥٥].

دیسان ئەم پێناسەیەش لە ڕووی بنیاتەوە، هاوشێوەی پێناسەکەی "تی شیبوناتی"ە، شیبوناتی بەشێکی لە دیاردەکە وەرگرتووە (لە ئاکامی ڕووداوێکەوە)، "مۆرین"یش بەشێکی دیاردەکەی وەرگرتووە (دەنگۆ هیچ بنەمایەکی نییە واتە لە بۆشاییەوە دروست دەبێت). ئەگەر وا بێت ئەدی ئەو زانیاری و قسانەی دوای ڕووداوێکی وەک تێپەڕبوونی زریپۆشەکان ناوی چییە؟ کەواتە ئەگەر هەر سوورین لەسەر ئەوەی ناوی "دەنگۆ" لەو چیرۆکانە بنێین کە لە بۆشاییەوە دێن، پێویستە ناوگەلێکی جیاواز بۆ ئەو دیاردانەی دیکە بدۆزینەوە کە لە لایەنی دەرهاوێشتە و لێکەوتەوە مادییەکانیانەوە هێندە لە "دەنگۆ" جیاواز نین.

جێی سەرنجە، پێناسەی "ئی مۆرین" کە دەنگۆ لە جوغزی ئەو ڕووداوانەی بنەمایەکی سەلمێندراویان نییە، قۆرخ دەکات، حاڵەتێکی لادانمان بۆ ئاشکرا دەبێ، چونکە ئەگەر بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، دەنگۆ نەخۆشییەکە دووچاری کۆمەڵگە دەبێت. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە؛ لە شیکردنەوەی دەنگۆکەی شاری ئۆرلیاندا، کۆمەڵێک وشەی پزیشکی بەکار دەهاتن وەک؛ میکرۆب، زانستی نەخۆشییەکان، سەنتەری تەشەنەکردنی درمەکان، قۆناغی دایەنی و قۆناغی گواستنەوە، دەنگۆکەی ئۆرلیان لە ڕێی ئەم وشانەوە بەنەخۆشی یان تەنانەت بە"شێرپەنجەی هۆش"

چوێندرا. هەر لەمبارەیەوە، پیار فیانسۆنی نووسەری سەروتاری ڕۆژنامەی لۆمۆند Le mondeی فەرەنسی لە لێدوانێکدا گوتی "هەرگیز لە شێوەی ئەو درمەم نەبینیوە کە دووچاری دەستەبژێری سیاسی دەبێت (...)؛ نەخۆشییەک کە دەتوانین ناوی بنێین دەنگۆی سیاسی" (لۆمۆند ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٧٧).

ڕاستییەکەی، ئەم تێکەڵکردنەی دەنگۆ و نەخۆشی، بەڵکو شێتێتی، تێکەڵکردنێکی لۆگیکییە، چونکە گەر پێمان وابێت دەنگۆ تەنیا بڕواکردنێکی گشتیی بێ بنەمایە، دەبێتە حاڵەتێکی نا لۆگیکی و دەکەوێتە خانەی نیشانەکانی "شێتێتیەوە" یان هاوتای کۆمەڵایەتی وڕێنەکردن، بەم پێیە، دەنگۆ لە سۆنگەی دەروونناسییەوە نەبێت، لێک نادرێتەوە. خۆ ئەگەر خەڵک باوەڕ بەدەنگۆ بکەن، مانای وایە شێتن.

لە بیرمان نەچێت شیکاری دەروونییانەی دەنگۆ، سودێکی پراکتیکیی گرنگی هەیە، نەخاسمە دەبێتە هۆکاری بارینی نەفرەت بەسەر ئەو کەسانەدا وەک "ئێمە" بیر ناکەنەوە یان پشتیوانیی "ڕاستییە فەرمیەکە" ناکەن، ناشتوانین گلەیی لەو کەسانە بکەین، چونکە تووشی حاڵەتی وڕێنەکردن هاتوون.

جیا لەوەش، شیکاری دەروونییانەی دەنگۆ، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی دان پێدانەنانی ڕاستییەکە دەڵێ: زانراوەی (معلومة) هەڵە وەک زانراوەی ڕاست بەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە. بڵاوبوونەوەی زانراوەی هەڵە، پێوەندیی بەجۆرێک وڕێنەکردن و شێتییەوە نییە، بگرە بۆ بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، دەنگۆ لە کەسێکی نامۆوە ناگاتە ئێمە، بگرە لە کەسە نزیکەکانمانەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر متمانە دەوەستێ، مرۆڤیش بەسروشتی خۆی وای دادەنێ ئەندامانی خێزانەکەی هیچ هەڵنابەستن و بەخەیاڵ دروستی ناکەن و وڕێنەش نەبوون.

ئەگەر دەرچوو دەنگۆکەی شاری ئۆرلیان (وەک نموونە) ڕاست نەبووە، ئاسانە سەرکۆنەی خەڵکەکەی بکەی کە باوەڕیان کرد و بڵاویشیان کردەوە، بەڵام خۆ ڕاستبوونی زانراوە، خەسڵەتێکی پێوەلکاوی زانراوە نییە، ئەمە پاڵمان پێوە دەنێت لەو هۆکارە بپرسین؛ داخۆ چی وای لە دانیشتوانی ئۆرلیان کرد وەک پەیامێکیان بۆ هاتبێت، یەکسەر دەرک بەوە بکەن بازرگانیی سێکسفرۆشی لە هەندێک بازاڕ و

مارکێتەکاندا هەیە و پێویستیشی بەبەڵگە نییە. هەر لە سەرەتاوە خەڵک زانراوەکەیان بەدوور نەدەزانی.

هەندێک جار بیرمان دەچێتەوە کە ڕاستبوونی هەر زانراوەیەک، یەکەمین جار بەڕێککەوتن و ڕێگەپێدانەوە پێوەستە. خۆ فەرهەنگێکی تایبەت نییە زانیارییەکانی تێدا نووسرا بێت، تا بۆ دڵنیابوون لە هەر زانراوەیەک بەئاسانی بۆ ئەو فەرهەنگە بگەڕێینەوە. ئەمەش مانای وایە ڕاستی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. بەلای خوێنەرێکی ڕۆژنامەی "ئومانیتێ Humanite"وە ئەوەی لە ڕۆژنامەی "لیفیگارۆ Le Figaro"دا بڵاو دەبێتەوە، ڕاستی نییە، پێچەوانەکەشی تەواوە، دواتر، تاکە ڕاستییەک بوونی نییە، پێوەرێک بۆ ڕاستی نییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵێک ڕاستی، هەر کەسە و بیر و هزری خۆی لە ژینگەی دەوروبەری و ئەو کۆمەڵ و گرووپەی لە تەکیاندا دەژی، هەڵدەهێنجێ[١٤٥].

دەتوانین بڵێین زانین، دوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە: هەواڵەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەو چیرۆکانەی خەڵک زارەکی بۆ یەکدیی دەگوازنەوە. دەنگۆ، دەنگی کۆمەڵە خەڵکێکە. زۆر جاران، دەنگی کۆمەڵ لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دەباتەوە. ئەگەر بڵێین تەنیا ئەو ڕاستییەی ڕۆژنامەگەریی ئۆرلیان (حاڵەتەکە وەک نموونە – وەرگێڕ) شایانی بەهەند هەڵگرتنە، مانای وایە، سەرچاوەی دووەمی زانینمان وەلا نا، واتە؛ ئەوەی خەڵک بۆی دەچن و باسی دەکەن. بۆیە هەر ئەوە ڕاستییە کە بەلای خەڵکەوە ڕاستییە و ئەوانیش وەک دەنگۆ گوزارشتی لێ دەکەن.

## ڕاست و هەڵە

لە دەزگای لێکۆڵینەوە و زانیاریی تایبەت بەدەنگۆ، هێڵێکی تەلەفۆنی کراوە داندرابوو تا خەڵک لە هەموو ئەو دەنگۆیانە ئاگەدارمان بکەنەوە ڕۆژانە دەیانبیستن. لە هێڵی "ئەلو دەنگۆ Allo Rumeur"وە دەرکەوت ئەوانەی پێوەندی دەکەن، چیرۆکگەلێکمان بۆ دەگوازنەوە کە خۆیان باوەڕیان پێ نەکردووە. بەڵام لەبەرئەوەی دەیانزانی خەڵکێک هەیە باوەڕی کردبێت، چاوەڕێ بوون دەزگاکە بەدرۆی بخاتەوە و پەردە لەسەر ڕاستییەکە لا بدات. لە بەرانبەردا، خەڵکێکی دیکەش تەلەفۆنیان دەکرد و دەیانویست بزانن داخۆ فلانە چیرۆک ڕاستە.

ئەوی جێی سەرنجدان بوو، خەڵک چیرۆککەلێکیان دەگێڕایەوە خۆیان باوەڕیان پێیان نەبوو، بۆیە وەڵامدەرەوە ئۆتۆماتیکییەکی هێڵەکە "ئەلو دەنگۆ" نەیدەتوانی ئەو "دەنگۆ"یانە جیا بکاتەوە کە خەڵک باوەڕیان پێیان نییە، لەوانەی باوەڕیان پێی بوو. ئەمەش بەڵگەی بۆ ئەوەی هێڵی جیاکاریی نێوان زانیاری و دەنگۆ، بەلای خەڵکەوە هێڵێکی بابەتی نییە. خەڵک چیی بەلاوە ڕاست بێت ناوی لێ دەنێ "زانراوە – معلومة" و چیشی بەلاوە هەڵە بێت یان لێی دڵنیا نەبێت، ناوی لێ دەنێ "دەنگۆ – شائعة".

بە پێی ئەوەی باس کرا، ئەوە سروشت یان جۆری بنێرەکە یان بڵاڤکارەکە (ڕۆژنامەگەری، زارەکی) نییە کە بڕیار دەدات، هەواڵێک، زانراوەیە یان دەنگۆیە، چونکە وەک ئاماژەی پێ کرا، هێڵی جیاکاریی نێوان زانراوە و دەنگۆ، لە بنەمایەکی بابەتییانەوە دروست نابێت، بگرە بەپێی باوەڕپێکردنی خەڵک دروست دەبێت. ئەگەر کەسێک متمانەی بەسەرچاوەی هەواڵەکە هەبوو، بەزانراوەی دەژمێرێت، خۆ ئەگەر متمانەی نەبوو، بەدەنگۆی دەزانێت. سەیرەکەش لێرەدایە. هەر ئەوەندەی خەڵک بەهەواڵێکیان گوت "دەنگۆ" هەر زوو دادەمرکێتەوە، بەڵام ئەگەر پێیان وابوو نەخێر ئەوە دەنگۆ نییە و بنەمایەکی هەیە، ئیدی هەر تەشەنە دەکات. بەهەڵەدا دەچین ئەگەر بپرسین "چۆن خەڵک باوەڕ بەو دەنگۆیە دەکەن؟" ڕاستییەکەی، خەڵک پێیان وایە زانراوەیەک دەگوازنەوە کە پێیان گەیشتووە. دەنگۆ" پێش باوەڕ پێهێنان ناکەوێت، بگرە بەرجەستەبوونیەتی. ئاخر ناتوانین هیچ هەواڵێک بەزانراوە یان دەنگۆ ناو ببەین تا نەزانین خەڵک باوەڕیان پێ کردووە یان نا، کەواتە ناو لێنانی هەواڵێک دەکەوێتە قۆناغی دوای بڵاوکردنەوەی، ئەم پرسەش بەحوکمێکی کەسێنییەوە پێوەستە کە مانا و نیشانەی خۆی هەیە.

لێرەوە تێ دەگەین، بۆچی مرۆڤ دەرک بەدەنگۆ دەکات بەپشتبەستن بەبوونی نەک بەنێوەڕۆکەکەی. هۆکاری ئەمەش بەئاسانی ئەوەیە؛ هەر کاتێک مرۆڤ پێی وابوو هەواڵێک، دەنگۆیە، مانای وایە لە هەواڵەکە دوودڵە و گومانی لێیەتی. وا هەیە، هەواڵێک بەلای خەڵکێکەوە زانراوەیەکی سەلمێندراو بێت، کەچی بەلای خەڵکێکی دیکەوە، دەنگۆیە.

لێرەدا دەبێ تیشک بخەینە سەر بەرەنجامێک کە خۆی دەسەپێنێ، سەرەڕای ئەوەی ئەم پێناسە میللییەی دەنگۆ، لەوانەیە وەک پێناسەیەکی زانستی نەیەتە قبووڵکردن، بەڵام بنەمایەکە بۆ لێکدانەوەی ئەو کاریگەرییە باوەڕهێنەی وەشێنەرانی دەنگۆگەل هەیانە (التاثير المقنع الذي يتمتع به مطلقوا الشائعات).

بەگشتی، هەر پێناسەکردنێکی دەنگۆ بەپێی ڕاستی و هەڵەیی دەنگۆکە، دەگاتە ڕێگەیەکی داخراو و تێگەشتنی دەنگۆ دەکاتە مەحاڵ. وردبوونەوەی لۆگیکی لە جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە، دەری دەخات کە هێڵی جیاکاریی نێوان زانراوە و دەنگۆ، هێڵێکی نادیار و کاڵە. دەشزانرێت، خەڵک کەمتر ڕاست و هەڵەی هەواڵێکی زارەکی جیا دەکەنەوە.

وێڕای ئەوەی پرسی ڕاست و هەڵە هەمیشە لە باسکردنی دەنگۆدا دێتە پێشەوە، بەڵام هاوکاریی تێگەیشتنیشی ناکات، ئاخر دەنگۆ کاتێک سەرهەڵدەدات کە هەندێ خەڵک باوەڕ بەهەواڵێک دەکەن و پێیان وایە دەبێ دەماودەمی بکەن. بەڵام ئەم دیاردەیە، نیشانەی دروستیی زانراوەکە نییە، دواتر، ئەو کاتەی هەموو ڕەگەزەکان ئاشکرا بوون، دەتوانرێت لە ڕاستی و ناڕاستیی دەنگۆکە بپێچرێتەوە. دوای ئەوە، دینامیکیەتی دەنگۆ پێوەندیی بەسەلماندنی ڕاستیی زانیارییەکەوە نییە. بەم پێیە، باسکردنی ڕاست و هەڵە لە پێناسەی زانستیی دەنگۆدا، وەک ئەوەی "ئی مۆرین" کردوویەتی، تێگەیشتنێکی نەزۆک، بگرە شێواو دێنێتە ئارا. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشمان، نموونەیەک دێنینەوە.

لە ژیانی هەریەک لە فرانسوا میتران Francios Mitterran و جۆرج پۆمپیدۆدا، گوترا هەردووکیان نەخۆشی کوشندەیان هەیە، بەگەڕانەوە بۆ پێشەکیی ئەم کتێبە، بۆمان دەدەکەوێت، دەنگۆکە سەبارەت بەجۆرج پۆمپیدۆ ڕاست دەرچوو، بەڵام لێدوانی فەرمی لەوبارەیەوە دواتر بڵاو کرایەوە. خۆ کاتێک دەنگۆکان بڵاو بوونەوە، ڕێڕەوی بڵاوبوونەوە و باوەڕپێکردنی دەنگۆی نەخۆشیی هەردووکیان یەک ڕێڕەو بوو، بۆیە ناکرێت بەپشتبەستن بەو زانیاریيانەی دواتر سەرچاوە فەرمییەکان بڵاوی دەکەنەوە، پێناسەی دەنگۆ بکەین. کاتێک دەشگوترێت تەنیا حاڵەتی سەرۆک میتران (کە گوترا نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە و دواتر وا دەرنەچوو- وەرگێڕ) شایانی

ئەوەیە ناوی دەنگۆی لێ بنرێت، ئەوە سەرەڕۆییە، چونکە لەوانەیە پاش بیست ساڵی دیکە ناچار بین ناوەکە بگۆڕین لەبەرئەوەی بەڵگەنامەکان دەری دەخەن، بەپێچەوانەی ڕاگەیەندراو و لێدوانە فەرمییەکانەوە، میتران لە ساڵی ۱۹۸۱دا (ئەو ساڵەی بەسەرۆکی فەرەنسا هەڵبژێردرا _ وەرگێڕ) شێرپەنجەی بووە. بۆیە بەجیاواز لەو تێگەیشتنە باوەی دەنگۆ و زانراوەی هەڵە پێکەوە گرێ دەدات، وشەی "دەنگۆ" وەک لەم کتێبەدا هاتووە، هیچ نیشانەیەکی خەسڵەتی ڕاستبوون یان هەڵەبوونی لەخۆ ناگرێت.

## دەنگۆ، ئەوەی ڕاناگەیەندرێ

وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەوەی نێوەڕۆکی دەنگۆ جیا دەکاتەوە، خەسڵەتی ڕاستی و ناراستی نییە، بگرە سەرچاوە نافەرمییەکەیەتی. بۆ نموونە با وای دابنێین بەپێی هەندێک زانیاری، سەرۆکی وڵاتێک تووشی شێرپەنجە بووە، ئایا هێندە بەسە سەرۆک بەخۆی هەواڵەکە بەدرۆ بخاتەوە، ئیدی نەخۆشییەکەی ڕاست نییە و گریمانەی نەخۆشبوونەکەشی نەسەلمێندراوە؟ سەلماندنی ڕاستیی زانراوەیەک لەو کەسە جیا نابێتەوە کە ئەرکی دەرخستن و ڕاگەیاندنی ڕاستیی زانراوەکەی لە ئەستۆیە، هەروەها پێوەستیشە بەوەی ئایا ئەو کەسە تا چەند جێی متمانەیە. بەڵام ئەم پێوەرە ئەوەندە نابابەتییە، ناتوانین پێناسەیەکی تۆکمەی بۆ دەنگۆ لێ هەڵێنجین. لە بەرانبەردا، لە قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵێک یان کۆمەڵگەیەکدا، کۆدەنگییەک یان ڕێککەوتنێک هەیە لەبارەی ناسنامەی ئەو سەرچاوەیەی بە"فەرمی" دەژمێردرێت. سەرەڕای نەسەلماندنی ڕاستگۆییی ئەو سەرچاوانە، بەڵام هەر وەک "فەرمی" دەمێننەوە، واتە؛ لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان پێ دراوە. کەچی دوایی دێین ناوی "دەنگۆ" بەسەر ئەو زانراوەیەدا دەبڕین کە لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە و سەرچاوەیەکی فەرمی دووپاتی نەکردوونەتەوە، بەپێچەوانەوە بەدرۆشی خستووەتەوە. دەتوانین بڵێین دەنگۆ ئەوەیە کە لە لایەن سەرچاوە فەرمییەکانەوە ڕاناگەیەندرێ، یان لەبەرئەوەی دەنگۆکە لەبارەی کەسێکە باڵاتر لە سەرچاوەکە (ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی دەست لەکارکێشانەوە یان دابەزاندنی پلە و پایە)، یان لەبەرئەوەی دژی داوودەزگای سەرچاوەکە خۆیەتی (وەک ئەو دەنگۆیانەی

لەبارەی گوناهبارە "راستییەکان"ی تاوانی کوشتنی جۆن کەنەدییەوە بڵاو بوونەوە).

وا دیارە دیاردەی دەنگۆ چەند کۆمەڵایەتییە هێندەش سیاسییە. چەمکی سەرچاوەی "فەرمی" چەمکێکی سیاسییە، ناسنامەی ئەو لایەنە دەستنیشان دەکات کە دەسەڵاتێکی یاسایی ڕێی دەدات قسە لەم یان لەو بابەت بکات، با لە ڕووی ئاکاریشەوە، ڕەنگە ئەو کەسە شایستە نەبێت. لە سەرینی ئەم وارەوە، دەکرێ بڵێین دەسەڵات بابەتی دەنگۆیە. ئاخر کاتێک دەنگۆگەل، کۆمەڵێک نهێنی ئاشکرا دەکەن و گریمانە دادەڕێژن، دەسەڵات ناچاری قسەکردن دەکەن، ئەگەرچی دەسەڵات مافی ئەوەی نییە تاکە لایەنی ڕێگەپێدراو بێت. جیا لەوەش، دەماودەمیی دەنگۆ، زادەی کردارێکی بێ پلان و یەکسەرییە و چاوەڕێی ڕوخسەتی کەس ناکات. زۆربەی جار دەنگۆ، دەربڕی هەڵوێستێکی ناڕازییە، نەخاسمە خەڵک بەگشتی باوەڕ بەبەدرۆخستنەوە فەرمییەکان ناکەن، وەک بڵێی "فەرمی" و باوەڕپێکردن" دووانەیەکن هەرگیز کۆ نابنەوە. دوای ئەوە، دەنگۆ خانەگومانیی نێو دەسەڵات و "ئەو کەسەی مافی قسەکردنی لەبارەیەوە پێ دراوە" دەردەخات. کاتێکیش "دەنگۆ"یەک، زانراوەیەکی هاوتا یان پێچەوانەی هەواڵە فەرمییەکە بێت، دەکرێ بەدەسەڵاتێکی دژ بژمێردرێت.

ڕەنگە چاکترین نموونە لەمبارەیەوە ئەو دەنگۆیانە بن کە لە نێو کۆمپانیاکاندا، بڵاو دەبنەوە. کاتێک کەسێک زۆر بەنهێنی بۆ پۆستێک دادەنرێ، هەواڵەکە تەنانەت پێش ڕاگەیاندنیشی، دەگاتە کارمەندە هەرە خوارووەکانی دامەزراوەکە، بێ ئەوەی بەڕێڕەوە دامەزراوەیی و یاساییە باوەکەی خۆیدا بڕوات (سەرۆکی گشتی، ئینجا لەوێوە بۆ بەڕێوبەران و دواجار بۆ کارمەندان). لە هەموو کۆمپانیاکاندا، هاوشانی ڕێوشوێنە یاساییەکانی بەڕێوەبردن، دەنگۆ، زەمینەی دروستبوونی ڕێوشوێنی وەهمی و نەبینراو خۆش دەکات و هەلی بەسەربردنی کات بەلایەنە پێوەندارەکان دەدات. لە ژیانی هەر دامەزراوێکدا، ڕووداوە ناکاوەکان فاکتەرێکی پێویستن بۆ گۆڕانکاری یان سەپاندنی. زۆرن ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی بەیانی لە خەو هەڵدەسن لە ناکاو و بێ ئاگەدارکردنەوەی پێشکات، هەواڵی لەسەر کارلابردنیان دەبیستن. بەڵام دەنگۆ ڕێگری جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجی ئەمری واقیعەیە و

دەرفـەت بـەو فـەرمـانبـەرانـە دەدات، هـەوڵ بدەن و بەر لـە جـێـبـەجـێکردنی بڕیاری ڕانەگەیەندراوی لابردنیان، مشوورێکی خۆیان بخۆن.

لەو کـاتەدا دەنگۆ هـەندێک ڕاسـتـی ئاشکرا دەکات کـە کـەس گـومـان لە بوونیـان ناکات، دەسەڵات ناچار دەکات زیاتر ئاشکراگۆ (شـفاف) بێت و دەسـەڵاتێکی دژیش دەخـوڵقـێنـێ، لە کـاتێکدا دەنگۆ قـسـەیەکی سـەرشـێـوێنە، هـاوکـات وەک یەکـەمین ئێستگەی ئازاد دەردەکەوێت.

با لێـرەوە بەرەو بەرجەسـتـەکردنی ئەو تێـڕوانینە نوێیـە بچین کـە پێناسـەکـردنی دەنگۆ وەک زانراوەیەکی نـافـەرمی دەیسـەپێنێ و بۆ وەلانـانی تێـگەیشـتنە باوەکـە پێـویسـتـە. دانانی دەنگۆ وەک زانراوەیەکی نـافـەرمی، واتە لە دەرەوەی چوارچێـوە ئاسـاییـیـەکانی داوودەزگا ڕاگەیاندنە گرنگەکانەوە سـەر هەڵدەدات و زارەکی یان لە ڕێی بلاڤـۆکـەوە تەشـەنە دەکـات. شـایانی باسـە، خـێـرایی بڵاوبوونەوە یـەکێکە لە خـەسـڵـەتـەکانی دەنگۆ، تەنانەت هـاوواتـای ڕسـتـەی "دەنگۆ بڵاو دەبێتـەوە" لە زمـانی فەرەنسیدا برێتییە لە "Elle court, elle court la rumeur"، دەبینین کرداری "تەشـەنە" لە جـیـاتی بڵاوبوونـەوە بەکـار دێت. بەڵام دەنگۆ بۆچـی بڵاو دەبێتـەوە یان (تەشـەنە دەکات؟) زۆر بەئاسانی، لەبەرئەوەی دەنگۆ بەهایەکی گرنگی هـەیە.

جیا لەوانە، خـەسڵـەتی نافەرمیبوونی دەنگۆ، ڕاسـتییەک ئاشکرا دەکات نە دەبوو خـەڵک بیـزانن، هـەر ئـەو خـەسـڵـەتەشـە، پاڵ بەخـەڵکەوە دەبێت گـوێ بۆ دەنگۆگـەل هەڵخـەن و خـواخـواشـیان بێت زوو بەخرمان و دۆسـتانی بڵـێن. دەنگۆ نهێنییـەکان ناهـێـڵـێ، دەگـمـــەن و گـرانبـــەهـایە، هـەر ئەمـــەش نهـــێنیی بایەخـــیـــەتی، لێ گرانبەهاییـیەکەی ڕێ لە بڵاوکردنەوەی ناگرێت، خۆ زێڕیش دەگمەن و گرانە، بەڵام خـەڵک حـەز بەهـەڵگرتن و کـۆکردنـەوەی دەکـەن. دەبێ ئامـاژەیەک بەجـیـاوازییـەکی بنەڕەتیی نێوان زێڕ و زانراوە بکەین. بەهای زانراوە زۆر نامێنێتەوە، بۆیە دەبێ زوو بەکار بهێنرێت، تا خـەڵکیش ئامادە بن دەنگۆیەک بگوازنەوە، مـانای وایە بەهایەکی مـاوە. هـەر لەم چوارچێوەیەدا، ئەو کەسەی دەنگۆیەک بڵاو دەکاتەوە و نـهێنییـەک بۆ خـەڵکی دیکە دەدرکێنێ، سـەربەرزانە لەم سـەودایە دەردەچێ، ئەوە نییـە نهـێنییـەک دەزانێ ئەوان نایزانن، بۆیە وەک پێشـەنگ دێتە پێشچاو و مەراییی بۆ دەکەن و لایان گەورە دەبێت.

وا دیاره خێرایی دەنگۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر چییەک بکرێت، زانراوە زوو یان درەنگ بەهای خۆی لە دەست دەدات، هەر ئەم ڕێڕەوەی دەنگۆ خۆی، چەند لایەنێکی دیکەی ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە، زۆر جار دەنگۆیەک، باسی ڕووداوێکی نێزیک یان تەنانەت باسی ڕووداوێکی پێش دە ساڵ دەکات، خاوەنی دەنگۆکە، وا دەیگێڕێتەوە کە دەستپێشخەرییەکی کردووە و زانیارییەکی یەکجار نوێی بەخەڵک داوە، بۆیە نوێبوون، خەسڵەتێکی پێوەلکاوی دەنگۆیە، نوێبوونی دەنگۆ، پێویستە و لۆگیکیشە. هەر کەسێکیش توانیی دەنگۆیەک وا بگێڕێتەوە گوایە لە نوێ بیستویەتی و گەرماوگەرمییەکی بداتێ، بەهایەکی نوێ دەداتەوە دەنگۆکە.

## دەنگۆ و قسەڵۆک و زمان لێدان و هی دیکە

پێگەی دەنگۆ چۆن لە دیاردەگەلێکی هاوشێوەی وەک زمان لێدان، قسەڵۆک، غەیبەت، واتەوات، چیرۆک و حیکایەتە زارەکییەکاندا دەستنیشان دەکرێت؟ وشەی"دەنگۆ" خۆی ڕێ بەوە دەدات جیاوازی لە نێوان دەنگۆی"ڕاست" و دەنگۆی "هەڵە"دا بکرێت، ئاخر کە دەگوترێت دەنگۆی"تەواو"، کەواتە پەڕاوێزێک بۆ بوونی جۆری دیکەی دەنگۆ دەمێنێتەوە. بڵێی ئەو وشانەی باس کران، گوزارشت لە ڕاستیگەلێکی وێکنەچوو بکەن، یان کۆمەڵە حوکمێکی جیاوازن لەسەر یەک دیاردە؟

ڕاستییەکەی، زۆری ئەم وشانە زۆر ڕوونتر دەبێتەوە کاتێک دەزانین هەر یەک لەو زانیاری یان پەیامانە دەتوانین بەشەش جۆر پێناسەیان بکەین، هەر لە سەرچاوەی بنێرەکە، نێوەڕۆکەکەی، ڕێڕەوەکەی، ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنەی بڵاوی دەکاتەوە، تا دەگاتە بابەتەکەی و کاریگەرییەکانی. بەپێی بنەمای زمانەوانی، وشەگەلی rumeur: ژاوەژاو، دەنگۆیە و bruit هەرا، دەنگۆیە و ragot زمان لێدان، کۆمەڵە دەنگێکی جیاوازن لە لایەنی تیژی و مەودایانەوە. بۆ نموونە: لە میانی گەشتێکدا بەسەرانسەری فەرەنسادا، ڕۆژنامەنووسێک کە لەسەر جێیەکی بڵند ڕاوەستابوو دەیگوت" تەنیا بەو ژاوەژاوەی دەیخولقێنێ، مرۆڤ دەتوانێت لەو ڕێگەیەی بەرەو دۆڵەکە دەچێ، شوێن پێی بێرنارد هینۆڵت Bernard Hinault هەڵگرێ.

بۆ وشەی ژاوەژاو ئەو ڕۆژنامەنووسە وشەی Runeurی فەرەنسایی بەکارهێنا کە هاوزەمان بۆ دەنگۆش بەکار دەهێنرێت. بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە بەو مانایەی

بەکـــارهێنا گـــەر بۆ هینۆڵت بگەڕێی بـەژاوەژاوی خـــەڵکەکـــەی دوای کـــەوتـوون دەیدۆزیەوە. بەڵام ئەگەر خەڵکەکە یەکجار زۆر نەبوون، ئەو دەنگەی دەردەچێت پێی دەگـوترێ Bruit: هـەرا. ئەو وشـەیەش لە زمـانی فـەرەنسـاییـدا "هـەرا" و "دەنگۆ"ش دەگرێتەوە.

لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا، کـاریگەریی ئەو دوو وشـە فـەرەنسـاییـیـە بەهۆکـارەکـانی پشـتەوەیان دەگوترێ نەک بەبەرز و نزمیی دەنگەکە. کاریگەرییەکانیـان بەگرینگیی ڕێڕەوەکـانیـان جـیـا دەکرێنەوە نەک بەسـەرچاوەکـانیـان. سـەرچاوەی هـەردووکـیـان فـەرمی نـین، وشـەی یەکەمـیـان Rumeur ڕێڕەوێکی لەسـەریەک و فراوانمان دێنێـتە بەرچاو و دەنگی بـەرزی خـــەڵکەکـــە، ژاوەژاوێکی لـێ دەخـــوڵقێ و بەدواداچوونی ژاوەژاوەکەش ئاسـانە. بەڵام وشـەی Bruit ڕێڕەوێکی بەرتەسکی پچڕپچڕمـان دێنێتە پێش چاو کە ناوەناوە لە دوورەوە دەیبسـتین. بەڵام مانای ئەو ڕستە فەرەنسـاییـیە Ce nest quun bruit تەنیـا هـەرایەک یان دەنگۆیەکە، واتە بـەحـاڵ دەنگەکە دەبیـسـترێ، کەواتە پەیامەکە یان زانراوەکە بوونی نییە.

جـاران، وشـەی ragotی زمـانی فـەرەنسـایی بۆ نـەڕەی بەراز بەکـار دەهێـنرا، لێ نووکە بۆ (زمـان لێدان – وشایة). زمان لێدان واتە؛ چیرۆکێک کە خەڵکانی ئاستنزم بۆ یەکـدیی هەڵدەبەستن. ڕاسـتـیـیـەکەشـی زمـان لـێدان مـایەی شـانازیی نیـیـە بۆ خـاوەنەکەی، بگرە لە ڕێزی کەم دەکاتەوە. بەڵام لەم ڕۆژگارەدا، زمـان لێدان جـۆرێک پەیامە، یان حوکمێکی کەسێنیی نابابەتییە لەبارەی نێوەڕۆکی دەنگۆیەکەوە، جا ئەو دەنگۆیە زۆر گرینگ بێت Remeur یان کەم Bruit.

هـەرچی قسـەڵۆکە، بەرەو بابەتی دەنگۆمان دەبات کە ئامانجی کەسەکانە، چیرۆکی خـۆش و ڕابواردنی گەورە و بچـوکی ئەو خـەڵکە دەگێڕێتـەوە. وا باوە ، قسـەڵۆک بێ ئازارە، خـــەڵک تەنیـــا بـۆ خـــۆشـــیـی خـــۆیان بۆ یەکـدیی دەگـــێـــڕنەوە، چونکە کـاریگەرییەکانیشی خێرا نامێنێ، زوو زوو دەگۆڕێن بەقسـەڵۆکی نوێ و زۆر جـار خـۆشـتـر. کـاتـێ قسـەڵۆکـێکیش باسـی شـەڕی سـەرۆکـێک و هـاوسـەرەکـەی دەکـات، سـارکـۆزی و هـاوسـەرەکەی بۆ نموونە (نووسـەری کـتـێـبـەکە شـەڕی ڕۆنـاڵد ڕیگن و نانسـیـی هـاوسـەری هێناوەتەوە بـەنموونە _ وەرگـێـڕ)، ئەوە قـسـەڵۆکی گـەورەی پـێ دەگوترێت، بەڵام ئەگەر قسەڵۆکەکە باسی مێبازیی بەڕێوەبەری قوتابخـانەیەک بوو،

بەقسەڵۆکی بچووک ناو دەبرێت.

غەیبەت (بەدگۆیی – النمیمة) سەرچاوەی هەیە، ئەو کەسەی قسەکان دەکات. وەک زمان لێدان، غەیبەتیش، حوکمێکی بەهاییانەیە[٤٦] و ڕێگەیەکە بۆ پووچەڵکردنەوەی دەنگۆ، چونکە سەرچاوەکەی واتە؛ غەیبەتکار، جێگەی بڕوا نییە.

دواجار، زانراوە، پێوەندیی زۆری بەسەرچاوەکەیەوە هەیە. نەخاسمە ئەو پرسیارەی هەمیشە ئامادەیە: سەرچاوەی زانراوەکە کێیە؟ خۆ ئەگەر سەرچاوەکە، فەرمی یان سەرچاوەگەلێکی شایان بوون، وەک ئاژانسەکانی دەنگوباس (ئەی ئێف پی، ڕۆیتەرز، ئاسیۆشێتد پرێس، یونایتد پرێس)، پەیامەکە یان زانراوەکە جێی بڕوایە و بە"زانراوە" دەژمێردرێت. بەڵام کاتێک هەڵە ڕوو دەدات، ئەوکات باس لە"زانراوەیەکی هەڵە" دەکرێت نەک "دەنگۆ". کەواتە: دەنگۆ گوزارشتە لە دیاردەیەکی دیاریکراو بەپێی سەرچاوەکەی"نا فەرمی" و ڕێڕەوەکەی"ریزبەند و پێکەوە گرێدراو" و نێوەڕۆکەکەی"هەواڵێکی نووکەیی"، لە بەرانبەردا، ڕاستیی دەنگۆ، بەشێک نییە لە پێناسە زانستییەکەی.

دەبێ ئاماژەش بدەین، زارەکی (دەماودەم) تەنیا ئامرازێکە و هیچی دیکە، جا زارەکی، قسەکردنی دووان پێکەوە و گفتوگۆی بەکۆمەڵ و ئاڵوێری نهێنی و نامەگەل دەگرێتەوە.

ئەو کاتەی دەنگۆیەک لە سەرچاوەیەکی زارەکیی نا فەرمییەوە دەگوازرێتەوە و ڕێڕەوێکی پێکەوە گرێدراو و فراوانی بڵاوبوونەوە دەگرێتە بەر، باس لە "دەنگۆیەکی پاک و ڕووت دەکەین"، بەڵام ئەگەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن جێی زارەکیی گرتەوە و بڵاویشی کردەوە بێ ئەوەی بڵێ ئەوە دەنگۆیە، ئەو دەیچەسپێنێ و دەیکاتە "زانراوە"یەکی جێی بڕوا، ئەوکاتیش دیاردەی دەنگۆ وا بە"پاکی" نامێنێتەوە کە ڕێڕەوی پێشڤەچوونی پلەبەپلەی تا کپبوونەوەی دیراسەت بکەین. دەنگۆ خولێکی ژیانی هەیە: لە خۆوە و لە پڕا لە دایک نابێت، بگرە وردە وردە گەورە دەبێت تا دەگاتە کۆتایی.

بەشی یەکەم

# سوڕی ژیانی دەنگۆ لە سەرەتاوە تا کۆتایی

باسی دووەم

# دەنگۆگەل چۆن سەرهەڵدەدەن؟

سەرچاوەی دەنگۆگەل چییە؟ لە کام ڕووداو و کەسانەوە دروست دەبن؟ ڕەنگە ئەم دوو پرسیارە، بەراییترین ئەو پرسیارانە بن کە بەزەینی مرۆڤدا دێن کاتێک باسی دەنگۆگەل دێتە پێشەوە.

## ئایا کێشەی سەرچاوەی دەنگۆگەل کێشەیەکی وەهمییە؟

ئەگەرچی کێشەی سەرچاوەی دەنگۆ هەمووان ڕادەکێشێ، بەڵام ئەوەی سەیرە، سەرنجڕاکێشترین بابەت نییە، ڕاستییەکەی، مەبەست لە بەدواداچوونی سەرچاوەی دەنگۆ، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئەفسانەیەی گوایە دەنگۆ بەئەنقەست بڵاو دەکرێتەوە. بێگومان دەنگۆگەلێکی بەناوبانگ هەن کە شوێنکاتی گونجاویان، ڕێکەوت نەبووە. ڕەنگە لەو دەنگۆیانەی لەبارەی ژیانی تایبەتیی کاندیدگەلی هەڵبژاردنەکانی هەرێم یان شارەوانی و پەرلەمانەکان کە لە دەمەدەمی دەنگداندا بڵاو دەبنەوە، لەو نموونانە بن. بەڵام زۆربەی دەنگۆکان، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی لامسەرلایین و ناچنە نێو ستراتیجێکی دیاریکراوەوە.

دەبێ بگوترێ، ئەفسانەی (سەرچاوەی ستراتیجی نەبینراو) زۆر دەمێنێتەوە، چونکە خۆشیشە و بەسوودیشە: خۆشە، چونکە سادەترین دەنگۆ، دەمانبات بەرەو دنیای وەهمیی پیلان و گزی و زانیاریی لەخشتەبەر و شەڕی ئابووری و سیاسی. بۆیە دەکرێ بگوترێ دەنگۆ، تاوانێکە کەسانێکی تێوە دەگلێ. تاوانێکی تەواوە، چونکە ئەنجامدەرانی دوای خۆیان هیچ بەڵگە و چەکێک جێ ناهێڵن. ئەوەش دروستە کە جاری وا هەیە دەنگۆ بکوژە، هەردوو وەزیری فەرەنسایی ڕۆجیێ ڕۆجێر

ســـالینگرۆ Roger Salengro لە ســـاڵی ١٩٣٦دا و ڕۆبێـــر بولان Robert Boulin لە ساڵی ١٩٧٩دا خۆیان کوشت، چونکە خۆیان لەبەر ئەو دەنگۆیانەدا پێ نەگیرا کە لەبارەیانەوە بڵاو بوونەوە.

دوای ئەوە، هێشتنەوەی ڕوخساری ئەفسانەییانەی سەرچاوەی دەنگۆ، وەک گوتمان بەسوودیشە. بۆ دامرکاندنەوەی ئەو دەنگۆیانەی لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا بڵاو دەبوونەوە، بەرەی هاوپەیمانان "تابووری پێنجەم"یان زۆر گەورە دەکرد و وایان پێشان دەدا، گوایە خۆیان لە پشتی دەرگەوە حەشار داوە و بەردەوامیش خەریکی بڵاو کردنەوەی دەنگۆگەلی ڕووخێنەرن.

ماوەتەوە بڵێین، بەدواداچوونی سەرچاوەی دەنگۆ، هاوکاریی ئەو کەسانە دەکات باوەڕیان بەدەنگۆیەکی "هەڵە" کردووە، تۆمەتەکە لە خۆیان دوور بخەنەوە، ئاخر دوورخستنەوەی سەرچاوەکە، واتە خۆپاراستنی ئەو کەسە لەوەی بەهەڵەدا چووبێت، بگرە لە پاکی خۆی بووەتە قوربانیی فێڵ و کەوتووەتە داوی خەڵکێکەوە. ڕاستییەکەی، فڕێدانی بەرپرسیاریی دەنگۆ بۆ سەرشانی لایەنێکی دەرەوەی کۆمەڵ (ئاخر سەرچاوەکە ناپاکە چونکە خەڵک لە خشتە دەبات) بیانوویەکە بۆ ڕاکردن لە بەرپرسیاریەتیی ڕاستەقینە. دەنگۆ، واتە گوتنەوەیەکی دەستەجەمعی، هەمووانیش دەگرێتەوە، بۆیە دەمێنێتەوە، خۆ لە هەموو چرکەیەکدا، زۆر قسە و پەیام و ئاماژەی بێ ئەژمار لە سەرچاوەگەلێکی مەزەندەکراوەوە دەگەنە خەڵک، بەڵام هیچ کامیان شوێنەوارێک جێ ناهێڵن، کەچی جارناجارێک ڕوو دەدات ئەو سەرچاوانە دەنگۆیەک بڵاو دەکەنەوە، بەهەڵەدا دەچین ئەگەر پێمان وابێت ئەمەی دواییان (دەنگۆکە) خەسڵەتێکی ئەوتۆی تێدایە بۆیە وا کاریگەر بووە، بگرە هۆکاری کاریگەرییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵک لای خۆیانەوە هێمایەکی گرنگی تێدا دەبینن. شایانی گوتنێیە، زۆربەی ئەو ئاماژە و نێردراوانە خەفە و بێ لایەنن، ئەوە ئێمەین بەرگێکیان بەبەردا دەکەین کە مەبەستمانە. "ئاماژەکان"ی خۆسازدان و کۆکردنەوەی"گوماناوی" هێزە دەریاییەکان سەرنجی ئەمریکاییەکانی ڕانەکێشا، چونکە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون ڕۆژێک لە ڕۆژان ژاپۆنییەکان هێرش بکەنە سەر پێرل هاربۆرPearl Harbor.

له بەرانبەردا، لەو بێ سەروبەرییەی سەروەختی شۆڕشی فەرەنسا پەیدا بوو، ئەوکاتەی وردە وردە بنەماکانی ڕێژیمی کۆن هەڵدەوەشانەوە بێ ئەوەی خەڵکەکە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی ڕێژیمی نوێوە هەبێت، گوندنشینان بەچاوی چەتە و سواڵکەر سەیری کۆچەرییانیان دەکرد و پێیان وابوو، کرێگرتەی سوڵتانەکانی پێشوون، بۆ تۆڵە لێکردنەوەی خەڵکی فەرەنسا، مێژووناسان، ئەو دیاردەیە کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبوو بە"ترسی مەزن" ناو دەبەن[٩١]. ئەو هەستە وای لە خەڵکە گوندنشینەکە کردبوو، گومان لە هەر کاروانێک بکەن و بەهەڕەشەی بزانن. ئا لەو کاتەدا، دەنگۆگەل و ئەو ترس و تۆقاندنەی بڵاویان کردەوە، بەتەواوی ڕەوشی دەروونیی خەڵکەکەیان تێک دابوو.

بێگومان دواجار کێشەی سەرچاوەی دەنگۆ، وەک بابەتێکی لاوەکی دەمێنێتەوە. ئەوەی دەبێت لە ڕێڕەوی دەنگۆدا لێک بدرێتەوە؛ وروژاندنی خەڵکەکەیە، نەخاسمە هۆکاری چەسپینی دەنگۆ، تەنانەت لە سایەی بوونی سەرچاوەیەکی فەرمیشدا، هەر بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە دەنگۆکە دەبیستن و بۆ کەسانی دیکەی دەگوازنەوە.

کەواتە، گەڕان بەدوای سەرچاوەی دەنگۆدا، کورتکردنەوەی دیاردەی دەنگۆیە لە کێشەیەکی تاکەکەسیدا، کێشەی کەسێکی نەخۆش و لادەر لە کۆمەڵ. سیناریۆگەلە ڕۆئاواییەکانی وەک؛ ئاگرخستنەوەی بەویست یان بێ ویست، کۆلکە سیحربازێک، ئەو کارەساتەی لە گۆڵمەزێکی خۆشی دەکەوێتەوە یان یەکلاکردنەوەی کۆنەقینی نێوان چەند کەسێک، ئەمانە هەموو ڕەنگە بابەتگەلێکی چاکی سینەمایی بن، بەڵام ئەگەر خەڵک لە فیلمدا، تەنیا تەماشاڤانێکن، لە دەنگۆدا، هەمووان گەمەکارێکی سەرەکین.

وا دیارە تەرخانکردنی چەند لاپەڕەیەک بۆ باسکردنی سەرچاوەکانی دەنگۆگەل، لەگەڵ وتەکانی پێشووماندا تێک ناکاتەوە، بەڵام کێشەکە، کێشەیەکی میتۆدییانەیە، نموونەکانیش، بەڵگەی ئەوەن کە پرسی ورووژێن لە دەنگۆدا، سەرچاوەکەی نییە، بگرە چۆنیەتیی مامەڵەی خەڵکە لە تەک ئەو سەرچاوەیەدا. بێ ئەوەی بڵێین لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلمان لەم بارەیەوە پێشکێش کردووە، با بزانین ڕێڕەوە نموونەییەکانی بڵاوبوونەوەی دەنگۆگەل کامانەن.

## وتەی پسپۆڕان

لە ساڵی ١٩٨٧ەوە ژمارەیەک کۆمپانیای زۆر بەناوودەنگ لە ئەمریکا ڕووبەڕووی دەنگۆگەلی بەردەوام دەبنەوە، دەنگۆکان دەڵێن ئەو کۆمپانیانە بڕە پارەیەکی زۆری سەرمایەکەیان لای ئێلی موون Moon داناوە (موون ئێلێکی گەلێک دەستڕۆیشتوون) یان کۆمپانیاکان سەر بەئیبلیسن. ئەم دەنگۆیەی دواییان دروست ئاڕاستەی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ Procter & Gambel کرا کە یەکەمین کۆمپانیای جیهانیی دروستکردنی کەرەستەکانی پاککردنەوەیە (پامپەرز Pampers، ئاریێل Ariel، بۆنوکس Bonux و ... هتد)، کۆمپانیای بەناوبانگی ماکدۆناڵدزی هەمبەرگر McDonalds و کۆمپانیای زەبەلاحی ئینتیمانز Entemanns بۆ بەرهەمهێنانی خواردەمەنی[٦٩]. دوایی سەرچاوەی ئەم دەنگۆیانە زانران، دەرکەوت سەرچاوەی هەر هەموویان، شێخانی چەند کۆمەڵەیەکی ئاینیی ئسوولیی دانیشتووی دەڤەرێکی باشووری ئەمریکان کە بە"پشتێنەی ئینجیل" دەناسرێت. ئەم کۆمەڵانە، تێڕوانینێکی ئاینیی توندڕۆیان بۆ دنیا هەیە و شێخەکانیان لە وتارەکانیاندا ئامۆژگارییان دەکەن بەرهەمی ئەو کۆمپانیانە نەکڕن. بەم شێوەیە، وەک سەدەکانی نێوەڕاست، کڵێسە دەبێتە ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ.

جێی سەرنجە ئەم دەنگۆیانە، جەختیان لەسەر کردنەوەی گرێی ئەو هێمایانە بوو کە ناتوانن "پسپۆڕان" هەڵخەڵەتێن و گوایە بەڵگەیەکی دیاری دەنگۆکانن. وەک پێشتریش باسمان کرد لۆگۆکەی کۆمپانیای "پرۆکتەر ئەند گامبڵ" کە بریتییە لە پیرەمێردێکی گۆبیتیری و وەک مانگێک وێنا کراوە و لە سێزدە ئەستێرە ورد دەبێتەوە (سێزدە ئەستێرەکە وەک هێمایەک بۆ هەر سێزدە ویلایەتەکەی ئەوکات – کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم – ئەمریکایان لێ پێک هاتبوو). سەرەتا دەنگۆکە جەختی لە وێنەی مانگەکە دەکردەوە، گوایە هێمایەکە بۆ تایەفەی "مون Moon" کە دامەزرێنەکەیان مەسیحە درۆینەیە. بەڵام دواتر دەنگۆکە گۆڕا و ئەم جارەیان جەختی لە چۆنیەتی وێناکردنی ئەستێرەکان دەکردەوە، گوایە هێمایە بۆ ژمارە ٦٦٦ کە هێمای ئیبلیسە بەگوێرەی لێکدانەوەی دێرەکانی باسی سێزدەم لە سیفری "بینین" (مەبەست سفری "بینین"ی ئینجیلە – وەرگێڕ)، هەر بەپێی دەنگۆکە هەمان

ژمارە لە نێو تاڵەکانی ڕیشی پیرەمێردەکەدا وەک وێنەی بەرانێک دووبارە بووەتەوە. بۆ دامرکاندنەوە و کوژاندنەوەی ئەم دەنگۆیە، کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ لە نیسانی ١٩٨٥دا پاش نزیکەی سەد ساڵ، بڕیاری دا ئەو لۆگۆیە لەسەر تێکڕای بەرهەمەکانی لاببات (بڕوانە وێنەی ژمارە ١).



لۆگۆ — لێکدانەوەی لۆگۆ

وێنەی ژمارە ١

ئەو پسپۆڕە شارەزایانەی دەتوانن ئەو هێما و ئاماژە ئاڵۆزانە بخوێننەوە کە بەخەڵکی دیکە ناخوێنرێنەوە، سەرچاوەیەکی باوی دەنگۆگەلن. جا لەبەرئەوەی دەکارن لە پرسە شاراوەکان تێ بگەن و حوکمیشیان لە بارەوە بدەن، کۆمەڵە کەسێکیان لە دەورە، لێدوان و حوکمەکانیان بڵاو دەکەنەوە، ئەو کۆمەڵە کەسە لەوانە پێک دێت کە شارەزاکان بەزانا و پسپۆڕ دەزانن، تەنانەت ڕۆژنامەنووسیشیان تێدایە تا تیشکی ڕاگەیاندن بخەنە سەر شارەزاکان.

پاشنیوەڕۆی ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩، موزیکزانی ئەمریکاییی شارەزا لە موزیکی پۆپ "ڕۆس گیب Ross Gibb" کە ئامادەکار و پێشکەشکاری پرۆگرامێکی ڕادیۆییش بوو لە ڕادیۆی WKNR-FM لە دیترۆیت، تەلەفۆنێکی لە گەنجێکەوە بۆ کرا کە خۆی بەناوی تۆم Tomەوە ناساند، لە نێو قسەکانیدا ئەم گەنجە گوتی گوایە توانای خوێندنەوەی هەندێک ڕێکەوتی سەیری هەیە. یەک لە ڕێکەوتانە، گەنجەکە گوتی ئەگەر بەپێچەوانەوە گوێ لە پارچەیەک موزیکی تیپی بیتڵز Beatles بگرینەوە کە

بەناوی Revolution N9ە (شـۆڕشـی ژمـارە ٩)، دەبینـین دەسـتـەواژەی Number 9 Number 9 ,Number 9, (ژمـارە ٩، ژمـارە ٩، ژمـارە ٩، واتە:"Turn me on, dead man" (بموروژێنە، ئەی پیاوە مردووەکە)، هەروەها (گەنجەکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی) لە گۆرانیی Strawberry Fields (کێڵگەی شلیک) کە لە ئەلبوومی Magical Mystery Tour (گەشتێکی سیحراویی شاراوە)دایە، ئەگەر بەجوانی گوێی لێ بگرینەوە، باکگراوندە موزیکییەکەی شیعرەکە لاببەین دەبینین جۆن لینۆن John Lennon لە ژێرەوە دەڵێ: "I buried Paul" واتە: پۆڵم ناشت. گـوێگرانی ڕادیۆکـە یەکسەر چیرۆکی شوێنبزربوونی پۆڵ مەکارتنی Paul McCartneyیان بیر کەوتەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو دیار نەمابوو.

دوو ڕۆژ دوای پەخشبوونی ئەو پرۆگرامە ڕادیۆیییەی "گیب"، ڕۆژنامەی زانکۆی میشیگان The Michigan Daily کە لە ئان ئاربۆر دەردەچێ بەمانشێتێکی گەورە نووسی: "کۆچی دوایی مەکارتنی: ئاشکرابوونی ئاماژەگەلێکی نوێ"، لە ژێر ئەم مانشێتەدا، وتارێکی درێژ بوو لەبارەی کۆمەڵە ئاماژەیەکی نوێ گوایە دەرکەوتوون و ناتوانرێ ڕەت بکرێنەوە. لەم چوارچێوەیەدا نووسەری وتارەکە "فرێد لابۆر Fred La-bour" بەرپرسی گۆشەی موزیکی پۆپی ڕۆژنامەکە دەڵێ: "سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٦٦، پۆڵ مەکارتنی دوای هاتنە دەرەوەی لە ستۆدیۆی ئیمی EMI بەڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد، سەرکاتی ڕووداوەکە مەکارتنی زۆر ماندوو، خەمناک و ڕووخاو دیار بوو". لابۆر کۆمەڵێک ئاماژەی دیکە لە بارەی مردنی "مەکارتنی"یەوە دێنێتەوە: لەسەر بەرگی پشتەوەی ئەلبوومی Sergeant Pepper (عەریف پیپەر)، پۆڵ مەکارتنی دەرکەوتووە پارچە قوماشێکی بەقۆڵییەوە بەستووە کە لێی نووسرابوو OPD کە هێمایە بۆ؛ "Officially Pronounced Dead"، واتە: مردنی بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەندرا. بەرگی پشتەوەی ئەلبوومەکەش وێنەیەکی هەموو ئەندامانی تیپی بیتڵزە جگە لە مەکارتنی. لابۆر، لەسەری دەڕوا و دەنووسێ، تیپی بیتڵز هەندێک ئاماژەی دیکەشیان لەبارەی مردنی مەکارتنی لە بەرگی ئەلبوومی Abbey Road (ڕێگەی ئابی)یشدا بەدەستەوە داوە؛ جۆن لینۆن بەجلوبەرگی قەشەوە و ڕینگۆ ستار Ringo starrtیش وەک مردوونێژان ڕەشپۆش و جۆرج هاریسۆن George Harri-

sonیش بەجلی گۆڕهەڵکەنانەوە، بەڵام مەکارتنی خۆی، لە وێنەکەدا دیارە کە بەپێی پەتی بەشەقامێکدا دەپەڕێتەوە، وەک دەشزانرێ، بەگوێرەی سرووتە تیبتییەکان کە ئەو ڕۆژگارە لە ئەمریکا هەرمێنی هەبوو، مردووان بەپێی پەتی دێن و دەچن. لابۆر، ئاماژە بەژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلە ڤۆڵکسڤاگنەش دەدا کە لە وێنەکەدا دەرکەوتووە IF 28، واتە؛ تەمەنی ئەوکاتی مەکارتنی ئەگەر IF بمێنێ.

ئەم زانیارییانە بەس بوو بۆ ئەوەی دەنگۆکە بەنێو خەڵدا بڵاو بێتەوە. ئەو "پسپۆڕ"انەی لەم دەنگدانەوەیەش سوودمەند بوون، خەڵکیان ئاگەدار دەکردەوە، خەڵکەکەش هەرکەسە و لای خۆیەوە دۆست و خزمانی خۆی لەو کاریگەرییانە ئاگەدار دەکردەوە کە هەواڵەکە لە جەماوەری تیپی بیتلزی دەکات. بەڵام بەڕاست مەکارتنی مردووە؟ لە سایەی نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوەیک لە پرسەکە، ناتوانرێت بیسەلمێنی کە زۆرینە باوەڕیان بەهەواڵەکە کردووە (ئاخر گریمانەهەواڵەکە زۆر تۆقێنەر بوو). بەهەرحاڵ، خەڵک تا چەند مانگێکیش بەگەرمی پرسیاریان دەکرد. کاتێک "پۆڵ مەکارتنی" لە دیمانەیەکی گۆواری Life یشدا هەواڵەکەی بەدرۆ خستەوە، دەنگۆکە هەر دانەمرکایەوە، بەڵکو خەڵک دەیانگوت ئەو وێنەیەی گۆوارەکە بڵاوی کردووەتەوە، هاوشێوەیەکی "مەکارتنی"یە نەک خۆی. ڕاستییەکەشی باکگراوندی وێنەکەی مەکارتنی ڕێکلامی ئۆتۆمبێلێکی لەگەڵدا بڵاو کراوەتەوە کە وا دەردەکەوێ سەری مەکارتنیی بڕیبێت (هەواڵی یەکەمین جاریش دەڵێ مەکارتنی ئۆتۆمبێل لێی داوە). بەم جۆرە بەدرۆخستنەوەکە، کاردانەوەی پێچەوانەی هەبوو، خزمەتی دەنگۆکەی کرد.

## درکاندنی نهێنی

وەک پێشتر باسمان کرد، کاتێ زانراوەیەک (معلومة) دانسقە بێت، دەنگۆی لێ دروست دەبێ. ڕاستییەکەی، ئەم ئاڵوێرەی زانیاری کە دەنگۆ لە نێو خەڵکدا پێکی دێنێ، بەسەر هەموو شێوازەکانی ئاڵوێردا زاڵە. ئاخر زانراوە، بۆیە بڵاو دەبێتەوە، چونکە گرینگە، هێندەی خۆی زێڕ دێنێ. نابێت بیرمان بچێت دەنگۆگەلێکی زۆر لە ئاکامی ئاشکرابوونی یان درکاندنی نهێنییەکەوە دروست دەبن. خەڵک زۆر بەپارێزەوە لەو کۆڕ و ئاهەنگانە دەڕوانن، ئەندام پەرلەمانێک یان پارێزگارێک،

مـەست دەبێ و نـهێنییـەک لەبارەی بابـەتێک کـە کـار لە ژیانـی شـار یان کـۆمـەڵگە دەکـات، بـۆ یەکـێک لە ئامـادەبـووان دەدرکـێنـێ. ئەڵبـەت پێـویسـتـە ئـەو هـەواڵ یان زانراوەیەی دوو کـەس لە شـەمـەندەفـەرێکدا یـان چێشـتخـانە یـان بەتەلەفـۆن لـەگـەڵ یەکدی باس دەکەن و کەسێکیش بەڕێککەوت بێ ئەوەی دووانەکە ئاگەدار بن گوێی لێیانە یان لێ دەگرێت، دەچێتە خانەی نهێنییەوە.

زۆرجاران، زانایانی دەروونناسی ئەو پرسیارە لە خۆیان دەکەن؛ داخۆ کامەیان بۆ کەسی گوێگر زیاتر جێی باوەڕە: ئەو هـەواڵەی بـەڕێکەوت گوێی لێ دەبێ یان ئەوەی کـەسـێک بـەتایبـەتی پێی دەڵـێ؟ ئەڵبـەت تاقـیکردنـەوەی زۆریشـیـان لـەو بارەوە کـردووە[١٤٣]. بۆ نموونـە دوو کـەس ڕادەسـپـێرن لە کـاتێکی هـەرە قـەرەباڵـخدا بـچنە وێستگەی مترۆ یان سواری ئاسانسەرێکی (مصعد) پڕ خەڵک بن یان بچنە ڕیزێکی پلیت بڕینی فیلمێکی سینەماییەوە، بەو مەرجەی کەمێک لێک دوور بووەستن، تا ئەو کـەسـەی لە نێـوانیـاندایە بـەئاسـانـی گـوێی لـە قـسـەکـانیـان بێت، تـەجـرەبەکـان سەلماندوویانە، ئەو هەوالانەی مرۆڤ بەڕێکەوت یان ژێربەژێر گوێی لێ دەبێت، زیاتر جێگەی باوەڕن، بەو مـەرجـەی بابـەتی قسـەکان جێی بایەخی کەسـەکە بن و لەگەڵ ڕاوبۆچوونـەکـانیـدا تێک بکەنەوە. جیـا لـەوەی مـرۆڤ گـومـانـی لەوە نییـە کـاتێک بەڕێکەوت گـوێی لـە قـسـەیـەک دەبێ، دەرک دەکـات هـەوڵێک لە ئارادایە بـۆ باوەڕ پێهێنانی بەو قسـەیە و هاوکات قسەکان گوزارشت لە بۆچوونی قسەکاران دەکات، بۆیە ڕاستیشن. پەیڕەوکردنی پێچەوانەی ئەم شێوازەش بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ زۆر لەبارە. دروست ئەمـەش بوو لە ئەمریکادا ڕووی دا، ئاژانسی پێوەندییە گشتییـەکان "دەبلیـــو هـەوارد دۆنـی و هـاوبـەشـــەکـــانـی W. Howard Downey et Associes ناوبانگێکی زۆر خێرا و فراوانی پەیدا کرد، چونکە تیمگەلێکی تایبەت و پسپۆڕی بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ هەبوو[٩].

ڕەنگـە هـەندێک جـار، درکـانـدنی نهـێنی بێ ویسـت یان بەئـەنقـەست بێت، دیارە ئامـانجـەکـانی جـۆری دووەمـیان سـیـاسـین. بۆ نمـوونە لە ئەمـریکا ئـەو "هـەواڵنێـرە نهـێنـی"ەی بە"قـورگی قـوول Deep Throat" ناسـرابوو، بووە هۆی ئاشکرابوونی "واتەرگـەیت Watergate"و دەست لەکـارکێـشـانەوەی ناچاریـی "ڕیچـارد نیکسـۆن"ی

سەرۆکی ئەمریکا. لە فەرەنساش کۆواری "Le Canard Enchains" خشتەی باجەکانی "جاک شەبان دلّماس Jacques Chaban Delmas"ی بلاّو کردەوە. بلّێی کۆوارەکە ئەو خشتەیەی چۆن دەست کەوتبێ؟ جاک شەبان دلّماس دانیشتووی ناوچەی ماتینۆن Matignon بوو، پۆستیشی بەو ناونیشانەی ماڵەکەی بۆ دەچوو، بەلاّم کارمەندانی پۆست بەهەڵە پریاسکە (رزمة) پۆستەکەی سەرۆک وەزیرانیان بۆ وەزارەتێکی دیکە ناردبوو. فەرمانبەرێکی ئەو وەزارەتە کە زانیبووی پریاسکەکە لە خەزێنەی گشتییەوە دەرچووە، حەزی کردبوو بزانێ چیی تێدایە. هەر کە بینی بڕی باجەکانی دلّماسی سەرۆک وەزیران هێندەی باجی پزیشکێکی گوندەکان نابێت، بەڵگەنامەکەی ڕادەستی هاوڕێیەکی کرد، ئەویش دابوویە کۆوارەکە.

## هەڵکەوتەگەل (وقائع)ێکی سەرسوڕهێنەر

زۆرن ئەو دەنگۆیانە، سەرچاوەکەیان پێوەندیی بەهەڵکەوتەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە هەیە. دەنگۆ جۆشدانی بایەخی کۆمەڵە؛ جا لە میانی ئاڵوویر و ئەمدەم ئەودەمکردنی دەنگۆگەلدا، خەڵک حەزیان لێیە چیرۆکێک (وەک خۆیان دەیانەوێ) لەو کورتەچیرۆکانە دروست بکەن کە بەر گوێیان کەوتوون. تا ئەو پارچانەش (کورتەچیرۆکەکان) کەم بن، ئەقڵی ناوەوەی خەڵک باشتر لێکیان دەدەنەوە. بەپێچەوانەشەوە تا پارچەکان زۆر بن، لێکدانەوەکەی خەڵک زۆرتر لەگەڵ ڕاستیی ڕووداوەکاندا دێتەوە. ئەوکاتیش، ئەو دەنگۆیە بلاّو دەبێتەوە کە پشت بەجێباوەڕترین لێکدانەوە دەبەستێ، بەتایبەتی ئەوەی لە یادەوەریدا لەوانی دیکە زیاتر دەمێنێتەوە. با بۆ نموونە ڕووداوێکی کۆن باس بکەین.

ڕۆژی ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٤، لە نیودەلهیی پایەتەختی هیندستان بوو بەهەرا. هەمووان ڕستەیەکیان دەگوتەوە: "دوا هەواڵت نەبیستووە؟ وا دیارە سەرۆک کوژراوە". سەعات یازدەی پێشنیوەڕۆ، پشێوی گەیشتە ئەو باڵیۆزخانانەی لە ڕێی فەرمانبەرە هیندییەکانیانەوە هەواڵەکەیان بیستبوو. کاردانەوەی زۆربەی باڵیۆزخانەکان، وێکچوو بوون: "ئەوەی دەیڵێن ئەقڵ نایبڕێ، بەسەرچاوەکەتاندا بچنەوە". پاشنیوەڕۆ، لێشاوی پێوەندی بەسەر تەلەفۆنەکانی ئاژانسگەلی دەنگوباسدا باری، هەموانیش دەپرسن: "ئەرێ ڕاستە؟ هەواڵەکە تەواوە؟"، هێشتا

ســـەعــات یــەکی نیـــوەڕۆ نەبــووبوو، دوکــانــدارە ســیـــخـــەکــان و ئـەوانی دیکـەش لـە گــەڕەکــەکــاندا، کــرپـارەکــانیــان دەردەکــرد و دەڕابەکــانیــان دادەدایـەوە، هـەمــان ڕستـەشـیـان دەگـوتـەوە "ئـەی نـەتانبیسـتـووە؟ سـەرۆک زایل سینغ Zail Singh کوژرا، بێگومان ڕەوشەکە خراپتر دەبێت". بۆ پاشنیوەڕۆ، کارمەندانی فەرمانگە و بانکەکان داوایان دەکرد ڕێگەیان بدرێ زووتر بڕۆنەوە، مامۆستایان هەر زوو قوتابییەکانیان ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە، ئیدی سەعات حەوتی ئێوارێ، هەواڵەکە نیودەلهیی تەنییەوە و ڕەوشەکەش تەواو گرژ بوو. بەڵام کاتێک بێژەری هەواڵەکانی سەعات نۆ دەرکەوت، دەنگۆکــەی دامــرکــاندەوە بــێ ئەوەی نــاوی هـەواڵـەکــە بێنـێ (چونکە ئـەگــەر ناوی هەواڵەکەی بهێنایە، خەڵک وایان دەزانی کۆچی دوایی سەرۆک ڕادەگەیەنێ)، هەر هێندەی گوت: "بەڕێز زایل سینغ زۆر باشە و ئەمڕۆ تا ئێوارە پێشوازیی لە میوانان کــردووە". لەگـــەڵ ئەم هـەواڵەشــدا، وێنـەی ســەرۆک و مـــیـــوانانی، پڕ بەپەردەی تەلەڤیزیۆنەکە، بڵاو کرانەوە.

دوایی دەرکەوت ئەو "هـەشت سـەعـاتەی ترس و دڵەڕاوکێیەی نیـودەلـهی بەسـەری برد" لە ئـەنجـامی ڕەوشـێکی نـالەبارەوە بوو کـە تەنیـا بەلای ئەوانـەوە گـرینـگ بوو، دەنگۆکەیان بڵاو کردبووەوە. ڕاستـە ئەو ڕۆژە کەسێک لە کـۆشکی سـەرۆکایـەتیدا کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام کۆچکردووەکە، یەک لە باخەوانانی کۆشکەکە بوو کە بەکوژراوی دۆزرایەوە، جێی باسە ئەوێ ڕۆژێ هێشتا ڕای گشتیی هیندستان لە ژێر باری قورسی دەروونیی کوشتنی ئەندیرا گاندیدا Indira Gandhi دەژیا و لە کۆتی ئەو هەڵچوونەی گەیشـتبووە ئاسـتی دڵەلەرزە (ذعر) قوتاری نەبووبوو. لە سایەی ڕەوشێکی دەروونیی واشدا، خەڵک زۆر بەئاسانی دەچووە ئەقڵیانەوە سەرۆک لە نێو کۆشکەکـەیدا کوژرا بێت، ئاخر کـاتێک خـەڵک ترس و دڵەلەرزە دایگرت، مـەزەندەی خراپترین ئەگەر دەکەن.

پێش چـەند سـاڵێک لە فـەرەنسـا، دروست لە دەڤـەری "ڕیڤـیـێـرا"ی کـەنار دەریا، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە ئەو فڕۆکە ئاگرکوژێنەوانەی هاتبوون ئەمبارەکانیان پڕ بکەنەوە، لەگەڵ ئاوەکەدا، بێ ئەوەی بزانن، ژمارەیەک مەلەوانیشیان هەڵلووشیوە و دواتر ئەو قـوربەسـەرانەیان ڕێک فـڕێ داوەتە نێـو جـەرگـەی ئاگـرەکـەوە. یەکێک لە

هەواڵگرەکانمان کە فرۆکەوان بوو بیری دێتەوە کۆوارێک هەواڵێکی بڵاو کردبووەوە گوایە تەرمی پیاوێکیان بەپۆشاکی سەر دەریاوە دۆزیوەتەوە لە ناوچەی ئاگرەکە کە فرۆکە ئاگرکوژێنەوەکان پڕیان کردبوو لە ئاو. بێ گومان دۆزینەوەی تەرمێک بەجلی مەلەوە لە شوێنێکی دوور لە دەریا، سەرنجڕاکێش بوو. بۆیە، هەر ئەوکات، لە هەر گریمانەیەک نزیکتر لە ڕاستی، ئەو گریمانەیە بوو کە فرۆکەیەک پیاوەکەی لەگەڵ ئاوی دەریا ڕاکێشاوە و ئەو کوشتنە توقێنەرە کوشتوویەتی.

زۆر جاران، خەڵک بۆ لێکدانەوەی هەڵکەوتەیەکی سەرسوڕهێن، هەندێک هەڵکەوتەگەلی ڕاستەقینە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشتر بڵاویان کردوونەتەوە، دێننەوە یادی خۆیان و بەسەر هەڵکەوتە نوێکەیدا دەسەپێنن. بۆ نموونە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ لە یەکێک لە گەڕەکە میللییەکانی شاری مێتز Metz لە فەرەنسا، ئەم دەنگۆیە بڵاو بووەوە: "سەگێک پەلاماری منداڵێکی داوە و خواردوویەتی و لە جەستەی منداڵەکە، تەنیا هەردوو قاچی هێشتووەتەوە". ئیلهامی ئەم دەنگۆیە ئەوە بوو منداڵێکی سێ مانگان لەو گەڕەکە لە ئەنجامی هەناسەبڕکێ مردبوو. ڕاستە خێزانی منداڵەکە سەگێکی "ئیلزاسیی"یان هەبوو لە ماڵەوە، ئەو ڕۆژەش تەنیا قوتوویەک سەگخۆری خواردبوو، بەڵام دەنگۆکە زۆر سەیر نەبوو، واتە دەچووە ئەقڵەوە، چونکە ڕۆژنامەکان گەلێک جار باسی دڕەندەیی سەگی "ئیلزاسیی"یان کرد بوو، نەخاسمە بەرانبەر منداڵان، بۆیە کە خەڵک دەنگۆکەیان بیست، دەمودەست باوەڕیان کرد، چونکە لە ڕەوشێکی وادا، ڕووداوێکی وا دوور نییە، بەتایبەتی ئەوە تەنیا هەواڵێک نییە ڕۆژنامەکان بیگوازنەوە و تەواو.

## شایەتی بەچاودیتە "شایەتحاڵ"

کاتێک باس دێتە سەر ئەو کرۆکەی وا دەکات زۆربەی دەنگۆگەل وەک ڕاستییەک بێنە بەرچاو، مەترسییەک لە ئارادایە کە زۆر کەس سووک سەرنجی دەدەن، چونکە بەگشتی پێیان وایە زۆربەی دەنگۆگەل ڕاستن، کەچی؛ ئەوەی ئەو خەڵکە بەکرۆکی ڕاستیی دەزانن، وارێکی (واقیع) نەسەلمێندراوە کە دەنگۆ گەورەی دەکات. ڕاستتریش بڵێین؛ دەنگۆگەل بوونی وارەکە خۆی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی هەڵکەوتەیەکە، یان شایەتیدانێکە بۆ بینین یان بیستنی هەڵکەوتەیەک. بەمانایەکی

دیکە؛ دەنگۆ هەڵقووڵاوی وارێکی بەرجەستە نییە، هێندەی بەرهەمی پەیبردنێکی زەینیی مرۆڤە، بۆیە کاتێک پسپۆڕان لە دەنگۆگەل دەکۆڵنەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یەکسەر دەیانەوێ تێستی باری دەروونیی شایەتحاڵەکانیش بکەن. زانایانی تاوانکاری و یاساناسان، بەردەوام باس لە زێدەڕۆیی دەکەن لە توانا زەینییەکانی مرۆڤدا[٢٣] و لە تاقیگەکانیشدا ئەم دیاردەیە سەلمێندراوە.

یەک لە تاقیکردنەوە باوەکان بریتییە لە ڕووداوێکی دەستکرد، لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکدا کە پێشتر ئاگەدار نەکراونەتەوە. دواتر، داوایان لێ بکرێت لەبارەی ڕووداوەکەی بینیویانە شایەتی بدەن. بۆ نموونە؛ کلاپارێد Claparede یەک لە دامەزرێنانی زانستی دەروونناسیی دادوەری، ڕۆژێکیان ئەم سیناریۆیەی داڕشت: لە ئاهەنگی ڕووپۆشکردنی ساڵانەی بەناوودەنگی "جنێڤ"دا، کەسێکی دەمامکدار لە پڕ خۆی کرد بەو هۆڵەی کلاپارێد وانەی دەروونناسیی دادوەریی تێدا دەگوتەوە، پیاوە دەمامکدارەکە چووە سەر سەکۆی مامۆستا و لەوێوە دەستی ڕادەوەشاند و قسەی دەکرد، کابرا بیست چرکەیەک مایەوە پێش ئەوەی کلاپارێد بیکاتە دەرەوە[٤٥].

دەمودەست، مامۆستا کلاپارێد فۆرمێک کە یازدە پرسیاری نووسراوی پێشکات ئامادەکراوی تێدا بوو بەسەر قوتابیاندا دابەش کرد. ڕێژەی وەڵامە ڕاستەکان ٥,٤٪ ی تێ نەپەڕاند، هەڵەکانی قوتابیان گەلێک مانایان بەدەستەوە دا. ئەو کەسەی کلاپارێد لە تاقیکردنەوەکەدا بەکاری هێنا، کراسێکی کەتانی درێژی ڕەنگ خۆڵەمێشیی لەبەردا بوو، پانتۆڵێکی تاریک کە بەحاڵ لە بن کراسەکەوە دیار بوو، جووتێ دەسکێشی سپی و پەڕۆکێکی قاوەیی و سپیی لە ملی بەستبوو، کلێتەیەکی مەرەزی خۆڵەمێشیی لە سەردا بوو، گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، دەستەکەی دیکەشی پایپێک، مێزەرێکیشی لە بنباڵی دانابوو. لە وەڵامەکانیاندا، زۆربەی قوتابیان باسیان لەم چوارە کردبوو: کراسەکە، گۆچانەکە، کلێتەکە، پەڕۆکەکە. لە بەرانبەردا، هەندێکیان نووسیبوویان کلێتەکەی کابرا لە شووڵک دروست کرابوو، گەلێک گوتبوویان کلێتەیەکی فەرمیی درێژ بووە، ژمارەیەک قوتابی نووسیبوویان پانتۆڵەکەی نەخشین بووە، بەڵام لەبارەی ڕەنگی قژیەوە، وەڵامەکان جیاواز بوون: ڕەش، قاوەیی، زەرد، سپی. زۆربەی وەڵامەکان ڕەنگی پەڕۆکەی ملیان بەسوور دانا بوو، کابرا دەستکێشی لە دەستدا نەبوو.

کلاپارێد لەو زانایانە بوو هەر زوو سەلماندوویانە، شایەتحاڵ بەپێی بایەخی پرسەکان وەڵام دەداتەوە نەک بەو پێیەی دەیبینێ. بۆ نموونە زۆربەی قوتابییان پێیان وابووە ئەو هەڵایەی کابرا لەو هۆڵەدا نایەوە، تەنیا لە خەڵکی شۆڕشگێڕ دەوەشێتەوە، کەواتە ڕەنگی پەڕۆکەکەی ملی، هەر دەبێ سوور بووبێت (ئەڵبەت بەتێڕوانینی ئەوکاتی "ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٥ بەفەرەنسی نووسراوە" ئەوروپاییەکان بۆ کەس و گرووپە شۆڕشگێڕەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان چەپی ڕادیکال بوون و ئەو تەوژمەش بەڕەنگی سوور دەناسرایەوە – وەرگێڕ).

جی. دۆراندین، پسپۆڕ لە دیراسەکردنی "درۆ"دا، ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە ئاوها پوخت دەکاتەوە[٤٥]:

- شایەتی، بەدەگمەن نەبێت ورد نییە.
- شایەت ئەگەر نیازی پاک بێت بەهەمان متمانە بەخۆبوونەوە کاتێک زانیارییەکی ڕاست دەدا، زانیاریی هەڵەش دەدا.
- ئەوەی شایەت دەیڵێ، گوزارشتە لە تێڕوانینی باوی خۆی زیاتر لەوەی کە دەیبینێ.
- هەر بۆیە، ئەگەر کۆمەڵێک زانیارییەکیان دووپات کردەوە، نیشانەی ئەوە نییە ڕاستە، لەوانەیە ئەو شایەتانە تێڕوانینێکی باوی وێکچوویان هەبێت، بۆیە وەک یەک و بەهەڵە دەرکی شتەکان دەکەن[٥٩].

بەڵام ئەو فاکتەرانەی ئەگەری بەهەڵەداچوون زۆر دەکەن، جووڵە (بۆ نموونە ڕووداوێکی سەر ڕێگە)، کەمخایەنی ڕووداوەکە، باری جەستەیی و دەروونیی شایەتەکە و داوەرییە پێشکاتەکانی.

## بەخەیاڵداهاتن "تخیل"

ئەو نموونانەی باس کران دەیسەلمێنن چۆن بەخەیاڵداهاتن، ئەو ڕووداوە ڕاستەقینانەشمان لێ دەگۆڕێ کە بەبەرچاومانەوە ڕوو دەدەن. ڕووداوی ئەو کابرا تێکدەرەی خۆی کرد بەهۆڵی وانە گوتنەوەکەدا، ڕووداوێکە دەبێ مرۆڤ بەئاسانی پەی پێ ببات، کەچی هاتنە نێوەوەی خەیاڵ وای کرد، ڕووداوەکە وەک ئەوەی

قوتابییان بینیویانە، زۆر جیاواز بێت لە ڕووداوەکە خۆی، لە کاتێکدا ڕووداوەکە دیمەنگەلێکی تێدا بووە، شایانی تەماشاکردنن. بەڵام لە نموونەکانی لاڤاڵ Laval و ڕۆش سوور یۆن Roche-sur- Yon و ئۆرلیاندا، دەنگۆکە زۆر واوەترمان دەبات، چونکە لە هەرسێ حاڵەتەکەدا، هیچ ڕووداوێک، دیمەنێکی ڕاستەقینە نییە تا ببینرێ.

پێش بیست ساڵ ئافرەتێکی خەباتکار و هەڵسوڕاوی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی سێکسفرۆشی، گەشتێکی بەسەرلەبەری شارەوانییەکانی فەرەنسادا کرد، کچان و کەسوکاریانی لەو مەترسییە نادیارە ئاگەدار دەکردەوە و دەسەڵاتدارانی بەچاوپۆشی گومانبار دەکرد. بەر لە گەیشتی یان کەمێک دوای گەیشتنی بۆ شاری "لاڤاڵ"، دەنگۆیەک لە بارەی سێکسفرۆشییەوە، شاری هەژاند. دوای چەند ساڵێک کۆوارێکی میللی Noir et Blanc (ڕەش و سپی) ئەم سیناریۆیەی (لە کتێبی ناوداری L Esclavage sexuel واتە؛ سێکسپەرستیی وەرگیراوە) وەک هەڵکەوتەیەکی ڕاستەقینە بڵاو کردەوە: لە شاری گرینۆبڵ Grenoble پیاوێکی سەنعاتکار هاوسەرەکەی برد بۆ یەکێک لە مارکێتە جوانەکانی جلوبەرگی ئامادەکراو، پیاوەکە نیو سەعاتێک لە ئۆتۆمبێلەکەدا چاوەڕێی هاوسەرەکەی کرد، بووە سێ چارەک خۆی پێ نەگیرا دابەزی و چووە نێو مارکێتەکەوە لێی بپرسێتەوە، وەڵامیان دایەوە "هەرگیز ژنێکی وامان نەبینیوە"، چونکە پیاوەکە زۆر دڵنیا بوو هاوسەرەکەی چووەتە ئەو مارکێتەوە، بۆیە نیگەران بوو، بەڵام نیگەرانییەکەی دەرنەبڕی، دوای ئەوەی داوای لێبووردنی لە کارمەندانی مارکێتەکە کرد، یەکڕاست بەرەو بنکەی پۆلیس. لێکۆڵیارانی پۆلیسیش کە خۆیان گومانێکیان لەو مارکێتە هەبوو، خێرا مارکێتەکەیان گەمارۆ دا و دەستیان بەپشکنینی کرد، بەپێی دەنگۆکە، لە دیوی پشتەوەی مارکێتەکە، ژنە گەنجەکەیان دۆزییەوە، لە خەوێکی قووڵدا بوو، لێکۆڵیاران سەرنجی قۆڵی ژنەکەیان دا، شوێنی دەرزیی پێوە دیار بوو، واتە ژنەکە بێ هۆش کراوە. پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەدا، لە شاری "ئۆرلیان" بەهەمان سیناریۆ دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، ئەوجا لە ئاداری ۱۹۸۵دا بۆ سێیەمین جار ئەو سیناریۆیە، مارکێتێکی ناوداری شاری "ڕۆش سور یۆن" کردە ئامانجی خۆی.

بە ئاشکرا دیارە سەرچاوەی ئەم دەنگۆیانە، دووپاتکردنەوەیەکی سادە و ساکاری سیناریۆیەکی نموونەییە. "هەندێک" وا خەیاڵیان کردووە یان وایان بەخەیاڵدا هاتووە، ئەم سیناریۆیە زۆر نزیکە لەو دوکان و بازاڕ و نزیکانە ڕوو بدات، تا وای لێ هات، هەمووان باوەڕیان بەهەواڵەکە کرد. بەڵام ئەو"هەندێک"ە کێن؟ ڕاستت دەوێ؛ گرنگ نییە ئەوەی خەیاڵێکی وای کردووە، فلانە پیاوە یان فیسارە خاتوون. لە بەرانبەردا، "وای. ئەدگار مۆرین Edgar Morin .Y" و هاوکارەکانی پێیان وایە، دایەنگەگەلی دەنگۆ، نێوەندی کچانە (لەو قوتابخانانەی لە ڕێی دەزگا ئاینییەکانەوە دامەزراون یان لە قوتابخانە فەرمییەکاندا)، ئەم نەوە ڕواڵە (مراهق) کە لە واری کۆمەڵایەتی دابڕاوە و لە ژینگەیەکی داخراودا دەژی، خەیاڵەکانی هەمووی سێکسییانەن، واتە ئەو سیناریۆ خەیاڵییانەی دەربڕی حەزگەلێکی خەفەکراوی کچێکیانە و وای بۆ دەستەخوشکەکانی دەگێڕێتەوە، دەڵێی لە خۆی ڕوویداوە و ئەوانیش ئیرەییی پێ دەبەن. لە حاڵەتی "لاڤاڵ" و "ئۆرلیان"یشدا، ئەوە تەنیا گوێگرتن بۆ ئەو ئافرەتە خەباتکارەی دژی سێکسفرۆشییە و خوێندنەوەی وتارەکەی کۆواری "ڕەش و سپی"، بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوا بەبوونی سیناریۆیەکی سێکسی بێنێ کە لە ڕاست ڕاستترە. ئیدی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، بەتایبەتی لە دواناوەندی و بەشە نێوخۆییەکاندا کە دەنگدانەوەی هەر هەواڵ و قسەیەک زۆرە، هەر کچێک نهێنییەکی هەیە بیڵێ، کچەکە دەیبیستێ، باوەڕ دەکات و دەشڵەرزێ، چونکە کاتێک چیرۆکەکان بەلای سێکسدا دەچن، زۆرتر لە ڕاستی نزیک دەبنەوە.

"کاترین لیبرۆن Catherine Lebront"ی[٩٢] ڕۆماننووس باسی ڕێڕەوی داهێنانی وەهم و گەورەبوونی دەکات لە دواناوەندیی "سان جولیان Saint-Julien" کە دەکەوێتە شارەدێیەکی ئارامەوە. "لیبرۆن" ئاوا باس دەکات: ڕۆژێک لە گەشتێکی ئەسپسواری دەگەڕایەوە، لە ڕێگە، دەستی بەر جەستەی ڕواڵەکچێک (مراهقة) کەوت، بەکچەکەی گوت"ببوورە، داوای لێبووردن دەکەم". کچەکە نیوە مەست بوو، تێک چوو، ئاخر دەستی پیاوێکی بەرکەوتووە. دوایی کچەکە چوو بەخەیاڵی خۆی چیرۆکەکەی داڕشتەوە: دەبێ شتێک هەر ڕوو بدات... بۆ تاقیکردنەوە چیرۆکەکەی خۆی بۆ خێزانەکەی گێڕایەوە، کاتێک دایکی هاواری لێ هەستا:"کچەکانمان لە هیچ جێیەک

دڵنیا نابن". کاتێک کچەکە گەیشتەوە نێو دەستەخوشکەکانی قوتابخانەکەی، دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد و گوتی: "کاتێک جان- پیار سوزینی Jean-Pierre Suzini بەسواری ئەسپەکەی لە گەشت دەگەڕایەوە، دەستی بۆ بردووە و نووساندویەتی بەدیواری گەورەکەوە و ئەو زەردەخەنەیەی کرد کە هەموان لە دوکانەکەیدا دەیبنن، کاتێک ئەم-کچەکە- خۆی ڕاپسکاندووە، وا خۆی پێوە نووساندووە، بۆنی جەستەی کردووە. ئەڵبەت یەخەی کراسەکەشی کرابووەوە، ئێ...". زەنگی قوتابخانەکە لێی دا، نەیهێشت کەس گوێی لە دوا قسەکانی کچەکە و هاوارە کپکراو و پێکەنینە خەفەکراو و دەستەواژەی وەک" ئەرێ بوەستە کچێ، بوەستە، هەقە هەر لە سەرەتاوە کە بینیمان... ". دوای چەند ڕۆژێک، کچان لە نێو خۆیاندا چیرۆکەکەیان زۆر گەورە کردەوە، کاتێک دوو دوو و سێ سێ، لە یاریگا سەرگیراوەکەدا، پێکەوە قسانیان دەکرد... کەس نەیدەزانی کێ چیرۆکەکە بۆ کێ دەگێڕێتەوە... خۆ "ئەوە لەوان نەقەومابوو... بەڵکو لە کچە هاوسێ یا هاوڕێکەیان، کاتێک چووە ژووری جلگۆڕینەوە و کابراش گوایە چووە لە داخستنەوەی زنجیرەکەیدا، هاوکاریی کچە بکات".

بەم شێوەیە خەیاڵێکی سێکسییانەی کچە ڕووداڵێک، بووە ڕووداوێکی ڕاستی کە لەم دەوروبەرە ڕووی دابێت. وا دیارە بەواقیعیبوونی خەیاڵ و وەهم، لە مێژوودا دەگمەن نییە. لە ساڵی ١٩١٠دا، کارڵ یۆنگ Carl Jong ئەو دەنگۆیەی زیندوو کردەوە کە باس لە پێوەندیی سێکسیی مامۆستایەک دەکات لەگەڵ کچە قوتابییەکیدا[٧٢]. ڕاستییەکەشی؛ هەموو چیرۆکەکە لەو کچە ڕووالەوە دەستی پێ کرد کە خەونێکی خۆی بۆ سێ دەستەخوشکی گێڕابووەوە.

## ئەفسانە ناجێگیرەکان

ڕێڕەوی بەواقیعیبوونی یان واقیعی پێشاندانی ئەفسانە ناجێگیرەکان، دەرکەوتنەوەی ناوەناوەی دەنگۆگەلێکمان بۆ لێک دەداتەوە. ئەو دەنگۆگەلەی بە"چیرۆکی نموونەیی" یان "ئەفسانەی مەدەنی"یانە دەناسرێن. ئەم چیرۆکانە وەک حیکایەگەلێکی کورتی نێوەڕۆک ئاکارییانە، دەردەکەون، دەرکەوتنەوەشیان هیچ پێوەندیی بەهەڵکەوتەیەکەوە نییە. بۆ نموونە، لە مانگی گەلاوێژ - یۆلیۆی ١٩٨٢دا،

پەشێوییەک کەوتە نێو دایکانی وایتنهایمەوە Wittenheim (لە شاری مۆڵهاوسی Mullhouse ی فەرەنسایی). دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە لە بازاڕی کۆرا Cora مارێک کە لە نێو هێشووە مۆزێکدا بووە بەمنداڵێکی بچووکیەوە داوە و بەر لە گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، مردووە. لە سۆنگەی ئەم دەنگۆیەوە، بازاڕەکە چۆڵ بوو، لە کاتێکدا ئەو بازاڕە، یەکێک لەو بازاڕە دەگمەنانەیە، دایەنگەی منداڵانی تێدا بوو.

ڕاستییەکەی، ساڵی ١٩٨١، لەم جۆرە دەنگۆگەلە، ژمارەیەک شاری دیکەی فەرەنسای گرتبووەوە. لەوانە: داوا لە کەسوکاری منداڵان دەکەین، ڕێ بەمنداڵەکانتان مەدەن شیرینیی زۆر بخۆن یان هەرچییەکیان لەسەر خانەکانی بازاڕە گەورەکان بینی، دەستی بۆ نەبەن. بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵێک ئەم دەنگۆیەی بەهەند وەرنەگرتبێت و بڵێ لە فیسارە بازاڕیش بوو؟ کە ئەمەش بوو، ئیدی هاوڕێیانی قوتابخانەی کۆ دەکاتەوە و چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. گۆڕەپانی قوتابخانەکان، جێیەکی لەبارن بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆگەل لە نێو منداڵاندا[٥٣].

ئیدی ئەم دەنگۆیە نەنیشتەوە تا وەک ئەفسانەیەک زۆر لەسەرخۆ لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگوازرایەوە. ماوە نا ماوەیەکیش، یەکێک پەیدا دەبوو، ئەم چیرۆکە بێ بنەمایەی لە خەڵک دەکردە ڕاستی و دەیگوت: "بەڵێ، لەو بڕوایەدام ئەم ڕووداوە هاوینی ڕابوردوو لەم بازاڕەی نزیک خۆمانەوە بووە". لێرەشەوە ئیدی ئەم ئەفسانەیە دەبێتە ڕووداوێک کە ڕەنگە ڕوو بدات تا دەگاتە ئەوەی ببێتە جێگەی گفتوگۆ. کەواتە ئەم چیرۆکە لە تاریکاییەکدا دەژی، سات و شوێنی نازاندرێ، دەکرێ بڵێین ئەفسانەیەکی ناجێگیرە، ڕۆژێک دادێ دەبێتە ڕاستی و یەکێکت لێ پەیدا دەبێ و دەڵێ: ئێستا لەم ناوە ڕووی دا. دواجار هەر ڕۆژەی لە شارێک، ڕۆژێک لە شاری نیس، ڕۆژێکی دیکە لە مۆنتیبیلێ دواتر لە شاری لیاگی بەلجیکایی و پێدا بڕۆ تا هەموو لایەک دەتەنێتەوە. کێ هەواڵێکی بێ کات و شوێنی کردە ڕاستییەکی هەنووکەیی؟ کەس نازانێ، هەمووان ئەو وردەکارییە ژبیر دەکەن.

دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کێشەی سەرەکی، سەرچاوەی دەنگۆکە نییە. سەرچاوەکە، تەنیا میکانیزمی سەرهەڵدانی دەنگۆ، شی دەکاتەوە، بەڵام ڕێڕەوی تەشەنەکردنیمان بۆ ڕوون ناکاتەوە. لایەنی گرینگ لەم پرسەدا ئەوەیە؛ چۆن بەو

خێراییـیە شـارێک دەتـەنێتـەوە. هـەروەک دەبینین، چیرۆکی مـارپێوەدانی منداڵەکە، بەبێدەنگی دەبێتە بابەتی سەرەکیی دانیشتوانی شـارەکانی فەرەنسـا و هـەموانیش هـەوڵی بەدرۆخستنەوەی دەدەن، بێ ئەوەی چیرۆکەکە بنەمایەکی هەبێت.

خـۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان توانیمان، ئەو ڕووداوە ڕاستـەقینەیە بدۆزینەوە کە ئەم چیرۆکە نموونەییـیەی لێوە هاتووە، ئەوە وەک هـەر داسـتانێک کە جگە لە زایەڵەیەکی سـەقەتی هـەڵکەوتەیەکی واقیعی کۆن و دوور، شـتێکی دیکە نییـە. کەواتە دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە، بۆچی ئەم چیرۆکە لە کۆیادەوەری خەڵکدا دەچەسپێ؟ چەند ڕاستیی شـاراوە لە هـەناوی ئەم چیرۆکەدا هـەیە؟[١٢].

دەنگۆی مـشـکی نێـو کـۆکـاکـۆلاکە، نموونەیە بـۆ ئەو دەنگۆیانەی بۆ هـەڵکەوتەیەکی ڕاسـتی دەگـەڕێتـەوە. بەپێی ئەم دەنگۆیە، هـەندێک بەکاربەر، پارچە مـشکیـان لە نێـو شوشـەی کۆکاکۆلادا بینیوە. ڕاستییەکەی، ئەم دەنگۆیە، لە دەنگۆ هـەرە بەربڵاوەکانی ئەمریکا بوو. بەڵام ئەم هەڵکەوتەیەش، پاشخانی مێژوویی هەیە[٥٤]، بەتایبەتی کە بۆ سکاڵا یاسـاییـیەکان دەگـەڕێیتـەوە، دەبینی هـاووڵاتییـەکی مـیـسـیـسـیـپی لە سـاڵی ١٩١٤دا سکاڵایەکی یاسـاییی دژی کۆکاکۆلا تۆمار کردووە و بردوویـەتیەوە. هـەر لەو ڕۆژەوە ٤٤ جاری دیکە سکاڵا دژی کۆمپانیـاکانی پڕکردنی کۆکاکۆلا تۆمـار کراون. ئەگـەرچی ئەم سکاڵایانە نەبوونەتە شـاڵاوێکی دەنگۆگـەلی چڕوپڕ، بەڵام ڕاسـتـت دەوێ، بوونەتـە بەشـێکی دیار لە کـۆیادەوەریی ئـەمـریکاییـیـەکـان و چیـرۆکگەلێکی زۆریان لە بارەی کۆکاکۆلا و کاریگەریی پێکهاتە نەزانراوەکانیەوە داڕشتووە.

ڕۆژێک هـاووڵاتییـەکی نیـویۆرکنشـین، دەنگۆیەکی بەرگوێ کەوت، گوایە ژمـارەیەک تیـمسـاح لە ئاوەڕۆکانی شـاردا هـەن، ئەمـەش پرسیـارێکی زۆری لای خـەڵک دروست کـرد: چی ئەم تیـمـسـاحـانـەی گـەیاندووەتە ئاوەڕۆ و تۆڕی ژێرابـەکـان؟ بەپێی ئەو پێـوەنانەی وردە وردە خـرانـە سـەر دەنگۆکـە، خـێـزانێک لە شـاری ئەڤـریـگلایدزی ویلایەتی فلۆریداوە ژمارەیەک بەچکەتیمساحیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، دواتر لێیان بێـــزار بـوون و ڕاست بـەرەڵای نێـــو ئـاوەڕۆ و ژێرابـەکـــانیــــان کـــردوون. بەچکەتیـمسـاحـەکـانیش هـەر بەپاشـەڕۆکی نێو ژێرابەکان ژیاون تا گـەورە بوون و زاووزێشیـان کردووە. شایانی باسە فەرمـانگەی ئاوەڕۆکانی نیـویۆرک، چەند جارێک

ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی تا ئەوکاتە کرێکارانی ئاوەڕۆکان تاکە یەک تیمساحیشیان لە نێو ئاوەڕۆ و زێرابەکاندا نەبینیوە، کەچی زۆر لە دانیشتوانی نیویۆرک ڕۆحیان لە تیمساح چووبوو.

لەم بارەیەوە، ئەی کۆڵمانی پسپۆڕ لە زانستی مرۆڤناسیدا[٣١]، شەست وتار و چیرۆکەهەواڵی لە نێوان سالآنی ١٨٤٣ – ١٩٧٣دا لەبارەی شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ تیمساحاندا لە ئەمریکا، لای خۆی کۆکردووەتەوە کە تەنیا وتارێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، باس لە بوونی تیمساح دەکات لە نێو تۆڕی ئاوەڕۆکانی نیویۆرکدا. بەڵام ئەو ڕووداوەی ڕۆژنامەکە باسی کرد، هیچی لەو هەڵایە کەم نەکردەوە، خۆ ژمارەی ئەو ئەمریکاییانەی هەواڵەکەی نیویۆرک تایمزیان بینیوە، زۆر کەمن لە چاو ژمارەی خەڵکەکەدا، ئەمەش مانای وایە سەرچاوەی دەنگۆکە، سەرچاوەگەلێکی دیکەن. هۆکاری مانەوەی ئەم ڕووداوە ئاساییبە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، تا لە نێو فۆلکلۆری زیندوودا، واتە کۆئەفسانە ناجێگیرەکاندا، چەسپیوە، بۆ هەژاندنی ئەو مرۆڤانەی شێتی نارِوونیی سەردەمی بەسەرچوون، دەگەڕێتەوە. جیا لەوەش، دەنگۆ ئەفسانەییەکە، پەیامێکی ڕەمزیی لەبارەی داتەپینی ئاکاری مرۆڤەکان دەنێرێ، ئەمەشە وا دەکات، چیرۆکەکە، مانایەکی ئاکارییانە ببەخشێت. وەنەبێت دەردی تیمساحان هەر بەتەنیا دەردی ئەمریکاییەکان بێت، لە ساڵی ١٩٨٤دا، دەزگا بەرپرس و پۆلیسی شاری دۆردۆنی فەرەنسا، ناچار بوون بێ هوودە بەدووی تیمساحێکدا بگەڕێن گوایە کەسێک لە نێو هەردوو ڕووباری کاستیلنۆ لا شایل و بایاکدا، بینیوێتی.

ڕاستییەکەی، ڕێڕەوی جێگیربوونی ئەفسانە ناجێگیرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، سەرهەڵدانەوەی ڕێکوپێکی دەنگۆگەلێکمان بۆ لێک دەداتەوە لە جۆری ئەو تارماییەی هەر جارەی لە ئۆتۆمبێلی کەسێکدا دەبینرێ و ئەفسانەگەلی هاوشێوەی. بۆ نموونە، لە مایۆ – ئایاری ١٩٨٢دا، لە شاری ڤاندی باس باسی ئەو زێوانە (راهب) بوو کە هەر ڕۆژەی بەئۆتومبێلی یەکێک هاموشۆ دەکات. وا دیارە زووزوو ئەم دەنگۆیە سەر هەڵدەداتەوە و هەر جارەی شۆفێرێک زێوانەکە بەتەنیا لەسەر چەقی ڕێگە دەبینێ، کاتێک بۆی دەوەستێ و داوای لێ دەکات بیگەیەنێتە ئەو

جێیەی گەرەکیەتی، زێوانەکە لە کوشنی پشتەوە سەر دەکەوێت و زۆر دەگمەنیش قسان دەکات، سەرجەم قسەکانیشی پێشبینیکردنن، لە جۆری: "ئەم زستانە سارد دەبێ و هاوینی دادێش خوێناوی"، پێشبینییەکانی وا دەکەن شۆفێرەکە ئاور بداتەوە، بەڵام کە ئاور دەداتەوە کەس نابینێ، بێ ئەوەی ئوتومبێلەکە بووەستێ، زێوانی پیاوچاک نەما، کاتێک شۆفێر دەچێ بنکەی پۆلیس ئاگەدار بکاتەوە، وا دەبینێ پێش ئەم کۆمەڵێ کەس، هەمان هەواڵیان بەپۆلیس داوە. ڕاستییەکەش، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت؛ سەرجەم مەسەلەکە وا نییە و هەر لە بنەڕەتدا یەک شۆفێر بۆ ئەو مەبەستە نەچووەتە بنکەی پۆلیس[٤٤] و ئەو شۆفێرانەش گوایە چوون، هەواڵەکەیان لە شۆفێری دیکە بیستووە و بۆ خەڵکیان گێڕاوەتەوە و بەم شێوەیە.

تەنیا دوو ڕاستیی نەگۆڕ لەم بابەتەدا هەن: زێوانەکان وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، بەوڵاتدا دەگەڕێن، بۆیە لە هەر شوێنێک ببینرێن ئاساییە. هەروەها چیرۆکی ئەو زێوانەش کە وەک تارمایی بەئۆتۆمبێلی ئەم و ئەو هاموشۆ دەکات، دەچێتە خانەی سەدان چیرۆکی هاوشێوەی نێو فۆلکلۆر و یادەوەریی گشتییەوە. لە ساڵی ١٩٤٢ بەدواوە، لە ئەوروپا و ئەمریکا[٢١]، ئەم جۆرە چیرۆکانە، دەنگۆگەلی سەیریان لێ دەکەوێتەوە. چیرۆکی زێوانەکە پێش دەیان ساڵ لە چایخانە و مەزارەکاندا بڵاو بووەوە، ئەڵبەت ئەودەم خەڵک بەعەرەبانە هاتوچۆیان دەکرد.

## خراپ حاڵیبوون

زۆر جاران، دەنگۆگەل لە ئەنجامی خراپ حاڵیبوونی هەواڵێکەوە، دروست دەبێت، کاتێ کەسێک وەک خۆی لەو هەواڵە تێ ناگات کە لە کەسێکی دیکەی گوێ لێ دەبێت، بەم شێوەیە؛ کاتێک دەزانی ئەوەی بڵاو دەبێتەوە، زۆر جیاوازە لەوەی کەسی یەکەم گێڕاویتییەوە.

لە نێوەڕاستی شوباتی ١٩٨٤دا، جەزایرییەکان پرسیاریان دەکرد؛ بەڕاست بڵێی ئەو زریانەی دوو هەفتە بوو دەگوترا بەڕێوەیە، پایەتەختی نغرۆ بکردایە. ئەودەم دەگوترا زریانێک لەو ناوچەیە دەدات. وا دیارە بەرپرسانی حکوومەتیی جەزایر ئەم هەواڵەیان لە ژاپۆنییەکانەوە پێ گەیشتبوو کە شارەزاییەکی فرەیان لە کارەساتە

سروشتییەکاندا هەیە. نیشانەکانی ئەم هەواڵەش ئەوە بوو کاربەدەستانی جەزایر ئامادەباشییەکی زۆریان کردبوو، پزیشکانیان ئاگەدار کردبووەوە کە پشووی هەفتانەیان نییە و پێویستە لە نەخۆشخانەکانیاندا ئامادە بن. ڕاستییەکەشی بەدیواری هەندێک نەخۆشخانەوە ئاگەدارییەک هەڵواسرابوو "بە هۆی ڕەوشی نالەباری کەشوهەواوە، ڕۆژانی بیست و سێ و بیست و چواری شوبات، پێویستە تەواوی ستافی نەخۆشخانە لە شوێنی کارەکانیان ئامادە بن". بڵێی ئەم هەواڵە ئاماژەیەک بووبێ بۆ هەفتانە پشوویەکی دوورودرێژ. ئەوێ ڕۆژی، خەڵک ڕژابوونە نێو بازاڕەکان تا ئاوی کانزایی بکرن و لە ماڵەوە داینێن. هەندێک خەڵکیش کە زۆر بەتەنگ خۆیانەوە بوون، هەر پایەتەختیان جێ هێشت. بەڵام ڕۆژنامەی (المجاهد) لە ژمارەی ڕۆژی سێشەممە ٢١ی ئەیلوولدا دەنگۆکەی بەدرۆ خستەوە. پاشان دەرکەوت سەرلەبەری ئەم دەنگۆیە لەوێوە هاتووە، دەزگا تایبەتمەندەکانی جەزایر خولی مەشق پێکردنیان لەبارەی چۆنیەتی فریاگوزاری بۆ کارمەندەکانیان کردووەتەوە و ئیدی ئەم خولانە لەمەوە بۆ ئەو و لەوێوە بۆ یەکێکی دیکە، خراپ حاڵیبوونێکی دروست کردووە و ئەو دەنگۆیەی لێ کەوتووەتەوە.

لە کانونی دووەمی ١٩٨٦دا، دەنگۆیەک لە ناوچەی ساڤوا (فەرەنسا) بڵاو بووەوە، بەپێی دەنگۆکە، هارون تازیف، لە تەلەڤیزیۆنی فەرەنساوە ڕای گەیاندووە، لە دۆڵی شامۆنیکس لە شەش تا دە مەتر بەفر دەبارێ و دۆڵەکە بەتەواوی دادەپۆشێ. هەندێکی دیکە دەیانگوت، ئەم هەواڵەیان لە ئالان گیلۆ پێتری پێشکێشکاری کەشوهەوای تەلەڤیزیۆنی Antenne 2وە گوێ لێ بووە. دەنگۆکە گەیشتە شاری دیژۆن کە گوایە تەلەڤیزیۆن گوتوویەتی مەتر و نیوێک بەفری لێ دەبارێ. ڕاستە هارون تازیف کە بەرپرسی فەرمانگەی مەترسییە سروشتییەکانە، جارجار لە تەلەڤیزیۆندا قسان دەکات، بەڵام ئەمجارەیان لەپڕ خراپ حاڵیبوونێک لە قسەکانی، ئەم دەنگۆیەی لێ کەوتەوە. ئەوەی برەوی زیاتریشی بەم دەنگۆیە دا کە لە ئاکامی خراپ حاڵیبوون لە قسەکانی تازیفەوە دروست بوو، هەر لەو ڕۆژانەدا ئەستێرەی کلکداری (هالی) تێ دەپەڕی، بۆیە خەڵک پێیان وابوو کەوتنە خوارەوەیەک ڕوو دەدا، هەندێکیش پێشبینیی هەرەسی بەفریان دەکرد.

بە هەمان خراپ حاڵیبوونەوە، کرێکارانی کۆچبەری تورک لە فەرەنسا ئەو وتارەی مانگی نیسانی ١٩٨٠ی کۆواری Turcemanیان خوێندەوە و بڕوایان نەدەکرد. وا دیارە ئومێدی هەرە گەورە و خەونی ژیانیان دێتە دی، گوایە کاربەدەستانی شاری مۆڵهاوس ڕێگەچارەکیان بۆ ئەو کرێکارانەی مۆڵەتی مانەوە و کارکردنیان نییە، دۆزیوەتەوە. هەر لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ٣٥٠٠ کۆچبەر ڕوویان لە شاری مۆڵهاوس کرد. ڕاستییەکەشی ئەوە بوو، کۆوارەکە ڕیپۆرتاجێکی لە شاری کۆڵمار ئەنجام دابوو، لەو ڕیپۆرتاجەدا، کۆچبەرێکی بێ مۆڵەت ئەو بڕە پارەیە وەردەگرێت کە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی پێویست داوای کردبوو، ئەمەش وەک دیارە حاڵەتێکی مرۆییە. ڕیپۆرتاجەکە کابرای تورک و لیستی خەرجییەکەشی پێشان دا. لە هەمان ڕیپۆرتاجدا ڕۆژنامەنووسەکە دەپرسێ: پاش سێ مانگی دیکە کە ماوەی لیستی خەرجییەکانی کۆچبەرە نایاساییەکە بەسەر دەچێ، چ ڕوو دەدا؟ ئەوەی لە هەموو ئەو ڕیپۆرتاجە لای کرێکارانی تورک چەسپی: کرێکارێکی نایاسایی بێ مۆڵەت، لیستی خەرجی لە فەرمانگەیەکی فەرمیی وەردەگرێت. هەر ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی هەزاران کۆچبەری بێ مۆڵەت ڕوو لە مۆڵهاوس بکەن.

لەم نموونانەوە تێ دەگەین چۆن ڕەوشێکی بەناوبانگ دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی خراپ حاڵیبوون. هەر جارێک هەواڵەکە زۆر ڕوون نەبوو، خراپ حاڵیبوونێک دروست دەکات. ئەم نموونەی ئێستا باسی دەکەین بۆمان ئاشکرا دەکات کە چۆن بڵاوکردنەوەی وتاری ڕۆژنامەیەک لە ڕۆژنامەگەلێکی دیکەدا، ئەو ڕەوشە دێنێتە ئارا. لە ڕۆژانی دووەمین جەنگی جیهانیدا، ڕۆژنامەی "کۆڵنیشە تسایتۆنگ" یەکەمین ڕۆژنامە بوو هەواڵی داگیرکردنی شاری ئانڤێرسی بڵاو کردەوە. مانشێتی هەواڵەکە" کاتێک گرتنی ئانڤێرس ڕاگەیەندرا، زەنگی کڵێساکان لێ درا". لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە ئەڵمانییە، بۆیە هەرکەسێک وا تێ دەگات کڵێساکانی ئەڵمانیا زەنگیان بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە لێ داوە، کەچی ڕۆژنامەی "لاماتین-بەیانی"ی فەرەنسایی کە بۆ ڕۆژی دوایی هەمان هەواڵی بڵاو کردەوە نووسی "بەپێی ڕۆژنامەی کۆڵنیشە تسایتۆنگ، لە کاتی داگیرکردنی ئانڤێرسدا، قەشەی ئانڤێرس ناچار کراوە، زەنگی کڵێسا لێ بدا". بۆ ڕۆژی دواتر، ڕۆژنامەی "تایمز"ی لەندەنی

بەپشـتـبـەستن بەڕۆژنامـەی "لاماتـین"ی فـەرەنسـی بڵاوی کـردەوە" بەپێی ڕۆژنامـەی لاماتینی فـەرەنسایی و کۆڵنیشـە تسایتۆنگ، ئەو قـەشـە بەلجیکییانەی ئامادە نەبوون لە کـاتی داگیـرکردنی ئانڤێرسدا زەنگی کلێسـا لێ بدەن، لەسەر کـار لابران". بەڵام هـەمـان هـەواڵ کە بۆ چـوارەمین جـار بڵاوکـرایەوە، لە لایەن ڕۆژنامـەی "کۆرییێـر دێلا سێرا"ی ئیسـپانییەوە بوو، دەڵێ "بەپێی ڕۆژنامەی تایمز، کە لە لامـاتین و کۆڵنیشـەوە وەری گرتووە، ئەو قـەشـانەی ڕازی نەبوون زەنگی کلێسا بەداگیرکردنی ئانڤێرس لە لایەن ئەڵمـانەکانەوە، لێ بدەن، حوکمی هـەتاهـەتایی قـورسیان بەسـەردا درا". دوایی جـارێکی دیکە ڕۆژنامـەی "لامـاتین"ی فـەرەنسـایی هـەواڵەکـەی بەم شـێـوەیە بڵاو کردەوە"بە پێی ئەو زانیـارییانەی ڕۆژنامەی "کۆرییێر دێلا سێرا"ی ئیسپـانیی بڵاوی کـردووەتەوە و وەک لە کـۆڵنیـشـە و تـایمزیشــدا هـاتووە، دەرکـەوت ئەو بەربـەرانەی ئانڤێرسیان داگیر کـردووە، لە تۆڵەی ئەوەی قـەشـە پاڵەوانەکان ڕازی نەبوون زەنگی کلێسـا لێ بدەن، قـەشـەکانیـان لە قـاچەوە وەک ئەوەی مـیلی لێدان بن، بەزەنگەکـەدا هـەڵواسیوە".

بەم شێوەیە دوا ڕۆژنامەیان دەنگۆگەلی دڕندایەتیی ئەڵمانەکانی لە ئانڤێرس برەو پێ دا. مـرۆڤ دەتوانێ لەم نموونەیە چـەندین ڕاسـتی هـەڵێنجێ: جـیـاوازی لە نـێـوان کۆپیی یەکەم و دوا کۆپیی هـەواڵەکەدا زۆر زۆرە، لە کاتێکدا جیاوازیی ڕۆژنامەیەک و ئەوەی دواتریان وا نییـە، چونکە لەگەڵ لۆگیکی ڕوونـکردنەوەی هـەندێک وشـەی نادیار یان لەگـەڵ لۆگیکی لێکدانەوەی وشـەکان بـەویسـتی نووسـەردا، دێتەوە. لـە لایەکی دیکەوە، هـەر ڕۆژنامـەنووسـەش بەحـەزی خـۆی بابـەتێکی نوێی خـسـتـووەتە سـەر زانیـارییـەکـە. لە سـایەی نەبوونی وردەکاری لـە هـەواڵەکەدا، هـەر ڕۆژنامـەنووسـێک هـەوڵ دەدا لای خـۆیەوە و وەک خـۆی گـەرەکـیـەتی وردەکـاری بۆ هـەواڵەکـە دابڕێژێ. ڕاسـتـیـیـەکـەی؛ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوشــە زێڕینـە بوو کـە دڵ و دەروونی هـەمـووانی داگیر کردبوو. ئاخر یەکەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا، لە جـەنگێکی پیرۆز دەچوو، فـەرەنسـاییـیـەکـان زۆریان ئومێـد بەوە بوو، تۆڵەی شکانە شـەرمـهێنـەکـەی جەنگی ١٨٧٠یان لە ئەڵمانەکان بکەنەوە، خۆ ئەگەر بشتوانی دوژمنەکەت بەدڕەندە و دواکەوتوو پیشـان بدەی، ئەوە پاڵەوانەتییەکە زۆرتریشـە. شێواندنی زانیـارییەکانی

ئەم هەواڵەش، لە پێناو سەلماندنی ئەو بۆچوونە باوەی سەبارەت بەئەڵمانەکان لە ئارادا بوو، هەروەها بۆ پاساودانەوەی ترسی گەلانی جیهان بوو لە ئەڵمان.

دوای ئەوە، ئەم هەواڵانە بەو شێوەیەی هەر ڕۆژنامەیەکیان بڵاوی دەکردەوە، کەموکوڕییەکی تێدا نەبوو. تەنیا هەڵە ئەوە بوو، زانیارییەکان بەپێی سیناریۆیەکی خۆویست دروست کرابوون، بەڵام دەنگۆکە، ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونە باوە بوو کە خەڵک لەبارەی ئەڵمانەوە هەیانبوو.

لە دیدارێکدا لەگەڵ ژنێک، ژنەکە باسی دەنگۆیەکی سەبارەت براکەی کرد کە لە خراپ حاڵیبوونی دانیشتوانی گوندەکەیانەوە خوڵقاوە. مەسەلەکە زۆر ئاسان بوو: براکەی چووە بۆ بەریتانیا. دەنگۆکە چۆن خوڵقا: ڕۆژێک هاوگوندییەک هەواڵی براکەی لە ژنەکە پرسیوە، لە وەڵامدا ژنە دەڵێ "لە لۆندرەس" A. Londres بەڵام دەنگۆکە، برای ژنەکەی بەخراپ حاڵیبوونێک کردە تاوانبار، چۆن: ئەو کەسە وا حاڵی بوو ژنەکە دەڵێ"لە زیندانە" (A I ondre)، وا دیارە وەڵامی ژنەکەش (گوایە براکەی لە زیندانە وەک پیاوەکە حاڵی بوو) بەلای پیاوەکە و دانیشتوانی ئاواییەوە ئاسایی بوو، چونکە برای ژنەکە لێی دەوەشایەوە زیندانی بێت.

## پێچ و پەنا "مناورة"

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨دا، دەنگۆیەکی خراپ دەرهەق بەهاوسەری جۆرج پۆمپیدۆی سەرۆک وەزیرانی پێشوو، سەرۆکی پێشووتری کۆماری فەرەنسا بڵاو بووەوە[٩٩]. سەرچاوەی ئەم دەنگۆیە کە پێوەندیی هەبوو بەڕووداوی کوشتنی ستیفان مارکۆڤیچ و ئەو نامەیەی گەنجێکی یوگسلاڤی هاوڕێی مارکۆڤیچ کە لە فریسنیس زیندانی بوو لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨دا بۆ هونەرمەندی سینەمایی ناودار ئالن دیلۆنی ناردبوو. بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانەکە نامەکەی گرت و دەرکەوت پڕە لە بوختان و تۆمەتی هەڵبەستراو. سەرەڕای ئەوەی گەنجە بەندکراوەکە گوتی نامەکەی هەروا لە خۆوە نووسیوە بێ دنەدان و ئاراستەکردنی هیچ کەسێک، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت، برادەرێکی گەنجەکە نامەکەی نووسیوە کە بەتاوانی ساختە و تەڵەکەبازی لە زینداندایە.

له شـوباتی ١٩٧٦دا، بڵاڤـۆکـێکی (منشـور) یـەک لاپـەڕەیی چاپکراو بڵاو بووەوە، برێتی بوو لە لیسـتێک بەو مـادە کیمـیـاییـیە زیادانەی (المضافات الغذائیة) دەخرێتە سەر خـواردەمـەنیـیە ئامادەکراو و قوتووبەندەکان کە بە (E) دەناسرێن. لیسـتـە مـادە زیادکراوەکان بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات: زیادکراوە ژەهراوی و شـێرپەنجەهـێنەکان، زیادکـراوە گـومـانلێکراوەکـان، زیادکـراوە بـێ زیانەکـان. بەپێی ئەو لیـسـتـە، خواردەمـەنیی زۆر لە مارکەی ناودارەکان، خواردەمەنیـی بکوژ بوون. ئێسـتـاش کەس سـەرچاوەی یەکەمین وێـنـەی بڵاڤۆکەکەی نەزانی، کـەچی هـەزاران کـەس بەهـۆی ناوی شێرپەنجـە و مـەترسییە گەورەکـەیەوە، خۆبەخشـانە ئەو لیستـەیان چەندین جار کۆپی دەکردەوە، تا ژمارەی ئەو کەسانەی بڵاڤۆکەکە خۆی، ئەقڵی ژەهراوی کردن، گەیشتە حەوت ملیۆن کەس.

ڕاستییەکـەی، هـەرکە بڵاڤۆکەکە گەیشتـە دەست چـەند کەسێکی شارەزا و لێی ورد بوونەوە، گـومـانیـان لێ کرد. لیـسـتـەکە ئەو زیادکراوانەی لە فـەرەنسـا یاسـاغن و ئەوانەشـی بەکـار ناهێنرێن، هەمـوو ئەمـانەی بەزیادکـراوی بێ زیان نـاو بردووە، لە بەرانبـەردا تێکڕای زیادکـراوە بـێ زیانەکـانی بـەمـادەی زیانبـەخش و هـۆکـاری شێرپەنجە، ڕیزبەند کردووە.

سـەرەڕای ئەوەی نەخـۆشـخـانەی نـاسـراو و پسـپـۆڕانی بەناوبـانگ ڕاسـتـیی لیـسـتـەکـەیان بەدرۆ خسـتـەوە، کـەچـی هـەر سـوودی نەبوو، ڕۆژانە ئـەم لیستـە بڵاو دەکرایەوە و ئەمدەست ئەودەستی دەکرد. پرسیـارەکە ئەوەیە: مەبەسـتی ئـەو کەسـەی یەکەمین جـار لیـسـتـەکەی نووسـیـوە چییـە؟ (لێرەدا کتـێبـەکە کۆمـەڵێک وردەکاری سـەبارەت بەو لیـستـە باس دەکات کە وەرگێـڕانیـانم بۆ کوردی بەپێـویست نەزانی، هێندە هەیە لیستی ناوبراو، هەمان ئەو لیستەی هێنایەوە یادم کە ساڵی ١٩٩٦ هـەر دوای ئیـمـزاکـردنـی ڕێککەوتننامـەی نێـوان نەتـەوە یەکگرتـووەکـان و حـکـوومـەتی ئەودەمی عێراق، بڵاو کرایەوە "نەوت بەرامبـەر خـۆراک"، گوایە لیستی خـۆراکەکـانی بڕیاری ٩٨٦ ئەو مـادانەی تێدایـە و مـانگانە دەدرێنـە هـاووڵاتییـان، ئەڵبـەت بیـرمـان دێتـەوە کە چەند مـانگێکیش بوو ئازووقـەکە دابەش دەکرا و زۆربەی هـەرە زۆری ئەو گۆشت و مریشک و شیر و پەنیر و مـادانەی لە لیستـە دروستکراوەکەدا هـاتبـوون،

تێدا نەبوو، کەچی تا چەند مانگێکیش خەڵک هەر لیستەکەیان کۆپی دەکردەوە و بەتەمای مادەکانی بوون – وەرگێڕ).

هەر لە چوارچێوەی پێچ و پەنادا، دەبێ ئاماژەیەک بەڕۆڵی هەندێک ڕۆژنامەش بکەین کە دەنگۆگەلێک بڵاو دەکەنەوە و دەنگۆکان دەبنە جێی سەرنج و باسوخواسی ئێوارانی خەڵک. ڕەنگە نموونەکەی (شایلا) نموونەیەکی لەبار بێت. دەنگۆکە دەڵێ: شایلا مێ نییە و نێرە. لەوانەیە کەم کەس بزانن ئەم دەنگۆیە چەند کۆنە و هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی شایلای حەڤدە ساڵان وەک گۆرانیبێژێکی پۆپەوە سەری هەڵداوە، کەچی وتارێکی ڕۆژنامەی فرانس دیمانش، جارێکی دیکە دەنگۆکەی خستەوە سەر زاری خەڵک. وا دیارە شایلا بڕیاری دابوو وەڵام نەداتەوە، بەڵام نەیزانی بێدەنگبوونی سەبارەت بەمەسەلەیەکی وا، زیانی پێ دەگەیەنێ و قسە هەڵبەستراوەکان زۆرتر دەکات.

بەڵام ئەو دەنگۆیەی کاتی خۆی سەبارەت بەنەخۆشیی لیۆنید بریجنێڤ، بڵاو بووەوە، دەبینین مەبەستی ئەم دەنگۆیە تەنیا بۆ خۆشییە. ئەوێ ڕۆژێ بریجنێڤی سەرۆکی باڵای سۆڤیەت، پێنج هەفتە دیار نەبوو، یەکسەر دەنگۆ لە باڵیۆزخانەکانەوە بڵاو بووەوە: بریجنێڤ نەخۆشە. چییەتی؟ یەکێک دەڵێ، دانەکانی زۆر دێشێن، یەکێکی دیکە دەڵێ، تووشی سپیبوونەوەی خوێن بووە.

هەر لەو سەروبەندەدا، دەنگۆیەک لە بۆستن بڵاو بووەوە، بریجنێڤ چووە بۆ ماساچوستس، بۆ سەردانی نەخۆشخانەیەک کە تایبەتە بەچارەسەری شێرپەنجە(١٢٣). جێی سەرنجە ڕۆژنامەی بۆستن گلۆبی بەناوبانگ ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە.

هەموو مەسەلەکەش چۆن بووە: کۆمپیوتەریستی نەخۆشخانەکە هەر لە خۆیەوە ناوی بریجنێڤی لە نێو لیستی ئەو نەخۆشانەدا نووسیوە کە سەرەیان گرتووە. دواتر هەر ئەو کەسە خۆی ڕۆژنامەی بۆستن گلۆب و پۆلیسی ئاگەدار کردووەتەوە. یەکسەر ڕۆژنامەکە لە ڕێی سەرچاوەکانی خۆیەوە داوای زانیاری لە واشنتۆن دەکات، وەڵامی نادرێتەوە، ڕۆژنامەکەش دەمودەست بەپێی دەنگۆی نێو پۆلیس، هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە.

ڕاستت دەوێ، ئەم نموونەیە دەمانگێڕێتەوە بۆ خاڵێکی سەرەتای ئەم بەشە؛ سەرکەوتن و تەشەنەکردنی ئەم دەنگۆیە، بۆ هەستیاریی هەر زانیارییەک کە لەو دەمەدا پێوەندیی بەتەندروستی بریجنێڤەوە هەبێت، دەگەڕێتەوە. ئەوەی دەنگۆکەی دروست کردووە، سەرچاوە نییە، سەرچاوەی دەنگۆکە خەڵکەکەن کە ئەمدەم و ئەودەمی دەکەن.

## بڵاوکردنەوەی بێ مەرامیی هەڵکەوتەگەلێکی نەسەلمێندراو

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لە نێو سەنتەری بازرگانیی کریتلدا، هەلایەک پەیدا بوو؛ کۆمەڵێک خۆبەخش بڵاڤۆکێک بەسەر کڕیارەکاندا دابەش دەکەن. بڵاڤۆکەکە ناوی (بزاڤی دژی ڕەگەزپەرستی و لە پێناو خۆشەویستی گەلاندا)ی بەسەرەوەیە. وا دیارە بۆ پاڵپەستۆبردن بۆ سەر ڕێژیمی پریتۆریا (لە باشووری ئەفریقیا) و بەگژداچوونەوەی ڕەگەزپەرستی بەپێی ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ڕێکخراوە مرۆییە داوا لە خەڵک دەکات "میوە و شەربەتی خوێناوی" نەکڕن و لەمەشدا بەڕوونی ناوی چەند مارکەیەکی بردووە. زۆر بەزەقیش ناوی شەربەتێکی تێدایە. لە بڵاڤۆکەکەدا لە ژێر مانشێتی "ڕەگەزپەرستیی... ئاوێکی زۆر" نووسراوە" شەربەتی میوەی پامپریل لە میوەجاتی باشووری ئەفریقیا بەرهەم دەهێنرێ".

ڕاستییەکەی، کۆمپانیای جەی. ئێف. ئەی. پامپریل چەند ساڵێک بوو میوەجاتی لە مەغریب و ئیسرائیل دەکڕی. دواتریش کە سەرۆکی کۆمپانیاکە پێوەندیی لەگەڵ سکرتێری ڕێکخراوەکەدا کرد، دەرکەوت ڕێکخراوەکە بێ ئەوەی لە زانیارییەکانی دڵنیا بێت، بڵاوی کردوونەتەوە، هەر ئەوەندەی یەکێک لە ئەندامەکانی گوتوویەتی پامپریل میوەی لە باشووری ئەفریقیاوە بۆ دێت، ڕێکخراوەکە یەکسەر زانیارییەکەی وەک ڕاستی وەرگرتووە و کاری لەسەر کردووە.

ئەم نموونانە دەیسەلمێنن، دڵنیابوون لە زانیارییەک پێش بڵاوکردنەوەی، لای هیچ کەسێک وەک پێویست نییە. هەر لەبەرئەوەشە هەمیشە جەخت لە ڕۆژنامەنووسان دەکرێتەوە فێری دڵنیابوون لە سەرچاوەی زانیارییەکانیان بن. هەموومان مەگەر

بەدەگمەن دەنا لەو زانیارییەی زارەکی دەیبیستین، دڵنیا نابینەوە. کارەساتەکەش لەوەدایە، ئەوانەی کاریان گەیاندنی زانیارییشە بۆ خەڵک هەر دڵنیا نابنەوە. بەڵگەش ئەوەیە؛ دەنگۆگەلێکی بێ ژمار لە نێو وتار و چیرۆکە هەواڵەکانی ڕۆژنامە لۆکاڵی و بڵاڤۆکە نێوخۆییەکاندا بڵاو دەبنەوە، بێ ئەوەی بەرپرسانی ئەو بڵاوکراوانە زۆر بێ مەرامانە لە زانیارییەکان دڵنیا بن.

## ناچێتە ئەقڵەوە دووکەڵی بێ ئاگر هەبێت؟

ئەم نموونانەی باس کران، ئەنتیکەیی گوتەی "دووکەڵی بێ ئاگر نییە" دەسەلمێنێ. ئەم گوتەیە هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر مەبەست لە ئاگرەکە هەڵچوون و بیری تیژی شایەتەکان و ئەوانەی قسەیەک دەبیستن و دەستئەنقەست دەنگۆگەل بڵاو دەکەنەوە. ڕاستییەکەی، بڕواهێنانی خەڵک بەم گوتەیە، هۆکاری ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ و لە خشتەبردنی خەڵکەکەیە، ئاخر لۆگیکی زمانحاڵی خەڵکەکە دەڵێ "لە پشت هەر دووکەڵێکەوە، تاڵێک ڕاستی هەیە". پسپۆڕە ستراتیجییەکان لە پەیبردنیانەوە بەم واقیعە، بنەمایەکی بەناوبانگیان داهێناوە: تۆ دەنگۆ بڵاو بکەوە، ئاخری شتێکی هەر لێ دەمێنێتەوە.

باسی سێیەم

# دەنگۆگەل بڵاو دەبنەوە

سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەیەک هەیە دەنگۆ دەخوڵقێنێ، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەوانەی دەنگۆکە دەبیستن، ئەوانەن دەنگۆکە دەڵێنەوە و لەسەری دەڕۆن. دەتوانین بڵێین، دەنگۆ پێش هەر شتێک ڕەفتارە. ئاخر لە ساتێکی دیاریکراودا، کۆمەڵێک خەڵک خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆگەل تەرخان دەکەن. ئا لەو کاتەدا هەمووان دووچاری درمی گوتنەوەی زانراوە یان ڕووداوێک دەبن و بەردەوام دەیڵێنەوە. لێ مانای ئەوەش نییە هەموو ئەو چیرۆکانەی ئەمدەم و ئەودەم دەکەن، دەبنە بنەمای دەنگۆیەک. بۆیە دواجار پرسیارێک دەمێنێتەوە: بۆچی هەندێک دەنگۆ بڵاو دەکەینەوە و هەندێکی دیکەیان بڵاو ناکەینەوە؟

## بۆچی دەنگۆگەل بڵاو دەکەینەوە

کامانەن ئەو زانیارییانەی شایانی ئەوەن بەدەوربەرماندا پەخشیان بکەین؟ بۆچی حەز دەکەین بیدەینەوە بەگوێی خەڵکانی دیکەدا؟ ئەم دوو پرسیارە، هەموو ئێوارەیەک بەمێشکی سەرنووسیارانی ڕۆژنامە لۆکاڵییەکاندا دێت، کاتێک سەر مێزەکانیان پڕ دەبێت لە برووسکە و بەیاننامە و تێبینی و ڕاپۆرتگەلێکی زۆر. لە خۆیان دەپرسن: کام لەمانە پێویستە بڵاو بکرێتەوە و خەڵکی لێ ئاگەدار بن، ئەڵبەت بیر لەوەش دەکەنەوە، داخۆ ئەوانە کێن کە سبەی هەواڵەکە دەڵێنەوە؟

## دەنگۆ، هەواڵە

خاوەنی ڕۆژنامەیەک، ڕۆژێ لە ڕۆژان گوتوویەتی"هەواڵ ئەوەیە خەڵک بێنێتە

قسـە". ئەگەر چی ئەم پێناسـەیە، پڕاوپڕ نییە، بەڵام لە هەناویدا ئاماژەیەکی گەلێک گرینگی هەڵگرتووە: ئەو زانراوەیەی هەواڵێکی لێ دروست نەبێت، ناشبێتە دەنگۆ.

ئەوەی لەم ڕووەوە شـایانی لێ وردبوونـەوەیە، خۆ سـەرنووسـیار ناکارێ چاوەڕێ بکات تا بزانێ کامـە زانراوە (معلومـة) هەواڵێکی ڕۆژنامـەی بەیانی لێ پەیدا بووە، گرفتی بەردەم سـەرنووسیار لەم حاڵەتەدا، پێویسـتە لەو زانراوانەی ئێوارە لەسـەر مێزەکەی کۆبوونەتەوە، هێندە وردەکار بێت پێشـوەختە ئەو زانراوانـەیان بناسێتەوە کە هەواڵێکی جێی بایەخی خەڵکیان لێ پەیدا دەبێت. گوتەیەکی بـەناوبانگیش هەیە دەڵێ" هەمیشە ڕووداوەکان پێشبینی نەکراون"(١١٤). بەو پێیەش هەواڵ باس لە دواین ڕووداوەکان دەکات، لێرەوە ساغ دەبێتـەوە، هەواڵ، ڕووداوی ناباو و پێشبینینەکراوە. ڕاستییەکەشی؛ زۆر جاران وا بووە ڕووداوێکی زۆر بێ نرخ، بەهۆی ڕەگەزی ناباوی یان پێشبینینەکراوییەوە، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە. بۆ نموونە، لەم ڕۆژگارەدا "سـەگێک پیاوێک بگەزێ" هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر "پیاوێک گازی لە سەگێک گرت" هەواڵێکی جێی سەرنجە.

کـەواتە گـەر ســەرنج بدەین بۆمـان دەردەکـەوێت؛ ئـەوەی هـەواڵ دروست دەکـات، گرینگیی نێوەڕۆکەکەی نییە. ئەگەرچی ئەگەر پیاوێک گاز لە سـەگێک بگرێت، لە پێچەوانەکەی گرینگترە. بەهەمان شێوە، دەتوانین بڵێین؛ ڕاگەیاندنی مردنی بیست هەزار کەس لە ساڵی ١٩٨٥دا بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە، زانراوەیەکی گرینگە، بەڵام هەواڵ نییە، چونکە زانراوەکە، زانراوەیەکی باوە، بگرە سروشتیشە و پێوەستە بەپێشڤەچوونەکانی سـەردەمـەوە، بەڵام ئەوەی "گازی پیاوەکە لە سـەگەکە" دەکاتە هەواڵ، ناباوی و نائاسـاییی ڕووداوەکەیە، هەر ئەم دوو ڕەگەزەشە خوێنەر سـەرسام دەکـەن و دەیوروژێنن. بۆیە خـوێنـەرەکـە زووبەزوو ڕووداوەکـە لەبەر دەکـات و بۆ خەڵکی دیکەی دەگێڕێتەوە.

ئەگـەر باوەڕیشـمـان بەو قسـە بەناوبانگە کرد "ڕووداوگـەل هەمیـشـە پێشـبـینی نەکـراون"، بـەوردبوونەوەیـەک لە ڕۆژنامـەکـان دەردەکـەوێت" هەنگاوە پێـشـبـینی نەکـراوەکـان" بـوونەتە هەواڵ. ئـەگـەرچی هەواڵـەکـان باسی لەدایکبـوون و مـردن، هاوسـەری و جیابوونەوە و کەشوهەوا و ڕووداوگەلی دیکەشی تێدایە وەک هەواڵ بڵاو

کراونەتەوە، بەڵام خۆ ئەمانە هیچیان پێشبینینەکراو نین. ئەوەی ئەم ڕووداوانە دەکاتە هەواڵ؛ ڕاستە ڕووداوگەلێکی پێشبینیکراون، بەڵام خۆ کەس ناتوانێ پێشوەخت کات و چۆنایەتییان بزانێت، ئەم ڕووداوانە وەک ژمارەی تیروپشکن، دەردەچن یان دەرناچن. هەموومان دەزانین بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەر ڕووداوێکیش کە خەڵک پێشوەختە خۆیان بۆ ئامادە کردبێت، مانای وایە پرسگەلێکمان هەڵبژاردووە، دەترسێین یان ئومێدەخوازین ببنە بنچینەی هەواڵێکی سەرنجڕاکێش و دواتر دەنگۆ.

هەواڵ، چیرۆک یان حیکایەتێک نییە، بگرە زانراوەیەکە، گرینگییەکی کردەنیی هەیە، زۆربەی جاران، هەواڵ بەڕووداوێکەوە پێوەستە کە گۆڕانکاریی گرینگ و لە ناکاو دروست دەکات. هەروەها زانراوە، کاردانەوەگەلێکی بۆ سەر کەسەکە خۆی و دەوروبەرەکەی هەیە. هەمووان چاوەڕوانی ئاکامە ڕاستەوخۆکانین، جا ئاکامەکان باش بن یان خراپ. هەواڵ، زانراوەیەکی کردەنییە بۆ خەڵکەکە هەمان ڕۆڵی دەرک پێکردن دەبینێ. ئاخر کاتێک لە ڕووداوەکانی گەڕەک و شارەکەمان ئاگەدار بین، دەکارین چاکتر هەڵسوکەوت بکەین.

یەکەمین کاردانەوەی خوێنەریش بەرانبەر هەر هەواڵێک ئەوەیە؛ دەمودەست بۆ یەکێکی دیکەی دەگێڕێتەوە، تا وای لێ دێت، هەواڵەکە دەبێتە بابەتی گفتوگۆ و هەریەکە و قسەی خۆی دەربارە دەکات و ئیدی مشتومڕێکی گەرم دەنێتەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین هەر زوو گفتوگۆ و مشتومڕەکە لە چیرۆکەهەواڵەکە خۆیەوە بۆ کاریگەری و شوێنەوارەکانی دەگۆڕێت، پرسیارگەلێک دێنێتە ئارا، خەڵک دەکەونە دووی پەندەکانی. سەرەنجام؛ هەر هەواڵێکی ڕۆژنامە، گفتوگۆیەک دەخولقێنێ، لێ گفتوگۆکە لەبارەی نێوەڕۆکەکەی نییە، بگرە لەبارەی ئەو بۆچوونەوەیە کە دەشێ بەرانبەری دروست بێت. بەم گفتوگۆ و مشتومڕە کە تێکەڵەیەکە لە هەست و گریمانە و جەختکردنەوە، کۆدەنگییەک کە بە"ڕای گشتی" دەناسرێت، بەرانبەر لێکدانەوەی هەواڵەکە دروست دەبێت.

زۆربەی ئەو هەواڵانەی حەز دەکەین بیڵێینەوە، ئەوانەن کە هەست دەکەین پێوەندییان بەکەسانێکەوە هەیە لە ڕووی سۆز یان جوگرافییەوە لێمان نزیکن: هەواڵی ئەستێرەکانی کۆمەڵگە، هونەرمەند یان وەرزشوانێکی ناسراو، هەواڵەکانی

سەرۆکی وڵات، وەک هەواڵی کوێخای گوندەکەمان لێمان نزیکن و حەز بەگوتنەوە و گێڕانەوەیان دەکەین. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە. چەندی زانراوەیەک پێوەندیی بەکەسێک یان ڕووداوێکی نزیکمانەوە هەبێت، هێندە بایەخی زۆرتری پێ دەدەین و کاردانەوەشمان دەبێت. بەڵام خۆ گفتوگۆ و مشتومڕەکان، ئەو چیرۆکەهەواڵە ناوازە دوورانەش نابوێرن کە برێتین لە دەنگۆگەل. بۆ نموونە، هەواڵێک باسی پیاوێک دەکات درەنگانێکی شەو دەگەڕێتەوە ماڵ، دەبینێ پیاوێکی نەناسراوی لێیە، بێ سێودوو دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و دەیکوژێ، دوایی دەردەکەوێت، "پیاوە نەناسراوەکە"، کوڕی خۆیەتی و ساڵانێکی زۆرە لێی دوورە و ویستویەتی گەڕانەوەکەی بۆ بابی بکاتە خۆشییەکی لە ناکاو (مفاجئة). ئەوەی ئەم چیرۆکەهەواڵە دەکاتە چیرۆکێکی نموونەیی، پەندە ئاکارییەکەی ناوەخنیەتی، ئەگەرچی پەندەکەش بەڕوونی باس نەکراوە. ڕاستییەکەی، چیرۆکەکە تژییە لە کاردانەوەگەلێکی هاوزەمان پێوەست بەتاک و کۆمەڵەوە، تیشکیش دەخاتە سەر مەترسییەکانی پەلەکردن لە خۆپارێزیدا.

هەروەک حیکایەتەکانی شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، زەمبیلفرۆش (ئەڵبەت ئەم نموونە کوردییانەی ناویان هاتووە، لە پێناو نزیککردنەوەیان لە زەینی خوێنەری کوردەوە، بۆ حیکایەتگەلێکی کوردی گۆڕاون، دەنا لە کتێبەکەدا نموونەکان حیکایەتگەلێکی فەرەنسین – وەرگێڕ)، کات و شوێن و پاڵەوانانی ئەو چیرۆکانەی ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە، بەلای خەڵکەوە گرینگ نین، ئەوە نێوەڕۆک و پەندە ئەخلاقییەکانیانە وا دەکات، خوێنەر بیانگێڕێتەوە و هەردەمیش بەزیندوویی لە شێوازی دەنگۆدا لێرە و لەوێ سەر هەڵدەدەنەوە.

ڕوون و ئاشکرایە خەڵک بەگشتی، خۆبەخۆ سەرجەم ئەو زانیارییانەی میدیاکان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە کە خەسڵەتی (هەواڵ)یان تێدایە. هێندەشی پێ ناچێت گوتنەوەی زانیارییەکان، دەبێتە لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی نێوەڕۆکێکی دیکە بۆ چیرۆکەهەواڵەکان، بەم شێوەیەش ڕایەکی گشتیی نابابەتییانەیان بەرانبەر دروست دەبێت. هەمان ڕەوشیش بەسەر ئەو زانراوانەدا دێت کە میدیاکان بڵاویان ناکەنەوە و خەڵک زارەکی بۆ یەکدیی باس دەکەن، ئەڵبەت تەنیا ئەو زانراوانە دەگوترێنەوە کە بچنە ئەقڵەوە و ئومێد یان هیوایەک بخوڵقێنن یان ژێیە نێوخۆییە هەستیارەکانی

مرۆڤ بجولێنن، دەبێ کاریگەرییەکانی زانراوەکە لەسەر خەڵک، ڕاستەوخۆ بێت. ئەگەر ئەم سێ مەرجە کۆبوونەوە (هەواڵێک) پێک دێنن ڕەنگە دەماودەم بکات و گفتوگۆ و مشتومڕ بخوڵقێنێ و دواجار دەنگۆی لێ بکەوێتەوە.

ئەو زانیارییانەی دەتوانن زوو ببنە دەنگۆ، ئەوانەن، کێماسییەک لە ڕێڕەوی سروشتیی پرسەکاندا دروست دەکەن و خەڵک ناچار دەکەن کاردانەوەیان هەبێت، واتە ئەو زانیارییانەی بایەخێکی زانستییان هەیە، وەک: ئاگەدارکردنەوەی مەترسییەکان، دابەزینی ئاستی ئاکاری، گۆڕانکارییەکانی سیستمی کۆمەلایەتی و ژینگە و... هتد. بۆ نموونە، دەنگۆگەلی کارەساتە سروشتییەکان، وەک ئاگری نێو پووشی بڵاو دەبنەوە. لە شاری نیس Nice وەک نموونە، بەردەوام گوێت لەو دەنگۆیانە دەبێت کە باس لە بەرزبوونەوەی شەپۆلەکانی دەریا دەکەن. لە ئەیکس ئۆن پرۆڤانس Aix-en-Provence، لە ساڵی ١٩٧٦دا دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە زەمینلەرزینێک لە شارەکەدا دەدات. هەروەها ڕۆژانی سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە لە نێوان حەوت تا چواردەی کانوونی دووەم – یونانیەردا زەمینلەرزینێک لە شامۆنیکس دەدات و تەختی دەکات. ئەو زانیارییانەش کاریگەریی ناڕاستەخۆیان هەیە، بەخێرایی بڵاو دەبنەوە، وەک ئاهەنگ و بەزمی کەسانی ناودار، جا کەسەکان سیاسی، هونەری یان وەرزشی بن.

بەهەرحاڵ، دەنگۆ لە ئاکامی زیانە مادی و سیمبولیکییەکانی نەزانینی هەواڵەوە، پەیدا دەبێت، جا هەواڵەکە ڕاست بێت یان نا. جیا لە ڕۆڵی ئاگەدارکەرەوە، دەنگۆ پێویستە بڕیار لە چاکترین چارەنووسی هەواڵەکە و ئەو ڕا گشتییەش بدات، بەرانبەری دروست دەبێت. ئا لێرەشەوە، دووەمین ئەرکی گوتنەوە یان دووبارەکردنەوەی دەنگۆ دەردەکەوێت: قسەکردن لە پێناو زانیندا.

## قسەکردن لە پێناو زانیندا

بێگومان، بەراورد لە نێوان خوێنەرێکی ڕۆژنامە و کەسێک کە هەواڵێک لە کەسێکی دیکە دەبیستێ، سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. لەبەرئەوەی خەڵک باوەڕ بەدەزگاکانی میدیا دەکەن، خوێنەری ڕۆژنامەیەک پێی وایە ئەوەی دەیخوێنێتەوە هەر هەمووی ڕاستە، بەلام گوێگرێکی دەنگۆ، ئەو جۆرە دڵنیاییەی نییە، با عەقڵیشی

ڕووداوەکە ببڕێت. بۆیە پێویستی بەوەیە لە هەواڵەکە دڵنیا بێت، هەروەها دەیەوێ بۆچوونی تایبەتی لە بارەی هەواڵەکەوە بزانێ.

هەموومان دەزانین، مرۆڤ گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە. هێندەشمان ئەم ڕستەیە بیستووە، تا تەواو بێ تام بووە، بەڵام هاوکات سەرنجمان بەلای دیاردەگەلێکی پێوەست بەکرۆکی دەنگۆوە ڕادەکێشێ.

دەروونناسی کۆمەڵایەتیی ئەمریکایی لیۆن فێستینگەر Leon Festinger[٥٠]، زۆر جەختی لە چەمکی بەراوردکاری دەکردەوە. ئێمە بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان دیاری بکەین و خۆ هەڵسەنگێنین، حەزمان لێیە خۆمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەراورد بکەین. ڕاستت دەوێ، ئەم بەراوردکارییە بەتوانای هەر یەکێکمانەوە پێوەستە. هێندە بەس نییە کەسێک بتوانێ تا بەرزیی مەترێک و چل سانتیمەتر باز بدا، خۆ دەبێ بزانێ داخۆ ئەو بەرزییە زۆرە یان کەمە. وا باویشە، مرۆڤ خۆی بەهەموو کەسێک بەراورد ناکات، بگرە کەسانێکی دیاریکراوی هەن کە خۆی بەوان بەراورد دەکات. جیا لەوەی لە نموونەی بازەکەدا، یاریزانێکی ئۆڵۆمپی و کەسێک ئەژنۆی تەواو نەبێت، خۆیان پێک بەراورد ناکەن.

وا دیارە لە ڕا و بۆچوونەکانیشماندا هەمان بەراوردکاری دەکەین. حەزمان لێیە بزانین داخۆ بۆچوونەکانمان ڕاستن یان نا. بەڵام ئەگەر بتوانین بەراوردی توانا جەستەییەکانمان بکەین بەپێوەرێکی مادیی ڕاستەقینە، وەک ئەوەی لە بازی بەرزدا دەیکەین، بەڵام ڕا و بۆچوونەکان پشت بە"ڕاستییەک – ستانداردێک"ی نەگۆڕ نابەستن تا ڕاستی و ناڕاستییان بزانین، ئەدی چۆن بزانین ڕاستین یان هەڵە؟ بۆ ئەمەیان؛ مرۆڤ وا فێرە، ڕا و بۆچوونەکانی لەگەڵ هاوکار و گرووپە هاوشێوەکانی خۆیدا ئەوانەی بەنموونەیان دەزانێ، بەراورد دەکات[٦٧].

بە واتایەکی دیکە، ئێمە تەنیا لە ڕێگەی باسکردنی زانراوەیەکەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، داخۆ ڕای کۆمەڵ بەرانبەر ئەو زانراوەیە چییە، دەنا ڕێگەکانی دیکە سەرجەمیان لاوازن. بۆ نموونە، چۆن بزانین پیاوماقووڵانی فیسارە گوند، شەوانە بەزمی سێکسی (گەلەسێکس) لەگەڵ کوڕان و کچانی ڕووالدا ساز دەکەن؟ (دەنگۆیەکی باوە لە گوند و شارە بچووکەکان). خۆ ناچین لە خۆیان بپرسین. جیا

لەوە، سەرچاوەی ئەم جۆرە دەنگۆیانە دیار نین، ئاخر لە نێوان سەرچاوەکە و ئەو کەسەی بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە، زنجیرەیەکی بێ کۆتایی هەیە. بۆیە تاکە پێوەری ڕاستییەکە وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، تەنیا پێوەرە کۆمەڵایەتییەکەیە. ڕاستییەکە ئەوەیە، خەڵک لە بارەیەوە کۆکن کە ڕاستە. بەڵام قسەکردن، واتە؛ کرانەوەی دەرگای گفتوگۆ و مشتومڕ تا هەمووان دەگەنە پێناسەیەک بۆ ڕاستی.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، دەنگۆ، ئەو ڕێگەیەیە کۆمەڵ پێمانی پێشان دەدات تا ببینە ئەندامی. دەنگۆ، ئامرازێکی کاریگەری یەکڕیزیی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی کاتێک گفتوگۆکان بەهەموو جیاوازییەکانیەوە، کۆڕای ئەو کۆمەڵەمان پێ دەڵێ کە لەگەڵیدا دەژین. هەروەها، بەشداری لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆدا، کارێکی هەرەوەزییە لەگەڵ کۆمەڵدا. لەوانەیە بەلای سەتان خوێنەرەوە سەیر بێت، ئایا چۆن مرۆڤ چاوەڕوانی ڕای دەوروبەرەکەیەتی بەر لەوەی ڕای خۆی هەبێت، لە کاتێکدا نیشانەکانیش پێچەوانەی ئەمە دەردەخەن، جیا لەوەی مرۆڤ هەست بەخۆشییەک دەکات کاتێک دەگاتە ئەو بیروباوەڕەی هەموو ڕا و بۆچوونەکانی هی خۆیەتی. بەڵام لە بەرانبەردا، ئەزموونەکان سەلماندوویانە، ڕای دەوروبەر کاریگەریی بۆ سەر ڕای تاک زۆرە، تا ئەو ئاستەی جاری وا هەیە قسان دەکەین پێچەوانەی بیروباوەڕی خۆمانە، تەنانەت دەگەینە گومانکردن لە بیروباوەڕەکانیشمان.

لە هەر دانیشتنێکدا کە دەنگۆیەک باس دەکرێت، هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی گفتوگۆ و وردکردنەوەی بابەتەکە و گریمانە کەسێنییەکانەوە، کۆدەنگییەکی دەربارە دروست بکەین. ڕاستت دەوێ، ئێمە لەو کۆدەنگییەی دروست دەبێت، دوور نین، بگرە بەشدارێکی سەرەکیی دروستکردنین. بەشێوازی ئەو بەیاننامانەی لە کۆتای هەر کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا دەردەچێت، ئەو کۆدەنگییە، هەمووان ناچار دەکات پابەندی بن. پابەندنەبوون بەڕای کۆمەڵەوە، واتە؛ پاشەکشە، دوورەپەرێزی و گەڕان بەدوای کۆمەڵەیەکی دیکەدا.

### قسەکردن لە پێناو پێسەلماندندا "بڕواکردن - الإقناع"

دەنگۆ بەلای هەندێکەوە وەک جیهاد وایە. هەر بۆیە دەبینی ئەوانە نێوەڕۆکی دەنگۆ وەک ڕاستییەکی لە خواوە نێردراو تەماشا دەکەن. ئەم هەستەشیان کاتێک لە کن

دروست دەبێت، دەنگۆکە ترسێکی کەسێنییان لا بڕەوێنێتەوە یان ناکۆکییەک چارەسەر بکات. باشترین بەڵگەش ئەوەیە؛ ئەو کەسانەی تۆمەتی لادان و بەرەڵایی بڵاو دەکەنەوە، ئەوانەن حەز و ویستە سێکسییەکانی خۆیان دەچەپێنن و دەیشێرنەوە، کەچی چێژ لەو چیرۆکە ڕووتانە وەردەگرن کە بۆ خەڵکی هەڵدەبەستن، هاوزەمان ڕۆڵی پیاوچاک و بوختانچی دەبینن. بەڵام خۆ ئەمانە ئاسنی سارد ناکوتن و هەر تەنیا ئەمانیش نین دەیانەوێ دەنگۆ بڵاو بکەنەوە. ڕاستییەکەی، دەنگۆ لای کەسانێک دەبێتە بیروباوەڕ، تا بازنەی باوەڕدارانیشی فراوان بێتەوە، هەست دەکەن قسە و ڕێگەی ڕاستیان گرتووە.

ئەمانە، ئیدی تەنیا بەبڵاوکردنەوەی دەنگۆ لێ ناگەڕێن، بگرە هەوڵی پێسەلماندنی خەڵک دەدەن واتە هەوڵ دەدەن خەڵک بڕوا بەدەنگۆکە بکات. ئەم دەنگۆچییانە بەجۆرێک دەنگۆ دەکەنە پیشە و بیروباوەڕ، وا لە بەرانبەر دەکەن، ئەگەر گومان لە قسەکانی بکات، واتە؛ گومانی لە قسەکەرەکە خۆی هەیە. دەنگۆچییان، دەنگۆ وەک چارەسەرێکی پاڵپەستۆی دەروونیی خۆیان سەیر دەکەن و تەنیا بەڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی ئەو پاڵەپەستۆیەیان لەسەر نامێنێ: ئەگەر خەڵک باوەڕیان پێ کردم واتە ڕاستم.

## قسەکردن لە پێناو خۆقوتارکردندا

دەنگۆ، یەکەمین هەنگاوی دەرکردنی هەڵچوون و هەستە شاراوەکانە، بگرە هەندێک دەنگۆ، ڕەنگدانەوەی ترس و دڵەڕاوکێکانی ناخی مرۆڤە. نموونەی ئەم دەنگۆیانە "کاتێک ئەڵمانەکان وڵاتێکیان داگیر کرد، تاوانگەلی دڕندانە ئەنجام دەدەن"، یان "دانیشتوانی شاری لۆریان Lorient ئاوارەی شاری مارسیلیا Marseill دەبن". ئەم دەنگۆیانە تەنیا بۆ کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی دەروونیی دەنگۆچییان بڵاو دەکرێنەوە، دەنا خاوەنەکانیان چاک دەزانن ڕاست نین و سەغڵەتیشیان بکەیت، ناتوانن بۆت بسەلمێنن. خۆ ئەگەر خەڵکیش بڕوایان کرد، ئەوە دەنگۆچییەکە لە هەستی تەنیایی بەردەم مەترسییەکان قوتاری دەبێت: ئۆخەی مەترسییەکە تەنیا بۆ من نییە، بۆ هەمووانە.

جیا لەوەی لە ڕووی دەروونییەوە، باسکردنی هەر مەترسییەک، یەکەمین هەنگاوی

بەرەوڕووبوونەوەیەتی: کاتێک لە شارەکانی ئەمیانز Amiens و لاڤاڵ Laval و ڕوان Rouen و شارگەلێکی دیکە باس لە بازرگانیی سێکسفرۆشی دەکرێت، ئەوە زەمینەسازییە بۆ بڵاوکردنەوەی تۆمەتگەلێکی دیکەی بەرەڵایی.

دەتوانین بڵێین، دواجار دەنگۆ، دەربڕینێکی هەستی دوژمنکارانەی مرۆڤە، دەربڕینێک، کۆمەڵگەش قبووڵیەتی. لەبەرئەوەی دەنگۆچییەکە بەناوی یەکێکی دیکەوە دەیگێڕێتەوە، دەتوانێ هەر چی هەست و غەریزەی شاراوەی خۆیەتی دەری بڕێ، بێ ئەوەی شەرم بیگرێ. ئاساییە، دەنگۆ لەو ژینگە کۆمەڵایەتییانەدا زۆر خێرا بڵاو دەبنەوە کە چەپاندنی ئاکارییان تێدا باوە. دەنگۆ لە نامەی کەسێکی نەناسراو دەچێ کە هەر کەسێک دەکارێ بینووسێ و لە سزاکەشی قوتار بێت.

## دەنگۆ هەر بۆ خۆشی

سەدان دەنگۆ بڵاو دەبنەوە، لەبەر ڕاستی نا، بگرە لەبەرئەوەی خۆش و جێی سەرنج و سەرسڕمانن. لەم حاڵەتەشدا، دەنگۆچییەکە، کارێکی دیار لە گوێگرانی دەکات، وەک ئەوەی نوکتەیەکیان بۆ بگێڕێتەوە. خەڵک بۆ پێکەنین و خۆشی نوکتە بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرجاران نوکتەگەلێک بێ مەبەست نین. نوکتەبازی و خۆشمەشرەبی، ئامرازێکی دیکەی دەربڕینی هەستە شاراوەکانە. بەڵام بەپێچەوانەی نوکتە و قسەی خۆشەوە، دەنگۆ، چیرۆکێکی خۆش و پێکەنیناوی نییە. جیا لەوەی ناوبانگی دەنگۆچی، هەنگاوێک لە پێش نوکتەبازانەوەیە، ئاخر ئەو زانیاریی سەرنجڕاکێش و دانسقە بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش بەهایەکی تایبەتی هەیە کە وا دەکات خەڵک بەبایەخەوە گوێی بۆ شل بکەن، ئەویش چێژ لەو بایەخ پێدانەی خەڵک دەبینێ، کاتێک کەسێک دەنگۆیەک ئاشکرا دەکات، بۆ دەوروبەری دەسەلمێنێ ئەو لە سەرەوە (لە کاربەدەستان) نزیکە و سەر بەوانە. لە هاوەڵەکانی گرینگترە، ئەدی مەگەر پێش ئەوان ئاگای لە دەنگوباسەکان نییە؟ حەتمەن دەنگوباسەکانیش نوێ و گرینگن، چونکە برادەرەکانی نەیانبیستوون.

ئەگەر ئەو قازانجەی دەنگۆچییان لە بەرچاو بگرین، تێ دەگەین بۆچی زۆربەی خەڵک ئامادەی گوتنەوە و گێڕانەوەی دەنگۆگەلن. بێگومان متمانە و خۆشیی سەرسامبوونی گوێگران، نهێنیی بەردەوامیی دەیان ساڵەی هەندێک دەنگۆمان بۆ

ئاشکرا دەکات. وێڕای ئەوەی بزاوتی دەنگۆگەل بەشێوازێک نییە سەرچاوەکانیان بناسرێنەوە، چونکە بەشێک نین لە وارەکە، بەڵام تا بڵێی لەسەرخۆ و بێ ڕێگر، بڵاو دەبنەوە. ئەم نموونانەی خوارەوە، چەند نموونەیەکی کەمی ئەو دەنگۆیانەن دەیان ساڵە دەگوترێنەوە، ڕەنگە خوێنەران زۆرتر لە جارێک بیستبێتیانن و دوور نییە هەندێک بڕواشیان کردبێت:

- دراوسێیەکمان مشکێکی لە نێو پیپسییەکدا دۆزییەوە.
- ژنێک لە گەڕەکی... مەیمونێک (یان پشیلەیەک)ی بووە.
- فیسارە مامۆستا یان پیاوچاک خەونی دیوە، بەم زووانە دنیا ئاخیر دەبێ.

(نموونەکانم خۆماڵین، نموونەکانی چاپی عەرەبی کتێبەکە، فەرەنسایی و ئەوروپایین _ وەرگێڕ)

بەم شێوازە نەمری بە(ئەفسانەکانی شاران) دەبەخشرێت، خەڵک بۆ کات بەسەربردن دەیڵێنەوە و چێژیان لێ وەردەگرن، وەک چۆن چێژ لە چای چایخانە وەردەگرن، خۆیان بەگوتنەوەی دەنگۆکەلەوە دەخافڵێنن، هەر دەڵێی پارچە کێکێکیان دەست کەوتووە و پێکەوە دەیخۆن. ژیانی تایبەتیی گەورەپیاوان و ئاشقایەتییەکانیان، دیسان بابەتێکی دیکەی سەرنجڕاکێشی سەرمێزەکانە. هەریەکەمان دەبێتە سەرنووسیارێکی پلە دوو، ئاخر ڕۆژنامەکانیش هەواڵگەلێکی سەیر و ئەنتیکە بڵاو دەکەنەوە. دوای ئەوە گرینگ نییە زانیارییەکە ڕاستە یان نا، ئەوە گرینگە، هێندە کاریگەر بێت، گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەرم دروست بکات. چاکترین نموونە، ئەو هەواڵە گاڵتەجاڕییەی سەبارەت بەنرخاندنی کەلەرم لە ساڵی ١٩٥٠ەوە تا ئێستا ماوەناماوەیەک یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاوی دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە ڕاستیی هەواڵەکە دڵنیا بێت "نوێژی پەیامبەرمان ٦٦ وشەیە، دە ڕاسپاردەکە ٢٩٧ وشەیە، وتارە بەناوبانگەکەی سەرۆک ئەبراهام لینکۆڵن ٢٦٦ وشەیە، کەچی فەرمانی کارگێڕیی نرخاندنی کەلەرم ٢٦٦١١ وشەیە". سەیر لەوەدایە هەر لەو ساڵەوە نرخاندنی شتومەک و هیچ کاڵایەک لە ئەمریکادا نەماوە، بەر لەو مێژووەش حکوومەتی ئەمریکا فەرمانێکی نرخاندنی کەلەرمی هەرگیز دەرنەکردووە، کەچی ڕۆژنامەکان هەر بڵاوی دەکەنەوە و خەڵکیش وەکو گاڵتەجاڕییەک بەحکوومەت

بەڕاستی دەزانن. (لێرەدا وەرگێڕی عەرەبی کۆمەڵێک نموونەی دیکەی وڵاتانی ڕۆئاوای هێناوەتەوە، هێندە دوورن لە بایەخی خوێنەری کوردەوە، وەرگێڕانیانم بەپێویست نەزانی – وەرگێڕ).

پرسی گرینگ ئەوەیە نهێنیی بەردەوامیی ئەم جۆرە دەنگۆیانە بزانین: یەکەم، خۆشن، دووەم، بەهۆی جیاوازیی زۆری ژمارەکانەوە، خوێنەر دەورووژێنن. وەنەبێت ئەم گاڵتەجارییەش هەروا بێ مەرام بێت، بەم دەنگۆ و هەواڵ و دووپاتکردنەوەیە، ڕۆژنامەکان دەیانەوێ سەری قوربانییە هەمیشەییەکەی دنیای ئابووریی ئازاد (دامەزراوەی کارگێڕی)، بکوتنەوە و وەک دامەزراوەیەکی تەمەڵی دەستبڵاویی گەندەڵ، وێنای بکەن. سەرنووسیاران چاک دەزانن بابەتی نرخاندنی کەلەرم، بابەتێکی هیچە، بەڵام چونکە خۆشیبەخشە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، بۆیە بڵاوی دەکەنەوە. ئەم جۆرە دەنگۆیانە تازە بڵاو بوونەتەوە، ئیدی لە کۆنترۆڵ دەردەچن، دەبنە وارێک کە تێڕوانینە باوەکەی خەڵک دەرهەق کارگێڕی هێندەی دیکە دەچەسپێنن. خۆ میدیاکانیش هێندە زۆر و فراوان بوون، بەدرۆخستنەوەیان کارێکی گرانە. دواجار، دەنگۆکە ساڵێک دووان، دیار نامێنێ، کاتێک دەزانی ڕۆژنامەیەک سەرلەنوێ بڵاوی دەکاتەوە و دەبێتەوە بابەتی سەر زاری خەڵک و جارێکی دیکە وەک ڕاستی مامەڵەی لە تەکدا دەکەن. ئەڵبەت ئیتالییەکان گوتەنی: ئەگەر هەواڵەکە ڕاستیش نەبێت، خۆ نڤار و داهێنانێکی تێدایە (Se non e vero, e bene trovato).

## دەنگۆ هەر بۆ قسەکردن

ڕاستت دەوێ، ئەو خۆشییەی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بەخاوەنەکەی دەبەخشێ، تاکە هاندەری مرۆڤ نییە، بگرە هاندەرێکی دیکەش هەیە: جاری وا هەیە مرۆڤ دەیەوێ بابەتێک بخوڵقێنێ تەنیا لەبەرئەوەی قسە بکات، دەبێ ئەو بۆشاییە بێزارکەرە پڕ بکاتەوە. هەموومان بەو پێیەی زوو زوو خزم و دۆست و هاوڕێیانمان دەبینین و ئاگامان لە ورد و درشتی ژیانی یەکدییە، لەبەرئەوە باسکردنی ژیانی خۆمان، شیاوی سەرنج و گوێگرتن نییە، بۆیە لەم بۆشایی و بێدەنگییەدا، فڕێدانی دەنگۆیەک، چاکترین چارەسەرە بۆ بەردەوامیی دانیشتنەکە.

بۆچی گەرماو و بازاڕ و سەرتاشخانە و ڕاڕەو و حەشارگەکان دەبنە سەنتەری

گواستنەوەی دەنگۆگەل؟ ڕاستییەکەی، ئەم شوێنانە سەکۆی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵێک زانیاریی ڕاست و هەڵەن کە پێداویستیی وروژاندن، سەرنجڕاکێشان، قسە و زۆربڵێیی دەیانسەپێنێ. چونکە لەو شوێنانەشدا مرۆڤ حەز ناکات باسی خۆی بکات، دەرگای باسکردنی خەڵکی بۆ والاّ دەبێت، ئەودەمیش، هەواڵ لەخۆڕا پەیدا دەبێت، دواجار دەنگۆی لێ بەرز دەبێتەوە.

بەڵام دەنگۆ وەک داوەتێکی خانەدانانەش وایە، ئاخر قسەکردن، واتە؛ بەشداریکردن لەگەڵ خەڵکی دیکەدا. جی باتیزۆن G. Bateson لەگەڵ کۆمەڵێک زانای دیکەدا سەلماندوویانە، هەر قسەکردنێک لەگەڵ خەڵک، بانگهێشتنێکە بۆ پێکهێنانی پێوەندی. کاتێک مرۆڤ لەبارەی دەنگۆیەکەوە لەگەڵ یەکێکی دیکە دەدوێ، بەڕاشکاوی پێی دەڵێ: "هەردووکمان هەر بەباسکردنی هەواڵەکانی کۆمەڵگە و خۆرەتاو و هەورەوە خۆمان خەریک ناکەین، بگرە دەنگۆکانیش بۆ یەکدی دەگێڕینەوە". دەنگۆ، جۆرێکە لە پێوەندیی ویژدانی، بەتایبەتی دەنگۆگەل مرۆڤ بۆ لێدوانی ئاکاری و دەربڕینی ڕای کەسێنی و کاردانەوە هان دەدات، بۆیە فرێدان یان گێڕانەوەی هەر دەنگۆیەک لە دانیشتنێکدا، واتە؛ دەربڕینی حەزی پێوەندیگرتن لەگەڵ دانیشتوان، لەوێدا، هەرکەسەو بێ ئەوەی باسی خۆی بکات، هەست و بەهاکانی خۆی ئاشکرا دەکات.

بە کورتی: دەنگۆ، تەنیا دەرفەتێک نییە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، بگرە بەشداریکردنە لە هەست دەربڕینیشدا[١٣١]. لەبەرئەوەی زۆرجاران دەنگۆ بەکەسی سێیەمەوە پێوەستە، پێوەندیی دوو قسەکەرەکە تۆکمە دەکات. پێکەوە هەڵسەنگاندنی کەسی سێیەم لەلایەن دوو کەسەوە، واتە؛ بۆچوونەکانمان نزیکن، ئەمەش دواجار دەبێتە هۆکاری تۆکمەکردنی پێوەندییەکانمان لەسەر شانی کەسی سێیەم.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین دەنگۆ، ڕێگەیەکی لەبارە بۆ تۆکمەکردنی پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و پتەوکردنی هاوڕێیەتی و هاوسێیەتی و خزمایەتی.

## خێرایی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ

سەعات دوازدە و نیوی نیوەڕۆی ڕۆژی بیست و دووی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣، سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە شاری دالاّسی ویلایەتی

تەکساس تەقەی لێ کرا و پاش نیو سەعات گیانی دەرچوو، لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەدا ٦٨٪ی ئەمریکاییەکان هەواڵەکەیان بیستبوو، لە سەعات دوودا ڕێژەکە بووە ٩٢٪، ئەمەش مانای وایە لە ماوەی کەمتر لە دوو سەعاتدا، هەواڵەکە گەیشتە سەرلەبەری ئەمریکا، ئەمە لە کاتێکدا، نیوەی ئەمریکاییەکان بۆ خۆیان لە ڕادیۆوە گوێیان لە هەواڵەکە بووبوو، نیوەی دیکەیان لە دۆست و هاوڕێ و خزم و هاوکارەکانیان بیستبوو. وا دیارە ٥٤٪ی ئەوانەی بیستبوویان، زۆریان حەز لێ بوو، لەگەڵ خەڵکی دیکەدا گفتوگۆی لەبارەوە بکەن[١٣٥]. پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی هەندێک زانیاری زۆر خێرا بڵاو دەبێتەوە، هەندێکی دیکە لەسەرخۆ و ناگاتە هەمووانیش؟ بەردەوام ئەم دوو پرسیارە بەمێشکی مرۆڤدا دێت، سەیریش نییە، چونکە ڕەنگدانەوەی کاریگەری وێنەی دەنگۆکەیە. ڕاستییەکەی، کە باسی هەر دەنگۆیەک دەکەی، دەمودەست، وێنەیەک دێتە پێش چاو، وێنەیەکی سەربەخۆی بێ کۆنترۆڵ کە خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. دەنگۆ وەک ئاگری نێو پوشی دەتەنێتەوە، دەڵێی باڵندەیە دەفڕێ.

لە بەردەم ئەم مەخلوقە سیحراوییە لە هیچ نەچووەدا، خەڵک چاوەڕوانی پیاوچاکێک دەکەن، لە نهێنییەکەیان حاڵی بکات، نازانن کلیلی نهێنییەکان وا لە باخەڵی خۆیاندا. دەنگۆ وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەوەیە کە ئێمە دەیخولقێنین، کەواتە هێزێکی سیحراوی نییە، بگرە بەدەست ئێمەیە چی لێ دەکەین. خەڵک بەگشتی فێربوون چاوەڕێی زانیاری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن، کەچی بیریان دەچێتەوە خۆیان سەرچاوەی زانیارین. خێرایی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ، پرسیارێک دێنێتە پێش: کەی لەگەڵ کەسێکی دیکە، باسی بابەتێک دەکەین؟

## ڕەگوڕیشەی ئەو پەلەپەلە

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، خێرایی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ، هیچ نییە جگە لە پەلەپەلی خەڵک بۆ گێڕانەوەی. ئاخر یەکەمین هۆکاری دەنگۆیەک ئەوەیە باسی ڕووداوێک دەکات بەلای خەڵکەوە گرینگە، بەتایبەتی ئەگەر کاریگەرییەکانیشی پێوەندییان بەخەڵکەوە هەبێ. جیا لەوە، دەنگۆ، هەواڵ و هەواڵیش زوو بەسەر دەچێ. هەر ئەمەشە وا دەکات، دەنگۆیەک کە باسی ڕووداوێکی ڕابردوو بکات،

هێواشتر و کەمتر بڵاو دەبێتەوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، ئەم جۆرەی دوایی دەنگۆ، وەک هەر خواردنێکی تەڕوتازە وایە کە دەبێ زووبەزوو بیخۆین، دەنا خراپ دەبێ. خێرا گواستنەوەی دەنگۆ، هەوڵدانە بۆ پاراستنی بەها و گەرمییەکەی.

دەنگۆ وەک زەنگی ئاگەدارکردنەوە وایە، زانیارییەکە هەر دەبێ ئێستا بڵاو بێتەوە. لێکەوتەوەکانیشی هێند بەربڵاون، تەنانەت بەناوی دڵنیابوونەوە لە زانیارییەکەش، نابێ دواکەوێ. بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕاستی و ناڕاستیی زانیارییەکە بکەین، دەبێ وا بکەین کاردانەوەیەکی یەکسەری هەبێ، تا ڕەوایی بدەینە بڵاوکردنەوەی:"ئاگەدار بن بزانن منداڵەکانتان چ دەخۆن. وا دیارە ئەو شەکرۆکە تازانە، ئەوەندەیان تۆز و خۆڵ لێ نیشتووە دوور نییە سکی منداڵەکانتان بتەقێنێ"، یان:"ناچار دەبن بەم زووانە دەنگ بدەن: وا دیارە فلانە پاڵێوراو زۆر لەوە دوورە کە ئێمە تێی گەیشتبووین".

## پێوەندیی توندوتۆڵ

تا پێوەندییەکانی نێوان هەر کۆمەڵێک نێزیک و توندوتۆڵ بێت، هێندە ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆگەل دەکات. بەپێچەوانەشەوە، تا ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لێک دوور بن و پێوەندییان سارد بێت، دەنگۆگەل بەهێواشی بڵاو دەبنەوە و کاتێکی زۆرتریان گەرەکە. زۆر جارمان بیستووە، کلینیکی (عیادة) پزیشکان و نووسینگە ڕۆژنامەوانی و شوێنەکانی فرۆشتنی ئاسەوار و شتە ئەنتیکەکان، شوێنگەلێکی لەباری خێرا بڵاوبوونەوەی دەنگۆگەلن. لەم شوێنانەدا، هێندە نابات دەنگۆیەک دەگاتە هەمووان، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەرئەوەی پێکەوەن، هەمان بنەما، بۆ گوند و لادێکانیش ڕاستە، بەپێچەوانەوە، بڵاوبوونەوەی دەنگۆ بەشاردا هێندە خێرا نییە، لە شاراندا خەڵک هێندە لێک نێزیک نین، زۆر هاوسێ هەن یەکدی ناناسن، وا دیارە، پێوەندیی کەسەکان لەگەڵ دۆست و ناسیاوانی دەری شارەکان زۆرترە وەک لە هاوسێ و هاوشارەکانیان، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی تێکەڵییەکی زۆری نێو خەڵکی شارە.

ڕێکەوت نییە فەرەنساییەکان بەکەناڵەکانی بڵاوبوونەوە دەنگۆگەل دەڵێن (چۆلەکە). بۆ نموونە، کۆمەڵگەکانی نیشتەجێی کەناری دەریای ناوەڕاست، وەک کۆمەڵگە ئاسیاییەکان، تێکەڵییەکی زۆریان لە نێواندایە. خێرایی ئاڵوگۆڕی

زانیاریش لە نێویاندا، نیشانەی کاراییی پێوەندییەکانە کە ئەرکی پاراستن و مانەوەی تێکەڵیی نێوان خەڵکەکەیە.

تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر، بازاڕەکانی فەرەنسا تەنیا بۆ کڕین و فرۆشتن نەبوون، بگرە شوێنی قسە و باس و گفتوگۆی خەڵک بوون، بەهەمان شێوە پێشانگە و کۆڕ و کۆبوونەوە و سرووتە ئاینییەکان و خڕبوونەوەی دوای ئەو سرووتانەش. هەموو ئەمانە بۆنەگەلێکی پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوون، لێ ئێستا وانییە (ئەڵبەت تا ئێستاش بازاڕەکانی کوردستان ئەم خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەیان لە دەست نەداوە، جگە لەوە نووسەری فەرەنسیی کتێبەکە نموونەی گەرماوە گشتییەکان دێنێتەوە کە چۆن شوێنی خڕبوونەوە و گفتوگۆخوڵقێنی خەڵک بوون، بەڵام ئێستا وا نەماون، دیسان ئێستاش گەرماوە گشتییەکانی کوردستان ئەو خەسڵەتەیان لە دەست نەداوە، ئەگەرچی لە جاران کەمترە - وەرگێڕ).

## دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەنگۆگەل

ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەستەمە بتوانرێ خێراییی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لە هەڵوێستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرانبەری جیا بکرێتەوە. مەسەلەکە بەپێی ڕەفتاری ئەو دەزگایانە دەگۆڕێ، بێ دەنگ دەبن و دەنگۆکە پشتگوێ دەخەن، یان بەپێچەوانەوە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکەن یا پەخشی ڕاستەخۆ دەخەنە خزمەتییەوە.

بۆ نموونە، لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٨٠دا، هەواڵی دەستگیرکردنی شای ئێران لە پەنەما بڵاو بووەوە، ئەم هەواڵە سەرنجڕاکێشە کە لە تارانەوە سەری هەڵدا و لە سەرلەبەری پایەتەختەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە، بەپەنەما خۆشیەوە کە بەبیستنی هەواڵەکە فرە سەریان سڕما. هەروەها کە هەواڵی مردنی سیلیا سانشیزی شۆخە سکرتێر و دۆستی فیدڵ کاسترۆ بڵاو بووەوە، چاودێرانی سیاسی سەریان لە دیارنەمانی ڕائوول کاسترۆی برای فیدڵ کاسترۆ، سڕمابوو، ئەوێ ڕۆژێ ڕۆژنامەیەکی ڤەنزویلایی هەواڵی بەشەڕهاتنی هەردوو برای لە سەرینی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، بڵاو کردەوە، بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، شەڕی جووتەبرا گەیشتووەتە تەقە لێککردن و لەو نێوەندەدا کەسێکی سێیەم کوژراوە. ئەم دەنگۆیە هێندەی نەبرد بووە هەڵا و هەر پەیامنێر بوو ئەم

هەواڵە دەنگۆیەی بۆ ئاژانسەکەی دەنارد.

لە سۆنگەی ئەم دوو نموونەیەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، جەماوەری دەنگۆگەل چەند هێندە لێ دەکەن، نەک هەر لە نێوخۆدا، بگرە لە جیهانیشدا. بەڵام دەنگۆ چۆن بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە، بەو خێراییەش دادەمرکێتەوە، هەر ئەو دەمەی تازە دەنگۆکە ئەم شار و ئەو شاری دنیا دەکات، بەدرۆخستنەوەکانی بڵاو دەبنەوە، بۆ نموونە پەنەما لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکەدا، بەدرۆی خستەوە. بەڵام ئەگەر دەنگۆکە بنەمایەکی پتەوی هەبوو، ئەوە هەڵمەتە ڕاگەیاندنەکەی بەهێزتر دەبێ و پێشڤە دەچێ و دواجار سەرچاوە فەرمییەکان ناچار بەوەڵامدانەوە دەکات. ئەو ڕۆڵە گرینگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەکدا دەیبینن، پێویستیی گەڕان و زانینی ئەو دەزگایانە بەرانبەر هەر دەنگۆیەک دەسەپێنێ.

کە ڕووداوێک دەبێ، دەزگاکانی میدیا تێکڕا خەمێکی هاوبەشیان هەیە: پێویستە ئەو ڕووداوە بگوازرێتەوە. کەس ناچێتە عەقڵیەوە، ڕۆژنامەیەک خۆی لە باسکردنی دوایین وتاری سەرۆک کۆمار ببوێرێ، بەڵام لە بەرانبەر دەنگۆدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازادن چۆن مامەڵەی لە تەکدا دەکەن. جیا لەوەی ئەو دەزگایانە لە بەردەم کۆمەڵێک ئەگەردان؛ کێ دەڵێ خەڵکانێک دەنگۆیەکی دیاریکراو بەمەبەستی تایبەتی لە گەڕەکێکدا بڵاو ناکەنەوە، بەو ئومێدەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بڵاوی بکاتەوە و دەنگۆکە ببێتە ڕاستی؟ خۆ دەنگۆگەلێکی زۆر، قسەوقسەڵۆکی نێو گەڕەکن، میدیاکان بڵاویان دەکەنەوە و دەبنە دەنگۆ. هەروەها ئەگەری بوونی زانیاریی دروستکراو و لێکنەچوو لە ئارادا هەیە. ڕاستییەکەی، زانیاریی دروستکراو یان هەڵبەستراو، بازرگانییەکی بەهەڕەمێنە و ئامانجیش؛ سەرنجڕاکێشان و تێرکردنی ئەو کەسانەیە دەیانەوێ هەموو شتێک لە بارەی ئەو کەسانەوە بزانن کە پێیان سەرسامن، تەنانەت ڕۆژنامە هەیە پسپۆڕە لەم بوارەدا[٦٠].

لە ڕووی سیاسییەوە، لێکنەچوونی زانیارییەکان وەک هەورەبرووسکە وایە، بەشێکی دانەبڕاوە لە هەڵای سیاسی، لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو زانیارییە ناڕاست یان هەڵبەستراوە، ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی یاسا بکاتەوە (مەگەر هەر لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووبوونەوەی یاسا ئامانجی ڕۆژنامەنووسەکە بێت). بۆ خۆ پاراستنیش لە لێپێچانەوەی یاسا، ڕۆژنامەکان، ناڕاستەوخۆ وەک گێڕانەوە لە زاری خەڵکێکەوە،

زانیارییەکان بڵاو دەکەنەوە، بەم ڕێگەیەش برەو بەدەنگۆکەش دەدەن و خۆشیان لە مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی دەبوێرن[٨٧]. لەم حاڵەتەشدا، وەک کۆکتیو Cocteau دەڵێ، هەواڵەکە بێ هیچ دڵنیاکارییەکە و سەرچاوەکانیشی نەناسراون.

چاکترین ڕێگەی زانستیش بۆ درکاندنی ناڕاستەوخۆی زانیارییەکان، بێ ئەوەی بەئاشکرا بگوترێن، وەئەستۆخستنیانە بۆ دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن. جارێکیان گۆواری IciParis بەمانشێتی گەورە نووسی:"بوختانگەلێکی بێ سەروبەری ڕۆژنامەوانیی ئەمریکا بەدژی سەرۆک". ئەڵبەت گۆوارە فەرەنساییەکە بەشێوازێک هەموو زانیارییەکانی لە زاری ڕۆژنامە ئەمریکاییەکانەوە بڵاو کردەوە، هیچ بەرپرسیاریەتییەکی نەکەوێتە ئەستۆ، بەهەزار فێڵ ناوی ئەو ئافرەتانەی بڵاو کردەوە گوایە لەگەڵ سەرۆک ڤالێری جیسکار دیستاندا خەوتوون.

جیا لەوە، جیاوازیی دەنگۆ، لەوانەیە دوو ڕووی هەبێت. مەبەست یان ستراتیجی یەکەمیان، بڵاوبوونەوەی یەکسەری دەنگۆکەیە بەهەموو لایەکدا. ئەمەیان زیاتر کاری دەزگا ڕاگەیاندنە گەورەکانە، ئەگەر ڕاستت دەوێ، مەترسییەکی زۆریشی تێدایە، ئاخر ڕەنگە دەنگۆکە ڕاست نەبێت. بەڵام ستراتیجی دووەم؛ بەرهەڵدانی میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانە تا کاری خۆیان بکەن و ئەودەم خەڵکەکە چۆنی لێک دەدەنەوە ئارەزووی خۆیانە. لەم حاڵەتەیاندا، دەنگۆکە وردە وردە بڵاو دەبێتەوە. لە پێشدا، خەڵکە پێشەنگەکە، ئەوجا دەوروبەرەکەیان و دواتر لایەنگرانیان و ئیدی پێدا بڕۆ، ئەوانەی سەرەوە هەوڵی بڕوا پێهێنانی لە خۆیان خوارتر دەدەن. شێوازی دووەمیان زیاتر کاری ئۆرگان و بڵاڤۆکە تایبەتییەکانی خەڵکانی بەدەسەڵاتە، وەک بەرپرسێکی پێوەندییەکانی شارەوانییەک دەگێڕێتەوە: "لە بڵاڤۆکەکەماندا کە تەنیا دەگەیشتە خەڵکانی سەرەوە، ئاماژەیەکمان دەدا و ئیدی هەواڵەدەنگۆکە بۆ خۆی بڵاو دەبووەوە.".

پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەناڵێکی چالاکی بڵاوبوونەوەی دەنگۆگەلن، ئەمە ئەگەر خۆیان داهێنەری نەبن. سەبارەت بەو نموونەیەی لەبارەی زیادکراوە کیمیاییەکان پێشتر باسمان کرد کە لە خەڵکیان دەپرسی ئەم بڵاڤۆکەت لە کوێ بووە؟ دەرچوو، زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆوارەکانیاندا خوێندووەتەوە، پۆستە و قوتابخانە و شوێنی کار و نەخۆشخانەکانیش بەپلەی دووەم

دەهاتن. زۆرتریش؛ ڕۆژنامە لۆکاڵ و ئۆرگانەکانی سەندیکا و ڕێکخراوەکانیش سەرچاوە بوون. ئەم کۆوار و ڕۆژنامانە، هەر زانیارییەکی سەرنجڕاکێش دەقۆزنەوە و بڵاوی دەکەنەوە، بێ ئەوەی لە ڕاستییان دڵنیا بن، چونکە ئەوەندەیان پەیامنێر نییە، تا لە هەر هەواڵێک دڵنیایان بکاتەوە.

دوای ئەوە، کاتێک دەنگۆ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش دەکرێ (کرداری پەخش، ڕووی جوانکراوی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیە)، خێراتر و بەلای خەڵکەوە بەڕاستتر دەزانرێن. ئەگەر (خێرایی) لایەنە مادیی مەسەلەکە بێت، (ڕاستی) لایەنی دەروونیی مەسەلەکەیە و ڕاستەوخۆ بەو لایەنەوە پێوەستە کە بڵاوی دەکاتەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەنگۆ دەکەنە هەواڵ و ئەوکاتیش، دەبنە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و لە مێشکی خەڵکدا دەچەسپێن.

ڕێگەیەکی سێیەم هەیە بۆ چەسپاندنی دەنگۆ لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە؛ شاردنەوە و داپۆشینی هەڵکەوتەیەک کە تا پێش ئەو داپۆشینە، هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە. ئەمە ئەو ڕێگەیە بوو ڕۆژنامەکانی بەرازیل سەبارەت بەنەخۆشیی سەرۆک تانکریدۆ نیڤیسی تازە هەڵبژێردراو پەیڕەویان کرد. هەر بەهاتنە سەرکاری نیڤیس کە کۆتاییی بەبیست و یەک ساڵ دەسەڵاتی جەنەراڵەکان هێنا، ڕۆژنامەکان هەر ڕۆژەی زانیارییەکیان لەبارەی نەخۆشییەکەی سەرۆک بڵاو دەکردەوە و ئەمانەش دەیان دەنگۆی نوێیان لێ دەکەوتەوە. کاتێک شەوی چواردەی ئادار لە نەخۆشخانەی بەرازیلیا یەکەمین کلینیک بۆ سەرۆک کرا و یەکسەر بۆ نەخۆشخانەی ساوپاولۆ گوێزرایەوە، ڕۆژنامەکانی بەیانی، وێنەی ئەو دەستەبەرەیان بڵاو کردەوە کە سەرۆکی لە فڕۆکەکە پێ داگیرا. وا دیارە کۆواری فاتۆس کە کۆپی لۆکاڵی کۆواری نیوزویکی ئەمریکییە، پاش وردبوونەوە لە وێنەکە گەیشتە ئەوەی، وێنەکە دروستکراوە و هی سەرۆک نییە، کۆمەڵێک بەڵگەشی لەو بارەوە هێنایەوە:

- هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێ ئەو فڕۆکەیە لە بەرازیلیاوە هاتووە بۆ ساوپاولۆ.
- ئەو پیاوەی کانیۆلاکەی گرتووە، جلوبەرگی پزیشکیی نەپۆشیوە.
- ئەو پیاوەی سەری پێشەوەی دەستەبەرکەی گرتووە، هیچ گرانی و ماندووبوونێک

بەڕووخساریەوە دیار نییە، کێ دەڵێ دەستەبەرەکە بەتاڵ نییە.

- یەکێک لەو کەسانەی لە پشتەوە لە وێنەکەدا دەرچوون، وا دیارە پیاوێکی سیاسیی ناسراوە، کەچی لەو کاتەدا لە فڕۆکەیەک ورد دەبێتەوە، باشە دەچێتە عەقڵەوە، سەرۆک لەسەر ئەو دەستەبەرەیە بێت و ئەو پیاوە ڕووی خۆی بۆ لای فڕۆکەیەک وەرگێڕێ؟

دەنگۆکان کاتێک زیاتر دەچەسپێن کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گریمانەگەلێک بڵاو دەکەنەوە و خەڵکیش بۆ خۆی سەری لێ شێواوە، بۆیە دەمودەست بڕوا دەکەن. بۆ نموونە لە شارۆچکەی ماتۆن، ژنێک چووە بنکەی پۆلیس و گوتی، پیاوێک بەدزییەوە چووەتە نێو ماڵەکەیەوە و بێهۆشی کردووە(٧٠)، ژنەکە گوتی، پیاوەکە گازێکی کردووە بەدەموچاویدا و لە جووڵەی خستووە. بۆ ڕۆژی دوایی، یەکێک لە ڕۆژنامەکان بەمانشێتی گەورە نووسیبووی: "پزیشکێکی سڕکەری شێت ڕادەکات و یەکەمین قوربانیشی ژنێکە". ئەگەر "قوربانیی یەکەم" لە ئارادا بێت، کەواتە هی دیکەش دەبن".

دوایین شێواز یان ستراتیجی هەڵسوکەوتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ دەنگۆدا، بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی، زۆرتر ئەم شێوازەیان لە سەروتارەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە. دەنگۆی سیاسی، بابەتێکە بۆ بیرکردنەوەی قووڵ و گومان دروستکردن. لەوانەشە بابەتەکە پرسێکی نیشتیمانی بێت، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەئەرکی خۆیانی دەزانن ڕووبەڕووی ببنەوە. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: کاتێ دەنگۆیەک بەدرۆ دەخرێتەوە، چ ڕوو دەدا؟ لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا، خۆ لە دارەتی ئەو پرسیارە ئاڵۆزە دەدەین.

باسی چوارەم

# بۆچی بڕوا بەدەنگۆگەل دەکەین؟

کێ لە ئێمە لە ناکاو بۆی دەرنەکەوتووە، ئەو دەنگۆیەی ڕۆژێکیان بڕوای پێ کردووە، هیچ بنەمایەکی ڕاستیی تێدا نییە؟ بەهەموو سەرچیخچوونێکیشمان سەغڵەت دەبین و پرسیار دەکەین: چۆن بەو هەموو وریاییەوە لە خشتەیان بردین. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: چی وا دەکات تا ئەو ئاستە دەنگۆ جێی بڕوا پێکردن بێت؟ بۆچی بەئاسانی بڕوا بەو چیرۆکانە دەکەین کە بەر گوێمان دەکەون؟ بێگومان ڕاستگۆیی دەنگۆ، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەو کەسەوە هەیە بۆمان دەگوێزێتەوە، بەسروشتی زانراوەکەشەوە.

## سەرچاوەی باوەڕپێکراو

ڕوون و ئاشکرایە سەدان تاقیکردنەوە سەبارەت بەوەی داخۆ چی وا دەکات خەڵک بڕوا بەقسەی یەکدی بکەن، ئەنجام دراوە، تێکڕای ئەنجامەکان دەیسەلمێنن؛ سەرچاوەی قسەکە ئەوە دیاری دەکات، واتە؛ ئەوەی قسەمان لەگەڵ دەکات و زانراوەکەمان بۆ دەگوازێتەوە. ئێمە خۆ تەنیا هەر بەبایەخدان بەو کەسانەی حەز دەکەین گوێیان لێ بگرین واز ناهێنین، بەڵکو هەوڵ دەدەین گفتوگۆ لەگەڵ سەرچاوەکەش بکەین تا بتوانین بڕیار بدەین داخۆ بۆچوونمان لەبارەی زانراوەکەوە (دەنگۆ) چی دەبێت[٢٨]. کۆمەڵێک هۆکار وامان لێ دەکەن بڕوا بەسەرچاوەیەک[٥٧] بکەین: یەکەمینیان، ڕێژەی متمانەکردنمانە بەشارەزایی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و بزێوی (چالاکیی – دینامییەت) و کەسایەتیی سەرنجڕاکێشی سەرچاوەکە.

## من هەواڵەکەتان لە سەرچاوەیەکی ئاگەدارەوە بۆ دەگوازمەوە

دەبێ ئاماژە بەوە بدەین ئەو خەڵکە هەروا لە خۆڕا گفتوگۆ و پێکگەیشتنی (تواصل) زارەکی ناکەن. خۆ ئەگەر بچینە سەیری فیلمێکی سینەماییش، پێش ئەوەی ڕای خۆمان لەبارەی فیلمەکە بڵێین، گوێ بۆ ڕای شارەزایان لەبارەیەوە، دەگرین. چارمان نییە هەوڵ دەدەین بزانین ڕەخنەگرانی سینەما چ دەبێژن، هەر نەبێت چاوەڕێی ڕای هاوڕێیەکمان دەکەین کە پێمان وایە، پسپۆڕە یان چ نەبێت لە ئێمە شارەزاترە.

دەنگۆ لە دەزگا نافەرمییەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش دەبێت، لەوێشەوە ئیدی لە ڕێی پێوەندییە کەسێنی و هاوسێیەکانەوە، بڵاو دەبێتەوە. زۆربەی جارانیش دەنگۆمان لە کەسێکی شارەزا لە بواری دەنگۆکەدا پێ دەگات. دایکان ئەو دەنگۆیانەی باس لە گومانباریی دوکانەکانی جلکفرۆشتنی ئافرەتان دەکەن، زیاتر لە ڕێی کچەکانیانەوە دەبیستن، ئاخر کچە ڕوواڵەکان زۆر هاموشۆی بازاڕەکان دەکەن و خولیای مۆدێلەکانی جلکن. دەنگۆ سیاسییەکان، ئەو کەسانە بڵاویان دەکەنەوە کە بایەخ بەکاروباری سیاسی و شارەوانی و کاروباری شار دەدەن. بەهەرحاڵ، دەتوانین بڵێین، ئێمە شارەزاییی خەڵک لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ئاگەداربوونمان لە ڕووداوەکان و بنیاتنانی بۆچوونمان لەبارەیانەوە، بەکار دەهێنین.

جیا لەوە، ئەگەر دەنگۆچییەک (ئەو کەسەی دەنگۆ دەگوازێتەوە) هەستی کرد قسەکانی جێی بڕوا نین، خێرا پەنا بۆ شایەتێکی لە خۆی شارەزاتر و ئاگەدارتر دەبات، واتە پەنا بۆ سەرچاوە بەناو بنەڕەتییەکە دەبات، بۆ نموونە دەڵێ: "لە کچێکی هاوڕێم بیست کە براکەی لە فیسارە نەخۆشخانە کار دەکات و بەچاوی خۆی سەرۆک کۆماری بینیوە چووەتە لای پزیشک بۆ تێستی شێرپەنجە". لێرەدا خاڵێکی زۆر گرینگ سەر هەڵدەدا، ئەو کەسە زانراوەیەکمان بۆ دەگوازێتەوە (دەنا هەر نایگوازێتەوە)، هەموو توانای خۆی بەکار دێنێ تا بڕوای پێ بکەین، ئەمەش دەیسەلمێنێ، دەنگۆچی بێ لایەن نییە. ئەو هەر بەوە واز ناهێنێ دەنگۆکە بگوازێتەوە وەک چۆن نامەیەک دەخاتە سندووقی پۆستەوە، بەپێچەوانەوە، خۆی دێتە نێو بابەتەکە و پێی وایە زانراوەکە موڵکی خۆیەتی، هەر گومانێک لە زانراوەکەی، لەسەر

خۆی دەژمێرێ، بۆیە ڕێڕەوی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ بریتییە لە پرۆسێسێکی بڕوا پێهێنانی یەک لە دوای یەک.

کاتێک دەنگۆچی هەست دەکات گوێگر گومانی لە قسەکانیەتی، یان هەوڵ دەدا هیچ گومانێک لای گوێگر نەهێڵێ، دەبینین پەنا بۆ دەسەڵاتە باڵاکان دەبات، ئەو دەمیش، وای پیشان دەدات زانراوەکەی لە کەسێکەوە پێ گەیشتووە، جێی گومان نییە، زۆربەی کاتیش ئەو کەسە شایەتحاڵێکی ڕووداوەکەیە یان ئەو، بۆ ئەمی گێڕاوەتەوە، واتە سەرچاوە بنەڕەتییەکە.

لەمبارەیەوە ئەوەی شایانی ئاماژەیە، دەنگۆ بەدوو شێوازەزمان دەگوازرێتەوە، یەکەمیان، دەگوترێ:"دەڵێن"، یان دەنگۆچییەکە دەڵێ "بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ئاگەدار". شێوازی "دەڵێن"، دەمانباتە لای کۆمەڵە خەڵکێک کە دەنگۆچییەکە خۆی سەر بەو کۆمەڵە دەزانێ، ڕاستییەکەی، ئەم شێوازە بانگهێشتنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەو کۆدەنگییەی گوایە خەریکە دروست دەبێت. لە سایەی نەبوونی پسپۆڕێک یان هیچ سەرچاوەیەکی بنەڕەتیدا، شێوازی "دەڵێن"، شێوازێکی جێی بڕوا و عەقڵانیی نییە، بگرە پشت بەویستی خۆدانەپاڵی گوێگر بۆ کۆدەنگیی خەڵک دەبەستێ، تەنانەت توانەوە لەو شێوازە نەناسراو و کۆدەنگییەی دێتە ئارا. دواجار، شێوازی"دەڵێن"، بانگەشەیەکە بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی[١٢٧].

بەڵام شێوازەکەی دیکەی زمانی گواستنەوەی دەنگۆ، پشت بەکەسێک دەبەستێ کە جێی متمانەی کۆمەڵەکەیە و بەهیچ کلۆجێک گومان لە پاکی و شایستەیی ناکرێ. بەم شێوەیە، پێویستە سەرچاوەی دەنگۆگەلی پێوەندیدار بەنەخۆشیی سەرۆکەوە، ئەو پزیشکە بێت کە عەمەلیاتەکەی بۆ سەرۆک کردووە، یان یاریدەرانی و ئەو پەرستیارانەی هاوکاری پزیشکەکە بوون، شۆفێرانی ئەمبوڵانسەکانی نەخۆشخانە، یان کارمەندانی بەشی تیشک. هەروەها ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت لادان و تاوانەکان دەردەچن، هەر دەبێ سەرچاوەکەیان، پۆلیسی ئێشگری کاتی ڕووداوەکە، نووسەری کۆنووسەکە، ئەفسەری بنکەی پۆلیس، یان هەر نەبێ خزمێکی دادوەری لێکۆڵینەوە بێت. ئەو دەنگۆیانەش باس لە ئاشقایەتی و سێکسبازیی فڵانە پاڵێوراوی شارەوانی دەکەن، زۆربەی جاران سەرچاوەکانیان برادەرێکی شۆفێرەکەیە، خزمەتکارەکەی

مـاڵەوە، بـاخـەوانەکـەی یان برادەرێکی کـە هـاوبەشی گـەلەسـێکسـەکـەیە. ئای کـە ئەمانەش زۆرن.

ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کاتی دووەمین جـەنگی جیـهـانیدا[٣٦] ئەنجـام دراون، دەڵێن؛ دانیـشـتـوانی ئەو نـاوچانەی بڵاڤـۆکیـان بەفـڕۆکـە بۆ فڕێ دراوە، دوایـی دەیانگوت، هـەواڵەکەیان لە ڕادیۆ گوێ لێ بووە یـان لە فـلانە ڕۆژنامـەیان خـوێندووەتەوە. دوایی، ئەم حـەزەی خـەڵک زیاتر لە کـاتی کـودەتا سـەربازییـەکـەی یـازدەی ئەیلوولی ١٩٧٣ی چیلیدا کە سیلڤادۆر ئەلێندیی سەرۆک کۆماری تێدا کوژرا، دەرکەوت.

ئەوێ ڕۆژێ، دەنگۆیەک بەگەڕەکە میللی و کارگە گەورەکاندا بڵاو بووەوە؛ جەنەراڵ کـارلۆس پـراتز کـە تا کـۆتایی بەلایەنگریی ئەلێندی مـایەوە، بەخـۆی و سـوپـایەکی گەورەوە بـەرەو باشـووری پایەتەخت دەچێ، ئەم هـەواڵەش گـوایە لە شـەپۆلی کـورتی ڕادیۆی ئەرجـەنتـینەوە بڵاو کـراوەتەوە. دەنگۆکـە کـاریگـەریی ڕاسـتـەوخـۆی هـەبوو، هـەمـــووان لە چاوەڕوانیی جــەنەراڵ پـراتزدا بوون، وەک ئـەوەی لە شـــەڕی واتـەرلۆدا ڕووی دا، ئەوکاتەش جەمـاوەر چاوەڕێی ئیمـانوێل دۆ گروشیـیان دەکرد، ئەمـە لە کـاتێکدا، جـەنەراڵ پراتز هـەر لە سـانتیـیاگۆی پایەتەخت دەسـتبـەسـەر بوو. تـەنیـا لەبەرئەوەی دەنگۆکە خرابووە پاڵ ڕادیۆیەک، سێ ڕۆژ برەوی هـەبوو. لەم ڕەوشانەدا، دەنگۆ دەکارێ شۆڕشێک دامرکێنێتەوە.

بەم شـــێـوەیە، هـەمـیـشـــە دەنگۆچـی دەیەوێ خـۆی وەک کـەسـێکی نێـزیک لە سـەرچاوەکـە پێـشـان بدا، لەمـەشـدا دەنگۆچی چەند سـتـراتیـجـێک بـەکـار دێنێ: وەئەسـتۆخسـتنی دەنگۆکە بۆ سـەرچاوەیەک کە جێی باوەڕ بێت یان بەکـارهێنانی کـورتـەوشـە (مـخـتـصـرات)، یان بـەئاسـانی، دەنگۆکـەی چۆن بیـسـتـووە، ئەوها دەیگێـڕێتـەوە. ڕاسـتـیـیـەکـەشی، دەنگۆچییـەکە سـەرچاوەکەی هـەر نەبینیـوە، بەڵام کەسێکی دیکە دەناسێ کە ڕێی تێ دەچێ سەرچاوەکە بناسێ و ببینێ.

دەنگۆچی هـەوڵیش دەدا، زنجـیـرەی شـایەت و سـەرچاوەکـانی کـورت و کـەم بن، چونکە تـا کورت بن، مـانـای وایە خۆی لە سـەرچاوەکە نێـزیکە. بەڵام بوونی کـەسی سێیەم (دەنگۆچی و سەرچاوە سەرەکییەکەی دەنگۆکەی دەخرێتە پاڵ) پێویستییەکی دەنگۆچییـانە، تا زیاتر خـەڵک بچـێتـە عـەقڵـیانـەوە و هۆکاری دووەمـیش، کـاتێک

دەنگۆچییەک دەڵێ لە فیسارە کەسم بیستووە کە لە فڵانە کەسی باڵا یان بەرپرسەوە نێزیکە، ئیدی خەڵک زۆر لە ڕاستی و ناڕاستیی دەنگۆچییەکە ناکۆڵنەوە. دواتر ئەم شێوازە وا دەکات، خەڵک سەرچاوەکە بەنێزیکێک بزانن کە دەستیان پێی ڕاناگات. ئەمەش بۆ بڕواهێنان بەدەنگۆکە بێ ئەوەی خەڵک بەدوای ڕاستی و ناڕاستیدا بچن، پێویستە.

سەرەنجام، دەنگۆچی هەمیشە لە سەرچاوە سەرەکییەکە نێزیکە، ئەمەش بەهای دەنگۆکە زۆر دەکات و دەیکاتە "هەواڵ"ێکی گەرم کە هێشتا وردەکارییەکانی باش دەرنەکەوتوون، کەواتە نهێنیشە.

## دەنگۆچییە دەستەبژێرەکان

دووەمین هۆکار کە وا دەکات متمانە بەسەرچاوەیەک و ڕاستگۆییەکەی بکەین ئەوەیە، ئایا ئەوەی زانراوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، پێشتر زانیاریی ورد و ڕاستی داوینەتێ یان نا. لێرەدا دەبێ سەرنج بدەین، هەردوو وشەی "ڕاست" و "ناڕاست" دوو وشەی هەڵخەڵەتێنن، چونکە ئەوەی بیرۆکەیەک زیندوو ڕادەگرێ کە پێی وایە بوونی زانراوەیەکی بابەتی، پێوەرێکە بۆ ڕاستیی دەنگۆکە. واتە؛ بیرۆکەی بوونی ڕاستییەکی بەرجەستەی وا کە هەمووان پەی پێ ببەن. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پێشتر هیچ زانیارییەکی ئەم کەسەی ئێستا زانیارییەکمان دەداتێ، درۆ بووە؟ بۆ نموونە، وامان بەر گوێ دەکەوێ گوایە دوکاندارەکەی کۆڵانەکەمان لە کێش و تەرازووەکەیدا فێڵ و سەنگوسووکی دەکات، یەکسەریش بڕوا دەکەین، نەک لەبەرئەوەی لە مەسەلەکەمان پێچاوەتەوە و چاودێریمان کردوە، بگرە زۆر بەئاسانی، لەبەرئەوەی کەس ڕۆژێک بەدرۆی نەخستووەتەوە و ڕۆژێکیش تێبینیمان کردووە (دوای ئەوەی ئاگەدار کراوینەتەوە)، لە کاتی کێشانی شتومەکدا، دوکاندارەکە چەند گرامێکی زیاد کردووە.

ڕاستت دەوێ، ئەوەی هەواڵێکمان پێ دەڵێ، بەرێکەوت ڕوو لە ئێمە ناکات، دەنگۆچییان باش دەزانن لە کوێ بڕوایان پێ دەکرێ و لە کوێ نا. واتە؛ دەنگۆچی دڵنیایە متمانەی پێ دەکەین، بۆیە ڕوومان تێ دەکات. کەواتە دەکرێ بڵێین، ئێمە

دەنگۆگەل لە هاوشانەکانی خۆمانەوە دەبیستین.

جیا لەوەش، متمانەکردن بەدەنگۆچی، وەک یاریی گرەوی سێرپزکێن وایە، کاتێک بەهۆی ئامۆژگاری و مەزەندەی کەسێکەوە چەند جارێک گرەوەکە دەبەینەوە، ئیدی کەسەکە بەسەرچاوەی "ئامۆژگاری" دروست دەزانین. بەهەمان شێوە، توێژینەوە دەروونناسییەکان[٧١] سەلماندوویانە، هەر ئەوەندەی ڕایەکمان لە بارەی کەسێکەوە لا گەلاڵە بوو، ئیدی چاومان ئەو هەڵکەوتانە نابینێ کە پێچەوانەی ئەو ڕایەمانن، حەز دەکەین سووک سەرنجی ئەو هەڵکەوتانەی بدەین کە دژی بۆچوونەکەمانن. هەروەها دەمانەوێ بڕوا بەهەندێک کەس بکەین کە جارناجارێک قسەکانیان ڕاست دەردەچێ، ئەو جارانەش کە ڕاست دەرناچێ ئەوە دیار نامێنێ، چونکە پێشەکی بڕیارمان داوە لە بیر خۆمانی ببەینەوە یان حەز دەکەین بیبەخشین.

## زانراوەیەکی بێ مەرام

ئایا دەنگۆچی قازانج لەبڕواکردنی گوێگرەکەی دەکات؟ بڵێی مەبەستێکی کەسێنی لە دەنگۆیەکدا هەبێت؟ سەڵمینەوە لە بوونی مەبەستێک، یەک لە ڕێگرەکانی بڕواکردنی خەڵکە؛ ئەمەش حاڵی فرۆشیاری هەر کەرەستەیەکە. ئا ئەمەشە ڕۆژانە ڕێ لە بڵاوبوونەوەی سەدان قسەوقسەڵۆک دەگرێ لە هەر کۆمپانیا یان گوند و گەڕەکێکدا. زۆر جاران هەست دەکەین گواستنەوەی قسەکان بەرژەوەندییەکی کەسێنیان لە پشتەوەیە، لەم حاڵەتەشدا، کەسەکە تەنیا گوێزەوەی هەواڵێک نییە، بگرە هاوبەشی پیلانێکە.

بەڵام لە دەنگۆدا، ورووژاندن و سەرنجڕاکێشان نەبێت، دەنگۆچی بەرژەوەندییەکی دیکەی نییە. خۆ ئەگەر گومانیان لە قسەکانی کرد، یەکسەر دەڵێ، من تەنیا هەواڵێکم بۆ گواستونەتەوە و زۆر بەڕوونیش قسان دەکات. قسەوقسەڵۆک، دەنگی خەڵکانی دیکەن، دەنگی کۆمەڵگە و کۆمەڵانی خەڵکن؛ کەواتە ئەم (دەنگۆچی)، تەنیا گەیەنەرێکی هەواڵەکەیە و هیچی دیکە. کاتێک دەنگۆچی بەهەوڵی بڕوا پێهێنانی گوێگرەکەیەوە گیر دەخوا، دوو کارتی جۆکەری گرینگی لە دەستدایە: دەتوانێ سەرنجمان بۆ لای شارەزایەکی باڵا یان ئەو کۆدەنگییەی لای کۆمەڵێ خەڵک دروست

بووە (خۆشمان و دەنگۆچیش سەر بەو کۆمەڵەیەین) ڕابکێشێ.

دووەمین کارتی جۆکەر، هەر ئەو وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمانەی دەنگۆچی بەکاریان دێنێ، بۆ خۆیان پەیامێکن[١٢٧] کە بێ لایەنیی دەسەلمێنن: (دەڵێن ...)، ئەمە بواری دەدا دەنگۆچی بۆ خۆشی لە درێژەی گفتوگۆ و مشتومڕدا، دەنگۆکە ڕیسوا بکات. دەرفەتیش دەبێ مەودایەکی وا بخاتە نێوان خۆی و دەنگۆکەوە وەک گریمانەک کە بڕوای پێی نییە (دەگوترێ گوایە...) بیگێڕێتەوە، هەروەها لە ڕێی (دڵنیان کە...) وا بکات خەڵک بڕوا بەدەنگۆکەی بکەن.

دواجار، خەسڵەتی دەنگۆچی هەر چییەک بێت؛ پسپۆڕی، ڕاستگۆیی، بێ لایەنی یان وێکچوون، ئەوە بڕێکی گرینگ متمانەی پێ دەکرێ. چۆن دەچێتە عەقڵەوە لە کارتێکردنی دەنگۆ سەرمان سڕ بمێنێ؟

بەڵام خۆ سروشتی سەرچاوەکە هەموو شتەکان ڕوون ناکاتەوە. پێویستە نێوەڕۆکی دەنگۆ دوو مەرجی سەرەکی لە خۆ بگرێ تا خەڵک بڕوای پێ بکەن: توانای بڕوا پێهێنانی دەنگۆچی و ویستی بڕواکردنی گوێگر.

## زانراوەیەک شایانی بڕوا پێکردن بێ

پێویستە زانیارییەک کە بڵاو دەکرێتەوە خەڵکیک بڕوای پێ بکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی حەز دەکەن بڕوا بکەن یان نا. ڕاستییەکەی، هەر قسەیەکی زیادیش بۆ ڕازیکردنی خەڵکێک بکرێ بۆ بەدرۆخستنەوەی دەنگۆیەک کە بڕوایان پێ کردووە، ناچێتە خانەی کات بەفیرۆدانەوە. دەبێ بگوترێ، دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە، شایانی بڕوا پێکردن بێت. هەر دەنگۆیەک لە چاوی ئەو کۆمەڵەیەی بڵاوی دەکەنەوە، ڕاستە.

## فراوانکردنی بازنەی بڕواپێکردنی دەنگۆ

لە میانی بەرنامەیەکی زیندووی ڕادیۆیی تایبەت بەدەنگۆگەلدا، ڕۆژنامەوانێک سەرسامیی خۆی دەربڕی: "هەندێک دەنگۆ بەهیچ کلۆجێک جێی بڕوا نین"، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی دەنگۆوە ئەنجام دراون، پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن. ئەو دەنگۆیەی دەچێتە عەقڵەوە و جێی بڕوایە زۆر بەخێرایی ئەوەندەی دەکرێ فراوان

دەبێتەوە. باشە لەم ڕۆژگارەدا چ هەواڵێک جێی بڕوا نییە؟

ڕاستییەکەی، سەرسڕمانی ڕۆژنامەوانەکە، بۆ دەنگۆیەک دەگەڕێتەوە زۆر بەهێمنی لە هەر سێ شاری بیرگۆرد، لۆت و ڤانکلۆز بڵاو بووەوە، پوختەی دەنگۆکەش دەڵێ: ڕێکخراوگەلێکی ژینگەپارێز، کۆمەڵێک ماریان لە فڕۆکەوە بەرداوەتەوە، ئەمەش لە پێناو زۆربوونی گیانلەبەرە خشۆکەکان، هەروەها (بە گوێرەی هەندێک خەڵک) پەیداکردنی خواردن بۆ داڵ و هەڵۆ و باڵندە گۆشتخۆرەکان یان نەهێشتنی جرج و مشکەکوێرە. ئا ئەم دەنگۆیە دوور نییە خەڵک بڕوای پێ بکەن، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار:

بەلای زۆرینەی خەڵکەوە، ئەو هۆکار یان هاندەرانە، ماقووڵ و سەرنجڕاکێشن. کێ هەیە بیری بۆ ئەوە بچێ بۆ خواردنی باڵندە گۆشتخۆرەکان، جۆرە مارێکی تایبەتی هەیە (لە مارەکانی دیکەش درێژترە)، یان بردنی ژمارەیەک کوندەپەپوو بۆ نەهێشتنی جرج و مشکەکوێرە چاکترە؟ جیا لەوەی کەس بۆ ئەوە ناچێ بەراوردی خەرجیی بەکرێگرتنی ترێلەیەکی گەورە ناگاتە کرێی سەعاتێکی فڕۆکە.

ئاخر زۆربەی خەڵک لە فیزیۆلۆجیای ماران نازانن، مەزەندە ناکەن ماریش وەک هەر گیانلەبەرێکی دیکە گەر لەو بەرزییەوە فڕێ بدرێ، دەفەوتێ، وا دەزانن، چونکە هەموو لەشی ماسوولکەیە و نەرمە، هیچی لێ نایەت، مەگەر مارەکە زۆر بچووک بێت، ئەوجا ڕەنگە بەهێواشی بدات بەزەویدا.

کاتێک زانراوەیەکی وا بڵاو دەبێتەوە، سەرەتا کەس گومانی لێ ناکات، خۆ دەبێ هەندێک وردەکاریی زۆرتر هەبێت تا هزرمان بجووڵێنێ، لەم حاڵەتەشدا کە باس کرا، هیچ وردەکارییەک نییە.

ڕەنگە ئەو دەنگۆیەی سەبارەت بەنیسکەی لکاو (العدسة اللاصقة) لە فەرەنسا بڵاو بووەوە، شیاوترین نموونەی فراوانبوونی چوارچێوەی بڕواپێکردنی دەنگۆگەل بێت.

ئابی ١٩٨٤، یەکیەتیی ئیشوکاری گشتیی هەرێمی ئیل دۆ فرانس Ile-de-France کە بەڕاست و ڕەوانی بەناوبانگە، یاداشتنامەیەکی بۆ شەش سەد کۆمپانیا نارد. یاداشتنامەکە باس لە ڕووداوێک دەکات لە دوو کرێکاری کۆمپانیایەک کە ناوی نەهاتووە، قەوماوە. لە کاتێکدا لەحیمچییەک و هاوکارێکی سەرقاڵی کاری خۆیان

بوون "شتێک ڕووی دا کە زیانێکی گەورەی لێ کەوتەوە بێ ئەوەی ئەو کاتە کەس تێی بگات. لە درێژەی هەواڵی یاداشتنامەکەدا، ئەو دوو کرێکارە کە زۆر مەبەستیان بوو هەرچی زووە و چۆن چاکترە، کارەکەیان تەواو بکەن، چاوپارێزەکانیان (واقية العين) داکەندووە، بەڵام کاتێک بەهەڵە شۆرتێکی کارەبایان دروست کرد و خۆشیان نیسکەی لکاویان بەچاوەوە بوو، کاتێک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و ویستوویانە نیسکە لکاوەکان لابەرن، ڕەشێنەی چاوەکانیانی لەگەڵ هەڵکەندراوە و هەردووکیان کوێر بوون". وەک دەنگۆکە دەڵێ، شۆرتی کارەبا شەپۆلگەلێکی ورد دەردەکات کە یەکسەر ئەو شلەمەنییەی نیسکە لکاوەکە ڕادەگرێ، دەیکاتە هەڵم و نیسکەکە بەگلێنەی چاوەوە دەنووسێ. ڕاستییەکەی، ئەم جۆرە ڕووداوانە کە خەڵک پێشتر پێشبینییان نەکردوون، ڕەنگە ئازاریشیان زۆر نەبێت.

لە سەرگەی ئەم چیرۆکەوە، یاداشتنامەکە ئامۆژگاریی هەمووان دەکات نیسکەی لکاو لە کاتی کارکردندا بەکار نەهێنن، هەر خێرا شەش سەد کۆمپانیاکەی یاداشتنامەکەیان پێ گەیشتبوو، بەستنی نیسکەی لکاویان لە کاتی کارکردندا، قەدەغە کرد. کۆنتەراتچییەکانیشیان ئاگەدار کردەوە. هەر بۆ زانین، یاداشتنامەکەی یەکیەتیی ئیشوکاری گشتی، تەنیا یاداشتنامە نییە لەو بارەیەوە. بەشی تەندروستیی کۆمەڵایەتیی سەدان کۆمپانیا یاداشتنامەی هاوشێوەیان بڵاو کردەوە، بۆ نموونە، بنکەکانی پۆست و گەیاندنی بەتەل و بێتەل، دەزگای سەربەخۆی گواستنەوەی پاریسRATP و کۆمپانیای ڕینۆ و دەزگای کارەبای فەرەنسا EDF و هێزی ئاسمانی و کۆمپانیای سۆلاک و دەیان ئەنجوومەنی شارەوانی. ئیدی خەڵک کەوتنە ئەو باوەڕەی نیسکەی لکاو هەندێک جار کوێریان دەکات. بەڵام مەسەلەکەش هەمووی دەنگۆیەک بوو کە هیچ ڕاستییەکی تێدا نەبوو.

ڕاستییەکەی، ئەو دەنگۆیە لە ڕێی لقەکانی کۆمپانیاگەلێکی بیانییەوە ڕووداوێکی ساڵی ١٩٦٧ی ئەمریکایان بەشێواوی بۆ فەرەنسا گواستبووەوە و قوربانییەکەش، کرێکارێکی کانزاسازیی کارگەی باڵتیمۆر بوو. ئەو دەم پزیشکانی ئەمریکا، بۆیان دەرکەوت هەردوو گلێنەی چاوی ئەو کرێکارە زیانی زۆری پێ گەیشتووە. کرێکارەکە گوتبووی لە کاتی لەحیمکردندا پارچەکەی بەردەمی تەقیوەتەوە. دوای پشکنین و

لێکۆڵینەوە دەرکەوت، کرێکارەکە حەڤدە هەژدە سەعات دوای ڕووداوەکە نیسکە لکاوەکەی داناوە، دواتر دەرکەوت برینەکانی گلێنەی چاوی، هی ئەوەبووە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام ئەو نیسکانەی لە چاودا بووە. ئا لەم کاتەدا و پێش ئەوەی دوا دەستنیشانکردن ڕابگەیەنرێ، سەدان لێکدانەوە بۆ نەخۆشییەکەی کراوە و لەمانەشەوە دەنگۆکە سەری هەڵداوە. دوای چەند مانگێک ڕۆژنامەکانی ئوسترالیا و نیوزیلاند، ڕووداوی لەحیمچییەکەیان بڵاو کردەوە. ئیدی لەو کاتەوە، ماوە نا ماوەیەک ئەم چیرۆکە لەمبەری زەریای ئەتڵەسی دەردەکەوێتەوە و لە ١٩٧٥ەوە گەیشتووەتە ئەوروپا، بۆیە وا دیارە دەنگۆکە، کۆمپانیا فەرەنساییەکانی بەهەڵەدا بردووە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، ئەو دەنگۆیە نەک لە لایەنی ڕێڕەوی مێژووییەوە هەڵەیە، بگرە لە لایەنی فیزیکیشەوە مەحاڵە. کەچی سەرەڕای ئەو هەموو وتارەی لە کۆوارە زانستییەکاندا بڵاو دەبێتەوە و پێوەندیدارانی شارەزا دەیخوێننەوە، دەنگۆکە ملی ڕێگەی گرتووە و هەر جارەی لە شوێنێک و بەجۆرێک بڵاو دەبێتەوە.

بەڵام جێی سەرنجە، ئەم دەنگۆیەش دیسان مایەی بڕواکردنە، نەخاسمە هەر کەسێک کە پسپۆڕ یان شارەزا نەبێت دەزانێ، نیسکە تیشکەکانی ڕووناکی "چڕ" دەکاتەوە. کەوابێ بۆچی خەڵک مەزەندەی کاریگەرییەکی زۆر لە نیسکەیەکی گەورەکەر نەکەن کە نەک هەر ئازاری نییە، بگرە ناشبینرێ؟ ڕاستت دەوێ، ئەم سیناریۆ خەیاڵاوییە وەک سیناریۆیەکی ماقووڵ چووە عەقڵی پزیشکانی کۆمەڵایەتی و پزیشکە باوەڕ پێکراوەکانی هەزاران کۆمپانیا و فەرمانگە لە جیهاندا، هەر ئەمەش کۆمپانیاکانی هان دا، یاداشتنامەکە دابەش و بڵاوی بکەنەوە، تا دواجار نێوەڕۆکی یاداشتنامەکە لای کرێکارانیان بووە "ڕاستییەکی ڕەها". دەنگۆکە بەپێی پاساوە مەعریفییە ڕاستەکانی، بووە جێی متمانە، جیا لە شێوازە ماقووڵەکەی و ئەو شارەزاییەی سەرچاوەکە هەیبوو، وایان کرد، دەرگای تێکڕای کۆمپانیا و فەرمانگەکانی بەڕوودا بخرێتە سەر پشت.

مەسەلەکە پێوەندیی بەخەڵکەوە بێت یان پزیشکان و پسپۆڕانەوە، پێویستە لەسەر

هۆکارەکانی فراوانبوونی بازنەی بڕوا پێکردنی دەنگۆ بوەستێن. وا دیارە ئەم واقیعە بۆ دوو دیاردە دەگەڕێتەوە: زانین و پسپۆڕی، دووەمیان، پێوەندیمان بەجیهانی مادییەوە کە تا دێ دادەماڵرێ[٧٩]. ئاخر سەردەمی فەلسەفە ئینسانییەکان و پیک دۆ لا میراندۆڵ Pic de la Mirandol و مۆنتێن Montaigne بەسەرچووە. لەم ڕۆژگارەدا، تەنانەت لە یەک بواریشدا، پسپۆڕی زیاد دەبن، کەمتر خەڵک لە ئاستی زانیندا هاوبەشن، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وا دەکات بەلای پزیشکگەلێکی ئاساییەوە، هەندێ جار نیسکەی لکاو، مرۆڤ کوێر دەکات. لەم ڕۆژگارەدا پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری لە زۆر شت داماڵراوە. باشە چەند هاووڵاتیی فەرەنسایی مارێکی ڕاستیی بینیوە؟ چەند کەس دەزانن ئایا فرۆکەکانی ئاگرکوژێنەوە، چۆن ئەمبارەکانیان لە ئاوی دەریا پڕ دەکەن؟ ڕاستە ئێمە لە فیزیکدا، ئاشنای یاساکانی خێراییی کەوتنە خوارەوەی هەر تەنێک بووین، لێ ئەم فێربوونە هەمیشە وەک زانینێکی دوور لە ژیان و ڕووداوەکانی ڕۆژانە ماوەتەوە، بۆیە کاتێک دەبیستین مار لە فڕۆکەوە فڕێ دراوەتە خوارەوە، دەچێتە عەقڵمانەوە.

بە کورتی، وشەکان مانا مادییەکەی خۆیان لە دەست داوە و چی دی وێنەکانمان ناهێننە پێش چاو. وشەکان داماڵراو و سەربەخۆن، کە گوێمان لە وشەی وشتر دەبێت، دەڵێی باسی تابلۆیەکی داماڵراو (تجریدی) دەکەین. ئا لەم کاتەدا، بایەخ تەنیا بەخەسڵەتی سیحراویی وشەکان دەدەین و داخۆ ڕێزمانی ڕستەکەش تەواوە یان نا. بۆ نموونە، کاتێک دەگوترێ: "دەڵێن بازرگانە جوولەکانی گەڕەکەکەمان کچان بێ هۆش و ڕادەستی باندەکانی سێکسفرۆشی، دەکەن"، یەکەمین کەسی گەڕەک کە بڕوا بەم دەنگۆیە ناکات، ئەو کەسەیە بازرگانەکان دەناسێ، چونکە پێوەندیی لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام بەلای خەڵکی دیکەوە، ڕستەکە، ڕستەیەکی ڕێکوپێکە و وشەکانی"بازرگان" و "جوولەکە" و "بێ هۆشکردن" و "کچان" و "سێکسفرۆشی" چونکە خەڵک دەرک بەمانا سیمبولیکییەکانی ئەم وشانە ناکەن، بۆیە دەرگای گومان دەخاتە سەر پشت، کەواتە سەرلەبەری مەسەلەکە تا ئاستێکی زۆر بۆ چوارچێوەی زەین و بیرکردنەوەی باوی خەڵکەکە، دەگەڕێتەوە.

## سروشتی چوارچێوەی ژێدەرەکان

وەرگرتنی هەر زانراوەیەک لە کەسێک، پێوەستە بەو چوارچێوە باوەی وەک ژێدەر (مەرجەعییەت) ناوی دێنێ، ئەگەر زانراوەکە لەگەڵ ئەو سەرچاوە و ژێدەرەدا هاتەوە کە کەسەکە بەکاری دێنێ، دەرفەتی وەرگرتن و بڕواپێکردنی زۆر دەبێت. لەوانەیە دەنگۆی هێرشی دانیشتوانی ئەستێرەگەلی دیکە بۆ سەر دانیشتوانی زەوی، نموونەیەکی گونجاوی ئەو چوارچێوە مەرجەعییە بێت.

ئێوارەی بیست و نۆی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٨، ئۆرسۆن وێلز Orson Welles لە یەکێک لە ڕادیۆ سەرتاسەرییەکانی ئەمریکاوە، شانۆنامەیەکی پێشکێش کرد کە سیناریۆیەکی خەیاڵی بوو باسی نیشتنەوەی سێڵێکی فڕۆک (صحن طائر) دەکات لە نیویۆرک کە لە مەریخەوە هاتووە[٢٥]. شانۆنامەکە لە شێوەی ڕیپۆرتاجێکی ڕۆژنامەوانیدا بوو، یەکێک لە بەشەکانی، کۆمەڵێک پەیامنێر هەوڵ دەدەن لە شوێنی نیشتنەوەی سێلەکە نێزیک ببنەوە، هەروەها تیمەکانی زانایانی گەردووناسی و سروشتناسی کە بەدیار سێلەکەوە سەریان سڕماوە و هەندێکیان بەتەلەفۆن لەگەڵ میدیاکاندا قسان دەکەن، سەرەڕای سەرکردەکانی سوپا و پۆلیس و بەرپرسانی خاچی سوور و ... تد. ئەم چیرۆکەش وەک "شانۆنامەیەک" لە تێکڕای میدیاکاندا باس کرا.

هەر ئەو ئێوارەیە، ئەو هەزاران ئەمریکاییەی گوێیان لە ڕادیۆکە بوو، زۆر ترسان. هەندێک خەڵک لە سەرتاسەری ئەمریکادا، کەوتنە نوێژ کردن و دەگریان و کەلوپەلێکی کەمیان لە ئۆتومبێلەکانیان بار کرد و هەڵاتن، زۆریش هەبوون دەچوونە ماڵە خزم و دۆستانیان تا ڕزگاریان بێت. خەڵکێکی زۆریش هاوسێکانیان ئاگەدار دەکردەوە و بەتەلەفۆنیش خزمانیان بەسەر کردەوە و خواحافیزییان لێ دەکردن. ئەمانە جیا لە پێوەندیکردن بەپۆلیس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا ئاگەداری هەواڵی نوێتر بن. وا دیار بوو، ئەو پرۆگرامە ملیۆنێکی لەو شەش ملیۆنە کەسە هەژاند کە گوێیان لێ ببوو. بەلای ئەو ملیۆنەوە، مەسەلەکە چیرۆک و شانۆنامەی تێ پەڕاند و بووە زانیارییەکی ڕاست و ڕووداوێکی واقیعی.

بێگومان ئەو لێکەوتەوە پێشبینینەکراو و بێ مەبەستانەی پرۆگرامێکی ڕادیۆیی،

هانی توێژەرانی دا، پرسیار لەوانە بکەن، داخۆ ئەمان لە خەڵک زیاتر بڕوایان بەنێوەڕۆکی پرۆگرامەکە کردووە و تەنانەت هێندە خۆیان ئەزیەت نەداوە بزانن ئایا ئەوە شانۆگەرییەکی سەرکەوتووە یان زانیارییەکی بەرجەستەیە.

دەرکەوت؛ چوارچێوەی هزریی کەسەکان، ئەو زانراوانە بەسروشتی دەزانێ و زۆر بەئاسانیش ئەو جۆرە زانراوانەیان لا دەبێتە ڕاستی و پێیان وایە ڕێڕەوی سروشتیی شتەکانە. ئەو کەسانەش بریتی بوون لە:

- خەڵکێکی باوەڕدار، ئەندامانی گرووپە ئاینییە ئسوولییەکان کە هەردەم کۆتاییی دنیا بەنێزیک و ڕێڕەوێکی سروشتی دەزانن.
- خەڵکێک کە هەمیشە هەڵایسانی جەنگێکی جیهانیی نوێ نیگەرانی کردوون و هەردەم پێشبینیی هێرشێکی دەرەکی دەکەن و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە هەر ساتێکدا، بەدوور نازانن، جا هێرشەکە لە لایەن ژاپۆنییەکان، نازییەکان یان دانیشتوانی مەریخەوە بێت.
- خەڵکێک باوەڕیان بەهێزی تێ پەڕینی زانست هەیە، بۆیە هەر کارەساتێک بەدوور نازانن.

شایانی باسە، بەشێکی زۆر لەو ئەمریکاییانەی بڕوایان بەهێرشی دانیشتوانی مەریخ بۆ سەر زەوی کردبوو، چوارچێوەیەکی مەرجەعی و فیکریی وایان نەبوو، زانراوەکە ڕاست بکاتەوە. هۆکارەکانیش؛ بۆ نزمیی ئاستی زانستیی ئەو کەسانە یان بۆ ڕەوشی باوی ئەودەمە دەگەڕێتەوە. ئاخر زۆر بوون ئەو خێزانە ئەمریکاییانەی بەدەست تێکچوون و ناڵەباریی ڕەوشی ئابووریی سییەکانی سەدەی پێشووەوە ئازاریان چەشت. ئەوێ ڕۆژێ ڕێژەی بێکاری بەرز بووەوە، گوزەران زۆر سەخت بوو، سیاسییان و ئابووریناسانیش دەستەوەستان بوون، ئا لەو دەمەدا، داگیرکردنی زەوی لە لایەن دانیشتوانی مەریخەوە، لە ڕێڕەوی ڕووداوگەلێکی بێ لێکدانەوە و بێ کۆنترۆڵدا، ئاسایی بوو.

جێی سەرنجە، نەبوونی چوارچێوەیەکی مەرجەعی تا ئەمڕۆ بەردەوامە، سادەییبوونی زانست، بیرۆکەی "هەموو تیۆرییەکان کاتین"ی جێگیر کرد. لە ١٩١٠دا، کێ دەچووە عەقڵیەوە لە تەموزی ١٩٦٩دا، مرۆڤ بەپێ بەسەر مانگدا

بڕوات؟ ئەم گریمانەیە بۆ ئەوکات زۆر سەیر بوو. جیا لەوەی گۆڕانکارییە خێرا زانستی و تەکنەلۆجییەکان، هەموو زانینێک دەخاتە بەر گومان و هەر دڵنیابوونێکیش سەبارەت بەسیستمی گەردوون، مەحاڵ دەکات. کە هیچ شتێکیش جێی بڕوای تەواو نەبێت، خەڵکیش بڕوا بەهەموو هەواڵێک و هەر هەواڵێک دەکەن[٧٩].

## تەنگەتاوی "حرج اللحظة"

دەکارین بڵێین، سەرهەڵدانی دەنگۆ بەڕەوشی ئەو ساتەوە گرێ دراوە. ئەوەی ئەمڕۆ دەچێتە عەقڵەوە، دوێنێ وا نەبووە، سبەیش وا نابێت.

لە نێوان چواردە و پازدەی نیسانی ١٩٥٤دا، پۆلیسی سیاتڵ لە ئەمریکا[١٠٣]، زیاتر لە دووسەد سکاڵای تەلەفۆنییان پێ گەیشت سەبارەت بەو زیانانەی لە ژمارەیەک ئۆتۆمبێل کەوتووە. ئەو کات دەگوترا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان سێ هەزار بووە. زیانەکانیش زیاتر بەر پێشی ئۆتۆمبێلەکان کەوتبوون. لە بەردەم دیاردەیەکی ناکاو و بێ پاساوی وادا، پارێزگاری شار ڕای گەیاند، زیانەکان لە توانای پۆلیس بەدەرن و وا دیارە داواکارییەکی ئاراستەی پارێزگاری واشنتۆن کردووە، ئەویش لای خۆیەوە داواکارییەکەی بۆ سەرۆک دوایت ئایزنهاوەر D. Eisenhower بەرز کردووەتەوە. لەم کاتەدا، شۆفێرەکان سەرقاڵی داپۆشینی پێش و بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکانیان بوون بەڕۆژنامە و ژێرپێیەکان، هاوکات هەندێکیان ئۆتۆمێلەکانیان لە گەراجدا هێشتەوە. ڕۆژنامەکان کردیانە هەڵا و باسیان لە دەستدرێژییەکی لە ناکاو بۆ سەر ئۆتۆمبێلەکان دەکرد. پرسەکە بووە ڕاستی و سەنتەرێکی بەناوبانگی توێژینەوەی ژینگە ڕاسپێردرا، لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکات. لە دەی حوزەیراندا، کۆمەڵێک پسپۆڕی کیمیا، ڕاپۆرتێکیان بڵاو کردەوە، ڕاپۆرتەکە دەڵێ؛ ئەو شوخت و خاڵانەی لە پێش و بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکاندا دروست دەبن، هی ئەو وردە قیر و بەردەی سەر شەقامەکانە کە لە کاتی ڕۆشتندا لە ئۆتۆمبێلەکانی بەرانبەر یان پێشەوە بەر ئەوانی دیکە دەکەون، ڕاستییەکەش، ژمارەی شوخت و خاڵ و برینداریییەکان، لەگەڵ تەمەنی ئۆتۆمبێلەکاندا دەگونجان: ژمارەی شوختەکانی ئۆتۆمبێلێکی کۆن لە هی ئۆتۆمبێلێکی نوێ زۆرتر بوون.

بەڵام ئایا دەزانن لە ناوەڕاستی نیساندا لە سیاتڵ چ ڕووی دا؟ دەتوانین لە سۆنگەی ئەو دەنگۆگەلەی شاریان پڕ کرد، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: شوخت و برینداربییەکانی ئۆتۆمبێلەکان هی ئەو وردە ئاسن و داروبەردەیە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بۆمبی ئەتۆمی بەهەوادا بڵاو بوونەتەوە. پێشتر لە تشرینی دووەمی ١٩٥٢دا، لە ئەنجامی یەکەمین تەقاندنەوەوە، یەکێک لە دوورگەکانی ئەنیوێتۆک Enniwetok دیار نەما بوو. لە ئاداری ١٩٥٤یشدا، تەقاندنەوەیەکی ئەتۆمی چاڵێکی پێنج سەد مەتری لە دوورگەی بیکینی Bikini دروست کرد و چەندین تۆن وردە بەرد و زیخ و پاشماوەی بارگاوی بۆ نێو هەوا فڕێ دا[٥٨]، چونکە شاری سیاتڵیش لە کەناری ئۆقیانووسی هێمنە، بۆیە دانیشتوانەکەی بەتەواوی ترسی کاریگەریی مادە بارگاوییەکانیان بەتیشکی ئەتۆمی لێ نیشتبوو. دەمێ یەکێک لە شۆفێرەکانیش لە پێشی ئۆتۆمبێلەکەی ورد بووەوە، "دۆزینەوە"کەی بۆ هاوسێکانی گواستەوە، ئەوانیش لای خۆیانەوە کردیانە هەڵا. ئیدی هەرچی ئۆتۆمبێلی هەبوو، کەوتە لێ وردبوونەوە لە ئۆتۆمبێلەکەی و لەو شوخت و برینداربیانەی لەشی ئۆتۆمبێلەکانیان ورد دەبوونەوە کە پێشتریش هەبوون، لێ هەرگیز سەرنجیان نەدابوو، بۆیە زۆربەیان بڕوایان بە"دۆزینەوە"کەی کابرا کرد و ترس دای گرتن. بەم شێوەیە، "دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان"، درمێکی بڵاو کردەوە: درمی لێ وردبوونەوە.

ساڵانێکی زۆر بوو لە ١٩٣١ەوە فەرەنسا، هەوڵی کوشتنی سەرۆک کۆماری بەخۆوە نەبینیبوو. ڕاستییەکەی، چەندین جار هەوڵی کوشتنی جەنەراڵ دیگۆل درا، بەڵام سەلامەت لێیان دەرچوو. بۆیە ڕەوشی بابەتی بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی وا لە دیدی گشتی و ئەوانەش زانیاری بەخەڵک دەدەن، زۆر جێی بڕوا نەبوو. لە بەرانبەردا، شاردنەوەی ئەو کەسانەی ساڵانێک نەخۆش بوون، یەکێک بوو لەو سیناریۆ ئامادانەی دەچووە عەقڵی خەڵکەوە. بۆیە دەنگۆی هەوڵی کوشتنی سەرۆک فرانسوا میتران لە بیست و سێی تەمووزی ١٩٨٢دا، هێندەی نەبرد دامرکایەوە، لەبەرئەوەی خەڵک ئامادە نەبوو بڕوا بکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی ئەو ڕۆژە گەیشتنە نووسیارانی میدیا، پیاوێک چەقۆیەکی

کردووە بەبن ورگی سەرۆک فرانسوا میتراندا کە لە ئەپارتمانی ژمارە ٢٢ی شەقامی بیاڤری نیشتەجێیە. دواتر دەرکەوت بەڵێ پیاوێک چووەتە نێو ئەپارتمانی ٢٣وە نەک ٢٢ لەو شەقامە و چەقۆیەکی لە کەسێکی دیکە داوە، کاتێک بریندارەکە خۆی گەیاندووەتە پۆلیسی سەر شەقامەکە، بەئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن گەیەندراوەتە نەخۆشخانە. هەر ئەم ڕووداوە، بووە سەرچاوەی دەنگۆی لێدانی میتران.

## بەڵگەگەلێکی ڕوون و ڕەها

کەم جار دەنگۆیەکی بێ ترشوخوێمان پێ دەگات. بەڵکو کۆمەڵێک بەڵگە و نیشانەی بۆ زیاد دەکرێ تا بڕوا بکەین. وا دیارە هێزی دەنگۆ، پێوەندیی بەڕێژەی کاریگەرییەکانیەوە هەیە بۆ سەر هۆشی مرۆڤ. دەنگۆ، سەرنجمان بۆ چەندین هەڵکەوتە ڕادەکێشێ کە پێشتر سەرنجمان نەداون. هەروەها کۆمەڵێک هەڵکەوتە پێکەوە گرێ دەدا و شییان دەکاتەوە، ئەودەم، هاوکاریمان دەکات چۆن چۆنی هەڵکەوتەکانی دەوروبەرمان ڕێک بخەین و تێیان بگەین. با کەمێک ئەم تیۆرییانە ورد بکەینەوە.

ئەوەی سیاتڵ، دەنگۆکە وای کرد، خەڵکی دیقەت لە پێشی ئۆتۆمبێلەکانیان بدەن و وردەکارییەک ببینن، پێشتر هەبوون بەڵام نەبینرابوون. دەنگۆ سەرنجمان بەلای هەڵکەوتەگەلێکدا ڕادەکێشێ، پێشتر بینیومانن، لێ هیچمان لێ نەخوێندوونەتەوە. هۆکارەکەش، هەڵکەوتەکان بەگشتی کەڕوالّن و هیچ مانایەکیان نییە، ئەوە ئێمەین بەپێی تێڕوانینی خۆمان و سەردەمەکە، مانا بەهەڵکەوتەکان دەبەخشین. ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا شایانی باسە، دەنگۆ، ڕووداوگەلێک دەخاتە قسە کە تا پێش ئەو کاتە، بێ مانا دەهاتنە بەرچاو. بۆ نموونە، دەنگۆی مردنی پۆڵ مەکارتنی، لێکدانەوەیەکی باڵکێش بۆ وردەکاریی هەردوو بەرگی ئەلبوومەکەی کۆما بیتڵز دەکات، هەروەها ئەو دیدارانەی لەگەڵ ژمارەیەک هاووڵاتیی ئەمریکا ئەنجام دران کە بەشانۆنامە ڕادیۆییەکەی هێرشی مەریخنشینەکان بۆ سەر شاری نیویۆرک، کاریگەر بووبوون، ڕاستیگەلێکی گرینگیان ئاشکرا کرد. کاتێک گوێیان لە پرۆگرامەکەی وێڵز بوو، هەندێکیان تێدا مابوون و نەیاندەزانی داخۆ چ بکەن، بۆیە بەتەلەفۆن پێوەندییان بەپۆلیسەوە کرد، هێڵەکەیان سەرقاڵ بوو، گوتیان دیارە

پۆلیس خەریکی کاری خۆیەتی، کاتێکیش توانییان قسە لەگەڵ پۆلیسدا بکەن، پێیان گوترا، پۆلیس هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە نییە، ئەڵبەت ئەم وەڵامەش دڵنیاکار نەبوو. یەکێک لەو ئەمریکاییانەی دیداریان لەگەڵ ساز کرابوو، گوتبووی من کە لە پەنجەرەکەوە سەیری شەقامەکەی خوار ماڵی خۆمان دەکرد زۆر قەرەباڵخ بوو، گوتم هەڵاتنەکە دەستی پێ کردووە. یەکێکی دیکەیان، چۆڵیی شەقامەکانی گەڕەکەکەیان نیگەرانی کردبوو، وای بۆ چووبوو؛ داگیرکەران دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێلەکاندا گرتووە. لەبەرئەوەی کەس نەبوو پێیان بڵێ ڕەنگە وا نەبێت، بۆچوونەکانی خۆیان لا بووە ڕاستی و هەموو نیشانەکانیشیان لای خۆیانەوە کردە بەڵگەی گریمانەکەیان. بەهەمان شێوە، ئەو دەنگۆیانەی سەرنجمان بۆ کۆمەڵە هەڵکەوتەیەکی دەوروبەرمان ڕادەکێشن و وا دەکەن پەی بەهەڵکەوتەگەلێک بەرین کە پێشتر پەیمان پێ نەبردبوون، زۆر بەئاسانی دەنگۆکانمان لێ دەکەنە ڕاستی.

وەنەبێت ئەم "بەڵگانە" تەنیا دەنگۆگەل بگرنەوە، بگرە هەموو ئەو هەڵکەوتانەش دەگرێتەوە لە ئەنجامی پێوەندی و تێکەڵییەوە سەرنجیان دەدەین. کاتێک کەسێ پێمان دەڵێ ئەم یان ئەو منداڵ "منداڵێکی تووڕەیە"، ئیدی هەرچی کردەوە و ڕەفتاری توندی ئەو منداڵەیە، دەیخەینە خانەی "تووڕەبوونەوە"، خۆ ئەگەر هەمان منداڵیان وەک منداڵێکی چالاک و بەتوانا پێ ناساندین، ئەوە هەمان ئەو کردار و ڕەفتارە توندانەی دەخەینە خانەی "بە توانایی و چالاکی"یەوە. ئا ئەم ناڕوونییەی بەهەموو هەڵکەوتەکانی دەوروبەرمانەوە دیارە، لاپەڕەیەک دروست دەکەن، ڕەنگدانەوەی تێکڕای ئەو وێنە و گریمانە و بۆچوونانەیە پێشتر لامان کۆبوونەتەوە، ئەو دەمیش، هەر کە دەرکی ڕووداوێک دەکەین، یەکسەری لامان دەبێتە ڕاستی. حیکایەتێکی چینی کە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، بەجوانترین شێواز ئەم پرسە ڕوون دەکاتەوە. پوختەی حیکایەتەکە دەڵێ، پیاوێک تەورەکەی لێ بزر بوو، گومانی لە کوڕی هاوسێیەکەی بوو، بۆیە کەوتە چاودێریکردنی کوڕە، لە چاوی جووتیاردا، ڕوخساری کوڕە بەدزان دەچوو، تەنانەت قسەکانیشی وا پێ دەچوون، ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشی دیسان وایان پێشان دەدا. بەڵام ئەوەی کابرا پێشبینیی نەدەکرد ڕووی دا، کابرا لە کاتی جووتدا، تەورەکەی دۆزییەوە، بۆ ڕۆژی دواتر، کابرا چەندی لە کوڕە ورد دەبووەوە، هیچی بەدزان نەدەچوو[٣٩].

## خۆشیی لێکدانەوە گەورەکان

دەنگۆ زۆر باڵکێشە، چونکە لە ڕێی سادەکردنەوەی مەسەلەکان و خولّقاندنی چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکەوە، دەرفەتمان پێ دەدا چاکتر لە دنیا تێ بگەین. ئاخر جاری وا هەیە یەک دەنگۆ، هێندە هەڵکەوتەی جیاواز پێکەوە گرێ دەدا، تەواو بۆ لای خۆیمان ڕادەکێشێ. وا دیارە هۆشی مرۆڤ زۆر حەزی لەوەیە لە ڕێی لێکدانەوەیەکی هاوسەنگەوە، ڕووداوە پەرشوبڵاوەکان پێکەوە گرێ بدات. ئێمە حەزمان لە گەڕەلاوژێ و گریمانە و ڕێکەوتەکان نییە، تەنانەت ڕەفتارە هەرزە و سەرەڕۆکانمان، سیحربازی و دوعا و نوشتەکردن، هەر هەموویان نیشانەی ویستی ئێمەن بۆ مەزەندەکردنی بوونی ڕێسایەکی شاراوە لە پشت ڕێکەوت و گەڕەلاوژێکانەوە.

بە درێژاییی سەدەی هەژدە، گەلی فەرەنسا شەش گرانی و قاتوقڕیی بەسەر هاتووە. لەو سۆنگەیەوە، دەنگۆ بڵاوبووەوە، ئەو قاتوقڕی و گرانییە یەک لەسەر یەکانە، بەری پیلانێکی هەمەلایەنەی وەزیران و دەستوپێوەندی شا و بانکەکان و فەرمانبەرانی حکوومەت و پۆلیس و نانەواکانە. هەندێک مێژوونووس ئەم تێڕوانینەیان بەحاڵەتی "سەرلێشێواویی دەستەجەمعی" لێک داوەتەوە. بەواتایەکی دیکە، سەرلێشێوایی بەردەوام، نیشانەی کەمعەقڵییەکی دەستەجەمعییە. ئەم نموونەیە، نیشانەی ویستی لێکدانەوەیەکی دەروونناسانەی دەنگۆیە.

وەک کاپلان Kaplanیش جەخت دەکاتەوە، بڕواکردن بەتیۆریی پیلان زۆر ئاسانە، چونکە "تاکە تیۆرییەکە، تەنگژەکان لە بەرچاو دەگرێت، ئاخر کاتێک پیاوانی سەدەی هەژدە لە دەوروبەریان ورد دەبنەوە، هەڵکەوتەگەلێک (...) دەبینن کە هەر هەموویان بەڵگەی بوونی پیلانێک پێک دێنن"[٥٥]. ڕاستییەکەی، کۆمەڵە هۆکارێک، گومانەکان وەک ڕاستی دەردەخەن، بۆ نموونە، کۆمپانیاکان، ئاڵوێر، قۆرخکردن و تێوەگلانی دەسەڵاتداران، هەروەها لەو ڕۆژگارانەدا لە فەرەنسا، چەند جارێک بەبیانووی جیاجیا، گەنم فڕێ دراوەتە دەریاوە. جیا لەوەی ژیان لە سایەی سیستمی کۆندا، پڕ بوو لەو دەسیسە و پیلانانەی لەکۆشکی پاشایەتی و دەرباری دەرەبەگەکاندا دەچنران. بۆیە، ڕەگەزەکانی بڕواکردن بەبوونی پیلانێک بۆ گرانی و برسیکردنی خەڵک، لە ئارادا بوون، تەنیا تیۆریی پیلانیش دەکارێ ئەو ڕەگەزانە پێکەوە گرێ بدات.

جیا لەمانە، باڵکێشیی دەنگۆ، پشت بەخەسڵەتێکی مرۆیی دەبەستێ. بۆ مرۆڤ، لێکدانەوە سادەکان لە ئاڵۆزەکان لە پێشترن. لە نێوان دوو تیۆریی بەرانبەردا بۆ لێکدانەوەی هەمان هەڵکەوتە، فەیلەسوفانی زانست، بنەمای ئۆکهام Ockhamیان دارشتووە: پێویستە تیۆرییە سادەکە هەڵبژێرین. با لەم بارەیەوە ئەم نموونە واقیعییە بێنینەوە.

دوو کەس "ئە" و "بێ"یان دانا و کۆمەڵێک وێنەی وردەکاری جەستەی مرۆڤیان پێکەوە پێشان دان، تا بە لێ وردبوونەوە بزانن کام شانە نەخۆشە و کامەیان ساخە، ئەڵبەت دەزگایەکیشیان بەرانبەریان دانابوو کە لەگەڵ دەستنیشانکردنەکانی هەردوولادا، لایتێکی لێ دەدا وەک نیشانەی ئەوەی وەڵامەکانیان ڕاستن یان هەڵە، ئەڵبەت "ئە" و "بێ"، ڕوویان لە یەکدی نەبوو. لە تاقیکردنەوەکەدا، دەرکەوت وەڵامەکانی "ئە" ڕاستن و دەزگاکەش لە ڕێی لایتەکەوە پێی دەگوت وەڵامەکانی ڕاستن، کار گەیشتە ئەوەی "ئە"، وردە وردە پەی بەتانوپۆی شانە ساخ و نەخۆشەکان دەبرد. بەڵام چونکە سیستمی لایتەکەی "بێ" بەئەنقەست دەستکاری کرابوو، بۆیە کاتێک وەڵامەکانی دەدایەوە لایتەکە بەهەڵە دادەگیرسا و وەڵامی هەڵەی پێشانی"بێ" دەدا (لە کاتێکدا نەیدەزانی دەزگاکەی ئەم دەستکاری کراوە و پێی وابوو دەزگاکە ئاماژەی دروستی دەداتێ)، هەر بەشوێن سیستمێکدا دەگەڕا، تانوپۆی شانە ساخ و نەخۆشەکانی پێ دەستنیشان بکات.

لە نیوەی تاقیکردنەوەکەدا، داوا لە "ئە" و "بێ" کرا لە بارەی نیشانەکانی شانە ساخ و نەخۆشەکانەوە گفتوگۆ بکەن. لە گفتوگۆکەدا "ئە" لێکدانەوەیەکی سانای بەپێی هەندێک پێوەر پێشکێش کرد، بەڵام "بێ"، بەپێی ژمارەیەکی زۆر پێوەر و هەلومەرجی لێکنەچوو، لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزی پێشکێش کرد، ڕاستییەکەی، "بێ" بەشوێن ڕێسایەکدا دەگەڕا، لە کاتێکدا هیچ ڕێسایەک لە ئارادا نەبوو، واتە؛ ڕێسایەکی بۆ خۆی داهێنابوو.

جێی سەرنجە، "ئە" هیچ کام لە تێبینییەکانی"بێ"ی ڕەت نەکردەوە، بەو پێیەی زۆر ئاڵۆز و ڕتووشکراو بوون، بەپێچەوانەوە، سەرسامیان کرد[١٤٥]، کە تاقیکردنەوە دەستی پێ کردەوە، وەڵامەکانی "بێ" وەک خۆیان شێواو بوون، لە بەرانبەردا، وەڵامە ڕاستەکانی "ئە"ش پاشەکشەیان کرد، چونکە پشتی بەهەندێک بیرۆکەی ئاڵۆز و

داهێنراوی "بێ" بەست کە هیچ بنەمایەکیان نەبوو.

ئەم بنەمایە بۆ دەنگۆش ڕاستە. دەنگۆ ڕێسایەکی لێکدانەوە دروست دەکات، واتە گریمانەگەلێک کە سەمتێکی (نسق) دیاریکراو بەتێبینییەکان دەبەخشن. دەتوانین بڵێین، بەگشتی دەنگۆ کاتێک چێژێکی تێدایە کە بڕێک وەهمی و بریقەدار بێت. خۆ ئەگەر کەسێکی دیکە لێکدانەوەیەکی ئاسانتر و عاقڵانەتری پێشنیاز کرد، سووک سەرنجی دەدرێ. ئاخر لەو کاتانەدا گوێگر لە بن پاڵەپەستۆیەکدایە، ئەگەر بڕوا بەدەنگۆ وەهمییە بریقەدارەکە نەکات، بەڵگەی سادەیی و دواکەوتوویییەتی، بەپێچەوانەوە بڕواهێنان بەوێنە ئاڵۆزەکەی دەنگۆ کە پڕیەتی لە مەزەندەی وەهمی، نیشانەی پێشکەوتن و وردبینییە. جیا لەوە، ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان، شوێنی شێرلۆک هۆڵمز کە لە ناخی هەر یەکێکماندا دەژی، چەسپاوتر دەکات. ئاشکراکردنی زانیارییەکی دانسقە، یان پێشکێشکردنی سیناریۆیەکی جوان کە ڕووداوەکانی وەستایانە داڕێژرا بن، شانس و کەسێتییەکی دیار لە نێو خەڵکدا بەمرۆڤ دەبەخشێ.

## توانای دووبارەکردنەوە

تا دەنگۆ گەورەتر بێت، زیاتر جێی بڕوایە. دوای ئەوەی سەرەتا دەنگۆ هەر بۆ خۆشی دەماودەم دەکات، لە کۆتاییدا دەبێتە ڕاستیەکی سەلمێندراو. کاتێک مرۆڤ دەنگۆیەکی لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە گوێ لێ دەبێت، زۆرتر بڕوای پێ دەکات، کە کۆمەڵێک کەسی جیاواز زانیارییەکت بۆ دەگوازنەوە، مانای ڕاستییەتی. ئەزموونی ئێس ئاش S. Asch[١٠] زۆر جوان دەیسەلمێنێ چۆن کۆدەنگی، بیروباوەڕە جێگیرەکانی مرۆڤ دەلەقێنێ.

لە یەکێک لە هۆڵەکاندا، ئەم ڕاهێنانە بەهەشت کەس کرا: هەشت کەسەکە بەرانبەر پەردەیەک دانیشتوون، لای چەپی پەردەکەوە، هێڵێکی ڕاست پێشان دەدرێ کە ناوە ناوە درێژ و کورت دەبێتەوە، لای ڕاستیشیەوە، سێ هێڵی دیکە، درێژیی یەکێک لە هێڵەکانی لای ڕاست، هێندەی هێڵەکەی لای چەپە و دوو هێڵەکەی دیکە زۆر بەڕوونی دیارە کە جیاوازن. ئەرکی ئەو هەشت کەسە ئەوە بوو، ئەو هێڵەی لای ڕاست دەستنیشان بکەن کە هێندەی هێڵەکەی لای چەپ درێژە. بەردەوامیش ئەم

هێڵانە پیشان دەدرێن و پێویستە هەر کەسێکیش وەڵامەکەی خۆی بەدەنگی بەرز بڵێ، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسەکانی دیکەدا بکات.

ئەوەی یەکێک لە بەشداران کە بە"ج" دەناسرا، ئاگای لێ نەبوو؛ حەوت کەسەکەی دیکە ڕێنوێنییان پێ درابوو وەڵامێک بدەنەوە کە بەئاشکرا دیار بوو هەڵەیە. ئەو هێڵەی دەیانگوت، کورتتر یان درێژتر بوو لە هێڵەکەی لای چەپ، جیاوازییەکەش وەک ڕۆژ دیار بوو. بڵێی کاریگەریی ئەم کۆدەنگییە چی بێت؟ ڕاستت دەوێ، زۆربەی خەڵک، "ج"ەکان، ڕادەستی زۆرینە دەبن، لە کاتێکدا کە گومانکردن لە ڕای زۆرینە قبووڵ ناکرێ، کەچی "ج" خۆی لەو کۆدەنگییە لادا.

دوای ڕاهێنانەکە دەرکەوت، "ج" سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕای خۆی بڵێ، با دژی کۆدەنگییەکەش بێت و گوتی: "ویستم ئەوە بڵێم کە دەیبینم، ئەگەر چی عەقڵم جارجار پێی دەگوتم لەوانەیە هەڵە بم". یەکێکی دیکەیان گوتی: "وەک خۆم وەڵامم دایەوە، بەڵام نکوڵی ناکەم چەند جارێک لە دڵی خۆمدا دەمگوت: بەسە. وەک ئەوان وەڵام دەدەمەوە". بەڵام ئەوانەی ڕای کۆدەنگییەکەیان هەڵبژارد زۆر بەئاشکرا یەکێکیان گوتی: "دڵنیام ئەگەر یەکەمین کەس بام، وەڵامێکی جیاوازم دەدایەوە، لێ چ بکەم وا دیار بوو برادەرەکانم لە تێڕوانینی خۆیان زۆر دڵنیا بوون، بۆیە شوێنیان کەوتم".

بێگومان بەشێک لەو کەسانە "ج وەک نموونە" (خۆشبەختانە) سووربوون لەسەر ئەوەی ڕای خۆیان بڵێن، مانای وایە، کاریگەریی کۆمەڵ، کاریگەرییەکی ڕەها نییە، بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیەش، ڕەنگدانەوەی واری ژیانی ڕۆژانە نییە:

لەم تاقیکردنەوەیەدا، وەڵامە ڕاستەکە زۆر بەڕوونی دیار بوو، بەشێوازێک ئەوانەی سووربوون لەسەر ڕای خۆیان، لە وەڵامەکەیان دڵنیا بوون. بەڵام لە دەنگۆدا، ڕەوشەکە تەواو ناڕوونە. بۆ نموونە: "ئەو کچە مەلەوانە ئەڵمانییە زیاتر بەپیاو دەچێ وەک لە کچ". باشە لێرەدا چ وەڵامێک ڕاستە؟

هەر لەم تاقیکردنەوەیەدا، هەشت کەسەکە یەکدییان نەدەناسی، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەردەوام لەگەڵ دەوروبەرەکەمان گفتوگۆ دەکەین، بۆیە ڕاکانیانمان بەلاوە گرینگە، ئەمەش واتە؛ کاریگەریی کۆدەنگیی کۆمەڵێکی ناسیاو، زۆرتر و گەورەترە.

## زانراوەیەکی دڵخواز "معلومة مستحبة"

تا ئێستا باسی ئەو هۆکارانەمان کرد کە وا دەکەن بڕوا بەهەر زانراوەیەک بکەین، خزمێک، هاوڕێیەک یان هاوسێیەک بۆمانی بگێڕێتەوە. بەڵام جیا لەو لیستی هۆکارانەی باس کران، هۆکارێکی دیکە هەیە: دەنگۆ، زانراوەیەکە دڵمان دەیخوازێ. هەندێک جار، دڵمان هێندە دەخوازێ بڕوا بەدەنگۆیەک بکەین، هەموو پێوەرە واقیعی و بابەتییەکان تێ دەپەڕێنین. ئەمەی دواییان، بەرەنجامی ویستی بڕواکردنە نەک پێچەوانەکەی.

## ویستی بڕواکردن

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو هەوڵانەی کەناڵەکانی سەرچاوەی زانراوە دەیدەن و پێگەکانیان، هیچ دەنگۆیەک ڕووناکی نابینێ، ئەگەر ویستەکان تێر نەکات و وەڵامی حەزە شاراوەکان نەداتەوە و دەروازەیەک بۆ ململانەیەکی دەروونی نەکاتەوە. خەڵک بەگشتی حەزیان لە قسە هەڵبەستراو و نهێنییە گەرمەکانە، بۆ ئەوەی کاتێک بەرژەوەندییەکی تێدا بوو یان مەبەستێکی پێکا، خێرا بیکەنە دەنگۆگەل.

پێویستە بشڵێین، دەنگۆ ڕازیت ناکات، بگرە دەتورووژێنێ. ئەو دەمەی دەنگۆیەک دەبیستین، دەڵێی شتێکمان دەست کەوتووە کە دەبێ خێرا لەگەڵ دەوروبەرەکەماندا باسی بکەین. ئەم دیاردەیە، پێوەندیی بەهێزی شەڕانی یان خەوهێنەری دەنگۆوە نییە، تا وەک هەورەبرووسکە لێمان بدا. دەنگۆ، سووک و سانا، بەدەنگێکی بەرز گوزارشت لەو پرسانە دەکات کە بێ دەنگ بیریان لێ دەکەینەوە، یان ناوێرین هیوای جێبەجێبوونیان بخوازین. دواتر، تەنیا دەنگۆ، جیا لە سەرجەم پەیامەکانی دیکە، ڕای گشتی دەچەسپێنێ و گوزارشتی لێ دەکات، واتە؛ هاوزەمان هەڵکەوتەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی لۆگیکەوە و ویستەکانیش تێر دەکات. پێش دەنگۆ، "پێمان وابوو" ئەو سیاسەتوانە پاک نییە، بەڵام دوای دەنگۆ، "دەزانین" پاک نییە. هەموو جارێکیش، دەنگۆ گوزارشت لە ناخی خەڵک دەکات، دەنگۆکە هەستەکانی خەڵک ئازاد دەکات و ڕێ بەدەربڕین و بەبڵاوکردنەوەیان دەدات بەئازادی. کاتێک زۆر بەدڵڕەقییەوە باسی کەسێکی خۆفرۆش دەکەین، ئەو هەستی دوژمنکارانە

شـاراوەیەی نـاخـمـان کـەوی دەکـەین، ئەمــەش بەڵگەی ئەوەیە کـە قـسـەکـردن، حـەساندنەوەی دەروونە. جـیا لەمانە، کـاتێک مـرۆڤ گوێی لـە هەندێ قسـان دەبێ بەئاشکرا دەگوترێن و ئەمیش پێشتر لە ناخی خۆیدا باوەڕی پێیان بووە، هەست بەمتمانە و دامەزراوی بۆچوونەکانی دەکات، ئەمـەش، پاڵی پێوە دەنێ بـەشداریی قسە و گفتوگۆی خەڵک بکات.

دەتوانین چەندی بڵێی نموونە بێنینەوە. دەنگۆی فڕێدانی مارەکانی فەرەنسا، یەک لەو نموونانەیە. شـیکردنەوەی ئەم دەنگۆیە، بوونی چوار تێـڕوانینی جـیـاواز لە گـوندەکـانـدا دەسـەلمێنێ، نەک هێندە، بگرە هەر گـوزارشـتـیـان لێ دەکـات و دەیانچەسپێنێ. ئەو زانایەی ژینگە کە دەیەوێ داکۆکی لە سروشت بکات، خـۆی سـەرچاوەی مـەترسـیـیـە، چونکە زیان دەگـەیەنێ، با نیـازی چاکـەش بێت. ئاخـر زانایانی ژینگە پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆ و بەردەوامـیـان بـەو زەوییـەوە نـیـیـە، ئەو بەفڕۆکە بەسەر گوندانـدا دەسـوڕێتەوە، دەنا دەیزانی جۆرە مـارێکی درێژ هەیە کە هـاوزەمـــان ژەهراوی نیـیــە و درێژیشـــە، بۆیە خــواردنێکی چاکــتــرە بـۆ باڵندە گۆشـتخـۆرەکـان. بەگـشـتی دەتوانرێ بگوترێ، بڕیارە کـارگـێڕییـەکـانی پاریس (بە پەڕەشـووت دابەزیون) و زۆریشـیان تـێ دەچێ (فڕۆکە) و زیانبـەخشیشـن. ئا لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، نێوەرۆکی دەنگۆکە ڕێکەوت و بێ مەبەست نییە.

لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، نموونەی دیکە یەکجار زۆرن لەو دەنگۆگەلەی خەسڵەتی ڕازیکردن و بێ مـەبەسـتـییان پێـوە دیارە. ئەو قسـەیەی لە مـانگی ئایاری ١٩٨١دا گوایە بردنەوەی سۆسیالیستەکانی فەرەنسا، پەشێوییـەکی ناوەتەوە، جوانکردنێکی زۆری ڕەوشـەکەی پێوە دیار بوو. هەر لە ئێوارەی ١٠ی ئایارەوە، خـەڵک پێشبینیی دووبارە داگیرکردنەوەی وڵاتەکەیان دەکرد و هەرگیز بەعەقڵیشیاندا نەدەچوو، حەوت ساڵ چاوەڕێ بکەن تا هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەنجامـەکـان دەگۆڕێ. سـەرەتا خـەڵک پێیان وابوو، ئەم کارەساتە سیاسییە، سیستمی سیاسی فەرەنسا دەڕووخێنێ. مـانگان تێ پەڕین و شـتـێکی وا ڕووی نەدا، مـردنی ناکـاوی جـۆرج پۆمـپـیـدۆ پێش ئەوەی حـەوت سـاڵەکەی تـەواو بکات، هیـوایەکی کـەمی لای خـەڵک هێـشـتبـووەوە، بەهەمان شێوە خەڵک ئومێدی بەوە بوو، نەخـۆشی، کۆتایی بەمیتران، بەو پیاوە بێنێ

که سیمبوڵی سیستمەکەیە.

بێگومان، دەنگۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی فرانسوا میتران لە پایزی ١٩٨١ەوە بڵاو بووەوە، چونکە گوزارشتی لەو ویستەی خەڵک دەکرد (ڕاستییەکەی، دەنگۆکە هەر لە ١٠ی ئایارەوە بڵاو بووەوە). بەر لەوەش، لە بیست و چواری ئابی ١٩٧٣ەوە تەندروستیی میتران بووبووە جێی پرسیار، کاتێک ئامادەی کۆبوونەوەکانی سۆسیال ئینەرناسیونال نەبوو لە ستۆکهۆڵم. دواتریش لاوازیی میتران لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤیزیۆنی بەرانبەر ڕیمۆن بار Raymond Barre ڕۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٧٧، جارێکی دیکە، باری تەندروستیی میترانی هێنابووەوە بەر باس، بۆیە دەنگۆکەی ١٩٨١، دەنگۆیەکی دڵخواز بوو بەلای ڕای گشتیی فەرەنساوە. بەو پێیەش یەک لە ئەرکەکانی دەنگۆ، قوتدانی حەزە شاراوەکانە، بۆیە هەر دەبوو، نێوەڕۆکی دەنگۆکە پێوەندیی بەنەخۆشیی شێرپەنجەوە هەبێت. خۆ ئەو دەنگۆیانەی دواتر باسیان لە سەردانە بەردەوامەکانی میتران دەکرد بۆ نەخۆشخانەی ڤال دۆ گراس، ئەوە هەر هەموو سنوورێکیان بەزاند.

هەر لە فەرەنسا، بەڵام لە بوارێکی تەواو جیاوازدا، مارگرین، کەوتە ململانێ بەرانبەر کەرەی دەستکرد، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕووبەڕووی کێشەی فرۆشتنی بووەوە، بەتایبەتی کە لە بەرانبەر پڕفرۆشیارترین کەرەی فەرەنسیدا بوو، ئەمەی دواییان لە پاڵ خەسڵەتە سروشتییەکانیدا، بووبووە بەشێک لە کەلەپووری خەڵکەکە، لەگەڵ ئەوەشدا پاساوی زۆر هەبوون تا خەڵک هەر مارگرین بکڕن. پێویست بوو مارگرین هەمان باشی و خەسڵەتەکانی هەر کەرەیەکی چاکی هەبێت، جیا لەوە هەرزانتر، بگرە نیوە نرخ بێت[٤٠]. بەڵام ئەم ڕەوشە، مایەی سەرئێشە بوو بۆ کابانی ماڵ، ئاخر چۆن بتوانێ دوو بیرۆکەی دژ، پێکەوە بگونجێنێ، چۆن دەکارێ کابانێکی ماڵداریکەر بێت و بەرهەمێک نەکڕێ کە وەک کەرەکانی دیکە چاکە و نیوە قیمەتیشە؟ کۆمپانیای بازرگانیی ئەسترا Astra لە یەکێک لە ڕێکلامە بازرگانییەکانیدا، باسی ئەو سەرئێشەیەی کابانان دەکات و ئەم ڕستە بەناوبانگەی بەکار هێنا "دواجار لەو حوکمە پێشوەختەیە ڕزگار بوون کە زۆر لەسەرتان دەکەوت". بۆ خۆ قوتارکردن لەم ڕەوشە دەروونییە بێزارکەرە[٥١]، کابانەکان حەزیان

بەهەر دەنگۆیەکی خراپ دەکرد سەبارەت بەمارگرین. بۆ نموونە: مارگرین لە شتی زۆر خراپ دروست دەکرێ. پاشماوەی چەوری و بەز و کۆنە ئێسقانی قەسابخانەکانە، کارگەکانی مارگرین زۆر پیسن و هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە و چەندین دەنگۆی دیکە. ئیدی کابانەکانی ماڵەوە بڕوایان بەم دەنگۆیان دەکرد و بڵاویشیان دەکردەوە، دڵی خۆشیان دەدایەوە کە کەرە دەستکردەکەی سالآنێکە بەکاری دەهێنن، چاکترین کەرەیە.

شایانی باسە، توانای دەنگۆ بۆ گوزارشت لە هەستەکانمان، بەشێکی پێوەندیی بە"زێدەڕۆیی و گەورەکردنەوە" هەیە، یان زیادخستنەسەر قسەکان؛ ئەم مەسەلەیەش بەڕوونی بەڕێڕەوی بڵاوبوونەوەی دەنگۆکەلەوە دیارە. لە ناخ و بیرەوەریی خۆماندا بۆ وردەکارییەک دەگەڕێین، دەنگۆکە چاکتر بکات، چونکە دەنگۆکە لەگەڵ بۆچوونەکانماندا دێتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەین چاکتری بکەین تا زۆرتر جێی بڕوا بێت.

## زایەڵەی بیرکردنەوەکانمان

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، زایەڵە یان دەنگدانەوەی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانمان، ڕێکەوت نییە، بگرە بەری خۆدانەپاڵی ئێمەیە بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە لە ڕاوبۆچوون و بەها و هەڵوێستەکاندا هاوبەشین.

ئەو پشتیوانییەی دەنگۆ لە هەست و نەست و ڕاکانماندا دەیکات، بەڵگەی ڕاستییەکە کە دەڵێ؛ زۆر دەنگۆ جێی متمانە نییە، کەچی وردە وردە پێشڤە دەچێ و سەریش دەگرێ.

هەروەها دەنگۆگەل، سوودە دەروونییەکانی بڕوا پێکردن و بڵاوکردنەوەیمان پێ دەبەخشێ، لە کاتێکدا زۆر گوێ بەڕاستیی دەنگۆکان نادەین. کاتێک گوێمان لە دەنگۆیەک دەبێ کە هەستەکانی ناوەوەمان جێگیر دەکات، نامانەوێ ڕەخنەی لێ بگرین. بەڵام خۆ دەنگۆ خەون نییە، خەون لە پابەندبوون بەڕاستییەوە، قوتارمان دەکات، بەڵام دەنگۆ، وەک پێشتر باسمان کرد، پێویستە کەمێک ڕاستیی تێدا بێت. جیا لەوەش، ناکرێ سەرگرتنی دەنگۆیەک" مەحاڵە هەندێک بڕوای پێ بکەن" بۆ ئەوە بگێڕینەوە کە سەرچاوەکەی نەیویستووە ئەو هێندە بڕوای پێ بکەن. سەرکەوتنی دەنگۆ، بەڵگەی ئەوەیە کە بایی ئەوەندە ماقووڵە خەڵک بەگشتی بچێتە عەقڵیانەوە.

له نێـوان سـاڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢دا، کـۆمـەڵە ڕێسـتـورانـەکـانی مـاکـدۆناڵدزی بەناوبانگ لە ئەمریکا (ئێستا لـە ماکدۆناڵدز هەموو جیهاندا بەناوبانگە و یەکێکە لە سـیـمـبـوڵـە بازرگـانییـەکانی ئەمـریکا- وەرگێڕ)، کەوتنە بەر شـالاوی دەنگۆیەک کـە دەڵێ؛ کرمی زەوی دەخەنە نێو ئەو گۆشتەی بۆ هەمبەرگری بەکار دێنن. ئەم دەنگۆیە وەک نموونەی ئەو دەنگۆیانە دەهێنرێتەوە کە خـەڵک باوەڕیان پێ دەکرد، لە کاتێکدا جێی بڕوا نییـە. بەڵام لەم نموونەیەدا تێبینیی هەڵەیەک دەکەین، چونکە ئەم دەنگۆیە بێ پاسـاو نیـیـە. بەشـێوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ و مـەجـازی دنەی ئەو نیگەرانییـەی ئەمریکاییەکان دەدات سەبارەت بەنەریتی خواردنیان، ئاخر ئەمریکاییەکان هەموو شـتـێک دەخـۆن. وەک هەوڵێک بۆ ئاگـەدارکـردنەوەی گـەلی ئەمـریکا سـەبارەت بەم نەریتـە خـراپەی خـواردن، چەمکی خـواردنی تێـرنەکـەر food Junk داهێنرا، هەر بۆ زانین دەسـتەواژە ئینگلیزییەکە واتە؛ "خواردنی بەرمـاوە". ڕاستت دەوێ، هـەمبـەرگر یەکـێکە لەو خـواردنە ئەمـریکاییـیـانەی ڕەخنەی زۆری لـێ دەگـیـرێ. دوایی، زۆر لە ئەمریکاییەکان لە سیستمی چۆنایەتی و چەندایەتیی خواردنیان دوودڵن. بێگومان بیرۆکـەی کرمی زەوی بەچاکی مـەترسیی ئەو بۆنەی لـە هەناوی مرۆڤەوە لە ئـەنجامی خـواردنی هـەمـبـەرگر و خـواردنەوەی کۆلاوە هـەسـتی پێ دەکرێ، بەرجـەسـتە دەکـات. ئاخر کرم، لە لایەک نیشانەی بەرمـاوەیە، لە لایەکی دیکەشـەوە، نیشـانەی ئەو بۆن و بەرامەیەیە کە دوای خواردنی هەمبەرگر لە هەناوی هەمبەرگرخۆرەکانەوە دێ.

بەڵام ئایا لە ڕووی لۆگیکییەوە مەزندە دەکرێ کۆمپانیای ماکدۆناڵدز، کرم بخاتە نێو گۆشـتەکەیەوە؟ بەدروسـتی نەخێر، بەڵام بەشـێوەیەکی سیـمبولیک، بەڵێ. ئاخـر دەنگۆکە گوزارشـتە لە ناڕەزاییی بەشـێک لە ڕای گشتی بەرانبەر کۆمپانیایەک کـە پێناسـەکەی بەبەرهـەمێکی ناهاوسـەنگەوە پێوەسـتە و مـایەی نیگەرانیشـە. هەوڵدانی کـۆمـپـانیـاکـە بۆ فـرۆشـتـنی چەندی زیاتر هـەمـبـەرگـر بەئەمـریکاییـیـەکـان، واتە کۆمـپـانیـاکـە، کـارگـەیەکە بۆ ژەهر. دەشـتـوانین بڵـێین، هەمـوو ئـەو کـارەی دەنگۆکە دەیکات، گوزارەیەکی ڕەمزییـە بۆ ئەوەی هـەمـوو هـەمـبـەرگرێک ژەهـرە و کـۆمـپـانیـای ماکدۆناڵدزیش ئەم ڕاستییـە چاک دەزانێ، کەچی هـەر سـوورە لەسـەر بڵاوکردنەوەی ئەو ژەمـە ژەهراوییـە. دوور لەوەی داخـۆ مـەبەسـتی دەنگۆکە، لە خشـتـەبردنی خـەڵک بێت، دەنگۆکە هـاوارێکی ئاگەدارکردنەوەشـی تێدایە.

باسی پێنجەم

# جەماوەری دەنگۆ و ئەرکەکانی

ڕێک دەکەوێت، قسان لەگەڵ کەسێک بکەین هەڵبژاردەی ئێمە نەبن. ئەگەر هەڵیشمان بژاردن، هەڵبژاردنەکە لامسەرلایی نابێت؛ ئاخر دەنگۆ جەماوەری خۆی هەیە. بەڵام قسەکردن لە بارەی ئەم "جەماوەر"ەوە، نابێ ئەوەمان بیر بباتەوە کە هەر کەسە و ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە گواستنەوەی دەنگۆدا هەیە. دواتر ڕۆڵی هەڵسوڕێنانی دەنگۆ شرۆڤە دەکەین.

## بازاڕی دەنگۆ

هەموو دەنگۆیەک بازاڕی خۆی هەیە. وا ڕاهاتووین بڵێین دەنگۆ لە هەموو جێیەکە و بەسەرلەبەری شاردا بڵاو دەبێتەوە، لێ ڕاستییەکەی، تەنیا بەشێکی شار دەنگۆیەک دەبیستن و بەشێکی کەمتریشیان بڕوای پێ دەکەن. نموونەش، ئەو بڵاڤۆکەی مادە زیادکراوەکانە کە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بەئاسانی بڵاو بووەوە. کێ لە فەرەنساییەکان بڵاڤۆکەکەی بەدەستی وەرگرتبوو؟ دەبێ ئاماژە بدەین پاش دە ساڵ ئەوجا کاریگەریی لەسەر سێیەکی ماڵان هەبوو. وردکردنەوەی داخۆ چۆن ئەم دەنگۆیە گەیشتە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، دیاردەگەلێکی دژبەیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات(٧٦).

لە نێو خاوەن پیشە ئازادەکان و کارمەندە باڵاکاندا، دوو لەسەر سێی کابانەکان بڵاڤۆکەکەیان خوێندبووەوە. بەڵام لە نێو فەرمانبەران و کارمەندە مامناوەندییەکاندا، لە دوو کابان، یەکێکیان خوێندبوویەوە. لە نێو کرێکاراندا، یەک لەسەر سێیان بڵاڤۆکەکەیان بەدەست گەیشتبوو. وا دیارە بەگشتی ڕێژەی ئەو خێزانانەی منداڵیان

هەیە لە هەمووان زیاتر بووە. نیوەی ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە، بەرانبەر لە سەدا سی لەو خێزانانەی منداڵیان نییە و لە سەدا حەڤدەش بۆ زگورتییەکان. ئەڵبەت ڕێژەی ژنە گەنجەکانیش بەرزترین ڕێژە بوو.

بێگومان هەندێک جار ئەو قسەیەی دەڵێ هەر دەنگۆیە و جەماوەری خۆی هەیە، قسەیەکی سەیرە.

زۆر جاران باس لە"جەماوەرێکی زۆر" دەکرێ، وەک ئەوەی هەموو ئەم جەماوەرە زۆرە هێندە ڕێک بن بەیەک دەنگ بڕوا بەدەنگۆیەک بکەن و بیڵێنەوە. هەر دەنگۆیەک باسی ڕووداوێکی تایبەت و دیاریکراو دەکات. بەڵام جەماوەری هەر دەنگۆیەک، ئەوانەن کە هەست دەکەن بابەتی دەنگۆکە پێوەندیی بەوانەوە هەیە. ئەڵبەت لێکەوتەوەکان، لە دەنگۆیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، کەواتە جەماوەرەکەشیان جیاوازن. بەڵام ئەو هۆکارانە چین پاڵمان پێوە دەنێن، لەم جەماوەرەیان بین یان لەوی دیکە؟

## کاریگەریی ئەزموون

لەو بیست شارەی فەرەنسا کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە دەنگۆی بازرگانیی سێکسفرۆشی لە مارکێتەکانی جلکفرۆشتنیان تێدا بڵاو بووەتەوە، پیاوان بەگشتی بڕوایان بەو دەنگۆیە نەکردووە، دەکارین بڵێین لەبەرئەوەی دەنگۆکە ڕاستەوخۆ پیاوان ناگرێتەوە، بۆیە هێندە بایەخیشیان پێ نەداوە. بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت، پیاوان، باوک و هاوسەر و برا و دۆستی ئافرەتانن، بۆیە لێکدانەوەی ڕاستتر ئەوەیە کە پیاوان ئەزموونیان لەگەڵ شار و ژیانی شاردا زۆرترە و چاکتر قسە و باسێکی ڕاست لە درۆ، جیا دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە، زۆر لەم جۆرە دەنگۆیانە، سەرچاوەکانیان، بەشی نێوخۆیی کچانە، واتە لە شوێنێکی داخراودا کە نەوەیەکی ڕواڵ و هەرزەکاری پێکەوە (ئەزموونێکی ئەوەندەیان لەگەڵ شاردا نییە) دوور لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان، دەژین. بەهەمان شێواز، ئەم جۆرە دەنگۆیانە لە نێو بەساڵاچوواندا بڵاو دەبێتەوە، ئەوانەی هێندە شارەزای ژیانی سەردەم نین و لە سایەی سیناریۆگەلێکی نموونەییدا دەژین. جێی سەرنجە، ئەو کچە گەنجەی زۆر

زوو بڕوا بەم دەنگۆیانە دەکات، دەمودەست ئامۆژگارییەکانی نەنکی دێنێتەوە یاد کە چۆن هەر لە منداڵییەوە لەم جۆرە شتانەی ئاگەدار کردووەتەوە.

بەڵام کاریگەریی ئەزموون، هەمیشە بۆ دەنگۆ خراپ نییە. ئەگەر یەکێک ناکۆکیی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا هەبێت، دەنگۆ دەبێتە بەشێکی دیار لەو ناکۆکییە، ئەمەش دەنگۆکە ماقوڵتر دەکات. هەروەها کاریگەریی ئەزموون ڕۆڵی ڕۆشنبیرانمان لەو وڵاتانەی ئازادیی تێدا نییە، بۆ شرۆڤە دەکات. لە ڕاپرسییەکدا کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران کرا[١٤]، پرسیاریان لە خەڵک کردووە: بەڕای ئێوە دەنگۆ ڕاستتر بووە یان دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکوومەتی؟ ٩٥٪ی کادیرە باڵاکانی حزب و دەوڵەت گریمانەکەیان سەلماند، ٨٥٪ی فەرمانبەران، ٧٢٪ی کرێکاران و ٥٢٪ی جووتیارانیش. ئەگەر بمانەوێ لەم ئەنجامانە تێ بگەین، ئاسانە. چونکە کادیرە باڵاکان و فەرمانبەرانیش بەپلەی دوو لە سەنتەری دەسەڵاتەوە نزیک بوون، زۆر بەچاکی ئاگەداری جیاوازیی نێوان ڕاستیی ڕووداوەکان و ئەو هەواڵانە بوون کە میدیا حکوومەتییەکان بڵاویان دەکردنەوە.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ، کاریگەریی ئەزموون، بەڕاست یان بەهەڵە، بەشێک لە خەڵک وەلا دەنێت، ئەو خەڵکەی دەنگۆکە لەگەڵ چوارچێوە مەرجەعییەکانی بیرکردنەوەیاندا ناگونجێ و خۆی لە بەرانبەر ئەو بەراوردەدا ناگرێ. لێرەدا جەخت لە دەستەواژەی "بە ڕاست یان بەهەڵە" دەکەمەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دووەمین جەنگی جیهانی، دەبێ لەو هۆکارە بپێچینەوە کە دەنگۆکانی تایبەت بەئۆردوگاکانی بەندکردن (معسكرات الإعتقال) وا زوو دامرکانەوە[٢٩]. ئاخر جیا لەو بێدەنگییەی حکوومەتی ئەمریکا بەدەستی ئەنقەست سەپاندی (تا نەڵێین شەڕێکی "جوولەکانە" دەکات و ئەو بەشەی ڕای گشتی کە دژی سامیزمن نەبزوێنێ و دژی شەڕەکە بووەستنەوە)، کاریگەریی ئەزموون، کاریگەرییەکی نەرێنی بۆ سەر هەندێک دەنگۆ هەبوو. بۆ نموونە، هەندێک گرووپی بەرهەڵستکاری فەرەنسایی ڕازی نەبوون لەو بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیاندا باسی ئەو ئۆردوگایانەی هۆلۆکۆست بکەن، ئاخر ئەزموونی ئەو گرووپانە لەگەڵ دەنگۆ و دژەدەنگۆ وای لێ کردبوون سەرەتا دەنگۆی ئۆردوگاکانی نازیزستەکان، بەژەهرخواردێکی لە پێشەوە پیلان بۆ

داڕێژراو، سەیر بکەن. بەگوێرەی چوارچێوە مەرجەعییەکانیان و لە ئەنجامی مامەڵە و ڕەفتاری خراپ و ترسناکی نازیستەکان، ئەستەم بوو بڕوا بەبوونی ژووری بەگازخنکێن بکەن.

## هەر بابەتە و کڕیاری خۆی هەیە

سەرباری ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییانەی بڕیار لە گۆڕەپانی هەر دەنگۆیەک دەدەن، باری دەروونیی کەسەکانیش، ئاستی کارتێکردنی دەنگۆ و بڵاوبوونەوەی و بڕوا پێکردنی، دیاری دەکەن. بۆ نموونە، دوای توێژینەوە لەبارەی یەکێک لە دەنگۆکانی تایبەت بەبازرگانیی سێکسفرۆشییەوە، بی. پیلارد بۆی دەرکەوت؛ زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لەو دەنگۆیە ترساون؛ ئافرەتە بەتەمەنە ناشیرینەکان بوون (بە بەراورد لەگەڵ کچە گەنجەکاندا)[١٠٦]. بڕواکردنیان بەدەنگۆکە بۆ نێرجسییەتیان (لەخۆڕازیبوون – خۆپەرستی)یان دەگەڕێتەوە، ئاخر بەسەلکردنەوەیان لەوەی ڕەنگە بڕفێنرێن، خۆیان دەگەیەنن ئەو بڕوایەی شایانی ڕفاندنن. بەڵام کچە گەنج و جوانەکان، تەنیا لەبەرئەوەی وەک شتێکی خۆش و حەرام، دەیانورووژێنێ.

ئەو نموونەیەی ئێستا باس کرا، بەبارێکی دیکەدا، ئەزموونێکی گەلێک سەرنجڕاکێش بەرجەستە دەکات. ئەزموونەکەش ئەوەیە؛ داخۆ هەموو دەنگۆیەک هی گوتنێیە، وەک ئەوەی بڵێین: قاوە خراپ و زیانبەخشە؟ بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە، دوو فەرمانبەر ڕاسپێردران بەو هاوکارانەیان کە لە دەوری دەزگای ئامادەکردنی قاوەکە خڕ بوونەتەوە، بڵێن "قاوە زیان بەکۆئەندامی مێشک دەگەیەنێ و ئەگەری تووشبوونی شێرپەنجە زیاد دەکات"[٤٠]. لە لایەنی تیۆرییەوە، دەبوایە دەنگۆکە لە لایەن ئەوانەی قاوە زۆر دەخۆنەوە، بایەخی زیاتری پێ بدرێ، کەچی بەپێچەوانەوە، کەمخۆرەکان، زۆرتر بڕوایان کرد. زۆرخۆرەکان، هیچ پێوەندییەکی لۆگیکیان لە نێوان قاوە و شێرپەنجەدا نەدەبینی، ئەمانە بڕوایان نەکرد، چونکە پێیان وابوو دەنگۆکە، بێ سەروبەرییەکی زانستیی وای تێدایە، هەرگیز جێی بڕوا نییە.

زۆری و بەردەوامیی دەنگۆگەل لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، کاریگەریی

زۆری بۆ سەر ورەی گشتی هەبوو، بۆیە توێژینەوەگەلێکی زانستی لەبارەی دەنگۆوە کران. بەگوێرەی ئەوە توێژینەوانە، دەنگۆ لای ئەو کەسانە زۆرتر جێی بڕوایە کە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەن.

لە کاتی شەڕدا ئەو خەڵکە دووچاری هەژاری و بێ نان و ئاو و گۆشت و سووتەمەنیی زۆر بووەوە، ئا لەو ساڵانەدا دەنگۆ هەبوو "هەندێک خەڵک پشتێنەکانیان توند دەکەنەوە و هەندێکی دیکە شلی دەکەنەوە". دەگوترا، خواردن و شتومەک هەن، لێ بازرگانان بۆ ئەوەی گرانیان بکەن دەیشێرنەوە، یان گوایە خواردنەکان خراپ بوون. دوو توێژەوە بڕیاریان دا، شیکارییەکی ورد بۆ سروشتی ئەو کەسانە بکەن کە بڕوایان بەم جۆرە دەنگۆیانە دەکرد[٤]. تەنیا دوازدە دەنگۆشیان هەڵبژارد وەک نموونە. دەنگۆ هەڵبژێردراوەکانیش، لەو دەنگۆیانە بوون پێوەندییان بەهیچ هەڵکەوتە و ڕووداوێکەوە نەبوو، هێندەش دوور و بێ سەروبەر بوون، کەس نەیدەتوانی بڕوایان پێ بکات، لەبەرئەوەی پێوەندیی بەئەزموونێک یان یادگارێکی خۆیەوە هەیە. (لێرەدا نووسەری کتێبەکە چەند نموونەیەکی لەو دەنگۆیانەی سەروەختی شەڕ هێناوەتەوە کە پێم وایە لە چێژی خوێنەری کوردەوە دوورن، بۆیە دەقاودەق تەرجەمەم نەکردن بگرە پەنام بۆ هەندێک نموونەی خۆماڵی، سەردەمی شەڕو قاتوقڕییەکانی کوردستان برد، خۆ ئێمەی کوردیش ئاشنایەتییەکی چاکمان لەگەڵ شەڕ و دەنگۆگەلی کاتی شەڕدا هەیە: فلانە شت نەما. فیسارە بازرگان ئەوەندە هەزار فەردە ئاردی شاردووەتەوە. لە سەربازگەی ... هێندە کەس گوللەباران کراون. لە داوەتی شەوێکی فلانە بەرپرسدا ئەوەندە گۆشت و برنجە خوراوە، فلانە بەرپرس پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەوەندە ئافرەت یان فیسارە کچ هەیە و ئیدی لەم شێوە دەنگۆیانە. ئەم نموونانە زۆر نێزیکن لە نموونەکانی نێو کتێبەکە – وەرگێڕ).

لە ئەنجامی توێژینەوەکەی ئەو دوو توێژەوەیە دەرکەوت، دەنگۆکان تەنیا گەیشتوونەتە ٢٣٪ی ئەوانەی پرسیاریان لێ کراوە. ئەمەش واتە دەنگۆ لە "هەموو شوێنێک" بڵاو نابێتەوە وەک هەندێک کەس پێیان وایە. بەڵام سەبارەت بڕوا پێکردنی دەنگۆکان، ٢٧٪ بڕوایان کردووە، پاساوەکەشیان ئەوەیە؛ هەر چۆنێک بێت دەنگۆکان مەحاڵ نین.

توێژینەوەکە، ئەو توێژانەش ئاشکرا دەکات کە زۆرتر بڕوایان کردووە، هاوزەمان توێژینەوەکە ئەرکەکانی دەنگۆ و هۆکارەکانی بڕوا پێکردنیشی دەردەخات. دیسان ئەوەی جێی سەرنجی توێژەوان بوو، ئەو کەسانەی لە بنەڕەتدا سیستەمی ڕێکخستنی خواردنیان (سیستەمی کۆبۆن) بەڕێوشوێنێکی نادادوەرانە و نەزۆک دەزانی، لەوانەی سیستەمەکەیان بەدادوەرانە و پێویست دەزانی، زۆرتر بڕوایان بەدەنگۆکان دەکرد، لەبەرئەوەی دژی سیستەمەکە بوون، دەستیان بەهەر شتێکەوە دەگرت پاساوی دژایەتییەکەیان بداتەوە، جیا لەوەی دەنگۆکان، هەلی بۆ دەرەخساندن تا بەدەنگی بەرز ناڕەزاییی خۆیان بەرانبەر سیستەمی کۆبۆن دەربڕن و دەنگۆکانیان بەپاڵپشتی ڕەواییی هەڵوێستەکەیان دەزانی.

## هەر گرووپە و قۆچی قوربانییەکی ئامادەی هەیە

وا دیارە هەر کۆمەڵە و گرووپە کۆمەڵایەتییە، خاوەنی قوربانییەکی ئامادەیە کە خەسڵەتێکی نیمچە دامەزراوەییی هەیە. ڕەنگە توێژەوان لە ڕێی لێکۆڵینەوەی ئەو قوربانییەی دەکەوێتە بەر دەنگۆکە، بتوانن بازاڕەکەی دیاری بکەن، هەروەها لە ڕێی ئەم پرسیارەوە: بۆچی هەمیشە دەبێتە قوربانیی دەنگۆگەل؟ بۆ نموونە، هەر لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، دەنگۆکانی دژ بەسامیزم لە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی ئەمریکا (زۆربەی دانیشتوانی لە سپی پێست و مەسیحییەکان بوون) بڵاو بوونەوە. بەڵام دەنگۆکانی دژ بەڕەش پێستەکان، لە باشووری ئەمریکا بڵاو بوونەوە، هاوکات ئەو دەنگۆیانەی لە ڕۆئاوای ناوەڕاستی ئەمریکا (بە سەبەتەی دانەوێڵەی ئەمریکا دەناسرێت) بڵاو بوونەوە، سەرۆک ڕۆزڤێڵت و ئیدارەکەیان کردە ئامانج و قۆچی قوربانی.

ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمەکانی ڕۆهەڵاتی کەنەدا، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، کۆمپانیای باتز Batts بەرهەمهێنی بیرەی باتز (بیرەیەکی بەناوبانگە لە کەنەدا) تۆمەتبار دەکات گوایە خاوەنەکانی پاکستانین. ڕاستییەکەش، چونکە زۆربەی پاکستانییەکان نیشتەجێی کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی کەنەدان، بۆیە بوونەتە ئامانج و قوربانیی ئەم دەنگۆیە، هەر ئەمەشە وا دەکات ببنە ئامانجی گەڕەکە میللییەکانی شاری ڤانکۆڤەر Vancouver و بابەتی دەنگۆکانیش.

شایانی گوتنێیە، ڕووخساری ئەو قۆچی قوربانییەی لە هەموو گوناهەکانمان بەرپرسیارە، وا لە بەرگی ئیبلیس یان پەیامبەرە درۆزنەدا. ئەوکاتەی وڵات لە تەنگژەیەکی ئابووریدا دەژی، بەهاکان بەرەو پەیدا دەکەنەوە و دەبنە جێی باسوخواس. کە فڕۆکەیەکی بۆینگی کۆمپانیای TWA بەرەو بەیروت ڕفێندرا، هەندێک لە ئەمریکاییەکان ڕووداوەکەیان بەنیشانەی گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی ئیبلیس لە قەڵەم دا. ئاخر بەگوێرەی خوێندنەوەیەکی ڕەشبینانەی (سفر الرؤیا)، دەبێ بەر لە ڕۆژی حەشر، کۆمەڵە کارەساتێک ڕوو بدات، ئەوەش بەڵگەی دوا شەڕی ئیبلیسە. ڕفاندنی فڕۆکەکە وا دیارە بەلای گرووپە ئاینییە ئسوولییەکانەوە کە زۆربەیان دانیشتووی ناوەڕاست و باشووری ئەمریکان، نیشانەی وادەی دنیا ئاخربوونە. بەلای ئەم گرووپانەوە، ئەم نیشانە ناسروشتییانە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بوونی چالاکیی ئیبلیسن. بەڵام کێشە مادییەکە، دەستنیشانکردنی شوێنی ئیبلیس و ناسینی ئەو پیلانگێڕانەیە کە ئیبلیس بەزۆر بۆ فراوانکردنەوەی قەڵەمڕەوی خۆی، بەکاریان دێنێ. ڕاستییەکەی، هەر لێرەشەوە، دەنگۆکانی دژی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا (پرۆکتەر ئەند گامبڵ، ماکدۆناڵدز و ئەوانی دیکە) پەیدابوون، هەروەها دەنگۆکان، ژمارەیەک تیپی موزیکی بەناوبانگی وەک، لێد زێپلین Zeppelin Led و بلاک ساباث Black Sabbath و ڕۆڵینگ ستۆنز Rolling Stones یان بەهاوکاریی ئیبلیس تۆمەتبار کرد.

پێویستە سەرنج بدەین، تەواوی ئەم دەنگۆیانە لەو ویلایەتانەی ئەمریکاوە دەردەچوون کە زۆرترین پابەندییان بەئاینەوە هەیە و بە (پشتێنەی ئینجیل) ناسراون. لە نێو ئەم ویلایەتانەدا، دەنگۆگەلی ئیبلیسیانە، جەماوەری خۆیان هەیە و تەنانەت سنووری ئەم ویلایەتانەش تێ دەپەڕێنن. لە ڕاپرسییەکدا کە لەم ساڵانەی دواییدا لە نێو کۆمەڵێک هاووڵاتی ئەمریکادا ئەنجام درا، ٣٤٪ی ئەوانە پێیان وایە ئیبلیس"بوونەوەرێکی ڕاستیی و زیندووە"، ٣٦٪ یش پێیان وایە ئیبلیس، چەمکە نەک بوونەوەر، بەلای باقی خەڵکەکەشەوە (٣٠٪)، ئیبلیس بوونی نییە[١٠٠]. کەواتە زۆر ئاساییە، دەنگۆکان، سنووری پشتێنەی ئینجیلی ببەزێنن، بەتایبەتی، ئەوانەی باوەڕیان بەبوونی مادییانەی ئیبلیس هەیە، لە هەموو شوێنێک هەن.

بەڵام لە فەرەنسا، زۆر ئاساییە مارکێتەکانی جلکفرۆشتن ببنە قۆچی قوربانیی دەنگۆگەلی بازرگانیی سێکسفرۆشی، نەخاسمە، لەو مارکێتانەدا، ئافرەتان جاری وا هەیە هەر بۆ خۆشی خۆیان ڕووت دەکەنەوە. بەڵام خۆ نابێت هەر بەم هۆکارە سێکسییە دەروونییە واز بێنین. ئاخر ئەم مارکێتانە ئەرکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیشیان لە ئەستۆیە، بگرە یەکێکن لە پایە دامەزراوەکانی گۆڕینی داوونەریتەکان. ئەم مارکێتانەن کەلوپەلی مۆدێرن دەهێنن و دەرفەت بۆ گەنجان دەڕەخسێنن، لە ستایلە کۆنەکەی کەسوکاریان یاخی بن، جیا لەوەی ئەم مارکێتانە هەل دەدەنە کچان، خۆیان وەک کۆمەڵە ئەستێرەیەکی ناسراو لێ بکەن کە ڕەنگە هەر خەڵکی ئەو شارە یان وڵاتەکەشیان نەبن، هاوزەمان، مۆدێلی نوێی جلوبەرگ دەبێتە سەرەتای نەمانی کۆنترۆڵی کەسوکار و شار بەسەر گەنجاندا کە زۆریان حەز لە ئینتیما بۆ دەری شارەکەیانە.

بێگومان، ئەو ڕەوشەش بێ ئومێدییەک دەخوڵقێنێ و خەڵک بەگشتی هەست بەنارەزایی بەرانبەر ئەو"میکرۆبە" دەکەن کە گەنجانی شێت کردووە، نەخاسمە ئەگەر بازرگانەکانیش لەو بازرگانە جووانە بن کە نیشانەیەکی هەمیشەییی دەرەوەن. ئا ئەم هەستە شاراوەیە دەنگۆکە لە دەرفەتێکی گونجاودا دروست دەکات. بەمەش، مارکێتەکان دەبنە قۆچی قوربانی، لە دیدی خەڵکی شارەوە بەرپرسیاریەتیی بەرەڵابوونی گەنجانیان دەکەوێتە ئەستۆ. بەلای خەڵکی شارەوە، بزاڤەکانی ئازادیی گەنجان و مارکێتەکانی فرۆشتنی کاسێت و بنکە هونەرییەکان و هۆڵەکانی سەماکردن، جیاوازییان نییە.

باسی شەشەم

# کاراکتەران "دەنگۆچییان"

دەنگۆ، کارێکی هەرەوەزییە و بەری کۆمەکی هەمووانە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ڕۆڵی هەریەک لە کارەکتەرانی ئەم ڕێڕەوە دینامیکییە، زۆر بەوردی دابەش دەبێت.

## هەر کەسە و ڕۆڵێک دەگێڕێ

نموونەیەکمان هەیە کە زۆر بەجوانی دابەشبوونی ڕۆڵی کارەکتەرانی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی دەنگۆمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. توێژەوەیەک بۆی ڕێک کەوت ئاگەداری سەرهەڵدانی لە ناکاوی دەنگۆیەک بێت لە نێو کۆمەڵەیەکی بچووکدا و توانیی لێکۆڵینەوەی گەورەبوونی دەنگۆکە بکات(٥٢). ڕاستییەکەی، لێکۆڵینەوەی بەردەوامی هەر دەنگۆیەک لە چرکەی سەرهەڵدانیەوە، حاڵەتێکی دەگمەنە، بۆیە ناچارمان دەکات لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەین.

ئەم دەنگۆیەی باسی دەکەین، لە شارێکی هێمنی ئەمریکاوە (کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی تێدایە کە بەنرخێکی مامناوەندی دەدرێتە خەڵک) سەری هەڵداوە. سەرەڕای ئەوەی کرێچییانی کۆمەڵگەکە، کۆمیتەیەکیان پێک هێنابوو، بەڵام کۆمەڵگەکە نەخانەی بەخێوکردنی منداڵان و نەهیچ جێگەیەکی تایبەت بەچالاکیی قوتابییانی تێدا بوو. کۆمیتەکە تەنیا ئێوارانی شەممە، ئاهەنگێکی بۆ منداڵان ساز دەکرد. ئەڵبەت، بێ توانایی کۆمیتەکە لە ڕێکخستنی چالاکیگەلێکی بەکۆمەڵ، بۆ ساردیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی شارەکە، دەگەڕایەوە. ئاخر هەر کرێچییەک پێی شەرم بوو دانیشتووی ئەو کۆمەڵگەیە، چونکە پێی وابوو هاوسێکانی هاوشانی ئەو نین و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە خوار ئەووەیە، ڕۆژێکیان،

ئەندامێکی نووسینگەی کاروباری کۆمەڵگەکان بیری لەوە کردەوە هەڵسوڕاوێکی کۆمەڵایەتی بۆ شارەکە بنێرێ، بچێتە لای کۆمیتەی کریچییان و پێشنیازی چەند پرۆژەیەکیان بۆ بکات کە دانیشتوانی کۆمەڵگەکە خۆیان بەڕێوەیان ببەن. دەست بەئامادەکارییەکان کرا و بەهەوڵی هەڵسوڕاوەکە و هاوکارانی، نووسینگەکە توانیی چل ئافرەت و سێ پیاو بۆ یەکەمین کۆبوونەوەی دابەشکردنی ئەرکەکان پەیدا بکات. سەرەنجام، لێژنەگەلێکی پسپۆڕ پێک هێنران، کاروباری کۆمەڵگە کەوتە دەست خەڵکانێکی نوێ، بەرانبەر بەوە، ئەندامانی کۆمیتەی کریچییان، یەکە یەکە پێگەکانی خۆیان دۆڕاند، لە پێشیانەوە سەرۆکی کۆمیتەکە.

پاش چەند هەفتەیەک، لەپڕ تێکڕای پرۆژەکان وەستان، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە چالاکترین ئەندامانی لێژنە نوێیەکان، واتە؛ یەکێک لە سەرکردە تازەکانی کۆمەڵگە، کۆمۆنیستە (بیرمان نەچێت باس باسی شارێکی ئەمریکایە)، ئەم پرۆژانەش ئامانجی نهێنییان لە پشتەوەیە، دەبێ بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن.

ڕاستییەکەی، مرۆڤ دەکارێ دەنگۆکە ڕۆنێتەوە. ڕۆژێکیان، سەرۆکی کۆمیتەی پێشووی کریچییان، گومانی خۆی لە هاوسێیەکی دەربڕی، دیارترین پرسیار: باشە هۆکاری هاتنی لە ناکاوی ئەو هەڵسووڕاوە کۆمەڵایەتییە بۆ کۆمەڵگەکە چی بوو؟ هەرگیز بەعەقڵیدا نەدەچوو، کابرایەک تەنیا بەمەبەستێکی ئەکادیمیانە، کارێکی وا بکات. لەبەرئەوەی سەرۆک کۆمیتەی ناوبراو، یەکێک بوو لە ڕاوەدوونەرانی کۆمۆنیستەکان، بۆیە یەکسەر بەبیریدا هات کە بڵێ چالاکترین ئەندامی لێژنە تازەکان، کۆمۆنیستە. ئەمەش جێ بڕواترین لێکدانەوە بوو بۆ ڕەوشەکە، هەواڵەکە گەیشتە ئافرەتانی لێژنەکان، یەکسەر چوونە لای ئەندامەکەی نووسینگەی کاروباری کۆمەڵگەکان تا بزانن چ بکەن باشە؟ ئەگەرچی ئەندامەکەی نووسینگە ڕای خۆی نەگوت، لێ داوای لێ کردن وریا و چاوکراوە بن. ئەم داوایەش وەک چرای سەوزی سەرهەڵدانی دەنگۆکە بوو. هێندەی نەبرد بەنێو دانیشتوانی کۆمەڵگەکەدا بڵاو بووەوە: کۆمۆنیستەکان کاریان بەو پرۆژانە هەیە، هەر ئەم هەواڵەش بەس بوو بۆ ڕاگرتنی سەرجەم پرۆژەکان.

ئا ئەم دەنگۆ سادەیە، کۆمەڵێک ڕۆڵی کاراکتەرانی دەنگۆکەمان بۆ دەستنیشان دەکات:

- "هاندەر (المحرض)"، لەم حاڵەتەدا ئەو کەسەیە کە هەست دەکات بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە، پێگەی سەرەوەی خۆی لە دەست داوە.
- "وەرگێڕ"، ئەو کەسەی وەڵامی پرسیارەکانی هاندەر دەداتەوە و وەستایانە لێکیان دەداتەوە.
- "سەرکردەی ڕای گشتی"، ئەو کەسەی لە سۆنگەی ڕای ئەوەوە، خەڵک هەڵوێست وەردەگرن، لەم بارەیەوە کەی. لەوین K. Lewin بەم کەسە دەڵێ "دەرگەوان"، چونکە وەک کلیلی کرانەوەی خەڵک وایە بەڕووی دەنگۆکەدا.
- "پەیامبەران"، ئەوانەی لەگەڵ دەنگۆکەدا دەڕۆن هەوڵی بڕوا پێهێنانی خەڵک دەدەن.

بەڵام هەندێک ڕۆڵی دیکەش لە کاتی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لە نێو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا، دەردەکەون:

- "ژێنەر (المنعش)"، مەبەست لەو کەسانەیە کە قازانج لە بەردەوامیی دەنگۆکە دەکەن بێ ئەوەی ناچار بن بڕوای پێ بکەن. لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا بۆ نموونە، وا دیارە خەڵک بووبوون بەدوو بەشەوە؛ خەڵکە عەوامەکە، کاردانەوەیەکی یەکسەرییان بەرانبەر دەنگۆکان هەبوو کە زۆربەی جار تەنیا گوزارشت بوو لە مەترسییەکانی خەڵک و خەونە پەمەییەکانیان بەسەردەمێکی زێڕینەوە کە سالانێک بوو چاوەڕوانی بوون. بەشی دووەم بۆرجوازییەکان بوون، ئەمان مەبەستێکی سیاسیی ستراتیجیی دیاریکراویان هەبوو کە بزاوی ناعەقڵانیی خەڵکەکە و دەنگۆ زۆروزەوەندەکانیان بۆ مەبەستەکانیان دەقۆستەوە. شایانی باسە، "ژێنەران" لە بواری دەنگۆگەلی سیاسیدا زۆرن.
- "هەلپەرست"، شێوەیەکی نەرمتری ژێنەرانە، بۆ نموونە و بەگەڕانەوە بۆ نموونەی دەنگۆی بازرگانیی سێکسفرۆشی، دایکان و مامۆستایان، دەنگۆکە دەقۆزنەوە تا هەندێک ئامۆژگاریی کچان و قوتابیانیان بکەن و دەسەڵاتی ئاکاریی خۆیان زیاتر بچەسپێنن.
- "غەزەلکار (المغازل - ڕابوێر)، ئەو کەسەی بڕوای بەدەنگۆکە نییە، تەنیا چێژی لێ وەردەگرێ، کات بەباسکردنی دەنگۆکەوە بەسەر دەبات و لە ڕێی ترساندنیانەوە،

بەدەوروبەرەکەی ڕادەبوێرێ.

- "دەنگۆچییە تەمبەڵەکان"، ئەوانەی دەڵێن بڕوایان بەدەنگۆکە نییە، بەڵام دوودڵییەکیان هەیە، دژ نین لێ بێدەنگیش نابن، گومانیان هەیە بۆیە پرسیار لەم و لەو دەکەن.
- "بەرهەڵستکاران"، ئەوانەی بەڕووی دەنگۆدا ڕادەوەستن و دەبنە پاڵەوانی دژەدەنگۆ.

شایانی باسە، هەوڵەکانی پێناسەکردنی سروشتی نموونەییی دەنگۆچییان یان کاراکتەرانی دەنگۆ، نامانگەیەنێتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. بۆ نموونە، بەدەنگۆچییەکیان دەگوت، کەسێکی دەمپەل و ڕاڕا و چاوپیسە، لە ڕووی زانستییەوە، ئەم قسانە لە ئامۆژگاریی ئاکاری دەچن، نەخاسمە کە ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە گوایە دەنگۆچی، کێشەیەکی کەسێنیی هەیە. لە کاتێکدا ئێمە دەزانین دەنگۆ، بەرهەمی ڕەوشێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵێکی دیاریکراوە لە دەمێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە، لەو دەنگۆیەدا کە باسی ئۆردوگاکە دەکات، ڕۆڵەکان بەپێی پێگەی کەسەکان (کاراکتەرەکان) لە نێو ئۆردوگاکەدا، دابەش کرابوون.

سەرەڕای ئەوەش، دەبێ لە ئاست دوو بیرۆکەی دیاردا هەڵوەستە بکەین؛ یەکەمیان، ئافرەتان بەگشتی حەزیان لە ئاڵوێری دەنگۆگەلە، دووەمیشیان، ڕۆشنبیران بەگشتی هەمیشە بەرەنگاری دەنگۆگەل دەبنەوە.

## ڕۆڵی ئافرەتان

بێگومان، باسکردنی ئافرەت و دەنگۆ، واتە؛ بەرهەڵدان بۆ وروژاندنی بیرۆکەگەلێکی باو و کلاسیکی لە بارەی دژایەتیکردنی بزاڤە ئافرەتانییەکانەوە. بەڵام ئەو وارە لە ئارادایە، پێوەندیی ئافرەت و دەنگۆ، لە کرۆکی کولتووری میللیدایە. بۆیە لێرەدا تەنیا بەشوێن سەرچاوەکانی ئەو پێوەندییەدا دەگەڕێین، ئەگەر نەڵێین بەشوێن پاڵنەرەکانیدا.

لەوانەیە مێژوو سەرچاوەی سەرەکیی پێکەوەگرێدانی ئافرەت و دەنگۆ بێت. بۆ نموونە، لە میانەی شیکردنەوەی ئەو مەترسییانەی لە ماوەی نێوان سەدەی

چواردەیەم و هەژدەیەمــدا، ڕۆژئاوای داگـرتبــوو، جــەی. دێلومــیــو J. Delumeauی مـێـژوونووس دەنووسێ "ئافـرەتان لـە ڕیزی پێـشـەوەی ئەو هەڵا مـیللییـەوەن کـە لە ئەنجــامی دەنگـۆکـــەلەوە دروسـت دەبێت". جــا هـەڵاکـــە ســـەبارەت بەئاژاوەی بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێڵـە و شـاردنەوەی بێت یان ڕفـاندنی منداڵان لە سـاڵی ١٧٥٠ی شاری پاریس یان باج بێت، تەنانەت ئەو دەنگۆیانەی پێوەندییان بەشۆڕشی فـەرەنسـاوە هەبـووە، ئافـرەتان ڕۆڵـی چارەنووســسـازیان تێـدا بینـیـون "ئافـرەتان یەکەمین کـەسن هـەست بەمەترسـییەکان دەکەن، دەنگۆکـەل وەردەگرن و دەیگوازنەوە، بەمەش دەوروبەر دەترسێنن و هـانی خـەڵک دەدەن، بڕیاری توندڕەوانە بدەن"[٣٩].

ئەم حـاڵەتە وا لێک دەدرێتـەوە، ئافـرەتان پێش پـیاوان تـرس دایان دەگـرێت، نەک لەبەرئـەوەی لە ڕووی دەروونیـیـەوە ئامــادەن بتـرسـن، بگرە لەبـەر هەندێک هـۆکـاری بابەتی. ئاخر نەبوونی و قاتوقڕی، ڕاستـەوخۆ پێوەندیی بەئافرەتانەوە هەیە، یەکەمین هەڕەشەی مەترسییەکان، ڕووبەڕووی منداڵانی بێ دەسەڵات دەبێتەوە، کەواتە ژیانی خێزانەکە لە مەترسیدایە، بۆیە ئافرەتان لە پیاوان زۆرتر هەست بەلێکەوتەوەکانی دەنگۆکـەل دەکـەن. دەنگۆکـانی سـەدەی بیـسـتـەمـیش هەروا بوون. لە فـەرەنسـا، سـەرباری ئەو دەنگۆکەلەی باسی سێکسفرۆشییان دەکرد، چەندین دەنگۆ لەبارەی منداڵانەوە بڵاو بوونەوە، مەبـەستی ئەو دەنگۆیانە هەر چییـەک بووبن، ڕاسـتـەوخۆ پێوەندییان بەئافرەتانەوە هەبوو. بەڵام پێویستـە پرسیـارەکە بەپێچـەوانەوە بکەین: باشـە ئافرەتان خۆیان سـەرچاوەی زۆر لەو دەنگۆیانـە نەبوون کە باسی دیارنەمـانی منداڵانیان دەکرد لەبەرئەوەی زۆر دەترسـان؟ جا لەبەرئـەوەی ئافرەتان بەرپرسیـاری ژیان و بەردەوامیی ژیانن، دەچێتە عەقڵەوە لە پیاوان زیاتر نەترسن؟

زانسـتی لێ هـەڵێنجـان (علم الإشـتـقـاق)، هاوکـارییـەکی باشـمـان دەکـات تا لە هۆکـاری پێکەوەگـرێدانی ئافـرەت و دەنگۆ تێ بگەین. وشـەی commerag لە وشـەی commate کـە دەکــاتـە marraine (عــرابة – جــامــبــاز) وەرگــیــراوە[١٣٠]، بەڵام وشـەی"marraine" جێگەی وشـەی connerag ی گرتەوە و وای لێ هات، ئەم وشـەیەی دواییــان تەنیـا واتای زەمکردن دەدات، واتە؛ باسکردنی ژیانی تـایبـەتی خـەڵکی گەڕەک و شـار. ڕاسـتـییـەکەی، دەسـتـەواژە ئینگلیـزییـەکەی زەمکردن "gossip"یش

هەمان ڕەگوڕیشەی هەیە، ئاخر ئەمیش لە وشەی"godisib" وەرگیراوە کە مانای (عرابة – جامباز)ە. ڕەنگە هەڵێنجانی ئەم مانایە بۆ پێوەندیی توندی نێوان ئافرەتانی جامباز، بگەڕێتەوە کە هەردەم باسی خەڵک و دەرودراوسێکانیان دەکەن، بەڵام ئەم لێکچوونی وشە و دەستەواژانە، هیچ لە پرۆپووچیی وشەکە ناگۆڕێت. ئایا سەرنجی کاردانەوەی پیاوە تووڕەکانتان داوە؟ ڕاستت دەوێ، کۆڕی زەم، نیشانەی هاریکاریی نێوان ئافرەتانە، ئاخر زەمکردن، واتە پێکەوە قسەکردن و ئاڵوێری سۆز و هەست، بڵێی ئەم هاریکارییەی نێوان ئافرەتان نەبێت، پیاوانی کۆمەڵگە پیاوسالارەکانی تووڕە کردبێت و بکەونە ئەو ناووناتۆرەیە؟ ئەوەی دەزانرێ، لەو کۆمەڵگەنەدا ئافرەتان جیا دەکرێنەوە و مافی گفتوگۆکردنیان لەبارەی کاروباری شارەوە نییە، بۆیە ئافرەتانیش بۆ نەهێشتنی ئەو ناهەقییە، پەنا بۆ کۆڕی زەم دەبەن، تا نەک هەر باسی شار بکەن، بگرە باسی شتە شاراوەکانی خەڵکی گەڕەک و شار بکەن. چونکە لە ژیانی گشتی بێبەش دەکرێن، ژیانی تایبەتی دەکەنە گشتی. ڕەنگە زەمکردن، نەریتێکی واز لێنەهێنراوی ئافرەت بێت، لێ لە ڕووی مێژووییەوە بۆ سووربوونی پیاوان لەسەر پەراوێزخستنیان، دەگەڕێتەوە[١٠٥]. هەر ئەم پەراوێزخستنەیانە، وا دەکات ئافرەتان ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە کاروباری شاردا نەبێت. بۆ نموونە، ئەو دەمەی ئەی. مۆرین A. Morin بۆی دەرکەوت کە پیاوان گومانیان لە دەنگۆکەی "ئۆرلیان" هەبووە، هۆکارەکەی بۆ کاریگەریی ئەزموون کە پێشتر باسمان کرد، گێڕایەوە: "پیاو بۆیە زیاتر حەزی لێیە لە دەنگۆیەک دڵنیا بێت و بکۆڵێتەوە، چونکە دەکارێ بەئاسانی بەنێو شاردا، وەسووڕێ (بۆ نموونە بچێتە بنکەی پۆلیس تا بزانێ فیسارە هەواڵ ڕاستە یان نا) نەک لەبەرئەوەی عاقڵترە یان بیری ڕەخنەگرانەی لە ئافرەت تیژترە"[١٠٦].

## ڕۆڵی ڕۆشنبیران

لەو دیراسات و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی کاریگەرییەکانی بلاڤۆکەکەی مادە زیادکراوەکانەوە ئەنجام دران، دەرکەوت؛ لە سەتا هەشتای پزیشکانی پسپۆڕی تەندروستیی گشتی، بلاڤۆکەکەیان خوێندبووەوە و بەهیچ کلۆجێکیش هەوڵیان نەدابوو لە نێوەڕۆکەکەی دڵنیا ببنەوە. بەڵام ئەوانی دیکەیان هەوڵیان دابوو لە

هاوکارەکانیانەوە یان لە ڕێی خوێندنەوەی هەندێک وتاری زانستییەوە بزانن داخۆ زانیارییەکانی بڵاڤۆکەکە ڕاستە یان نا. بەلای نیوەیانەوە، زانیارییەکانی بڵاڤۆکەکە، جێی متمانەن، نیوەکەی دیکە سەرنجیان هەبووە. بۆیە سەیر نەبوو بۆ هەر نەخۆشخانە و کلینیکێک بچوویتایە، بڵاڤۆکەکەت بەدیوارەکەوە دەبینی، پەرستیار و قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێجە پزیشکییەکان بەپەرۆشەوە دابەشیان دەکرد. هەر دوای بڵاڤۆکەکە، کتێبێکی زۆر سادە لە بارەی نیشانە و خۆپارێزییەکانی نەخۆشیی شێرپەنجەوە دەرچوو کە نووسەرەکەی لیستی بڵاڤۆکەکەی تێدا بڵاو کردبووەوە. ئەوەی سەرنجی توێژەوانی ڕاکێشا، دەزگای پەروەردە و خوێندن بایەخێکی ئەوتۆیان بەبڵاڤۆکەکە نەدابوو، تەنیا یەکیەتیی پەروەردەی نیشتیمانی، یاداشتنامەیەکی ساکاریان لە بارەوە بڵاو کردەوە، زۆربەی مامۆستایانی ئامادەیی و زانکۆ، خۆیان لەو دارەتە نەدا، بەڵام مامۆستایانی سەرەتایی لە ڕێگەی ئاگەدارکرنەوەی بەردەوامی قوتابییانەوە، ڕۆڵیان لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆکەدا بینی.

لێرەدا، دوو حاڵەتی دەنگۆگەلی "ناڕاست" و دوو حاڵەتی پەی پێنەبردنی بیریاران، دەبینین، هەردوو حاڵەتەکەش بەلای خەڵکانی سەرەوە، وەک یەکە. دەمێک لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا، دەنگۆیەکی وەک ئەوەی ئۆرلیان لە شارۆچکەی شالۆن سۆرسەنیش بڵاو بووەوە، خەڵکەکە بێ وەڵام بوون. سەرەتا دەنگۆکە باسی لە مارکێتێکی دیاریکراوی دەکرد، دوایی بووە هەموو ئەو مارکێتانەی خاوەنەکانیان جوولەکەن، خەڵک هەر بێدەنگ بوون. سەرۆک شارەوانی و جێگرەکەی کر، بەڕێوەبەری پۆلیس بەبیانووی ئەوەی شار لەوی بەدەسەڵاتتر تێدایە، خۆی لە هەر لێدوانێکی فەرمی پاراست. ئەم بێلایەنییە سەیرەی کاربەدەستانی شار، ڕۆڵێکی چاکی لە تەنینەوەی دەنگۆکەدا بینی. بەڵام دەسەڵاتی قەزاییی شار، بەیاداشتنامەیەک و بەپێی شکایەتنامەی فیسارە ژن، فەرمانی کردنەوەی دۆسیێەکی لێکۆڵینەوەی دا.

دواجار، ئەم پرسیارە خۆی دەسەپێنێ: بۆچی ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرە عەقڵانییە بڕوا بەم جۆرە دەنگۆیانە دەکەن؟ پی. ڤیانسۆن پۆنتێ P. Viansson Ponte لە باسی سەرسڕمانی خۆیدا دەرهەق ئەم پرسە دەڵێ "لەوانەیە پێمان وابێت دەنگۆیەکی هەڵە

و گەورەکراو و بێ سەروبەر، لای خەڵکانێکی هۆشیار و چاوکراوە، هەرمێنێکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئاگەداری ڕەوشی گشتین، بەڵام ئەم بۆچوونە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە". لەو نموونەیەی پێشوودا، خۆ کرۆکی کێماسییەکە لەو ئاستە لاوازەی ڕۆشنبیراندا نییە، بگرە لەو دوو ئەفسانە چەسپیوەدایە: ڕۆشنبیران کۆمەڵە کەسێکی زۆر زیرەکن. دووەمیشیان، دەنگۆی بێ سەروبەر زۆر بەئاسانی دەناسرێتەوە. لەم بارەوە مۆران دەڵێ: "سەرنجڕاکێشیی دەنگۆکە لەوەدایە خەسڵەتێکی ئاگەدارکردنەوەی تێدایە".

دەنگۆگەل دەیسەلمێنن، خۆڕاگریی مرۆڤ، هەر قسەیە، ئاخر ئێمە پێمان وایە هەلومەرجەکان هەرچۆنێک بن، مرۆڤ هەمان هەڵوێست دەنوێنێ، بەڵام ڕاستت دەوێ، هەر دەنگۆیەک و ڕەوشێکی تایبەت دەخوڵقێنێ کە نێوەڕۆک و لێکەوتەوە و کاتی سەرهەڵدان و ئەوانەی دەیگوازنەوە دیاری دەکەن. هەر ڕەوشێکیش، شێوازێک هەڵوێست و ڕەفتار بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ.

شایانی باسە، ڕۆشنبیرەکان سەر بەتوێژێک نین بەتەنیا، لەوانەیە ئەندامی یانەیەکی وەرزشی، گرووپێکی ژینگە یان سیاسی بێت، ڕۆشنبیر کەسێکە پسپۆڕییەکەی بەپێی بابەتەکە دەگۆڕێ. بۆ نموونە لە ئۆرلیان، لەوانە بوو دژایەتیکردنی سامیزم، گومان لای ڕۆشنبیران دروست بکات، بەڵام دەنگۆکە بەشێوازێک بوو، حەز و مەیلە سیاسییەکانی دەبزواندن. ئاخر ڕۆشنبیران ئەو دەنگۆیانەی پاڵپشتی بۆچوونەکانیان بێت، بەسروشتی دەزانن، بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە پێیان وابوو، بەرپرسانی شار گەندەڵ و سەر بەسیستمێکی گەندەڵیشن، بۆیە بەرانبەر بازرگانانی سێکسفرۆشی، بێدەنگن. لە حاڵەتی بڵاڤۆکەکەشدا، هیچ پاساوێک نەبوو تا مامۆستایانی ئامادەیی و زانکۆکان بڕوا نەکەن. ئاخر بەبۆچوونی ئەوان، کۆمپانیا فەرەنساییەکان قازانجی خۆیان لە تەندروستی خەڵک لا گرینگترە، دوای ئەوە، پزیشکانی تەندروستیی گشتی، کەسانێکی گوێڕایەڵ و وابەستەن نەک عەقڵانی و هەمیشە بەگومانەوە کار دەکەن، جیا لەوەی سەر بەکۆمەڵەیەکی یەکگرتوون و ئەندامی سەندیکان، ئیدی چۆن گومان لە بڵاڤۆکێک بکەن کە مۆری نەخۆشخانەیەکی ناوداری پێوەیە.

زۆر جاران، خەسڵەتە سەرگێژکەرەکەی دەنگۆ، لای ڕۆشنبیران و خەڵکی دیکە وەک یەکە، خۆ تێڕوانینی ڕۆشبیرانیش بۆجیهان تێڕوانینێکی ڕواڵەتی و تەجریدییە. وەک دەزانرێ، سەدەی ڕۆشنگەریی (هەژدە)، سەدەی چاو و بیرتیژیی و گومان لە هەموو شتێک، بەسەرچوو، لەم سەردەمەدا، فێرکردن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاستییە بەرجەستەکان. وەک مۆران نووسی" ئاستی ڕۆشنبیریی مامۆستایانیش لە کورتیی داوە... ئاخر بازرگانیی سێکسفرۆشی، چۆن لای قوتابیان دیاردەیەکی سەیرە ئاوهاش لای مامۆستاکانیان". سەبارەت بەبڵاقۆکی مادە زیادکراوەکانیشەوە هەر وایە، ئەوەی مامۆستایەک بڕوای پێ دەکات، بەلای پزیشکێکیشەوە جێی بڕوایە. سەرەڕای ئەوەی ئەم توێژانە پێویستە دەرکی تێکڕای ڕاستییەکان بکەن، کەچی ئاگەداری زۆر شت نین. ڕاپرسییەکان سەلماندوویانە، ڕای پزیشکان، لە زۆر بابەتدا لە ڕای خەڵکە سادەکە دەچێت.

لە کۆتاییدا هەر بۆ خۆی، ڕەنگە بڕوا پێکردنی دەنگۆگەل، بەشێک بێت لە گەوهەری ڕۆشنبیران. لە هەموو دەوڵەتاندا، مرۆڤ تا نزیک بێت لە دەسەڵات، هێندە قسە ئاشکراکانی لە ڕاستییەوە دوورن، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بەگێلیەتی نەمرێ، دەبێ گوێ بۆ دەنگۆکان شل بکات، بەڵکو ئێ ڕاستییەک ئاشکرا بکەن. لەو ڕاپرسییەی یەکیەتیی سۆڤیەتدا (پێشتر باس کرا)، ٩٥٪ی ڕۆشنبیران بەرانبەر ٥٦٪ی جووتیاران پێیان وابوو، دەنگۆ لەو هەواڵانە ڕاستترە کە لە میدیای فەرمیدا بڵاو دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو بۆچوونانەی باس لە ڕاستیی دەنگۆگەل دەکەن پێوەندییان بەهەڵوێستی سیاسی کەسەکانەوە نییە بەرانبەر ڕێژیمی سۆڤیەتی. کاتێک توێژەوان دەستیان بەشیکاریی وەڵامەکانی ڕاپرسراوان کرد بەپێی کامیان لایەنگر و کامیان دژی ڕێژیمە. ئەنجامی ئەو شیکارییەش کە وا لەم خشتەیەی خوارەوەدا، هەردوو حاڵەتەکە زۆر نێزیک بوون لە یەکدی.

خشتەی ١

ڕاستگۆیی دەنگۆکانی یەکیەتیی سۆڤیەت

" بەلای منەوە، دەنگۆ زۆر ڕاسترە لەوەی دەزگا ڕاگەیاندنە فەرمییەکان دەیڵێن"

(ڕێژەی سەدی ئەو ڕاپرسراوانەی بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی سیاسییان)

| کەسەکان | دژی ڕێژیمی سیاسی | لایەنگری ڕێژیمی سیاسی |
|---|---|---|
| ڕۆشنبیران | ٪٩٤ | ٪٩٦ |
| فەرمانبەران | ٪٨٧ | ٪٨٣ |
| کرێکاران | ٪٦٩ | ٪٧٤ |
| جووتیاران | ٪٥٨ | ٪٥٤ |

دیسان لێکۆڵینەوەکان دەریانخست، ئاڵوێری دەنگۆگەل بەپێی پیشە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێ، وا دیارە جووتیاران، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین ئاڵوێری دەنگۆ دەکەن، کەچی کەمتر بڕوایان پێیەتی. ئەمان دەنگۆ بەجێگرەوەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە دەزانن کە دەستیانی ناگاتێ. لە بەرانبەردا، ڕۆشنبیران زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگەدارن، بەڵام بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک بپارێزن، پێویستیان بەدەنگۆگەل هەیە. ڕۆشنبیران، دەنگۆ وەک کەرەستەیەکی ڕاستکردنەوەی دەبینن کە دەرفەتیان دەداتێ بەهۆشیاری و وریاییەوە گوێ لەو زانیارییە فەرمییانە بگرن کە لە تەلەڤیزیۆنەکاندا پەخش دەکرێن، یان ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەی پراڤدا Prav-daی فەرمیی سەر بەپارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بڵاویان دەکاتەوە. جیا لەوەش، بۆ ئەوەی مرۆڤ بیسەلمێنێ سەر بەدەسەڵاتە، دەبێ بیسەلمێنی پێش خەڵک ئاگەداری زانیارییەکانە، ئاخر گێڕانەوەی دەنگۆگەل بۆ خەڵک، واتە؛ ئێمە بەر لەوان ئاگامان لە هەواڵ و پێشهاتەکانە. هەر دەبێ ئاماژەش بەخاڵێکی گرینگ بدەین؛ بەرەنجامەکانی توێژینەوەکەی یەکیەتیی سۆڤیەت، بۆ فەرەنسا و هیندستان و پاریس و هەر شارۆچکەیەکی بچووکیش هەر وایە. هەمدیس، ڕۆشنبیران پێویستیان بەدەنگۆگەل هەیە تا مەودایەک لە نێوانیان و میدیادا هەبێت و هاوزەمان بیسەلمێنن، ئەمان لە خەڵکە ڕەشۆکەکە جیاوازن.

## بۆچی کەس لە ڕاستیی هەواڵەکە ناکۆڵێتەوە

دەبێ کێشەی هەڵوێستی ڕۆشنبیران بەرانبەر بەدەنگۆگەل، لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا شی بکەینەوە. بەگشتی، ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەو چیرۆکانە دەکۆڵنەوە کە ڕۆژانە دەیبیستن، ڕێژەیەکی کەمە. لەوانەیە ڕۆڵی "لێکۆڵەوە" لە ڕێڕەوی بڵاوبوونەوەی دەنگۆگەلدا، کەمترین ڕۆڵ بێت. ئاخر کە دەنگۆیەک دەبیستین، یان دەمودەست بڕوای پێ دەکەین یان ڕەتی دەکەینەوە.

هەمیشە ڕۆژنامەوانان تووشی سەرسڕمان دێن کە دەبینن کەس لەو دەنگۆیانە ناپێچێتەوە ڕۆژانە دەیبستێ. ئاخر لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە زانیارییەکان سادەترین پێداویستییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییە. وەک لاکۆتور(٨٧) دەڵێ: ئەرکی ڕۆژنامەوان گوتنەوەی هەواڵی لەدایکبوون و مردنی شایان نییە، بگرە بڵاوکردنەوە و ڕەتکردنەوەی زانیارییەکان یان دڵنیابوون لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەو دەنگۆیانەیە کە ئەم یان ئەو ڕووداوەیان خوڵقاندووە یان پەردەپۆشیان کردووە و تێکیان داوە و دوای کەوتوون.

کاتێک جەخت دەکەینەوە ڕۆژنامەوانان پێویستە لە زانیارییەکانی بەردەستیان بکۆڵنەوە پێش بڵاوکردنەوەیان، مانای وایە؛ ویستی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون، ویستێکی یەکسەری و لەخۆوەڕا نییە. کەواتە دەبێ بپرسین: بۆچی خۆلادانی هەمووان لەو ویستە، کارێکی زۆر سروشتییە؟

ڕەنگە لێکدانەوەیەک لە چوارچێوەی ئەو حاڵەتانەدا بدۆزینەوە کە بەردەوام لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێ: دەمێک دەنگۆکە بە"دەڵێن" دەست پێ دەکات، نەکا بکەوینە هەڵەوە، لێکۆڵینەوە دەکەین. کاتێک پرسەکە پێوەندیی بەبڕیارێکی سەربازی، مامەڵەی نێو بۆرسە، پێشبڕکێکانەوە هەبێت، پێویستە لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی دەنگۆکان بکرێ، نەخاسمە، دڵنیابوون لەم حاڵەتانەدا زۆر گرینگە. بۆ نموونە، کاتێک کە پیشەگەرێک دەبیستێ باری دارایی ئەو کەسەی کەلوپەلە خاوەکانی بۆ دەنێرێ، خراپە، ناچارە لە ڕاستی و ناڕاستیی هەواڵەکە بپێچێتەوە، بەر لەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵدا نوێ بکاتەوە. لە بەرانبەردا، خۆ ئەگەر ئەو هەنگاوەی لە سۆنگەی ئەم هەواڵەوە دەینێ، هیچ مەترسییەکی تێدا نەبوو، ئەوە

پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات. هەر بۆ نموونە، ئەو شەڕە نەژادییانەی لە دەنگۆگەلی گوایە گرووپەکەی بەرانبەر کاری زۆر دڕاندانەیان ئەنجام داوە، هەڵدەگیرسێن. لەم چوارچێوەیەدا، ئینتیمای تاکێک بۆ گرووپێکی دیاریکراو هەستێکی دڵنیایی و ئاسوودەییی پێ دەبەخشێت. جیا لەوەش، ئەم دەنگۆیانە وا لە گرووپەکەی بەرانبەر دەکەن گرد بنەوە و خۆ بۆ کاری دوژمنکارانە ئامادە بکەن(٩٧، ١٠٩).

ڕاستییەکەی، هەندێک دەنگۆ ئەوە ناهێنێ هەر خێرا خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، چونکە پێویستیش بەبڕیارێکی یەکسەری ناکات، بۆیە وامان لێ ناکات لە ڕاستی و ناڕاستیی دەنگۆکەش بکۆڵینەوە. تەنیا ئەوانەی پیشەکەیان گومان دەخوازێ (وەک ڕۆژنامەوانان بۆ نموونە)، یان ئەو کەسانەی دەنگۆکە بەزیانیان دەکەوێتەوە، هەوڵێکی کەسێنی دەدەن لە ڕاستیی دەنگۆکە بکۆڵنەوە.

بەڵام ئەوەش ڕاست نییە کە دەڵێن خەڵک بەگشتی بەهیچ کلۆجێک لە دەنگۆ ناکۆڵنەوە. بگرە تاکە تاکەی خەڵک وا دەکەن و پشت بەخەڵکێکی دیکە دەبەستن. کاتێک دەنگۆ دەگاتە خەڵک باشترین بەڵگەی سەلماندن لە خۆ دەگرێ، واتە؛ شایەتی سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو (وەک دەڵێن بۆ نموونە: "لە زاری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی... کە عەمەلیاتەکەی بۆ کردووە" یان" بەقسەی ئەو فەرمانبەرەی شارەوانی کە لە مەسەلەکەی کۆڵیوەتەوە... ").

خۆ ئەگەر دەنگۆکە سەرچاوەیەکی دیاریکراوی نەبوو، شێوازی "دەڵێن گوایە"، ئەرکی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان. وا دیارە دەنگۆش تا زۆرتر بڵاو بێتەوە، زیاتر جێی بڕوایە، ئاخر نابێ ئەو هەموو خەڵکە بەهەڵەدا بچن. ڕاستگۆییی دەنگۆ، پشت بەمتمانەی ئێمە بەمیکانیزمی هەڵبژاردنی سروشتییانەی زانراوەکە دەبەستێ. باشە ئەگەر دەنگۆکە ڕاست نەبێت چۆن پێش ئێمە بەسەر ئەو هەموو خەڵکەدا تێپەڕ دەبێت. لە هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر دەنگۆ و بڕوا پێکردنیدا، تاک چاو لە دەوروبەرەکەی دەکات.

بە لای تاکەکەسەوە، دەبێ هەر دەنگۆیەک لای خەڵکێکی بەرزترەوە شەنوکەو کرابێت، ئەوسا گەیشتبێتە ئەم، کەواتە؛ کاتێک ئەو کەسە دەنگۆکە دەگوازێتەوە بۆ یەکێکی دیکە، مانای وایە بەپشتبەستن بەدەوروبەر، لە دەنگۆکەی کۆڵیوەتەوە، داخۆ

ڕاسـتـه یان نا. دواجـار، زۆر ئاسـاییـیـه لـەو دەنگۆیانە نەکـۆڵینەوە کـە بەر گـوێمـان دەکـەون، بەو پێـیـەی خـەڵکەکـەی پێش ئـێمـە ئەوەیان کـردووە. جـیـا لەمـانەش، لێکۆڵینەوەی کەسێنی لە ڕاسـتیی دەنگۆ، پێـویستی بەدوو مـەرج هـەیە کە زۆربەی جاران نایەنە دی: توانا و ویستی لێکۆڵینەوە.

بێگومان، "وتی وتی" زانراوەیەکی نافـەرمیی ئەوتۆیە کە جارجـارێک بڵاوکردنەوەی، پشـێـوییـەک دەنێـتـەوە، بۆیە بڵاوبوونـەوەی کـەمـتـرە. بۆ نموونە، لە حـاڵەتی قـسـە هەڵبەستندا، ناوهێنانی یەکسـەری، کارێکی نەشیاو بێت، نەخاسمە ئەگـەر کەسەکە، کـەسێکی دەسـترۆیشـتـوو بوو. جیا لەوەی لەوانـەیە بەو شـێـوەیە ببێـتـە هۆی ئەوەی خـەڵک سـووک سـەرنجی دەنگۆچییـەکە بدەن. ئـاخـر ئەگـەر دەنگۆچییـەکە بەکـەمی و سووکییـەکەوە دەنگۆکە نەگێرێتەوە، خـەڵک وا تێ دەگەن، دەنگۆکە بەڕاست دەزانێ. ئارِ مـارسـیلینی وەزیری کاروباری نێـوخـۆی پێشـووی فـەرەنسـا لە دواپین کـتـێـبـیـدا ڕوونی دەکـاتەوە(٩٩)، چۆن جـۆرج پۆمـپـیدۆ، لەبەر هـەسـتـیـاریی هـەڵوێسـتـەکـە و بۆ خـۆپـاراسـتن، بەرانبـەر قـسـە هـەڵبـەسـتـراوەکـانی زینـدانییـەکـی (فـریسنس) مـاوەی هـەشت ڕۆژ خـۆی دوورەپەرێز گـرت و گـوێی نەدایە، لە کـاتێکدا، سـەرۆک وەزیران و وەزیری نێوخۆ و پارێزگار هەموو شتێکیان بیستبوو.

تێکڕای ئەو پرسـیـارانەی پێوەندییـان بەنەبوونی لێکۆڵینەوە لە دەنگۆ هەیە، پشت بەگریمانەیەک دەبەستن: تاکەکەس نایەوێت پێشـوەختە لە دەنگۆ بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیەش زۆر کۆنکرێتی نییە. هێزی دەنگۆ، زۆر جـاران زانراوەیەکی وای تێدایە، لەگـەڵ هـەست یـان ئومـێـدەکـانی مـرۆڤـدا دێتـەوە. دەنگۆ، زانـراوەیەکـە لـەگـەڵ هـەسـتـەکاندا دێتەوە. بەڵام هـەوڵی لێکۆڵینـەوەی، برێک لە مازۆشیـزمی تێدایە، چونکە لەوانەیە لێکۆڵینەوەکە مرۆڤ بگەیەنێتە زانیارییەکی پێچەوانە. بۆیە گوێنەدانە ئەوەی ئایا دەنگۆکە ڕاستە یان نا، مرۆڤ لەو سەرئێشانە قوتار دەکات.

لە لایەکی دیکـەوە، دەنگۆ سـەرەتا لەسـەرخـۆ بڵاو دەبێـتـەوە، چونکە بـڕوا پێکردنی، پشت بەخـەسـڵـەتی ناجیـدی و وورووژێنەر و لـەناکاوی دەبەسـتێ. دەنگۆ، سـەرچاوەی خۆشییە، یان دەرفەتێکە بۆ چێژ وەرگرتن لە زانراوەیەکی سەرسـڕهێن، باشە بۆچی خـەڵک لەم خـۆشـییـە بکەین؟ با لێرەدا لە ئـاست ئەو قۆنـاغەدا بووەسـتین کە سـەرەتا

دەنگۆیەک دەماودەم دەکات، بمانەوێ و نەمانەوێ خەڵکێک بڕوای پێ دەکەن، لەم قۆناغەشدا، وەک قۆناغی سەرهەڵدانی، کەس لە دووی لێکۆڵینەوە نییە، بەڵام هۆکارەکانی هەردوو قۆناغەکە جیاوازن.

ئەوەی جێی سەرنجە، ویستی لێنەکۆڵینەوە لە دەنگۆ، تەنیا بۆ ئەو هۆکارە دەروونییانە ناگەڕێتەوە. دەنگۆ پتەویی کۆمەڵایەتی تۆکمەتر دەکات، بەتایبەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ کە بەکۆمەڵگەیەکەوە پێوەستە. بۆیە بڕواپێکردنی دەنگۆ، لاگیرییە بۆ دەنگی کۆمەڵ، واتە؛ بۆ ڕای کۆمەڵ. جیا لەوە، دەرفەت دەداتە کۆمەڵیش خۆی بناسێ و گوزارشت لە خۆی بکات کە زۆر جارانیش ئەمەیان لەسەر شانی گرووپێکی دیکە دەبێت. شایانی باسە، پێناسە زۆر بەئاسانی دروست دەبێت کاتێک دوژمنی هاوبەش دەستنیشان دەکرێ. بۆ نموونە لەو دەنگۆیەی ئۆردوگاکەدا، کرێنشینان بوون بەیەک، بەڵام لەسەر شانی یەکێکیان کە کرایە بەکرێگیراو و تێکدەرێکی ترسناک. لەم چوارچێوەیەدا، بەهیچ کلۆجێک کەس بیری لە لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی دەنگۆکە نەدەکردەوە، چونکە کێماسییەکی لەو سیستمە کۆمەڵایەتییەدا دروست دەکرد کە خەریکبوو دەخەملی. هەر بۆیە، ڕێژەی ئەو کارمەندانەی کۆمپانیا و ئەندامانی لایەنە سیاسی و سەندیکاکان، دانیشتوانی گوند و گەڕەکەکان، لە دەنگۆ دەکۆڵنەوە، زۆر کەمە. لە گرووپە بچووکەکاندا، هەنگاوێکی وا بەگومانکردن لە هاوکاران دەخوێندرێتەوە و پێشێلکردنی یەکیەتییانە، ئەمەش، گومانکار دەکاتە کەسێکی لادەر لە گرووپەکەی.

باسی حەوتەم

# کۆتاییی دەنگۆ و ماناکانی بێدەنگی

قـەدەری هـەر دەنـگۆیەک، دامـرکـانەوەیە. ڕەنگە ئەو دەسـتـەواژانەی بۆ کـۆتاییی دەنگۆگەلیش بەکار دەهێنرێن، مانا و نیشانەی خۆیان هـەبن. ئێمـە زۆربەی جاران باس لە "مـردن"، "کـوشتن"، "دامـرکـاندنەوە" و " کـپکردنەوە"ی دەنـگۆکـان دەکـەین. بێگومـان ئەو وشـانە، ئەو نیـازەمـان بۆ ئاشکرا دەکات پێـشـتـر باسـمـان کـردووە؛ دەنگۆگـەل دەبنە شـتـێکی زینـدووی خـودان قـەوارەیەکی تایبـەت، تەنانەت وەک گیانلەبەرێکی زیندوو، دڕەندە و ترسناکیان لێ دێت. لەو کاتەشدا، خـەڵک بەگشتی خـۆیان دوورەپەرێز دەگرن و دەنگۆکان دەکەنە ڕەگـەزێکی بێگانە و دەرەکی، ئەمـەش، دوای هـەمـوو شـتـێک دەرفـەت بەخـەڵکەکـە دەدات، خـۆیان وەک قـوربانیـی هێـزێکی دەرەکی پێـشـان بدەن. ئەم دیاردەیەش، ڕووخـسـاری سـیـحـراوییـانەی ئەو پرسیارانەمان بۆ لێک دەداتەوە کە لە بارەی کۆتاییی دەنگۆکانەوە دەکرێن. باشە ئەم گیانلەبەرە شاراوە و پەی پێ نەبراوە، چۆن نامێنێ؟

## دیاردەیەک کە هەر نامێنێ

ڕاسـتت دەوێ، کۆتـاییی دەنگۆ هیـچ خـەسـڵـەتێکی سـیـحـراوییـانەی نیـیـە، بگرە بەشـێکە لە بنیات و قـەدەری دەنگۆگـەل هـەر لە سـاتی پەیدابوونیـانەوە. دەنگۆ؛ کـە دەژی نامێنێ، کەرەستەکانی لەنێوچوونی لەگەڵ خۆی لەدایک دەبن.

## قازانجێکی ڕاگوزەر

یەکەمین ئەرکی دەنگۆگەل، چێژ و خۆشی و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی گفتوگۆ و مشتومڕ و نەهێشتنی بێزاری و پڕکردنەوەی دەستبەتاڵییە. کاتێک پێوەندییمان بەبابەتی دەنگۆیەکەوە نەبێت، یان دەنگۆیەک کاریگەریی بۆ سەر ژیانمان نەبێت، بابەتەکەی خۆی هێندەی هەر هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی ناگرێت. هەر لەم بارەیەوە، دەنگۆ، وەک هەر هەواڵێکی میدیا، لە بازنەیەکی قازانجخوازیدا دەخولێتەوە، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لاپەڕەی یەکەم داگیر دەکات، ڕەوانەی لاپەڕەکان ناوەوە دەکرێ و دواجار لە وتارێکی بچووکی بێ ناونیشاندا ون دەبێت.

پاش ئەوەی وەک بنێشت خەڵکەکە چەند ڕۆژێک دەیجوون، دەنگۆ، تامی نامێنێ، بۆیە پێویستە بەدەنگۆیەکی وەک ئەو خۆش بگۆڕێ و زاران پڕکات، ئەمیش دیسان هەر دەبێ نەمێنێ و ئیدی پێدا بڕۆ. ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە میدیاکان لە مێشکمانی دەئاخنن، بەدەنگۆی ڕکابەرە نوێتر و زیندووتری هەواڵەکانیشەوە، دەنگۆ کۆنەکان لادەبەن و گسکیان دەدەن.

شایانی گوتنێیە، دەستبەرداربوونی خەڵک لەو قازانجە ڕاگوزەرە، مانای وانییە ئیدی بڕوا بەدەنگۆی دیکە ناکەن، بگرە زۆر بەئاسانی، واز لەم دێنێ بۆ ئەوەی گوێ بۆ هەواڵ، دەنگۆیەکی نوێ بگرێ، ئەمەش، گوێ پێنەدانی خەڵک بەبەدرۆخستنەوەکانی دەنگۆگەل، لێک دەداتەوە. خۆ ئەگەر لە قۆناغێکی پاشتردا لە خوێنەر بپرسین، هەست دەکات ئەو دەنگۆیە هەرگیز بەدرۆ نەخراوەتەوە، هەر ئەمەشە دەیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە دەنگۆکە ڕاست بووە.

## ئەو زێدەڕۆیییەی لەخۆوەڕا دەپووکێتەوە

بە ئاشکرا دیارە، زێدەڕۆیی خەسڵەتێکی باوی دەنگۆگەلە. مەسەلەکەش نە نیشانەیەکی نەخۆشییە و نە حاڵەتێکی ناوازەشە، بگرە بەرەنجامێکی سروشتیی هەر پێوەندی و یەکدی دواندنێکە. خۆ ئەو زێدەڕۆیییە لە هەواڵەکانی میدیا و لە کاتی ڕووداو و کارەساتە یەک لەدوای یەکەکانیش تێبینی دەکرێت. نووسیاران چاک دەزانن، لە پێناو هێشتنەوەی بایەخی خوێنەر بەبابەتێک، پێویستە پەیتا پەیتا

زانیاریی نوێی بخەنە سەر، هەر لەگەڵ نەمانی فاکتەری سەرسڕماندا، پێویست بڕێک زانیاریی ورووژێنەری نوێ بخرێتە سەر بابەتەکە.

کاتێک کە دەنگۆ داکۆکی لە پرسێکی دیاریکراو دەکات، سەرلەنوێ جیهان دادەڕێژێتەوە. سادەترین زانراوە، ئاماژەیەک دەدا، سادەترین ئاماژەش، بەڵگەیەک بەدەستەوە دەدا. بۆ ئەوەی دەنگۆکە سەرلەبەری زانراوەکان لە خۆ بگرێ، بەحاڵەتەکانی بەدرۆخستنەوەشیەوە، ئەو دەنگۆیەی دەویسترێ دروست بکرێت، وەک کۆشکێکی کارتۆنی، زێدەڕۆیی و فشۆڵییەکی زۆری پێوە دیار دەبێت. بۆ نموونە، لەو دەنگۆیەی کە باسی مردنی پۆڵ مەکارتنی دەکرد، لێکدانەوە زێدەڕۆ و گەورەکراوەکان، دەنگۆکەیان بەرەو ڕێگەیەکی داخراو برد و ڕاستگۆییان نەهێشت. هەروەها لە ئۆرلیان، دەنگۆکە هەوڵی دا هەرچی لێکدانەوە دژەکانی دەنگۆکەش هەیە پێشوەختە قوتیان بدا، بۆیە پڕ کرا لە ئاماژەگەل بۆ بەرتیلدان بەڕۆژنامەکان، کاربەدەستان، پۆلیس، مەتران و پارتە سیاسییەکان، بەڵام تیۆریی پیلانگێڕی هیچ متمانەیەکی بەدەنگۆکە نەهێشت.

لێ هەر دەبێ ئاماژە بەخاڵێک بدەین: چەمکی زێدەڕۆیی، زۆر لە بابەتیبوونەوە دوورە، ئەوەی ڕەشبین بێت و هەردەم لە ڕووداوی خراپ بترسێ، هیچ زێدەڕۆییەک لە دەنگۆدا نابینێ. بۆ نموونە، پاش بۆردومانکردنی شاری هیرۆشیمای ژاپۆنی بەبۆمبی ئەتۆمی لە ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٤٥دا، واتە لە وڵاتێکدا کە سانسۆر کۆنترۆڵی کردووە، هەرچی دەنگۆی زۆر خراپ هەیە لە جۆری: داخۆ فڕۆکەکانی ئەمریکا لەوە بەدواوە چ دەکەن، بڵاو بووەوە، تەنانەت دەگوترا ژاپۆن خاپوور دەکرێ. لە سایەی ئەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەدا، زێدەڕۆیی هەروا لەخۆوە پەیدا نابێت، بگرە بەرهەمی ئەو نیگەرانییە و ڕەوشەکەیە.

کەسانێکی زۆر لە ژێر باری نیگەرانی و ترسدا، باوەڕ بەزۆر دەنگۆ دەکەن، لەو کاتانەدا، دەرفەتی بیرکردنەوەی قووڵ و ئەفلاتوونییانە نییە، داخۆ چ ڕاستە و چ ئەو نییە، بەڵام دەمێک نیگەرانی و ترسەکان ڕەوینەوە، مرۆڤ هەندێک میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و چاوی ڕەخنەییی دەکەوێتەوە گەڕ و دەرک بەبێ مانایی دەنگۆکان دەکات. ئەم دیاردەیە زیاتر لە گردبوونەوەی خەڵک و قەرەباڵغیدا بەرجەستە دەبێت.

قـەرەباڵغی زەمینـەیەکی بەپیتـی دەنگۆگەلە، نەخـاسـمـە لێکنزیکیی خـەڵک هـاوکـاریی بڵاوبوونـەوەی دەنگۆیە، وروژاندنـی یەکـڕاست بێ پێـشـینـە، وامـان لێ دەکـات بڕوا بەسـەیـرترین دەنگۆ بکەین کە بۆ ڕۆژی دواتر، کـاتێک پشـێـوییەکە نەما، مەحـاڵە هـیچ ڕاستییەکی تێدا ببینین.

## پێشڤەچوونی سەمتی "سیاق"ی دەنگۆ

لەبـەرئەوەی دەنـگۆ، لـە سـەمـتێکی دیاریکراودا، بنیـات دەنرێ، بۆیـە لەگەڵ پێـشـڤـەچوونـی ئەو سـەمـتـەدا، هـەرچی پاسـاوی بـوونی هـەیە لە دەسـتی دەدا و دادەمـرکێـتـەوە، چونکە پێوەنـدیی بەسـەمـتـەکـەیەوە نامـێنێ، بـۆ نموونە، لە سـاڵی ١٩٨٢دا مەسـەلەی بەرمیلە شـاراوەکانی سێڤێزۆ Seveso دەیان دەنگۆگەلی خوڵقاند. کاتێک بڵاو بـووەوە کە بەرمیلە گـازە ژەهـراوییەکانـی کارگەی هۆفـمان لاڕۆش Hoffi-man Laroche لە شـوێنێکدا لە نێو فەرەنـسا شـاراوەتەوە، دەنگۆگەل پەیدا بوون، وای لێ هـات، هـەر ئەمـبـارێکی نەناسـراو لای دانیـشـتـوانی گوندەکان جێـی گومـان بوو، گومـانـەکـەش ئارامیی لە خـەڵک بڕیبوو. پاش مـاوەیەک کـە بەرمیـلـەکـان دۆزرانەوە، نێـوەڕۆکی دەنگۆکـان گـۆڕان و هـەر کـەسـە و بەشـوێن قـوربـانیـیـەکـدا دەگـەڕا. لەو دەمەدا، دەنگۆگان، گومانیـان خسـتە سـەر وەزیری ژینگە، دەگوترا؛ وەزیر ئاگـەداری ئەو بەرمـیـلانە بووە و وەزیـری ژینگەی ئەڵمـانـی ئاگـەداری کـردووەتـەوە. تەنیـا یـەک ڕاسـتی مـایەوە: کـاتێک بەرمیلەکان لە وڵات برانە دەرەوە دەنگۆکـان بەخـۆیان و ئەو ترسە وەهمییەی خوڵقاندبوویان، دامرکانەوە.

لە حـەفـتـاکـانی سـەدەی بیـسـتـدا، فـەرەنـسـا بایەخـێکی زۆری بەخـۆراک دەدا، سـادەترین دەنگۆ لە بـارەی هـەر خـواردنێکەوە گـوایە دەبێتـە هـۆکـاری شـێرپەنجـە، کاردانەوەیەکی گشتیی خێـرای دەبوو. بەڵام پاش ئەو قۆناغە خـەڵک وردە وردە پێش کـەوتـن و باشـتـر دەرکی شـتـەکـانیـان دەکـرد، باوەڕیان بەقـەدەر و وارەکە هێنا کـە سـەردەمی مەڕومـاڵات و پاوانی خۆش و بەرهـەمـهێنانی ئاژەڵیی هـەرزان بەسـەرچووە، بۆیە ئەو دەنگۆیانەی باسی مادە شێرپەنجەهێنەکانیان دەکرد، بەتەواوی کز بوون.

بەڵام لە ئەمـریکا، دوای کوشـتنی مـارتن لوتەر کینگی ئاشـتیـخـوازی ڕەش پێسـتی

ناسـراو، ئەو دەنگۆیانەی ڕواڵەتێکی ڕەگـەزپـەرسـتـانەیان هەبوو، دامـرکـانەوە. لە سایەی ئەو ماتەم و هاوسـۆزییە ویژدانییەی وڵاتی داگرتبوو، دژایەتییەکان وەلانران. لە بەرانبـەردا، تـا ڕۆژی هـەڵبـژاردنەکـان نێـزیک بێتـەوە، ئاڵۆزی و پشـێـویی زۆر و دەنگۆگــەلە دوژمنکارییــەکــان برەو پـەیدا دەکـــەن، بەڵام لـەگــەڵ ڕاگــەیاندنی ئەنجامەکاندا، دوژمنکاری، هیچ پاساوێکی نامێنێ، هاوزەمان دەنگۆگەلیش بێ مانا دەبن و هێندە نابات دادەمرکێنەوە.

## کاتێک دەنگۆ بەردەوام دەبێت

وا دیارە هـەندێک دەنگۆ خـۆی لەبەر ڕۆژگاردا دەگرێ، بەڵام ئەم دیاردەیە هۆکاری هـەیە. دەنگۆ هـەر جارەی ڕووبەڕووی جـەمـاوەرێکی نوێ دەبێـتـەوە کـە یەکـەم جـارە دەیبیستن و دەگەنە ئەو بڕوایەی دەستیان لە زانیارییەکی نوێ و ڕاست گیر بووە.

شـایانی باسـە دەنـگۆکـەی شـایلا، پشت بەهـەمـان دینامـیـیـەت دەبەستێ. هـەمـوو سـەری سـاڵێکی خـوێندن، پۆسـتـەیـەک قـوتابـیی نوێ دێن و ئـەمـانە چیـرۆککگەلی نموونەییان لە قوتابییە کۆنەکان گوێ لێ دەبێت، چیرۆککگەلێک کە پێناسەی گرووپە قوتابییەکە دەستنیشان دەکات، ئاخر بڕواپێکردنی دەنگۆ، واتە؛ بوون بەئەندامی ئەو گرووپە. ڕاستە دەنگۆکان لە زاری ئاگەدارانەوە (قوتابییە کۆنەکان) دەگوترێنەوە، لێ هـەردەم دەخرێتـە ئەسـتـۆی سـەرچاوەیەکی بەرزتر کە گوایە پزیشکێکی پسـپۆڕە لە نەشتـەرگـەریی کۆئەندامی زاووزێدا و ئەوە بـەنهێنی باسی ئەو پرسـە دەکات. بەڵام بەپێچـەوانەی ئەو لیستـەی مادە زیادکراوەکان کە ئەوانەی سـەرەتا بـڕوایان پێ کرد، ئێـسـتـا گـوێ بـەخـۆراکی ژەهـراویی ترس و دڵەڕاوکـێکەی نادەن، دەنگۆی شـایلا بەبڕوای قـوتابـیـیـە کـۆنـەکـان ڕاسـتـە، قـوتابـیـیـە نوێکانیش هـەمـان تێـڕوانینیـان لە کۆنەکانی پێشیـان گوێ لێ دەبێت. خـۆ دەبووا ئەم دەنگۆیە پاشـەکشـەی بکردایە، چونکە ئەسـتـێرەیەکی شـەسـتـەکان، ئەسـتێرە یان کەسێکی نموونەیی نییـە بەلای قوتابییە نوێکانی کۆلێجی پزیشکییەوە. بێگومـان چیرۆکەکە، چیرۆکێکی نموونەییە، بۆ ئەوەی بە"نمـوونەیی"ش بمێنێـتـەوە، پێویسـتـە پاڵەوانی دیکە و ئەسـتـێرەگـەلێکی هـاوچەرخ بدۆزێتەوە.

جـێی باسـە، کـاردانـەوەی سـەرەڕۆیانە بـەرانبـەر دەنگۆ، دەرفـەتی مـانەوە و بەردەوامیی زۆر دەکات. بۆ نموونە، لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٩دا، کۆواری En- Le Canard chaine بابەتی "ئەڵماسەکانی بۆکاسا"ی ورووژاند و دەیان دەنگۆی لێ کەوتەوە. هێرشەکە جیدی و ورد و فراوان بوو بەشێوازێک کە جۆرە شێواوییەک لە نێو ڕای گشتیدا، لەگەڵ ئەوەی لایەنگری دەسەڵاتی شەرعی بوو، بڵاو بکاتەوە. بەڵام سەرۆک هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، هێندەی دی ڕەوشەکە لێڵ بوو، خۆ ئەگەر سەرۆک هەر ئەوکات کە هێشتا گومانەکان نەچەسپیبوون، چەند وشەیەکی خێرا و یەکلاکەرەوەی بگوتایە، گومان و دەنگۆکان نەدەمان و با دەیبردن. بۆیە لێڵیی ڕەوشەکە بووە لانەی دەنگۆگەلێکی زۆر و هۆکاری بەردەوامبوونیان.

هەروەها شارداری (عُمدة) لۆریان کارێکی کرد، بڕێک قسەوقسەڵۆک و زانیاری کە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکەکە فڕێ درابوون، ببنە دەنگۆگەلی ڕاستەقینە. کاتێک لە ئەیلوولی ١٩٨٤دا قسەڵۆکی گەیشتنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کۆچبەران هەبوو (بە پێی هەندێک سەرچاوە نێزیکەی هەزار کۆچبەر بوون)، تا لە گەڕەکەکانی "کیرباتای" و "کۆرانت" نیشتەجێ بن، کاردانەوەی شاردار بێدەنگی و خۆ مۆنکردن بوو.

بەڵام کە ڕۆژی چواری تشرینی یەکەم لە شارەوانی بوو، لە وەڵامی ئەو هەواڵانەی باسیان لە هاتنی دەستەدەستەی کۆچبەران لە مارسیلیاوە دەکرد، گوتی "لە هەموو شارە گەورەکانەوە کۆچبەرانمان بۆ دێن، لەوانەیە لە سنیگالیشەوە بێن". لەبەرئەوەی پرسەکە هەستیار بوو، ئەم وەڵامە بەس بوو بۆ سەرهەڵدانی دەنگۆگەل، دەنگۆکان بەردەوام بوون تا شارداریان ناچار کرد لە شازدەی تشرینی دووەمدا، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ببەستێ و بەیەکجاری دەنگۆکان بەدرۆ بخاتەوە.

گومانی تێدا نییە، یەک ڕۆژ دەنگۆ نەبێت و بێدەنگی شوێنی بگرێتەوە، خەڵک بێزار دەبن. بەڵام نابێ بەهەڵەدا بچین و پێمان وابێت بەکۆتاییهاتنی ئەو هەڵچوونە ئاشکرایەی نێو کوڕ و دانیشتنەکانی خەڵک واتە؛ بابەتەکە لە بیر چووەتەوە یان پشێوییەکانی پشت پەردە نەماون.

## پاش دەنگۆ

کەمجار شوێنەوارەکانی پاش دەنگۆ، جێی بایەخن. وا دیارە پرسەکان هەموویان دەگەڕێنەوە جێورێی خۆیان. کە ڕەشەبا و زریانەکە تێپەڕ دەبێ و ڕۆژێکی نوێ هەڵدێ، خەڵک دەنگۆیان بیر دەچێتەوە وەک ئەوەی نەبووبێت. ئەم وارە سەبارەت بەتێکڕای دەنگۆکان هەر وایە، هەلایەک دەنێتەوە، دەبێتە کەرەستەیەک خەڵک لە خەم و خەفەتی ڕۆژانە دوور دەخاتەوە. لە بەرانبەردا، ئەگەر پشێوییەکان زۆر و هەڵچوونەکان توند بن، ئەو بۆچوونەی پێی وایە دەنگۆ هیچ شوێنەوارێک جێ ناهێڵێ، تەنیا وەهم و لەخشتەبردنە.

ڕاستت دەوێ، بێدەنگی پاش دەنگۆ، بەهەڵەدا بردنە. پاش زەمینلەرزەکە، هەموو شتەکانی سەر زەوی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. بەلام لە ناوەوەڕا، زۆر شتی گەورە خزاون و هاوسەنگییەکی نوێ، بەلام کاتی (مۆقت)، هاتووەتە ئارا. لەبەرئەوەی پاڵپەستۆ نێوخۆییەکان لە نێو نەچوون، ڕۆژێک بێ ئەوەی پێشبینی بکرێ، زەمینلەرزینێکی نوێ ڕوو دەدا. بەهەمان شێوازیش، ئەو دەمەی هێرش دەنگۆ بێدەنگ دەکات و لە قسە باوەکان دەباتەوە. بەلام پرسیار ئەوەیە: بڵێی تا سەر هێرش بالادەست بێت؟

دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە کاتی پاش دەنگۆ، پرسی مانای بێدەنگییەکە دەورووژێنێ. ئایا کە دەنگۆکە ناگوترێتەوە لەبەرئەوەیە خەڵک بڕوایان پێی نەماوە، یان لەبەرئەوەی بڕوایان پێیەتی، بەلام باسکردنەوەی بێ سوودە، یان پێیان وایە تەنیا بڕواپێکردنی دەنگۆ ئیدی بوار نادات زۆری لەسەر بڕۆی؟ ڕاستییەکەی، هەر یەک لەم ئەگەرانە، ڕێڕەوێکی جیاواز بۆ پاش دەنگۆ دەستنیشان دەکات. لەم بارەیەوە، بەرپرسێکی یەکێک لەو مادانەی کرابووە بلاڤۆک و دەگوترا خۆراکێکی خراپ و مایەی نەخۆشییە، ئەم پرسیارەی کرد:"ئایا کەمبوونەوەی ترسی خەڵک نیشانەیەکی ئەرێنی و چاکە؟ ئایا دەنگۆکە پاشەکشەی کردووە، یان چیدی خەڵک پرسیاری لە بارەوە ناکەن چونکە پێیان وایە دەنگۆکە ڕاستە؟".

لەم چوارچێوەیەدا، ئەم گفتوگۆیەی دادێ، نموونەیەکی چاکە:

– ئەگەر چیرۆکی سێکسفرۆشییەکە تەنیا فێڵێکە، ئەو هەراوزنایەی بۆ چییە؟

– ئەمەش بەزمێکی دیکەی جووەکانە تا ناویان بێتەوە ناو ناوان و باسیان بکرێ.

– خۆ دەبێ ڕۆژنامەکان بابەتێکیان تێدا بێت تا بفرۆشرێن و بزاوتی بازرگانیش لە برەودا بێت.

بە ئاشکرا دیارە، حوکمی باوی پێشوەختە، بەدەنگۆ زیاتر دەچەسپێ. ئەنجامی دەنگۆ هەرچییەک بێت، ئەو بیرۆکە کۆنە باوەی دەڵێ "بازرگان هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر بێت"، لە نێو دووکەڵی دەنگۆدا بەسەرکەوتوویی دێتە دەرەوە.

پێویستە ڕوونی بکەینەوە، ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بەدەنگۆگەل. ئەگەرچی دەنگۆگەل دیاردەکە زیاتر زەق دەکەنەوە و ڕەنگە توندتریش. مرۆڤ میکانیزمێکی دەروونیی ناوازەی هەیە بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری لە دەوروبەری خۆیدا. هەر هێندەی سەرەتای تێڕوانینێک لای مرۆڤ لەبارەی کەسێک، گرووپێک یان وڵاتێکەوە دروست بوو، ئیدی هەرچی هەڵکەوتە و ڕووداوەکانە بەو پێیە هەڵدەسەنگێنێ. دواجار ئێمە دەست بەو هەڵکەوتانەوە دەگرین کە تێڕوانینەکەمان دەسەلمێنن، لە کاتێکدا، هەڵکەوتە دژەکانیش بۆ ڕێکەوت دەگێڕینەوە. کاتێک تالیراند Talleyrand گوتی" ئاگاتان لە یەکەمین تێڕوانینتان بێت، ئەو ڕاستترینە"، ئەوە باسی لە کاریگەرییەکانی ئەو تێڕوانینە دەکرد، با دەرکیشی پێ نەکردبێت.

لە سۆنگەی ئەم دەرککردنەوە، دەگەینە هێنانەئارای سەقامگیری لە ژینگەیەکی ناسەقامگیردا. کاتێک کەسێک یان کۆمەڵێک، دەناسین، سەرمان لە وردیی یەکەمین تێڕوانینمان سڕ دەمێنێ. ڕاستت دەوێ، ئێمە قوربانیی میکانیزمە دەروونییەکانمانین. وا دیارە تێڕوانین و بیرۆکە باوەکان، هەمیشە شتێکیان بۆ پەیدا دەبێت زیاتر بچەسپێن.

باسی هەشتەم

# گەڕانەوەیەکی ئەزەلییانە

لە مانگی ئادار – مارسی ١٩٨٥دا، لە شاری (لارۆش سۆربۆن)ی پایەتەختی دەڤەری (لاڤێندیێ)، مەسەلەکان ئاوەژوو بوونەوە. هەمووان باسیان لە دەنگۆیەک دەکرد، پارێزگار نیگەران، هۆڵەکانی نوێنەرایەتیی گشتی پڕ بوون لە پرسیار، بنکەکانی پۆلیسی هەر خەریکی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنی هاوولاتییان بوون. دەنگۆکەش لە بارەی سوپەرمارکێتێکی گەورەی قەراغ شارەوە بوو کە لە بنەڕەتدا زۆر سادە و سیناریۆی ئەو بابەتەی دەهێنایەوە بیری خەڵک کە لە ژمارەی ٦–١٤ی ئایاری ١٩٦٩دا واتە؛ پێش شازدە ساڵ، کۆواری Noir et Blanc (ڕەش و سپی) بڵاوی کردبووەوە، ئەو سیناریۆیەی بووە نموونەی دەنگۆکەی ئۆرلیان.

لەو کاتەدا، جاک ئۆکسیتی شارداری لارۆش سوریۆن کە سەر بەپارتی سۆسیالیست بوو، ئۆپۆزسیۆنی بەبڵاوکردنەوەی ورد و درشتی دەنگۆکە تۆمەتبار کرد تا لە ڕێی بابەتێکی هەستیارەوە کە نەمانی ئاسایش و کۆچە، کێشەی بۆ دروست بکەن. ڕەنگە قسەکانی شاردار ڕاست بن، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنێین هەمان چیرۆک (دەنگۆ) شارەکانی تۆلۆز، ئاراس، لێل، ڤالینسیان، ستراسبۆرگ، لارۆش سوریۆن، دینان و لاڤاڵی پێکەوە گرتەوە. لە پاریسیش، دەنگۆگەلێکی زۆر لەبارەی شەقامە گەورەکانی پاریسەوە کە تژین لە مارکێتەکانی جلوبەرگ (شەقامی شوسێ دانتان، ترونشی و سان میشال) بڵاوبووەوە، زیاتر لەوەش، دەنگۆکە بەشێوەیەکی تایبەت، لۆگۆی بازرگانیی مارکێتی میللی (تاتی) کردە ئامانج. جیا لەمانە، ئۆرلیان هەرگیز شوێنی سەرهەڵدانی ئەم دەنگۆیانە

نەبووە. وا دیارە هەمان سیناریۆ ساڵی ١٩٦٦ لە شاری ڕوان باس دەکرا، کۆپیی سیناریۆکەی کۆواری "ڕەش و سپی" بوو کە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری مانس Mansیش، دووپات بووەوە.

گەر بۆ ساڵانی دوور بگەڕێینەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت، نێوەڕۆک و هێما سێکسییەکانی ئەو دەنگۆیانەی مارکێتەکانی جلکفرۆشتن دەکەن بەسەنتەری سێکسفرۆشی، بابەتێکی نوێ نییە. لە کانوونی یەکەمدا، دەنگۆیەکی وا پاریسی گرتەوە کە زۆربەی ئافرەتانی گەنج بوونە ئامانج دەگوترا ئەو ئافرەتانەی ڕوو لە مارکێتی پرینتان بکەن، هەندێک گەنجی بەرەڵا دەرزییان لێ دەدەن، هێندەی نەبرد دەرزی لێدان گەیشتە ئافرەتانی نێو پاس و میترۆکانیش[٥٩]. ئەو کەسەی ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە، دەڵێ: لە ساڵی ١٨٢٠یشدا پاریس دووچاری ئەم سیناریۆیە بووەتەوە.

بێگومان، ئەم هەڵکەوتە و ڕووداوانە دەیسەلمێنن، دەنگۆ گەورەکان نامرن، بگرە بەشێوەیەکی کاتی دادەمرکێنەوە، تا ڕۆژێک وەک گڕکان دەتەقنەوە. هەروەها ئەم دەنگۆیانە توانای بزاوتیشیان هەیە، کەس نازانێ لە کوێ بەهەمان تەرز یان بەکەمێک دەستکارییەوە، پەیدا دەبنەوە. ئەم دیاردەیە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

## یادی دەنگۆ

لە نیسانی ١٠٨٤دا، لە شارۆچکەی لاییتی سەر بەپارێزگای ئان Ain دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە هاووڵاتییەک قوتابییەکی دواناوەندی کوشتووە کە چەند ڕۆژێکە بێ سەروشوێنە. کاتێک لە ئافرەتێکیان پرسی کە قاوەخانەی هەبوو (قاوەخانەکە جگەرە و ڕۆژنامەشی تێدا دەفرۆشرا) داخۆ دەنگۆکەی بیستووە، گوتی "سەیرە لە دەنگۆکەی ئۆرلیان دەچێ، بەڵام ئەوەی ئۆرلیان ڕاست بوو، زۆرجار ئافرەتانیان ئاگەدار کردەوە، ڕۆژنامەکان نووسییان". کاتێک لە شاری لاڤاڵ لە ژن و مێردێکی گەنجمان پرسی، وەڵامەکەیان سەرنجی ڕاکێشاین "ئا، بەڵێ. هەرچی دەنگۆکەی ئۆرلیانە هەرگیز دڵنیا نەبووین داخۆ دەنگۆی ڕفاندنی کچان ڕاستە یان نا، بەڕاست ئێوە دەزانن ڕاست بوو یان درۆ؟".

ئەم دوو وەڵامە، دوو نموونەی زیندوون، تیشک دەخەنە سەر ڕۆڵی زەین و یادەوەری

له دەنگۆگەلدا[٦٤]. حوکمدان له بارەی دەنگۆیەکەوە پاش تێپەڕبوونی شازده ساڵ، پێوەندیی تەواوی بەزەینی کەسەکان و توانای یادهێنانەوەی زانیارییەکانەوە هەیە، ڕاستییەکەی، وەڵامی خاوەن قاوەخانەکە لە دوو ڕێڕەو بەدەر نییە:

ئەوکات (١٩٦٩)، بەلای خاوەن قاوەخانەکەوە، بلاوکردنەوەی دەنگۆکە لە ڕۆژنامەکاندا، نیشانەی ڕاستییەتی. بۆیە ئێستاش بەپێی ئەو یادەوەرییە، وەک ڕاستی لە دەنگۆکە دەڕوانێ. ئەوکات، خاوەن قاوەکانە سەرنجی هەڵمەتی میدیاکانی دەدا و دەرکی بەهەندێک گومان کردووە، بەڵام ئەم زانیارییەی دواییانی (گومانەکان) لە بیر چووەتەوە، ئەوەی لە زین و یادەوەریدا ماوە تەنیا (بێهۆشکردنی کچان) و کاریگەریەکانیەتی (نووسینی ڕۆژنامەکان)، بۆیە ئاساییە بەپێی ئەو دوو بابەتە، تەنیا لێکدانەوەی لۆگیکی بۆ دەنگۆکەی ئەمڕۆش ئەوەیە؛ بەڵێ دەنگۆکە ڕاست بووە و کچانیش بێهۆش دەکران.

بەڵام دووەمین وەڵامی، لە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی دەنگۆکەدا بەرجەستە دەبێ: بیریان نایەتەوە کەس دەنگۆکەی بەدرۆ خستبێتەوە. سەبارەت بەو ژن و مێردە کە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی دەنگۆکەوە بیر نەماوە، هەمیشە ڕێی تێ دەچێ گومان بکەن. ئەمەش بەڵگەیە کە پۆلینکردنی "دەنگۆ" هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. لەبەرئەوەی چەمکی "دەنگۆ" مانایەکی گۆڕاوی هەیە، کەمێک لێڵ و کەمێکیش دیاریکراوە، دەرگا بۆ هەموو لێکدانەوەیەک کراوەیە. وا دیارە دەنگۆگەلە گەورە "هەڵەکان"، وەک برووسکەیەکی بێلایەن دەمێننەوە؛ بۆ نموونە، دەنگۆی لیستی مادە کیمیاییە زیادکراوە شێرپەنجەخوڵقێنەکان، دەنگۆکەی ئۆرلیان، مەسەلەی ماری برنار و هی دیکەش. ئەو پۆلینکردنە ئەمبارکراوانەی زەین و یادەوەری، هیچ ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیان تێدا نییە بڵێ: ئەم دەنگۆیانە هیچ بنەمایەکی ڕاستییان نییە. دواتر، دەبێ بەلامانەوە سەیر نەبێت ئەم چیرۆکانە لە شوێنی دیکە دەبنە سیناریۆگەلێکی لەبار بۆ تەقینەوەیەکی نوێ.

## کۆپیکردنی نیشانەکان

پێویست لە بیرمان نەچێت، دەنگۆ، ڕووداوێکی مەزنە، بگرە دووپاتبوونەوەیە، ناوێکە زۆربەی جاران بێ ئەوەی هەست بکەین، بەتەنێکی سەیر کە لەم شوێن و لەو

جێگەدا بەشێوەیەکی نادیار پەیدا دەبێ و وەک خێو یان ئەستێرەیەکی گڕاویی تێ دەگەین. ڕاستت دەوێ، دەنگۆ، ئامانج یان ئەنجام یان بەرهەمێکی هزرییە. لە چرکە و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەندامانی گرووپێک دەیخولقێنن و نێوەڕۆک و چیرۆک و گریمانەیەکی بۆ دادەڕێژن.

شایانی گوتنێیە، کاتێک دەنگۆگەل پۆلێن دەکەین، پاڵمان پێوە دەنێ، جیاوازی لە نێوان ژمارەیەک هەلومەرجی نموونەییی بەرهەمهێنانی دەنگۆگەلدا بکەین. بۆ نموونە؛ (ئا) کاتێک کەسانێکی ئاگەدار بەنهێنی، مەبەست و مەغزای هەڵکەوتەکان ئاشکرا دەکەن. (بی) کاتێک هەندێک هەڵکەوتەی نادیار و لێڵ کاردانەوەیان دەبێ و وەلام دەدرێنەوە، بەلام ئاشکرا ناکرێن. (جێ) کاتێک کۆمەڵگە لە هەستیارییەوە و بەئەنقەست و لە خۆوەڕا، بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات، دەست بەقسان و بابەت دروستکردن دەکات، بێ ئەوەی هیچ ڕووی دابێت.

حاڵەتی یەکەم بۆ نموونە، لەو دەنگۆیانەدا بەرجەستە دەبێ کە پێوەندییان بەبازاڕەکانی دراوگۆڕینەوەوە هەیە. خەڵک فێربوون گڵۆپ و هێما سوور و سەوزەکانی سکرینەکانی ئەو بازاڕانە، وەک ڕاستییەک وەردەگرن و دەزانن دراوەکان لە بەرانبەر یەکدیدا چۆن بەرز و نزم دەکەن. لەم بازاڕانەدا ناوەناوە دەنگۆی دابەزینی ئەم دراو و بەرزبوونەوەی ئەوی دیکەیان پەیدا دەبێ و نزمبوونەوەی هەر دراوێکیش بۆ خراپیی سیاسەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی وڵاتەکەی دەگێڕنەوە. دەبێ ئەوە بڵێین، سەرهەڵدانەوەی بەردەوامی ئەو دەنگۆیانە، هۆکارەکانی دەرەکین، ئاخر خۆ هێما سەوز و سوورەکان، بەهەمووان دەڵێن ڕەوشی ئەم دراو و ئەوی دیکە چۆنە، بەلام خەڵک هەر حەز دەکەن گوێ لەو دەنگۆیانە بگرن و هەندێک جار بڕواشیان پێ بکەن و کاریشیان لەسەر بکەن.

بەلام حاڵەتی دووەم، ڕەوشە لێڵەکان وا دەکەن خەڵک پرسیار زۆر بکەن، لەبەرئەوەش کە کۆمەڵ ئاگەداری وردەکاریی هەڵکەوتەکان نییە، ڕاستییەکە ئەوەیە زۆربەی کۆمەڵ لەبارەی کۆک دەبن. بۆ نموونە، بەدرێژاییی سەدەی هەژدەم، گەلی فەرەنسا چەندین جار قاتوقڕی و گرانیی بەسەردا هات، ١٧٢٥ و ١٧٢٦، ١٧٣٨ تا ١٧٤١، ١٧٤٧، ١٧٥١ و ١٧٥٢، ١٧٦٥ تا ١٧٧٠، ١٧٧١ تا ١٧٧٥[٨١] لە هەموو ئەو

سالانەدا، نان، خەمی یەکەمی خەڵک بوو، بەروبوومی دانەوێڵە پایەی سەرەکیی پێوەندیی خەڵک و شا بوو، شا، لە چاوی خەڵکدا، نانده‌ری بالا، یان دوا پەنای خەڵک کە نانیان بۆ پەیدا بکات. لە تشرینی یەکەمی ١٧٨٩دا، کاتێک ئافرەتانی پاریس پەلاماری ڤێرسایان دا، ئامانجی خۆپیشاندانەکە، گەڕان بوو بو شوێن ناندەری کۆشکەکە و ژن و منداڵەکانیدا.

هەر لە سەرەتای قاتوقڕییەکەوە (١٧٢٥-١٧٢٦)، خەڵک بەدوای هۆکارە ڕاستەکەدا دەگەڕان، دواجار وایان تێ گەیەندرا، دەستێک، لە پشت ئەو نەبوونی و گرانییەوەیە. خەڵک گەیشتنە ئەو باوەڕەی پیلانێکی برسیکردنیان لە ئارادایە کە شای لە پشتەوە نییە (هەموان باوەڕیان بەپیاوچاکیی لە ڕادەبەدەری شا هەبوو) بگرە وەزیران و کاربەدەستان و نانەواکان دەستیان لەو پیلانەدا هەیە و شا ئاگەدار نییە. جێی سەرنجە، ئا ئەم سیناریۆ و تێڕوانینە بەدرێژاییی هەموو سالانی نەبوونی و گرانییەکەی فەرەنسا وەک خۆی مایەوە. هەموو وەرزێک خەڵک پێی وابوو لەگەڵ پیلانێکی کاربەدەستاندا ڕووبەڕووە[٩٠].

لەوانەیە دووپاتبوونەوەی دەنگۆگەل لە کاتی دووپاتبوونەوەی هەمان ڕەوشی نادیاردا، بەدوو جۆر لێک بدرێتەوە:

لە لایەک، یادەوەرییەکانی ئەو لێکدانەوانەی بۆ قاتوقڕیی وەرزی پێشوو مابوونەوە، زەمینەی هەمان لێکدانەوە و تێڕوانین بۆ وەرزی نەبوونیی نوێ ساز دەکرد. یادەوەری، پردێکی کاتییە کە دەخرێتە بەردەست ئەوانەی بەدوای لێکدانەوەی کۆمەڵێک گریمانە و سیناریۆدا دەگەڕێن.

ئەم لێکدانەوەیەی پێشوو، یەکەمین دەنگۆ و ئەوانی پاشتر، لە ئەنجامی کارپێکردنی زەین و یادەوەری، لە بەرچاو ناگرێت. خۆ ئەگەر بمانەوێ دەنگۆی یەکەمیان بخەینە چوارچێوەی گەڕانەوەی ئەزەلی "پیلانی برسێتی"وە، دەگەینە داوەری و بەرەنجامێک کە خەڵک" وا دیارە پابەندن بەپێی ئەم بنەمایە لە سروشتی شتەکان تێ بگەن. ئاخر دووپاتبوونەوەی ئەو نموونەیە لە دەرککردنی تەنگژەگەلێکی هەستپێکراو و جیاواز لە یەکدی، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی پیلانی برسیکردن لە بنیاتی فیکریی دەستەجەمعیدا چەسپیو و ڕەگداکوتاوە[٨١]. هیچ ڕووداوێک ڕێکەوت

نییـه. بەلای ڕای گشـتییـەوە، هیچ ڕووداوێک نابێت لە ئـەنجامی پلان داڕشـتـنێکی وردەوە نەبێت کە قۆناغ بەقۆناغی دیاری کراوە[٥٦].

کەواتە دەکرێ بگوترێ گـەڕانەوەی ئەزەلی دەنگۆ، نیشانەی بزاڤێکی نوێگەرییە کە هـەڵکەوتە پێشـهاتووەکان دەستنیشـان دەکات و لە سیستمێکی لێکدانەوەی چەسپیوو لە قووڵاییی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێ.

ڕاستییەکەی، مەسەلەی پیلانی برسیکردن ون نەبوو، بگرە لە گەنمەوە کە ڕۆئاوای داپۆشـیـبـوو بۆ کەرەسـتـە خـاوەکان گـۆڕا. بۆ نموونە، کـاتێک لە قـۆناغی پاشـتـردا تەنگژەی سـووتەمـەنی لە ئـەوروپا و ئـەمـریکا پەیدا بوو، بەلای زۆر کـەسـەوە ئەم تەنگژەیە، دروستکراو بوو، پێیان وابوو ڕێکخراوی دەوڵەتانی ناردنی نەوت، پاساوێکە بەدەست کۆمپانیاکانی نەوتەوە تا بەناوی ئەو ڕێکخراوەوە تەنگژەکە دروست بکەن.

## بەردەوامیی پشێوی

هـەر دەبێ لە ئاست هـەنـدێک دەنگۆدا کـە لە هەڵکەوتگەلێکی هـەڵبـەسـتـراوەوە سـەرچاوە ناگـرن، بگرە فـاکـتـەری بوون و پێکهـاتنیـانە. هەڵوەسـتـەیەک بکەین. ئەوکاتیش، دەنگۆ وەک لێکدانەوەیەکی وەستایانەی نموونەیی بۆ ئاماژەگەلێک کە لە دەنگۆکـە خـۆیان دروست بـوون، خـۆی دەنوێنـێ. چیـرۆکی بـەدەرزی بێـهـۆشـکردنی ئافـرەتان لە ژوورەکـانی جلگۆڕینی مـارکـێتـەکـانی جلی ئامـادەکـراودا، لەم جـۆرە دەنگۆیانەیە. ئاخــر پەیدابوونەوەی ناوەناوەی ئەم دەنگۆیە لـەم شــار و لەو شــاردا ناتوانرێ لە سـۆنگەی"بابـەتیـبـوون"ێکی گـومـانـاوییـەوە (وەک لە دەنگۆی یەکـەم و دووەمدا هـەیە) لێک بدرێتەوە. کەواتە حـاڵەتێکی نابابەتییبوونی دووبارەبووەوەی وەک یەکە. گرووپێکی کۆمـەڵایەتی لە پشـێوییـەکاندا هـەرەوەزی یەکدی دەکـەن، لە ترس و دڵەڕاوکـێکانیـشـدا هـەروا، بەچنینی ئەفسـانەگـەلێکی ناجێگیـر کـە لێـرەدا تۆڕی بێـهۆشـکردنەکە لەو جێگایانەیە کە بۆنی ورووژاندنی سێکسیی لێ دێ (ژوورەکانی خۆگۆڕین، هۆڵەکانی وەرزش، ساوناکان و هی دیکەش) گوزارشت لەو هاوبەشی و هـەرەوەزییـە دەکـەن. دواتر، سـەرهـەڵدانەوەی بەردەوامی ئەفسانە، نیشـانە و دەربڕی ئەو ترس و دڵەڕاوکێ بەردەوام و ئامادەیەیە لە سەرلەبەری وڵاتدا.

دروست ئا لەم حـاڵەتەدا، وشـەی "گـەڕانەوە" بـەشـێـوازێکی سـەرلێشـێوێن بەکـار

دەهێنرێ. دەنگۆ، وەک کلکداری هالی لە دەرەوەڕا ناگەڕێتەوە و دانیشتوانی دنیا تەماشای بکەن. مەترسییەکان و غایەلەگەل (هواجس) و تەپەسەرکردنەکان (مکبوتات) بنیاتی کۆمەڵایەتییان هەرگیز جێ نەهێشتووە. هێندە هەیە، گوزارشت لێکردنیان چەپێنراوە و ئاراستەکراوە و پاساودراوەتەوە. لەو کاتەشدا، ئەم مەترسی و غایەلانە بوونەتە بەشێک لە واتەوات کە ئەگەر ڕەوشەکە لەبار بێت دەبنە دەنگۆگەل. شایانی باسە ئەم واتەواتانە، شوێنان و کەسایەتیی وا دەکەنە ئامانج کە بۆ خولقاندنی ئەفسانە دەست بدەن. باشترین نموونەی ئەم دیاردەیە، ئەو مارکێتانەن کە مۆدێگەلی نوێی ژیان دێنن و بندەستی "دەرەوە"ن.

کورتییەکەی، سەرهەڵدانەوەی چەندبارەی دەنگۆگەل پشت بەپێشهاتە لە ناکاوەکان دەبەستێ کە بەرهەڵدەدەن بۆ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و تەپەسەری و ئاڕاستەکردنە باوەکان. لەو کاتەشدا، شاراوەکان بەتەپەسەرکراوی نامێننەوە و ئاشکرا دەبن. کەواتە گەڕانەوەی دەنگۆ وەک نیشانەی بەردەوامیی ئەو پشێوییەیە کە شار و کۆمەڵگە و وڵاتی داگرتووە. ئەمەش وا دەکات بەو کانییە ئاوەی بچوێنین کە لە ئاکامی هەرەسێک، یان زەمینلەرزەیەکەوە دەتەقێ.

## کۆپیکردنی ڕەوشەکان

بێگومان هەندێک دەنگۆ، داستانەکان بەشێوازێکی نوێ بەرجەستە دەکەن. بۆ نموونە، ڕێک لە تشرینی دووەم – نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٨دا، واتە؛ پێش هەڵایسانی شەڕ و پاش ڕووداوەکانی مینشن، دەنگدانەوەی ئەم چیرۆکە تا نۆڤەمبەری ١٩٣٨ دووپات دەبووەوە[١٩]، کورتەی چیرۆکەکە: "پیاوێک ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی، کەسێک کە لە شاعیر یان لانەواز دەچوو، شۆفێرەکە پێی وابوو یەکێک لەو کەسانەیە بەڕێگەیەک لە ڕێگەکان سواری ئۆتۆمبێلی خەڵک دەبن و کاری خۆیان ڕایی دەکەن، بۆی وەستا، کەچی کەسەکە بەشۆفێرەکەی گوت: هیتلەر هەشتی کانوونی یەکەم – دیسەمبەر دەمرێ. دەشتوانم قسەکانم بسەلمێنم. تۆش تووشی ڕووداوێک دەبی. لە جێیەکی ڕێگای بلۆیس Blois کەسێک لەگەڵ خۆت سوار دەکەی، بەڵام لەگەڵ گەیشتنتاندا بۆ... ئەو کەسە دەمرێ". دوایی چ ڕووی دا؛ شۆفێرەکە کەوت بەسەر ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لەسەر ڕێگەکە کە کەسێکی تێدا بریندار بووبوو، ئەو کات

بڕیاری دا بریندارەکە بەئۆتۆمبێلەکەی بگوازێتەوە. لەو جێیەدا کە کابرای لانەواز پێشبینیی کرد، شۆفێرەکە ئاوڕی دایەوە سەیر دەکات بریندارەکە مردووە.

ئەم چیرۆکە لە بن ناوی"تەرمێک لە ئۆتۆمبێلێکدا" بڵاو بووەوە. گۆڕانکاریشی تێدا کرا. یەک لەوانە؛ کابرا لانەوازەکە بەشۆفێرەکەی گوتووە چەندی پارە لە باخەڵدایە و بەشی خۆشی وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی سەیرە وردەکاریی ئەم چیرۆکە لە فەرەنسا، بەریتانیای مەزن، دەوڵەتانی بەنەلۆکس (بەلجیکا، هۆڵەندە، لۆکسمبورگ)، باشووری ئەفریقیا و ئەمریکا، بگرە تەنانەت لە ئەڵمانیا خۆیشیدا (ناوی هیتلەر گۆڕدرابوو بەیەکێک لە سەرکردەکانی بەرەی میحوەر) بڵاو بووەوە. لەوانەیە مەزندە بکەین هۆکاری ئامادەییی ئەم دەنگۆیە لەم هەموو شوێنانە، کاریگەری و چالاکیی ئامرازەکانی گەیاندنە. بەڵام ئێم. بۆناپارت M. Bonapat پێی وایە سەرهەڵدانەوەی چیرۆکی تەرمی نێو عەرەبانەکە (ئەوەی ساڵی ١٩١٤ دەنگی دایەوە) بەشێوەی تەرمی نێو ئۆتۆمبێلەکە، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، هەمان داستان دەمودەست دخوڵقێندرێتەوە.

وا دیارە هەردوو چیرۆکەکە سەرەڕای جیاوازی هەڵکەوتەکە، هەمان ئەو بنیاتە بەرجەستە دەکەنەوە کە سرووتە سیحراوییەکانی کۆمەڵگە کۆنەکانی لەسەر دەوەستێ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مردنی چاوەڕوانکراو لە قوربانییەکدا بەرجەستە دەکرێ. بۆ ئەوەی ئەم ئەفسانە کۆنە بژێتەوە، هەر دەبێ پاڵەپەستۆگەلێکی دیار کە لە شەڕ کەمتر نەبن، بێنە ئارا و ڕووداو و ڕێڕەوگەلێکی تێدا بێت هەندێک بابەتی ئەزەلیی وایان لێ هەڵێنجرێ کە هەزاران ساڵ لە ئاینداری و شارستانی نەیانتوانی بیانسڕنەوە. ئەم ڕەوشە لە ساڵی ١٩١٤ و ١٩٣٨یشدا وەک یەک لە فەرەنسا، بریتۆریا، لەندەن یان دیسلدۆرف بەڕوونی دیار بوو. کەواتە بەم شێوەیە "ئەفسانەکان وەک گوڵ هەڵدەوەرێن و لەگەڵ هەر کەشێکی لەباردا، دەڕوێنەوە"[١٩].

## بابەتگەلێکی ڕوخسار جیهانی

پەیبردن بەحاڵەتەکانی گەڕانەوەی ئەفسانەکان لە شێوەی دەنگۆگەلدا زۆر ئاسانە. بۆ نموونە، ئەفسانەی خوێی (برۆم) کە لە بنکە و دوانگاوەندی و بەشە نێوخۆییەکاندا بڵاو دەبێتەوە، وا دیارە ڕواڵ و هەرزەکاران لە ڕێی ئەم

ئەفسانانەوە گوزارە لە مەترسی و گومانەکانیان لە مەیلە سێکسییە چەپێندراوەکانیان دەکەن و کاتێک کە دەچتە دەرەوە و لە ژوانێکدا شکست دێن، گلەیی لە کاربەدەستان و خوێیەکەیان دەکەن.

لە ساڵی ١٩٨٢ەوە، خەڵکانێکی زۆر لە فەرەنسا ئەو هێمایانە لێ دەکەنەوە کە بەبەربوومە خۆراکییەکانەوە دەنوسێنرێن، چونکە دەنگۆیەک هەبوو هەر کەسێک پێنج هەزار لەو هێمایانە کۆ بکاتەوە کە بەژمارە ٣ دەست پێ دەکات، دەبێتە خاوەنی کورسییەکی گەڕۆکی کەمئەندامان. وا دیارە ژمارەی ئەو هێمایانەی پێویستە کۆ بکرێنەوە بەپێی دەنگۆکەی شار و شوێنەکان دەگۆڕان. شایانی باسە سەرچاوەی ئەم دەنگۆیە یارییەکی تیروپشک بوو کە وا بڕیار بوو تەنیا لە بەشێکی دووڕگەی کۆرسیکادا بکرێ، کەچی کەس نازانێ چۆن وەک ئاگری نێو پووش هەموو فەرەنسای گرتەوە. ئەوی سەرنجڕاکێشە هەموو ئەو کەسانەی لەو وڵاتەدا هێماکانیان کۆ کردبووەوە نەیاندەزانی بۆ کوێی بنێرن.

سەرگرتنی ئەم دەنگۆیە شتێکی سەیر نەبوو، بگرە ساڵی ١٩٦٣ش دەنگۆیەکی لەو شێوەیە بڵاو بووەوە، ئەگەرچی ئەو شتەی ئەوێ ڕۆژێ دەبوا کۆ بکرێتەوە پاکەتە بەتاڵی جگەرەی گیتان Gitanes بوو بۆ ئەوەی براوەکە هەمان کورسییە گەڕۆکەکە وەرگرێ. ئەو کاتە هەندێک هێما و شتی دیکەشی خرابووە پاڵ بۆ ئەوەی لەبەرانبەریاندا پاکەت کۆکەرەوەکان پارەیەک وەرگرن، وەک؛ سەرسۆدە و تاڵە سوورەکەی دەوری پاکەتی گیتان. وا دیارە شتی هاوبەش لە نێوان هەردوو دەنگۆکەدا، کۆکردنەوەی بڕێک پارە لە شێوەی باجی ناڕاستەوخۆدا بۆ کارێکی خێر. ڕاستییەکەی، هەندێک باجی ناڕاستەوخۆ (باجی سەر ئۆتۆمبێل) بۆ پشتیوانیی دارایی هەندێک پڕۆژەی خێرخوازی (سندووقی یامەتیدانی بەساڵاچووان) دروست کران، بەڵام هێندەی نەبرد دەرکەوت ئەو پارانەی کۆکراونەتەوە لەو پێناوەدا خەرج نەکراون. لەوانەیە سەرگرتنی ئەم دەنگۆ ئەزەلییە لە پاشەکشەی ڕادەی ئەو جیاوازییە مەعریفییەی لە هەستکردن بەبێ ئومێدییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو بێ ئومێدییەی بەخەڵکەکە دەڵێ باجە ناڕاستەوخۆکان بەڕاستی لەو شوێنانە خەرج ناکرێن کە پێویستە خەرج بکرێن.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەو دەنگۆیانەی وا لە هاووڵاتییان دەکەن هێماکان کۆ بکەنەوە، ماشێنێکی (بزوێنەرێکی) توندوتۆڵیان نییە. خۆ ئەگەر وا نەبێت، ئەدی سەرقاڵیی منداڵان بەکارێکی لەم جۆرەوە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ بۆ نموونە، بەری چەند مانگێک، کۆمپانیای جەنەراڵ فوودز General Foods کە بنێشتی بەناوبانگ مالابار Malabar بەرهەم دێنێ تووشی ناکاوێکی زەبەلاح (مفاجأة ضخمة) هات. دەیان پریاسکە (رزمة) گەیشتنە سەنتەری کۆمپانیاکە کە پڕ بوون لە هێماکانی بنێشتی مالابار ئەمەش لە ئەنجامی دەنگۆیەک کە بەیاریگا و قوتابخانەکاندا بڵاو بووەوە و دەڵێ چەندی دەتوانن هێماکانی ئەو بنێشتە کۆ بکەنەوە و بینێرنەوە بۆ کۆمپانیاکە، دیارییەک وەردەگرن.

وا دیارە هەندێک منداڵ لە نێو خۆیاندا یارییان بەو هێمایان دەکرد کە هەریەکەیان ژمارەیەکی پێوەیە لە ١ەوە تا ٥٦ منداڵ وا هەبوو دوو ژمارە ١ی دەست کەوتبوو یان دووانی ژمارە ٢ یان ٥٦ ئینجا وەرە بیری لێ بکەوە دەبێ ئەو منداڵانە بەو گەمەی کۆکردنەوەیەوە چەند ماندوو بووبن. کەچی منداڵەکان گوێیان نەدەدایە ماندوویەتی و زوو زوو پرسیاکە هێمایان بەنامەیەکەوە بۆ کۆمپانیاکە دەنارد و داوای پاسکیلێک یان هەر دیارییەکی دیکەیان دەکرد.

شایانی باسە بەکارهێنانی هونەری کۆکردنەوەی هێماکان لە بواری شەکرۆکەی منداڵاندا شتێکی باوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، خەڵک لە خۆڕا ئەو هێمایانە کۆ دەکەنەوە بێ ئاگەدارینامەیەکی کۆمپانیاکە. ئەگەر خووگرتنی منداڵان بەبنێشتی مالابارەوە لە بەرچاو بگرین، ئایا مانای وایە ئەمە سرووتە بەخششێکە (هبة طقسية) کە چاوەڕوانی هەمان مامەڵە لە بەرانبەرەکەی دەکات. بەمانایەکی دیکە، واتە؛ کۆپیکردنەوەی هاکەزاییی سرووتێکی هیندییە ئەمریکاییەکان بێت کە دیارییان بەمیوانان دەدا و ماڵ و موڵکی خۆیان لەبەر پێیاندا تێکوپێک دەدا، لە چاوەڕوانیی ئەوەی جاری داهاتوو میوانەکان زۆر لەوان بەخشندانەتر مامەڵە بکەن؟

با باسی دەنگۆیەکی دیکە بکەین کە تا ئێستاش زیندووە. ساڵی ١٩٦٨ قوتابییەک کەوتە تاقیبی ٩ کەس بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ئۆتۆمبێل بکڕێ کە هێزی هەر یەکێکیان ٤ ئەسپە و باییی ٥٠٠ فرەنکە. قوتابییەکە دەیگوت ئەو ئۆتۆمبێلانە لە ئەمریکا

نەفرۆشراون و هاورێیەکی جێی متمانەی پێی گوتووە کۆمپانیای ڕینۆ ناچارە بیانهێنێتەوە بۆ نیشتیمان و ئۆتۆمبێلەکان وا لە بەندەر ڕاگیراون، بەڵام دەبێ کڕیارەکان دەستەیەکی دە کەسی بن. دواتر، دەنگۆکە کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی دۆفین Dauphineیشی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٥، بەرپرسێکی کۆمپانیای ڕینۆ گێڕایەوە، تەلەفۆنێکی بۆ هاتووە لە کەسێکەوە کە دەیەوێ ئۆتۆمبێلێکی ڕینۆی ١٦ بکڕێت و نازانێ لە کوێ ئەو ئۆتۆمبێلە پێنج سەد فرەنکییەی دەست دەکەوێ (لە ساڵی ١٩٨٠ەوە کۆمپانیاکە ڕینۆ ١٦ی بەرهەم نەهێناوە). لەوانەیە کرێکارانی کارگەی ڕینۆ خۆیان ئەم دەنگۆیەیان هەڵبەستبێ. زۆر جاران لە کارگەی بیلانکۆر Billanc-out بەخێرایی دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە گوایە ئەو ئۆتۆمبێلە ڕینۆ ناودارە ئەفسانەییە چوار ئەسپییە تا ئێستاش لە سەنتەری کۆمپانیای دایک دەفرۆشرێ، لە کاتێکدا ئەو تەرزە ڕینۆیە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەوە لە لیستی فرۆشیارییەکان کۆمپانیەکەدا نەماوە.

بێگومان ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی بەرۆخسار جیهانی دەبینەوە کرۆکەکەی گەوهەرە ونبووەکەیە کە زۆر سەیر لە دەستی ڕۆژگار قوتاری بووە. ساڵی ١٩٦٨ بووە هەڵا گوایە دەتوانیت ماتۆڕسێکلێکی مارکەی هالی داڤیدسنی تەرزی کۆنت بەتەنیا بیست و پێنج دۆلار دەست بکەوێت، بەو مەرجەی پەنجا دانە پێکەوە بکڕیت. لە کۆپییەکی دیکەی ئەم دەنگۆیەدا مارکەی ماتۆڕسێکڵەکان جۆری فۆرد ئەی Ford A کۆن بوون.

لەوانەیە ئەگەر پێدا بڕۆین زۆر نموونەی ئەو دەنگۆیانە لە دەوڵەتانێکی زۆر لێکدی دوورەوە دەبیستین. ڕاستیشت دەوێ ئەمە حاڵی ئەو دەنگۆیانەیە باس لە ژەهراویبوونی ئەو خواردن و بەروبوومی نوێ دەکەن (یەک لەوانە گوایە ڕێستورانتەکانی هەمبەرگر گۆشتی جرج دەرخواردی خەڵک دەدەن). ئەو چیرۆکەش کە باسی سەگێک (یان پشیلەیەک) دەکەن گوایە کەسێک لە نێو تەنووری شەپۆلە وردەکاندا (مایکرۆیف) لە بیری چووە، نموونەیەکی کلاسیکیی ئەم جۆرە دەنگۆیانەن. وا دیارە لە هەر جێیەک مایکرۆیف هەبوو ئەو دەنگۆیەش ئامادەیە. لەگەڵ پەیدابوونی هەر تەکنەلۆجیایەکی نوێدا، یەکێک دەبێتە دەمڕاست و ئیدی

ئاقیبەتگەلێکی کارەساتاوی وای لەبارەوە دەڵێ کە بەڕاستی مایەی پێکەنینە. ئاسانیشە ئەم لێکدانەوە ڕواڵەتییە وەک خۆی لە شوێنکاتێکی جیاوازدا دووبارە ببنەوە. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٨٤ دەنگۆیەک لەبارەی مایکرۆیف بەفەرەنسادا بڵاو بووەوە. ئەوکات دەگوترا گوایە کابانێک لە کاتی دەرهێنانی قاپێک خواردندا لە مایکرۆیفەکە کاتێک زانی دەستی لێ بووەوە و کەوتە نێو مایکرۆیفەکەوە. بەگوێرەی دەنگۆکە، کابانەکە هێندە خواردنی خستووەتە نێو مایکرۆیفەکە و دەری هێناوەتەوە، شەپۆلە کورتەکان دەستیان بڕیوەتەوە. ئەم دەنگۆیە زۆر لە دەنگۆی نیسکە لکاوەکەی چاو کوێر دەکات، دوور نییە.

## لە بازرگانیی سێکسفرۆشییەوە بۆ وردەمار

هەندێک جار، شێوەی دەنگۆکە وا دەگۆڕێت کە پێمان وایە دەنگۆیەکی نوێ و سەربەخۆ دەبیستین، کەچی شتێک نییە، دەنگۆ کۆنەکە نەبێ. بەم شێوازە بۆ نموونە فەرەنسا چەند ساڵێکە ئاژەڵگەلێکی سەیر پەیدا دەبن. لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٩٨١دا، خەڵکی لانگیدۆک Languedoc دووچاری ژاوەژاو پشێوییەک بوون کاتێک لە یەکێک لە سوپرمارکێتەکاندا منداڵێک سواری ئەسپێکی دەستکردی نێو بازاڕەکە بوو، مارێک پێوەی دا کە لە نێو ئەسپە باغەکەدا لوولی خواردبوو L. Alsace، ئاب– ئۆگستوسی ١٩٨٢. لە تەمووز – یۆلیۆی ساڵی١٩٨٢دا، گەورەبازاڕی کورا (نزیک ماڵهاوس) بەگوێرەی دەنگۆکە، ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی دا، توولەمارێک کە خۆی لە هێشووە مۆزێکدا لوول دابوو بەمنداڵێکیەوە دا (ئەڵبەت سەرچاوەکەی ئەفریقیایە). هەروەها لە کانوونی یەکەم – دیسێمبەری ساڵی ١٩٨٣دا دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە منداڵێکی بچووک لە گەورەبازاڕی ئوشان Auchan لە ناوچەی ئوبان Au-bagne مردووە، چونکە مارێکی لوولخواردووی نێو کۆمەڵێک ورچی باغە کە لە ڕۆهەڵاتی دوورەوە هێنرابوون، پێوەی داوە. بەڵام لە نیس Nice، مارەکە بوو بەدووپشک، لە شوێنێکی دیکە بووە جاڵجاڵۆکەیەکی ژەهراوی. هەر جارێکیش، بازاڕ یان ئەو مارکێتەی لە دەنگۆکەدا نێوی دێ، ماوەیەک چۆڵ دەبێ و کڕیاران ڕووی تێ ناکەن. لە کانوونی دووەم – یونایەری ١٩٨٦یشدا لە پاریس دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە دەڵێ؛ هێندەی نەما بوو ژنێک بمرێ، چونکە سەرنجی دا هەر جارێک ئەو

هەنجیرە دڕکاوییەی ناو ئینجانەکەی ئاو دەدا کە دۆستێکی بەدیاری بۆی هێنابوو، ڕووەکەکە وەک زیندەوەرێکی تێدا بێت چالاک دەبوو و دەکەوتە جووڵەجووڵ. ناچار، ژنە پێوەندیی بەگوڵفرۆشەکە و دواتر بەمۆزەخانەی مێژووی سروشتییەوە کرد. دواجار، تیمێکی مۆزەخانەکە ڕلستییەکی ترسناکیان ئاشکرا کرد کە هێلانە جاڵجاڵۆکەیەک لە نێوقەدی ڕووەکەکەدایە.

لە کاتی شیکردنەوەی دیاردەی "بوونی مار لە سوپەر مارکێتەکاندا" دەردەکەوێ کە پێشڤەچوونێکی گریمانەییی (مجازي) دەنگۆکەی ئۆرلیانە. ڕاستت دەوێ، هەردوو چیرۆکەکە، بەرجەستەکردنی هەمان ئەفسانەی داپۆشراون کە توانای خۆنوێکردنەوەی هەیە وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

خشتەی ٢

گەڕانەوەی ئەزەلییانەی دەنگۆ

| بنیاتی بنەڕەتیی ئەفسانەکە | گۆڕاوەکەی ئۆرلیان | گۆڕاوە نموونەیەکە: منداڵێک مار پێوەی دەدا |
|---|---|---|
| کەسێکی نامۆ لە نێو کۆمەڵدا | جوولەکە، بازرگان | کۆچبەرێکی جیهانی سێیەم، ئەکتەرەکان لە پێشانگاکاندا |
| توندوتیژیی سێکسی | دەرزی، شوێنی دەرزی | مار، ماری گەورە، دووپشک، جاڵجاڵۆکە |
| ڕەهەندەکان | بازرگانیی سێکسفرۆشی | مردن |
| قوربانی | کچان، ژنی گەنج | منداڵان (کوڕ، کچ) |
| ئەو شوێنەی دەبێ تاقیکردنەوەی لێ بکرێت | مارکێتەکانی جلوبەرگی مۆدێرن | ڕووبەری فراوان، مارکێتێکی گەورە، پێشانگاکان |
| شوێنەکانی سەرهەڵدانەوەی ئەفسانەکان | دینان، لاڤاڵ<br>ڕوان (١٩٦٦)<br>مانس (١٩٦٨)<br>پواتیێ (١٩٦٩)<br>شاتیلرۆ (١٩٦٩)<br>ئۆرلیان (١٩٦٩)<br>سترابۆرگ (١٩٧١) | مۆنتیبیلیێ (١٩٨١)<br>دۆردۆن (١٩٨١)<br>هۆت گارۆن (١٩٨١)<br>لاند (١٩٨١)<br>سان ئیتیان (١٩٨١)<br>شامبێریی (١٩٨٢)<br>لیاج (١٩٨٢) |

| | | |
|---|---|---|
| | شالۆن سۆرسۆن (١٩٧٤)<br>تۆلۆز، تور، لیمۆج<br>دوای<br>لێل ڤالینسیان<br>پاریس ...<br>دیگۆن (١٩٨٥)<br>لارۆش سۆربۆن (١٩٨٥) | نیس (١٩٨٣)<br>ئۆربان (١٩٨٣)<br>ئاڤیگنۆن (١٩٨٤)<br><br>... پاریس (١٩٨٦) |

ئەم ڕەگەزە گۆڕاوە نوێیە دەیسەلمێنێ کە بوون یان دەرکەوتنی جوولەکەیەک لە کۆپیی پێشووی دەنگۆکەدا، مەرجێکی سەرەکی نییە. ڕاستت دەوێ، زۆربەی بازاڕ و مارکێتە تۆمەتبارەکان مۆڵکی جووان نەبوون. بۆیە دەرکەوتن یان بوونی جوولەکایەتی لە دەنگۆکاندا، پێوەندیی بەجیاوازی ڕادەی دژایەتیی سامیزمەوە هەیە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە. بۆ نموونە لە ئۆرلیان، ناوهێنانی جووان ڕێکەوت نەبوو. جێی باسە ئۆرلێن پایەتەختی هەرێمی لۆواریێ کە لە چاوی جوولەکەکاندا لە هیچ هەرێمێکی دیکە ناچێت. ئاخر لەو هەرێمەدا دوو ئۆردوگای ڕەشبگیریی جوولەکەکانی تێدا بوو، ئۆردوگای پیتیڤیارز و ئۆردوگای لارۆلاند کە زیندانییان سەرەتا لە ئۆرلیان دەگیران و دواتر ڕەوانەی ئەم دوو ئۆردوگایە دەکران[١٨].

## مانەوەی قۆچی قوربانییەکە "بقاء كبش المحرقة"

لە کۆتاییدا، هەر دەبێ لە ئاست جۆرێکی دیکە لە سەرهەڵدانەوە یان گەڕانەوەی دەنگۆدا هەڵوەستەیەک بکەین. نموونە کۆنەکان پێوەندییان بەکۆپیکردنەوەی هەمان چیرۆکەوە هەیە لە شوێن و کاتی جیاوازدا. لێ پێویستە سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دەنگۆی جیاواز کە باسی بابەتێک دەکەن، کەسێک یان گرووپێک دەکەنە ئامانج، لە چوارچێوەی سەرهەڵدانەوەی دەنگۆگەلدا، سەیر بکەین.

وا دیارە گەڕانەوەی ئەزەلییانەی دەنگۆ، قەدەری هەر قۆچی قوربانییەکە. ئاخر تێکڕای کۆمەڵگەکان، وەک سزایەک لە تەنگژە گەورەکانیان دەڕوانن، ئەمەش وا پێویست دەکات هەر کۆمەڵگەیەک بۆ قۆچێکی قوربانی بگەڕێ و بێ ئاگایانە گوناهی هەمووانی لە ئەستۆ بخرێت. جیا لەوە، دەستنیشانکردنی خەتاباری ئەو ڕووداوانەی

لێک نادرێنەوە، واتە؛ دۆزینەوەی دەردەکە، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ قوتدان و لە بیرکردنی ڕووداو و کارەساتەکان. جێی سەرنجە، گوناهبارە شیمانەکراوەکان هەر خۆیانن و ناگۆڕێن؛ ئەو خەڵکە غەوارەیەن کە لەگەڵ دەوروبەردا ناگونجێن و وەک ئەوان بیر ناکەنەوە. لەم سۆنگەیەوە، لە ڕۆئاوادا، جوولەکە لەبارترین قۆچی قوربانی و ئامانجی یەکسەری دەنگۆگەلن، هەر لەو دەنگۆگەلەی سالآنی ١٣٤٨ تا ١٧٢٠ سەرلەبەری ئەوروپا، گوایە بیرەئاوەکان ژەهراوی کراون هەروەها دەنگۆی پێلانگێڕیی پیاوماقوڵانی سیۆن، تا دەگاتە ئەو گومانەی سەبارەت بەدەنگۆکەی ئۆرلیان، لە جووان دەکرا.

لەوانەیە دەنگۆ دووبارەبووەوەکان پێوەندییان بەقۆچێکی قوربانیی دیاریکراوەوە هەبێت تەنیا سەبارەت بەبەها هێماییەکەی (القیمة الرمزیة) قوربانییەکە. بۆ نموونە، شەکر خواردنێکی نائاسایی بوو تەنانەت پێش ئەو کاتەی دۆسێی قەڵەوی و کلۆربوونی ددانەکانیش بکرێنەوە. لەو ڕۆژەشەوە، ئەوە سەد و پەنجا ساڵە، شەکر بووەتە هێمای تام و چێژێکی تاکەکەسی و هێمایەک بۆ منداڵێتی و چڵێسی، بۆیە بەردەوام بابەتێکی دەنگۆگەلی بنکە تەندروستییەکانە. وا دیارە تا دۆسێیەکی زانستی لە بارەی شەکرەوە دادەخرێ، چونکە بێ بەڵگەیە، دۆسێیەکی دیکە دەکرێتەوە. ئەم حاڵەتەی شەکر هێندە نەگۆڕ و بەردەوامە، وای لێ هاتووە، شەکر نیگەرانییەکی بەردەوامی هەندێکە. بۆیە ئاساییە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر درمێکدا، پەنجەی گوناهبارکردن بۆ شەکر ئاراستە بکرێت. هەروەها حەبەکانی ڕێگری زاوزێ، ئامانجێکی بەردەوامیی دەنگۆگەلن. ئەم دەنگۆیانە لەو ڕاوبۆچوونانەی بەناوی پسپۆڕانێکەوە میدیاکان گەورەیان دەکەن سەرهەڵدەدەن، بێ ئەوەی بزانین داخۆ قسەکەرەکە پیاوێکی زانستییە یان شتێکی دیکە.

بەشی دووەم

# لێکدانەوەی دەنگۆگەل

باسی نۆیەم

# نێردراوەکە "المرسلة": مەترسی و پێداویستی

لەوانەیە حەز بکەین باسکردنی دەنگۆگەل تەنیا لە نێوەرۆک و پۆلێنکردنیاندا کورت بکەینەوە. هەروا‌ش بووە، بۆ نموونە، جیاکردنەوەی دەنگۆگەلی قێزەون لە دەنگۆگەلی خۆشیهێن. بەرانبەر بەوە، یەکێک لە شیکارە پێشەنگەکانی ئەم دیاردەیە، دەنگۆگەلی بۆ سێ جۆر جیا کردەوە[٨٥]، کە برێتی بوون لە: ئەو دەنگۆیانەی حەزەکان دەکەنە ڕاستی (دەنگۆگەلی گەشبینی)، ئەو دەنگۆیانەی گوزارشت لە ترس و دڵەڕاوکێیەک دەکەن (پێشبینیی کارەساتێک)، جۆری سێیەمیشیان، ئەو دەنگۆیانەی لە ڕێگەی پەلاماردانی چەند کەسێکی نێو کۆمەڵەوە، ناکۆکی دەنێنەوە. دەکارین سەرجەم ئەو بابەتانە بناسینەوە کە بەردەوام بەدرێژاییی مێژوو بوونەتە ئامانجی دەنگۆگەل.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧یشدا، نۆ جۆر دەنگۆی سەرەکی سەریان هەڵداوە: گەڕانەوەی ئیبلیس، ژەهری شاراوە، پیلانی ژێربەژێر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات یان وەرگرتنەوەی، قاتوقڕی و گرانیی دروستکراو (شاردنەوەی گەنم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، تەنگژەی سووتەمەنیی ئەم ڕۆژگارە، یان شاردنەوەی مەسەلەی دروستکردنی مەکینەیەک کە بەئاو کار دەکات)، ترس لە غەوارە (دژایەتیی سامیزم بۆ نموونە)، ڕفاندنی منداڵان، نەخۆشکەوتنی سەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتان، جیا لە ئاشقایەتی و بەشدارییان لە هەندێک تاوان و گەندەڵکاریدا. بەڵام لەم کتێبەدا، ئێمە بەپێی ئەم پۆلینکارییە نەڕۆیشتووین، چونکە تەنیا جەخت لە نێوەڕۆکە ئاشکراکەی دەنگۆگەل دەکاتەوە نەک مانا و مەغزاکانی دەنگۆگەل بەلای ئەو کۆمەڵەی دەنگۆکانیان لە نێودا بڵاو دەبێتەوە. بۆ نموونە، ئەو

دەنگۆیەی لە نێو یەکەیەکی سەربازیدا کە تازە لە شەڕ گەڕابووەوە، بڵاو بووەوە گوایە تێکڕای سەربازانی یەکەیەکی دیکە بەدەستی دوژمن کوژراون. دەمودەست پێمان وایە لە ئاست دەنگۆیەکی کارەساتاویداین، کەچی لەوانەیە ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم دەنگۆیە، ئاماژەیەکی پێچەوانە بێت.

باوەڕهێنان بەوەی یەکەکەی دیکە بەتەواوی تیاچوون، مانای وایە ئێمە بەختمان هەبووە کە بەزیانێکی قورسیش لە شەڕەکە دەرچووین. جیا لەوە، ئەو دەنگۆیانەی تۆوی ناکۆکی دەچێنن، هەندێک جار لەو ترس و دڵەڕاوکێیەوە سەرچاوە دەگرن کە پەلاماردانی قۆچی قوربانییەکە دەکەنە دەروازەیەک بۆ گوزارشت لەخۆکردن. ئایا ئێستاش دەتوانین دڵنیاین بین لەوەی دوو جۆر دەنگۆگەل هەیە؟

چار نییە دەبێ دوو پرسیاری دیکەش هەر بکەین: بۆچی زۆربەی دەنگۆکان قێزەونن؟ ئەو نێردراوەی (پەیامەکە – زانراوەکە) دەنگۆ چۆن دەشێوێنرێ؟

## چی دەنگۆگەل قێزەون دەکات؟

وا دیارە زۆربەی دەنگۆگەل، ڕیسواکردنێک، کارەساتێک، مەترسییەک یان ناپاکییەک ڕادەگەیەنێ. هەر ئەمەشە وا دەکات، ڕەنگی ڕەش نزیکترین ڕەنگ بێت لە دەنگۆگەلەوە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەنگۆگەلێکی خۆشیهێنی گوڵڕەنگیش لە ئارادا نەبێ. بۆ نموونە، لە کاتی دووەمین جەنگدا، بەتەواوی لە ساڵی ١٩٤٥دا، هەموو بەیانییەک دەنگۆی خۆبەستەوەدانی ئەڵمانەکان کە زۆر چاوەڕوان دەکرا، بڵاو دەبووەوە. هەروەها لە داڵانەکانی کۆمپانیا جۆراوجۆرەکاندا، دەنگۆی زیادکردنی مووچە و بەرزبوونەوەی ئەم و ئەو، لە بازاڕەکانی دراویشدا دەنگۆی بەرزبوونەوەی فڵانە دراو، بڵاو دەبوونەوە.

بەڵام سەبارەت بەئەستێران و ناودارانی کۆمەڵگە، دەبنە ئامانجی ئەو دەنگۆیانەی باسی هاوسەری و ئەڵقەگۆڕینەوە و چاوەڕوانیی منداڵێکی تازە، دەکەن. سەرەڕای ئەوەی ئەنجامدانی ئامارێک کارێکی ئەستەمە، بەڵام وا دیارە ژمارەی دەنگۆ گوڵڕەنگەکان کەمە. بەڵام بۆچی؟

ڕەنگە چاکترین ڕێگە بۆ وەڵامێکی خێرای ئەم پرسیارە ئەوەیە ڕادەستی ئەو بیرۆکەیە بین کە دەڵێ: خەڵک بەگشتی لە سۆنگەی حەزی نەخۆشانەیانەوە لە کوژران و کارەسات و مردن، دەنگۆ قێزەونەکانیان پێ باشترە. باشترین نموونەش ئەوەیە حەزی مردن، کارتێکی حازربەدەستی ڕزگاربوونە لە مەسەلە ئاڵۆزەکان. ئێمە پێمان وایە، ڕەشی و ناشیرینیی دەنگۆگەل، پێداویستییەکی واز لێنەهێنراوە، نەخاسمە، دەرکەوتنی خێر و خۆشی، پێویستیی بەبوونی ڕەگەزێکی خراپ هەیە.

جیا لەوە، قێزەونی، هەموو کات مانای هەواڵی خراپ ناگەیەنێ، بەتایبەتی هەندێک ڕووداو، پێویستە ڕوو بدەن، لێرەدا هەر دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لایەنی خراپی دەنگۆگەل، سوود بەو گرووپە دەگەیەنێ کە لە نێو خۆیاندا بۆ یەکدیی دەگێڕنەوە، جاری وا هەیە ناشیرینی، دەروون پاک دەکاتەوە.

## بەهای هەواڵانی دەنگۆی قێزەون

هەموو هەواڵێک (هەموو دەنگۆیەک) لێدوانێکە ئاگەدارمان دەکات، کەسێک (ک) کارێکی کردووە یان دەیکات (ک). ئەمە لە لایەنی بنیاتییەوە، تیۆرییەکە لە جۆری ک – ک (کەسێک کارێک دەکات)، جا جێدەستی ئەم کەسە جاری وا هەیە چاکە و جاری واش هەیە خراپە. بەلای ئەفریقیاییەکانی باشوورەوە، مەسەلەی "زنجی" بابەتێکی نەرێنییە، دروست وەک تێڕوانینی لایەنگرانی (گردبوونەوە لە پێناو کۆماردا) سەبارەت بەفرانسوا میتران.

بەرانبەر بەمە، کچە هەرزەکارەکانی شار زۆر ئەرێنییانە دەڕواننە کارۆلینی شازادەی مۆناکۆ و ئەنتۆنی دیلۆن. سەبارەت بەکردارەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، جیاوازی نییە، یان نەرێنییە (مردن، کوشتن، دزی، بازرگانیی سێکیفرۆشی)؛ یان ئەرێنییە (یارمەتی، فریاگوزاری، هاوسەری.. هتد). دواجار دەکرێ هەر زانراوەیەک یەکێک لەم شێوازانە وەرگرێ[١٢٧]:

خشتەی ٣

چوار جۆرەکەی زانراوە

| جۆر | کەسەکە | کارەکە | کاردانەوەی پێشبینیکراو |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | خۆشەویست | ئەرێنی | نازانم |
| ٢ | خۆشەویست | نەرێنی | دەچێتە عەقڵەوە؟ |
| ٣ | قێزەون | ئەرێنی | گومانم هەیە |
| ٤ | قێزەون | نەرێنی | پێم نەگوتن؟ |

جۆری یەکەمی زانراوە، بەدەگمەن نەبێت، نابێتە جێی باسوخواس، چونکە هیچ زانیارییەکی زیاترمان لەوەی خۆمان لەبارەی کەسەکەوە دەزانین، پێ نالێت. ئەم جۆرە زانیارییانە برێتییە لە: پیاوچاکێک چاکەیەکی کردووە، ئەمەش مانای وایە کارێکی پێشبینیکراو و ڕۆتینە و نابێتە هەواڵ. هیچ بەهایەکیشی نییە و مەگەر چۆن، دەنا نابێتە بابەتێکی دەنگۆش.

دووەمین جۆری زانیارییەکان، پێشبینینەکراوێکی لە ناکاوی گرینگی تێدایە و ئاماژەیە بۆ کارێکی نەشیاو. ئەم زانراوەیە کەموکورتییەکی سیستمی باو ئاشکرا دەکات، بگرە تێڕوانینمان بۆ دنیا ئاوەژوو دەکاتەوە. لە نموونەی ئەم دەنگۆیانە: "سەرۆکمان (کە زۆرمان خۆش دەوێ و ڕێزی دەگرین) بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئەڵماسە دیارییەکانی لە ئیمپراتۆرێکی خوێنڕێژی ئەفریقیا وەرگرت"؛ "کچە گۆرانیبێژە دڵخوازەکەمان ئەوە دەرنەچوو کە پێشبینیمان دەکرد". ڕاستییەکەی، ئەم گریمانەیە هاوسەنگیی تێدا نییە، چونکە ڕەگەزێکی ئەرێنی و یەکێکی نەرێنیشی تێدایە، بەڵام جێی سەرنجە گریمانە ناهاوسەنگەکان، زۆرتر لە یادەوەریی خەڵکدا دەمێنن[١١٦]، بەتایبەتی شتێک بەگوێگران دەڵێ چاوەڕوانیان نەکردووە و کاریان تێ دەکات.

بۆ نموونە ئەو دەنگۆیانەی باس لە مردنی کەسێکی ناسراو دەکەن بەنەخۆشییەکی کتوپڕ کەچی دواتر دەردەکەوێ ئەو پیاوە لەسەر جێگەی سێکسفرۆشێک یان دۆستەکەی مردووە، لە یادەوەریی هەمووواندا دەمێننەوە و لەگەڵ هەر دەرفەتێکی نێو

دانیشتن و گفتوگۆیەکدا دێنەوە سەری. (کتێبەکە نموونەی مردنی کاردینالّی فەرەنسایی جۆن دانیلۆ دێنێتەوە کە سەرەتا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە گوایە بەهەناسەبڕکێ مردووە، دوایی ئاشکرا بووە لەسەر جێی سێکسفرۆشێک بەناوی میمی، بەڕووتی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە).

مادامەکی هەموومان گریمانە هاوسەنگەکانمان بەلاوە چاکە، ڕەنگە ئەم جۆرە زانیارییانە بگاتە دوو ئەنجام: یان ڕەتکردنەوەی زانراوەکە (مەحالّ، ناچێتە عەقڵەوە ئەو بێت)، یان شێواندنی وێنەی کەسەکە و ئەمەش ئاکامێکی نەرێنییە. بەڵام کاری ناشایان سەرەتا زۆر زوو بڵاو دەبێتەوە، با تاکە مەبەستی دەنگۆچییانیش ڕەتکردنەوەی زانراوەکە یان بڕوا پێکردنی تەواو بەڕاستیی زانراوەکە بێت.

هەروەها جۆری سێیەمی زانیارییەکان گریمانەیەکی ناهاوسەنگە کە لە کارێکی چاکەی کەسێکی خراپدا بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە،"تاوانبارێک بەفریای کەسێک دەکەوێ کە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە و ژیانی ڕزگار دەکات". شایانی باسە، ئەم ناهاوسەنگییە زانراوەکە گوماناوی دەکات. لەم حاڵەتەشدا، هەڵکەوتەکان بەدرۆ ناخاتەوە، بگرە بایەخیان کەم دەکاتەوە. ڕاستت دەوێ، ئەم جۆرە زانراوانە، خەسڵەتی نەرێنیی "تاوانباران" دێنێتەوە بەر باس. ئەمەش واتە؛ گومانکردن لە بیرۆکەیەکی باو و جێگیر. جیا لەوەش، لێکنەچوونێکی ماریفەتیی یان کێماسییەکی نیگەرانکەر لەخۆ دەگرێ. کاتێکیش ئەو بێزاری و نیگەرانییەی دروست کرد، سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی چێ دەبێت. دواتر، لە کاتێکی گونجاودا، کێماسییە ماریفەتییەکە پەکی دەکەوێت، یان لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵاوێردن (إستثناء)ەوە (بەڵێ، بەڵام وەک تاوانبارانی دی نا)، یان لە ڕێگەی بچووککردنەوەی کارە چاکەکەوە (دەیویست دزیی لێ بکات بەڵام دەرفەتی بۆ نەڕەخسا). خۆ ئەگەر ئەم زانراوەیە فەرامۆش نەکرا، شانسی بڵاوبوونەوەی زۆر دەبێت بەو مانایەی "نەرێنیی نەرێنی" نەک بەمانای "نەرێنیی ئەرێنی" وەک پێشتر، کەواتە ڕووداوەکە بەگوێرەی ئەو مانایە لێک دەدرێتەوە کە لەگەڵ بیرۆکە باوە باڵادەستەکەدا بگونجێ.

بەڵام چوارەمین جۆری زانیارییەکان، لە کەسێکی خراپدا بەرجەستە دەبێت کە کارێکی خراپ دەکات. نموونەی ئەوە "قەرەجەکان لە نزیک دەرگای ماڵانەوە

ئامـــاژەگـــەلێک دەنووسـن تا ڕێنـوێنیی دزانی پـێ بکەن". وەک دیارە ئەم زانـراوەیە، هەواڵە. ڕاسـتە ئێمە لە خـراپەکار چاوەڕێی خـراپەین، بەڵام گرینگە جۆری خـراپەکە بزانین کە مەترسییە بۆ سەر خەڵک. جیا لەوە، ئەم جۆرە دەنگۆیانە، بیرۆکە باوەکان زیاتر دەچەسپێنن و پاساوێکن بۆ ئەو داوەرییە پێشوەختانەی دەیدەینە پاڵ غەوارە و کـۆچەرییـەکـان، نەک هێنـدە، ڕێگەمـان بۆ خـۆش دەکـات بەڕاشـکاوی گـوزارشـت لە دژایەتیمـان بۆ ئەو گرووپانە بکەین بەپشـتبەسـتن بەڕاسـتییـەکی هەڵبەسـتـراو (ئەو هێڵـە ئەندازەییانەی دەنگۆکە باسیان دەکات). دواتر، ئەرکی زانیارییەکـانی جۆری "نەرێنیی نەرێنی" هـەر ئاگــەدارکــردنەوە نیــیــە، بگرە گــوزارشـت لـە داوەرییـــە پێشوەختەکان و جێگیرترکردنیشیان دەگرێتەوە.

کەواتە ئاشکرایە، زیادکردنی ڕەگەزێکی نەرێنی بۆ گریمانەکە، بەهای هەواڵنیی نێردراوەکە (پەیامـەکە) زۆرتر دەکات، هـەروەها ئەگەری سـەرهـەڵدانەوەی. بێگومـان، زانیـارییـە نـاهاوسـەنگەکـان (ئەرێنیی نـەرێنی یان نەرێنیی ئەرێنی) لە سـەمـتی بڵاوبوونەوەیدا، پێشـڤە دەچێ. خۆ ئەگەر زانیارییەکان بەرەو ئەرێنیی ئەرێنی چوون، گرینگییەکەی خۆیان لە دەست دەدەن و چی دی وەک دەنگۆ بڵاو نابنەوە. بەڵام ئەگەر بەرەو "نەرێنیی نەرێنی" چـوون، بەهایەکی لای خەڵک دەمـێنێ و دەبێـتـە سووتەمـەنیی بڵاوکردنەوەی. بەم شێوەیە، زۆربەی جاران تەنیا گریمانە نەرێنییەکان، دەنگۆیەکیان لێ دەخولْقێ توانای مانەوەی هەبێت.

## بەهای ڕازیکردنی دەنگۆی قێزەون

هێـشـتـا ئەوەندە بەسـەر زەمـینلـەرزە ترسـناکـەکەی ١٨ی نیـسـانی ١٩٦٦ی سـان فـرانسـیـسکۆدا تێ نـەپەڕیبوو، خـراپـتـرین دەنگۆگەل گـەڕەکە ئاوەدانەکـانی شـاری تەنییـەوە. ئەودەم گـوترا "شـەپۆلە بەرزەکـانی دەریا نیـویۆرکـیـان نغـرۆ کـردووە" و "دەریاچەی میشیگان شیکاگۆی نقومی ئاو کردووە"، قسەوقسەڵۆکی زۆری دیکەش بڵاو بوونەوە. ڕاسـتـە ئەم دەنگۆیانە قێزەونن، لێ هـاوزەمـان ئەرکێکی ئەرێنیشـیـان هـەیە. پشــوویەکی کــاتیی هـاووڵاتیــانە لەو ترس و چەپاندنـەی کــارەســاتەکــان دەیخـولْقـێنن. ئەگـەر کـارەسـاتەکە چەند شـارێکی دیکەشی گـرتووەتـەوە، کـەواتە هـەمـووان لە ئازارەکـانیدا هـاوبەشن، ئەمـەش لە ئازارەکانی کەم دەکـاتەوە. بینیـمـان

چۆن دەنگۆی قڕکردنی یەکەی ١١٣، کاریگەرییەکانی زیانە زۆر و زەوەندەکانی یەکەکەی دیکەی سووک کرد.

هەر دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئێمە بەگشتی هەوڵ دەدەین توانا و شێوازی کارکردنمان لە سۆنگەی بەراوردکردن لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا هەڵسەنگێنین. ڕاستت دەوێ، کاتێک دەزانین کە ڕەوشی لای خۆمان لەلای ئەوانی دیکە باشترە، هەست بەدڵنیاییەک دەکەین. بەڵا ئەگەر ئێمە خراپتر بووین، دەنگۆ ڕۆڵی سووککردنی ئەو حاڵەتی چەپاندنە دەبینێ کە کارەساتەکە دەیخوڵقێنێ. ئەو کاتەش هەوڵ دەدەین دڵخۆشیی خۆمان بەوە بدەینەوە کە سەرکەوتنی ئەوانی دیکە بۆ فێڵبازی و کاری نامەردانەیان دەگەڕێتەوە نەک بۆ زیرەکی و بەهرەمەندییان. بەرەنجام، دەنگۆگەلێکی وەک "خۆیان لە بەرەنگاربوونەوە دەشارنەوە" و "دەستکەوتێکی زۆر و بێ مانایان پێ دەدرێ"، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، دەنگۆی قێزەون، ڕۆڵێکی خۆپاککردنەوە و خۆبەتاڵکردنەوە دەبینێ.

## دەنگۆی قێزەون کۆدەنگی دروست دەکات

دەزانرێت کە دەنگۆ کارێکی هەرەوەزی یان دەستەجەمعییە، دیسان جێی سەرنجە، کۆدەنگی دژی مەسەلەیەکی دیاریکراو، لە کۆدەنگی بۆ پشتیوانیی مەسەلەیەک، ئاسانترە. شایانی باسە هەر کاتێک ڕێژیمە سیاسییەکان هەستیان کرد کۆدەنگییەکەیان خەریکە نامێنێ، یەکسەر هەموو هەواڵێک بۆ شەڕێک دژی دوژمن دەگۆڕن، ئاخر کوتانەوەی غەوارە (الغریب)، ڕاچێتەیەکی تاقیکراوە و سەرکەوتووە لە ڕاچێتەکانی تۆکمەکردنەوەی یەکیەتیی نیشتیمانی.

جیا لەوە دەنگۆی خراپ یان نەگەتیف، بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە خۆ دەگرێ. تۆمەتبارکردنی غەوارەکانی شار، جۆرێک کۆدەنگی و هەرەوەزی بەدژیان دەخوڵقێنێ. تا دەنگۆکەش زۆرتر بتەنێتەوە، کۆمەڵ زیاتر هەست بەبوون و هێزی خۆی دەکات. دەتوانین بڵێین، دەنگۆی سەلبی، دەستەبەرەیەکی گرینگی بنیاتنانەوەی یەکڕیزیی هەڕەشەلێکراوی کۆمەڵایەتییە.

## پێشقەچوونی نێردراوەکە - پەیامەکە "تطور المرسلة"

یەکشەممەیەکی مانگی تەمووز – یۆلیۆی ساڵی ١٩٤٥، جیانگ جۆنشن Jiang Jonchen ، هاووڵاتییەکی چینییە و مامۆستای زانکۆیە لە ئەمریکا، بڕیاری دا گەشتێک بکات بۆ گوندەکانی دەڤەری ماین Maine کە بەخۆشی و جوانی ناسراوە. لە گوندی ئارِ R وەستا و بەوپەڕی ئەدەبەوە پرسیاری کرد لە کام ڕێگەوە دەگاتە گردێکی نزیک کە کتێبەکانی ڕێنوێنیی گەشتیاران دەڵێن بەسەر دارستانێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشدا دەڕوانێ، سەعاتێکی پێ نەچوو، لە نێو گونددا بووە هەڵا، هەموان بەو «سیخوڕە» ژاپۆنییەوە سەرقاڵ بوون کە چووەتە ئەو گردە و وێنەی ناوچەکە دەگرێ[٥].

چاودێران زۆر دەمێکە سەریان لە دەنگۆگەل سڕماوە چۆن بەو خێراییە لە ڕاستییەوە بۆ خەیاڵ دەگۆڕێ. تەنانەت هەندێکیان ئەم خەسڵەتەی دەنگۆیان کردووەتە پێناسەی ئەم دیاردەیە[١٢٦]، بەڵام بەهەڵەدا چوون. ئاخر خۆ تێکڕای دەنگۆگەل، قێزەون نین، هەمووشیان وارەکە ناگۆڕن. لەم نموونەیەی ئێستادا، گومان ئامادەیە، نەخاسمە لە لایەنی زانینی دوا کۆپیی دەنگۆکەوە، داخۆ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕاوە یان هەر وەک ئەوە ماوەتەوە کە ئەو کەسەی مامۆستا چینییە بەڕێزەکە پرسیاری لێ کرد، بڵاوی کردووەتەوە.

ئەوەی پێویستە لێک بدرێتەوە، ئەو ڕەوشانەیە کە گۆڕان بەسەر دەنگۆدا دێنن یان وا دەکەن وەک خۆی بمێنێتەوە. جیا لەوانە، هەر شێواندن و گۆڕانێکی بەسەر دەنگۆدا دێت، زادەی ڕێکەوت نییە، بگرە زادەی لۆگیکێکە کە پێویستە تێبینی بکەین.

## ڕێڕەوێکیی بنیاتنەر یان داڕووخان

ئەزموونی ئالبۆرت و پۆستمان[٦] کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بەدەوری ئەم خاڵەدا دەخولێتەوە. لەو ئەزموونەدا، کەسێک بۆ ماوەی بیست چرکە سەیری وێنەیەک یان دیمەنێکی ژیانی ڕۆژانە دەکات، دواتر بۆ کەسی دووەمی دەگێڕێتەوە و ئەویش بۆ سێیەم و بەو جۆرە. وەک هەمیشە، زنجیرەکە تا حەوت هەشت کەس دەڕوات. لێ

ئەنجامی ئەزموونەکە، سەرسوڕهێن بوو، ئەو دیمەنەی کەسی یەکەم بینیبووی لەگەڵ ئەوەی هەشتەمدا هیچیان پێک نەدەچوو. توێژەوان سێ ڕێڕەویان بۆ ئەو زنجیرەیە دەستنیشان کردووە: کورتکردنەوە، جەختکردنەوە و نواندن.

هەر لە گێڕانەوەی یەکەمەوە، زۆربەی وردەکارییەکان وەلا دەنرێ، بەمەش نێردراوەکە کورت دەبێتەوە، دواتر دیمەنەکان بەناچاری بەدرێژی و شێوازێکی دیاریکراو وەردەگرن کە تا کۆتایی ناگۆڕێن.

بەرانبەر بەم کورتکردنەوەیە، جەخت دەکرێتە سەر هەندێک وردەکاری، چونکە ئەو هێندەی لە مەقەستی کورتکردنەوەکە قوتار دەبن، دەبنە بابەتی گرینگی دیمەنەکە (نێردراوەکە)، زیاد لەمانە، کاتێک مەسەلەکان پێوەندییان بەجووڵە و ژمارە و داوەرییەوە هەبێت، وردەکارییەکان گەورە دەکرێن، ژمارە ١٠ دەبێتە ١٠٠، خێرایی دەبێتە خێراییەکی فیشەک ئاسا، فیشەک دەبێتە گوللەتۆپ.

ئیدی نێردراوەکە دەگۆڕێ، تا شێوازێکی وا باو وەردەگرێ لای دەنگۆچییان شایانی بڕوا پێ کردن بێت و بۆ یەکدی بگێڕنەوە. ئەو دەم، وردەکارییەکانی دیکە لە سیناریۆیەکی کامڵدا دەتوێنەوە کە هەرچی گێڕدراوتەوە لە خۆ دەگرێ و دەبێتە حیکایەتێکی تۆکمە. بۆ نموونە، دیمەنێک: پیاوێکی سپی پێست مەکینەیەکی ڕیش تاشینی بەدەستەوەیە و لە نزیک پیاوێکی ڕەش پێستەوە لە نێو وێستگەیەکی میترۆدا وەستاوە. کاتێک ئەم دیمەنە (نێردراوە)، لەمەوە دەچێ بۆ ئەو، لەویشەوە بۆ یەکێکی دی، دەبینین دیمەنەکە دەبێت بە: پیاوێکی ڕەش پێست گوێزانێکی ڕیش تاشینی بەدەستەوەیە و هەڕەشە لە پیاوێکی سپی پێست دەکات. ئەمەش دیمەنێکی باوە کە مانا دەبەخشێتە هەموو ئەو وردەکارییە پەرشوبڵاوە. وا دیارە دەنگۆکە شێوازی تێڕوانینە باوەکانی پۆشی.

شایانی باسە ئالبۆرت و پۆستمان، یاساکانی بیرچوونەوە و تیۆریی گێشتاڵت Gestalt بۆ هەر سێ کاریگەری و گۆڕانەکە: کورتکردنەوە، جەختکردنەوە و نواندن، بەکار دێن. ڕاستییەکەی، وەئەستۆ خستنی مەسەلەکە بۆ بیرچوونەوە، بۆ جۆرێک لە وێکچوون دەگەڕێتەوە. ئاخر کاتێک لە هێڵی سەربەرەوخواری ئەو وردەکارییانەی لە زەینی هەر یەکێک لەوانەی دەنگۆکە دەگێڕنەوە، ورد دەبینەوە، تێبینی دەکەین

سەربەرەوخوارییە خێراکەی زۆر لە سەربەرەوخواربوونەوەی بیرچوونەوە دەچێ. سەرەتا هەر یەکێک لەوانە زۆربەی وردەکارییەکانی لە بیرە، وردە وردە هەندێکی بیر نامێنێ تا لە ئاستێکی دیاریکراودا، وردەکارییەکان جێگیر دەبن. بەڵام وەئەستۆخستنی بۆ تیۆریی گێشتاڵت، پێوەندیی بەوارێکەوە هەیە کە وردەکارییە لەبیرماو و جیاوازەکان دەیانەوێ "وێنەیەکی شایان" یان سیناریۆیەکی تۆکمە و بڕواهێن بنیات بنێن. لە ئەنجامی بیرچوونەوە و نواندنیشەوە، دەنگۆکە شێوازێکی گونجاو وەردەگرێ کە بەرەنگاری بیرچوونەوە دەبێتەوە و تا ئاستێکی باش لەگەڵ هەڵوێست و پێشداوەری (الأحكام المسبقة) و تێڕوانینە باوەکانی ئەو کۆمەڵەی دەنگۆکەی تێدا بڵاو کراوەتەوە، دێتەوە. خۆ ئەگەر جیاوازی لە نێوان کۆپیی یەکەم و دواکۆپیی دەنگۆکەدا گەورەیە، تێبینی دەکرێ ئەو جیاوازییە لە نێوان کۆپییە یەک لە دوای یەکەکاندا وا نییە و دەچێتە عەقڵەوە.

کارێکی چاکە ئەگەر ئاماژە بەوە بدەین ئەم ئەزموونانە بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٤٥دا ئەنجام دراوە و هەر لەو کاتەشەوە لە پرۆگرامەکانی زانستی کۆمەڵناسیدا دووبارە کراوەتەوە، ئەم بەردەوامییەش، دیاردەی دەنگۆی لە سنووری نەبوونی متمانەدا هێشتووەتەوە. ئاخر دەنگۆگەل هەر دەبێ بەپێی بەها بالاکانی هەر کۆمەڵگەیەکی تەکنیکی داوەری بکرێن، ئەم کۆمەڵگانەش بەسەر هەموانیدا دەسەپێنن کە ئەو زانیارییانەی دەگوازرێنەوە، بەچاودێری و پشکنینێکی چاکدا تێپەڕ بووبن.

بەدەر لەو ڕەخنانەی ئاراستەی لایەنە ئایدیۆلۆجییەکانی ئەم ئەزموونانە دەکرێ، ئەنجامەکان دەیسەلمێنن ئەم ئەزموونانە توانای کۆپیکردنی دیاردەی سروشتیی بڵاوبوونەوەی دەنگۆیان نییە. هەندێک توێژینەوە دەریان خست کە هەندێک دەنگۆ چەند بڵاو بێتەوە، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەک خۆیان دەمێننەوە(٢٦، ١٣٣)، هەندێک توێژینەوەی دیکەش ئاراستەیەکی پێچەوانەی کورتکردنەوەیان ئاشکرا کردووە کە برێتییە لە گەورەکردنی وردەکارییەکان(١١٥). دوور لە بەخشینی وێنەیەکی جیاواز بە وارەکە، لەم پێککەوتنە بەردەوامەی گواستنەوە زنجیرەییەی دەنگۆوە، حاڵەتێکی تایبەت لە دایک دەبێت کە ناکرێ بکرێتە نموونە و حاڵەتێکی گشتی. بەڵام

جیاوازیی نێوان یەکدی دواندن و ڕەوشە سروشتییەکە چییە؟

ئالبۆرت و پۆستمان ڕێڕەوێکی پاشەکشەی دەنگۆ دەبینن. سەرەتا زانراوەکە تەواو ڕاستە، بەڵام لە کۆتاییدا، بەتەواوی جیاوازە، ڕاستییەکەی، ئەزموونەکانیان، بریتییە لە تیۆریی دروستبوونی دەنگۆگەل. ئەم تیۆرییە دەڵێ: نێوەڕۆکی دەنگۆ، زادەی لەنێوبردنی ڕاستییە بنەڕەتییەکەیە.

بەڵام ئەم تیۆرییە زۆربەی جاران ئامادەنەبوونی ڕاستییە بنەڕەتییەکە فەرامۆش دەکات. ئاخر دەنگۆ لە ڕێڕەوێکی بنیاتنەرانەوە دروست دەبێت. لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوێکی ناڕووندا، تاکەکانی گرووپەکە توانا هزرییەکانیان یەک دەخەن تا بگەنە پێناسەیەکی گونجاوی ڕاستی. پاش ڕووداوەکە، لێکدانەوەی زۆر پێکەوە دەکرێن و دەژین، دواتر یەک ئەوی دیکە وەلا دەنێت. دەشکرێ واز لە هەندێک لێکدانەوە بێنین بۆ هەندێکی دیکە. بەڵام خاڵی ناوکۆییی هەموو چیرۆکەکان، ئەو شتەیە کە وا باوە پێی دەڵێین نێوەڕۆکی دەنگۆکە کە کتێب و وتارە ڕۆژنامەوانییەکان بڵاوی دەکەنەوە و دەبێتە بەشێک لە مێژوو. تێبینیش دەکەین، لێکدانەوەکان یەکجار زۆرن کە هەر هەموویان هەوڵ دەدەن شێوەیەکی چاکتر "ڕاستی" بنەخشێنن، واتە هەوڵدان بۆ ڕاستییەکی تایبەتمەند.

سەرەتا، هەر چیرۆکێک لە پێکەوەنانی وردەکاریی تازەوە کە زەمینەسازیی بۆ سیناریۆیەکی تۆکمە و جێ متمانە دەکات، دروست دەبێت. لێرەدا ڕێڕەوێکی کەڵەکەبوونی هاوشێوەی تۆپەبەفر دەبینین کە وردە وردە گەورە دەبێت. بەڵام بەڕۆیشتنی کات، ئەم سیناریۆ کامڵە، دووچاری بیرچوونەوە دەبێت، وەک چۆن تیۆرییەکەی ئالبۆرت و پۆستمان دەسەلمێنن. بەڵام ئەمە تەنیا ئەگەرێکە و هیچی دیکە. خۆ ئەگەر ڕێڕەوی داڕووخانەکە هاتە پێشەوە، ئەوە لە قۆناغی دووەمدایە، واتە پاش قۆناغی بنیاتنان. جیا لەوەش، داڕووخان، تەنیا چیرۆکە پەراوێزەکان دەگرێتەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکات، داخۆ گرووپەکە چۆن چۆنی چیرۆکەکانی خۆیان داڕشتووە. شایانی باسە، ئەم داڕشتن و تەولیفەیە بریتییە لە کۆکردنەوەی وردەکاریی هەموو چیرۆکە جیاوازەکان (وەک تۆپەڵەبەفرەکە)، هەروەها لە ڕێی گۆڕینەوەی لێکدانەوەیەک بەیەکێکی دیکە. هەمان مەسەلە بەسەر ئەو دەنگۆیانەشدا

جێبەجێ دەبێت کە دەمودەست پاش ڕووداوێکی گرینگ وەلێ نارِوون، بڵاو دەبنەوە. ڕاستت دەوێ، دەتوانین جیاوازیی نێوان پرۆسەکانی یەکدی دواندنە زنجیرەییەکان و بڕیارە گرینگە دەستەجەمعییەکان کە لە دەنگۆدا بەرجەستە دەبن، بپێوین.

جیا لەوەی دوو جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان تاقیگە و واری سروشتیدا هەیە: تووشنەبوونی دەنگۆچییان و نەبوونی گفتوگۆ.

لە حاڵەتی سروشتیدا، هەموو دەنگۆچییەک بڕیار دەدات کارێک بگرێتە ئەستۆ، بێ ئەوەی کەس ناچاری بکات، بگرە وەک خۆبەخش ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات، چونکە پێی وایە پێوەندیی بەوەوە هەیە و دەیەوێ خەڵکیش لەم هەستانەیدا هاوبەش بن. ئا لەم حاڵەتەدا، دەنگۆچی ئەوە ناگێڕێتەوە کە بیستوویەتی، بگرە هەوڵ دەدات بڕوا بەگوێگرەکەی بێنێ. جیا لەوە ، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، پرۆسێسێکی ئاڵوێرە. ئاخر لەگەڵ گواستنەوەی هەر دەنگۆیەکدا، گفتوگۆیەک لە نێوان گوێزەرەوە و وەرگرەکەدا پەیدا دەبێت. خۆ وەرگر یان گوێگر دانانیشێ هەر گوێ بگرێ و هیچ قسەیەک نەکات (وەک لە ئەزموونەکانی تاقیگەدا ڕوو دەدات) بگرە کاردانەوەی دەبێ و پرسیار لە گوێزەرەوەکە (دەنگۆچییەکە) دەکات. پاش ئەم گفتوگۆیەی هەردوولا تووشی دەبن، گوێزەرەوەکە هەندێ شت لە چیرۆکە بنەڕەتییەکە دەگۆڕێ.

ڕاستت دەوێ، ئێمە زۆر دوورین لەو نەخشە تەکنیکی و میکانیکییە تاک ئاراستەیەی زنجیرە یەکدی دواندنەکانی نێو تاقیگەکانی پێ دەناسرێتەوە. ئەو زنجیرەیە لە قۆناغی کۆتاییی دەنگۆدا، ئەو کاتەی ڕووداوەکە بایەخی خۆی لە دەست دەدات و دەنگۆچی و گوێگرەکەی کەمتر تووشی گفتوگۆ دەبن. لەم حاڵەتەشدا، پێوەندی زیاتر بەگواستنەوە دەچێ و زووتر بیر دەچێتەوە.

## نێردراو چۆن دروست دەبێت

وا دیارە چەمکی شێواندن، لای دامەزرێنەرانی وانەی دەنگۆ، زۆر زاڵ بووە، بەتایبەتی، چەمکێکی جێ بایەخە بەو پێیەی جۆرێک لە ڕاستیی واتاییمان پیشان دەدات کە هاکا دەڕووخێ. بەڵام پێمان وایە دەبێ بەچاکی مامەڵە لەگەڵ ئەو شێواندنانەدا بکەین کە بەسەر دەنگۆگەلدا دێن. چونکە ئەوە ڕێگەی دروستبوونی

نێردراوە. جێی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین، ئەوەی شێواندنەکان کۆنترۆڵ دەکات، بیرچوونەوە نییە، بگرە ویستی بەردەوامیی پێوەندی و بەشداریی هەست و بڕوا پێکردنە.

وەک دەزانرێ، سادەکردنەوە، بنەمای زێڕینی هەر پرۆسەیەکی پێوەندی پێکەوەکردنە. سەبارەت بەدەنگۆ، دەتوانرێ بگوترێ، لە بارەی کرۆکی ڕووداوەکەوەیە. ئاخر شتەکان یا هەن یا نین؛ هیچ پلەیەکی ڕاگوزەر لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا بوونی نییە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لە سایەی نەبوونی هیچ وێنەیەکی سەلمێنەردا، وا پێویست دەکات دەنگۆ لە ڕێی وردەکارییەکانیەوە سەرنج ڕابکێشێ، خۆ ئەگەر سەرەتا وردەکارییەکان چواران بن، دواجار دەبنە هەزار. لەو کاتەدا، دیارییەکی سادە دەبێتە ئەڵماس، مرۆڤکوژ دەبێتە نەخۆشێکی هەوەسباز، ئەو شەکرۆکانەی بڵق دەردەکەن، دەبنە شەکرۆکەی بۆمبڕێژکراو. ڕوون و ئاشکرایە، ئەم زێدەڕۆییییە لە گێڕانەوەی نێوەرۆکی زانراوەکەدا وەک وێنەی کاریکاتۆریی شێواو وایە. لە کاتێکدا زۆر جەخت دەکرێتە سەروسیمای کەسێک، ئیدی پێویست بەهیچ ڕوونکردنەوە و وردەکاریی دیکە ناکات و هەر ئەو مەسەلەیە دەمێنێتەوە. دەزانرێ کە جەختکردنە سەر نیشانەکان، تێڕوانینی چیەتیی دەنگۆ تۆکمەتر دەکات. ئاخر گواستنەوە لە چەند دانە ئەڵماسێکی کەمەوە بۆ ملوانکەیەکی ئەڵماس، وا دەکات نێردراوەکە (دەنگۆکە) زیاتر جێی بڕوا بێت. بەڵام لە بڕوا پێهێنانی تەواویشەوە دێت، کە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کەسێک خەتابارە، لای خۆشمانەوە خراپەی دیکەی دەخەینە پاڵ. ڕاستت دەوێ، تا ژمارەی کەسەکانی نێو دەنگۆیەک زۆر بن، زیاتر جێگەی بڕوایە. ئاساییە ئەوکات سکاڵا و وردەکارییەکان تا ئاستی زێدەڕۆیی زۆر دەبن. شایانی باسە زیادکردنی وردەکاریش زادەی بڕواکردنە. کاتێک کەسێک لە هاوڕێیەکیەوە دەنگۆیەک دەبیستێ، بڕوا دەکات و لە پێناو تۆکمەکردنی تیۆرییەکەدا، پاساوی زیاتر دێنێتەوە. ئا ئەم وەڵامدانەوەیە یان کاردانەوەیە، بنەمای کاری "تۆپەڵە بەفرەکەیە"، واتە هەر کەسێک لای خۆیەوە بەشداری لە داڕشتنی تیۆریی دەنگۆکەدا دەکات. دەنگۆ بەپاساوێک دەست پێ دەکات و لە گواستنەوەیدا دەیان پاساوی

دیکەشی دەخرێتە سەر. با بۆ نموونە باسی ئەم دەنگۆیە بکەین: "بێرنارد تاپیس Bernard Tapis خەریکی کۆکردنەوە و گێڕانەوەی سامانەکانی سۆڤیەتی جارانە، کۆمپانیاکان بۆ ڕووسەکان دەکڕێتەوە. بەڕاست مەگەر باوکی یەکێک نەبوو لە کرێکارەکان؟ زیاد لەوەش، پێش کڕینی هەر کۆمپانیایەک، ڕاوێژ لەگەڵ سەندیکای گشتی کار دەکات. وا دیارە چاویش لەو کۆمپانیایانەیە کە مانگرتنەکانی سەندیکای گشتیی کار، پەکی خستوون. مەگەر سەرۆکی بانکە ڕووسییە بەناوبانگەکە نەبوو کە بەبانکی ئەوروپای ڕۆهەڵات ناسراوە؟

بە ئاشکرا دیارە، زیادکردنی وردەکاری و زێدەڕۆیی لەو چیرۆکانەی بەر گوێمان دەکەون، پشت بەڕاستییەک دەبەستن: ئێمە زیاتر بایەخ بەڕۆڵی گوێزەوەی دەنگۆ دەدەین نەک وەرگری دەنگۆ (بایەخ بەقسەکەر نەک گوێگر). ئێمە ڕۆڵی گوێزەوەی دەنگۆ هەڵدەبژێرین، ئەم هەڵبژاردنە ئازادانەیەشمان، نیشانەی تێوەگلانمانە لە دەنگۆکە، بەتایبەتی کە ترش و خوێی پێوە دەکەین و وەهم و خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆمانی بۆ زیاد دەکەین.

چۆن دەتوانین حەزی لابردنی هەندێک وردەکاری لە پێناو سەلماندندا و کاری تۆپەڵەبەفرەکە کە پاساوەکان زیاد دەکات، پێکەوە بگونجێنین. ڕاستییەکەی، ئەم وێکنەچوونە، ڕواڵەتییە، چونکە پرەنسیپی سادەکردنەوە وا پێویست دەکات خۆمان لە هەموو درێژدادڕییەکی نەزۆک قوتار بکەین. ئەو دەمیش، تەنیا هەڵکەوتە بنەڕەتییەکانی پێوەست بەتیۆرییە ناوەندییەکەی دەنگۆکە دەمێنێتەوە، لێ لەوانەیە ئەم هەڵکەوتانە کورت بێن، بۆ نموونە، ئەگەر دەنگۆکە گومانی دەخستە سەر کەسێک کە تا ئەو کاتە جێی متمانە بووبێت، کەواتە پێویستە کۆمەڵێک هەڵکەوتەی کۆنکرێتی و یەکلاکەرەوەمان بەدەستەوە بێت.

هەموو ئەم شتانە وەک خۆیان دەڕۆن ئەگەر دەنگۆ هەوڵ بدات جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان ڕێژەی زانیارییەکان و توانای وروژاندنەکانیاندا دروست بکات. خۆ ئەگەر ئەمەی دواییان دیاری کرا و کەم بوو، دەتوانین دەست بەهەندێک هەڵکەوتەی سەلمێنەرەوە بگرین. بەرانبەر بەوە، ئەگەر وروژاندن و هەڵچوونەکە توند بوو، پێویستمان بەهەڵکەوتەگەلێکی فریاکار هەیە، ئەمەش قەوارەی نێردراوەکە گەورەتر

دەکـات. جـیـا لـەوە، وەئەسـتـۆ خـسـتـنی دەنگۆ بۆ سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، خەسڵەتێکی بنەڕەتیی ڕێڕەوی پێشڤەچوونی دەنگۆیە. ئا لێرەدا نیازی بڕواپێهێنان، زۆر بەڕوونی دەردەکـەوێت. لە جـیـاتـی شـێـوازی "دەڵێن"ی نادیار، دەنگۆکـە پشت بەسـەرچاوەی گومـان هەڵنەگـر دەبەسـتێ وەک شـایەتێکی بەچاودیتـەی ڕووداوەکە، برادەرێکی "دەسـتـڕۆیشـتـوو"ی وەک بەڕێوەبەری گشـتیی نەخـۆشـخـانە کـە بەخـۆی سەرپەرشـتی تێسـتی تەندروسـتیی سەرۆکە، یـان فیسـارە کچـەئەستێرەی عەمـەلیات کردووە، یان بڵاڤۆکەکەی خۆراکە زیادکراوەکان کە بەبڵاڤۆکی (فیلگۆیف) ناسراوە.

شـایانی گوتنێیە، مـەبەسـتی دەنگۆچییـان لە ناو لێنانی بڵاڤـۆکی "فـیلگۆیف" وەک هەر دەنگۆیەکی دیکە، بۆ ئەوەبوو، ڕاستگۆیی زیاتر بدەنە زانیارییەکانی بڵاڤۆکەکە، پەنایان بردە بەر سـەرچاوەیـەک کە نـاتوانرێ پەلامـاری بدرێ یان گومـانی لێ بکرێ. هەر جارێکیش دەنگۆچییـان لیستەکەیان چاپ دەکردەوە، تێبینی دەکرا دەستەواژەی "لە کۆواری زانست و ژیانەوە Sience et Vie" کە سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکەیە، با بەشـێـوەیەکی شـێـواویش بێت، ون دەبوو، لە جـیـاتـی ئەو "لـە نەخـۆشـخـانەیەک لە پاریس" یان"نـەخـۆشـخـانەیەکی تایـبـەت بـەنـەخـۆشـیی شـێـرپەنجـە" تـا دەنگۆچـیـیـان ناوێکی شـایان و جێی بڕوایان دۆزییەوە کە هێـمـای توێژینەوەکـانی شێرپەنجـەیە لە فـەرەنسـا "نەخـۆشـخـانـەی فـیـلگۆیف". (لە بنەڕەتدا ئەو نەخـۆشـخـانەیە پـەیمانگای گۆستاڤی ڕووسیاییە لە فیلگۆیف).

شـایانی باسـە، دەنگۆ هـەمـوو ڕووداوێک بەزیندوویی دەهێـڵـێـتـەوە، واتە دەیکاتە چیرۆکێک کە ئێستا ڕوو دەدات. ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییە، چونکە خەڵک بایەخ بەهەواڵ و ڕووداوی زیندوو یان چاوەڕوانکراو دەدەن زیاتر بەڕووداوگـەلێک کـە نازانرێ کەی ڕوویان داوە، یان ڕووداوێک پێشتر لە شـوێنێکی دیکە بوو‌بێت. جێی سەرنجـە، ئەم حەزەی هێشتنـەوەی مێژووەکان بەزیندوویی، گـەنجێتییـەکی بەردەوام بەدەنگۆگەل دەبەخشێ.

گـەنجـبوونەوەی بـەردەوام، ڕێڕەوێکی لۆگـیکییـە. وەک هـەر زانراوەیەک، دەنگۆ تا کاتەکەی دوورکەوێتەوە، بەهای خۆی لە دەست دەدات. ئەو کاتیش، دەبێ هـەوڵی زۆر بدەین بەهایەک بۆ دەنگۆکە بدۆزینەوە تا بڵاو بێتەوە.

جیا لەوانە، دەنگۆ، ڕابردوو کورت دەکاتەوە، کاتێک ڕووداوەکانی پێوەست بەکەسێکەوە، بۆ کەسێک کە ئێستا دەژی، دەگوازێتەوە. بەڵام ئەم دیاردەیە تایبەت نییە تەنیا بەدەنگۆگەل. ئەفسانەکان هەمان چارەنووس بەسەر هەڵکەوتە مێژووییەکاندا دەسەپێنن. لە ئەمریکا بۆ نموونە، پێکهێنە ئیبلیسییەکانی دەنگۆیەک کە ساڵی ١٩٧٩ ڕێستورانتەکانی ماکدۆناڵدزی کردە ئامانج، جارێکی دیکە ساڵی ١٩٨١، هەمان دەنگۆ کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبلی کردە ئامانجی خۆی.

لە کاتی پێشڤەچوونی دەنگۆدا، سەیر دەکەین هەندێک ڕستەی خۆی وا دەگۆڕێ، خەڵک پەسنی بدەن. چاکترین نموونەش، گواستنەوەی گوێزانی ڕیشتاشینەکە لە دەستی پیاوە سپی پێستەکەوە بۆ دەستی پیاوە ڕەش پێستەکەی لە میترۆدا لە تەنیشتیەوە وەستاوە. لە کاتی شەڕەکەدا (دووەمین جەنگی جیهانی – وەرگێڕ)، دەنگۆکانی هەردوو بەری فەرەنسا و ئەڵمانیا وەک یەک بوون. هێندە نەبێت، لای فەرەنسییەکان باس باسی کۆتاییی هیتلەر بوو، لای ئەڵمانەکانیش باسی ئەو ڕۆژە ڕەشەی چاوەڕێی دالادییێی Daladier دەکرد. تێبینی دەکرێ، ئەو دەنگۆیانەی بابەتەکەیان شتێکی خراپی لەبارەی کۆمەڵەکەوە تێدا بێت، دەبینین، فەرامۆش دەکرێ یان ڕستەکانی دەخرێنەوە سەر "ڕاستەڕێ"ی خۆیان.

دواجار، بەدوایەکداهاتنی نێردراوەکان، هەلی پەیدابوونی جێگرەوە دەڕەخسێنێ. لە جیاتی توولەمارەکەی نێو هێشووە مۆزەکە، دەبینین دەبێتە جاڵجاڵۆکە یان دووپشکێک کە خۆی لە ورچێکی باغەی تایوانی یان لە قەدی هەنجیرە دڕکاویدا حەشار داوە. بەڵگەوەر (مەدلوول) وەک خۆی دەمێنێتەوە، تەنیا بەڵگەدەر (داللەکان) دەگۆڕێن. گومانی تێدا نییە، ئەم پێشڤەچوونە بەلای توێژەوەوە، بایەخی خۆی هەیە. ئاخر بنەمای هاوبەش و هەمیشەییی چیرۆکەکان ئاشکرا دەکات، واتە؛ تیۆریی نێردراو یان نهێنیی بوونی دەنگۆ.

ڕاستت دەوێ، هەرچی خستنەسەری وردەکاری و داهێنان و جیاوازییانە، دەچێتە چوارچێوەی هەمان لۆگیکەوە. ئاخر مەبەستەکە برێتییە لە گواستنەوەی قووڵاییی مانا یان ڕاستییەکی داپۆشراو. جیا لەوەش، دەنگۆ تا پێشڤە بچێ، جەماوەری تازە پەیدا دەکات. هەر گرووپێکیش لەم جەماوەرە، زمانی دەربڕینی خۆی و هێمای

تایبەت و تێڕوانینی باو و دنیابینییەکی تایبەتی هەیە. وەک چۆن دوکاندارێک هەوڵی خۆگونجاندن دەدات لەگەڵ کڕیارەکەی، ئاوهاش دەنگۆ خۆی لەگەڵ جەماوەرە جیاوازەکەیدا دەگونجێنێ.

## دەستپاکی یان پێچەوانەکەی؟

هەر چییەک بکەین، ئەم پرسیارە هەر دەمێنێتەوە: چۆن پێکەوەگونجانێک لە نێوان ڕێگاکانی گۆڕانی نێوەڕۆکی دەنگۆکەل و ئەو کۆڵینەوە و توێژینەوانەی هەندێک جار دەستپاکییەکی سەرنجڕاکێشیان لە گواستنەوەی دەنگۆدا ئاشکرا کردووە؟ دەبێ بیریشمان نەچێت، ئالبۆرت و پۆستمانیش دەرکیان بەوە کردبوو کە جارجارێک دەنگۆ تا ڕادەیەک وەک خۆی دەگوازرێتەوە.

تا نێردراوە بنەڕەتییەکە لێڵ و ئاڵۆز بێت، زیاتر پێشڤە دەچێ. بێگومان پێشڤەچوونەکە، گەڕانە بەدوای مانا و نەهێشتنی لێلاییەکەیدا. بەرانبەر بەوە، نێردراوە کورت و تۆکمەکان، دەرفەتی پێشڤەچوونیان کەمترە. لە تاقیکردنەوەکانی یەکدی دواندندا، تێبینی دەکرێ نێردراوەکە تا دەگاتە چوارەمین کەس، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کورت دەبێتەوە، بۆیە لە زنجیرەی دوای ئەوەوە، بەدەستپاکییەوە دەگوازرێتەوە، چونکە هێندە کورت دەبێتەوە وەک قسەیەکی نەستەق یان دروشمێکی لێ دێت، دەڵێی بارەقسەیەکە و بەدرێژاییی مێژوو، گەشتان دەکات. هەندێک وشە دەبنە سەنتەری بنچینەییی ماناکان و هەندێک دەنگۆ دەبنە دروشم، نموونە: "جگەرەی کەمێڵی ئەمریکایی ئەفیوونی تێدایە".

شایانی باسە، دەستپاکی پێوەندیی سەرەکیی بەتێوەگلانی خەڵکەوە هەیە لە دەنگۆکەدا. ئەمەی دواییشیان یا عەقڵانییە یان سۆزەنی[٨٠]. لە حاڵەتی یەکەمدا، نێوەڕۆکی نێردراوەکە گرینگە، بەڵام هیچ وێکچوونێک لە نێوان دەنگۆچی و نێردراوەکەدا نابینین. جێی سەرنجە، گرینگیی نێوەڕۆکی دەنگۆکە لە ئەرکە کردەنی و وەزیفییەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لە گومانککردنەوە لە بەها بالاکانی خەڵکەوە. وەک ئەو دەنگۆیانەی بۆ نموونە دەڵێن "لە میانی سەردانی داهاتوویدا بۆ فەرەنسا، قەداسەتی پاپا دەچێتە شاری... "، یان دەنگۆگەلی دارایی نموونەی

"کۆمپانیای پێرنۆد ڕیکارد Pernod- Ricard خۆی ئامادە دەکات تا پشکەکانی بخاتە بۆرسەی کڕینی گشتییەوە". بەرانبەر بەوە، کە خەڵک هەست بەهاوسۆزییەک لەگەڵ نێوەڕۆکی دەنگۆکەدا دەکەن، کۆنترۆڵە عەقڵانییەکان شل دەبنەوە، ئیدی دەنگۆ، ئەرزی واقیع بەرەو وەهم و خەیاڵ و گەڕانی ڕواڵەتی جێ دێڵێ. ئەمە ئەو حاڵەتە بوو ساڵی ١٩٤٥ بەسەر مامۆستا چینییەکەدا هات. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و جەنگ هەر دوایی نەهات (ئەوەش پێش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر کارەساتی هیرۆشیمادا ڕووی دا)، زۆر لە لاوانی گوندەکە لە بەرەکانی شەڕدا تیاچوون. میوانەکەش بەر لەوەی چینی بێت، ئاسیاییە و دواتر ژاپۆنییەکی دوژمن و بێزەوەرە، سیخوڕی نەبێت بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە نەهاتووە.

پێشتر ئاماژەی پێ درا، ڕێسا عەقڵانییەکان خۆیان لەبەر هەڵچوونی سۆزەنیدا ناگرن. لەم حاڵەتانەشدا، هەموو زانراوەیەک ماقووڵە و شایانی بڕوا پێکردنە. ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە بۆ نموونە لە کاتی تەنگژە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو دەمەی ناکۆکییەکان دەگەنە چڵەپۆپە، ڕوو دەدات. بۆ نموونە، دەنگۆی شەکرۆکە تەقەمەنی ڕێژەکان، هەموو ڕەگەزەکانی ململانێی بەهاکانی لە خۆی گرتبوو، لە لایەک سەتان باوان لە خەمی چاندنی بەهاگەلی عاقڵی و ڕێکوپێکی و بەتەنگەوەهاتن لە منداڵەکانیاندا، لە لاکەی دیکەوە سیاسەتی بازاڕ و قازانجویستی، بەهاگەلی وەک هاری و دەمبەهەڵایی و بەرەڵایی لە منداڵاندا دەچێنێ. ڕاستت دەوێ، دەمارقاچان، یەکێکە لەو زنجیرە پەلامارانەی سیاسەتی بازاڕ و ڕێکلام و پیشەسازیی شیرنەمەنی و ڕەنگاڵەکان دەیکەنە سەر بەهاکانی کۆمەڵ. هەر لێرەدا تێبینیی لادانی دەنگۆکە دەکرێ تا ئاستی توندڕۆیی. ئەوەی دەزانرێ دەمارقاچان، منداڵان دەخاتە قوڵپی پێکەنین، کەچی لە دەنگۆکەدا، منداڵان دەتەقینەوە.

باسی دەیەم

# نێردراوی داپۆشراو

زۆر جار دەنگۆ لە پشت نێوەڕۆکە ئاشکراکەیەوە، نێردراوێکی دووەمی حەشار داوە، ڕاستییەکەشی، ئەم نێردراوە لە کاتی بڵاوبوونەوەی دەنگۆکەدا زۆرترین سۆز ڕادەکێشێ. ئەوەی نەگۆڕە: ئێمە لە بنەڕەتدا نێردراوێک بڵاو دەکەینەوە کە نازانین چییە.

دەبا چەند نێردراوێک لەمانە لە ڕێی چەند نموونەیەکەوە باس بکەین. بەڵکو ئەمە خوایە، ئەرکگەلێکی دەنگۆ لە نێو ئەو کۆمەڵەدا بدۆزینەوە کە بۆ یەکدیی دەگوازنەوە.

## باڵادەستیی نیشتیمانی

لە ئایار – مایۆی١٩٧٢دا، سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن، سەردانی چینی میللیی کرد. ئەم ڕووداوە لای چینییەکانیش، بایەخێکی نێودەوڵەتیی هەبوو. ئەو پیاوەی ساڵانێک ڕەخنەی توندی لێ دەگیرا کە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە، دەبێتە میوانی سەرکردەی باڵای وڵات سەرۆک ماو Mao. ئاسایی بوو، ئەم ڕووداوە، دەنگۆگەلی زۆر لە نێو خەڵکدا دروست بکات. ئاخر ڕووداوەکە هاوزەمان گرینگە و ڕوونیش نییە، کەواتە لێکدانەوەی گەرەکە، لەو کاتەشدا، هەر لە تەمووز – یۆلیۆی ١٩٧٢ەوە کۆمەڵێک چیرۆک و حیکایەت لەبارەی سەردانەکەوە بەشار و گوندەکانی چیندا بڵاو بوونەوە(٩٤). لەوانە: ڕۆژێکیان، لە میانی دیداری سەرۆک ماودا، فنجانێکی قاوەی کۆن و ئەنتیکەی سەرمێزەکەی بەردەمی (فنجانی تنانین) سەرنجی سەرۆک نیکسۆنی ڕاکێشا، حەزی لێ کرد، دزی و لە باخەڵی نا.

پاسەوانەکان تێبینیان کرد، بەڵام کێ دەوێرێ قسە لەگەڵ میوانی چین بکات. شو ئن لای Chou En-Laiیان ئاگەدار کردەوە تا لێی بپرسن چ بکەن. ئەو دەم، شو، نیکسۆنی داوەتی نمایشێکی سێرکی چینی کرد. داوا لە سیحربازێک کرا فنجانێکی ساختە لەوەی نیکسۆن دزیویەتی، دروست بکات. لە کاتی نمایشەکەدا، سیحربازەکە فنجانەکەی شاردەوە و ڕای گەیاند کە لە جانتا دەستییەکەی سەرۆک نیکسۆندا دەیدۆزێتەوە. نیکسۆنیش ناچار بوو جانتاکەی بکاتەوە، سیحربازەکە فنجانە ڕەسەنەکەی دۆزییەوە و بەدەستوبردێکی وەستایانە، بەفنجانە ساختەکەی گۆڕییەوە.

دەنگۆیەکی دیکە، شانۆکەی گوندێک بوو. ڕووداوەکانی دەنگۆکە لەبارەی جووتیارێکەوە بووە کە کوڕی مولّکدارێکی گەورەی پێش شۆڕش بوو. دەنگۆکە دەڵێ ئەم کوڕە خزمێکی بێ باوانی هەبوو کە فەرمانبەرێکی گەورە بوو لە ئەنجوومەنی گەل. ڕۆژێک، ئەو فەرمانبەرە نەخۆش کەوت، کوڕە دەوڵەمەندەکە بڕێک هێلکەی بەدیاری بۆ نارد. دواتر، فەرمانبەرەکە زانی کە دیارییەکە جۆرێکە لە بەرتیل، داوای کۆبوونەوەی کرد، تا جووتیارەکەی خزمی ڕەخنە لە خۆی بگرێ و ملکەچی حوکمەکەی بێت. پاش ئەم کۆبوونەوەیە، خەڵک هەر دەیانگوتەوە، ئێ باشە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند کە ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، هەموو شتێکی هەبوو، هاتە چین و دیاریگەلێکی زۆری بۆ سەرۆک ماو هێنابوو، کاتێک ماو دیارییەکانی وەرگرت، تەنیا زەردەخەنەیەکی کرد.

ئەرێ ڕاستە ئەم دەنگۆیانە پشت بەپێوەرێکی ڕاستەقینەی نێوەڕۆکەکانیان دەبەستن؟ ئەوەی ڕاستە و سەلمێندراوە، دەنگۆکان بەئەنقەست لە لایەن حکوومەتی چینەوە دروست و بڵاو دەکرانەوە، تەنانەت خرابوونە کۆمەڵێک ڕێنوێنییەوە کە دەبوایە لە ئەنجوومەنە میللییەکاندا گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێ. کەواتە ئەم حیکایەتانە دەڵێن چی؟ ئەرکیان چییە؟

ئەم دەنگۆیانە، گەلیان ڕێنوێنی دەکرد کە سەردانەکەی ڕیچارد نیکسۆن بۆ چین چۆن لێک بدەنەوە. هەر لەمەوە دەنگۆگەلێک پەیدا بوون دەیانگوت، نیکسۆن هاتووە داوا لە ماو بکات تا بۆ هەڵبژاردنەوەی بەسەرۆکی ئەمریکا، پشتگیریی بکات. جیا

لەوەی دیاریی زۆریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو (وەک چیرۆکی دیاریی جووتیارە دەوڵەمەندەکە بۆ جووتیارە هەژارەکە)، بۆ ئەوەی ماو مەتح و سەنای بکات. وا دیارە ئەم دەنگۆیانە، خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو وێنەیەش جێگیرتر دەکات کە گەلی چین بۆ سەرۆکی ئەمریکایان وێنا کردبوو. هەروەها، ڕاستە چینییەکان لە فێڵ و لەخشتەبردنی خەڵکدا بالادەستن و کەس نایانگرێتەوە، بەلام دەشزانن چۆن وا بکەن شەرم و حەیای هەمووان پارێزراو بێت (چیرۆکی فنجانی قاوەکە).

کە لە بندێری ئەو وتارە بێلایەن و ئەرێنییانەی ڕۆژنامەی Quotden de peuple ورد دەبینەوە، دەبینین، دەنگۆکان بازاڕگەرمی بۆ بیرۆکەیەک دەکەن؛ ئیمپریالیزم دڕەندەیەکە لە کاغەز، ئەمریکاییەکان هەرگیز ناتوانن نە لە بواری سەربازی نە لە بواری هزریدا، لە چینییە ئازا و وردبینەکان ببەنەوە.

## پەنابردن بۆ بیرۆکە سیحراوییەکە

ئەو دەنگۆیانەی ئێستا ئاماژەیان پێ درا، دوو ئەرکیان هەبوو: لێکدانەوەی ڕووداوەکە و چەسپاندنی خەسڵەتەکانی پێناسەی نیشتیمانی. ڕاستت دەوێ، بینینەوەی ئەم دوو ئەرکە، قورس نەبوو، لێ ئەو دەنگۆیانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، تەرجەمەکردنی مانەوەی بیرۆکە سیحراوییەکە و زیندووبوونەوەیەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکی زۆر گرینگدا.

پێشتر ئاماژەمان دا بەکۆپیکردنەوەی سەرنجڕاکێشی ئەو دەنگۆیەی بە"تەرمێک لە ئۆتۆمبێلەکەدا" ناسراوە. ئەم دەنگۆیە سالانی ١٩١٤ و ١٩٣٨ لە هەموو دەوڵەتانی بەشەڕهاتوودا بلاو بووەوە. سەرەتا پێمان وایە ئەم چیرۆکە خەیالاوییە، جۆرێکی ناسراوە لە دەنگۆکەل. لە پێناو ترسی شاراوەی هەمووان لە بالادەستیی ئەڵمانیا، ئەم دەنگۆیە دەروازەیەکی پێشنیاز کرد کە حەزەکان وەک ڕاستی تەماشا بکرێن. ئەو ئامانجەی مرۆڤ پێی نەیەتە دی، دەبێتە خەونێکی دەستەجەمعی و لە چیرۆکێکدا بەرجەستە دەبێت.

بە ڕاستی، مێژوو بوونی پێوەندییەکی پرسیاری وەرگێڕەکەی نێوان دوو ڕووداوی مردنی، شاردووەتەوە، واتە؛ مردنی ڕێبوارەکە و مردنی پێشبینیکراوی هیتلەر.

بێگومان ئەم چیرۆکە پڕوپووچە، نیشانەیەکی ڕاستەوخۆی کەشێکی دواکەوتووە کە لەو باوەڕەدا بووین هەزاران ساڵە نەماوە، ئێستا وا زیندوو بووەتەوە، بگرە ئەم کەشە دوا پەنای کەسە مەدەنییەکانە. لە لایەنی بنیاتییەوە، دەنگۆکە باس لە قوربانییەکی بەکافرکردن دەکات، سەبارەت بەمیللەتە دواکەوتووەکان، قوربانییە مرۆییەکان، وەک دەستەوارە (صفقة) بوون. ئەوانەی قوربانییان پێشکێش دەکرد، بەم کردارەیان، مافیان دەکەوتە سەر خواوەندەکانیان، ئەمان نرخەکە دەدەن، ئەوجا خواوەند خێریان بەسەردا دەبارێنێ، ئەمەش دروست ئەرکی قوربانیدانە. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەو ترسە زۆرەی خەڵک بدەین لە قۆناغێکی پێش شەڕدا کە کۆنترین بیروباوەڕەکانی زیندوو کردەوە، وای لەو مرۆڤە مەدەنییە شارستانییە کرد بێ ئەوەی بزانێ، باوەڕ بەسیحر بێنێ. پێویستە لە ڕێی قوربانییەکەوە کار لە قەدەر بکرێ، بڵێ با قوربانییەکەش مرۆڤ بێت کە نزیکترین زیندەوەرە لە حەرام و تابۆکان. (... ... ... ... ... ... ... ... ... ...).

شایانی باسە، هەر قوربانییەک سێ پاڵەوانی هەیە کە بریتین لە قوربانیدەر (ئەو کەسەی سوود لە پێشکێشکردنی قوربانییەکە وەردەگرێ)، هاوکاریی قوربانیدەر و قوربانییەکە. لە دەنگۆکەدا، قوربانیدەرەکە شۆفێری داهاتووی ئۆتۆمبێلەکەیە، لەویشەوە بۆ تێکڕای شۆفێرانی فەرەنسا. بەرانبەر بەوە، هاوکاری قوربانییەکە نەناسراوە، قسان دەکات و دیار نامێنێ. دەتوانین بڵێین ئەوە هەر قەدەرە وا دەکات ئەو شۆفێرە بەو بریندارە بگات ئەوجا بمرێ. بەڵام قوربانییەکە، لە کۆپییەکی قوربانیدەرەکە دەچێ، وەک دەنگۆی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە. بەم شێوەیە، مرۆڤ کەسێکی دیکە لە جیاتی خۆی دەکاتە قوربانی. هەرچی ئۆتۆمبێلیشە، ئەوە جێگرەوەیەکی هاوچەرخانەی کوشتارگە و ئامرازێکی گواستنەوەیە لە ژیانەوە بۆ مردن.

وا دیارە دەنگۆکە باوەڕهێنان بەڕێککەوت ڕەت دەکاتەوە، ئاخر مەرج نییە ڕووداوەکان هەر دەبێ بن. مادامەکی حکوومەتەکان ناتوانن چارەنووسی وڵاتەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و پەلکێشی هەرای شەڕی دەکەن، تەنیا سیحر دەتوانێ ڕۆڵی فریاکار ببینێ. جێی سەرنجە دەنگۆکە گوزارشت لە حاڵەتێکی تەپەسەرکراو دەکات. سرووت و دوعا و نزاکان لە پێناو ئاشتی و پاڕانەوە لە خوا دەرچوون و

بوونە پاڕانەوە لەو خواوەند و گیانلەبەرانەی مرۆڤی سەرەتایی پەنای بۆ بردوون بەر لەوەی باوەڕ بەخوای تاک و تەنیا بێنێ. ڕاستییەکەی، دەنگۆکە هەر بەوەندەوە نەوەستا سروشتی کۆهەستی خەڵکەکە لە ساڵی ١٩٣٩دا ئاشکرا بکات، بگرە چارەسەرەکەشی پێشکێش کرد کە بریتییە لە قوربانیدانێکی سەرەتایی.

دەنگۆیەکی دیکە کە بەڕواڵەت بەتەواوەتی لەوی پێشوو جیاوازە، کەچی بەڕاستی، زۆر لێک نزیک و هاوبەشن. لە هەردوو دەنگۆکەدا، ڕاستییە شاردراوەکە یەکێکە، وەک دەنگۆی یەکەم، دووەمیش بەهەردوو بەرەی شەڕدا بڵاو دەبووەوە(١٩).

کۆتاییەکانی ١٩٣٩ و سەرەتاکانی ١٩٤٠، تا بەرەبەری هێرشەکەی ئەڵمانیا، سەربازە فەرەنساییەکان لە زۆر یەکەی سوپای فەرەنسادا، سکاڵایان دەکرد کە شەراب یان قاوەکەیان بێ ئاگەداریی خۆیان مادەی برۆمۆری پۆتاسیۆمی تێ دەکرێت. ئەم مادەیەش، حەز و چالاکی سێکسی لاواز دەکات، سەربازەکانیش لە مۆڵەتانیاندا تێبینیی ئەم حاڵەتەیان کردبوو. بەدەر لە نکوڵیکردنی ئەوەی کە ڕەنگە ماندوویێتی و نیگەرانیی ڕۆژانی شەڕی نەفەرتی، هۆکاری لاوازیی سێکسیی سەربازەکان بن، بابەتی دەنگۆکە و قۆچی قوربانییەکەی (خوێیە سیحراوییەکە)، بوونە دوو پێوەر و نیشانەی گرینگ لەم چوارچێوەیەدا.

لە تێکڕای سرووتە سەرەتاییەکاندا، پاکیزەیی، خەسڵەتێکی سیحراوییانەی هەبوو. جەنگاوەران لەو باوەڕەدا بوون، سێکسکردن بەر لە چوون بۆ گۆڕەپانی شەڕ، شکانی بەدواوەیە. ئەوەی سەیرە ئەم سرووتە تا ئەمڕۆش لە یارییە وەرزشییەکاندا باویەتی.

وا باوە، ئەم سرووتە لێکدانەوەیەکی عەقڵانیی بۆ دەکرێ کە دەڵێ: پاکیزەیی خەسڵەتێکی چالاککەرانەی هەیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەمە ڕاستییەکی فیزیۆلۆجییە یان لێکدانەوەیەکی عەقڵانیی سرووتێکی سیحراوی؟ لە سۆنگەی مانای هێماییانەی شەهوەتەوە (هێمای توانا)، وا دیارە پاراستنی ئەو چەند دڵۆپە ئاوە، واتە پاراستنی هێز و توانای پیاو، ئەمە جگە لە مەسەلەی پاکیزەییەکە، ئاخر سرووتە سەرەتاییەکان، کارگەلێکیان دەستنیشان کردبوو کە لە لایەنی فیزیۆلۆجییەوە توانای جەنگاوەرەکە لاواز دەکەن، ئەگەرچی لە لایەنی دەروونییەوە پێی وابێت ناشکێت.

سـەروبەندی شـەڕەکـان، دەنگۆی برۆمـۆری پۆتـاسـیـۆم ڕاسـپـاردە کـۆنەکـانی پاکـیـزەییـان زیندوو کـردەوە کـە چۆن دەرفـەتـەکـانی سـەرکـەوتن زیاتر دەکـات. ئا لێرەشـدا دیسـان قـوربـانیـدانێکی کـوفـراندن یان سـرووتێکی سـیـحـراوی کـە داوای نازڵبـوونی سڵاوی خـواوەند دەکات لە ئارادایە. ئاخـر جەنگاوەران، مـافی سـەرکـەوتن لە ڕێی قـوربـانیـدان بەمـوڵکە هەرە گـرانەکـەیانەوە، ئافـرەتان، بەدەست دێنن. لە کـاتێکدا، ئەم پاکـیـزەییـیـە، کـە چەندین سـەدەیە لە نێـو شـاران و لە نێـو ئاینە یەکتاپەرستەکاندا وەلا نرابوو، تەنانەت لە نێو خێڵەکانیشدا پەیڕەو نەدەکرا، کەچی کـاربەدەسـتـانی سـوپا دەیسـەپێنن. لە هەردوو دەنگۆکـەدا، هەمـان بابەت هەن، ئەگـەرچی لە ڕووی ڕواڵەتـەوە جـیـاواز و سـەیرن. ئەم بـابەتانە خـۆیان لە شـێـوەی چیرۆککگەلێکی بێ مەرامـدا پێشـان دەدەن کە تاکـەکـان ئەمـدەم ئەودەمیـان دەکەن و هەست بەگرینگییەک دەکەن، لێ هۆکارەکەی دەرک ناکەن. پرسـەکە لە سـرووتێکی دەروێشانە دەچێ کە سیحراوییانە، مەترسییەکان دەرەوێنێتەوە.

شـایانی باسـە، بیـرۆکەی سـیـحـراوییـانە تەنیـا بۆ ئەم ڕەوشـە دانسـقـانە نییـە. ئەو بیـرۆکـەیە بۆ نموونە لە بـابەتی شـێـرپەنجـەی سـەرۆکـەکـاندا دەردەکـەوێ. سـەبارەت بەئۆپۆزسـیـۆن، دەنگۆکە وەک نزای دەروێشانە. لێرەدا دوعا لێکردن و پاڕانەوە جێی کـار دەگرێتـەوە. ئاخـر بۆ ئەوەی کـۆمـۆنیسـتـەکان پەکیـان بکەوێ، بەتایبـەت کـە کارەسـاتە پێشـبینیکراوەکانی دوای ١ی ئایار - مایۆی١٩٨١ نـەهاتنە دی، ئیدی ئەو کـۆمـەڵە جگە لە قـسـەی پڕوپوچ هیـچـیـان نەمـا پەنـای بۆ ببـەن، بۆیە بـۆ گـەیشـتن بەئامـانجـەکانیـان، پەنایان بردە بەر نەخـۆشـیـی شـێرپەنجـە. چونکە شـێـرپەنجـەش نەخۆشییەکی پێشبینینەکراو و ترسناکە؛ بووە دەربڕینێکی فیـزیۆلۆجی لە توانای خواوەند.

## گەڕانەوەی ئیبلیس

دەڵێن گـوایە ئەندرێ مـالرۆ پێشـبـینیگەلێکی کـردووە: دنیـا لە سـەدەی داهـاتوودا (ئەم سـەدەیە - بیـست و یەک)، یان دەگـەڕێتـەوە بۆ باوەڕداری بـەئاین یان لە نێـو دەچێ. ئەم تەکنـەلۆجیا بالادەست و عـەقـلانییـەتە زۆرە، هـەر دەبێ باوەڕ سـەرلەنوێ بێنێتەوە. بەگوێرەی مـانرۆ، ئەم ژیانەوەیە، تەنیـا دەرفەتی مانەوەی دنیایە. وا دیارە،

ئەم توندرۆییـیـە ئاینیـیـە ڕوو لە هەڵکشـانـە و پەیدابوونـی دەوڵەتگەلێکی مـەزەبی و دیاردەی خومەینی، نیشانەگەلێکە کە پێشبینییەکان ڕاست دەردەچن.

پێویستـە زۆربوونی ئـەو دەنگۆ ئیبلیسییانەی لە ساڵی ١٩٨٧ەوە ئـەمریکایان پڕ کـردووە بخرێنە ئـەم چوارچێوەیەوە. جێی سـەرنجە، دەرکـەوتنی ئـەم جـۆرە دەنگۆیانە لەو ویلایەتـانەی ئاینداریـیـان زۆرترە، ڕێکەوت نیـیـە. پاش شکان لە شـەڕی ڤیـێتنام، ئەمریکا، شایەتحاڵی کۆمەڵێک کودەتای جوگرافی سیاسیی گرینگ بوو. ئەو کاتە، ئەمریکاییـەکان بینیـان چۆن خـەریکە پاش دەیان سـاڵ ڕێکوپێکی، گەڕەلاوژێ دنیـا دەگـرێتـەوە. بەڵام لە ئاسـتی ناوخـۆدا، ئەو وڵاتـەی لە ڕووی تەکنەلۆجـیـیـەوە پێشکەوتووترین وڵاتە، حاڵەتێکی ڕۆحانیی تازەی تێدا دەژیایەوە. ئاخر هەر دوای شـەپۆلی فـەیلەسـووفە هیندۆسییـەکان، گەنجان دەستیـان کرد بەچوونە ناو مـەزەبە ئاینییە نوێکانەوە، کە ناسراوترین و دەوڵەمەندترینیان تایەفەی موون Moon (مانگ) بوون.

ئەوکات، دەنگۆیەک سەری هەڵدا گوایە سیحربازان ڕاوەدوو دەنرێن. جەی دێلومیۆ J. Delumeau ئاشکرای کرد، چۆن ڕاوەدوونانی نوشتـەکەران لە سـەدەی حـەڤدەمدا لە ئەورووپا، هـەسـتێکی لای خـەڵک دروست کـرد کـە دنیای مـەسـیحی لە بەردەم چ مـەترسییەکدایە. ئەو هەڵمـەتە فراوانەی دەرکردنی ئیبلیس، میکانیزمێکی بەرگری یان کاردانەوەی نەمانی سـەقامگیری بوو. لەو کاتـەدا، سـەرکۆنـەکردنی لایەنگرانی ئیـبلیس بڵاو بووەوە، بەتایبـەت جـوولەکـە و سـیـحـربازان. لە دەرەوە، ئـەو ئەورووپاییـانەی ڕوویان لە ئەمریکا کـرد، دەستیـان بەبڵاوکردنـەوەی ئاینی دروست کرد لە نێو ئەمریکاییـەکـاندا کە هەندێ سـرووتیـان هەبوو هـەر دەبێ ئیبلیسـانە بووبێتن، وەک سرووتەکانی عەرەب و مەغرییبیەکان بۆ نموونە. وا دیارە مەترسییەکی وا، قـوولاییی ئـەمـریکای گـرتەوە، بەتایبـەتی ویلایەتـەکـانی ناوەڕاست کـە دانیشتوانەکەی بەئاینپەروەرییەکی دامەزراو ناسراون.

ڕاستییـەکـەی، دیاریکردنی کـۆمپانیـاکان وەک قـۆچی قـوربانی، شـایـانی بایەخ پێدانە، بگرە ئەم ڕۆڵەی زۆر لێ دێت، چونکە خـەڵکی ئەو نیشتیمانەیە. ئاخر قۆچی قوربانی، دوژمنێکی ناوخۆییە هەر دەبێ دەربکرێ، ئەسپە ناپاکەکەیە و پێویستە لە

نێو ببرێ. جیا لەمانە، کۆمپانیاکان کە کارەکانیان زۆر دیار نییە و هێزێکی ئەوتۆیان هەیە کە ئەو پشێوییە بنێنەوە کە دەنگۆکە لێیان ڕادەبینێ. تا ئەمڕۆ، کۆمپانیاکان بەهێمای سەرکەوتن و بزوێنی گەشەپێدانی وڵاتە دەژمێردرێن. بەڵام کردنیان بەقۆچی قوربانی، نیشانەی تەنگژەیەکە لە ڕەوایەتییان دەدات. ڕاستییەکەی، بەشێکی گرینگی ڕای گشتیی ئەمریکا بەئاشکرا پێیان وایە ئەم کۆمپانیایانە لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتدا بەڕاستی دژی بەرژەوەندیی وڵات کار دەکەن و لارییان نییە مامەڵە لەگەڵ ئیبلیسیشدا بکەن.

## پەروەردەی ئاکاری

چەند ساڵێکە، خوانی ئێوارانی پاریس بووەتە شانۆی نمایشکردنی چیرۆکێک گوایە ڕاستە. خۆ ئەگەر سەرنووسیاری ڕۆژنامەی لۆمۆند Le Monde بەڕاستی بزانیایە، دەقاودەق بڵاوی دەکردەوە بێ ئەوەی هیچ پاساو و بەڵگەی بۆ زیاد بکردایە:

"لە نوێلی Neuilly کە گەڕەکێکی قەراغ شاری پایەتەختە (پاریس)، ئێوارە خوانێکی کۆمەڵایەتی کرا، ژن و مێردێک بۆ ئەوەی بتوانن ئامادە بن، هەردوو منداڵەکەیان بەتەنیا لە ماڵەوە جێ هێشت. دەبوو کوڕە دە ساڵانەکە بەدیار خوشکە بچکۆلە چوار ساڵانەکەیەوە بێت و باوانی ئامۆژگارییان کردبوو دەرگا لە کەس نەکاتەوە و سات نۆ خۆی و خوشکەکەی بخەون. نەک شتێکیش ڕوو بدات، ژمارەی تەلەفۆنی خاوەن داوەتەکەیان لەسەر پارچە کاغەزێکی تەنیشت دەزگای تەلەفۆنەکەوە جێ هێشت. سات دە، زەنگی تەلەفۆنی ماڵی داوەت لێی دا، منداڵەکە بوو، بەنیوەگریان و نیوە پێکەنینەوە گوتی"بابە، دزێک هات و کوشتم". باوکەکە سەرەتا وای دەزانی منداڵە سوعبەتی لەگەڵدا دەکات، سەیرێکی ئاسمانی کرد تا کەمێک هێمن بێتەوە، بەڵام منداڵەکە کەوتە قسە و هەڵڕشتنی وردەکارییەکان:" بەڵێ، بەدەمانچەکەی تۆ کوشتم کە لە نێو چەکمەجەی مێزەکەتدا شاردبووتەوە. پیاوێکی زلەیە، دەمامکی کردووە، وا لە ژووری درێژ بووە". ئەوکات، پیاوەکە نیگەران بوو، وەڵامی کوڕەکەی دایەوە: "ئێستا دەگەمە لات". بەڵێ، دزەکە لە ژووری دانیشتن ڕاکشابوو. کاتێک پۆلیس گەیشت، تەرمەکەیان هەڵگێڕایەوە، دەمامکەکەیان لابرد،

دەرکەوت کوڕە بیست و دوو ساڵانەکەی ماڵی خاوەن داوەتەکەیە. ئەم ڕووداوە پێش چەند هەفتەیەک بووە. خانەوادەی کوژراوەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بۆیە دۆسێی مەسەلەکە داخرا و هەڵگیرا".

وا دیاریشە، لێکۆڵینەوەی چیرۆکەکە لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و پۆلیس و پزیشکان و نەخۆشخانەکان، بێ سوود بوو[٢٤]. جیا لەوە، هەمان چیرۆک پێش دە ساڵ لە ئوستراليا، بڵاو بووەوە. بەڵام دەنگۆکەی ئەوێ، هەڵوێستێکی دژی کڵێسەی کاتۆلیکی تێدا بوو، دەگوترا، د. مانیس D. Mannis میترانی کڵێسەی کاتۆلیکیی مەڵبۆرن بۆ پاراستنی ناوبانگی باوکی کوژراوەکە، واستەی کردووە و دۆسێیەکە داخراوە.

شایانی گوتنێیە، دەنگۆکە بۆ ڕۆژگارێکی دوور دەگەڕێتەوە. لە کتێبە بەناوبانگەکەی ئەلبێر کامۆ Albert Camus (نامۆ – غەوارە I Etranger)دا، مێرسۆڵ Meursault ی زیندانی، ڕۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە هەڵکەوتەیەکی دیکەی تێدا بڵاو کراوەتەوە لە چیکۆسلۆڤاکیا (ناوی دەوڵەتەکەی ئەو کاتەیە، دەنا ئێستا بووەتە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ: چیک، سلۆڤینیا) ڕووی داوە:" پیاوێکی چیکی بەئومێدی دەوڵەمەندبوون گوندەکەی خۆی جێ هێشت. پاش بیست و پێنج ساڵ لەگەڵ ژن و کوڕەکەیدا گەڕایەوە. دایکی پیاوەکە و خوشکێکی لە گوندەکەدا مۆتێلێکیان بەڕێوە دەبرد. پیاوەش بۆ ئەوەی دایک و خوشکەکەی تووشی خۆشییەکی لە ناکاو بکات، ژن و کوڕەکەی لە ماڵێکی دیکە جێ هێشت و بەتەنیا چوو بۆ لای دایکی کە چووە ژوورەوە، دایکە نەیناسیەوە. هەر بۆ سوعبەت بڕیاری دا ژوورێک لە مۆتێلەکەی دایکی بەکرێ بگرێ و بەئەنقەستیش پارەکانی پێشان دا. بۆ شەوێ، دایک و کچەکەی بەتەور پیاوەیان کوشت و پارەکانیان دزی و تەرمەکەشیان فڕێ دایە ڕووبارەکەوە. سەرلەبەیانی، ژنی پیاوە کە بێ ئەوەی ئاگای لەو کەینوبەینە بێت هاتە هۆتێلەکە و پێناسەی پیاوەکەی ئاشکرا کرد، ئەو کات، دایکە خۆی خنکاند و خوشکەکەشی، خۆی فڕێ دایە نێو بیرێکەوە". لە ساڵی ١٦١٣ەوە، لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەیەکی پاریسی ئەم ناونیشانەی بڵاو کردەوە: "چیرۆکێکی سەیر و سەرنجڕاکێش لەبارەی دایک و باوکێک مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو کوڕەکەی

خۆیان کە لە شاری لانگیدۆکەوە گەیشتبووە شاری نیسم نەناسییەوە و کوشتیان". ڕاستییەکەی، لەم جۆرە چیرۆکانە ساڵ ١٨٤٨ و ١٨٨١ یش بڵاو کراوەتەوە(١٣٤). ڕەنگە چیرۆکێکی لەم جۆرە لە شوێنێک ڕووی دابێ، بەڵام لەوە گرینگتر؛ ئەم ئامادەبوونە سەرنجڕاکێش و بەردەوامەی چیرۆکەکەیە لە زەین و یادەوەریی خەڵک و هۆکارەکانی ناوەناوە سەرهەڵدانەوەیەتی.

لەگەڵ ئەوەی دیارترین لایەنی ئەم چیرۆکە؛ هەڵەی کارەساتخوڵقێنە. لە کاتێکدا مرۆڤ پێی وایە چاکەیەک دەکات، کەچی ئازاری یەکێک دەدات. وا دیارە خەسڵەتی ئەزەلییانەی ئەم جۆرە دەنگۆیانە، زادەی شکاندنی دیواری تابۆ و حەرامەکان و هاوزەمان چەسپاندنیانە. دەتوانین بڵێین، ئەم دەنگۆیانە زیاتر پەندی پێشینان و چیرۆککگەلێکی ئاکارین کە ڕاسپاردەکانی پەیامبەرانمان بیر دێننەوە. بەهیچ جۆرێک نابێت مرۆڤ بکوژین، چونکە لەوانەیە یەکێک بکوژین کە لە کەسەکەی مەبەستی ئێمە دەچێت نەک خۆی، تەنانەت ڕەنگە کوڕی خۆمان بکوژین؛ بگرە کە مرۆڤ یەکێک دەکوژێ، هاوکات خۆشی دەکوژێ.

هەر لەم بارەیەوە، ئەو دەنگۆیانە دەسەلمێنن، تاوان لە هەموو جێیان هەیە، تەنانەت لە نێو بنەماڵە بالاکانیشدا. لەم حاڵەتانەدا دەنگۆگەل، کاردانەوەی ئەو نیگەرانییەیە کە سەبارەت بەپەنابردن بۆ دادپەروەریی خۆبەخۆیی و خۆپاراستن لە ئارادایە.

بەر لە ئێستا ئاماژەی پێ درا، ئەو دەنگۆیانەی ڕێستورانتەکانی خواردەمەنیی ئامادە دەکەنە ئامانج، دەنگۆگەلێکی کلاسیکین. بەڵام ڕۆڵی پاڵەوانی ئەم دەنگۆیانە، دەدرێتە ئافرەتێک کە داوای مریشکی برژاوی کردووە و کاتێک دەبینێ، جرجێکی برژاویان بۆ داناوە. پێشتریش سەرنجمان بۆ ئەوە ڕاکێشان کە ئەم جۆرە دەنگۆیانە پشت بەهەندێک هەڵکەوتەی ڕاستەقینە دەبەستن. لێ ئەمە هیچ لە دەستنیشانکردنەکە ناگۆڕێ. دەنگۆکە، هەر دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت، چونکە دەبێتە چیرۆکێکی ئاکاری. بێگومان سپاردنی ڕۆڵی پاڵەوانی ئەم دەنگۆیانە بەئافرەتانیش، دیسان ڕێکەوت نییە، نەخاسمە، ئافرەت خودانی ماڵە و ئەو لە جۆر و چۆنیەتیی خواردنی ماڵ بەرپرسیارە، بۆیە، دەنگۆکە بیری دێنێتەوە هەر کەمتەرخەمییەک، ئەندامانی خێزانەکەی ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. بەڵام

جرجەکە، جۆرێکە لە هێماسزایەک. جیا لە مانە، دەنگۆکە، پرسی ئازادیی ئافرەتانیش دەکاتە ئامانجی خۆی، دەنگۆکە ئاماژەیەک دەدات کە بەهۆی زۆربوونی چێشتخانە و ڕێستورانتەکانەوە، ژنان چیدی ئامادە نین ڕۆژانە چەند ساتێک لە مەتبەقی ماڵەکانیاندا بەسەر ببەن.

## فرەئاستیی لێکدانەوەکان

ئەم نموونانە بۆمان دەردەخەن، هەر دەنگۆیێک دەرفەت بۆ چەندین لێکدانەوە، یان بەواتایەکی دیکە چەندین ئاست لە شیکردنەوە و وردکردنەوەی هێما و ئاماژەکانی دەڕەخسێنێ. یەکەمین ئاست ئەوەیە کە پێمان وایە، سەتان دەنگۆ تەنیا مەزەندەگەلێکی زارەکین "ئەگەر ڕەوشەکە... . چی دەبێت". بێگومان بۆ نموونە هەر کەسێکی بیرکراوە، یەکسەری بیر لەوە دەکاتەوە ڕەنگە ڕۆژێک سەگەکەی یان پشیلەکەی بچێتە نێو تەندووری (فرن) مایکرۆیفەکەیەوە (چەند جارێک لە کوردستان ڕووی داوە و ڕەنگە زۆربەمان بیستبێتمان کە پشیلەیەک لە باپەخشەکەوە خزاوەتە نێو شوێنی پانکەی سارکەرەکەوە، یان پشیلەیەک کەوتبێتە نێو ئەمباری ئاوی سەربانی مالانەوە و... تد- وەرگێڕ). ڕاستت گەرەکە، ئێمە زۆر لە چیرۆک و حیکایەتە کۆنەکان دوور ناکەوینەوە کە لە فیسارە ڕووداودا دەگاتە "چلەپۆپە". بەدەر لە بەدرۆخستنەوەی ئەو لێکدانەوانە، دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە بەشێکی میللەتویستیی دەنگۆ (شعبية الشائعة)، پشت بەوە دەبەستێ کە دەنگۆ، تیشک دەخاتە سەر ڕەنگدانەوە پڕوپووچەکانی شتگەلی دەوروبەرمان.

بەلام دووەمین ئاستی لێکدانەوە، گرێدانەوەی دەنگۆکەیە بەمێژووی نێزیکی ئەو کۆمەڵەیەی لە نێو خۆیاندا دەیگوێزنەوە. هەر لە سالّ ١٩٧٠ەوە، ئەمریکا دەنگۆی "ماری نێو قەباغەکەی"ی بەخۆوە بینی. خاتوونێکی ئەمریکایی لە ڕێی نامەوە، سەرجێیەکی لە کۆمپانیایەک کڕی. لی ڕۆحی چوو کە مارێک لە نێو سەرجێیەکەدا بینی. دەنگۆکە دەڵێ، سەرجێیەکە لە ڕۆهەلاتی دوورەوە هێنرابوو. هەندێک کۆپیی ئەم دەنگۆیە دەڵێن، خاتوونەکە لە تاواندا مردووە. کەچی کۆپیگەلێکی دیکە دەڵێن، نەخێر سەلامەت بووە. ڕاستت دەوێ، سالّی پەیدابوونی ئەم دەنگۆیە ڕێی تێ دەچێ بەشەڕی ڤێتنامەوە ببەسترێتەوە. ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو تۆڵەیەی گەلانی

ڕۆهەڵاتی دوور نیازیان هەیە لەو ڕێیەوە لە ئەمریکای بکەنەوە.

ئاستێکی گشتیتری لێکدانەوەی دەنگۆ، دەتوانین وای دابنێین ئەم دەنگۆیە لە هەموو جێیان هەیە. لەم دواییانەدا، بەڕێوبەری کۆمپانیای لا ڕێدۆتLa Redoute پێی ڕاگەیاندین کە دەنگۆیەکی لەو بابەتە سەبارەت بەکۆمپانیەکەیان بڵاو بووەتەوە. دەنگۆکە دەڵێ: ژنێکی فەرەنسایی مارێک پێوەی داوە کە لە نێو سەرجێیەکدا لوولی خواردبوو، ئەو سەرجێیەش لە لایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە هێنرا بوو. بەڕێوبەری کۆمپانیاکە پێی وابوو، ئەم هێرشە کەسێنییە، دەنگۆیەکە سنووری دەوڵەتێک دەبەزێنێ. بێگومان پەیدابوونی دەنگۆ لە هەموو جێگەیەک، دەیسەلمێنێ ئەو وڵاتانەی پێوەندییان بەشەڕی ڤێتنامەوە نییە، چێژ لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆکان وەردەگرن، وەک بڵێی دەنگۆکە نێردراوێ یان پەیامێکی دەستەجەمعی لە خۆ دەگرێ. دەتوانین بڵێین، ئەم دیاردەیە، گەڕانەوەیە بۆ بابەتەکەی ڕۆهەڵات "مەترسییە زەردەکە" کە تا دێ پێبەپێی پێشکەوتنی هێزە ئابوورییەکانی ڕۆهەڵاتی دوور، توندتر دەبێت؟

بەڵام ئەم دەنگۆیە، سەر بەکۆمەڵێکی گەورەی دەنگۆگەلێکی ئەو درمەن و چیرۆکەکانی جرجی نێو ڕێستورانتە چینییەکان لە (فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا) یان ڕێستورانتە یوگسلاڤییەکانی ئەڵمانیا و یۆنانییەکانی دانیمارک، دەکەونە ئەو چوارچێوەیەوە. ئەم جۆرە دەنگۆیانە ڕەنگدانەوەی ترسی بەردەوامی خەڵکە لە غەوارەکانی وڵاتەکە.

ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە: بۆ لێکدانەوەی دەنگۆیەک پەنا بۆ کام ئاستی لێکدانەوە ببەین؟ ڕاستییەکەی، ئێمە لە پێشەوە ئاستی لێکدانەوەکە بەگوێرەی کولتووری کۆمەڵگەکە و کاتی پەیدابوونی دەنگۆکە دیاری دەکەین. پێشتریش ئاماژەی پێ درا، هەندێک بابەت هەردەم لە نێو دەنگۆکاندا ئامادەن. هەر دەبێ دەرکەوتنی دەنگۆ بەگوێرەی کات و کۆمەڵگەکە لێک بدەینەوە. بۆچی لێرە و بۆچی ئێستا؟

باسی یازدەیەم

# دانانی "جرود" فەرەنسا لە ڕێی دەنگۆکانەوە

دەنگۆ، چونکە دەمـــودەست و بێ پەروایە، ئامـرازێکی نموونەییی ئاشکراکـردنی قووڵاییی ڕای گشتییە کە دەستی بەبێدەنگی کردووە. ڕاستییەکەی، وێناکردنی سەروسیمای فەرەنسای هاوچەرخ لە سۆنگەی دەنگۆگەلەوە، پێویستی بەوەیە پێشوەختە کۆمەڵێک نموونە لەو دەنگۆیانە کۆ بکرێتەوە کە بەسەرلەبەری وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە یان ئەو دەنگۆیانەی ساڵانێکی زۆرە لە شـوێنەکانی دیکەدا دووبارە دەبنەوە. هەر بەئەنقەسـتیش ئەو دەنگۆیانە شی دەکەینەوە کە پێکهاتەیەکی خەیاڵاویی تێدا زەقە. ئاخر ئەو جۆرە دەنگۆیانەیە کە خەڵک پەلکێش دەکات و ناڕاستەوخۆ بایەخی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ڕادەکێشێ. بەرانبەر بەوە، ئەو دەنگۆیانەی پێکهێنەرێکی ڕاستییان تێدا باڵادەستە، بەتوندی گرێدراوی حاڵەتە بابەتییەکەیە و هەلی کەوتنە گەڕی خەیاڵدانی کۆمەڵایەتی نارەخسێنێ. شایانی باسە، چاوپۆشی لەم دەنگۆیانە لە بایەخی ئامانجەکەمان کەم ناکاتەوە کە بریتییە لەو کەرەستەیەی وا لە بنی بنەوەی گڕکانەکەدا جۆش دەدات.

دەبێ ئامـــاژەش بەوە بدەین کـــە کـــۆی ئەو دەنگۆیانەی لە ساڵی ١٩٨٠ەوە کۆکراونەتەوە، هاوکاریمان دەکەن خشتەیەکی ڕوون بۆ بابەتەکانی؛ گرژی، فرەهەستیاری و نیگەرانییەکان، بکێشین.

## ئامۆ "غەوارە" دەمانبوغزێنێ

وا دیارە ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت بەبازرگانیی سێکسفرۆشی یان ئەو منداڵەی، جاڵجاڵۆکە ژەهراوییەکەی نێو ورچە باغەکەی کە لە تایوانەوە هاتووە، پێوەی داوە،

بەوردی گوزارشت لەو هەستە دەکات کە پێی وایە فەرەنسا پێناسەی خۆی لە دەست داوە، تا ئەو ئاستەی کە مەترسییەک بەنێو شارەکانی فەرەنسادا بڵاو بووەتەوە و وەک خۆرە لە ناوەوەڕا دەیانخوات. پێشووتر، ئەسپە ناپاکەکە، قۆچی قوربانی، ئەو مارکێتانەی جلکفرۆشتن بوو کە مۆدەی نوێیان دەگەیاندە لادێکان. ئەو مارکێتانە کە خەڵکی "غەوارە" هی دەرەوەی کۆمەڵەکە، بەڕێوەیان دەبردن، برەویان بەشێوازێکی نوێی ژیان دەدا کە سەرچاوەکەی دەرەوە بوو، سەرنجی کچانیان ڕادەکێشا کە سیمبولی پاکیزەیی وڵاتن. بەپەیڕەوکردنی ئەم شێوازە ڕۆئاواییەی ژیان، هیچ ئومێدێک نامێنێ کە وڵات یەکیەتی و پێناسەی خۆی بپارێزێ.

جێی سەرنجە، دەنگۆی تولەمارەکان زۆر واوەتر دەچێ، نەخاسمە کە ئەسپە ناپاکەکە (قوربانییەکە)، میوەیەکی بێبەری یان بوکباغەیەکی ئاسایی بێت. بەم شێوەیە، غەوارەکان بەنێوجەرگەی شاردا وەردەبن و ڕێ لە داهاتوو، واتە منداڵانی شار دەگرن. وا دیارە پرسەکەش چی دی پرسی پێناسەی لۆکاڵی نییە، بگرە پرسی پێناسەی نیشتیمانییە. ئاخر دەرزییەکە، گوزارەیەکی گریمانەییە لە کارێکی سێکسی کە چاومان بەرووی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکاندا دەکاتەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەگەز و ڕەچەڵەکدا. وەک ڕۆژی ڕووناک دیاریشە کە هاوارێکی مەترسی لە پشت ئەم دەنگۆیەوەیە، مەترسیی ئەم تێکەڵبوونە مانای نەمانی فەرەنساییە ڕەسەنەکانە.

بەڵام مەترسیی بنەڕەتیی ئەمڕۆی فەرەنسا بەگوێرەی دەنگۆکە، بریتییە لە هێرشی کولتوورەکانی جیهانیی سێ کە دەبێتە هۆی لە دەستچوون و داڕوخان و نەمانی وڵات. دەشتوانین بەئاسانی لە سۆنگەی پێشوازیی گەرمی شارەکانی فەرەنساوە لە دەنگۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەران، هەست بەم مەترسییە گەورەیە بکەین. بۆ نموونە، هاوینی ۱۹۸۳ دەنگۆیەک بەشاری ماکۆن Macon دا بڵاو بووەوە: کۆچبەرە مەغریبییەکانی مینگات Minguettes بۆ بەشێک کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی شار دەگوێزرێنەوە. لە تشرینی یەکەمی ۱۹۸٤دا جارێکی دیکە هەمان دەنگۆ هەر لە ماکۆن بڵاو بووەوە، دواتر لە شاری لوریان Lorient لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بڵاو بووەوە. هەروەها هەمان مانگ لە شاری فریگۆ Fregus، دیارنەمانی دوو کچۆڵە (ڕاستییەکەی، هەڵاتبوون)، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە

کـە کـۆچبـەرە تورکـەکانـی تۆمـەتبـار دەکرد بـەوەی ئەوان دوو کچـە بچکۆلەکـەیان ڕفاندووە تـا ناچاریان بکەن لە ماڵەکانی سێکسفرۆشـیدا کار بکەن. تێبینـی دەکرێ چۆن بازرگانیی سـێکسـفرۆشـی هەمیشە بەکۆچبـەرەکانەوە واتە بە"غـەوارە"کانەوە دەلکێنـدرێ. ئەوەی سـەیرە، ئەوانە، "جـوولەکەکـان" و هـاووڵاتیـان تێکەڵ دەکـەن. وا دیارە قۆچی قـوربانی دەگۆڕێ. دوای کـورژرانـی چەند قەیرەکچێک لە شـەقامی ١٨ی پاریس سـاڵی ١٩٨٤، دەنگۆکە خەتابارەکەی دۆزییەوە کە ئالوودەیەکی نافەرەنسـاییی ناسـراوی مادە هۆشـبـەرەکانی گۆڕەپانی Abbesses تۆمـەتبار کرد. بەڵام بەگوێرەی دەنگۆکە، پۆلیس نەیتوانی بیگرێ، چونکە دەسـەڵاتی سۆسـیالیست، ڕێی لـەو حاڵەتە گرت، تەنیا ئەوە نەبێت، تۆمەتبارەکەیان بەنهێنی ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی کردەوە.

لە پاریس، شـەقامی ژمارە ١٣ بەهـۆنگ کۆنگ سـوور سـین Hong-Kong-Sur-Seine دەناسـرێت، زۆربەی کۆچبـەرە ئاسـیاییـەکان لە تەلارە هەوربڕەکانی ئەو شـەقامـەدا نیشـتـەجێن. لەوێ، کـۆمـەڵە دەنگۆیەک لە بارەی ڕاسـتیگەلێکی گرینگ و ناڕوونەوە بڵاو بووەوە. دەرکەوت ژمارەی ئەو مـردووانەی لە ماوەی سـاڵێکدا تۆمار کراون، دوو سێ حـاڵەتە لە کۆی بیست هـەزار کۆچبـەر، لە کـاتێکدا، ڕێژەی مـامناوەندیی مـردن دەگـاتـە سـەد حـاڵەت. ئەدی ئەو کـەمـهـێنانە لە کـوێوە هاتووە؟ دەنگـۆکـە دەڵێ: مـردووەکـان دەبرێنـە هۆڵەندا و بەلجـیکا تا لەوێ بنێـژرێن، دوای ئەوە بەڵگەنامـە و کـاغـەزەکانی نیشـتـەجێبوونیـان بەکۆچبـەرانـی نایاسـایی دەفرۆشـرێتـەوە، ئەمـەش دەرفـەتێکە بۆ هێنـانی ژمـارەیەکی زیاتری دیکەی کۆچبـەران بۆ نێو فـەرەنسـا. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەو خێزانە ئاسیاوییـیانەی بەم دواییـیانە گەیشتوونەتە فەرەنسا، منداڵێکی زۆریان تێـدایە، ئەمــەش، واتە؛ مــەحـاڵە ڕێژەی مــردن لە نێـو ئەمــاندا، بەڕێژەی سـروشـتیی مـردن لـە کۆمـەڵگەی فـەرەنسـادا کە کـۆمـەڵگەیەکی بەتـەمـەنە، بەراورد بکرێ، بۆیە، هیچ تەرمێکی دیارنەماو لە ئارادا نییە.

وا دیارە کۆچ بەلای فـەرەنسـاییـیـەکانەوە بـووەتە مـەسـەلەیەکی هـەراسـانکەر، ئەم نیشانانەش، باشترین بەڵگەن.

## فەرەنسا خەمی نەوەکانیەتی

لە فەرەنسای هەشتاکاندا (سەدەی ڕابردوو- وەرگێڕ)، زۆر دەنگۆکان نەبوو مردنی منداڵێکی تێدا نەبێت. لە تەمووز - یۆلیۆ ١٩٨٢دا، لە ناوچەی ڕاینی خواروو، چیرۆکێکی کارەساتاوی لە بارەی سێ منداڵ کە ماشێنێکی درۆینە هەلاهەلای کردوون، بڵاو بووەوە، گوایە باوکیشیان لە داخان خۆی هەڵواسیوە و دایکیشیان لە تاواندا لەگەڵ بیستنی هەواڵەکەدا دڵی وەستاوە. جێی سەرنجە، هەمان چیرۆک لە ناوچەی سلیستات Slestat یان ساڤێرنیش بڵاو بووەوە. دوادواییەکانی ساڵی ١٩٨٤، دەنگۆیەک باسی لە منداڵێک دەکرد کە پزیشکان ناچار بوون هەردوو قاچی ببڕنەوە. گوایە باوانی چوونەتە بەفرەخلیسکێنە و منداڵەکەیان بەتەنیا لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا جێ هێشتووە، بۆیە هەردوو قاچی بەستوویەتی. کۆپییەکی دیکەی ئەم دەنگۆیە دەیگوت، منداڵەکە لە نێو ئۆتۆمبێلێکی کەشسازدا (سيارة مكيفة) نەبووە، بگرە بەکۆڵی باوک (یان دایک)یەوە بووە لەکاتی خلیسکێنەکەدا.

بە گوێرەی دەنگۆیەکی دیکە، لە هۆڵی سەنتەری بازرگانیی ستراسبۆرگدا Central de Strasborg، لە بەشی گوڵاندا، مارێک لە نێو ئەسپەیارییەکاندا خۆی لوول داوە، مارەکە بەمنداڵێکیەوە داوە و کوشتوویەتی. تێبینی دەکرێ، ئەم دەنگۆیە تەنیا کۆپییەکی هەمووارکراوە لەو دەنگۆیانەی باس لە مردنی منداڵان دەکەن بەپێوەدانی مار یان مێروویەکی ژەهراویی دیکە. پێش ئەوەش، سەرکەوتنی دەنگۆی بڵاڤۆکەکەی فیلگۆیڤ، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەو ترسەوە هەبوو کە نەکا بەروبوومی فەرەنسایی بەڕاستی منداڵان ژەهرخواردوو بکەن.

جارێ یەکەمین شت، تێبینی دەکرێ هەموو دەنگۆکان، نێردراو (پەیام)ێکی هاوبەشیان هەیە. هەر کاتێک کەسوکار کەمتەرخەمی لە چاودێریی منداڵەکانیاندا بنوێنن، لەوانەیە تووشی ئازار و مەترسی بن. ڕاستییەکەی، دەنگۆ لەم ئاستەیدا وەک یەک لە ڕاسپاردەکانی دکتۆر سپۆک Spock یان لۆرانس پیرنۆد Laurence Pernoud دەچێ کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "چۆن منداڵەکانمان پەروەردە بکەین؟" Comment elever on enfant هاتووە. پێویستە ئێمە لە ئاست دەنگۆی منداڵە قاچبەستووەکەدا بووەستین کە ڕۆژنامەی " دواهەواڵەکانی ئەلزاس Les Dernieres

Nouvelles d Alsace" لە وەڵامی نامەی خوێنەرێکیدا بەدرۆی خستەوە. خوێنەرە ژنەکە لە نامەکەیدا نووسیبووی: "کچەکەمم هان دا کە منداڵێکی دە مانگانی هەیە، ئەو چیرۆکە بخوێنێتەوە تا سەبارەت بەمەترسییەکانی سەرما و سەهۆڵبەندان بەئاگای بێنمەوە. گرینگ ئەوەیە ئەو ڕووداوە بووە. پێم وایە کارێکی چاکە خەڵک لە بارەی مەترسیی سەهۆڵبەندانەوە بەئاگا بێنینەوە (بە تایبەتی ئەگەر مەسەلەکە پێوەندیی بەمنداڵانەوە هەبوو) تا تووشی کارەساتی وا نەبن. ئایا دەکرێ ڕۆژنامەکەتان بابەتێکی دیکە لە بارەی ئەو ڕووداوەوە بڵاو بکاتەوە تا خەڵکەکە زیاتر وریا بنەوە؟" کەواتە، بەلای خوێنەرەکەوە گرینگ نییە ڕووداوی وا لێرە و لەوێ بووە یان نا، بەلای خوێنەرەکەوە، پەیامی چیرۆکەکە گرینگە.

بەڵام بەپلەی دووەم، ئەم دەنگۆیە خەڵک تۆمەتبار دەکات کە لە چاوێریی منداڵەکانیاندا، کەمتەرخەمن. کاتێک ڕووداوەکە بوو، باوکە جووتیارەکە لە کوێ بوو؟ ئەو داکوبابەی چونە خلیسکانێ چۆنیان بیر دەکردەوە؟ ڕاستت دەوێ، هەموان تۆمەتبارن. هەر هێندەی باوان بیریان بەلایەکدا چوو، ئیدی منداڵەکانیان بیر نامێنێ و لێیان دەگەڕێن تا دەمرن. ئەمانە هەمووی ڕوو دەدەن و نزمیی ڕێژەی منداڵبوونیش خەمێکی دیکەی فەرەنساییەکانە. بۆیە تا دێ مەترسییەکانی دیارنەمان و ڕووداوەکان گەورەتر دەبن.

## کەمبوونەوەی دەسەڵاتی پێگەیشتووان

منداڵی ئەم ڕۆژگارە، بەهەردوو مانا حەقیقی و مەجازییەکەی لە دەست باوانیان قوتار دەبن. ئاخر هەر زۆر زوو کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن، دیوی ڕاستەقینەی نهێنییەکانی ئەم دنیایەیان بۆ ئاشکرا دەکەن، وەک چۆن، بازاڕیش فێری چۆنیەتیی خەرجکردن و بەکاربردنیان دەکات[٧٥]. چونکە باوانی ئەمڕۆ کار دەکەن، منداڵ بەتەنیا و سەربەخۆ ڕووبەڕووی ئەزموونەکانی ژیان دەبنەوە. ئاسانە لەو تەقینەوەیەش بگەین کە فێرکردنی تایبەت بەرپای کردووە، ئەمەش، واتە؛ ڕووخانی دوابنکەی چاندنی بەهاکان لەلای منداڵان. کەواتە، چی بۆ ئەو کەسوکارانە دەمێنێتەوە کە دەیانەوێ منداڵەکانیان لە "پەلکێشییەکانی بەها دژەکان"ی کۆمەڵگە "بپارێزن"؟

بەڵام ژیانی ئەمڕۆی منداڵ، لەگەڵ نموونەی منداڵی پارێزراو، عاقڵ، گوێڕایەڵ و بەوەفادا نایەتەوە. تەنها منداڵ سەربەخۆیی خۆی هەیە و ئەمەش دەسەڵاتی لە نێو خێزانەکەیدا پێ بەخشیوە. دیسان جێی سەرنجە، ئەمڕۆ منداڵ بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەی ڕای خۆی دەڵێ، فەرمان دەکات، داخوازیی هەیە. جیا لەمانە، منداڵ هەر زوو لە چاودێریی باوان دەردەچێ کە زۆر جاران تێی ناگەن، بەتایبەتی کاتێک دەگاتە تەمەنی ڕووالّی و پەیڕەوی شێوازی ژیانێکی سەیر دەکات کە سەرچاوەکەی دەرەوەیە. بەم شێوەیە، دنیای تازە، منداڵان لە ئامێزی باوانیان دەرفێنێ. ئەو دەمیش، ئەو بێ ئومێدییەی زادەی لە دەستدانی منداڵ و نەمانی دەسەڵاتە، بۆ قۆچێکی قوربانی دەگەڕێ.

وا دیارە، یەکەمین قۆچی قوربانی، ڕێکلامەکانە کە بەلای پێگەیشتووانەوە، سەنتەری مەترسییەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و کارگەرییەکانیەتی لەسەر منداڵاندا. هەر بۆیە، ڕێکلامەکان لە خشتەبردن زیاتر شتێکی دیکە نین کە گەمە بەئەقڵی منداڵان دەکەن و خاڵە لاوازەکانیان دەقۆزنەوە[٧٨]. پێشتریش سەلماندمان کە ئەم مەترسییانە هەر هەموویان بێ بنەما نین[٧٥]. خۆ ڕێکلامیش، سەکۆیەکە بۆ شکاندنەوەی بێ ئومێدی و ناڕەزاییەکانی خەڵک کاتێک کە دەبینن منداڵانیان لە کۆنترۆڵیان دەردەچن. ڕاستت دەوێ، هەمان ئەو دینامیەتەیە وا دەکات لۆمەی مارکێتەکانی جلکفرۆشتن بکرێ، چونکە سەرنجی کچان ڕادەکێشن. شایانی باسە، مۆدە، مرۆڤهەژێنە، چونکە دابڕانی نێوان سەلیقەی کەسوکار و منداڵەکانیان دەردەخات. دەتوانرێ بگوترێ، مۆدە، ئەو ڕووبارەیە کە نەوەکان جیا دەکاتەوە، کەسوکار لە دنیای منداڵانیان دەکات.

هەر ئەم دیاردەیەشە، دەتوانێ دەنگۆی شەکرۆکە سەیرەکانمان بۆ لێک بداتەوە. دروستە، لێپرسینەوە لە کەسوکاری منداڵەکان لە بارەی بابەتەکەوە، ڕەوا بوو، بەڵام کۆتاییی بەناکۆکیی نێوان کەسوکار و منداڵانیشیان هێنا. خۆ بەرهەمەکە بۆ خۆی ئامانجی دەنگۆکە نییە، هێندەی ئەو ڕەفتارەی ئەو بەرهەمە دەیهێنێتە ئارا کە کەسوکاری منداڵان لێی ڕازی نین، ئامانجە. شەکرۆکە ئەنتیکەکە، منداڵ دەکاتە بەکاربەری بەرهەمێکی پڕوپوچ و نەک هێندە منداڵ لە جیاتی خواردنێکی بەسوود،

شـەکرۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی سـەیر دەخوات، ئەمـەش مـانای وایـە، منداڵ ڕەفتـارێک دەکات کە دژی بەهاکانی حیکمەت و سەنگینی و سوودوەرگرتنە.

## غایلەی لەشساغی "هاجس السلامة الصحیة"

هیچ سەیر نییە کە دەنگۆی بلاڤۆکی فیلگۆیڤ، نۆ ساڵی تەواو بەردەوام بوو. ئاخر بلاڤۆکەکە لە ژێیەکی هەستیاری ڕای گشتی دەدات. ئەمەی دەیڵێین شتێکی تازە نییە، نەخاسمە، پرۆگرامە پزیشکییەکانی تەلەڤیزیۆنەکان، تەماشاڤانێکی زۆریان هەیە. ئاخر مرۆڤ تا بەساڵدا بچێ، زۆرتر بایەخ بەتەندروستیی خۆی دەدات.

چونکە لە فەرەنسا، تەندروستیی باش بەپلەی یەکەم پێوەندیی بەخواردەمەنییەوە هەیە، فەرەنساییەکان زۆر بەبایەخەوە بلاڤۆکەکەی فیلگۆیڤیان دەخوێندەوە و بچوکترین گومانیشیان لە ڕاستییەکە نەبوو. وەک دەزانرێ، خەڵک بەگشتی بەرانبەر هەر بەرهەمێکی خواردەمەنیی تازە، بەگومانن. زۆرجاریش ئەو دەنگۆیانەمان بیستووە کە باسی چێشتخانە چینییەکان دەکەن یان گوایە خواردەمەنیی چینیی"سەر دێشێنێ". کاتێک یەکەمین جار شۆربای وشککراوە کەوتە بازاڕەوە، بەرهەمهێنەرانی، پێشبینیی دەنگۆگەلێکیان لەبارەوە دەکرد. بەڵام لایەنی سەرسوڕهێن لە دەنگۆی شەکرۆکەکاندا، بووە تەحەدایەکی بەردەم سەتان خێزان، هەر ئەوەندەی کۆمەڵەیەکی بەکاربردن (جمعیة أستهلاکیة) چەند پرسیارێکی لە خەڵک کرد، دەنگۆکە سەری هەڵدا.

بێگومان، بڵاوبوونەوەی وەرزشی ڕاکردن و یانە وەرزشییەکان، نیشانەی ئەو بایەخە تازەیەی خەڵکە بەتەندروستی. ئا لێرەدا دەبێ لە ئاست مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشدا هەڵوەستە بکەین. دەنگۆگەلێکی هاوزەمان سەبارەت بەجان فۆندا Jane Fonda ی ئەمەریکایی و ڤێرۆنیک Veronique و داڤینا Davinaی فەرەنسایی (ناسراوترین سیمبوڵەکانی وەرزشی لەشرێکی- ئیرۆبیک)، بڵاو بووەوە. دەنگۆکان هەر جارەی دەیگوت فیسارە کەسیان لە کاتی وەرزشدا، تووشی هەناسەبڕان بووە. بەڵام ئەم دەنگۆیانە چ دەگەیەنێ؟ ڕاستت دەوێ، دەتوانرێ ڕایەڵێک لە نێوان ئەم دەنگۆیانە و چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی مردنی یەکێک لە وەرزشوانانی ماراسۆنی پاریسی ساڵی١٩٨٣دا بدۆزینەوە. ئەوێ ڕۆژێ، دەزگاکانی

ڕاگەیاندن بەم ناونیشانە هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە: "بۆ دووەمین جار، ماراسۆن کەسێکی کوشت" یان "تاوانێکی وەرزشی". مەترسییەکە مردنی کەسێک نییە بەهۆی وەرزشێکەوە، خۆ هیچ کاتێک دەبیستێ شاخەوانێک هەڵدێراوە یان سەیوانی خۆفڕێدەرێک (مظلي) لە ئاسماندا نەکرایەوە، بەڕاستی تووشی سەرسڕمان نابێت، ئاخر ئەم وەرزشانە بەگەمەکردن لەگەڵ مردن دەچن. سەیرەکە لەوەدایە، ڕاکردن و ئیرۆبیک بەوەرزش نەدرێنە قەڵەم، واتە بەچالاکییەکی خۆشیبەخش کە مرۆڤ چێژێکی تایبەتی لێ وەردەگرێ.

ئەوەی جێی سەرنجە، میدیاکان دەڵێن ڕاکردن و ئیرۆبیک پێش هەر شتێک چارەسەرە. ئاخر مرۆڤ بۆ خۆشی ڕا ناکات و ئیرۆبیک ناکات، بۆ ئەوەیە، توانستی جەستەی بپارێزێت و لەپێناو لەشولارێکی ڕێکدا ماندوو بێت، بەتایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی تەمەن. ئا لێرەدا ئەو سەیروسەمەرەیە دەبینرێ کە دەنگۆکە وەک مانشێتی ڕۆژنامەکان، پشتی پێ دەبەستێ: "چارەسەری دژەپیری کوشندەیە". بەم شێوەیە، دەنگۆکە ناپاکی لەگەڵ ئەو ئەزموونە ڕۆژانەیەی ڤیرۆنیک و داڤینادا دەکات. لێرەدا دەنگۆکە زادەی وێکنەچوون یان دژبەریی (تناقض)ەکە، ئاخر چۆن چارەسەرێک، کوشندە دەبێت؟ ڕاستییەکەی، ئەم دیاردەیە، دەرفەت دەداتە هەندێک پزیشک چالاکیی نەخۆشەکانیان کۆنترۆڵ بکەنەوە تا ڕێنوێنییان بکەن کە لە چاکییە ڕۆژانەکانیاندا نێوانڕۆ بن. سەرەڕای ڕێکلامەکانی پێویستیی پاراستنی توانستی جەستە و لەشجوانی، بەڵام دەنگۆکە، هەردەم بیرمان دێنێتەوە کە غایلەی لەشساغی، بنەمای سەرەکیی ئەو چالاکییە تازانەیە. جیا لەوانە، باشە ناچێتە ئەقڵەوە ئەو دەنگۆیانە، ببێتە پاساوێک بۆ ئەو کەسانەی دەرمانخواردن و تەماشاکردنی دیمەنە وەرزشییەکانیان لە پەیڕەوکردنی مەشقە وەرزشییەکان، پێ چاکترە؟

## بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان

ئەگەر دیقەت لە دەنگۆکانی بیست ساڵی دواییی فەرەنسا بدەین، سەرمان لە هەستیاریی خەڵک بەرانبەر داهێنانەکان سوڕ دەخوات. بەتایبەتی داهێنانە تەکنەلۆجییەکان. هەر ئەوەندەی داهێنانێک بڵاو بووەوە، یان هەرمێنی پەیدا کرد،

دەمودەست دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە هانی خەڵک دەدات توخنی داهێنانەکە نەکەون. چونکە خەڵک بایەخ بەو شتانە دەدات ڕاستەوخۆ کار لە ژیانی دەکات، جیهانی کەلوپەلی ناوماڵ، زەوییەکی بەپیاری دەنگۆکانە.

ساڵی ١٩٨٤، یەکەمین جار بوو شامپۆی جلشتنی ڤیزیر بەهەڵمەتێکی پروپاگەندەی فراوانەوە، کەوتە بازاڕەوە. پاش چەند مانگێک، چەندین کەس کە یەک ئەوی دیکە ناناسێ، دەیانگوت ئەو شامپۆیە بۆڕییەکانی جلشۆرەکە دەخوات و کونی دەکات. خانمێک دەیگوت جلشۆرەکەی ژنێکی هاوڕێی باوکی کون بووە، ژنێکی دیکە دەیگوت هەمان شت بەسەر ماڵە خزمێکی دەوڵەمەندیاندا هاتووە کە لە گوند دادەنیشن و وەستایەکی کەلوپەلی کارەبایی دەناسن. هەمان دەنگۆ، پێش چەند ساڵێک، یەخەی تایتی ئۆمۆ Omo شی گرت و بووە هەڵا گوایە ئۆمۆ، جلکەکان شی دەکاتەوە و جلکشۆرەکەش تێک دەدات. هەمدیس، لەو داهێنانانەی بەر شالاوی دەنگۆگەل کەوت، مادەی فلۆری نێو دەرمانی ددان بوو، هەروەها مەنجەڵ و تاوەی تیفاڵ Tifal کە خواردن بەبنیانەوە نانووسێ، مارگرین و باران Baranne ی شەوقەهەڵهێنی چەرم، نیسکە لکاوەکان (ئەو نیسکانەی دەنگۆکانی پێشوو دەیانگوت، خەڵک کوێر دەکات)، دواترینیشیان، ئەو مادە تامبەخشانەی ئەلکهوولیان تێدا نییە، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە چاکترینیان کە پاسیفیک Pacificە، هەندێک مادەی تێدایە دەبێتە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە.

هەر لەم بارەیەوە، دەنگۆ تەنانەت پێش تاقیکردنەوەی داهێنانەکان، هانی خەڵک دەدەن لێیان دوورکەونەوە، بەوپێیەی ناوەخت و سەیرن و نیشانەی گۆڕانی دابونەریتەکانن. دەتوانین بڵێین، وەک کەرەستەیەکی بەرەنگاری وایە کە فەرەنسایییەکان بۆ پاراستنی داوونەریتەکانیان بەکاری دێنن. ئاخر دەنگۆ "هەڵکەوتەگەلێک" دەخاتە ڕوو کە دەرفەتی پاساوهێنانەوە دەداتە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان و بەگشتی زەمینەی تۆمەتبارکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگەی بن سایەی زانست و تەکنەلۆجیا دەڕەخسێنێ.

## گەڕانەوە بۆ ژیانی کێوی

لە بەشێکی پێشووتردا، باسی دەنگۆی فڕێدانی مارەکانمان کرد لە فڕۆکەکانەوە، بڵێی چ هێمایەک لە پشت ئەو مارانەوە بێت کە لە ژوور سەرمانەوە دەفیشکێنن؟ ئەدی دەنگۆی ئەو گیانلەبەرە دڕندانەی گوندەکانیان لە قۆزەخ ناوە؟

بۆ نموونە، لە تشرینی دووەم – نۆڤێمبەری ١٩٨٢دا[٢٠]، لە شاری نۆت Noth ی سەر بەپارێزگای لاکرۆز La Krreuse باس باسی ئەو دەعبا دڕندەیە بوو دانیشتوان گوێیان لە تەپەی پێی و شوێنپێیەکانیان گرتبوو، بەڵکە لە چەندین سەر مەڕوماڵاتی دابوو، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی زەفەری پێ ببەن.

جێی سەرنجە، سەرجەم خەڵکەکە لەبارەی ئەم دەنگۆیانەوە هاودەنگن، هەمووان کۆکن کە "لایەنێک" ئەم گیانلەبەرە زیانبەخشانە دەنێرێ. وەک زۆربەی دەنگۆکانی دیکە، دەتوانرێ چەندین خوێندنەوەی جیاواز و ئاستی شیکردنەوەیان بۆ بکرێ. ڕاستییەکەی، ئەم دەنگۆیانە، ڕەنگدانەوەی ئەو پەشێوییە توندەی کۆمەڵگەی لادێیە، واتە؛ لە نێو ئەو کەسانەی لە هێڵی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی سروشتدان، ئەو سروشتەی هەر خودی مرۆڤ پاشکشە و کۆنترۆڵی کردووە و لە ململانێیەکی هەزار ساڵیدا وای لێ کردووە بەرهەمی زۆرتر بێت. بەدەر لەو هەستی پشتیوانییەی هێڵی پشتەوە، واتە؛ بڕیاربەدەستانی پاریس یان شار دەیبەخشنە هێڵی پێشەوە، دانیشتوانی لادێکان هەست دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی چارەنووسیاندا تەنیاباڵن.

ساڵانێکی زۆرە، تێنەگەیشتنێک لە نێوان جووتیاران و حکوومەتی ناوەندیدا هەیە. مەترسییەکانی جووتیاران بەهاتنە سەرکاری سۆسیالیستەکان لە ئایاری ١٩٨١دا زۆرتر بوو، چونکە باڵی پارێزەرانی ژینگەی نێو سۆسیالیستەکان، باڵێکی بەهێز بوون. ئاخر زانایانی ژینگەناسی، دوژمنی باوەکوشتەی جووتیارانن، بەتایبەتی زانای ژینگەناس، ململانێی جووتیاران دەکات لەو بنەمایانەی پێناسەی جووتیاران پشتی پێ دەبەستن، واتە؛ بەڕێوەبردنی ژینگەی سروشتی. وا دیارە، کۆمەڵگەی لادێش ناتوانێ لەو گەشتانەی زانایانی ژینگەناسی (کە لە فڕۆکەوە خۆ فڕێ دەدەن) بۆ لادێکانی فەرەنسا تێ بگات. ئاخر بەلای جووتیارانەوە دابەزینی لە ناکاوی ئەوانە بۆ نێو حەوشە و ماڵەکانیان، سووکایەتی کردنە بەتواناکانیان و بەچەندان سەدە

داوونەریت و شارەزاییی لادێییانە کە بەبەرەنگارییەکی زۆر قورسی سروشت پەیدای کردووە.

وەلێ ئاماژە بەوەی زانایانی ژینگەناسی ئەو گیانلەبەرە زیانبەخشانەیان ناردووە، نێوەخنێکی زۆر گرینگی هەیە. مانای وایە ئەوانە فرۆکە و هێلیکۆپتەر لێ دەخوڕن، بگرە فڕینیشیان بەسەر لادێکاندا، کارێکی ئاساییە بەو پێیەی ئەو توانایەیان لەبەر دەستدایە، چونکە حکوومەت پشتگیرییان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا، کەرتی کشتوکاڵ ئەو توانایانەی نییە. جیا لەوانە، زانایان بەسەر لادێیەکدا دەفڕن، وەک ئەوەی سەرپێیی دۆسێیەک بخوێننەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەو جووتیارەی شارەزاییەکی ئەوتۆی لە دۆسێی سروشتدا هەیە، دەتوانێ لەگەڵ کازیوەدا کاری تێدا بکات، زانایانی ژینگەناسیی دەکەونە دنیایەکی داماڵراوەوە و لەخۆوەرا یاساگەلێک دادەڕێژن. هەر ئەمەشە وا دەکات، جووتیار وەک کۆلکە سیحرباز سەیری زانایانی ژینگەناسی بکات. ئاخر بڕیارەکانیان، بڕیارگەلێکی زاڵمانەن دەرهەق بەوانەی چاک سروشت ناس دەکەن و لە نێویشیدا دەژین، واتە؛ جووتیاران و ئەو کۆمەڵگایانەی گوزەرانیان لەسەر ڕاووشکارە. کاتێک زانایانی ژینگەناسی، گیانلەبەرە زیانبەخشەکان بەسروشتدا بڵاو دەکەنەوە، دەبنە هۆکاری لە نێوچوونی گیانلەبەرەماڵییەکان و سروشت عاسێ دەکەنەوە پاش ئەوەی کەویکردنی چەندین سەدەی بردووە[٣٨].

بەلای کۆمەڵگەی لادێوە، هیچ کارێک لەو کارەی زانایانی ژینگەناسی خۆپەرستانەتر و نەزۆکتر نییە کە هەندێک گیانلەبەری کێوی دەهێننەوە و بەو دەشت و کێو و لادێیانەدا بەرەڵایان دەکەن، وەک گیانلەبەری ئاوس لە کێوەکانی ڤۆزج Vos-ges و داڵەکانی سیڤین Cevennes. ئەم چالاکییانە سەرنجی دانیشتوانی شار ڕادەکێشێ کە وەک چەمکێک تەماشای سروشت بکەن و وەک قەرەبوویەکی ئەو ژینگە دەستکردە لە چیمەنتۆ دروستکراوەی ببینن. بەڵام لە کاتێکدا کە هەوڵێکی زۆر بۆ ژیاندنەوەی گیانلەبەرانی کێوی دەدرێ، لەگەڵ ئەو هەموو پروپاگەندە فراوانەی بۆی دەکرێ، لادێی فەرەنسا بەرەو نەمان دەچێ. دیسان جێی سەرنجە، دەنگۆکەی نۆت، پێوەندییەکی لە نێوان گیانلەبەرێکی زیانبەخش و خانمێکدا دروست کردووە کە بەماڵاندا دەگەڕا تا داوایان لێ بکات بەزەییان بەو گیانلەبەرەدا بێتەوە و بەناوی

بابیت Babette ەوە بانگی بکەن. وەک دەزانرێ، بابیت، ناوی ڕاستەقینەی ئەستێرەی خۆشەویست و بەناوبانگی فەرەنسا برجیت باردۆیە کە بەداکۆکی لە گیانلەبەران و ژینگە ناسراوە.

بەم شێوەیە لە لادێکانی فەرەنسادا ماوەماوە گیانلەبەرانی وەک گیڤۆدان و مار و تەنانەت تیمساحیش لە ڕووباری دۆردۆنگ پەیدا دەبێتەوە. سەرەڕای شایەتیدانی هەندێک کەس و قوربانی و گەلەڕاوی شەوانە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک نییە کە دڕەندە گەیشتبێتە گوندی نۆت. تاکە بەڵگە ئەوەیە، خەڵک حەز دەکەن بڕوا بکەن کە دڕەندەیەک لە دەوروبەری گوندەیان هەیە. بەڵام ئەوەی دەبێ لێک بدرێتەوە، ئەو گواستنەوە ئەفسانەییەیە لە گیانلەبەرەوە بۆ دەعبا و دڕندە، واتە؛ گۆڕانی گیانلەبەرێکی ئاسایی بۆ دەعبایەکی نەناسراو. ڕاستییەکەی، ئەو دڕندانە، برێتین لە کۆمەڵە نێردراوێک (پەیامێک).

ئەم گوتارە سروشتییە، گوتارێکی کۆمەڵایەتیی لە پشت خۆیەوە حەشار داوە کە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی لادێ بەدەوروبەرەکەیەوە دەردەخات. پێش دە ساڵ، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا لە بارەی گورگەوە لە گوندی لیمۆزین Limousin[٢٠]، توێژەوان باسی بیرۆکەیەکیان کرد هاکەزایی بەخەیاڵی دانیشتوانی گوندەکەدا هاتووە، دەیانگوت "گەلەگورگ سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە". ڕاستت دەوێ، ئەم ڕستەیە هێمایەکە. ئاخر گوندەکانی فەرەنسا وا خەریکە چۆڵ دەبن، گوندە چۆڵکراوەکان زۆر دەبن و هێڵە ئاسنینە لاڕێکانیش بەدوای یەکدا دادەخرێن، ئەمەش، مانای ئەوەیە چیدی گەلەگورگ ترسی قەرەباڵغی و خەڵکی نامێنێ، ئەو دەمیش، سروشت دەبێتەوە بەشانۆی دوژمنکاریی.

بێگومان، دەنگۆکانی دەعبا و دڕەندە، ڕەنگدانەوەی پەشێوییەکی قووڵە. ئاخر دڕەدەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بەویستی خۆیان بەنێو گوندە چۆڵکراوەکاندا بسووڕێنەوە. ئەوەی زۆربەی لادێیەکان لێی دەترسن، گەڕانەوەی ژیانی کێوییە. ئاماژەی گەڕانەوەی دڕندەکان، مانای کۆنترۆڵکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش، یان ڕاستتر، نەمانیانە. دوای ئەوە، ڕێگەدان بەچۆڵبوونی دەشت و کێوەکانی فەرەنسا، واتە؛ گەڕانەوەیەکی لەسەرخۆ بەرەو دەوڵەتی کێوی.

بەشی سێیەم

# بەکارهێنانی دەنگۆگەل

باسی دوازدەیەم

# تاوانگەل و لیکۆڵینەوەکان و دەنگۆگەل

دەنگۆ لە زۆربەی داوا داوەرییەکاندا (الدعاوى القضائية) ئامادەیە، کەم لەو داوایانە هێندەی داواکەی ماری بسنار Marie Besnard دەنگۆی تێدا ئامادە بووە و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە.

## پێنج ساڵ زیندانی بەهۆی دەنگۆیەکەوە

لۆدۆن Loudun بەشارێکی بچووک و نیوچە چۆڵ دادەنرێ. ئەم شارە بچووکە، دەکەوێتە ناوچەی ڤیان Vienneوە و هەشت هەزار جووتیار دانشتووانەکەیەتی کە بژێویان باشە و کەمێک دەوڵەمەندن. خێزانی بسنار یەک لە خێزانە ڕەسەنەکانی شارەکەیە و ناوبانگێکی چاکیان هەیە، ئەگەرچی گوزەرانیان مامناوەندییە؛ نە هەژارن و نە دەوڵەمەند. لیۆن بسنار بەپیری پێوەندیی لەگەڵ ماری دۆڤایۆ Marie Duvaillaud بەست و ئەو بێوەژنە گەنجەی هێنا کە لە خێزانێکی باش و ڕەسەنی جووتیارە خواپێداوەکانی لۆدۆن بوو. بەڵام سەرەڕای دەوڵەمەندییان، ژیانی جووتیارانەیان پێ خۆش بوو. بۆیە بۆ ماری، شووکردن بەرزبوونەوە بوو، بەو پێیەی لۆدۆن شارۆچکەیە نەک گوند. کاتێک دووەمین جەنگی جیهانی هەڵایسا و لە ١٩٣٩ەوە تا ١٩٤٥ درێژەی کێشا، ئەڵمانەکان ئەو ناوچەیەیان داگیر کرد. ڕۆژێکی ساڵی ١٩٤١، ماری بسنار لە ئۆتۆمبێلێکی کرێدا کە لە شاتیلڕۆڵت Chatellraultەوە بۆ لۆدۆن دەچوو، بەرێکەوت ئافرەتێکی هاوتەمەنی خۆی بینی کە ناوی لویز پینتۆ Louise Pintou بوو. چونکە پینتۆ کەسی لە لۆدۆن نەدەناسی، ماری کە حەزی لە چاکە بوو، پێشنیازی بۆ کرد بچێتە ماڵی ئەوان، ئیدی ئەم سەردانە بووە سەرەتای

سەردانگەلێکی دیکە و تێکەڵییەکی زۆر تا وای لێ هات، ساڵی ١٩٤٢، پینتۆ بووە یەکێک لە بنەماڵەی بسنار.

شەڕ نەما، لیۆن بسنار بڕیاری دا بەشداری لە کاری ئاوەدانکردنەوەی شاردا بکات، دیلێکی ئەڵمانی کە گەنجێکی نۆزدە ساڵیی تێکسمڕاو بوو بردە لای خۆی. هێندەی نەبرد، هەردوو ژنەکە بەکوڕە گەنجەکە سەرسام بوون، ماری بسنار وەک کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، لویز پینتۆش سەرەڕای جیاوازیی تەمەن، مانەوەی گەنجەکەی زۆر خۆشحاڵی کرد. بۆ دەربڕینی هاوسۆزی، هەر دوو ژنە، بڕێک دیاری بچووک و دەسڕ و شیرینی و شتی لەو جۆرەیان پێشکێش گەنجەکە کرد و مەسەلەکەش ئەو سنوورەی تێ نەپەڕاند.

سەرلەبەیانیی یەکشەممەیەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧، لیۆن بسنار و ماریی هاوسەری، هاوڕێ لەگەڵ لویز پینتۆ، چوونە سەردانی یەکێک لە باخەکانی خێزانەکەیان لە لیبۆرۆ Liboureaux. لیۆن خەریکی باخەکە بوو، دەستی بەهەندێک کەلوپەلی باخەکەدا هێنا و ژمارەیەک مەڕوماڵاتی سواری ئۆتۆمبێلەکەی کرد و بردی بۆ بازاڕ. بەڵام پاش نانخواردنی نیوەڕۆ، تەندروستی تێک چوو، ڕشایەوە و بڕیاری دا بەپەلە بگەڕێتەوە ماڵێ. بەگەیشتنی خەوی لێ کەوت. پاش سێ ڕۆژ، دروست لە بیست و پێنجی مانگدا، مرد. بەپشکنینی ئەو پزیشکانەی ساڵانێک بوو چاودێریی تەندروستیی لیۆنیان دەکرد، دەرکەوت؛ مردنەکەی سروشتی بووە و لە ئەنجامی ژاراویبوونی خوێن و میزەکەیەوە بووە.

لە کاتی گیانەڵادا، وا ڕێک کەوت، خاتوو پینتۆ بۆ چەند خولەکێک بەتەنیا لەگەڵ لیۆن بسناردا مایەوە. کە مرد، پینتۆ ماڵەکەی جێ هێشت.

دواتر لویز پینتۆ لای پیاوێکی پیر کە ناوی ئۆگۆست ماسیب Auguste Massip بوو، دەمایەوە، لە کۆشکێکدا کە زۆر لە ماڵی بنەماڵەی بسنارەوە دوور نەبوو. ماسیبی پیرەپیاو، زۆر هەوڵی دا لە ماری بسنار نزیک بێتەوە، سەری نەگرت، بۆیە زۆری ڕق لێ دەبووەوە. بەڵام دەبێ پینتۆ کە چووە کۆشکەکەوە چی گوتبێ؟ "لیۆن کاتێک خۆم و خۆی بووین، سوور بوو لەسەر ئەوەی ماریی ژەهری کردووەتە نێو شۆربای نیوەڕۆخوانەکەی لیبۆرۆوە. هەر ئەوەندەی ئەو نهێنییەی لا درکاندم، خێرا

دوو لە پزیشکەکانیم ئاگەدار کرد، بەڵام جووڵەیان نەکرد، هێندەی نەبرد لیۆن بسنار مرد".

ئا ئەم نهێنییە بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ڕق و کینە شاراوەیە هەڵڕێژن کە دەرهەق ماری هەیانبوو. کەواتە ئێستا کاتیەتی.

ئۆگۆست ماسیب کە ئەمەی گوێ لێ بوو ئۆقرەی لەبەربڕا و نەیویست ئەم هەلە پازدا، ڕۆژی بیست و چواری تشرینی دووەم – نۆڤێمبەر چووە لای دادوەری لێکۆڵینەوە لە لۆدۆن تا ئەوەی لە پینتۆی بیستووە پێی بگەیەنێ.

وا دیارە هاموشۆ و هەڵسوکەوتی ژمارەیەک پۆلیسی نهێنی، پلیتەکەی داگیرساند. ئەوە چییە؟ هەموو مەسەلەکان ڕوون نین. بەڵام وەڵامەکە لە کۆشکەکەوە هات: مردنەکە جێی گومانە، تێکرای گومانەکانیش لەسەر ماری بسنارن. ئیدی لە لۆدۆندا بووە دەنگۆ، لە دایەرەی پۆستەوە بۆ بازاڕ، لە حەوشەی کڵێسەوە بۆ چایخانەکە، لە دووکانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. سەرەنجام، "ژەهرتێکەرەکەی لۆدۆن" تۆمەتبار کرا.

دەنگۆ گەورە کرا، گوایە ماری بسنار زەرنیخی کردووەتە خواردنی مێردەکەی و یازدە ئەندامی خێزانەکەیەوە کە پێش چەند ساڵێک مردبوون. بەباوک و دایکی خۆیەوە، مێردەکەی پێشووی، نەنکی لیۆن، بابی لیۆن و هی دیکەش. ئیدی هەموو ئەم مردنانە بوونە جێی گومان سەرەڕای ئەوەی هەندێک مردوویان تەواو پیر بووبوون و پەکیان کەوتبوو، لە هەموویاندا، زەرنیخەکەی ماری بسنار تۆمەتبارکرا.

لەگەڵ ئەوەی لایەنە فەرمییەکان، چ تۆمەتێکیان ئاراستەی ماری نەکرد، کۆمیسەرێکی پۆلیس و لێکۆڵەرێک، هەستیان کرد ئەمە دەرفەتی عومرە و وا نەبێت هەرگیز بەرز ناکرێنەوە. بۆیە دەستیان بەلێکۆڵینەوە و دواندنی خەڵکی شار کرد. لە سەرجەم کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوە و قسەی شایەتەکانی دادگای کەتنەکاندا، دەنگۆکە ئامادە بوو. سەرەتا، کە گومان لە یەکێک دەکرێ، ئەو وردەکارییەی پێشتر بێ بایەخ تەماشا دەکرا، دەهێنرێتەوە پێش، دەنگۆ کۆنەکان دێنەوە یاد.

هەر لە منداڵییەوە، هەر لەو کاتەوە کە وازی لە قوتابخانە هێنا، ماری بسنار وەک منداڵێکی ئازا، هاوکاریی خێزانەکەی دەکرد لە کاروباری کشتوکاڵ و باخەوانیدا.

زۆر جاران بەتەنیا دەبووە شوانی مێگەلەکەیان. لە لێکۆڵینەوەکانی ١٩٤٩دا، یەکێک لە شایەتەکان دەڵێ "شوانێکی خراپ و دڵڕەق بوو، ئەزیەتی مەڕوماڵاتەکەی دەدا، تەنانەت جارێکیان بزنێکی خنکاندووە". بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکانی پارێزەرەکەی ماری بسنار[٤٩]، ئا ئەم چیرۆکە کە قسەوقسەلۆکێکی ڕووتە و ناتوانرێ لە درۆ و ڕاستیی دڵنیا بیتەوە، دادوەرەکەی ترساند، نەبادا ڕۆژێک ماری بسنار لە زینداندا خۆی بخنکێنێ. بۆیە، دادوەر فەرمانی دا، ماری لەگەڵ دوو ئافرەتی دیکەدا بێت و شەو و ڕۆژ چاودێریی بکەن و ئەگەر بتوانن ڕازیشی بکەن دان بەتاوانەکەیدا بنێت ئەوە چاکتر. لەم چیرۆکەدا ڕوون و ئاشکرایە، هەمووان بە"دەڵێن گوایە" دەست پێ دەکەن. کەس بەچاوی خۆی ماریی نەبینیووە تاوان ئەنجام بدات، بەڵام هەمووان دەزانن چی ڕووی داوە. کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوە، چەند خاڵێکی گرینگی ئاشکرا کرد. لە شوێنێکی کۆنووسەکاندا هاتووە" بەپێی دەنگۆیەک کە هەمووان دەیڵێنەوە، دیلە ئەڵمانییەکە بووەتە دۆستی ماری، ئەمەش هۆکاری ناکۆکییەکی بەردەوامی ماری و لیۆنی مێردی بووە"، هەروەها "ئەگەر ماری ڕەفتاری خراپی نواندووە بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، نیشانەی ئەوەیە زۆر وریا و نهێنی قایم بووە"، دیسان "عاشقانێی لەگەڵ هەموو پیاو ماقووڵانی شار دەکرد، لانی کەم وا دیار بوو".

هەروەها مامۆستایەکی فەلسەفە کە ڕووبەڕوو ماری بسناری نەدەناسی، پێی وابوو، ماری خەتابارە، بەڵگەشی، قسەکردنی مارییە "لەگەڵ خەڵکی شار کە بەئازادی چەنەچەنی لە تەکدا دەکەن" وەک دەڵێ. لەو ڕاپۆرتەشدا کە فەرماندەی پۆلیسی نهێنی شاتیلـڕۆڵت بەرزی کردووەتەوە، هاتووە: "لە ساڵی ١٩٤٠ەوە زنجیرەیەک حاڵەتی مردن، بەگوێرەی دەنگۆی نێو خەڵک، جا لەسەر هەق بن یان نا، گوماناوین". لە سایەی کەڵەکەبوونی ئەم هەموو قسەوقسەلۆک و تۆڵە دواخراوانەوە، ژنێکی بێ گوناه، خەتابار کرا. لە ٢١ی تەمووز - یۆلیۆی ساڵی ١٩٤٩دا بەند کرا. ئەو کات، تەمەنی پەنجا و دوو ساڵ بوو. پاشان، دوازدە تەرمی ڕزیویان لە گۆڕ دەرهێنا تا لەو زەڕنیخە بگەڕێن کە گوایە لە تاوانەکەدا بەکار هێنراوە.

جێی سەرنجە، یادەوەریی شێواوی دەنگۆکان، هەموو وردەکاریی ژیانی ماری، کردە دژی. لەوەش زیاتر، ئەو زانا دەروونناسانەش کە دادوەر دەستنیشانی

کـردبوون، مــاریـی بێــوەژن بـپــشکـێن، کــەوتنە ژێر کــاریگـەریی ئەو دەنگۆیانەی خـەتاباریان دەکـرد. لە ڕاپۆرتەکـەیاندا "مـاری بسنار مـرۆڤـێکی سـروشـتـیـیـە، سـروشـتـیبـوونێکی نائاسـایی". لە دانیـشـتنی سـاڵی ١٩٥٤ی دادگادا، لە سـایەی نەبوونی هیچ بەڵگەیەکدا، دەنگۆ بووە ڕەگەزی سـەرەکیی تۆمـەتبارکردنەکە، تەنانەت کـۆمـیـسـەر و لێکۆڵەرەکـە زووزوو دەیانگوتەوە. لەو کـاتـەدا، هـەردووکـیـان زیاتر بەگوتەبێژی دەنگۆکە دەچوون.

ماری بسنار لە زینداندا مـایەوە، تا لە ١٢ی نیسان – ئەپریلی ١٩٥٤دا بەکەفالەت بەربوو. ڕاسـتـیـیـەکـەی، مـاری لە ١٣ی کـانوونی یەکـەم – دیسـێـمـبـەری١٩٦١دا بەتەواوی لە تۆمەتەکە بێبەری کرا. بەم شێوەیە، ژنێکی بێ گوناه، نزیکەی پێنج ساڵ بەند کرا بەهۆی دەنگۆیەکەوە کە پاڵی بەپۆلیسەوە نا بکەونە خۆ و قسەقسەڵۆکی نێو خەڵکەکە بکەنە بەڵگەیەکی تاوانباری. ئەوەی بەسەر ماری هات، لەوانەیە هەر کاتێک لە هەر کەسێک بقەومێ.

## تۆڵە دواخراوەکە

لە شـاری بچـووک یا گـەڕەکدا، تاوان، ڕووداوێکی هاکەزایی نییـە، بگرە دەبێـتە کردەوەیەکی دەسـتـەجەمعی و پێوەندیی بەسـەرلەبەری ئەو کۆمـەڵگە بچووکەوە هـەیە و مـێـژووەکـەی هـەڵدەداتەوە. لە لۆدۆن، بەدرێژاییی پازدە سـاڵ خـەڵک ئـیـرەییـیـان بەبنەمـاڵەی بسنار دەبرد. دەوڵەمـەندیی بنەمـاڵەکـە جـێی ئـیـرەییی زۆر کـەس بوو. هەروەها، بووبووە مـایەی ڕق و کینەی ئەو مـاسـتـاوچییانـەی دەسـتیـان نەدەگەیشت پێیـان. لـەم کاتەشـدا، سـوپایەک لـە هیچ و پووچ و کینە لە دڵان، لە هـەلێک دەگـەڕان پەلاماری نێچیرەکەیان بدەن.

ئا لەم شـانـۆ داخـراوانەدا (شـاری بچـووک و گـەڕەک – وەرگـێـڕ)، کـە هـەمـووان نـاچـارن بـەدەر لە ڕق و کـــیـنـە پێکەوە بژین، حــــەزی کـــوشـتن هەر هــەیە، لێ دەشـاردرێتـەوە. کـاتێک مـاری بسنار لە بـەردەمی لێکۆڵەواندا وەڵامی تۆمـەتەکـانی خـاتوو پینتـۆی دایەوە، گوزارشـتی لەم حـاڵەتە کرد کە گوتی: "لەو باوەڕەدام خـاتوو پینـتـۆ بۆیە دەڵێ من مـێـردەکـەمم ژەهرخـوار کـردووە، چونکە خـۆی تـاوانی وای لە

دەست دێت". ڕاستییەکەی، مرۆڤ دەنگۆ بەکار دێنێ، تا خەڵک بەکردەوەگەلێکی شەڕانی تۆمەتبار بکات کە لە نێوخۆیدا هەڵی گرتووە. ئەگەر هەمووان دەکارن لیۆن بسنار بکوژن، بۆچی ماری نەیکوشتبێت؟

جێی سەرنجە، تێکڕای پاڵەوانانی دەنگۆ لە لۆدۆنن. خاتوو پینتۆ "هاندەر"ەکەیە و حەسوود و کینە لە دڵانیش "پەخشکاران"ن، ئەوانەی هیچیان ناوێ، بڕواکردنی خەڵک بەدەنگۆکە نەبێت. بەڵام کۆمیسەرەکەی پۆلیس و لێکۆڵەوەکە، ڕۆڵی "دوو هەڵپەرست" دەبینن کە بەلای ئەوانەوە دەنگۆکە، پرسێکی پیشەییە. دەستکەوتەکەش لێرەدا، ئاشکراکردنی دوازدە حاڵەتی مردن.

ئاساییە سەرەڕای ڕەتکردنەوە یان بەدرۆخستنەوەی دەنگۆ، قسەوقسەڵۆکەکان هەر بمێنن. خۆ دەنگۆ شێرلۆک هۆڵمز نییە، واتە؛ دەنگۆ ناخرێتە خزمەت ڕاستییەوە، بگرە خواوەندی کینە کەڵەکەبووەکانە. مەبەستی دەنگۆ؛ زانینی ڕاستی نییە هێندەی "خستنە رووی" ئەو ڕاستیانەیە کە پێمان وایە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی بەپرسەکەوە هەیە تا حیسابەکانمان یەکلا بکەینەوە.

لە نەخۆشخانەی پواتیێ Poitiers نیکۆڵ بێرنۆرۆن ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی تشرینی یەکەم - ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ لە ژووری نەشتەرگەریدا، مرد. ئەو کات ئاشکرا بوو کە بۆرییەکانی دەزگای هەناسەپێدانەکەی سەروەختی هۆشبردنەکە (التخدیر) نوشتاونەتەوە. ئایا تاوانێک کراوە یان تەنیا هەڵەیەکی پزیشکییە؟ وا دیارە تا ئەمڕۆ کەس وەڵامێکی دەست نەکەوت. بۆیە ئاساییە دەنگۆکان لە نەخۆشخانەکەدا بتەقنەوە کە پڕە لە ململانێ.

## ڕووخاندنی کەسایەتییەک

لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم - یونایەری ١٩٦٩ تا کانوونی دووەم - یونایەری ١٩٧٩، لە ناوچەی کریل Creil و نۆگان-سور-واز Nogent-sur-Oise، پیاوێک و حەوت ئافرەت بەهەمان شێواز کوژران. وا دیارە مرۆڤکوژەکەی ئەم تاوانانە کە لە کاتی جیاوازدا ئەنجام دراون، پیاوێکی شارەزای شوێنەکانە، زۆر بەخێراییش دەتوانێ لەو کوچە و کۆڵانانە خۆی بشارێتەوە و وەک هەر کەسێکی ئاسایی

دەرکەوێ. حاڵەتێکی سروشتیشە، ئاشکرانەبوونی مرۆڤکوژەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێک، کەشێکی ترسناکی وا بخوڵقێنێ کە ببێتە زەمینەسازی دەنگۆگەل. کەواتە کێ گوناهبارە؟ ئەم تاوانانە بۆ دەکرێن؟ پێوەندیی نادیاری نێوان قوربانییەکان چییە؟

جێی سەرنجە، ئەم دەنگۆ لۆکاڵە، هەرگیز بڕوای بەو گریمانانە نەهێنا کە ڕۆژنامەکانی France-Soir و Parisian Libereو Courrier Picard باسیان دەکرد. ئەم ڕۆژنامانە سەرەتا گوتیان کەسێکی ناتەواوە، دواتر گوتیان کرێکارێکی هێڵی ئاسنینە.

بەڵام لە هەردوو ئەم شارەی کۆنترۆڵی کۆمپانیای نیشتیمانیی هێڵی ئاسنین، ئاماژەدان بەکرێکارێکی کۆمپانیاکە، قبووڵ نەدەکرا. ئا ئەم دژبەرییە، دەنگۆکە بەرەو شکست دەبات.

لە قۆناغێکی دواتردا، ڕۆژنامەی Le Parisian Libere ئاماژەی دا گوایە مرۆڤکوژەکە کرێکارێکی گەچکاریی مەغریبییە کە بەتەنیا دەژی. پاش شەش ساڵ، هەمان ڕۆژنامە، هەوڵێکی نوێی دا تا وا لە خەڵک بکات بڕوا بەمەسەلەی کرێکارە کۆچبەرەکە بکەن.

ئەو کات لای خەڵک وا دەردەکەوت کە تاوانبارەکە زۆر زیرەکە، لێ خوێڕییە. مرۆڤکوژەکەی سێبەر یان "ئەو دڕەندەیەی چاوی لە چاوی پشیلە دەچێ" (وەک ئەو ژنە گەنجە دەیگوت کە بەهەزارحاڵ لە دەستی قوتار بووبوو)، حەوت ساڵ بوو گاڵتەی بەپۆلیس و لێکۆڵەوان دەکرد. بەڵام ئەم وەسفانەی ژنەکە هیچی لە کرێکارە مەغریبییەکان ناچێ.

لە دەنگۆکەدا، مرۆڤکوژەکە نە کرێکارە نە غەوارە. بگرە "پیاوێکی مەرد کە پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە"(١٧). هەندێک ئاماژەش هەبوون کە گریمانەی "مرۆڤکوژەکە یەکێکە لە پیاوماقووڵان"یان دەسەلماند. یەکەمیان، تاوانەکان لە کاتی جیاوازدا دەکران، کەواتە بکوژەکە، وەزیفەیەکی وای نییە ناچاری بکات بەکاتێکی دیاریکراوەوە. جیا لەوەش دیارنەمانی وا بکات کەسوکار و هاوڕێیانی لە دووی بگەڕێن، کەواتە بکوژەکە، پیشەیەکی ئازادی هەیە. ئەڵبەت کەسێکی وا، زۆر دوورە

لەوەی خێزانەکەی گومانی لێ بکەن. باشە ئەدی ئەگەر خێزانی نەبوو؟ لەم حاڵەتەدا، ئەنجامدانی تاوانەکان ئاسانترن. دواجار، تەنیا پیاو ماقوڵان دەکارن زووبەزوو خۆیان بکەن بەنێو خەڵک و ڕێبواراندا بێ ئەوەی ببنە جێی گومان. ئاخر ئەوان هەردەم لە سەروو هەر گومانێکەوەن.

شایانی باسە، نزیکترین دوو کەسایەتی کە ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت بەگوێرەی دەنگۆکە: پزیشکەکە و پۆلیسە، بەو پێیەی وا ڕاهاتوون کارتی زانیاریی نەخۆش و خەڵکەکە لای خۆیان گل دەدەنەوە. بەڵام ئەم نیشانانەی دژی ئەم گریمانەیەن (وەک ئەو کۆڵەپشت و کەرەستەی کرێکارییەی لە شوێنی تاوانەکە جێ ماون)، وا دیارە بەزۆری بۆ بەهەڵەدابردنی لێکۆڵینەوەکانە.

لە کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبووندا کە سیمایەکی دیاری کرێل و بەشێک لە نۆجانە، دەنگۆکە برەو بەو ئالۆزییە کۆمەڵایەتییە نادیارە دەدات کە تاوانکاری پەردەی لەسەر هەڵدەداتەوە، هەروەها ئەو ئازادیی ڕادەربڕینەی تاوانکاری دەیرەخسێنێ. ئاخر سەرچاوەی دەرد و بەڵاکان، ئەوانەن کە پلە و پایە بەرزەکانیان گرتووە، ئەوانەی مەحاڵە لە ڕووداوگەلێکی وادا یەخەیان بگیرێت. لەو کاتەشدا، دەنگۆ لە زیندووکردنەوەی ئەفسانەی پێوەندیی نێوان کاربەدەستانی باڵا و چینەکانی خوارەوەدا، واتە لە نێوان پیرۆز و ڕاگوزەردا (بين المقدس و الفاني) بەرجەستە دەبێت. ڕاستییەکەی، هەمان ئەم ئەفسانەیە لە زۆربەی دەنگۆکانی بازرگانیی سێکسفرۆشیدا دەژێتەوە. ئاخر ئەگەر پۆلیس نەجووڵێ و بەرپرسانیش قسە نەکەن، کەواتە بەرتیل لەوانە وەردەگرن کە خەریکی ئەو بازرگانییە شەرمەزارەن.

دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە پلە و پایەی بەرز، هەردەم خاوەنەکەی لە گومان و سزا دەپارێزێ. ئەمەش وا دەکات بتوانێ بەئاسانی بەهەموو شاردا بسوڕێتەوە و گەورەترین تاوان ئەنجام بدات، نەک بەرانبەر هاوشانەکانی، بگرە دژی میللەت خۆی. وا دیارە نێوەڕۆکی ڕەمزییانەی دەنگۆکە، ئەو کەسە لەو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی دەوروبەری شوێنی ڕووداوەکە جیا ناکاتەوە. خۆ ئەگەر ئەم گریمانەیە لێرەشدا نزیک بێت لە ڕاستییەوە، مانای وا نییە زادەی فیلمەکانی نموونەی "حەوت مردن بەپێی ڕاچێتەیەک" یان "لێکۆڵینەوە لەبارەی هاوولاتییەکی سەروو هەر

گومانێکەوە" کە ڕۆڵی پاڵەوانێتیان بەپزیشکێک یان لێکۆڵەرێکی مرۆڤکوژ دەدرێ. ڕاستت دەوێ، سەرکەوتنی ئەم دوو فیلمە بۆ خۆی بەرەنجامە. ئاخر هەریەکەیان هێزێکی ئەفسوناوییان هەیە و لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە حەرامێکی کۆمەڵایەتی پێشێل دەکات، حەرامەکەش، بریتییە لە پزیشک یان گیانپارێزێکی مرۆڤکوژ. هەر بۆیە دەتوانرێ بگوترێ مانەوەی ئەم دەنگۆیانە، نیشانەی تەنگژەیەکی شەرعییەتە.

زیاد لەوەش، داستانی کاربەدەستانی مرۆڤکوژ، حاڵەتێکی جێگیری شارەدێکانە. ساڵی ١٩٧٢، دەنگۆیەک لە بروئای ئەن ئارتوا Bruay-en-Artois بڵاو بووەوە گوایە خاتوو لێرۆ Leroy منداڵێکی بەنێوی بریجیت دیوایڤەرBrigitte Dewevre کوشتووە. هەروەها لە بواتییێش، ساڵی ١٩٨٤، دەنگۆچییان بەدەرفەتیان زانی جارێکی دیکە مەسەلەی پارێزی کۆمەڵایەتیی (الحصانة الإجتماعية) کەرتی پزیشکییان هێنایەوە بەر باس، لە کۆمەڵگەیەکدا کە "ڕۆژ بەڕۆژ دەیەوێ خەسڵەتێکی پزیشکی بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان ببەخشێ". گومانی تێدا نییە، هەر دادوەرێک لە دادوەرانی شارەدێ، ئەو قسەوقسەڵۆکانەی بیستووە کە سەرۆک شارەوانی یان هەر پیاو ماقوڵێکی دیکە تۆمەتبار دەکات بەوەی هەر خەریکی هەوەس و نێربازین و لە دنیای سێکس و پارە و مادە هۆشبەرەکانەوە، گلاون.

ساڵی ١٩٨٠، چەندین حاڵەتی ئەتککردن و گێچەڵ پێکردن لە ماوەی چەند مانگێکدا لە شاری کلاین ڕوویان دا، بێ ئەوەی ئەنجامدەران بناسرێن. بەڵام دەنگۆ ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرت و پەنجەی تۆمەتباریی بۆ کوڕی کوێخا و ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولان، درێژ کرد. بەڵام وا دیارە کوێخا هەوڵی دا کوڕەکەی نەگرن. ئەوەبوو لە ١٥ی کانوونی دووەم – یۆنایەری١٩٨١دا، دوو گەنج، کچە شازدە ساڵانەکەی کوێخایان لە کاتی هاتنەدەرەوەدا لە قوتابخانە هێنایە قسە و زۆریان لێ دەکرد تا دان بەتاوانەکانی براکەیدا بنێ. پاش چەند ڕۆژێک، داواکاری گشتی ناچار بوو یاداشتنامەیەک دەربکات، لەوێدا داواکاری گشتیی ڕوونی کردووەتەوە کە تا ئێستا دادگا دەستی نەگەیشتووەتە "هیچ نیشانە و بەڵگەیەک لەسەر هیچ کەسێک". بەڵام کوێخای ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقوولان، سکاڵایەکی ناوزڕاندن

و بوختانی دژی نەناسراوێک تۆمار کردووە.

وا دیارە دەنگۆکە، لەو شارەدێ ئارامەدا، زادەی ئەو دڵەڕاوکێیەیە کە تاوانەکان دروستیان کردووە، هەروەها بێزاری و تەپەسەریی کۆمەڵایەتی وەک لە قسەی دووان لەوانەدا هاتووە کە پرسیاریان لێ کرابوو. یەک لە ئەندامانی سەندیکایەک گوتی: "لە بەرانبەر بێکاریدا، ئومێد نامێنێ، خەڵک زۆر توند دەبن". بێگومان، ئەوەش، ڕەوشێکی نموونەییە بۆ تەماعکاران بەتایبەتی ئەوانەی دەیانەوێ کەسایەتی یان پیاوماقووڵێک بشکێنن[1]. یەکێک لە دانیشتوانی کاینیش دەڵێ: "باشە، ڕاستە مەسەلەکە ڕقی پیاو هەڵدەستێنێ، بەڵام خۆ شەڕێکی ڕەوایە. بێکاران، تۆڵە لەوانە دەکەنەوە ئاگایان لە ژانەکانیان نییە، وەک ئەم کوێخایە کە هاوزەمان پارێزەریش و ئەندامی ئەنجوومەنی پیاو ماقووڵانیشە".

## شوێنکەوتنی داستان

ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم - دیسێمبەری ١٩٧٦، پاش هەشت ساڵ لێکۆڵینەوە، مرۆڤکوژە ڕاستەقینەکەی تاوانەکانی کرێل و نۆجان دەستگیر کرا. دەرکەوت بکوژەکە کە ناوی مارسیل باربو Marcel Barbeault ە، کرێکارە لە سان گۆبان ڕانتینی Saint-Gobain-Rantigny. بەڵام گرتنی ئەم کرێکارە لەگەڵ داستانەکەدا کە دەنگۆکە بەهۆی ئەوەوە تازە بووبووەوە، تێکی نەدەکردەوە، بۆیە خەڵک گومانیان کرد، بەتایبەتی تۆمەتبارەکە بەردەوام نکوڵیی دەکرد.

لە کاتێکدا خەڵکەکە چاوەڕێیان دەکرد تاوانبارەکە کەسێکی بەرز بێت و ناوەکەی هەڵایەک بنێتەوە، بەگرتنی کرێکارەکە، بێ ئومێد بوون. بەڵام پاش دوو مانگ لە گرتنەکە، دەنگۆکە زیندوو بووەوە، گوایە پۆلیس مارسیل باربۆی ئازاد کردووە و بەهەڵەدا چوون. ئەمەش مانای وایە، مرۆڤکوژەکە دەگەڕێتەوە کام تاوانە گەورەیە ئەنجامی دەدات. وا دیارە دەنگۆکە کە لە شوبات - فبرایەری ١٩٧٧دا بڵاو بووەوە، بڵاو بوونەوەیەک، کوێخای شارەدێی ناچار کرد، مەترسییەکانی لای پۆلیس دەربڕێ[17]. هیچ سەیر نییە، ڕەفتارێکی خۆبەخۆی کرێکارەکە، ڕووداوێکی ئاساییە کە بایەخێکی کۆمەڵایەتیی نییە، کەواتە هیچ نێردراوێک (پەیامێک) لە پرسەکەدا

نیـیـه. هیچ داسـتـان یان چیـرۆکێکی ئەوتۆی تێدا نیـیـه، شـایانی ئەوە بێت ببێـتـه داسـتـانێکی هاوچەرخ. ئەمـڕۆ، کـوشـتـنی تاکـەکـەسـی، نە سـەرنجی هـاووڵاتی ڕادەکێشێ نە هی ڕۆژنامەکانیش.

ڕووداوەکەی بروئای ئەن ئارتوا، باشـتـرین نموونەی ئەم ڕەوشـەیە. هەروەک ئێف. کـاڤـیگلیـۆلی (ڕۆژنامــەی لیـبـراسـیـۆنی فـەرەنسی ٢٨ی کـانوونی دووەم – یۆنایەری١٩٨١) ئامـاژەی پێ داوە: " لەو ڕۆژەوە کە دادنووس بەڕێز لێرۆی و مۆنیک مایۆری دەزگیرانی بێبەری کران، بروئای ئەڵماسەکانی لە دەست دا. ئەم شارە زۆر دڕندانە لەو ڕۆڵە بێبـەش کـرا کە خـەمـە ڕۆژانەکانی لە بیر بردبووەوە، بەتایبـەتی خەمەکانی چینی کرێکاران کە دادپەروەریی بۆرجوازی باری شانی گران کردبوو. بە لە دەســتــدانی ڕکـــابەرێکی پایـەبەرز و ژنکوژی وەک دادنووس و مـــایۆری ژنـه شـەڕخـوازەکـەی، بروئای هـەمـوو شـتـێکی لە دەست دا. هەروەهـا شـارەکـە ویسـتی تۆڵەسـەندنەوەشی نەما، لە تـۆڵەی کۆمـەڵایەتیش بێ ئومـێد بـوو، هـەروەهـا لە دادوەر باسکاڵی دۆستی چەوسـاوەشی. دادنووس تاکە دەوڵەمـەندی شـارە، دەستی بەسـەر موڵکی گشتیدا گرتووە. پێشبینیش دەکرا هەر بەدزینی نانی خەڵکەکە لێ نەگەڕێ و ڕۆژێک ڕۆڵەکانیـشی قوت بدات. بەئاشکرا دیـارە، ئەم دەنگۆیە زیاتر لە چیـرۆکێکی ئەفسـانەییی ترسنـاک دەچێ، بەڵام بۆ تۆڵەسـەندنەوە لە دامـاوی و کڵـۆڵی گونجـاوە. لەگەڵ کۆتاییی پرسـەکەدا، دانیشـتـوانی شـار بوونە کۆمـەڵە کەسـێکی ئازادکراو، دێوەکـەیان لە کـۆڵ بووەتەوە، ئـەو دێوەزمـەیەی هـاوکـاریی دەکـردن تا بەرگـەی ژیان بگرن. دادنووسـیش هـەر دادنووســە و کـرێکارانـی کــانە خــەڵوزەکــانیش هـەروا دەمێننەوە".

لێرەوە دەگـەینە ئەو بەرەنجـامـەی کـە دەنگۆ، شـوێن داسـتـان دەکـەوێ. بەڵام هـەڵە دەکـەین گـەر لە زیندووبوونەوەی سـەرلەنوێی یەکێک لە داسـتـانە نەمرەکاندا کورتی بکەینەوە، وەک ئـەو داسـتـانەی ئێسـتـا باسـمـان کرد کـە باس لە پێکەوەییی چاکە و خـراپە دەکـات، ئەو پێکەوەبوونەی لە زۆر چیـرۆک و حـیکـایەتدا، بەرجـەسـتـە بووە، بەتەنیا وەک نموونە، چیرۆکی بەناوبانگی "دکتۆر جێکیل و میسـتەر هـاید". کاتێک لە دەنگۆیەک دەکـۆڵینەوە پاش چەند سـاڵێک لە سـەرهـەڵدانی، یان کـاتێک دەنگۆکـە

دەبێتە بابەتی ڕۆژنامە سەرتاسەرییەکان، لایەنە لۆکاڵی و مێژووییەکانی دەنگۆکە فەراموٚش دەکرێ، لە پێناو دەرخستنی نەگۆڕ و جێگیرەکانی نەستی دەستەجەمعیدا. ئەو دەمە، زانستی کۆمەڵناسی وەلا دەنرێ و زانستی دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجیا و فۆلکلۆر، دێنە پێشەوە.

## هیچ نازانم، بەڵام هەموو شت دەڵێم

لە لێکۆڵینەوەیەکدا، دادوەر بەدەنگۆکان دەستی پێ کرد. لە سایەی ئامادەنەبوونی شایەتگەلێکی بەچاودیتە، دادوەر دەستی بەپرسیار کرد لە کەسانێک کە هیچیان بەچاوی خۆیان نەدیبوو، بەڵام وا دیاربوو، کۆمەڵێک تێڕوانین و دیدی درۆیان پێ بوو بیڵێن. کەسەکان دەستیان بەقسان کرد لە نموونەی "ئەوەی ڕووی دا بەلامەوە سەیر نییە، ئاخر لە یادمە... ". پێشتر بینیمان لە پرسەکەی ماری بسناردا، چۆن یادەوەریی دەستەجەمعی، دەنگۆ کۆنەکانی بزنە خنکێنراوەکە و تەنانەت ئەو دیلە گەنجە ئەڵمانییەی لیۆن هێنای بۆ لۆدۆن تا لە باخەکەیدا کار بکات، زیندوو کردەوە.

لە پاریس، خەڵکەکە یەکدی ناناسن. بەڵام لە شارۆچکە و گوندەکاندا، مەسەلەکە پێچەوانەیە، هەمووان دەیان ساڵە چاودێریی یەکدی دەکەن. لەم شوێنانەدا، دەنگۆ پێش لێکۆڵینەوە دەکەوێ. هەر بەم شێوەیەش، پیاوکوژەکان ئاشکرا دەبن. زیاد لەوەش، جاری وا هەیە، دەنگۆ لە ئاکامی تێنەگەیشتن لە قسەکانی گوایە قوربانییەکەوە سەر هەڵدەدات. کاتێک کچێکی گەنج لە گوندەکەی دەڕوا و کەسوکاری جێ دێڵێ، دەگوترێ، هۆکارەکە "خزمێکی زینای لەگەڵ کردووە"، هەمان شتیش دەگوترێ کە کچێکی دیکە فیشەکێک بەخۆیەوە دەنێ و خۆی دەکوژێ. ئیدی دەنگۆکە لە کچێکەوە دەچێ بۆ یەکێکی دیکە، لەویشەوە بۆ مامۆستاکەی، لە مامۆستاوە بۆ ڕێبەری کۆمەڵایەتییەکە، تا دەگاتە دەسەڵاتی قەزایی.

## دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زمانلێدەران (الوشاة) و دەسەڵاتی قەزایی

بێگومان خەڵکانێک هەن، ڕازی نابن پۆلیس وەک شایەت گوێیان لێ بگرێ، هەرگیز لە خۆیانەوە ئامادە نین شایەتی بدەن. بەڵام هاوکات، بێ سێ و دوو قسە بۆ ڕۆژنامەکان دەکەن. بەرانبەر بەم دیاردەیە، لە کاتێکدا پرسەکە تا دێت فراوان و

ئاڵۆز دەبێ، پەیامنێــران ناچار دەبن لە ســایەی نەبوونی هیچ زانیــارییــەکی ڕاستەقینەدا، پەنا بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بەرن. ئەرکەکەیان، پاراستنی ڕەگەزی ورووژاندن و نووسینی وتارێکی ڕاستە، بەهەر نرخێک بێت. لەم حاڵەتەدا، فرۆشیار و کڕیاری زانیاری چاریان نییە، دەبێ بگەنە یەک، ئەو کاتەش، ڕادیۆکە، بۆ ئەوەی بێدەنگ نەبێت، هەرچی دەنگۆ هەیە، با نزمیش بێت، کۆی دەکاتەوە. لەمەدا، ملیۆنان کەس گوێیان لە دەنگۆیەکی بچووکی نێوخۆیی دەبێت، کاتێک دەزانی دەبێتە زانیارییەک و بەوڵاتدا بڵاو دەبێتەوە.

لەم ڕۆژگارەدا، سێ مافی بنەڕەتی پێکەوە بەستراونەتەوە، مافی ئاگالێبوونی خەڵک (پێزانینی گشتی)، مافی تۆمەتبارکراو (هەر ئەوەندەی میدیایەک ناوی یەکێکی هێنا، بێ گوناهی بەهەموو لایەکدا فڕکەی دێت)، مافی دواییان، مافی دەسەڵاتی قەزاییە کە بەهێمنی لێکۆڵینەوەی خۆی بکات تا دەگاتە ڕاستی. ئا لێرەدا، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دوو هێزەوە. دادوەری لێکۆڵینەوە هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام لە پێناو پاراستنی نهێنیی لێکۆڵینەوەکاندا، بۆی نییە هیچ بدرکێنێ. بەڵام ڕۆژنامەوانان، داوایان لێ دەکرێ هەموو شتێک بڵێن، لە کاتێکدا هیچ شتێک نازانن. وا دیارە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەڕەکانی یەکەم دەبنەوە، بەڵام لە سایەی نەبوونی زانیاریدا، ئەو دەزگایانە هەواڵەکانی خۆی لە دەنگۆکانەوە هەڵدەهێنجێ، دەنگۆگەل، وەک بازاڕێکی ڕەشی ئامادەیە بۆ پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی، تەنانەت بۆ گەمە پێکردن و پێچوپەناش.

لە پواتیێ یان لە برۆئای ئەن ئارتوا، زنجیرەی ڕووداوەکان لەیەک دەچن. هەموو ڕووداوێکی ئاسایی، دەنگۆیەک دەتەقێنێتەوە و پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ کەسێک درێژ دەکات. ئەو کاتەش، لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە دەکرێ. بەڵام بێدەنگبوونی دەسەڵاتی قەزایی، دەنگۆکە گەورە دەکات. هەرچی ڕۆژنامەوانییە کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانیاری دەدات، لە بەرانبەر بێدەنگیی دادوەردا، ڕۆژنامەوانی لەسەر دەنگۆ دەژی، بەو پێیەی تاکە سەرچاوەی بەردەستە. ئەوەی لە دووگەڕانێکی هاکەزاییە، گریمانەیەکە، هەوڵێکی پچڕپچڕە، بەهۆی دەنگۆوە، گەورە دەبێت و کاتێک دەزانی دەبێتە مانشێتێکی پانوپۆڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بێگومان، گوێ

پێنەدانی دادوەران و لێکۆڵەوان بەم پاڵەپەستۆیانە، ئاسان نییە. وا دیارە هەندێک جار، دادوەرانی لێکۆڵینەوە، فەرمانەکانی دەستگیرکردن بەئەنقەست دوادەخەن تا خەڵک وا تێ نەگات کەوتوونەتە بن کاریگەریی ئەو فشارانە و بڕوایان بەدەنگۆ ڕۆژنامەوانییەکان کردووە.

## تاوانی یەک لە دوای یەک

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسەی تایبەت بەتاوان بێنین، دەبێ لە ئاست دیاردەیەکی شاردا هەڵوەستەیەک بکەین؛ تاوانی یەک لە دوای یەک. لە سان جێرمان ئەن لایSaint- Germain-en-Laye لە ئاکامی کوژرانی ژنەفرۆشیارێکدا ڕۆژی بیست و شەشی نیسان – ئەپریلی ساڵی ١٩٨٥، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە. ئەوکات دەگوترا، تاوانەکە یەکێکە لە کۆمەڵە تاوانێکی یەک لە دوای یەک. هێندەی نەبرد دانیشتوان باسیان لە پێنج قوربانیی دەکرد. هەروەها دەنگۆکە دەیگوت سەرۆک شارەوانی "نامەیەکی پێ گەیشتووە ناوی دە قوربانیی دیکەی تێدایە". بێگومان سەرهەڵدانی ئەم دەنگۆیە لەم شارە هێمنەدا، پەردەی لەسەر هەستێکی قووڵی نائاسوودەییی خەڵکەکە هەڵدایەوە. پێویست بوو لەو کاتەدا ئەو شارە پارێزراوە بەشی خۆی لە "تاوان" تاقی بکاتەوە. زیاد لەوەش، دەنگۆکە، کەلێنی نێوان ڕەوشە ڕاستەقینەکە و ئەوەی شارەکە لێ دەترسێ، پڕ دەکاتەوە. ئەوەبوو لە یەک تەرمەوە، دەنگۆ ڕادەستی گریمانەی تاوانی یەک لە دوای یەک بوو، وا ڕێک کەوت هەمان هەفتە، تەلەڤیزیۆنی شار فیلمی "شار لە چاوەڕوانی مەترسییەکدا"ی پیشان دا، ئەمەش هێندەی دیکە دەنگۆکەی بەرجەستە کرد. شایانی باسە، دەمێک بوو سینەما مرۆڤکوژە شێتەکە و مرۆڤکوژە نەزنراوەکەی شارە گەورەکەی کردبووە بابەت. لەو فیلمەدا، مرۆڤکوژە چاوشوشەکە کە جان- پۆڵ بلمۆندۆ Belmondo بەشوێنییدا دەگەڕێ، چاوە شوشەکەی لێ دەکەوێ. بەڵام لە دەنگۆکەی سان جێرمان ئەن لایدا، دەگوترا، "یەکەمین" قوربانی لە بگرەوبردەی تاوانەکەدا، لێوی سەرەوەی تاوانبارەکەی بڕیوە. وەک ڕوونە، ئەم تاوانە باری شانی خەڵکی شاری تەواو قورس کردبوو، بۆیە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە، هەر دەبوو تاوانبارێک ببینرێتەوە لە ئاستی ڕووداوەکەدا لە لایەک، هەمووانیش بەهاوبەشی تاوانەکە ڕیسوا بکەن لە لایەکی دیکەوە.

لەم چوارچێوەیەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە تاوانی یەک لە دوای یەک، پرسیارێکی زۆر گرینگ لای خەڵک دروست دەکات. قوربانیی دواتر کێیە؟ لە بەرانبەر پرسیارێکی وا نیگەرانکەردا، خەسڵەتی میکانیکییانەی دەنگۆ دەردەکەوێ؛ کاتێک دەنگۆ هەوڵ دەدات نیگەرانییەکان کەمتر بکاتەوە. یەکەمین ستراتیجی ئەو هەوڵەش سەرکوتکردنی چارەنووسی خراپی هەمووانە لە ڕێی ڕاگەیاندنی ئەوەی کە تاوانەکان پێشوەختە ڕیزکراو و یەک لەدوای یەک نین، بگرە تاوانگەلێکی لێرە و لەوێن و بەسەر یەکدا کەڵەکە دەکرێن. بۆ نموونە، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی بەدوادا گەڕانی بکوژی واز Oise لە ساڵی ١٩٦٩ەوە تا ١٩٧٦، دەنگۆی زۆر لەبارەی چەندان بکوژی دیکەوە بڵاو بووە: هاوڕێیەکی، عاشقێکی یان بەرەڵایەکی سەرجادە، هەر هێندەی درزێک کەوتە زنجیرەی تاوانەکانەوە، ئەو هەموو تاوانە دەبنە کۆمەڵێک لادان و تاوانی زادەی عەشق و سۆزداری[١٧]. دواتر، دەنگۆکە ڕەوشە واقیعییەکە و کۆمەڵە بەڵگەیەکی ئاشکرا کە تاوانەکان زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکن، ڕەت دەکاتەوە و ترسی نێو دەروونی خەڵکەکەش دەڕەوێنێتەوە.

بەڵام ڕەفتاری دووەم، دۆزینەوەی ڕایەڵەیەکە لە نێوان قوربانییەکاندا. سەرەتا دەنگۆکە گریمانەی سێکسفرۆشیی پێشنیاز کرد و ئاماژەی دا قوربانییەکان کە هەر هەموویان ئافرەتن "هەقی خۆیان وەرگرت". بەمەش، ئەو تاوانە گەورەیە بووە سزایەکی ڕەمزی کە ئافرەتە پاکەکانی شار ناگرێتەوە. بەڵام لیستی قوربانییەکان ئەم گریمانەیانی بەدرۆ خستەوە. بۆیە دەنگۆ گواستییەوە بۆ خەسڵەتێکی جەستەیی: هەموو قوربانییەکان کورتەباڵا و ئەسمەرن. بۆیە، ئافرەتێکی زۆر لە کرێڵ و نۆجان، قژی خۆیان بۆیاخ کرد.

## نەمانی ئاسوودەیی و سیاسەت

تاوانی یەک لە دوای یەک یان زنجیرەیی، جۆرێکی دیکە لە دەنگۆ دێنێتە ئارا "پۆلیس بکوژەکە دەناسێ، بەڵام ئاشکرای ناکات". لەم حاڵەتەدا، ترسەکە کەم دەبێتەوە بەو پێیەی تاوانبارەکە چی دی ناتوانێ زیان بەخەڵک بگەیەنێ. بەڵام ئەم زانیارییانە پێویستە بەنهێنی بمێننەوە، چونکە ئەوەی بیاندرکێنێ دووچاری مەترسی دەبێت. بەڵام ئەو بێ ئومێدییەی لە تۆڵەنەسەندنەوەوە پەیدا دەبێت، دەبێتە

ڕق لێبوونەوەی ئەو داودەزگا بێ دەسەڵاتانەی ناتوانن هاووڵاتی بپارێزن و هەمیشە ئامادەن لەگەڵ بکوژاندا سازش بکەن. ساڵی ١٩٨٤ بۆ نموونە، ژمارەیەک پیرێژن لە شەقامی بازنەیی ١٨ی پاریس کوژران، بێ ئەوەی پۆلیس بتوانێ تاوانبار یان تاوانباران بدۆزێتەوە. لە کۆتایی کانونی یەکەم - دیسەمبەری هەمان ساڵدا، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە بکوژەکە تلیاکخۆرێکی فەرەنسی زۆر ناسراوی شەقامی ئابیسە. بەڵام پۆلیس، بەگوێرەی دەنگۆکە، ناتوانن تاوانبارەکە بگرن، چونکە دەسەڵاتی سۆشیالیستەکان ڕێگەیان نەدا، بۆیە پۆلیس تاوانبارەکە و هاوکارەکانیان گرتووە و لە ترسی ئاژاوەیەکی میللی، بەنهێنی ڕەوانەی وڵاتی خۆیانیان کردوونەتەوە.

وا دیارە دەنگۆکە ڕاستگۆیی خۆی لە دوو دانیشتووی بزێو و نوێی مۆنتمارتەرەوە Montmartre کە برێتی بوون لە تلیاکخۆرێک و کۆچبەرێک، وەرگرتبوو. دەنگۆکە قەرەبووی ئەو تەپەسەری و چەپاندنەی دەکردەوە کە زادەی بێ توانایی بەتەمەنەکان بوو بۆ داکۆکی لە خۆکردن. دەنگۆکە، دەسەڵاتی سۆشیالیستەکانی کردە شەریکەتاوان و لایەنگری غەوارەکان، چونکە ئەم گریمانەیە بۆ شارێک کە زۆربەی لایەنگری ڕاستڕەوەکان بێت، چاک دەچێتە سەر. لەم چوارچێوەیەدا، ناتوانین سەرچاوەی سیاسیی دەنگۆکە وەلا بنێین، ئاخر نەمانی ئاسایش و ئاسوودەیی، خزمەتێکی دیاری بەرژەوەندییەکانی هەڵبژاردن دەکات. هێندەش بەسە دەنگۆ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ئیدی ڕۆژنامەوانیی ژێر سایەی سیاسی، ئەم مەسەلەیە بەجوانی دەقۆزێتەوە.

باسی سێزدەیەم

## دەنگۆگەل و دروستکردنی ئەستێران

دەنگۆگـەل نەبێت، ئەسـتـێـرە (نجم) نیـیـە. وەک دەزانرێ هەر ئەسـتـێـرەیەک، جەماوەرێکی هەیە پێی سەرسامن و عاشقی دەبن. ئەستێرەکەش، گرینگترن کەسە بەلای جەماوەرەکەیەوە کە کاتێک دەزانێ بەتەواوی لە ژیانی ئەستێرەکەیەوە گلاوە. زیاد لەوەش، جـەمـاوەرەکـە هەمـوو خـۆشی و شـانازیی خـۆیان لە کـەسی ئەسـتـێرەکەیاندا کۆ دەکەنەوە. ئەسـتـێرەکەیان وەک پێشەنگ و سەرچاوەی ناسنامەیان دەبینن. بەڵام کێ دەستی دەگات بەئەستێرەکەی، ئاخر ناکرێ لە کەسە پیرۆزەکان نزیک بینەوە. بۆیە ئەستێرە، هەردوو مـەرجە بنەڕەتییـەکەی زۆربوونی دەنگۆگەلی تێدایە. مـەرجـەکانیش بریتین لە: گـرینگیی زۆری ئەسـتـێرە و ئەو نهێنییانەی دەوریان داوە.

بی شاو B. Shaw ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە مرۆڤی چاخە کۆنەکان بتەکانیان لە تەختە و دار دروست دەکرد، کەچی مرۆڤی ئەم سەردەمە شێتی شتێکە لە خوێن و گۆشت. ئەوەی بەئەستێرەیەک سەرسامە، حەز دەکات لە ئەستێرەکەیدا بتوێتەوە و بیکاتە مـوڵکی خۆی و دەست بەسەر جەستە و هزریدا بگرێ. ئاخر ئەسـتـێرەکە، کرۆکی ناسنامە و گیان و هەناسەیەتی.

بەڵام ویسـتی دەست بەسـەراگـرتنی ئەسـتـێرە، هەروا دەمـێنێتـەوە، چونکە وا پێویست دەکات بەئاسانی نەیگەیتێ و دوور بێت لە دەستی مرۆڤ. لەو کـاتەشدا، هەر دەبێ ئەڵتەرناتیـڤگەلێکی ئەو ویستـە مـەحاڵە بدۆزرێتـەوە تا سـەرسامـان (معجبین) و جەماوەرەکە بمێننەوە. وا دیارە دەنگۆگەل یەکێکە لەو ئەڵتەرناتیڤانە،

هەروەها شوێنکەوتنی ئاسەوارەکانی ئەستێرە لەو جێیەی لێی ماوەتەوە. ئاخر سەرسام، دەیەوێ دەست بەسەر شتێک یان بەشێکی ئەستێرەکەیدا بگرێت مادام دەستی ناگاتە هەمووی. بەڵام یانەی سەرسامان، بازاڕێکە بۆ کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلەکانی ئەستێرە یان شتێک کە لەوانەیە دەستی لێ دابێت. لەو کەلوپەلانە بۆ نموونە، سووراوی لیز تایلۆر Liz Taylor، موویەکی قژی جەیمس دین James Dean، پارچەیەک لە کراسەکەی جۆنی هالیدای Johnny Hallyday کە لە گوندی وەرزشیدا دڕا... ئەگەر پیرۆز ڕاگرتنی کەرەستەکانی پیاوچاکان، باوەڕپێکردنیان قووڵ بکاتەوە، قسەوقسەڵۆک سەبارەت بەئەستێران هەمان ڕۆڵ دەبینێ.

شایانی گوتنێیە، ئەستێرە خاوەنی جەماوەرەکەی نییە، بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەستێرە کۆمەڵێک ئەرکی بەرانبەر جەماوەرەکەی هەیە، ئەمەش مانای وایە مانەوەی ئەستێرە، ئەرکێکی ڕۆژانەیە کە دەبێ ئەستێرە جێبەجێی بکات. زیاد لەوەش، جەماوەر، بەتایبەتی سەرسامەکان کە زیاتر لە خۆشەویستیی ئەستێرەوە گلاون، لە بەرانبەر ئەو عەشقەیاندا، پاداشتێکیان دەوێ، سەرسام (معجب) پێی وایە مافی بەسەر ئەستێرەکەیەوە هەیە. ئاخر سەرسام خۆی بەدەستەبژێر دەزانێ بۆیە پێشبینیی مامەڵەکی جیاوازیش لە ئەستێرەکەی دەکات.

دەزانین کە ژیانی ئەستێران، موڵکی گشتین. زۆر جاران ڕۆژنامەوانانی هاوکار یان بەڕێوبەرانی کاری ئەستێران، لە کاتی گونجاودا هەندێک لایەنی ژیانیان بڵاو دەکەنەوە. جیا لەو وێنە تایبەتانەی وێنەگران بەنهێنی دەیانگرن. بەڵام لە هەر دوو حاڵدا، ئەنجامەکە یەکێکە. هەمووان دەیانەوێ بچنە قوڵاییی ژیانی ئەستێرەکانەوە و نهێنییەکانی ژیانیان بزانن. بەدەر لە کۆکردنەوەی وێنە سینەماییەکان، جەماوەر هەمیشە چاودێری دەکات. بەڵام سەرسامان، هەوڵی لەوە زیاتر دەدەن، بەو پێیەی پێگەکانیان بەدەستکەوتەکانیانەوە بەستراوەتەوە. بۆیە حەز دەکەن هەردەم لە درکاندنی نهێنییەکاندا پێشدەستی بکەن، وەک بڵێی ئەوان نێوانگریی نێوان دنیای خواوەند و پاڵەوانانی سەروو سروشتەوە و دنیای خەڵکە ئاساییەکە بن. لە میانی پەرینەوەش لەمبەرەوە بۆ ئەوبەر، سەرسام بیرمان دەخاتەوە کە سەر بەدنیای ئەستێرانە. ئەو ئاگای لە هەموو نهێنی و شتە شاراوەکانە. لە کاتێکدا هەموو

هەواڵەکانی ئەستێرەمان بۆ دێنێ، ئەو تێڕوانینەمان لا دروست دەکات کە لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی پەرستراوەکەیدا دەژی.

ڕاستت دەوێ، دەنگۆکە ئا لێرەدا دەردەکەوێ. ئاخر مانەوە وەک ئەستێرە و پاراستنی ئەو پێگەیە، وا پێویست دەکات نهێنییەکان جوان بەڕێوە ببات و خۆی بڕیار بدات چی، کەی و چۆن دەدرکێنرێ. بۆیە ڕوونی و ئاشکراگۆیی (شەفافییەت)، هاوڕێی ئەستێرە نییە و دەیکوژێ، وەک چۆن نهێنیی تەواو و ڕەهاش دەیکوژێ، ئاخر سەرسامان لە دەوری دەرەونەوە، چونکە زانیاریگەلێک نییە تێریان بکات. بەرانبەر بەوە، درکاندنی زیرەکانەی نهێنی، بڕوابوونی سەرسامان بەئەستێرەکەیان مسۆگەر و بەردەوام دەکات. ئاخر سەرسام، حەزدەکات هەندێک زانیاریی دەسکەوێ کە ببێتە پەنجەرەیەک بۆ سەر ژیانی ئەستێرەکەی، بەمەش قەرەبووی خۆشەویستییە مەحاڵەکەی دەکاتەوە. وا دیارە ئەو سامانە خەیاڵییە دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی سامانە مەحاڵەکە.

## پاراستنی داستان "الأسطورة"

هیچ پێویست ناکات قسەوقسەلۆکان ڕاست بن. ئێمە ئەو چیرۆکانەی سوودێکمان پێ دەگەیەنێ، لە ڕاستییەکی بێ سوود، بەلاوە چاکترە. قسەوقسەلۆکە گونجاوەکان ڕۆڵێک لە گەورەکردنی داستاندا دەبینن. شایانی باسە، ئافرەتە ئەستێرەکان، نموونەی بالای ئافرەتە عاشقەکانن[١٠٧]. هەروەها قسەوقسەلۆک، چیرۆکی نەبڕدییەکانی خۆشەویستیی یەک لە دوای یەک تاقی دەکاتەوە. دەنگۆی دەزگیرانی، پێش دەنگۆی هاوسەری دەکەوێ، ئەمیش، زەمینەی دەنگۆی؛ ناکۆکی، پێکهاتنەوە یان لێکجیابوونەوە، ساز دەکات. بەلام شوێنکەوتنی خۆشەویستییەکی مەحاڵ، تا دواهەناسە بەردەوام دەبێت. وا دیارە جەماوەر لە داستانی "خۆشەویستیی مەزن"دا لەگەڵ ئەستێرە ئافرەتەکاندا دەژی، چونکە ژیانی خۆشییەکی ئەوتۆی تێدا نەبووە دەرفەتی کەوتنەداوی خۆشەویستییەکی لەو جۆرەی هەبێت.

حاشا هەڵنەگرە، ئەستێرەی پیاو، هاوزەمان خۆشەویستە و پاڵەوانیش. سەرنج بدە، قسەوقسەلۆک ئەم دوو خەسڵەتە تۆکمەتر دەکات. نموونەی ئەو قسەوقسەلۆکانە: "بلمۆندۆ بریندار بووە، چونکە ڕازی نەبوو لە گرتەیەکی

مەترسیداری فیلمە نوێیەکەیدا، کەسی دووەم ڕۆڵەکە ببینێ"، یان"جەیمس دین بۆیە ئەو ڕۆڵە مەترسیدارانە دەبینێ، چونکە ڕقی لە ژیانە، تەنانەت بەشداری لە پێشبڕکێی گاجووتانی مەکسیکیشدا دەکات. هەروەها لەگەڵ دەیان ئەستێرەی کچدا پێوەندیی خۆشەویستیی هەیە". وەک دەردەکەوێ، جەماوەر ژیانی جەیمس دین دەکات بەڕاگوزەری پیاوێکی ناسروشتی کە ساتەکانی مانەوەی لەسەر زەوی حسێب کراون. دین لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٥دا بەڕووداوێکی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد، لە ڕووداوەکەدا، جەستەی پارچە پارچەبووی دین لە ئۆتۆمبێلەکەیەوە کە لە جۆری پۆرش سپایدەر Porsche Spayder بوو و بەخێرایی ١٦٠ کیلۆمەتر لە ساتێکدا لێی دەخوڕی، پەڕی، بەمەش دەنگۆگەل ناسروشتیبوونی دین-یان دووپات کردەوە.

بەڵام پیاوی وا نامرێ. دەنگۆیەک دەیگوت، جەیمس دین بەهۆی ڕووداوەکەوە، دەموچاوی تێک چووبوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر لە باخچەکانی قەراغ شاری لۆس ئەنجلۆسدا خۆی شاردەوە. هەروەها ئۆتۆمبێلە پۆرشەکەی بووە داستان. دەگوترا ئەو پیاوەی ئۆتۆمبێلەکەی جەیمس دینی چاک کردبووەوە، پاش ڕووداوەکە بەتێکشکاوی کڕییەوە. لەو کاتەدا کە ئۆتۆمبێلەکەیان لە پشتی لۆرییەکەدا دادەگرت، ئۆتۆمبێلەکە خزاوە و قاچی کرێکارێکی شکاندووە. دواتر، کەسێک بەناوی ماک هنری Mc. Henry خەڵکی بیڤرلی هیڵز Beverly Hills کە خەریکی پێشبڕکێکانی ئۆتۆمبێلە، بزوێنەر (مەکینە)ی ئۆتۆمبێلەکەی کڕییەوە. هێندەی نەبرد، هنری قاچێکی لە پێشبڕکێیەکدا شکا. کاتێک قاوغی ئۆتۆمبێلەکەشیان بۆ شاری سالیناس Salinas نارد کە جەیمس دین ڕۆژی ڕووداوەکە بۆ ئەوێ دەچوو، قاوغەکە لە لۆرییەکە بەربووەوە، چونکە لە جێیەکدا شۆفێری لۆرییەکە لە ناکاو وەستا بوو. وا دیارە قاوغی ئۆتۆمبێلەکە بەسەر قوربانییەکی دیکەدا کەوتووە و بووە هۆکاری پێکدادانی چەند ئۆتۆمبێلێک. پاش مردنی جەیمس دین بەسێزدە ساڵ، ئۆتۆمبێلەکە دیار نەما. دەچێتە عەقڵەوە هێزێکی نادیار بەرزی کردبێتەوە بۆ ئاسمان وەک لە داستانەکەدا دەڵێ؟ ئایا ئەو هێزە، هەمان ئەو هێزە نییە کە قەدەری نائاساییی جەیمس دینی وێنا کردووە؟

## كە گرێبەستەكە هەڵدەوەشێنرێتەوە

ئەستێرە، بەگرێبەستێكی نادیار بەجەماوەرەكەیەوە بەستراوەتەوە. پێویستە ئەستێرە بەدرێژاییی ژیانی ئەو داستانە بێت كە كردوویەتی بەئەستێرە. ڕاستت دەوێ، بوون بەئەستێرە، زادەی ڕێكەوت نییە. ئەستێرەیی، زادەی پێكگەیشتنی جەستەیەكە لەگەڵ كەسایەتییەكدا كە جەماوەر لە قۆناغێكی دیاریكراودا، چاوەڕێی دەكەن. ئەستێرەی جەیمس دین ئەو كاتە درەوشایەوە كە ئەو ئەكتەرە شەرمنە، لە فیلمی تووڕەبوون لە ژیان vivre Fureur de دا ڕۆڵێكی بینی كە حەقیقەتی نەوەیەكی بەتەواوی بەرجەستە كرد. دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، پەیدابوونی ئەستێرە، زادەی پێویستییە. ئاخر كاتێك دەزانی، جەماوەر پێویستیان بەپەرستراوێكی نموونەییە (معبود مثالي) كە هەندێك خەسڵەتی دیاریكراوی تێدا بێت. بەكورتی؛ ئەستێرە كەسایەتیی فیزیكی و پیرۆزكراوی خۆی، دەبەخشێتە ئەو ڕۆڵەی جەماوەر لێی چاوەڕوان دەكات.

هەر ئەوەندەی ئەو كەسایەتییە لە نێو یەكدیدا توانەوە، ئەستێرە لەسەر تەختی ئەستێرەیی دادەنیشێ. دەبێ ئەوكاتە لە خەمی پاراستنی پێگەكەیدا بێت تا جەماوەر مەزەندە نەكات هەڵخەڵەتێنراوە، خۆ جەماوەر، ئەستێرەكەی لەبەر كەسەكە خۆی نەكردووەتە ئەستێرە، بگرە لەبەر ئەركە دەروونییەكانی[٨٤].

بەڵام دەنگۆ نەرێنییەكان (نێگەتیڤەكان – سەلبییەكان)، ئاماژەن بۆ پەیدابوونی درزێك لە نێوان ئەستێرە و جەماوەرەكەیدا. كاتێك ئەستێرە لە گرێبەستە نادیارەكە لادەدات، یان ئەو سیناریۆیە پێشێل دەكات كە بەهۆیەوە كراوەتە ئەستێرە. بۆ نموونە، كاتێك ئانگرید بێرگمان Ingrid Bergman، منداڵێكی پێش هاوسەریی لە ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی R. Rossellini بوو، هەواڵەكە شاڵاوێكی ناڕەزاییی سەرتاسەریی لێ كەوتەوە. ئاخر پێشتر جەماوەر بەچاوی خەسڵەتە جوانەكانی جان دارك Jean Darc ، ئەو ڕۆڵەی كردییە ئەستێرە، تەماشایان دەكرد, وا دیارە، هەر خەسڵەتە و ئەستێرەی خۆی هەیە، خەڵك بۆ قدیسەكانی كڵێسە چۆنە، بەرانبەر ئەستێرەكانی سینەما و موزیكیش هەر وایە.

لە فەرەنسا، دەنگۆكەی شایلا، نیشانەی بێ هیواییيە. لە ڕۆژگاری "سلاو

هاوڕێیان" Salut les copains و گۆرانیی میللیدا، شایلا نیشانەی کچە قوتابییە ژیرەکە بوو کە قژی لە شێوەی دوو پەلکەدا دادەهێنا. ڕاستە گۆرانییەکانی نوێ، بەڵام سەنگین و ئاسوودەبەخشیش بوون. شایلا نموونەی ئەو کچە ئاغرە بوو کە لە ڕاستەڕێ دەرنەدەچوو. لەبەرئەوەی ئەم ڕۆڵەی لە ڕۆڵی سیلڤی ڤارتان Sylvie Var-tan یان فەرنسواز هاردی Francoise Hardy نەدەچوو، جەماوەر چاوەڕێی هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لێ دەکرد و پێشبینیی دەکرد هژمارەیەکی کەم پێوەندیی سۆزداری، بەڵام سەقامگیری هەبێت، بەشێوەیک دواجار ببێتە هاوسەری گەنجێکی پاک و جوان (وەک ئادامۆ Adamo).

بەڵام ئەو ڕێگەیەی شایلا گرتیە بەر، جەماوەری بێ ئومێد کرد. شایلا هەر بەوەندە نەوەستا کە ژیانی تایبەتیی خۆی دەشاردەوە، ئەمەش پێشێلکردنی ئەرکێکی ئەستێرانە (تەنانەت جەماوەر زۆری حەز دەکرد ئەو دۆستەی بناسێ کە جارجارە باس دەکرا)، بگرە لەوە زیاتر وازی لە شووکردنیش هێنا. ئاساییە ئەم هەڵسوکەوتانە مقۆمقۆیەک لە نێو سەرسامانیدا دروست دەکات. باشە شایلا بۆچی وای کرد؟ ئایا چ ڕێگرێک وا دەکات شایلا وەک مێیینەیەکی ناسک نەژی، مێیینەیەک جەماوەر خۆی قوربانی دەکرد؟ لە قۆناغی دواتردا، دروست کاتێک شایلا دووگیان بوو، تۆزقاڵێک وازی لە بێدەنگی و خۆشاردنەوە نەهێنا. ئەم ڕەفتارەشی پێچەوانەی ڕەفتاری کچە ئەستێرەکانی دیکە بوو کە بەسکەپڕەکانیانەوە دەچوونە سەر شانۆ یان پێشانی وێنەگرانیان دەدا. ڕاکیل وێڵش Raquel Welch خۆی کە هێمای وورووژاندنی سێکسی بوو، هەرگیز دوودڵ نەبوو لەوەی بەشانازییەوە دایکایەتیی خۆی ڕابگەیەنێت. ئاخر ئەو ڕۆژگارەی بیتۆلا کلارک لە پشتی پەردەوە گۆرانیی دەگوت، چونکە دووگیان بوو، بەسەرچوو. ئەمڕۆ، واتە لەم سەردەمەدا کە منداڵ وەک دانسقە و تاقانە قەدری دەگیرێ، وا دیارە زێدەڕۆیی لە شاردنەوەیدا، گومان دروست دەکات.

وا باوە، کاتێک پرسیارە گرینگەکان بێ وەڵام دەمێننەوە، دەنگۆگەل، وەک چارەسەر دێنە پێشەوە، ئەودەمیش، هەر ئافرەتێکی تەنیا، ئافرەتێکی جێی گومانە. چونکە شایلا بەتەنیا دەژیا بێ دۆستێکی ناسراو و کارەکانی خۆی ڕای دەکرد،

دەگوترا ڕێگەیەکی پیاوانەی گرتووەتە بەر. لە کاتێکدا ئەم کچە ئەستێرەیە وەک گەنجێکی سەنگین سەیر دەکرا، بەرانبەر بەوە دەگوترا وەک پیاو وایە. لەبەرئەوەی ئەندام، زادەی ئەرکەکەیەتی وەک هەمووان دەزانن، دەنگۆیەک پێی وابوو شایلا نێرەمووکە بۆیە شوو ناکات. کە ئەو کچە گۆرانیبێژە ناودارە شوو ناکات، مانای وایە کێماسییەک لە جەستەیدا هەیە، ڕەنگە لە نێو شایلای ئافرەتدا پیاوێکی دەمامکدار هەبێت کە تا ئەو ساتە بەشاراوەیی ماوەتەوە.

ڕاستییەکەی، ئەم چیرۆکە داستانییە هەلی تێکەڵکردنی ژیانی پیشەیی و تایبەتیی ئەو کچەگۆرانبێژەی دا لە سیناریۆیەکدا. ئەوەشمان دێنێتەوە یاد کە کچە ئەستێرەکان، مولّکی خۆیان نین. جەماوەر دوو ئەرکیان بەسەردا دەسەپێنێ: دەرکەوتنی ئاشکراو و پلان بۆ داڕێژراو، دووەمیش: پاراستنی ئەو خەسڵەتانەی خەڵک چاوەڕێ دەکەن بەرجەستەیان بکات. خۆ ئەگەر ئەستێرە بایەخی نەدا بەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگۆگەلدا، دەنگۆی وای بۆ دەردەچێ کە کۆنترۆڵ ناکرێ.

باسی چواردەیەم

# لە کارگە و لە نووسینگەدا

بێگومان گونجاوترین ڕەوشی سەرهەڵدانی دەنگۆگەل، ڕەوشی کارگە، نووسینگە، کۆمپانیا یان فەرمانگەکانە. شایانی باسە، دەنگۆگەل ئەو دەمە بڵاو دەبنەوە کە تاکەکان هەست دەکەن خەریکە کۆنترۆڵی چارەنووسیان لە دەست دەدەن. سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی و هەندێک گەورە بەرپرسان نەبێت، ئەو ڕەوشە هەمووان دەگرێتەوە، بەتایبەتی کرێکاران. ئاخر هەموو ئاگایان لە هیچ بڕیارێک نییە. دەشبینین، کاتێک کرێکاران لە پرسێک ئاگەدار دەکرێنەوە، بڕیارەکە دراویشە و تەواو بووە. بۆ نموونە، ئاگەدار دەکرێن: کارگەکە دابخەن، خەڵک و خەرجی کەم دەکرێنەوە، دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ڕێژەی زیادەی ساڵانە، پاداشتەکان، بەرزکردنەوە یان دەرکردن لە کار و ... هتد. چونکە زۆربەی کارەکانی کۆمپانیاش نهێنین، ئیدی دەرگا بۆ دەنگۆگەل دەکەوێتە سەرپشت. بەهەرحاڵ، کۆمپانیا کەرتی گشتی بێت یان تایبەت، شوێنێکی کۆمەڵایەتییە کە لە بن پەستاوتنی دژبەریی بەرژەوەندییەکاندا ناڵەی دێت. بۆیە، دەنگۆکان ڕەنگدانەوەی پێوەندییەکانە، بەتایبەتی پێوەندیی نێوان کرێکاران و سەرۆکەکەیان هەروەها ڕکابەرییەکانی نێوان کارمەندان. لە فەرەنسا، شوێنی کار گۆڕەپانی هەستە شاراوەکان و سەنتەری نیگەرانییە، بەتایبەتی مەترسیی بێکاری، هەڕەشەیە بۆ سەر هەمووان و شیرەکەی دیموکلیسیش لەولاوە بووەستێ کە بەردەوام وا بەسەر گەردنی کەرتگەلێکی ئابووریی زەبەلاحەوە.

دواتر، هەرچی هۆکاری زەمینەسازیی زۆربوونی دەنگۆیە لە ئارادایە. ڕاستت

دەوێ، دەنگۆگەل ئاکامی کاردانەوەی ئەو هۆکارانەیە. کاتێگ کارگەیەک بۆ نموونە، لە ڕووی ئابوورییەوە پەرە دەستێنێ، کردنەوەی هەر کەرەستەیەک یەکسەر وا لێک دەدرێتەوە ئەو لادەبرێت و یەکێکی تازە لەبری دادەنرێت. بەڵام ئەمرۆ، ئەگەر هەمان کار بکرێ، لەوانەیە دەنگۆ وەک نیشانەیەک بۆ داخستنی کارگەکە یان ئەو بەشە لێکی بداتەوە. بەم لێکدانەوەیەش، دەنگۆکە نیگەرانییە شاراوەکەی هەموان ڕێک دەخاتەوە و کەمیشی دەکاتەوە. ئاخر دەنگۆ، بابەتێکی تازە دێنێتە پێش، تا سەرنجی هەموان ڕاکێشێ. ئەو کاتە تاک دەزانێ دژی کێ بجەنگێ و ڕوو لە کوێ بکات، کرێکاران بەخۆ دەکەونەوە تا داواکارییەکانیان بێننە دی، لەو دەمەشدا کەمێک کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان وەردەگرنەوە.

## بێدەنگیی کۆمپانیای ڕینۆ

هەرگیز دەنگۆگەل هێندەی ئەو چەند هەفتەیەی دوای دانانی جۆرج بیس Georges Bess بەسەرۆکی باڵای کۆمپانیای ڕینۆ، زۆر نەبووە. ئەوەبوو بیرنارد هانۆن Bernard Hanon ی سەرۆکی پێشوو ناچار بوو لە ژێر پەستانی دابەزینی فرۆشیارییەکانی ڕینۆدا دەست لە کار بکێشێتەوە. بۆیە لەو کاتەدا، حکوومەت لە دووی سەرۆکێک دەگەڕا شۆکێک بخوڵقێنێ، جۆرج بیس دەستنیشان کرا کە بەچالاکی و چاپووکی لە کاردا ناسراوە و ئەزموونی ڕزگارکردنی کۆمپانیای پێشینیێ Pechiney شی هەبوو. بۆیە زۆر ئاسایی بوو کرێکاران مەترسییان لەو پیاوە هەبێت کە میدیاکان وەک دوا فریاکاری گرووپی ڕینۆ پێشکێشیان دەکرد[١١٠].

کە ڕۆژی ٢١ی کانوونی یەکەم - یۆنایەری ١٩٨٥ جۆرج بیس دانرا، تەنیا دوو ڕستەی گوت: "دەبێ کەمێک خۆ کۆکەینەوە " و " هەموو کەسێک دەبینم تا بزانم لە کۆمپانیادا چ ڕۆڵێک دەبینێ". چەند هەفتەیەک جۆرج بیس بێدەنگ بوو. وا دیارە، ئەو بێدەنگبوونە بووە سەرچاوەی دەنگۆگەلێکی زۆر لە نێو کرێکاران و فەرمانبەراندا کە بنچینەی کۆمپانیاکەن. هەموان بیریان لە نیازە خراپەکانی ئەو بەڕێوبەرە بێ ویژدانە دەکردەوە. دەرەنجام، قسەوقسەڵۆکی زۆر پەیدا بوو "فلانە بەش دادەخات"، "لەوانەیە فیسارە بەشیش دابخرێ". ئیدی ئەم قسەوقسەڵۆکانە بووە بابەتی سەرەکیی سەر مێزەکانی قاوەخۆرەکانی بەیانیان و چاخۆرەکانی

ئێـوارێ، تا وای لێ هـات فـەرمـانبـەران نـووسـینگەکـانی خـۆیان و فـیـسـارە بەشی کۆمپانیایان لێ تێکەڵ بووبوو.

هـەر لەو دەنگۆیانەدا، جـۆرج بیـس زیادەکـان بۆ شـوێنێکی نـادیار دەنێرێ. نـیـازی هـەیـە هـۆڵەکـانی نوێژکـردن لـە بیـلانکۆر Billancourt دابخـات. دیسـان دەگـوترا، کۆگاکانی لێکلیرک Leclerk ی تەنیشت کۆمپانیـای بەسـەر کـردووەتەوە، تا لە ناکاو بدا بەسـەر ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی لە کاتی دەوامدا چوونەتە بازاڕ.

لە ئاکامـدا ئاگەدارینامـەی بۆ نەوەت و حـەوت کـارمـەند دەرکـردووە. لێرەدا تێبینیی گـرینگـی زیادکـردنی هـەنـدێک وردەکـاری بۆ زانـراوەکـە دەکـرێ (ئاگـەدارکـردنەوەی نەوەت و حـەوت کـەس)، بەتایبـەتی کـە زانراوەکە جـۆرێک سـۆز و بـەزەییی تێدا بێت. هـەر لەو بارەیەوە، هـەنـدێک باسـی سـەردانی جـۆرج بیـسیـان دەکرد بۆ سـینەمـاکـانی نزیک کـارگەی بۆلۆن بیـلانکۆر Boulogne- Billancourt بۆ بەداواداگەڕانـی "کرێکارە هـەڵاتـووەکـان". بەئاشـکرا دیار بـوو، ئەو داوونەریتـانەی کـرێکاران خـوویان پێـوە گرتبوو، زەبرێکی کوشندەیان پێ دەکەوێ.

ئەوەی سـەیرە، جـۆرج بیس بەئۆتۆمـبـێلێکی جـۆری سـوپەر Super Cinq5 ی بێ تەلەفۆن کـە خـۆی شـۆفێر بوو، چووە ئەنجـومـەنی کـارگێڕیی کۆمـپـانیـای ڕینۆ، لە کـاتێکدا کـاربەدەسـتـە باڵاکـانی کۆمـپانیاکـە ئۆتۆمبێلی کۆمـپـانیاکـە و جـۆری ڕینۆ ٢٥یان بـەکـار دەهێـنا، هێـندەی نەبرد، دەنگۆیـەک بڵاو بـووەوە، کـە هـەمـــوان دەبێ ئۆتۆمـبـێلی سـوپەر5 بەکـار بێنن، بـەرەنجـام، دەنگۆکـە بووە پراکـتیـک و ئـەم داهێنانە سـادەیەی سـەرۆکی تازە، بووە پەیڕەو لە کۆمـپـانیـاکەدا. بەرانبـەر بەوە بـەرپرسـانی دابەشـکـردنی ئۆتۆمـبـێلەکـانی خـزمـەتگوزاری، ڕاچـەنین. پاش تێـپـەڕبوونی چەند هـەفتەیەک، خزمـەتگوزاری، دابەشـکردنی ئۆتۆمـبێلەکانی کەم کردەوە، تەنانەت یەکێک لە کـارمـەنـدەکان بەتووڕەیییەوە دەیگوت "زۆر بـەزەحـمـەت ئـۆتۆمـبێلمـان دەدەنێ". لەو کـاتەوە هـەمـوو کـارکردێکی کۆمپـانیای ڕینـۆ دەخرێتـە پاڵ بیس. ئێوارەیەک کـارەبای بەشـی بوان دو جـۆر پچـڕا، دەگوترا: "بیس فـەرمـانی داوە بەکـارهێـنانی کـارەبا کـەم بکرێتەوە".

ئاسـایی بوو دەنگۆی کـەمکردنەوەی کـرێکار و فـەرمـانبـەرانیش بڵاو بێـتـەوە. ئاخـر

جۆرج بیس دەیویست یەک یەک هەمووان ببینێ، ئەڵبەت مەبەستی بەپرسان بوو. ئیدی ئەم هەواڵە لەمەوە دەچوو بۆ ئەو، دەگوترا دیدارەکانی بیس هەموو کرێکاران دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە جۆرج بیس" لە میانی سەردانی کۆمپانیاکەدا، بەجلی کارەوە سەردانی نەخۆشخانەی کارگەی بیلانکۆری کردووە. بینیویەتی خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نین، بۆیە پزیشکەکەی دەرکردووە". سەبارەت بەکەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانیش، ژمارەی زیادەکان لە پازدە هەزار تا بیست هەزار کارمەند دەبێت.

شایانی باسە، گرینگترین دەنگۆکان لە ژوور و داڵانەکانی کارکردندا بڵاو دەبنەوە. واتە؛ لە خوارترین پێگەی دامەزراوەکاندا. لەو جێیەی نیگەرانی دەگاتە لوتکە و بەردەوامیش بێ ئەوەی شی بکرێنەوە، دووپات دەبنەوە. بەڵام خۆ دەنگۆ لە نێو پێگە باڵاکانیشدا بڵاوە، بڕواشی پێ دەکرێ. لەم حاڵەتەدا، دەنگۆ، دەبێتە "چیرۆکێکی خۆش" کە هاوکارانی نووسینگە بەپێکەنینەوە دەردەدڵی پێ دەکەن. بەهەرحاڵ، زنجیرەیەک ڕووداوی سادە و دەنگۆ و چیرۆککەل، داستانێکیان بەناوی "بی" پێک هێنا. وەک چۆن ڕووبار لە کۆمەڵە چەم و جۆگەیەک پێک دێت، دەنگۆی چکۆلەش، ناوبانگ دروست دەکەن.

## چەکێکی سەندیکایی

پێشتر ئاماژەمان پێ دا کە دەنگۆ دەسەڵاتێکی دژە. لە کۆمپانیاشدا، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کارگێڕی بریتیین لە: بێدەنگی، نووسراوی فەرمی، بڵاڤۆکی ناوبەناو، ڕێنوێنییەکان و کۆنفرانسەکان. بەڵام دەنگۆکەل، ڕاگەیەندراو و بەیاننامەکان، دەزگای ڕاگەیاندنی سەندیکاکانی کرێکارانن. کەواتە دەنگۆکەل بەچەند شێواز بەکار دەهێنرێ؟

ڕاستت دەوێ، دەنگۆ ڕەوشێکی ئامادەباشی دەخوڵقێنێ. بۆ نموونە، سەندیکای کرێکارانی گرووپی ڕینۆ ناوەناوە بەئەنقەست دەنگۆی فرۆشتنی دوورگەی سیگان Seguin کە کارگەی بیلانکۆری لێیە، بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەنگۆیە، کە وا دیارە لە خوارەوە سەرهەڵدەدا، ئامادەباشییەک لە نێو سەندیکا و یەکیەتیی کرێکاراندا

دێنێتـە ئارا، بەمـەش، سـەندیکا پێگە و پێـوەندییـەکـانی تۆکـمـەتر دەبن. لە کـاتی هەڵبـژاردنەکـانی نـوێنەرانی فـەرانبـەران و لێـژنەکـانی دامـەزراوەکـاندا، نوێنەرانی یەکیەتی، دەنگۆیەک لە نێو کرێکارە کۆچبەرەکاندا بڵاو دەکەنەوە، کە دەڵێ ئەگەر ئەم نوێنەرانـە دەرنەچن، هـەندێک هاوکـاریی کۆمـەڵایەتی هـەیە کە بەکـۆچبـەران دەدرێ، نامێنێ. سـاڵی١٩٨٤ چەند بەرپرسێکی لقەکانی گرووپی ڕینۆ لە کۆشکێکی نزیک پاریس لـەگـەڵ ژمـارەیـەک نوێنەری بیـانیـیـەکـان سـەبارەت بەئـاڵوگـۆڕی بازرگـانی، داڕشـتنی بنەمـاکـانی هـاریکاریی پیـشـەسـازی، کۆبـوونەوە. بەڵام ئەم کـۆبوونەوەیە بەلای سـەندیکاوە ڕوون نـەبوو، بۆیە خـێـرا دەنگۆیەکی بـڵاو کـردەوە، گـوایە لقـە پێـوەندارەکـە، بـەلایەنێکی بیـانی دەفـرۆشـرێتـەوە. لەو کـاتـەدا، ئاسـان بوو خـۆپێشـاندنێک لـە دەوروبـەری کۆشـکەکە سـازبکرێ و ڕێ لە دانـوسـتـانە نـهـێنی و هـەراسانکەرەکان بگیرێ.

جیا لەوە، دەنگۆ، زەینیش کۆنترۆڵ دەکات، کەشوهەوای چاوەڕوانکراو دەخوڵقێنێ و دەیپـارێزێ. پێشـتـر باسـمـان لە چەند نموونەیـەک کرد وەک ئـەوەی جـۆرج بیس سیاسـەتێکی توند پەیڕەو دەکات؛ کەمکردنەوەی فەرمـانبـەران و کۆمـەڵێک کارکردی توند. مـەبەسـت لە دەنگۆی ئۆتۆمـبـێلەکـانی سـوپەر5 ئەوەبوو، نیگەرانیـیـەک لای کـارمـەندان دروست بکرێ کـە "مـافە وەرگـیـراوەکـان" دەهێنرێنەوە بـەر باس. بەڵام دەنگۆی داخسـتنی ژوورەکانی نوێژکردن، ئاراسـتـەی کۆچبەرە مـوسـڵمـانەکان بوو. خـۆ ئەگـەر ئەم دوو دەنگۆیە هـەروا لە خـۆڕا بوونایە، دەتوانرا بخرێنە چوارچێـوەی پلانی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەوە.

بەڵام دەنگۆ پلانەکان تێک دەدا، بەسـەریدا سـەردەکـەوێ و بەرەنگارییـەکـان ڕێک دەخات، واتە؛ دەنگۆ قبووڵکردنی وارەکە کە بەگشـتی درەنگانێک پێی دەزانرێ، ڕەت دەکـاتەوە. هەر بـەم شـێـوەیە بۆ نموونـە، سـەروەخـتـی نوێکردنەوەی گـرێبـەسـتی هاریکاریی بازرگـانیی نێوان گـرووپی ڕینۆ و یەکـیـەتیی سـۆڤـیـەتی پێـشـوو سـاڵی ١٩٨٥، گـرووپەکـە هەڕەشـەی کـرد کە گـرێبـەسـتی فـرۆشـتنی کـەلوپەل و ئامـێـرە ئەندازەییـیـەکـان، ڕادەگـرێ، چونکە یەکـیـەتیی سـۆڤـیـەت بەنرخـێکی هـەرزان دەیەوێ. ئەو کـات دەنگۆی پرۆسـەی کـەمکردنەوەی خـەڵک و خـەرجییـەکان بڵاو بووەوە. ئاخر

نەفرۆشتنی کەلوپەل و ئامێرەکان بەمانای مانەوەیان، ئەمەش واتە؛ کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی ئەو کەرتە.

جێی سەرنجە، دەنگۆ، کارگێڕی ناچار دەکات بێدەنگ نەبێت، لەمەشدا پشت بەبڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە دەبەستێ لە پێناو دەرکەوتنی ڕاستییەکاندا. ئەو کاتەی یەکیەتییەکانی کرێکاران بەردەوام دەنگۆگەلی نیگەرانکەری نوێ بڵاو دەکەنەوە، مەبەستیانە لە نیازەکانی بەرپرسانی کۆمپانیاکە تێ بگەن. ئەوکاتیش، هێندە بەسە ئەو دەنگۆیانەی وەڵام دەدرێنەوە لەوانە هەڵاوێرێ کە کۆمپانیا لە ئاستیاندا بێدەنگە. لە سۆنگەی ئەم ستراتیجە شەڕانییەوە، یەکیەتییەکان پێشانی دەدەن کە پێوەندییان لەگەڵ خاوەن کارەکاندا چۆنە. لەم حاڵەتەشدا، ئەوانە دەستپێشخەریی ڕاگەیاندنیان لە دەست دەدەن، بەرپرسانی کۆمپانیا تەنیا پێیان دەکرێ وەڵامی دەنگۆگەلی سەندیکا و یەکیەتییەکانی کرێکاران بدەنەوە. شایانی باسە کێشەکە هەروا ئاسان نییە، لەوکاتەدا کارگێڕی هەوڵ دەدات دەستپێشخەری وەگرێتەوە و واز لە ڕۆڵی نەرێنیی وەڵامدانەوەی دەنگۆکان بێنێ، لەوانەیە پەنا بۆ بێدەنگی یان نوتقنەکردن. بەڵام، گەر وا بکەن، دەنگۆکان گەورە و بەهەرمێنتر دەبن. ئاخر بێدەنگییەکە وەک هەوڵی ڕیسوانەبوون لێک دەدرێتەوە.

لەوانەیە کارگێڕی بۆ خۆشی، ئەو دەنگۆیانە بقۆزێتەوە و لێ گەڕێ بڵاو ببنەوە تا بزانێ داخۆ کاردانەوەی کرێکاران سەبارەت بەفیسارە بڕیار یان ڕێوشوێن چییە و گرووپەکان چەند ئامادەباشی کاردانەوەن. بۆیە کە دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە، کارگێڕی چاوەڕوان دەکات، خێرایی و هێزی کاردانەوەی سەندیکا بزانێ.

## بەڕێوەبردنی پێکگەیشتنە نێوخۆییەکان "إدارة عمليات التواصل الداخلية"

هەرچەندە کۆمپانیاکان کەناڵەکانی کۆنترۆڵی پێکگەیشتنی دەرەکی (ڕێکلام، وێنە) دەکەن، بەڵام کەرەستەیەکیان نییە کۆنترۆڵی پێکگەیشتنەکانی نێوخۆی پێ بکەن. وا باوە، زۆربوونی دەنگۆکان ئەم کەموکورتییە ئاشکرا دەکەن. لەوانەیە ئەم وارە وەک زیادکردنی وەزیفەیەک بێت لە خشتەی بنەڕەتیی داوودەزگاکاندا. وەزیفەکەش کە ڕاستەخۆ سەر بەکارگێڕیی گشتی دەبێت، بریتییە لە بەڕێوەبردنی

کەناڵەکانی پێکگەیشتنی نێوخۆیی یان ئەوەی بەدەرامەتی مرۆیی ناو دەبرێ. کاری ئەم بەڕێوبەرایەتییە سەرکوتکردنی دەنگۆکان نییە، بگرە ڕێگرتنە لەو شتانەی ڕەنگە ببنە سەرچاوەی دەنگۆ. ڕاستت دەوێ، ئامانجی یەکەمیان خەونێکی مەحاڵە، بەتایبەتی پشت بەگریمانەیەکی هەڵە دەبەستێ: دەنگۆ زیانبەخشە. ئاخر دەنگۆگەل، بەپلەی یەکەم، ئامرازێکە بۆ دەربڕین و جووڵە لە چوار دەوردا. لەم بارەیەوە، بەهۆی سروشتی سیستمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست لەکۆمپانیادا و ململانێیەکانی نێو ئەو سیستمە، دەنگۆ دیاردەیەکی هەردەبێیی (حتمي) زادەی بنیاتی کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی دەسەڵاتە. بۆیە، ژمارەی دەنگۆکان و نێوەڕۆکەکانیان، پێوەری پەستانەکانی ژینگەی کارکردنن(٣٣).

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەکرێ خۆ لە هەندێ دەنگۆ لا بدەین. شایانی گوتنە، لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری بەرپرسانی کەناڵەکانی پێکگەیشتنی نێوخۆیی، دەری دەخات، ئەوانە زۆر بەئاشکرایی کار دەکەن. چونکە دەنگۆ زادەی کەمی یان زۆریی زانیاریگەلە، یان هەر نەبوونیانە، ستراتیجی ئەو بەرپرسانە بریتییە لە دەورەدانی هەرسێ هۆکارەکە لە ڕێی سیاسەتی زانیاریی کراوەوە. بۆ نموونە، بەڕێوبەری کارگەی بیلانکۆر بڕیاری ستراتێجیکی پێکگەیشتنی دا کە پشت بەڕاستگۆیی و نەشاردنەوەی هیچ زانیارییەک لە نوێنەرانی کرێکار و فەرمانبەران ببەستێ. لە هەموو کۆبوونەوەکان ئامادە دەبوو، بڕیارەکانیشی بەڕوونییەکی تەواوە ڕادەگەیاند، کە ناچاریش دەبوو هۆکارەکانی ئەم بڕیارە یان ئەو ڕێوشوێنە بەپاساوی نهێنییەکی کاتییەوە نەدرکێنێ، خۆی لە کێشەکە لا نەدەدا، بگرە هۆکارەکانی نهێنیبوونە کاتییەکەی ڕوون دەکردەوە و کاتی هەڵگرتنیشی دیاری دەکرد.

جێی باسە، بەرپرسی کەناڵەکانی پێکگەیشتنی نێوخۆیی، بڵاوکراوە و کۆوارە تایبەتەکانی کۆمپانیاش بەڕێوە دەبات. ئەرکیشیەتی بڕیارە گەورەکانی کۆمپانیا ڕوون بکاتەوە، جیا لە تیشک خستنە سەر ڕاستیگەلێک کە کارگێڕیی گشتی بەگرینگیان نازانێ. بۆ نموونە، گرووپی ڤالیۆ Valeo بەچەند هۆکارێک کە تەنیا پێوەندییان بەڕێکخستنەوەی کارگێڕییەوە هەبوو، بڕیاری دا، باڵەخانەی سەرەکیی بارەگای گرووپەکە بفرۆشێ. بەلای کارگێڕییەوە بەکرێگرتنی باڵەخانەیەک لەوە

باشـتـره پارەكـانی خـۆی وا بێ بەرهـەم گـیـر بدات. وا باوه، كـارگـێـڕیی ئەم جـۆره بڕیارانـه شـایانـی ئەوه نین ببنه ڕاگـەیەندراوێكی نێـوخـۆیی. بەڵام ڕاسـتت دەوێ، بەهەڵەدا چووبوون. كرێكاران و فـەرمانبەران تاقـەتی ئەوەیان نییە كۆدی پلانەكانی جۆراوجۆركردنی ستراتیجی بكەنەوه، بەڵام بەرانبەر بەوه، بایەخێكی زۆر بەنیشانه نزیك و هەستپێكراوە ڕەمزییەكان دەدەن. ئەگەر كارگێڕی ئاگای لەو وارە نەبێت، كـاتێك دەزانـێ فـرۆشـتنـی باڵەخـانـەی كۆمـپـانـیـاكـە بەنـهـێنـی، دەبێـتـە سـەرچاوەی تەقینەوەی دەنگۆیەك كە گوایە كۆمپانیاكە نابووت بووه.

ئەوكات دەگوترێ: "گروپەكە هەمووی دەفرۆشـرێ". وا دیاره ڕووداوێكی هاوشێوه لە گروپی ڕینۆش قـەوما. بەڕێوبەری یەكێك لە لقـە بیانییەكان خـانووەكـەی خـۆی فـرۆشت و گـواسـتـیـەوه خـانوویـەكی دیكه. بەڵام ئـەم ڕۆیشـتنه وەك نیـشـانـەیەكی جیابوونەوه لە گرووپی ڕینۆ، لێك درایەوه. لەم سۆنگەیەوه دەردەكەوێت چەند گرینگه كارگێڕی پێشوەختە كارمەندانی لەو ڕووداوانە ئاگەدار بكاتەوە كە زۆر گرینگ نین ئەگەر دەیەوێ خۆی لە دەنگۆگەل لابدات.

## بەڕێوەبردنی وەزیفه

لە هـەر دەزگـایـەكـدا، دوو تۆڕی پێكگەیشـتن هـەیه. یەكـێكـیـان فـەرمـی و دیاره و تەماشای هـەر نەخـشـەیەكی پێكهاتەی بنەڕەتیی دەزگاكە بكەیت، ئاماژەی پێ كراوه، لێ دووەمیـان، نافەرمییە و لە هیچ تۆمارێكی دەزگاكەدا ئاماژەی پێ نەكراوە لـەگەڵ ئەوەدا كـە هـەیه. ڕاسـتت دەوێ، ئـەمـەی دواییـیـان، برێتـیـیـە لەوەی پێ دەگـوترێ چۆلەكـە، واته؛ تۆڕی نـهێنیگرەكـان، ئەو تۆڕەی ژێربەژێر هـەواڵەكـان نافـەرمـیـانـه دەدركێنێ. بێگومان، دەستـەواژەی "نهێنیگر" لێرەدا بەڵگەوەرێكی (مدلول) گرینگه. بەپێی زانسـتی هەڵێنجـان (علم الإشـتـقـاق)، واته؛ ئەوەی نـهـێنـیـیـەكـانی لایه. ڕاستـییـەكەی، نهێنیپـارێز، ئەو سـەرچاوەی نهێنیـیـەی ناگـۆڕێت، بەتایبـەتی لە كۆمپانیاكەدا[٣٧] كە دادەنرێ بەكەناڵێكی نموونەیی:

كێ خەڵكەكە خۆشیان دەوێ و كێ خۆشەویست نییه.

پلەبەرزكردنەوەكە كێ دەگرێتەوە و كێ ناگرێتەوه.

ڕێکخستنەوەی دەزگا چۆن دەبێ پێش ئەوەی ڕابگەیەنرێ، ئەمەش دەرفەت دەداتە هەمووان مشووری خۆیان بخۆن.

کێ دەخرێتە فیسارە پایە (منصب) و کێ بۆ لقێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

پایە تازەکان چین و کێیان بۆ دانراوە. زانیارییەکی وا، دەرفەت دەداتە فەرمانبەر وەک کاندیدێک هەڵسوکەوت بکات، پێش داخستنی لیستەکان.

کارمەندان چۆن لە فلانە کەس دەڕوانن.

لە کاتێکدا تاکەکان ئەم پرسیارانەیان ئاراستە دەکرێ، دوودڵن لەوەی ڕاشکاوانە وەڵام بدەنەوە، دەنگۆ، بێ چەندوچۆن هەموو شت ئاشکرا دەکات، چونکە بێ خاوەنە.

شایانی باسە، "چۆلەکە" تەنیا هەر سەرچاوەی زانیارییەکان نییە، بگرە لە ڕێی فڕێدانی دەنگۆگەلەوە، سەرچاوەی کاریگەریشە. بۆ نموونە با وای دابنێین فەرمانبەرێک دەیەوێ لە پایەیەکی تازەدا دابنرێ. لەم حاڵەتەدا، سەرنجی هەمووان ڕادەکێشێ کە دەکرێ ئەو کاندید بکرێ. هەروەها دەنگۆ دەتوانێ لە شانسی ڕکابەرەکان کەم بکاتەوە. دواجار بەڕێوەبردنی وەزیفە، بەبەڕێوەبردنی وێنەی ناوخۆیی و دەرەکیی فەرمانبەرەکە خۆیدا تێپەڕ دەبێت. ئەو کاتەش دواقسە بۆ دەنگۆگەلە.

باسی پازدەیەم

# دەنگۆ لە بواری بازاڕگەرمکردندا

لە بواری بازرگانیدا، لە ڕووی فەرمییەوە نابێ زەبر لە ڕکابەرەکان بدرێ. بۆ نموونە، لە فەرەنسا ڕێگە نادرێ لە کاتی ڕێکلامی بازرگانیدا، بەراورد لە نێوان بەرهەمەکاندا بکرێ. هەروەها فەرمانبەرانی بەشی فرۆشیاری ڕاناسپێردرێن بەئاشکرا تانە لە بەرهەمە ڕکابەرەکان بدەن. بەڵام بەرژەوەندییەکان هێندە زۆرن، ناچێتە عەقڵەوە دەنگۆ بەشێکی واز لێنەهێنراو نەبێت لە ستراتیجی بازرگانی و پلانەکانی بەخەڵک گەیشتن.

## دابەزاندنی پێگەی یەکێک لە ڕکابەرەکان

تا ئێستا مامەڵەی زارەکی، ئامرازی ڕاگەیاندنی فرۆشتنە لە بازاڕەکاندا. فرۆشیار و کڕیار ڕووبەڕوو پێک دەگەن. جێی سەرنجە، هەموو سەردانێکی فەرمانبەری فرۆشیاری بۆ لای کڕیارێکی خۆیان (مشتەرییەک)، هەلێکی تێپەڕاندنی دەنگۆیەکە بۆ گومانکردن لە ڕاستگۆیی فرۆشیارە ڕکابەرەکان. فەرمانبەرەکە لە ڕێی هەندێک ئاماژە و قسەی بەتوێکڵەوە بێ ئەوەی ڕاشکاوانە شتەکان بدرکێنێ، قسەکانی خۆی دەکات. ڕاستت دەوێ، ئەو فەرمانبەرانە زۆر بەئاسانی دەکارن زانیاریی درۆ بڵێنەوە، بەڵام بەدەنگ و ڕێتمێکی متمانە بەخۆبوونەوە. لەوانەیە بۆ نموونە بڵێ: "لە برادەرێکی خۆم بیست کە لای فڵانە کۆمپانیا کار دەکات، گوایە کۆمپانیاکەیان نیازی هەیە دەست بەسەرلەبەری خشتەی پێکهاتە و کارگێڕیدا بێنێت. نازانم چەند جێی بڕوایە، هەر ویستم ئاگەدار بیت. کڕیاری ئاگەدار، بەدووان دەچێ". کاتێک کڕیارێک کەلوپەل تەنیا لە یەک فرۆشیار دەکڕێ،

مەترسییەکی تێدایە مرۆڤ تا ئەو ئاستە پشت بەتاکە فرۆشیارێک ببەستێ. لەو حاڵەتەدا، دوور نییە کاری کارگەکەت بووەستێ، چونکە ئەو فرۆشیارە چاوچنۆکە یان کەرەستە خاوەکەت ناداتێ یان دوای دەخات. وا باویشە، دەنگۆگەل زۆر کاریگەرن بەو دەنگۆیانەی پێوەندییان بەفرۆشیارەکەیانەوە هەیە، چونکە لێکەوتەوەکانی هێندە زۆرن، ناتوانرێ فەرامۆش بکرێن.

زیاد لەوانە، ڕەنگە قسەیەکی سادە ببێتە پشتگیریی دەنگۆیەک. با وای دابنێین، یەکێک لە باشترین فەرمانبەرانی بەشی فرۆشیاریی کۆمپانیایەک، چووە کۆمپانیایەکی دیکە. لەو کاتەدا ڕەنگە بگوترێ: "وا دیارە ئەوە یەکەمین فەرمانبەر نییە واز لەو کۆمپانیایە دێنێت، کێ دەڵێ لەم ساڵانەی دواییدا چەندی دیکە وازیان نەهێناوە. لەوانەیە لە داهاتوودا شتی زۆر گەورە ڕوو بدات". کەواتە بەم شێوازە، ڕووداوێکی نێوخۆیی، ڕۆیشتنی فەرمانبەرێکی بەشی فرۆشیاری، وەک نیشانەی کێشەیەکی شاراوە لێک دەدرێتەوە و دەکرێتە بۆنەیەک بۆ ڕاگەیاندنی ئاستەنگەلێگ کە لەوەودوا ڕووبەڕووی کۆمپانیاکە دەبێتەوە. لە ڕەوشێکی ئابووریی وادا، بووەتە باو کە فەرمانبەرانی فرۆشیاریی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، خێرا پەککەوتن بخەنە نێو خاڵە لاوازەکانی کۆمپانیا بچووکەکانەوە. هەروەها، ئەمڕۆ دەنگۆگەل زۆرن لە بارەی ئەو کۆمپانیایانەوە کە کەرەستەی خاو دەفرۆشن. وا دیارە فەرمانبەرانی فرۆشیاریی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بەو ئومێدەن دەستەوارەیەکی (صفقة) کڕیاری چاک مسۆگەر بکەن لە ڕێی ئاماژەدانێکی ناڕاستەوخۆ کە ڕەنگە کۆمپانیا مامناوەندی و بچوکەکان، نابووت بن. خۆ ئەگەر دەنگۆکە گەورە بوو، لەخۆوەڕا دەبێتە ڕاستی. کاتێک کڕیاران لەوە دەترسن فرۆشیارەکەیان نابووت ببێت، حەزیان لێیە بیگۆڕن بەفرۆشیارێکی دیکە کە هیچ نەبێت تا دە ساڵ مامەڵەیان بەردەوام بێت. لەم حاڵەتەدا، ئەو فرۆشیارەی دەنگۆی ئەگەری نابووتبوونی بۆ کراوە، بەڕاستی بەرەو نابووتی دەچێ، چونکە کەس کەرەستەی لێ ناکڕێ. ئەو کاتیش، هەمووان دەڵێن دەنگۆکە ڕاست بوو.

لە جیهانی کۆمپانیاکاندا، هەموو کڕیارێک پێی وایە فرۆشیارەکە دەستبەرداری دەبێت. ئەوەندەی دەستەوارەی فرۆشتنەکە تەواو بوو، هەستی ناڕەزایی و

سکالاکردن کەڵەکە دەبێت، تەواو وەک ئەو ناخۆشییەی دەکەوێتە نێوان هاوسەرە تازەکانەوە. ئاساییە کە دەنگۆگەل خاکێکی بەپیت لە دەروونی ئەو کڕیارە بێ ئومێد و فەرامۆشکراوانەدا دەدۆزێتەوە، بەتایبەتی کە لێکدانەوەیەکی سانا بۆ وردەکاری و ئەزموونە تاڵەکان بەلای کڕیارەکانەوە، دەکات. وەک کەمبوونەوەی ژمارەی سەردانەکان و بەدەگمەن داوتکردنیان و دیارییە هەرزانبەهاکانی کۆتایی ساڵ. ئیدی هەر خێرا، کریار دەست بەدەربڕینی نارەزایی دەکات و دەست بەو دەنگۆیانەوە دەگرێ کە بەرچاویان ڕوون کردووەتەوە و دەگاتە ئەو باوەڕەی فرۆشیارەکە ڕاستییەکی لێ شاردووەتەوە.

ئاشکرایە، ترس لەوەی دەنگۆکان, ڕووداوێکی سادە بەخراپی بقۆزنەوە، کار لە بڕیارەکانی کۆمپانیاکان دەکات. بۆ نموونە، کاتێک کۆمپانیای "ئاشە گەورەکانی مارسیلیا" Grands Moullins de Marseille ساڵ ١٩٨٤ نانێکی لاکێشەی جوانی بەناوی "بانێت" Banette خستە بازاڕەوە، کۆمپانیاکە هەڵوەستەیەکی کرد: بڵێی هەڵمەتێکی ڕیکلامی تەلەڤیزیۆنی پێویست نەبێت؟ بەلا بودجەکە بەشی نەدەکرد، بۆیە ڕێکلامێکی کورتیان کرد. وا دیارە کۆمپانیاکانی ڕکابەر ئەو ڕێکلامە کورتەیان قۆستەوە و دەنگۆی ئەوەیان بلاو کردەوە کە ڕێکلامەکە خۆی بۆ ئەوە کراوە بەخەڵک بڵێ "بانێت" هەرمێنێکی ئەوتۆی لە بازاڕەکاندا نەبووە، ئەمەش واتە؛ مەیکڕن باشترە.

## بەرەنگارییەکی ژێربەژێر

پێشتر باسی شەکرمان کرد. ڕاستییەکەی، ولاتە ڕۆئاواییەکان دوای ئەوەی چەندین سەدە شەکری سروشتییان دەخوارد، گواستیانەوە بۆ شیرینکەری دروستکراو. ئەوەبوو فرۆشیارییەکانی ئەسپەرتام، ساڵ دوای ساڵ زۆر بەرز دەبووەوە. بەرانبەر بەوە، پیشەسازیی شەکر تووشی کێشەیەکی پێچەوانە بوو. باشە چۆن ڕێ لە برەوی ئەم بەرهەمە تازانە دەگیرێ؟ یەکەم جار بیر لەوە کرایەوە لە ڕێی یاساوە سنوورێک بۆ بلاوبوونەوەی ئەو بەرهەمانە دابنرێ، بەلام بیرۆکەی دووەم، بیرۆکەیەکی بەرگرییانە بوو؛ قوتارکردنی شەکری سروشتی لەو دەنگۆ هەلانەی خراونەتە پاڵی. دەشکرا ستراتیجێکی هێرشبەرانە بەکار بهێنرێ؛ هانی بەکاربەران

بدرێ جێگرەوەی شەکری سروشتی بەکار نەهێنن. ڕاستییەکەشی، هێندە کۆواری پزیشکیی پسپۆڕیش لە بوارەکانی تەندروستی و خواردن و لەشڕێکی هەیە کە پێویستییان بەبابەتی نوێیە و دەکرێ هان بدرێن وتارگەلێکی وا بلاو بکەنەوە کە باس لە مەترسیی جێگرەوەکانی شەکری سروشتیی بکەن، وەک مەترسیی نەخۆشیی شێرپەنجە بۆ نموونە.

بەم شێوەیە، هەر کۆمپانیا و هێمایەکی بازرگانی، خاڵێکی لاوازی هەیە، دەنگۆ بیقۆزێتەوە. بۆ نموونە، پشکێک لە سەرمایەی کۆمپانیای فرۆشتن بەنامە Trois Les Suisses ئەڵمانیاییە. وەک دەشزانرێ کڕیارەکانی ئەم جۆرە کۆمپانیا و بەرهەمانە ڕقیان لە بیانییانە و حەز دەکەن بەرهەمی فەرەنسایی بکڕن، بەلام نازانن پشکێکی ئەو کۆمپانیایە هی ئەڵمانەکانە. بۆیە، ئەم بابەتە زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی دەیان دەنگۆی لێ دروست بکرێ ئەگە ڕکابەرەکان مەبەستیان بێت. هەروەها زۆربەی فەرەنساییەکان پێیان وایە، بیرەی هاینیکن لە دەرەوە دەهێنرێ. ڕاستت دەوێ، ماوەیەکی زۆر لە هۆڵەندا بەرهەم دەهێنرا؛ برەوەکەشی لە فەرەنسا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە بیرەیەکی بیانی بوو و لە دەرەوە دەهێنرا. بەلام دواتر، هاینیکن لە فەرەنسا لە شیلتیگهایم Schiltigheim ی نزیک ستراسبۆرگ بەرهەم دەهێنرا، بێ ئەوەی زۆربەی خەڵک هەر ئاگاشیان لێ بێت. لەم حاڵەتەدا، ئەو بنەمایەی بەرهەمەکە پشتی پێ دەستێ (لە دەرەوە دەهێنرێ)، بنەمایەکی ساختەیە. لەم کاتەدا، هەر ڕکابەرێک دەیتوانی لە ڕێی دەنگۆیەکەوە، ئەم ڕاستییە شاراوەیە ئاشکرا بکات.

شایانی باسە هێماگەلێکی زۆری بازرگانی دەبنە بابەتی دەنگۆگەل. بێگومان هەندێک لەو دەنگۆیانە، لەخۆوەڕان (تلقائی). پێشتر باسمان کرد، خەڵک کاردانەوەیەکی بەرگریکارانەی هەیە بەرانبەر هەر داهێنانێک. بەلام هەندێک دەنگۆ، بەئەنقەستن و هەستیاریی زۆری فەرەنساییەکان بەرانبەر داهێنانەکان دەقۆزنەوە. دواجار دەنگۆگەل هەن لەخۆوەڕا پەیدا دەبن، لێ چونکە لە بەرژەوەندیی هەندێ کەسدایە، بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە، ڕۆنی چواله "باران"، ئەوەی بۆ پێلاو بەکار دەهێنرێ، هەر لەو ڕۆژەوە کەوتە بازاڕەوە، بووە ئامانجی دەنگۆگەل. بەپێچەوانەی ئەو هەڵمەتە پرۆپاگەندەیەی بۆی کرا، دەنگۆکان دەیانگوت، ڕۆنی باران چەرم وشک

و ڕەق دەکات. ئەو بازرگانە بچووکانەی بەرهەمی ڕکابەریان دەفرۆشت، کە هەمان ڕێکلامی "باران"یان بۆ نەدەکرا، لەخۆوەڕا دەنگۆکەیان قۆستەوە. دیسان لە بەلچیکا، هەر هاولاتییەک بدوێنی پێت دەڵێ بیرەی ستیللا Stella سەر دێشێنێ. ئەمەش مانای وایە، ئەو دەنگۆیەی پێش دە ساڵ بلاو بووەوە، بووەتە بەشێک لە ماریفەتی گشتی. بەلام زەحمەتە بزانرێ داخۆ ئەم دەنگۆیە دەست ئەنقەستە یان کۆمپانیای ستیللا ئارتوا Stella Artoisش بووەتە میراتگری ئەو دەنگۆگەلەی بەشێوەیەکی سروشتی، بەردەوام لە بارەی بیرەوە لە ئارادایە. هەرچی ئەو هێما بازرگانییانەشە کە ناویان لە بلاڤۆکی فیلگۆیڤدا هاتبوو، ئازارێکی زۆریان چەشت لەو گەمەپێکردنە ئاشکرایەی بەبەکاربەران دەکرا(٧٦). هەمدیس، بلاوکردنەوەی بلاڤۆکەکە لە ولاتانی دیکەش هەر ڕێکەوت نەبوو. ئاخر بلاوبوونەوەکە لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا فەرەنساییە ڕکابەرەکاندا بوو.

دەبێ لە ئاست شێوازێکی دیکەی سوکایەتی بەکۆمپانیا و هێما بازرگانییەکاندا بووەستین: ئەو نوکتە یان گاڵتە و سوعبەتەی لە دەنگۆ دەچێ. ئەمە جۆرەیان بەخێرایی بلاو دەبێتەوە، چونکە پێکەنیناوییە. بەلام کاتێک نوکتە و گاڵتە پێوەندیی بەکۆمپانیایەک یان هێمایەکی بازرگانییەوە هەبێت، وامان لێ دەکات گاڵتەمان بەکۆمپانیاکە یان هێماکە خۆیشیان بێت. ساڵی ١٩٨٥ بۆ نموونە، لەو کاتەدا کە کۆمپانیای بوڵ Bull سەرقاڵی چاکسازییەکی ناچاری بوو، فەرمانبەرانی بەشی زانیاری ئەم چیرۆکەیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە: "دەزانن بۆچی دروشمی کۆمپانیای بوڵ درەختێکە؟ چونکە تەنیا کۆمپیوتەرە کە بێ بزاو درەخت دەڕوێنێ". وا دیارە ئامانجی ئەم چیرۆکە زۆر ڕوونە، چیرۆکەکە پێشڤەچوونی کۆمپانیای بوڵ ڕەت دەکاتەوە و شکستە تەکنەلۆجییەکانی سالانی پێشووشمان دەخاتەوە یاد. ڕەنگە پێچە بەدەورەیەکی بەرەنگارییانە بێ بۆ هێشتنەوەی وێنەی دێرینی بوڵ بەنەمری.

## دنەدانی بۆ یەکدی گێڕانەوە "تحفیز المشافهة"

بەکاربەر متمانەی بەقسەکانی هاوسێ و هاوڕێکانی زیاترە لە ڕێکلام و فرۆشیارەکان. دەمێکە خاوەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان هەمان پرسیار دەکەن: "چۆن دەتوانن دەنگۆگەلێکی تایبەت بەبەرهەمەکانیان بلاو بکەنەوە و

فرۆشیارییەکانیان زۆر بکەن؟

ڕاستت دەوێ، ئەم پرسیارە زیاتر پێوەندیی بەدنەدان و قسەی ڕووبەڕوو لەگەڵ خەڵک و بۆ یەکدی گێڕانەوەوە هەیە وەک لە وروژاندنی دەنگۆ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە قسەی ڕووبەڕوو یان بۆ یەکدی گێڕانەوە، هاوشێوەی دەنگۆ نییە. چەمکی دەنگۆ، ناڕاستەوخۆ ڕاستییەکی شاراوە لە خۆ دەگرێ کە بەهەڵە ئاشکرا دەبێت بێ ئەوەی کۆمپانیاکە پێشوەختە ئاگەدار بێت. تەنانەت هەندێک جار ئاشکرابوونەکە دژی ویستی کۆمپانیاکەشە. ڕەنگە هەر ئەمەشە وای کردبێ کە زۆربەی دەنگۆگەل خراپن و دواجار دەبنە چەکێکی نموونەیی بەدەست ڕکابەرەکانەوە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، دەنگۆی سوودبەخشیش نییە کە دەبێتە پاساوێک بۆ فرۆشتن کە کۆمپانیاکە حەز ناکات یان ناتوانێ بەڕاشکاویی ڕای بگەیەنێ. بۆ نموونە، لە مارتینیک Martinique و گوادلۆپ Guadeloupe، کۆمپانیای گشتیی ئاوی کانزایی ڤیتێڵ Vittel بڕێکی زۆر خواردنەوەیەکی گازی بەتامی پوونگ "ڕیکلیس" Ricqles دەفرۆشێ. دەشزانرێ، ڕیکلیس بەلای دانیشتوانی دوورگەکانی "ئەنتێل"ەوە، وروژێنەری حەزی سێکسییە. خۆ ئەگەر فرۆشیارییەکانی ڕیکلیس لە فەرەنسا وەک ئەنتێل بوونایە، دەبووە یەکەمین خواردنەوە. ڕەنگە گەیشتن بەم ئامانجە وا پێویست بکات، کۆمپانیای بەرهەمهێن دەنگۆیەک لە نێو فەرەنساییەکاندا بڵاو بکاتەوە کە ڕیکلیس وروژێنەری حەزە سێکسییەکانە.

بەڵام بۆ یەکدی گێڕانەوە یان قسەکردنی ڕووبەڕووی خەڵک، هیچ ئاماژەی پەیامێک یان نێردراوێکی تێدا نییە بێ ئەوەی یەکدی بناسن. زۆربەی بەرهەمهێنەران، بەئاشکرا ئاواتەخوازن خەڵک بەوردی لە ڕێکلامەکانیان تێ بگەن و بۆ یەکدی باس بکەن. واتە؛ خەڵک ببنە نێوانکارێکی پێڕاگەیاندن (وسیط إعلامی).

سەبارەت بەسەرچاوە جیاوازەکانی کارتێکردن لە ویستەکانی بەکاربەر، بۆ یەکدی گێڕانەوە، کۆنترین سەرچاوەیە و هاوزەمان کاریگەرترینیشیانە. یەکدی دواندنە نا فەرمییەکان لە بارەی هێما بازرگانییەکان و بەرهەم و بازاڕەکانەوە، زانیارییەکی ورد دەداتە ئەو بەکاربەرانەی هەر دەبێ بەرهەمێک هەڵبژێرن. هەموو کاتێک بۆ یەکدی دواندن لەبارە، دەکرێ مرۆڤ هەر کاتێک پێویستی بەڕێنوێنی بوو، لە ڕێی

پرسیارێکەوە گفتوگۆیەک بورووژێنێ (ئەم ئێوارەی تەماشای کام فیلمە بکات؟ کام جلوبەرگ بکڕێ تا لەگەڵ مۆدەی ئەم هاوینەدا بگونجێ؟ .. هتد). جیا لەوەی سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی زارەکی دەبیستین (بۆمان دەگێڕنەوە)، لە خەڵکێکەوەیە کە متمانەی تەواومان پێیانە و گومانمان لەوە نییە کە بیانەوێ هەر شتێکمان "پێ بفرۆشن".

زۆرن ئەو کۆڵینەوانەی لەبارەی کاریگەریی بۆ یەکدی گێڕانەوە لەسەر بەکاربەران کراوە[٩]. لە هەر دوو کڕیاری کەلوپەلی کارەبایی، یەکێکیان حەزی لێیە پێش کڕین ڕاوێژ بەهاوڕێیان و خزمانی بکات. سێیەکی خەڵک، مارکەیەکی کەلوپەل دەکڕن لای دۆستێک برادەرێکی بینیبێتیان. جیا لەوە، بۆ یەکدی گێڕانەوە، دەبێتە هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی بەرهەمگەلێکی نوێ یان شکست پێهێنانی. ئاساییە ئەو کەسەی بەرهەمێکی تازە دەکڕێ، ڕای خۆی لەبارەی بەرهەمەکەوە بۆ کەسە نزیکەکانی باس دەکات. وا دیارە ئەم دیاردەیە ڕۆڵێکی باشی لە خێرا بڵاوبوونەوەی "بەرهەمە خۆڕاییەکان"ی بازاڕی کارفۆر Carrefourدا گێڕا، ئەوانەی بەرهەمەکانیان وەرگرت، زۆریان بەدڵ بوو، ڕاشکاوانەش ڕای خۆیان گوت.

وا باوە، تا بەرهەمەکە سەرنجڕاکێشتر یان کڕینەکەی جۆرێک لە دڵە لەرزەی تێدا بێت، یان هەر بەرهەمەکە خۆی، داهێنراوێکی تازە بێت، بۆ یەکدی گێڕانەوەکان فراوانتر دەبن. مایەی سەرسڕمانیش نییە گەر کەلوپەلە کارەباییەکان و ئۆتۆمبێل و جلوبەرگ ببنە بابەتی سەرەکیی ئەم ئامرازی ڕاگەیاندنە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بۆ نموونە، بۆ یەکدی گێڕانەوە، ئامرازی سەرەکیی ڕێکلام بوو بۆ گوێزانی ویلکینسۆن Wilkinson. تاشین، پەیوەندیی بەزۆربەمانەوە هەیە، گوێزانی ویلکینسۆنیش، پێشڤەچوونێک بوو لەو بوارەدا. بەرانبەر بەوە، ئەگەر بەرهەمەکە جێی بایەخی خەڵکێکی زۆر نەبێت، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئاسایی و دوکان و بازاڕەکان، باڵادەست دەبن. بۆ نموونە تەنیا لە سەدا ٨ی کڕیارانی دەرمانێکی تازەی ددان، دەڵێن لە ڕێی گێڕانەوەی یەکێکەوە ئەو دەرمانەیان ناسیوە، دەنا لە سەدا ٢٨یان بەرهەمەکەیان لەسەر لیستی دوکانەکە یان بازاڕەکە بینیوە و لە سەدا ٢٥یشیان لە ڕێی ڕێکلامەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەو دەرمانە تازەیەی ددانیان بینیووە.

جیا لەوە، بۆ یەکدی گێڕانەوە، ڕۆڵێکی پڕبایەخ لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا دەبینێ. شایانی گوتنێیە، خزمەتگوزاری پێچەوانەی بەرهەم، نابینرێ و هەستی پێ ناکرێ. کەواتە چۆن بزانین کاری ئەم کۆمپانیای زامنکاری (شرکة التأمین) یان ئەویان جیدییە، فیسارە فیتەر کاری جوان و ڕاستگۆیە؟ لەم حاڵەتانەدا، تەنیا ئەزموونی خەڵکی دیکە، زانیارییەکی باوەڕ پێکراوە. ئا لێرەدا ڕۆڵی بۆ یەکدی گێڕانەوە وەک ئامرازێک بەپەند وەرگرتن لە ئەزموونی ڕاستەخۆی ئەوانی دیکە لەگەڵ ئەم خزمەتگوزاری و ئەوەی دیکەدا، ڕوون دەبێتەوە. لەو کاتەدا سەیر نییە ئەگەر لە سەدا ٤٢ی ئەو سەرچاوانەی زانیاری بۆ دیاریکردنی ئەو گەراجەی ئۆتۆمبێلەکەمانی لێ چاک دەکەینەوە بەپێی گێڕانەوە و ڕێنوێنیی هاوڕێ و ناسیاوانمان بن(١٠٨). زیاد لەوەش، خزمەتگوزارییەکان دەبنە هۆی پەیدابوونی ڕێنوێنیکارانێکی زۆر، بەتایبەتی کە بەکاربەران هەر لە خۆوەڕا هەوڵ دەدەن ئەوانەی چواردەوریان، لایەن و شوێنی خزمەتگوزارییەکان بناسن. ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی پێکگەیشتنی مرۆڤەکانە لە کاتی پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، ئاخر لەو کاتانەدا، پێوەندیەکی ویژدانی لە نێوان کڕیار و نانەوا، فەمانبەری بانک، خاوەن وەرشە، نوێنەری کۆمپانیای زامنکاری، سەرتاش یان پزیشکدا دروست دەبێت.

کاتێک کڕیاران لەگەڵ دۆست و ناسیاوانی خۆیاندا لە بارەی فیتەرەکەیان، پزیشکەکەیان یان سەرتاشەکەیانەوە قسان دەکەن؛ دەڵێی باسی خۆیان دەکەن، کە دەکەونە پیاهەڵدانی "ئەو گەنجینە"یە، ئەوە خۆیان هەڵدەکێشن کە خاوەن خزمەتگوزاریی وایان دۆزیوەتەوە. کەس نییە هێندەی نەفەرە بەردەوامەکان، بەوپەڕی حەماسەوە بەڕێستورانتێکدا هەڵبدات.

لەو کاتەدا کە باشیی بەرهەمێک جێگیرە بەهۆی ئەو پێوەرە دیاریکراوانەی لە دروستکردنیدا بەکار دێت، گۆڕانی چۆنایەتی، یەک لە خەسڵەتەکانی خزمەتگوزارییە. بۆ نموونە، لەوانەیە ڕێستورانتێک کە ناوبانگی دەرکرد ئیدی پاڵ لێ بداتەوە و گوێ بەچۆنایەتیی خزمەگوزارییەکانی نەدات. ساڵێکی تەواو سوود لەو ئەستێرانە وەردەگرێت کە لە ڕیزبەندیی مۆڵەت و ڕێنوێنە گەشتیارییەکاندا پێی بەخشراوە، یەکسەر دەنگۆ دێتە سەر هێڵەکە و خەڵک لە دابەزینی

خزمەتگوزارییەکان ئەو ڕێستورانتە ئاگەدار دەکاتەوە. بۆ زانین، خەڵک بەگشتی بایەخێکی زۆر بەو دەنگۆیانە دەدەن کە باسی خزمەتگوزارییەکان (سەرتاشخانەکان و هۆڵەکانی جوانکاری، ڕێستورانتەکان، بانکەکان، کۆمپانیاکانی زامنکاری.. هتد) دەکەن و بەڕاستیشیان دەزانن(١١٩).

بێگومان بەگشتی بۆ یەکدی گێڕانەوە یان یەکدی دواندن، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دوا بڕیاری کڕیار هەیە، واتە؛ ئەو کاتەی ئەم بەرهەمەیان دەکڕێ لە جیاتی ئەویان، مارکەیەک دەکڕێ کە لەوی دیکە بەباشتر دەزانێ یان خزمەتگوزارییەک لە جێی ئەوی دیکە، بەرانبەر بەوانە، ڕۆڵی دەزگا ئاساییەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکلام، پێشەنگی پرۆسەی بڕیاردانەکەن، واتە لەو کاتەوە کە کڕیارەکە دەیەوێ کەرەستەیەک بکڕێ و لای خۆیەوە تاقیبی جۆرەکان و شوێنەکانی فرۆشتن و نرخەکانی دەکات. لەو کاتەدا، دەتوانین بڵێین دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو زانیارییانە دەخاتە بەردەستی، هاوزەمان بۆ یەکدی گێڕانەوە، بۆی هەڵدەسەنگێنێ. ڕێکلام ئاگەدارمان دەکات کە فیسارە فیلم لە فلانە سینەما یان کەناڵی تەلەڤیزیۆنی پێشان دەدرێ، بەڵام گێڕانەوە، ڕێنوێنییمان دەکات ئەو فیلمە ببینین یان نا.

سەبارەت بەکۆمپانیاکان، گێڕانەوە، هاوزەمان ئامرازێکی حەزخوڵقێن و ترسێنەر یان تۆڕێنەریشە (أداة ترغیب و ترهیب). ترسێنەرە، کە بەرهەمەکە خراپ بێت، ئەمەش وا دەکات بەکاربەران دەنگۆیەکی دژ بڵاو بکەنەوە، واتە؛ بەخراپە باسی بکەن. زیاد لەوەش، کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەران دید و بۆچوونەکانی بەکاربەران دەڵێتەوە و لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، برەویان پێ دەدات. نموونەی ئەو بەرهەمانەش زۆرن کە هەڵمەتەکانی کۆمەڵەی بەکاربەران سەلمادندییان ڕێکلامەکانیان زیادەڕۆییان تێدا بووە. بەرانبەر بەوە، ئەگەر جۆری بەرهەمەکە زۆر باش بێت، گێڕانەوە بەشدارییەکی چاک دەکات لە فرۆشتنیدا.

جێی سەرنجە، هەندێک کۆمپانیا تەنیا پشت بەبۆ یەکدی گێڕانەوەی کڕیاران دەبەستن. بۆ نموونە، ئەو کۆمپانیایەی مێویک (شمع) لە جۆری ئابێی Abeille تایبەت بەشەوق هەڵهێنانی تاقمی کەلوپەلی دارینی نێو ماڵ بەرهەم دێنێت، هەرگیز ڕێکلام ناکات، بەپێچەوانەی کۆمپانیا ڕکابەرەکەیەوە فاڤۆر Favor. لەبەرئەوەی ژنان

ئەو مێوی شەوق هەڵهێنانە بۆ کەلوپەلی ماڵەکانیان بەکار دێنن، لەخۆڕا ڕێکلام بۆ ئەو جۆرەیان دەکەن کە بەلایانەوە باشترینیانە. چونکە ئابێی کۆن و بەناوودەنگە، بووەتە بەشێک لە ویژدانیان و بەحەماسەتەوە باسی دەکەن.

کۆمپانیای تاپێروێر Tapperware تا ساڵی ١٩٨١ هەرگیز ڕێکلامی نەدەکرد. ئەم کۆمپانیایە ئەو قاپوقاچاخە باغانەی دروست دەکرد کە بەجوانی سەرقاپیان دەنرایەوە. ڕاستت دەوێ، ئەو پشتقایمییەی کۆمپانیای تاپێروێر بەو ١٢٥٠٠ ژنەی ماڵەوە بوو کە بەردەوام لە کۆبوونەوەی ڕێکخراودا باسی باشیی بەرهەکانیان بۆ هاوڕێیان و ژنەدراوسێ و هاوکارانیان دەکرد، لەو کاتەشدا، هەر یەک لەوانەش دەبێتە نوێنەری بەرهەمەکان و بۆ دەوروبەری خۆی باس دەکات. هەروەها کۆمپانیای وایت واچەرز Weight Watchersی تایبەتمەند بەڕێژیمی خواردن، بۆ ڕێکلام تەنیا پشت بەو ئافرەتانە دەبەستێ کە ڕێژیم و ڕێنوێنییەکانی کۆمپانیەکەیان تاقی کردووەتەوە و سەرکەوتوو بوون.

بەڵام ئێمە سەرچیخ چووین گەر پێمان وابێت، ڕێکلامی زارەکی (بۆ یەکدی گێڕانەوە) و ڕێکلامی دیکە، یەک ئەوی دیکە دەسڕێتەوە. ڕێکلام دنەی پێویستیی زانین دەدات و ڕێکلامی زارەکی زانیارییەکان دەستەبەر دەکات. بۆ نموونە، میدیا پێمان دەڵێ کە فلانە فیلم پێشان دەدرێ یان فیسارە ئۆتۆمبێل دەرچووە، بەڵام ڕێکلامی زارەکی پێمان دەڵێ فیلمەکە خۆشە یان نا، خەسڵەتە باش و خراپەکانی ئۆتۆمبێلەکە چییە و چۆنە. زیاد لەوەش، ڕێکلام، پشتیوانیی زارەکی دەکات لە ڕێی ئەو ناوبانگەی بەبەرهەمەکەی دەبەخشێت، بەتایبەتی کە ناوبانگ، دڵنیایی بەکڕیاران دەدات. بەپێچەوانەی ئەوەوە، کەمیی ڕێکلام لەوانەیە باسوخواسی بەرهەمەکە و ڕێکلامە زارەکییەکەشی کەم بکاتەوە. دەمێک لە نێو خەڵکدا بەخراپی باسی بەهەمێک دەکرێ، هێما (مارکە) بازرگانییەکەشی پاشەکشە دەکات و ڕێکلامەکانی لە کزی دەدەن. نموونەش لەو بارەیەوە زۆرن.

وا دیارە فیلمسازی، حاڵەتێکی نموونەییی ڕاهاتنە لەگەڵ ڕێکلامی زارەکی (بۆ یەکدی گێڕانەوە). کاتێک هەست کرا کە فیلمەکە لە نێو خەڵکدا بەخراپە باس دەکرێ، هاوزەمان لە چەند هۆڵێکی سینەمادا پێشان دەدرێت. ئاخر لەو کاتانەدا،

ڕێکلام سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ و بوار نادات خراپ باسکردنەکەی نێو خەڵک کاریگەریی بمێنێ. ستراتیجەکە ئەوەیە: پێش کاریگەرییە پێشبینیکراوەکان بکەوە، بەر لەوەی دەستەبژێر و بینەران بەگشتی لە فیلمەکە بخوێنن تۆ بەڕێکلام زۆرترین بینەر کۆ بکەرەوە. بەڵام بەرانبەر بەوە، هەندێک ڕێوشوێنیش هەیە بۆ کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی ڕێکلامە زارەکییەکان[٤١].

پێش چەند ساڵێک ئاژانسی پێوەندییە گشتییەکان دەبلیو هوارد دۆنی و هاوبەشەکانی W. Howard Downey et Associes کە لقی لە نیویۆرک و شیکاگۆ و ئەتلانتای ئەمریکا و تۆرینتۆی کەنەدادا هەیە، دەستی بەفرۆشتنی خزمەتگوزاریەکی تایبەتی کرد کە بریتی بوو لە بەرهەڵدانی هەلمەتێکی دەرفەتی یەکدی دواندن و گێڕانەوە. بۆ نموونە، پاشنیوەڕۆیەک، دەیان فەرمانبەری خۆی لە وێستگەکانی میترۆ بڵاو کردەوە. پلانەکە وا بوو، فەرمانبەرەکان دوو دوو بووەستن و لە کاتی قەرەباڵغیدا گفتوگۆ لە بارەی بابەتێکەوە بکەن، بەڵام مەودایەکی وایان لە نێواندا بێت، ڕێبواران گوێیان لە قسەکانیان بێت و تەنانەت بتوانن بەنێوانیاندا تێپەڕن. دەکرا هەمان پلان لە نێو ئاسانسەرەکان (مصاعد) و یاریگاکان و بەردەم پەنجەرەکانی هۆڵی سینەماکاندا جێبەجێ بکرێ.

زیاد لەوەش، بووەتە باو، سەرنجی خەڵک ڕابکێشی بەپەیڕەوکردنی میکانیزمێکی دووسەرە کە بەهەڵمەتی "پرسیارە قورسەکە" دەناسرێ. ئەم میکانیزمە بەڕاستی پشت بەحەزی زانینی خەڵک دەبەستێ. نموونەی یەکەمی ئەم جۆرە هەڵمەتانە، ئەوەی بەهەڵمەتی میریام ناو دەبرێ (سبەی گۆرەوییەکانم دادەکەنم Demain jen-leve le bas لە قۆناغی یەکەمدا، ڕێکلامەکە پرسیارێکی لێڵ دەکات بێ ئەوەی هیچ هێمایەکی بازرگانیش ئاشکرا بکات تا لە قۆناغی دووەمدا، وەڵامەکە دەدرێتەوە. بێگومان ئامانج لە هەڵمەتێکی وا، وروژاندنی خەڵک و دنەدانیانە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بارەی پرسیارە ناڕوونەکەوە بکەن. ئەمەش ڕەوشێکی گشتیی چاوەڕوانی دەخولقێنێ کە دەبێتە چاکترین زەوینەسازیی ڕێکلامی زارەکی و یەکدی دواندن.

هەروەها کۆمپانیاکان تەکنیکی دزەپێکردنی (تسريبات منظمة) بەکار دێنن لە پێناو دنەدانی (تحفيز) ڕێکلامی زارەکی و یەکدی دواندن. لەم تەکنیکەدا،

کۆمپانیای IBM بەنموونە دێنینەوە کە چۆن بەئەنقەست هەندێک زانیاری سەبارەت بەکۆمپیوتەرێکی نوێ کە ساڵی دوایی دەکەوێتە بازاڕەوە، بڵاو دەکاتەوە. بەم شێوەیە کۆمپانیای ئای بی ئێم ڕووداوێکی گرینگ و ناڕوونی بڵاو کردەوە، چونکە کەس نازانێ خەسڵەتەکانی کۆمپیوتەرە تازەکە چین. دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە ناڕوونی، هاوکاریی دەنگۆگەل و گێڕانەوە یان یەکدی دواندن دەکات، واتە؛ دروست ئەو کاریگەرییەی لە بنەڕەتدا ئامانجی کۆمپانیاکەیە. ئیدی سەتان کڕیار چاوەڕوانی نموونە تازەکەیان لە کڕینی ئەوەی ئێستا پێ باشترە.

## ئامانجێکی گرینگ: سەرکردەکانی ڕا "دەستەبژێر"

لەو گفتوگۆیانەی لە بارەی هێما بازرگانی و بەرهەمەکانەوە یەکسەری دێتە ئارا، هەموو تاکەکان هەمان ڕۆڵ ناگێڕن. هەندێکیان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر دەوروبەریان هەیە. بێ ئەوەی جاری وا هەیە خۆشیان ئەوە بزانن. ئیدی کاتێک ئەمانە حەزیان لێیە ڕای خۆیان بڵێن، بەرانبەرەکانیشیان حەز دەکەن گوێیان لە ڕایەکانیان بێت.

دەبێ ئاماژە بەوە بدەین دۆزینەوەی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریی سەرکردەکانی ڕا، بۆ پەنجاکانی سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە. دەرکەوت دیمەن یان تابلۆی کۆمەڵایەتی (المشهد الإجتماعي) تا ئەو کاتە، بگرە زۆربەی کات، لە نێوان دوو ڕۆڵدا دابەش بوون، یەکەمیان: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دووەمیشیان: ئەو قەوارەیەی بە"خەڵک – گشتی" ناسراوە. لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا، وا پێویست بوو کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی ڕاستەخۆیان لەسەر ئەو تێکەڵەیەی کەسەکان هەبێت کە خەڵک پێک دێنن. هەروەها دەبوو هەندێکیان توانای ئەوەیان هەبێت کار لەوانی دیکە بکەن. ئاخر سەرکردەکانی ڕا وەکو دەستەبژێری سیاسی یان کۆمەڵایەتی و ئیلهامبەخشی جەماوەر تەماشا دەکرێن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، وا دیارە کاریگەرییەکە ڕاستەوخۆ و ستوونییە، واتە؛ ڕێڕەوێکی سەربەرەوخوار لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دەستەبژێرەکانەوە بەئاراستەی خەڵک.

بەڵام توێژینەوەکانی زانایانی کۆمەڵناسی و سیاسیی ئەمریکا[٨٢] دەریان خست

کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ناڕاستەوخۆیە، بگرە لە ڕێی ئەو کەسانەوە تێپەڕ دەبێت کە لە نێو دەوروبەرەکەی خۆیاندا ڕۆڵی سەرکردە دەبینن بێ ئەوەی ئەو ڕۆڵە دەستکەوتێکیان بۆ دابین بکات. بۆیە چی دی ناتوانین چەمکی سەرکردە لە دەستەبژێر و کاربەدەستانی حکومەتدا کورت بکەینەوە. ئەم چەمکە دەخزێتە نێو جەرگەی گرووپە بەرتەسکەکانیشەوە (دۆست و ناسیاوان، هاوڕێیان، خزمان)، واتە؛ کاریگەریی سەرکردەکانی ڕا، کاریگەرییەکی ئاسۆیییە نەک ستوونی کە بەشێوازێکی نافەرمی لە نێو هەر گرووپێکدا ڕەنگ دەداتەوە. هەمووان لە دەوروبەری خۆمان کەسانێک دەناسین کە لە بابەتێکی دیاریکراودا ڕایان وەردەگرین. سەرکردەی ڕا، کەسێکی پسپۆڕە، سەرکردەیەکی ڕا نییە فرە پسپۆڕی بێت. ئەمەش مانای وایە ئێمە ڕای کەسانێکی جیاواز بەپێی جیاوازیی بابەتەکان وەردەگرین. دەتوانین بڵێین ئەو کەسە سەرەکییانە، دەبنە پردی نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دەوروبەریان، زانیاری پێشکێش دەکەن و هەڵی دەسەنگێنن(٦١).

کێن سەرکردەکانی ڕا؟ پێچەوانەی چەمکی دەستەبژێر و سەنتەر، خەسڵەتێکی بابەتییانە نییە سەرکردەی ڕا، لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی جیا بکاتەوە. بەڵام بەرانبەر بەوە، سەرکردەی ڕا، لە خەڵکانی دیکە زیاتر پێوەستە بەبابەتگەلێکی دیاریکراوەوە وەک (سیاسەت، ئۆتۆمبێل، مۆدە، چێشتخانە و ڕێکخستنی ماڵ.. تد)، هەر لەبەرئەوە، زانیاریی زیاتری لەبارەی بابەتەکەوە هەیە و ئاگەداری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە کە تایبەتن بەو بابەتەی ئەم بایەخی پێ دەدات و لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی ڕادا گفتوگۆ دەکات. بەئاشکرا دیارە، کاریگەریی یەکدی دواندن نێوان تاکەکان لە نێوانگرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە، تا وای لێ دێت، ئەوەی زانیارییەکەی پێ دەگات، دەبێتە سەرکردەی ڕا لە نێو دەوروبەرەکەی خۆیدا. ئا بەم شێوەیە ڕێڕەوەکە چەند قۆناغێک لە خۆی دەگرێ.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە دۆزینەوەی ڕۆڵی سەرەکیی سەرکردەکانی ڕا، هەندێک ڕەنگدانەوەی لە ستراتیجی بۆ یەکدی گێڕانەوەدا دەبێت(٢٨). پێشان لە چوارچێوەی چەمکی دەستەبژێرییانەی سەرکردەکانی ڕادا، کۆمپانیاکان هەوڵیان دەدا خەسڵەتەکانی "بزوێنەران"ی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بقۆزنەوە. کاتێک

کۆمپانیایەکی دیاریکراو بیویستایە بۆنێکی تازە بخاتە بازاڕەوە، سەرەتا بەفراوانی لە نێو دنیای چکۆلەی ئەستێران و ئەو کەسانەی مۆدە دەستنیشان دەکەن بڵاوی دەکردەوە. ڕێکلامەکەی لە کۆواری ڤۆگ (نموونەکە فەرەنساییە _ وەرگێڕ)، بڵاو دەکردەوە، ڤۆگ شانازی بەوەوە دەکات سەکۆی ڕای سەرکردەکانە، نەک لایەنگرانیان. ئاخر خوێنەرانی کۆوارەکە تەنیا ئەوانەن کە "ڕا دروست دەکەن [...]، لەگەڵ مۆدەدان و داهێنەران [...]، جلوبەرگی مۆدێرن بۆ بازاڕگەرمکردن لەبەر دەکەن". ڕاستییەکەی، ئەم چەمکی کاریگەریی ستوونییە، پشت بەهاوشێوەیی یان وێکچوونی کۆمەڵایەتی (التماثل الإجتماعي)، دەبەستێ و کۆمەڵێک بەرهەمی دیار دەگرێتەوە (خوارنەوە ئەلکهولییەکان، کەرەستەکانی جوانکاری، بۆنەکان، ڕێستورانتەکان، شوێنەکانی گەشتیاری.. تد).

ئاژانسەکانی ڕێکلام بڕیاریان دا هیچ هەڵمەتێکی پروپاگندە بۆ بیرەی بەناوبانگی بەلچیکی ئابی دو لیف Abbaye de Laffe بەڕێوە نەبەن، ئاخر ئەو (٢٥٠هەزار فرەنک)ەی تەرخان کرابوو، تەنیا بەشی ڕێکلامێکی ڕەنگاوڕەنگی دوو لاپەڕەی کۆواری ئێکسپرێسی L,Express دەکرد. لە جیاتی ڕێکلام، کۆمپانیاکە چوار بیرەی لە سندووقێکی تەختەی جواندا بۆ هەزاران سەرکردەی ڕا و بزوێنەرە کۆمەڵایەتییەکان نارد، بەو ئومێدەی ئەوانە لای خۆیانەوە یەکسەری بەبیرەکەدا هەڵدەدەن[٦٦].

لە لایەکی دیکەوە، وا دیارە پیشەکاران بەردەوام دەرکیان بەکاریگەریی ڕێنوێنیکارانی شارەزا لە بابەتێکی دیاریکراودا کردووە، بۆ نموونە، سەبارەت بەڕێکتی یاریی تێنس، پاڵەوان، ڕێنیشاندەر یان ڕێنوێنیکاری یاریزانی پیشەوەرە، یاریزانی پیشەوەر، ڕێنوێنیکاری یاریزانی پۆڵێنکراوە، ئەمیش ڕێنوێنیکاری پۆڵێننەکراوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ پایەکان پلەپلەن. بێگومان سیاسەتی بازاڕگەرمکردنی ڕێکتەکانی تێنس، جەخت دەکاتە سەر پلەی ڕێنوێنیکاران بۆ ئەوەی کار لە ئامانجە گەورەکە بکات کە خەڵکەکەیە. ئەم بنەمایە بۆ هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی دیکە ڕاستە. ئەرکی فەرمانبەرانی فرۆشیاری ئەوەیە کەسە هەرە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە بدۆزنەوە و بەلای خۆیاندا ڕایانکێشن.

له ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، ئەو ستراتیجەی سەرکردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێنوێنیکاران دەکاتە ئامانج ستراتیجێکی دیارە. بەڵام چەمکی فراوانی سەرکردەکانی ڕا، بایەخەکە بەئاراستەی کارتێکردن لە هاوڕێیاندا دەبات. ئەگەر هەندێک کەس ویستیان ڕایەک لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە پێک بێنن، ئەوا بابەتەکە لەگەڵ کەسێکدا باس دەکەن کە ڕۆڵی ڕێنوێنیکاریان دەگێڕا. بۆ کارتێکردنیش لە خەڵک، کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن سەرکردەکانی ڕا دیاری بکەن کە دەبنە نێوانگرێکی بنەڕەتی و ڕاستەخۆ زانیاریی دەستنیشانکراویان دەدەنێ و لەو ڕێیەوە دان بەسەرکردایەتییان و ئەو پێداویستییانەی ئەو ڕۆڵە پێویستیەتی، دەنێن. ڕەنگە کۆمپانیای لا ڕێدۆت La Redoute ی تایبەت بەفرۆشتن لە ڕێی نامەوە، باشترین نموونەی ئەو وارە بێت. ئەو کۆمپانیایە پاش ئەوەی لە چەمکی فراوانی سەرکردەکانی ڕا تێ گەیشت، دەستی بەهەمووارکردنی ڕێوشوێنەکانی کرد.

ساڵانی ڕابردوو، کۆمپانیای لا ڕێدۆت وەک "کۆمەڵێک" سەیری "خەڵک"ی (لیستی کڕیارەکانی کۆمپانیاکە پێنج هەزار ناو بوو) دەکرد، پێی وابوو ئەو خەڵکە هیچ ڕایەڵە و پردێکی نێوخۆ کۆیان ناکاتەوە. ئەوەبوو لا ڕێدۆت بەیەک ڕێژە و وەک یەک دنەی یەکدی دواندن و بۆ یەکدی گێڕانەوەی دەدا. بۆ نموونە لە پێرستی کەلوپەلەکاندا "فۆرمی داواکاریی کچانی هاوڕێ"ی تێدا بوو، مەبەست لەم فۆرمە، دنەدانی هەر ئافرەتێک بوو تا باسی فۆرمەکە بۆ ئافرەتانی هاوڕێی بگێڕێتەوە و وا لە یەکێکیان بکات سوود لەو فۆرمە تایبەتە ببینێ.

بەڵام ئەمڕۆ، لا ڕێدۆت سیاسەتی (پەڵە چەورەکە) پەیڕەو دەکات، بەجۆرێک کە چالاکییەکانی دنەدانی گێڕانەوە و دواندن لە سەرکردەکانی ڕادا چڕ دەکاتەوە. دیارە دنەدانی ئەوانەی سەرکردەی ڕا نین، بێ سوودە. لەبەرئەوەی تۆڕی کاریگەریی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ڕێدۆت، بۆیە ناتوانێ فەرامۆشی بکات.

باشە چۆن سەرکردەکانی ڕا دەستنیشان دەکرێن لە کاتێکدا هەمان خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی دەوروبەرەکەیان هەیە؟ ڕاستییەکەی، ڕێگەی یەکەم: فۆرمی خۆناساندنە. لە ڕێی هەندێک پرسیاری فۆرمەکەوە، دەردەکەوێ ئاخۆ ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە خۆیان بەسەرکردەی ڕای دەوروبەرەکەیان دەزانن لە هەندێک بابەتدا یان

نا. بەڵام ڕێگەی دووەم: لە سەلماندنی حاڵەتەکەوە دەست پێ دەکات. ئاخر سەرکردەکان کە بایەخێکی زۆر بەهەندێک بوار دەدەن، حەزیان لێیە وەک بەکاربەرێکی چاکی کۆمپانیاکە دەرکەون:

کڕیارگەلێکن کە زۆر لایەنگری کۆمپانیاکەن.

بڕێکی زۆر لە بەرهەمەکە بەکار دەهێنن.

زۆرترین سوود لە خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی کۆمپانیاکە وەردەگرن.

هەر هێندەی سەرکردەکانی ڕا دەستنیشان کران، دەمودەست کۆمپانیا ڕایەڵەیەکی تایبەتییان لەگەڵدا دروست دەکات. پێشتر ئاماژەمان پێ دا کە کۆمپانیا مامەڵەی لەوانی دیکە زۆرتر لەگەڵ ئەوانەدا ناکات کە بایەخێکی زۆر بەبەرهەمەکانی دەدەن[٧٤]. ئەو کەسانە لە ئەنجامی شارەزایی و ڕۆڵی سەرکرانەیانەوە، لە کۆمپانیا چاوەڕێ دەکەن ڕێڕەو و ڕایەڵەیەکی تایبەتی پێوەندییان لەگەڵدا دروست بکات و ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە پێویستیان بەزانیارییە. بۆ ئەوەی کەسێک زانیارییەکان بگوازێتەوە، دەبێ زانیاریی هەبێت. لە کاتێکدا ستراتیجی پێوەندی و ڕایەڵە دروستکردن لەگەڵ خەڵک، تەنیا بریتییە لە پێشاندانی وێنە و ناوبانگی بەرهەم یان هێما بازرگانییەکە، پێویستە پێوەندییەکان لەگەڵ سەرکردەکانی ڕادا، پڕ زانیاری بێت بۆ ئەوەی سەرکردەکان بۆ نموونە لە ڕێی دەستەبەرکردنی وردەکارییەکی زۆرەوە لەبارەی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانەوە، زیاتر ڕایان لە خۆیان بێت.

بۆ خێراترکردنی ڕێڕەوی (پەڵە چەورەک)ە، کۆمپانیاکانی فرۆشتن لە ڕێی نامەوە (لە دوورەوە)، پێشاندانی تایبەتی بۆ سەرکردەکانی ڕا دەکەن کە پێشاندانی"چاو لێبوون _الرعاية" دەناسرێ. ڕاستت دەوێ، مەبەست لەم ستراتیجە، دنەدانی ئەو ڕۆڵە ڕێنوێنیکارییەیە کە سەرکردەکان دەیگێڕن لە ڕێی ناردنی دیارییەکەوە بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین هەوڵ بدەن تا کار لە دەوروبەرەکەیان بکەن.

زیاد لەوەش، بەرهەمە منداڵانییەکان، تا ئاستێکی زۆر، پشت بەگێڕانەوە و سەرکردەکانی ڕا دەبەستێ. ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا هەن شەکرۆکە و شۆکۆلاتە و یاریی منداڵان بەرهەم دەهێنن بێ ئەوەی ڕێکلام بکەن، چونکە پشت بەو یەکدی دواندن و گێڕانەوەیە دەبەستن کە لە یاریگا و باخچەکانی منداڵاندا بەڕێوە دەچن،

ئەو یاریگایانە سەکۆگەلێکی چاکی یەکدی دواندنن[٧٥]. لە ئاکامدا، بەرهەمەکان وەک خۆڵ بەقوتابخانەکاندا بڵاو دەبنەوە. کۆمپانیاگەلێکی زۆریش بەدوای ڕێگەی تازە بۆ ڕازیکردنی منداڵان دەگەڕێن. ئاخر ڕێکلامەکانی تەلەڤیزیۆن، زۆریان تێ دەچێ و کاریگەرییشیان زوو نامێنێ، ڕۆژنامەکانیش بۆ ئەو ناشێن. بۆیە یانەکان، بەردەوام پێش دەکەون. بۆ نموونە، یانەی باربی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ دامەزراوە بەڵام ئێستا ٣٥٠ هەزار هەڵسوڕاوی ئافرەت (ناشطة)، ئەندامی باربین. ئەم گەشەکردنە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتی "چاو لێبوون"ی کچان دەگەڕێتەوە. هەر کچێک توانیبیەتی کچێکی دیکە ڕاکێشێت، دیارییەکی بووکۆکەی ناوداری باربیی پێشکێش کراوە. لێرەدا ئەو کچە لە نێو دەوروبەریدا ڕۆڵی سەرکردەی ڕا، دەبینێ.

باسی شازدەیەم

## دەنگۆگەلی دارایی

دەنگۆی دارایی لە زەینی خەڵکدا بەداستانێکەوە پێوەستە. دیارە وشەی "دارایی" وا لە هەندێک دەکات مەزەندەی چالاکیگەلێکی یەکسەری بکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی بۆرسە و کارەساتگەلێکی دارایی و زانیاریی تایبەت کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونێکی خێرا. بێگومان، بۆرسە جیهانێکی بچووک و داخراوە و ناتوانرێ بکرێتەوە، مانای وایە جیهانێکی زۆر تەمومژاوییە. جێی سەنجە، دەنگۆی دارایی بەدوو سەرە دنەی مەزەندەکان دەدات. پێشتر بینیمان کە تا چ ئاستێک وشەی "دەنگۆ" بۆنی "ڕەمڵ لێدان"ی لێ دێت. خۆ ئەگەر وشەی "دارایی"یش چووە سەر، دەبێتە شتێکی خەیاڵی.

ڕاستت دەوێ، لە لێکۆڵینەوەی دەنگۆی داراییدا، هەندێک ئاستەنگی تایبەت دێنە پێش وا دەکەن لێکۆڵینەوەکە، هاوکات قورستر و خۆشتریش بێت. لێرەدا دەنگۆکە نێوخۆیی وتێپەڕە، واتە؛ لە گەواڵەهەورێک دەچێ کە خێرا تێ دەپەڕێ. ئەم دەنگۆیە، (لە شوێنی ڕووداوەکەدا) دەگاتە چڵەپۆپە، بڵاو دەبێتەوە و دواجار دادەمرکێتەوە. لێکدانەوەیەکی مێژوویی بۆ دەنگۆ، کارێکی ئەستەمە. زیاد لەوەش دانیشتنێک (دانێک)ی بۆرسەی پاریس دوو سات دەخایەنێ (بەرانبەر حەوت سات لە بۆرسەی نیویۆرک)، ولاتە هیچ دەستەوارەیەک زیاتر لە چەند خولەکێک ناخایەنێ. ئەو کاتیش، کۆمەڵێک دەنگۆی کەمخایەن سەر هەڵدەدەن و هێندە نابات، لە بیر دەچنەوە.

جیا لەوەش، ئەگەر ئامانج قۆستنەوەی بازاڕی دارایی بێت، نابێ هەمووان زانیارییەکە بزانن، ئەگەر نا، زانیارییەکە دەبێتە دەنگۆیەکی دارایی. هەر بۆیە، ئەم شاردنەوە ڕێژەییەی کە بۆ هەر دیاردەیەکی دارایی پێویستە، لانی کەم لە

سەرەتادا، لێکۆڵینەوەی دەنگۆگەلی دارایی ئەستەمتر دەکات.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە بۆرسە یان هەر بازاڕێکی دیکەی پشکەکان، جیهانێکە هەوڵ دەدات عەقڵانی بێت. ئاخر ئەمڕۆ کۆمەڵگەی دارایی لە سۆنگەی تیۆرییە بەناوبانگەکەی "چالاکیی بازاڕەکان"ی کۆلێجی شیکاگۆوە کار دەکات. بەگوێرەی ئەو تیۆرییە، تێکرای بازاڕە داراییەکان خۆیان لەگەڵ نموونەی بالای دیاردەی بازاڕدا دەگونجێنن، واتە؛ هەمووان بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تێلێکس و فاکس و ئاژانسی ڕۆیتەرز و (ئینتەرنێت _ وەرگێڕ) ەوە، بەخێرایی زانیارییەکانیان پێ بگات، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوازێکی لۆگیکی بجووڵێنەوە. بەڵام چەمکی دەنگۆی دارایی، گریمانەی ڕەفتاری نالۆگیکی لە پرۆسێسە داراییەکاندا دێنێتە پێشەوە. هەروەها ئاماژەیەک دەدا کە گوایە زانیارییەکان ناگاتە هەمووان. ڕاستییەکەی، ئەم دوو هۆکارە، لێکۆڵینەوەی دەنگۆ داراییەکان خۆی لە خۆیدا دەکەنە کارێکی بێ سەروبەر.

بەڵام ئەمە، بوونی دیاردەی دەنگۆگەلی دارایی ڕەت ناکاتەوە. تەنانەت ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت Wall Street گۆشەیەکی ڕۆژانەی هەیە بەناونیشانی "ئەو هەواڵانەی لە شەقام گوێمان لێ بووە" Heard on the Street. ئەم گۆشەیە تایبەتە بەو هەواڵانەی لە نێو گرووپە بچووکەکاندا باس دەکرێن. لە فەرەنساش، لە ئەیلوول – سێپتەمبەری١٩٦٧دا، بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەک درا بەناوی لێژنەی مامەڵەکانی بۆرسەوە. ئەرکی سەرەکیی ئەم لێژنەیە، بریتیی بوو لە "چاودێریی ئەو زانیارییانەی بۆ خاوەن پشکە جێگۆڕ (المنقولة)و گشتییەکان دەگوازرێتەوە، هەروەها لەبارەی ئەو کۆمپانیانەی بەئاشکرا داوای دانان (الأدخار) دەکەن، چەک و سەنەدەکانی کۆمپانیاکان، جیا لە چاودێریی باش بەڕێوەچوونی مامەڵەکانی بازاڕی پشکەکان". بەڵام مەبەستی لێژنەکە، مسۆگەرکردنی "ڕێڕەوێکی ئاگالێبوونی گشتگر و کامڵ" لە ڕێی گێڕانی ڕۆڵێکەوە کە لە ڕۆڵی پۆلیسی زانیاری دەچێ و چاودێریی شوێنەوارە تێکدەرەکانی ئەو دەنگۆیانەی سەرچاوەکانیان نازانرێ دەکات.

سەر هەڵدانی دەنگۆگەلی دارایی دیاردەیەکی سروشتییە. ڕاستە لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەم جۆرە دەنگۆیانە، شارەزایان و پسپۆڕانن، بەڵام لێرەدا

دەرککردن بەزانیــارییــەک، بەهـایەکی گـرینگی هـەیە. بۆ نمـوونە دەگـوترێ گـوایە کۆمـپـانیـای بـانکی نێـودەوڵەتیی ڕۆچیـڵـد Rothschild سـامـانێکی زەبەلاحی دەست کـەوت چونکە دامـەزرێنەکـەی بنـەمـاڵـەی ڕۆچیـڵـد یـەکـەمـین کـەس بوون بـەشکسـتی ناپلیـۆنیـان لە شـەڕی واتەرلۆ Waterlooدا زانی. بازاڕەکانی دارایی لەندەنیش، کە بەتایبـەتی ئـەم زانیـارییـەیان پێ گـەشـتبـوو (بڕواشـیـان پێـی بوو)، دەرفـەتیـان هـەبوو ڕێژەیەکی هێندە زۆر سـەنەدات و چەکیـان کڕییـەوە کە لەگـەڵ بڵاوبوونەوەی فـەرمـیی زانیـارییـەکـەدا، ببێـتـە قـەڵەمبـازێکی چۆنایەتیی لە ئـاڵووێری بازاڕدا. بێگومـان ئەم چیرۆکـە، کاریگـەریی دەنگۆ بەرجەسـتـە دەکات با دەنگۆکەش لە داسـتـانێک زیاتر چی دیکە نەبێت. دەمێک مـامـەڵەچییەکـانی بۆرسە لە جووڵە داراییـیـەکانی مامەڵەچییەکی دیکە ورد دەبنەوە، دەمـودەست پرسیار دەکـەن، ئەو کاتەش، دیارەیەکی تەمـومژاوی و باڵکێش، پەیدا دەبێت، لێـرەدا دەنگۆ دێتــە سـەر هێـڵـەکـە تا مـانـایـەک بەدیاردەکـە ببـەخشێ. بەڵام لە بەردەم شـارەزایانی بازاڕدا، هێندە نابات تەمـومژەکە دەرەوێتەوە و ڕوون دەبێـتـەوە و دەبێـتە هـۆکاری بزاوێکی چڕوپڕی بۆرسـە یان وەسـتـانی بەیەکدا هـاتنی بازاڕەکە (وقف حال البلبلة). شایانی باسە، گرینگیی بازاڕی دارایی لەوەدایە پێش خــەڵکی دیکە دەرک بەداهـاتوو بکـەیت. هـەر بۆیـە، دەنگۆ ســەرەنجــامــێکی سروشتیی ئەم ئاڵۆزییە بەردەوامەیە.

ئێـمـە کـاتێک کـۆڵینـەوە لە دەنگۆ داراییـیـەکـان دەکـەین، دەبێ بـەتەواوی بازاڕی کەرەسـتەی خـاو و بازاڕی باوی بۆرسـە جیا بکەینەوە. لە بازاڕی یەکەمـدا، نموونەی کەرەستـە خـاوە باوەکان وەردەگرین، دروست نموونە بەناوبانگەکـەی شـەکر. هـەروەها بازاڕەکـانی گۆڕینەوەی دراو. ئەوەی ئەم بازاڕانـە لە بۆرسـە (پشکەکـان، سـەنەدگـەل) جیا دەکاتەوە، بەرانبەرێنیی نێوان بوون و داواکارییە (المواجهة بين العرض و الطلب) سـەبارەت بەکـەرەسـتـە خـاوەکـانی (شـەکر، زێڕ، دراو)ە. بەرانبـەر بەوە، پشک، تەنیـا پشـت بـەبزاوی ئـابـووریی گـرووپێک یـان کـۆمـپـانیـایـەک دەبەسـتێ. هـەر بـۆ زانین، بازاڕەکـانی کـەرەستـە بنـەڕەتییـەکان (کـەرەسـتـەی خـاو) یان بازاڕەکـانی گـۆڕینەوەی دراو، لەسـەر مـامـەڵە و ئاڵوویر وەسـتـاوە[٣٠]. زیاد لەوەش، ئاڵوگـۆڕی زانیـاریی ئەو بازاڕانە لـە ئاسـتێکی جیـهـانیـدایە، کـەچی ئێـمـە نابینین بازاڕێکی جیـهـانی بۆ پشکەکانی کۆمپانیای مۆیت هینیسی Moet Hennessy لە ئارادا بێت.

## کەرەستە خاوەکان و دۆلار: دەنگۆکان بەگوڕ سەرهەڵدەدەن

### قەیرانی شەکری ساڵی ١٩٧٤

ساڵی ١٩٦٨، نرخی مامناوەندی تۆنێک شەکر٢٠٠ فرەنکی فەرەنسایی بوو. بەڵام وردە وردە بەرز بووەوە تا ساڵی ١٩٧٣ گەیشتە ١٠٠٠ فرەنک، سەرەتای، ١٩٧٤ گەیشتە ١٦٥٠ فرەنک. تا لە ٢٢ی تشرینی دووەم – نۆڤێمبەری١٩٧٤دا، شەکر گەیشتە لوتکە و تۆنێکی بەهەشت هەزار و سەد و پەنجا فرەنک فرۆشرا[١٣٨].

ڕاستییەکەی، ئەو بەرزبوونەوەیە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە. سەرەتا لە بازاڕی شەکردا ناهاوسەنگییەکی ڕیشەیی نێوان بەرهەمهێنان و بەکارهێنان هەیە. ساڵی ١٩٧٤، شارەزایان ڕەشبینییەکی پێشوەختەیان سەبارەت بەبەروبوومی ئەو ساڵەی شەکر دەربڕی، گوتیشیان ناهاوسەنگییەکە خراپتریش دەبێت. ئەم پێشبینییانە لەگەڵ دەنگۆگەلێکدا لەبارەی ڕەفتاری چەند وڵاتێکەوە، یەکانگیر بوون، بەتایبەتی ڕاگرتنی فرۆشیارییەکانی فلیپین و زۆربوونی کڕیارییەکانی ئەمریکا و ژاپۆن و یەکیەتیی سۆڤیەت (پێشوو). دیارە ئەم پێشبینیی و دەنگۆیانە، ئاڵووێرێکی گەورە و پەلەپرووزەی مامەڵەچییانی سەرەڕۆی بازاڕی پاریسی لێ کەوتەوە و بێگومان بووە هۆکاری بەرزبوونەوەیەکی زۆری نرخەکانیش. بەرانبەر بەم بزاوە، هەندێک بەرهەمهێن هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانییان ڕێک خست کە گوایە شەکر لە بازاڕەکاندا کەم دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا (ئەو کات) نرخێکی بەرزتریان بۆ دیاری بکات. دوا هۆکاریش، دروست لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم – نۆڤێمبەری١٩٧٤دا، حکوومەتی پۆڵۆنیا قەدەغەیەکی ئابووریی لەسەر ١٢٠هەزار تۆن شەکر دانا. ئەڵبەت، یەکانگیربوونی ئەم هۆکارانە، واتە؛ پێشبینییەکان، هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەکە، دەنگۆکان، بەرزبوونەوەی نرخەکان و هەڵسوکەوتی دەوڵەتان، زەمینەی بەرزبوونەوەیەکی لە ڕادەبەدەری نرخەکانیان ساز کرد، بەرزبوونەوەیەک کە بووە نیشانەی ڕادەستبوونی (تسلیم) عەقڵانیبوون بەخەون و خەیاڵ کە برەوێکی یەکجار زۆریان سەندبوو.

لە بیست و دووی تشرینی دووەم – نۆڤێمبەردا، کۆدەتایەک لە بازاڕی شەکردا

ڕووی دا. چونکە مەحاڵ بوو نرخی شەکر بێ بنمیچێک هەر بەرز بێتەوە، بۆیە زۆر لایەنی پێوەندار کەوتنەخۆ بۆ زیادکردنی ماڵە ئەمبارکراوەکەیان. ڕاستییەکەی، هەستکردن بەوەی بڕە شەکرێکی زۆر کەڵەکە بووە، دەنگۆگەلێکی هۆشیارکردنەوەی بەهەمووان دا: هەرچی زووترە شەکری ئەمبارکراو بفرۆشنەوە، تا قازانجێکیان دەست بکەوێت. ئەمەش بووە سەرەتای هەرەسهێنان. ئەوەبوو ڕۆژی دووی کانوونی یەکەم – دیسێمبەر، نرخی تۆنێک شەکر بۆ ٦٢٠٠ فرەنک دابەزی. لە پازدەی شوبات – فبرایەری١٩٧٥دا هاتە سەر ٤٢٠٠ فرەنک. تا ڕۆژی هەژدەی هەمان مانگ تۆنێک شەکر لە پاریس، ١٥٣٠ فرەنک زیاتری نەدەکرد.

ئەوەی لێرەدا دەبێ سەبارەت بەڕایەڵەی نێوان ئەم تەنگژەیە و دەنگۆ، هەڵوەستەی لە ئاستدا بکەین، برێتییە لەوەی دەنگۆگەل پێش بەرزبوونەوەی نرخەکان کردی: بەگوڕکردنی ئاڵوێری نێو بازاڕەکان. جێی سەرنجە، دەنگۆکان خۆشیان، پریشکێکیان لەو هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییانە بەر کەوت کە بەرهەمهێنان بەرپایان کرد. بەڵام ئەو کۆدەتایەی لە بیست و دووی تشرینی دووەم – نۆڤێمبەردا ڕووی دا، برێتی بوو لە هەرەسێکی دارایی کە سەرنجی پێوەندارانی بۆ بزاوی ئاڵوێر ڕاکێشا، قازانجی خۆیان دەکەن و دوایی دەست بەفرۆشتنەوە دەکەنەوە. کەواتە، دەنگۆکان، ڕەنگدانەوەی تۆقینی ئەوانەیە کە لە زیان دەترسێن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، دەنگۆگەل بایەخێکی زۆری لە کەشوهەوای تۆقاندندا هەیە. ڕاستت دەوێ، دەنگۆ لە هەلومەرجێکی وادا دەگاتە کۆ (لوتکە). ئاخر لایەنە پێوەندارەکان نازانن دەست بەچییەوە بگرن بۆ ئەوەی قوتاریان بێت، لە بەرانبەر هەر دەنگۆیەکدا، زۆر هەستیار دەبن، دەنگۆکە چەند سەیریش بێت. بۆیە لەو کاتەدا پشت بەزانیارییەکانی خۆیان دەبەستن نەک هەڵکەوتەگەلێک کە بتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ[٢، ٨٣].

## کاریگەریی سەرۆک ڕیگن بۆ سەر شەکر

هەفتەی دووەمی مانگی ئادار – مارسی١٩٨٥، نرخەکان لە بازاڕی نیویۆرک زۆر بەرز بوونەوە. ئەوێ ڕۆژێ، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە سەری مانگ، تاریفەی گومرگی شەکر هیچ زیاد ناکرێ وەک پێشبینیی دەکرێ، تەنانەت حکوومەتی ئەمریکا بیر لە لابردنی یەکجاریی ئەو تاریفە بەرزە لە بنەڕەتدا دەکاتەوە،

بەشێوەیەک کە ڕەنگە زیان بەپیشەسازیی شەکر بگەیەنێت.

سەرچاوەی ئەم دەنگۆیە: فەرمانبەرێکی حکوومەت ئەم نهێنییەی لای نوێنەرێکی گەشتیاران درکاند بوو. دەنگۆکە، زادەی "زانراوەیەک" بوو سەبارەت بەهەڵبەزودابەزی نرخی شەکر کە ئاژانسی ڕۆیتەرز پاش چەند ڕۆژێک بڵاوی کردەوە(ئەڵبەت بەشێوازێکی گریمانەیی). ئەودەمە، دەنگۆکە بووە فەرمیی، لە کاتێکدا پێش چەند ڕۆژێک لە بازاڕدا بڵاو بووبووەوە.

## فڕۆکەیەکی چینی برەو بەدۆلار دەداتەوە

پاش چەند ڕۆژێک لە دابەزینی توندی نرخی دۆلار بۆ ٦,٧ فرەنکی فەرەنسایی، سەرلەبەیانیی بیستویەکی شوبات – فبرایەری ١٩٨٦، لە تێکڕای بازاڕەکاندا دۆلار هەستایەوە. سەرچاوەی ئەم بەرزبوونەوەیە، ئاڵۆزییەکی لە ناکاوی بازاڕی تۆکیۆ بوو. پەیامنێری ئاژانسێکی دەنگوباس ڕای گەیاند، فڕۆکەیەک کە لە باکوورەوە هاتبوو، ئاسمانی کۆریای باشووری بەزاندووە. دیارە، ئەم ڕووداوە هەمووانی خستە ئەوپەڕی ئامادەباشییەوە. لەو دەمەدا، مامەڵەچییان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، دەستیان بەدۆلارکڕین کرد. دوایی دەرکەوت فڕۆکەکە چەند سەربازێکی چینیی تێدا بووە کە ویستویانە هەڵێن. وێڕای ئەوەی دەنگۆکە تەنیا چەند ساتێکی خایاند، بەڵام کاریگەرییەکانی گەیشتە چەندین سەنتەری دیکەی دارایی.

## دەنگۆگەلێک، هەڵە بوو بڕوایان پێ نەکرێ

ساڵی ١٩٧٤: یەکیەتیی سۆڤیەت (پێشوو) ساڵانێکە لەو وڵاتانەیە شەکر دەنێرنە دەرەوە. بەڵام دەنگۆیەک لە پاریس بڵاوبووەوە، گوایە فەرمانبەرێکی فەرمیی یەکیەتیی سۆڤیەت چووەتە کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا (ئەم کۆمەڵەیەش شەکر دەنێرێتە دەرەوە) بۆ ئەوەی لە بارەی کڕینی بڕێکی زۆر شەکرەوە، گفتوگۆ بکات. دەمودەست، دەنگۆکە وەک نیشانەیەکی دابەزینی بەرهەمی ئەو ساڵەی شەکر لە یەکیەتیی سۆڤیەت و زۆربوونی داواکاری، لێک درایەوە. بەپشتبەستن بەهەلومەرجی بازرگانیی پێشتری یەکیەتیی سۆڤیەت، یەک ژووری بازرگانیی ئەوروپا بڕوای

بەدەنگۆکە نەکرد. لەبەرئەوە، نرخی شەکر وەک خۆی مایەوە. بەڵام بڕوا پێنەکردنی دەنگۆکە هەڵەیەکی گەورە بوو. ئاخر لە دوای ساڵی ١٩٧٤ەوە، یەکیەتیی سۆڤیەت، شەکری لە دەرەوە دەهێنا، سەرەڕای ئەوەی دەنگۆکە ناباو بوو، بەفراوانی بڵاو بووەوە، بەڵام هەر جێی بڕوا نەبوو، بۆیە هیچ شوێنەوارێکی جێ نەهێشت. ئەو کات، لە سایەی نەبوونی زانیاریی ورد لە بارەی ئاستی نهێنیی بەروبوومی سۆڤیەتەوە، پێگەی یەکیەتیی سۆڤیەت وەک سەرچاوەیەکی شەکر، هەموو گریمانەیەکی پێچەوانەی ڕەت دەکردەوە.

لە کانوونی دووەم – یۆنایەری ١٩٨٥یشدا، نرخی دۆلار وا بەرز بووەوە، تێکڕای ڕیکۆردەکانی شکاند، ١٠ فرەنکی فەرنسایی و ٣.٤٥ مارکی ئەڵمانیایی تێ پەڕاند. لە شوبات – فبرایەری هەمان ساڵدا، دۆلار پاش ئەوەی هەفتەیەک بەردەوام هەر بەرز دەبووەوە، گەیشتە ١٠.٧٠ فرەنکی فەرەنسایی. ئەو کات، لە نێو دراوگۆڕەواندا (الصرافین) دەنگۆگەلێک سەری هەڵدا گوایە چەند بانکێکی سەنترالی ئەوروپایی بەنیازن بۆ ڕاگرتنی دابەزینی دراوە نیشتیمانییەکانیان، دەخاڵەت بکەن. بەڵام دەنگۆکان تەنیا بەرزبوونەوەکەی دۆلاریان کەمێک خاو کردەوە و هیچی دیکە. ئاخر سەرلەبەری دراوگۆڕەوەکان لە تێکڕای بازاڕەکانی گۆڕینەوەی دراودا لە ئەوروپا، بڕوایان بەدەنگۆی دەخاڵەتی بانکە سەنترالەکان نەکرد. پاساوەکەشیان ئەوە بوو، پێش چەند ساڵێکیش هەمان دەنگۆ بڵاو بووەوە بێ ئەوەی کاریگەرییەکی هەبێت، جیا لەوەی دەخاڵەتی بانکەکانیش بەڕاستی ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت (لەوانە بۆ نموونە چەند جارێک بانکی ناوەندیی فەرەنسا نەیتوانیوە ڕێ لە دابەزینی فرەنک بگرێ).

بەڵام لە بیستی شوبات – فبرایەری ساڵی ١٩٨٥دا، دراوگۆڕەوان بەچاوی خۆیان وەستانی لە ناکاوی بەرزبوونەوەی دۆلاریان بینی، دواتر دابەزینێکی کەمیش. دەرکەوت بەهۆی دەخاڵەتی هەندێک بانکی ناوەندییەوە دۆلارێکی یەکجار زۆر خراوەتە بازاڕەوە. دیسان لێرەشدا، دراوگۆڕەوان سەرچیخ چوون و خەمڵاندنەکانیان سەبارەت بەگریمانەگەلێکی ناواقیعی وا دەرنەچوو، ئەوەبوو بڕوایان بەدەنگۆکە نەکرد.

## بازاڕە داراییەکان: گۆڕەپانێکی لەباری دەنگۆگەڵ

ئەم نموونانەی کەرەستە خاوەکان و ئاڵوگۆڕی دراو، دەرفەت دەداتە مرۆڤ لە هۆکارەکانی هەستیاریی بازاڕەکان بەرانبەر دەنگۆگەڵ، تێ بگات.

ژمارەی پێوەنداران سنووردارن، ئەوانە برێتین لە بازاڕی شەکری نیویۆرک کە شەش ژووری بازرگانیی گەورەن، خاوەن پاڵاوتگەکان، دامەزراوە داراییەکان و مامەڵەچییانی بازاڕ (مضاربي السوق)، کە زۆربەیان دەزگای تایبەتیان هەیە. لە ئەنجامدا، هەر دەستەوارەیەک کە لە نێو ئەم کۆمەڵگە بەرێژە بچووکەدا تەواو دەبێت، دەمودەست لایەن و کەسەکان و نێوانگرەکان دەناسرێن. ڕاستت دەوێ، ئەم ژینگەیە دەرفەتێکی چاک دەداتە دەنگۆ تا بەخێرایی بڵاو بێتەوە، چونکە جەماوەری دەنگۆکە، سنووردارن و بەردەوامیش ئاگایان لە یەکدییە.

نێوانگرەکانی (وسطاء) هەر بازاڕێکی دارایی، تەکنیکارن، واتە زۆر باش شارەزای بازاڕن و لە کەرەستەیەکی دیاریکراودا پسپۆڕن. زیاد لەوەش، لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا تا دەست هەڵبڕی ڕاستگۆن، چونکە پسپۆڕی بوارەکەی خۆیانن. بێگومان ئەم ڕاستگۆیییەیان وای کردووە، ئەو دەنگۆیانەی دەیگوازنەوە تا ئاستێک بچنە عەقڵەوە، جیا لەوەی دەبنە ڕێگر لە بەردەم دەنگۆ خەیاڵییەکاندا. لەو بازاڕانەدا، هەموو زانیارییەک جێی بڕوا نییە.

لە بازاڕی داراییدا، کات، بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە. ئاخر بەهۆی ڕکابەریی بازاڕ و خێراییی ڕاییکردنی دەستەوارەکانەوە، بازرگان ملکەچی کاتە. شایانی باسە "تەنگژە"، خەسڵەتێکی بنەڕەتیی چالاکییەکانی بۆرسەیە[١٢٠]. ڕاستییەکەی، کاتێک تەنگژە جۆرێک لە هەڵچوون و ئاڵۆزی دەخاتە بازاڕەوە، جیا لە نیگەرانی و ماندووکردنی مامەڵەچییان، زەمینەی سەرهەڵدانی دەنگۆگەلێکی زۆریش ساز دەکات. ئەگەرچی وەبەرهێنەرانی نێو بۆرسە، دەیانەوێ هەمیشە ژیرانە و بەمتمانەوە هەڵسوکەوت بکەن، لێ تەنیا دوو ساتیان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ڕەنگە لە دانە گەرمەکانی (الجلسات الحامية) بازاڕدا دوو سات کەمتریش بێت. بۆیە، ئەو کاتەیان نییە لە سەرچاوەی زانراوەکە بکۆڵنەوە و بزانن چەند ڕاستە و پرسیار لە دەیان فەرمانبەر و پسپۆڕان بکەن. کەواتە هیچ چار نییە دەبێ خێرا بێ



عەبدولڕەزاق عەلی (٢١٧)

دوودڵی بجـووڵێن. بێگومـان زۆربەی ئەو وەبەرهێنانە دەزانن کـە ئـاگـەداری هـەمـوو زانیـارییـەکـان نین. هـەر بۆیە، ئەو خـێرایییـەی بـڕیاردان پێویستیـەتی، تینـویەتیی مامەڵەچییان بۆ زانیاریی (دەنگۆگەلیش) زیاتر دەکات.

بە پێـچـەوانەی زۆربەی دەنگـۆکـانەوە، هـەر دەنگۆیەکی دارایی سـەرەڕۆییـیـەکی تێدایە. ئاخر کارکردن بەگوێرەی زانیارییەکی کۆنترۆڵنەکراو، هەر هەڵەیەک، دەرفەت بۆ کـۆمـەڵێک ئـەنجـامـی نەرێنی خـراپ دەڕەخـسـێنێ. بەڵام نەجـووڵانیش هـەر سـەرەڕۆییـیـە، ئەگەر دەرچوو دەنگۆکە بنەمایەکی ڕاستی هەیە. ئەو بڕە پارانەی لە بازاڕە داراییـیەکاندا وەبەردەهێنرێن، هێندە زەبەلاحن، بواری سـووک سـەرنجدانی (الإستخفاف) هیچ زانیارییەک ناهێڵێتەوە. بۆیە ئەو بازرگان یان نێوانگرەی دواجار بڕیاری فـرۆشتن یان کـڕین دەدات، دەزانێ چۆن گیـرۆدە دەبێت، ئەگـەر دەنگۆکـە ڕاست بوو یان نا، لەو کاتەدا کاریگەریی دەنگۆ گرێدای هەڵوێستی پێوەندارانی هـەر سـەرەڕۆییـیەک دەبێت[٧٣].

لە بازاڕی کـەرەسـتـە خـاوەکـاندا، ئەو سـەرەڕۆییـیەی نێوانگر یان مـامـەڵەچییـەک دەیکات نـەک هـەر لە ئاسـتـی داراییـدا ، بگرە لە ئاسـتـی کـەسـێنیـشـدا، زۆر گـران ڕادەوەسـتـێ (لەسـەر ناوبانگی پیـشـەیی دەکـەوێ). دیارە دەنگۆ بۆ نێـوانـگران، ئامـرازێک (یان پاسـاوێک)ی کـاریگەرە لە پێناو سنووردارکـردنی مـەترسـیی سـەرەڕۆییـیەکان، بەتایبەتی کاتێک مەسـەلەکان تەواو ڕوون نین (هەلپەرستی لە نێو بازاڕدا، ڕوونەدانی شتی تازە، زانیارییە فـەرمییـەکان دەگمەن بن). نەبووەتە باویش پرسـیـاری سـەرچاوەی زانیـارییـەکان لە نێوانگران بکرێ، چونکە کـات بـەدەسـتـەوە نیـیـە. هـەر بوونی دەنگۆ بۆ خـۆی بەسـە. نێـوانگرەکـە بەشـێـوەیەکی لۆگـیـکی لێکۆڵینەوەی دەنگۆکە دەکات، گرەوی لەسـەر دەکات، دواتر، مـەرجـە داراییـیـەکان، دەنگۆکە دەکەن گرەوێک یان بلیتێکی تیروپشک، دەردەچێ یان دەدۆڕێ.

ڕاستییـەکەی، پارێز (الحذر) فـاکتـەرێکی بـالادەستی بازاڕی کـەرەسـتـە خـاوەکـانە. بەڵام لە بۆرسـەدا، هـەمـووان چاک دەزانن، دەسکەوتی زۆر، پێویـسـتـی بـەسـەرەڕۆیی هـەیە. تـوێژینەوەکـان دەری دەخـەن، تا دەسـتـکەوتە پێـشـبـینیکراوەکـان زیاتر بن، وەبەرهێـنەران لە مـەزەندەکـانی قـازانجکردندا، زێدەڕۆیی دەکـەن. جـێی سـەرنجـە،

هەمان دیاردە لە نێو ئەوانەشدا بەربڵاوە کە بلیتەکانی تیروپشک دەکڕن. تا بەهای خەڵاتەکە بەرزتر بێت، ئۆمێدی بردنەوەیان لا زۆرترە.

لە بازاڕە داراییەکاندا، بڕیارەکان پڕن لە زانیاری هاوزەمان شتێک و دژبەرەکەشی. خۆ ئەگەر زانیمان یەک لە هۆکارەکانی دەنگۆ، کەمیی زانیارییەکانە، پێچەوانەکەشی هەر تەواوە. ئەگەر زانیارییەکان بەلێشاو بن، باشە بڕوا بەکامەیان بکەین؟ بڕوا بەزانیارییەکی تەواو ڕاست بکەین یان زانیارییەکی ئەرێنی؟ ئەدی لە قۆناغی بڕیارداندا، پشت بەکام ڕەگەز ببەستین ئەو ڕەگەزە نەبێت کە بیربۆچوونە کەسێنییەکانمان دەسەلمێنن، وەک دەنگۆگەل؟

## لە بۆرسەدا

ڕۆژانە، بریکارانی دراو لە دەوری سەکۆکە گرد دەبنەوە و هەریەکەیان سەرقاڵی هەرچی زیادکردنی دەستکەوتەکانیەتی. لەم ڕێڕەودا کە مەترسییەکانی لە بازاڕی کەرەستە خاوەکان کەمترن، هەر بریکارە و خەریکی هەڵڕشتنی زانیاریگەلێکە کە پێویستە بەنهێنی بمێننەوە، ئەگەرچی هێندە نابات هەر بڵاو دەبنەوە، لێرەدا مەبەست، دەنگۆکانی بۆرسەیە. ڕاستت دەوێ، ئەم دەنگۆیانە ئاساین، بەتایبەتی دەرککردنێکی وردی پێشهاتەکان، واتە؛ قۆستنەوەی هەر هەلێکی ڕەخساو، بەردەوام پێویستی بەزانیارییە. بێگومان دەنگۆکان بەشێک لەم پێداویستییە دەستەبەر دەکەن بەڵام ڕەنگە هەندێک کەس حەزیان لە مانەوە یان خولقاندنی دەنگۆگەل بێت. ئیدی دەنگۆ، لە فێڵبازیی کەسانێکەوە سەرهەڵدەدا کە لە پێناو جێگیرکردنی نرخێکدا، دەنگۆکان بڵاو دەکەنەوە.

### زانیاریگەلێکی دواکەوتوو "المعلومات المتأخرة"

جاری وا هەیە[٦٢]، دەنگۆ، لە ڕووداوێکەوە سەر هەڵدەدا بەدەرە لە ئیرادەی پێوەندارانی بازاڕە داراییەکە. لە بیست و هەشتی ئەیلوول – سێپتەمبەری ١٩٨٥دا بۆ نموونە، کۆمپانیای کلۆز Clause بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی کارگێڕی حسابەکانی خۆی داخست و خستنەسەر _ سوود (فائدە)ێکی جێگیر کرد کە بەڕێژەی لە سەدا ٢٥ بەرز دەبێتەوە. لە چواری تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری هەمان

ساڵیشدا، بەنووسراوێک کە بۆ ڕۆژنامەکانیش نێردرا، پشکدارانی لە ئەگەری زیادبوونی قازانجی پشکەکان ئاگەدار کردەوە. بەڵام بەهۆی کۆمەڵە مانگرتنێکەوە کە کاری بنکەکانی پۆستی تێک دا، نووسراوەکە – نامەکە لە کاتی خۆیدا نەگەیشتە پشکداران. ئیدی خەڵکەکە چاوەڕێیان کرد تا لە دەی تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەر، ژمارەگەلێکی هەڵە لە کۆوارێکی هەفتانەدا بڵاو بووەوە. هەر خێرا چەندین دەنگۆی درۆ لە بارەی بەهای پشکەکانەوە سەریان هەڵدا. هەرچەندە لێژنەی بۆرسە هەوڵی ڕێگرتنی دەنگۆکانی دا، داوای لە کۆمپانیاکە کرد ڕوونکردنەوەیەک بدات. بەڵام ڕوونکردنەوەکە تا بیست و هەشتی مانگ بڵاو نەکرایەوە. هەر ئەمەش پاڵی نا بەلێژنەی بۆرسەوە، لە ڕاپۆرتێکدا ئەم جۆرە ڕەفتارانە سەرکۆنە بکات. جا مەسەلەکە پێوەندیی بەڕاگەیاندنی ئەنجامە گرینگەکانەوە هەبێت وەک ئەوەی کۆمپانیای ڕۆسێل ئۆکلاف Roussel-Uclaf ڕۆژی هەینی ٦ی نیسان – ئەپریلی١٩٨٤ ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی کۆبووەوە و چاوەڕێی کرد تا ڕۆژی سێشەممە لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا زیادەیەکی گرینگی قازانجەکانی بڵاو کردەوە. یان وەک کۆمپانیای Maisons Phinix کە زیانەکانی خۆی ڕاگەیاند، هەر کامێکیان بێت، نابێت ئەو مەسەلەی دوا بکەوێت، چونکە دواکەوتن دەرفەت دەڕەخسێنی "ئاگەداران کاری لەسەر بکەن". ئەو کەسانەی ئاگەدارن کۆمپانیایەک قازانجەکانی دابەش دەکات، ئەو زانیارییە دەقۆزنەوە و دەست بەکڕینی سەنەدگەل و پشک دەکەن لەو کاتانەدا کە بەهای پشکەکان لە خوارە. لەوانەشە ئەم جۆرە زانیارییانە لە ڕێی دەنگۆوە دزە بکەن.

## هاوئاهەنگی لە کۆمپانیادا

دوای ئەوەی کۆمپانیاکە ماوەیەکی زۆر سیستمی کارگێڕیی جیاکردنەوەی فەرمانبەرانی پەیڕەو دەکرد، گەڕایەوە بۆ سەر سیستمی هاوئاهەنگی. ئەو کات، بەڕێوەبەران کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ کارمەندان زۆرتر و فراوانتر کرد بۆ ئەوەی لە چۆنیەتیی کارەکانی کۆمپانیا ئاگەداریان بکەنەوە. لە تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری ١٩٨٣دا، لێژنەی بۆرسە لە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیدا ڕوونی کردەوە، ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بەچالاکییە پێشبینینەکراوەکانی بۆرسەی پشکەکان SCOA

کردوونی، دەریان خستووە ئەو بزاڤە هاودەم بووە لەگەڵ کۆبوونەوەیەکی دووسەد کەسی کارمەندانی کۆمپانیاکە کە لە نۆی ئەیلوولدا گرێ دراوە. لەم کۆبوونەوەیەدا، کارگێڕی ئەو ئاراستانەی دیاری کرد کە بۆ گەیشتن بەباشترین ئەنجام پێویستن لە ساڵی داراییدا کە لە ٣٠ی ئەیلوول – سێپتێمبەردا کۆتایی دێت، وا دیارە ئەو زانیارییانەی کارمەندان بۆ یەکدیان گێڕایەوە، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی دەنگۆگەلێک لە نێو بۆرسەدا، ئەمەش دەرفەتی بەخۆکەوتنی بۆ هەمووان ڕەخساند تەنانەت پێش بڵاوکردنەوەی ئەنجامە فەرمییەکان.

## کەشوهەواکە نیشانەی زیادکردنێکی کڕینە

لەو کاتەوە کە مەسەلەی bsn-Saint-Gobain دەنگی دایەوە، خەڵک لە پرنسیپی زیادکردنی کڕین تێ دەگات کە برێتییە لە دەستبەسەراگرتنی کۆمپانیایەک لە ڕێی شۆکێکەوە (صدمة). شایانی باسە، ئەم ڕێگەیە، لە ئەمریکا کاری پێ دەکرێ و هەر ئەوەندە دەزانرێ دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە گوایە فڵانە کۆمپانیا دەخرێتە مەزادەوە. ڕاستییەکەی، تێکڕای شارەزایان سروشتی نموونەیی ئەو کۆمپانیانە دەزانن. ئەو کۆمپانیایانەن کە پشکەکانیان لە بەهای خۆیان کەمتر دەخەمڵێنرێن، جیا لەوەی تەواوی توانا داراییەکانی خۆی ناخاتە گەڕ. هێندە بەسە بزاڤێکی نائاسایی لە بازاڕی پشکەکەکاندا ببێت بۆ ئەوەی دەنگۆ هەستێ و ناوی یەکێک لە "هەڵمەتبەران" دەکەوێتە ناوناوانەوە. هەڵمەتبەر ئەو کەسەیە چاوی لە کۆمپانیاکە بڕیوە و دەیەوێ وردە وردە پشکەکانی بکڕێ. دواتر، ئەو کەسە ناوی خۆی ئاشکرا دەکات و پێشنیازی پشکەکانی پشکداران دەکات. بێگومان مەبەستی کڕینی ڕێژەیەکی ئەوتۆی سەدیی کۆمپانیاکەیە کە بتوانێ ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆن لا بدات. وا دیارە ئەم دەنگۆیانە، پەیامێکی تۆقێنەرە بۆ بەڕێوەبەران، چونکە مانای وایە کەسێک دەیەوێ سەری سەرەوەیان لێ بگرێ.

بەرانبەر بەوە، لەوانەیە هەندێک بەرژەوەندییان لە پاڵپشتیی دەنگۆیەکدا بێت کە باس لە فرۆشتنی کۆمپانیاکە دەکات بۆ ئەوەی بەهای پشکەکان وەک خۆی بمێنێتەوە. بۆ نموونە، لە سەرەتای مانگی ١٩٨٥ەوە، هەموو وۆڵ ستریت دەیزانی کۆمپانیای زانیاری و کەرەستەی گەشتی ئاسمانیی "سپێری" Sperry، لە کڕیارێک

دەگەڕێ. زۆر جاران دەنگۆ کڕیارێک دەدۆزێتەوە کە بریتییە لە کۆمپانیایەکی دیکە، ئەو کۆمپانیایە دەیەوێ چالاکییەکانی جۆراوجۆر بکات. لەو کاتەدا بەهای پشکەکان هەڵدەستنەوە. ڕەنگە بەرزبوونەوەی بەهای پشکەکان، هاندەری ڕاستەقینەی دەنگۆکە بێت.

هەر ئەمەش بوو کە لە تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری ١٩٨٥دا لە بۆرسەی پاریس ڕووی دا. ئەوەبو هەمووان لە دەوری سەکۆکە گرد بووبوونەوە و بەگوێی یەکیاندا دەچرپاند کە گوایە کۆمپانیایەکی زەبەلاحی جیهانی (کۆکا کۆلا) دەیەوێ یەکیەتیی داستانییانەی سیمبولّی ئەمریکا و خواردنەوەی نیشتیمانی، واتە؛ گرووپی پیرنۆ ڕیکارد Pernod-Ricard، بکڕێ.

ئەوەندەی نەبرد، ئەم دەنگۆیە بڵاو، بووەوە، ڕۆژنامە ئابووری و داراییەکان گواستیانەوە، هەندێک هاوولاتیش. بێگومان هەندێک هەڵکەوتەش، هێندەی دیکە برەویان بەدەنگۆکە دا.

گرووپی پێرنۆ ڕیکارد، سەرقاڵی پێشخستنی هەندێک لە بەرهەمە بێ ئەلکهوولییەکانی بوو، لە پێناو چاکترکردنی ناوبانگی خۆی لە بازاڕدا. ئەوێ ڕۆژێ، بەرهەمە بێ ئەلکهوولییەکانی، ڕێژەی لە سەدا ٤٠ی فرۆشیارییەکانی بوو. کەرتی خواردنەوە بێ ئەلکهوولەکانیش هێندەی ئەلکهوولییەکان قازانج ناکەن. دواتر، بۆیە هەر بۆ خۆی فراوانکردنی ئەو کەرتە سەرەڕۆیییەکی دارایی تێدایە.

پاش کەوتنەبازاڕی "پاسیفیک" Pacific (خواردنەوەیەکی بێ ئەلکهوولە) و "بروت دو پۆم" Brut de pomme، کۆمپانیاکە ئەنجامەکانی قازانجی هەردوو بەرهەمەکەی شاردەوە. ئەو شاردنەوەیە، لەوانەیە لە کاتی ئاساییدا ڕێوشوێنێکی گونجا بوو بێت، بەڵام بۆ ئەو کاتە بەکەڵک نەدەهات. ئاخر وەبەرهێنان دەیانویست ئەنجامەکان بزانن.

کۆواری Expansion ئاماژەی بەوە دا کە گرووپی پێرنۆ ڕیکارد خاوەنی باشترین هەڵسوڕان (أداء) بووە لە ساڵ ١٩٨٣دا. وەک باوە کە کۆمپانیایەک یەکەم دەبێت، دەبێتە جێگەی بایەخی پسپۆڕان بەشێوەیەک بچووکترین جووڵە بکات وەک نیشانەیەکی پاشەکشە لێک دەدرێتەوە.

ڕاستییەکەی، گرووپەکە ساڵی ١٩٨٤ پاشەکشەی کرد، پاش ئەوەی لە سێ ساڵ ڕابردوودا، چاک پەرەی سەند. هاوینی ١٩٨٤ گەرم نەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر فرۆشیارییەکانی سەرلەبەری کەرتەکە هەبوو، جیا لەوەی گرووپەکە بڕێک پارەی زۆر گەورەی خستبووە وەبەرهێنانەوە.

گرووپی پێرنۆ ڕیکارد لە ڕێی کۆمپانیای SPBG ەوە، بەرهەمەکانی کۆکا کۆلا لە فەرەنسا دابەش دەکات، واتە؛ هەردوو گرووپ پێوەندییەکیان هەیە.

دواجار لەوانەیە هۆکارەی دەنگۆکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پاش ئەوەی کۆکا کۆلا بەرهەمێکی تازەی بەناوی نیو کۆک New Coke خستە بازاڕەوە و سەرنەکەوت، بیەوێ پێگە و ناوبانگی خۆی لە ئەوروپادا تۆکمەتر بکات.

دواتر لە ئاستی داراییدا، هیچ قەدەغەیەکی پێشوەختە لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی دەنگۆ وەک گریمانەیەکی ڕاست کە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە، تەماشا نەکرێ. پشکەکانی پێرنۆ ڕیکارد، هەر لەو ڕۆژەوە هەستانەوە. بۆ زانین، میدیاش دەنگۆکەی بەدرۆ نەخستەوە؛ بگرە بەپێچەوانەوە، هەندێک ڕۆژنامە دەنگوباسەکەیان گەرمتر کرد. ئەوەبوو کۆواری Echo des Halles بۆ نموونە نوسیبووی: "مەسەلەکە هیچ دیار نییە، وا دیارە پێرنۆ ڕیکارد هێزی لەبەر ڕکابەرەکەی بڕیووە [...] پشت پەردەکان شتی زۆر تێدایە.

جێی سەرنجە، سەرۆکی گرووپی پێرنۆ ڕیکارد، شێوازی گاڵتەی بەکار هێنا و بەدرۆخستنەوەیەکی دەرکرد کە ئەویش تەمومژاویی بوو. لە بەدرۆخستنەوەکەدا هاتبوو: "سەرمایەی گرووپی پێرنۆ ڕیکارد تا ئاستێک پارێزراوە [...] تەنانەت ئەگەر هەر حەزمان لێ بوو بیفرۆشینە ئەمریکاییەکان، نازانین ئاخۆ دەستەی گشتی ڕازی دەبێت یان نا [...] هەروەها خۆ هەموو شتێک بەنرخەکەی ناپێورێ". وا دیارە ئەم کۆتاییەی زیاتر لە گاڵتە دەچێ، ناچاری کرد جارێکی دیکە بەڕاشکاوی دەنگۆکە بەدرۆ بخاتەوە.

بەڵام پێویست بەدووپاتکردنەوە ناکات کە بەهای پشکەکانی پێنۆ ڕیکارد بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە. بڵێی سەرچاوەی دەنگۆکە یەکێک لە مامەڵەچییان بێت؟ ڕاستت دەوێ، ئەم گریمانەیە زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە.

ســـەرەڕای ئـەوەی دەنگۆگـــەلێکی زۆر بەئـەنقـــەست و پلان بـۆ داڕێژراوە، بـەڵام ئەستەمە بتوانی سەرچاوەکەی دەستنیشان بکەیت. ئەگەرچی جارجار دەستنیشان دەکرێ. ڕۆژی پێنجشــەممە ١ی ئەیلوول – سـێپـتـەمبـەری ١٩٨٠، لە وۆڵ سـتـریت زەنگێکی ئـاگـەدارکـردنەوە لێـدرا، ڕۆناڵد ڕیگنی کـاندیدی کـۆمـاریـیـەکـان بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا دڵەکوتە لێی داوە. ئاکامی ڕاستەخۆی ئەو دەنگۆیە، بازاڕەکە لە نزمـترین ئـاسـتدا داخـرا. بەگوێرەی ڕۆژنامـەنووس دۆن دۆرفمـان Dom Dorfman لـە ڕۆژنـامـــەی Chicago Tribune، ئـەم دەنـگـۆیە بـەئـەنـقـــەست دروست کـــرا، سـەرچاوەکـەشی بریکارێکی ئاڵوگـۆڕی پارە بـوو. کـاتێک ئەو بریکارە پێـشـبـینیی نرخــەکـانی دەکـرد، دەســتی بەفـرۆشـتن کـرد. بەڵام نرخــەکـان دانەبەزین، بگرە وا بەرزبوونەوە هـێندەی نەمابوو، بریکارەکە پێنج ملـیۆن دۆلاری ئەمریکایی بدۆڕێنێ. لەو کـاتەدا، بیـرۆکـەی بڵاوکـردنەوەی دەنگۆی دڵەکـوتـەی ڕۆناڵد ڕیگنی کـاندیدی کۆمارییـەکانی بۆ هات. هەر خێرا، دەنگۆکە لە سەکۆکە و تەواوی وۆڵ سـتریتدا بڵاو بووەوە. ئـەوەبوو نرخــەکـان دابەزین، وەبـەرهێنـەکـە پارەکـەی خـۆشـی هێنـایەوە و قازانجێکی چاکیشی کرد. دەنگۆکەی زێڕ بوو زێڕ.

باسی حەڤدەیەم

# دەنگۆی سیاسی

پەیمانگای لێکۆڵینەوەی سیاسی، بابەتی دەنگۆگەل ناڵێتەوە. بەڵام لەوەدا بەهەڵەدا چووە، ئاخر سیاسەت بێ دەنگۆگەل بوونی نییە. پێشتر ڕوونمان کردەوە، کرۆکی دەنگۆ لەوەدایە کە زانراوەیەکە لە پەڕاوێزی زانراوەی فەرمیدا. لەبەرئەوەی دەنگۆ دەسەڵاتێکی دژە، زۆر ئاساییە، لە بواری دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و لە کاتی دەسەڵاتداریێتیدا، دەنگۆگەل زۆر ببن.

## سوودەکانی دەنگۆ

لە ئەمباری کەرەستەکانی شەڕە سیاسییەکاندا، دەنگۆ چەندین سوودی هەیە. یەکەمینیان؛ دەنگۆ بەئاشکرا دەرناکەوێ، خەڵکێکی دیکە لە جیاتی تۆ دەیلێنەوە و بیانەوێ یان نەیانەوێ دەیگوازنەوە. لەو کاتەشدا، سەرچاوەکە دیار نییە و کەس ناتوانێ ئاشکرای بکات. دواتر، کەس بەرپرسیار نییە لە دەنگۆ، ئەگەرچی هەمووان دەیزانن.

شایانی باسە، دەنگۆ ئامرازی گواستنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە بێدەنگییان لێ کراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، بابەتگەلێکی وا دەگەیەنێتە خەڵک کە سیاسییەکان نایانەوێ بەئاشکرا باس بکرێن. بۆ نموونە، فەرەنسایی کێشەی تەندروستی دەیشێوێنێ کە بابەتێکە ناکرێ بەئاشکرا باسی بکات. ئەو کات، کێشەی تەندروستی دەبێتە بابەتێکی لەبار بۆ دەنگۆگەل و گومان دەخاتە سەر مانەوەی مرۆڤ و توانای کۆنترۆڵکردنی کارەکانی بەهێمنی و مێشکێکی سافەوە.

زیاد لەوەش، دەنگۆ، سەلماندنی پێویست نییە، چونکە ڕای گشتی زۆربەی جار پشت بەتێڕوانین و خوێندنەوەکان دەبەستێ نەک هەڵکەوتەکان. کەواتە تۆمەتبارکردن بەسە[٤٧].

هەروەها دەنگۆگەل پێویستی بەکۆبوونەوەی گەورە کاربەدەستان هەیە، بگرە لەوانەیە لێژنەیەکی بچووک هەڵبژێرن ئەو کارە بکات. هەر ئەمەشە دەیکاتە چەکێکی زۆر باشی گۆڕەپانی پیلانەکان. باشترین نموونەش، مەسەلەی مارکۆفیک کە پێشتر باسمان کرد. مەبەستی ئەو دەنگۆیەی لە تشرینی یەکەم - ئۆکتۆبەری ١٩٦٨دا سەری هەڵدا، ناوزڕاندنی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی جۆرج پۆمپیدۆ و هاوسەرەکەی بوو. بەدرێژاییی چەندین مانگ، لە نووسینگەکانی نووسیاری (مکاتب التحریر)، باس تەنیا باسی "ئەو وێنە بەناوبانگانە بوو کە لە ئاهەنگێکی نیوچەڕووتی هاوینی١٩٦٦دا لە ڤێلایەکی نزیک پاریس گیرا بوون". هەمووان دەیانتوانی باسی وێنەکان بکەن، ئەگەرچی ژمارەی ئەو کەسانەی وێنەکانیان بینیبوو کەم بوون. لەم ڕووەوە، ڕۆشێ Rochetی پارێزگار کە ئەو کاتە سەرۆکی بەڕێوەبردنی چاودێریی هەرێمەکان بوو، گوتی: "ئەو بێدەنگییەی سەرۆکی داهاتوو، وێنەکانی پاریس و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی هاتنەئارای ئەم کێشەیە، هەموو ئەمانە، دەیسەلمێنن ئێمە لەگەڵ گردبوونەوەی کۆمەڵێک هۆکاردا ڕووبەڕووین، هەر لە تۆڕێکی هەڵسوڕاوی کارمەندانی هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و داد و نووسینگەی بەڵگەنامەکردنەکانی دەرەوە و بەرەنگاربوونەوەی سیخوڕییەوە تا دەگاتە نێوەندی لایەنگرانی دیگۆل"[١١]. هەروەها وەزیری ناوخۆی پێشووی حکوومەتی جەنەراڵ دیگۆل ڕیمۆن مارسێلان Raymond Marcellin پێی وایە مەسەلەی مارکۆفیک لە لایەن ئەوانەوە داڕێژراوە کە دوژمنایەتیی کەسێنییان لەگەڵ جۆرج پۆمپیدۆدا هەیە[٩٩].

لەوەش زیاتر، دەنگۆکە دەرفەت بەپیلانگێڕان دەدات نەناسرێن. ڕاستت دەوێ، دەنگۆ، تاکە سەرەڕۆییە هەلی پەتپەتێن (ئەمبەر و ئەوبەر - گەمەکردن لەسەر دوو پەت) بەسەرەڕۆ دەدات. ئاخر کەس بەناوی ئەوەوە قسان ناکات، بەڵام هەمووانیش دەنگۆکە دەڵێنەوە. لەم حاڵەتەدا، جیاکردنەوەی دۆستی ڕاستەقینە لە ساختەکار، ئەستەمە.

دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە دەنگۆ یەک فلسی تێ ناچێ. چەکێکی بێ خەرجییە بەبەراورد لەگەڵ ئەو ملیۆنان فرەنکەی لە پروپاگەندە سیاسییەکاندا خەرج دەکرێ و کاریگەریشیان مسۆگەر نییە و پێویستی بەسەلماندنە.

بەڵام دەنگۆ هەندێک خراپەشی هەیە. بەپێچەوانەی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی سیاسییەوە کە دەتوانرێ ورد و درشت و وشەبەوشەی کۆنترۆڵ بکرێ، بەکاتەکانیشییەوە، دەنگۆ، لە کۆنترۆڵ دەردەچێ و ئەنجامەکانیشی گرەنتیکراو نین. لەوانەیە دەنگۆکە ڕووی خاوەنەکەی بگرێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر دەنگۆکە هەڵە بێت و بەدرۆ بخرێتەوە، دەرفەت دەداتە قوربانییەکەی بەئاسانی لە دەنگۆکانی داهاتوو قوتار بێت. کاتێک دەنگۆکە دادەمرکێنرێتەوە هەموو ئەوانەی دوای ئەویش دادەمرکێنرێنەوە. هەر بەم شێوازە، بۆ نموونە فرانسوا میتران توانی زۆر زیرەکانە دەنگۆی تووشبوونی بەشێرپەنجە ڕەت بکاتەوە کە لە دەستپێکی سەرۆکایەتیدا (حەوت ساڵ دەخایەنێ) بۆی کرا. لە لایەک کورتەیەکی زانستییانە هەر شەش مانگ جارێک لە بارەی باری تەندروستیی میترانەوە دەردەچوو، لە لایەکی دیکەوە لە لێدوانێکدا کە کەمێک نارەزاییی گاڵتەجارییانەی تێدا بوو گوتی: "وا دیارە سەرۆکەکانی کۆمەڵێک دەوڵەت نەخۆشن و وا هەست دەکەم زۆر کەس دەیانەوێ ناوی منیش بخەنە ئەو لیستەوە. بەڵام دانی پێدا دەنێم جارجارێک دەپژمم".

## شێوازەکانی بەکارهێنانی دەنگۆ

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەموو ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی پێگەی کاندیدە ڕکابەرەکان بەکار دەهێنرێ. دیارە، دەنگۆ چەکێکی نموونەییە لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا، واتە؛ لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان ئەندامانی یەک بەرەدا.

تێبینی دەکرێ، دەنگۆکانی کاتی هەموو شەڕێک، زۆرتر ئاراستەی هاوپەیمانان دەکرێ وەک لە دوژمنەکان. ئاخر دوژمنایەتی لەگەڵ دوژمن ڕێگەچارەگەلێکی دیکەی ڕەوای هەیە، بەتایبەتی کوشتن. بەرانبەر بەوە، لەبەرئەوەی شەڕی براکوژی بێزەوەرە، هەر دەبێ لە ململانێ و دوژمنایەتییە نێوخۆییەکاندا، چەکی سێبەر،

دەنگۆ، بەکار بهێنرێت. ڕاستت دەوێ، هەمان ئەم دیاردەیەشە توندیی دوژمنایەتی نێوخۆی پزیشکان یان پارێزەرانمان بۆ لێک دەداتەوە. لە نێو ئەم دوو گرووپە پیشەییەدا، شەڕی دەسەڵات گەرمە، لێ مەحاڵە لە نێو خەڵکدا، ئەو شالاوی ناوزڕاندنەی یەکدی ببینی. بەڵام ئەو پزیشکە یان پارێزەرەی خەون بەسەرۆکایەتیی سەندیکاوە دەبینێ پەنا بۆ دەنگۆ دەبات لە پێناو ناوزڕاندنی "هاوکارەکەیدا".

هەر لە ئاستی سیاسیدا، بوختانەکان زۆرتر لە "برادەران"ەوەیە. وەک نموونە، خۆکاندیکردنی جۆرج پۆمپیدۆ بۆ سەرۆکایەتیی فەرەنسا لە پاش دیگۆل، گرووپێکی دیگۆلی سەغڵەت کرد. وا دیارە ئەم گرووپە دوودڵ نەبوون لە قۆستنەوەی کوژرانی ستیڤان مارکۆڤیچ، هاوڕێی ئالان دیلۆن Alain Delon و پاسەوانە کەسێنییەکەی، لە پێناو شکاندنی کاندیدی داهاتووی سەرۆکایەتیدا. هەر لەم بارەیەوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی بەردەم جاک شاپان دەڵماسی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی١٩٧٤دا، وێنەیەک لە تۆماری باجدانەکانی درا بەکۆواری Ca-nard Enchaine، هەروەها دەنگۆیەکیش لەبارەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی مردنی هاوسەری یەکەمیشیەوە بڵاو کرایەوە. هەروەها ئەو دەنگۆیانەی ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥مێشێل ڕۆکار Michel Rocard یان کردە ئامانج، بەپلەی یەکەم بۆ ئەگەری خۆکاندیدکردنی پارێزگاری کۆنفلان سانت ئۆنۆرین Conflans-Sainte-Honorine لە ساڵی ١٩٨٨دا وەک کاندیدی فەرمیی پارتی سۆشیالیست بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بوو. هەر لە چوارچێوەی مەسەلەی "گرین پیس"دا، زۆر باسی ناکۆکییەکی توند دەکرا لە نێوان وەزیری ناوخۆ پیار جۆکس Pierre Joxe و کارگێڕیی چاودێریی هەرێمەکان لە لایەک، وەزیری بەرگریی شارڵ ئێرنۆ Charles Hernu و نووسیگەی بەڵگەنامەکردنی دەرەوە و بەرەنگاربوونەوەی سیخووڕیی لەلایەکی دیکەوە.

بەڵام لە ئاستی هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکاندا، بەهۆی دوو جەمسەری و توندی ڕکابەرییەکەوە، دەردەکەوێ کە دەنگۆکان زیاتر لە بەرە دژەکەوە سەرهەڵدەدەن. لە ساڵی ١٩٨٤دا بۆ نموونە، پی. لۆنجیلۆ ڤیلارP. Langenieux-Villart بەڕێوەبەری لقی زانیاریی ئەنجوومەنی شارەوانی گرۆنۆبڵ Grenoble کە ئالان کارینیۆن Alain Ca-

Mitterrand ی سەر بەپارتی یەکبوون لە پێناو کۆماردا، سەرۆکایەتی، ڕێنوێنێکی ٤١٠ لاپەڕەییی بڵاو کـردەوە لە ژێر نـاونیـشــانی"با لە هەڵبـژاردنەکــانی دەڤــەرەکـەدا ســەرکـەوتن بۆ ئێــمــە بێت". ڕێنوێنێکی دیکە پێش دوو ســاڵ بـڵاو کـرایەوە لـە ژێر ناونیـشــانی"بردنـەوەی هەڵبـژاردنەکـانی شـارەوانـی ســاڵی ١٩٨٣". دیـارە هەردوو ڕێنوێنـەکە حـاڵەتێکی هەڵچوونیـان خوڵقـاند بەتایبەتی بەهـۆی ئەو بەشـەوە کـە بۆ بەکارهێنانی زۆری ڕێکلامی زارەکی یان یەکدی دواندن، تەرخان کرابوو.

ئەو کـاتـە، مـیـدیـا ســەرکـۆنەی بڵاوکـردنـەوەی ئـاشـکـرای بنـەمـاکـانـی بـڵاوکـردنـەوەی دەنگۆیان کرد. لە کاتێکدا، ڕێنوێنەکان هیـچیـان نەکردووە، ئەوە نەبێت کە ڕوویەکی فەرمـیـیـان بەخشـیوەتە پەیرەوێکی بەردەوامی تێکڕای پارتە سیـاسـیـیەکان. بێگومـان خوێندنەوەی ڕێنوێنەکەی گرۆنۆبڵ بەتایبەتی، دەنگۆکانی سەروەختی هەڵبژارنەکانی ١٩٨٣ی شـارەوانیمـان بیر دێنێتـەوە. لەو ڕۆژانەدا، دەنگۆیەکی نێوخۆییی سـەرچاوە نەناسراو ئـامـاژەی بەوە دا گـوایە سەرۆکی براوەی شارەوانی هیوبێرت دۆبیدۆ Herbert Dobedout ی سەر بەپارتی سۆشـیالیست، لە دایکێکی خێڵەکییە و خزمایەتیی لەگەڵ بازرگانێکی دەوڵەمەندی بەڕەگەز مەغریبیدا هەیە کە بەبۆدۆدۆ Boudoudou بـەنـاوبـانگە. وا دیارە دەنگۆکـــە پـشــتـی بـەلێکـنزیکیی دەنگی هـەردوو نازنـاوەکـــە بەسـتووە. دواتر، ئالان کارینیـۆن لە هیوبێرت دۆبیـدۆی بردەوە. بڵێی دەنگۆکە ڕۆڵی لە دۆڕاندنی دۆبیدۆدا بینیبێت؟

هەروەک کۆمپانیاکان، دەنگۆ لە سیاسیەتیشدا بۆ هەست هەڵگرتن (جس النبض) بەکار دەهێنرێ. سـیـاسـیـیەکـان بەکاری دێنن تا وای پیشـان بدەن گـوایە چاویان لە پۆسـتێکی وەزارەت یان پێگەیەکە. جیـا لـەوەش، پلانێکی وەزیرانە، ئەگەر ویسـتـیـان کــاردانـەوەی بڕیـارێک بـزانن، دەنگۆیەک بـڵاو دەکــەنـەوە، ئەوجــا لـەبەر ڕۆشـنـاییی کاردانەوەکاندا بڕیار دەدەن.

لە هەڵبژاردە پەرلەمـانییەکانی ١٦ی ئادار – مـارسی١٩٨٦ ، فرانسوا میتران ڕای گەیاند کە چی دی لێدوان نادا پاش دیارە تەلەڤیزیۆنییەکەی ٢ی هەمان مانگ. بەڵام هەفتـەیەک پێش هەڵبـژاردنەکان، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گـوایە سـەرۆک دەست لـە کار دەکێشـێتـەوە ئەگـەر ئۆپۆزسـیـۆن بەجـیـاوازییـەکی زۆر بیبـەنەوە. ئەو کـات، مـیـتـران

بەئاشکرا ئاماژەی بەدەست لە کار کێشانەوە نەدا، بگرە لێ گەڕا دەنگۆ ئەرکی ڕازیکردنی دەنگدەرانی لایەنگری بەجێ بگەیەنێت.

ڕۆژی نۆزدەی ئادار – مارس، دەنگۆکە لە لاپەڕە یەکی لۆمۆندا بلاو کرایەوە. ڕاستیشت دەوێ، سەیر نییە ئەگەر نووسین و کۆمێنت لەبارەی دەنگۆکەوە هەبن، هەر ئەوانە، هێندەی دیکە برەویان بەدەنگۆکە دا، تا هەمووان بیستیان بێ ئەوەی میتران نقەی لێوە هاتبێت.

دواجار، شایانی ئاماژەیە زۆربەی جاران ئامانجی ڕاستەقینەی دەنگۆچییان ژەهر ڕشتنە. ئەوانە زانیاریی درۆ بلاو دەکەنەوە، تا ڕاستییەکەی، بزانن یان کەشوهەوایەکی دەروونیی لەبار بخولقێنن، دواجار پاڵپەستۆ بخەنە سەر کاربەدەستان.

لە یازدەی شوبات – فبرایەری ساڵی١٩٨٦دا، دەنگۆیەک لە تەلئەبیبەوە سەری هەڵدا و بەخێرایی گەیشتە پایەتەختەکانی ڕۆئاوا. پاش ئەوەی گۆرباچۆڤ، زانای ماتماتیک ئەی. شتارنسکی A. chtaransky ی جوولەکەی ئۆپۆزسیۆنی ئازاد کرد، دەگوترا، نیلسۆن ماندێلا ئەو سەرۆکە ڕەش پێستەی سەرکردایەتیی خەباتی دژی ڕەگەزپەرستی دەکرد، لە زیندانەکانی باشووری ئەفریقیا دەردەچێ، سەرۆک بۆتا Botha ئیدی کۆتایی بەو بەندکردنە دێنێت کە بیست ساڵی خایاندووە. دوازدە و سیازدەی شوبات، هەمووان چاوەڕێی بەربوونی ماندێلا بوون. بەلام پێشبینییەکان وا دەرنەچوون و بۆتا نەکەوتە ژێر باری دەنگۆکەوە. بەلام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە دەنگۆکە حاڵەتێکی چاوەڕوانیی خولقاند و ڕووی جیهانی بەرەو باشووری ئەفریقیا وەرگێڕا و تیشکی خستەوە سەر ئامادەنەبوونی حکوومەتەکەی بۆ ئازادکردنی نیلسۆن ماندێلا، بەمەش هێندەی دیکە پەراوێز خرا.

## بابەتە گەورەکانی دەنگۆگەل

لە شیکردنەوەی دەنگۆ سیاسییەکاندا دەردەکەوێ، کەوا لەبارەی ژمارەیەک بابەتی دیاریکراوەوەن، بگرە بەدروستی لە بارەی حەوت بابەتەوەن کە دەکرێ بەحەوت گوناهە سەرەکییەکەی دەنگۆیان ناوبەرین. یەک لە دوای یەک ئەم حەوت گوناهە

ڕوون دەکەینەوە، بەڵام هەر بۆ زانین ڕیزبەندییەکەیان مانای ئەوە نییە یەکێکیان لەوی دیکەیان بەربڵاوترە، چونکە هەر ڕیزبەندکردنێکی لەوجۆرە مەترسیی خۆی هەیە.

بابەتی یەکەم برێتییە لە دەستی شاراوە، واتە؛ دەسەڵاتی شاراوە یان ئەو گرووپە نادیارەی بەڕاستی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. ڕاستییەکەی، ئەم بابەتە لەوێوە دێت کە ژیانی سیاسی وەک شانۆ وایە. ئەو کات، ژیانی سیاسی بەو بووکۆکانە دەچوێنێ کە چەند دەستێکی نادیار دەیانجوولێنێ. ئاخر لە پشت تابلۆی هەڵبژاردن و پەیڕەوە دیموکراسییەکانەوە، دەسەڵاتێکی نادیار هەیە کە ملکەچی ئاستەنگەکانی سیستمی پەرلەمانی و دەنگدانی گشتی نابێت. ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا شایانی باسە، بابەتی گرووپە نهێنییەکان، بابەتێکی جێگرە لە زەینی فەرەنساییەکاندا. هەر کۆمپانیایەکی تا ڕادەیەک داخراو و تەمومژاوی، لەوانەیە قۆچی قوربانی بێت. بەم شێوەیە بۆ نموونە دەورانێکی زۆر یەسووعییەکان بووبوونە ئامانجی دەنگۆکەل، تا ڕوویان لە قۆچێکی قوربانیی دیکە کرد کە برێتی بوون لە جوولەکەکان (دەنگۆی پیلانی ساگ دو سیۆن Sages de sion بۆ نموونە) و ماسۆنییەکان. ڕاستت دەوێ، ئەم گرووپانە حوکمڕانی وڵاتن، جا سروشتی حوکمڕانییەکە هەر چۆنێک بێت. بۆ نموونە دەنگۆ، هەر خێرا بیری هەمووانی دێنێتەوە، ئاگەدار بن پیاوەکانی بەرەی دوژمن، هەموویان برایانی ماسۆنین.

بەڵام لە ئەمریکا، کاریگەریی دزان، دروستتر بڵێین مافیا، لە کۆشکی سپی، بابەتێکی بەردەوامی دەنگۆکەلە. لە سۆنگەی ئەم دیاردەیەوە، بۆ نموونە دەگوترا ڕیچارد نیکسۆن بۆیە شەڕی ڤێتنامی ڕاگرت، بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ چینی میللیدا تۆکمەتر بکاتەوە و دەرگاکانی بازاڕی چین بەڕووی پیشەسازیکارانی ئەمریکادا بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە پێوەندییان لەگەڵ مافیادا هەیە.

ئەم گریمانەیە، لە شانۆگەریی "شەرەفی نادیار" Secret Honor کە دواتر ڕۆبێرت ئاڵتمان Robert Altman کردی بەفیلمێکی سینەمایی، هاتبوو. هەروەها دەنگۆیەک دەیگوت گوایە مارلین مۆنرۆ Marilyn Monroe خۆی نەکوشتووە. هەمووان دەیانزانی لە ساڵی ١٩٥٠وە ئەم کچە ئەستێرە ناسراوە پێوەندییەکی گەرمی لەگەڵ

ڕۆبێرت کەنەدی Robert Kennedyدا هەبوو، ئەوکات سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەندیکاکانی ئەمریکا بوو. کەنەدی لەو باوەڕەدا بوو، سەندیکاکان بەتایبەتی گەورەکانیان، واتە؛ سەندیکای شۆفێری ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان کە جیمی هۆفا Jimmy Hoffa سەرۆکیەتی، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مافیادا هەیە. دەگوترێ گوایە هوفا دەزگایەکی گوێگرتنی نهێنیی لە ماڵەکەی مارلین مۆنرۆدا دانابوو بۆ ئەوەی بەشوورەییەکی سێکسی، ناوبانگی ڕۆبێرت و دواتر جۆن کەنەدی، بزڕێنێ. شایانی باسە، ئێستاش ئەمریکا کۆمەڵگەیەکی کەمێک دەمارگیری هەیە، کەواتە خەڵکی ئەمریکا لەم جۆرە دەنگۆیانە خۆش نابن. بێگومان مارلین مۆنرۆ لە پێناو داپۆشینی ئەو شوورەییە سیاسییەدا، بەئەنقەست کوژرا.

زیاد لەوە، ئەو دەنگۆیانەی پێوەندییان بەماسۆنیزمەوە هەیە، کاریگەرییان لەسەر فەرەنساییەکان زۆرە. هەر لەبەرئەوە، ئەو هەڵچوونەی شوبات – فبرایەری ساڵی ١٩٧٧، زیادی کرد، کاتێک کۆواری Canard enchaine وتارێکی بەناونیشانی "دەیەوێ ببێتە ماسۆنی: جیسکار لە دەرگای ئەو نێوەندە دەدات"، بڵاو کردەوە. بەگوێرەی وتارەکە، سەرۆک داوای کردووە ببێتە ئەندامی "نێوەندی موزار" لە بنکەی شازدەیەم. ئەوکاتە، زانیارییەکە بەدرۆ خرایەوە. ڕاستە سەرۆک کۆمار چەند جارێک پێوەندیی بەکۆمەڵە کەسایەتییەکی ماسۆنییەوە کردووە، بەڵام خۆ ئەو سەرۆکانەی پێش ئەمیش لە کۆشکی ئەلیزێ بوون، هەمان شتیان کردووە.

لە بەرەی چەپەکاندا، وەهمی پیلانگێڕی لەو لێژنە سێ قۆڵییەدا بەرجەستە بوو کە داڤید ڕۆکفیلەر David Rockefeller و چەند کەسایەتییەکی ناسراوی دارایی و ئابووری و سیاسی و ئەکادیمیی بەرەی ڕۆئاوا، پێکیان هێنابوو. ئەم لێژنەیە سەرکۆنەیەکی زۆر کرا گوایە "دەسەڵاتێکی نادیارە کە لە ڕێیەوە هێزە داراییە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی پێکهێنانی سەرکردە ڕۆئاواییەکان و لابردنیان دەدەن". هاوکات، ئەو دەنگۆیە و وتارێکی ڕۆژنامەی لۆمۆند، جەختیان لەسەر بەشداریی کراوەی ڕیمۆن باریش دەکرد لەو لێژنە سێ قۆڵییەدا.

باشە، ئەو ئیرادە پۆڵاینەی هەوڵ دەدات بەدوای "سەرکردەیەکی ئۆرکێسترای نادیار"دا بگەڕێ کە بەنهێنی جیهان بەڕێوە ببات، نیشانەی چییە؟ بەلای ئێم.

گۆشیێ .M. Gauchet هوه[٥٦]، ئەو ئیرادەیە گوزارشتە لەو ترسەی لە ڕێژیمێکی تۆتالیتاری لە ئارادایە. زۆرن ئەوانەی پێیان وایە ئەو" سنوورانەی حکوومەتێکی شەرعیی هەڵبژێردراو، کاریان تێدا دەکات، بەرگەی ناگیرێ. بۆیە دەبێ لە پشت ئەو حکوومەتەوە، هێزێکی زەبەلاح هەبێت، تا ئەو جێیەی کە ئەو سیاسییە هیچ لەباردا نەبووانە تەنیا دەمامکی بن و هیچی دیکە". هەموو ئەوەی دەنگۆ دەیکات، سەرکۆنەکردنی ئەو کۆنترۆڵ و دەستبەسەراگرتنە و ئەو کەسانەی لە پشت پەردەکانەوە، کار دەکەن بێ ئەوەی گوێ بەیاساکان و دیموکراسیی کۆماری بدەن.

بەڵام بابەتی دووەمی دەنگۆ سیاسییەکان، بریتییە لە ڕێککەوتنی نهێنی. لەم بارەیەوە، دەنگۆکان باسی ئەو دیدار و ڕێککەوتننامە نهێنییانە بڵاو دەکەنەوە کە کەسایەتییەکان لەگەڵ ڕکابەرە سیاسییەکانیاندا دەیکەن بەشێوازێک لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکانیاندا دژبەرە. لەو کاتەشدا، هەر نیشانەیەک چەند بچووکیش بێت، دەبێتە ئامرازێکی ئامادە بۆ خزمەتی دەنگۆ. بۆ نموونە، بۆچی سەرۆک فرانسوا میتران لە شەشی تەمووز – یۆلیۆی ١٩٨٤ و لە میانی گەشتە فەرمییەکەیدا بۆ ئوڤێرن Auvergne، سەردانی ڤالێری جیسکار دیستانی کرد؟ دیارە هۆکارەکە ئاشکرایە؛ سەرۆک و ڕکابەرەکەی ڕێک کەوتن ئەنجامەکانی هەڵبژارنە پەرلەمانییەکانی ١٩٨٦، دابەش بکەن. دەنگۆ، هەمان لێکدانەوەشی بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی بیست و پێنجی ئاب – ئۆگستۆسی هاوینەهەواری بێرگانسۆنی نێوان فرانسوا میتران و فرانسوا لیوتار Francois Leotard کرد. هەروەها بۆچی فرانسوا میتران لە ناکاو بڕیاری دا، جاری با گوێگرتن لە سەرۆکی پێشوو لە بارەی دەستەوارەی "فڕۆکەکانەوە" ڕابگیرێ؟ بەگوێرەی دەنگۆکە، پێکەوە گونجانی هەردوو سەرۆک، تازە دەستی پێ کردووە.

دەزانرێ مەسەلەی هاوپەیمانی، زادەی داستانی شانۆییە. کاندیدەکان، لەسەر شانۆ تێک دەچن و جنێوان بەیەکدی دەدەن، کەچی هەمووان دەزانن ئەوانە برادەرن و پێکەوە لە هەمان شوێن دادەنیشن و نانی نیوەڕۆ دەخۆن[٩٨].

سێ بابەتەکەی دیکەی دەنگۆ، یەک بەدوای یەکدا بریتین لە پارە، تەندروستی و سێکس. زۆرن ئەو دەنگۆیانەی باس لە سامانی نهێنی و ئەو قازانجە زۆرەی

بەرپرسان لەسەر شانی خەڵک کەڵەکەی دەکەن. قاپی نانخواردنی لیۆن بلوم Leon Blum ئاوزێڕن، هەروەها، ئەدگار فور Edgar Faure ملیۆنێک فرەنکی لە شای مەغریب وەرگرتوە، لوران فابیوس Laurent Fabius یش، شوقەیەکی نایابی لە کلیگەر Cleguerی نزیک لۆریان Lorient کڕیوە.

هەرچی ڕیسواییە سێکسییەکانە، وەک بابەتێکی دەنگۆگەل، هەندێک تینوتاویان لە دەست داوە. لەم ڕۆژگارەدا، ڕووتی، ڕووداوێکی ئەوتۆ نییە، فیلم و دیمەنە ڕووتەکان لە کاتە زێڕینەکانی تەلەڤیزیۆندا پێشان دەدرێن. لەبەرئەوەش کە ژیانی سێکسی وەک جاران نهێنی و قەدەغە نییە، خەریکە وردە وردە لە چنگی دەنگۆ قوتار دەبێت. (دەبێ بڵێم ئەم پەرەگرافە و پەرەگرافەکانی دیکەی ئەم بەشۆکەی کتێبەکە کە باس لە سێکس دەکات وەک بابەتێک بۆ دەنگۆکان، بەگوێرەی ژیانی سیاسی و واری کۆمەڵایەتی و کولتووریی قۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی فەرەنسایی شی کراوەتەوە، کە بۆ قۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان ڕاست نین یان نایەنەوە، بەو پێیەی ئەمێستا لە نێو ئێمەدا، سێکس و ژیانی سێکسی لە بابەتە هەرە نهێنی و تابۆ و حەرامکراوەکانە، بۆیە دواجار بابەتێکی هەرە گرینگی دەنگۆ ڕۆژانەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن _ وەرگێڕ)

خۆ ئەگەر پێوەندییە سۆزدارییەکان بێنە قبووڵ کردن، ئەوا مەحاڵە ڕێ بەسێکسبازیی ناباو بدرێ[٤٧]. بۆ نموونە لە لادێکاندا، لە ڕێی ئەو دەنگۆیانەی باسی ئاهەنگگەلێکی ڕووت دەکەن کە سێکسبازیی ناباو (الشذوذ الجنسي) لەگەڵ باڵقنەبووان و منداڵبازییان تێدا دەکرێ، ناوی کەسەکان دەزڕێنرێ. زیاد لەوە، بەرەنجامی ئەو ئاڵۆزییەی بەدیاردەی کۆچەوە لکاوە، شێوازێکی دیکە لە پێوەندییە قەدەغەکراوەکان پەیدا بووە؛ خەوتن لەگەڵ کوڕ یان کچێکی کۆچبەردا. بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ساڵی ١٩٨٣دا لە ڕۆبیێ Roubaix، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە پیار پرۆڤۆست Pierre Prouvostی کاندیدی پارتی سۆشیالیست تۆمەتبار دەکات بەوەی لەگەڵ ئافرەتێکی کۆچبەری جەزائیریدا خەوتووە و ئافرەتەکە دووگیانە. کەواتە ئەو ڕۆڵە چییە دەنگۆیەکی وا لە دۆڕاندنی کاندیدەکەدا دەیگێڕێ؟

پێشتر ئاماژەمان پێ دا، تەندروستی، بابەتێکی گرینگە لە بواری دەنگۆگەلدا. جا لەبەرئەوەی لە فەرەنسا، باسکردنی باری تەندروستیی سیاسەتوان، کارێکی

شایستە نییە، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی دەنگۆ. لە سیستمە دیموکراسییەکانی ڕۆئاوادا، هاوولاتیان دەیانەوێ هەرچی زۆرتر لە بارەی تەندروستی ئەو کەسانەوە بزانن کە دەسەلات دەگرنە دەست. بەلام لە ئەمریکا، ئاگالێبوونی ئەو زانیارییانە ڕووخسارێکی دامەزراوەییانەی وەرگرتووە، لەوێ، لەسەر کادیدەکانی پارتی دیموکراتی و کۆماری پێویستە ناو بەناو ئەنجامەکانی تێستی تەندروستییان بلاو بکەنەوە. ئەو زەمانە ڕۆیشت کە ستیڤان کلیڤلاند S. Clevelaandی سەرۆکی ئەمریکا بەنهێنی لەسەر پشتی کەشتییەک، نەشتەرگەری بۆ بکرێ. ئەمریکاییەکان زۆر بەوردی تاقیبی لووەکەی سەر لووتی سەرۆک ڕۆناڵد ڕیگنیان دەکرد.

بەلام بابەتی شەشەمی دەنگۆ، بریتییە لە دووزمانی، واتە؛ دژبەریی قسەی سیاسەتوانان لەگەڵ نیازەکانی دڵیاندا. باشترین نموونە لەو بارەیەوە، بەردەوامبوونی دەنگۆگەل لەبارەی هەڵوێستی ڕاستەقینەی جۆرج مارشێ Georges marchaisی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا. سەرباری ئەوە، ڕێککەوتنی ستالین و هیتلەریش، بەئاراستەی دەنگۆکان بوو. بێگومان، مێژووی نوێ و هاوکاری و بەرەنگاری، تا ئێستاش ڕەگەزگەلێکن لە خزمەتی دەنگۆگەلدا. لە پێناو ئەو وێنەی جوانەی کە جان ماری لۆپان دەیەوێ پێی دەرکەوێ، دەنگۆ، ڕابردووی نزیکی لۆپان لە کاتی شەڕی جەزائیردا، بنکۆڵ دەکات.

بەلام دوا بابەتی دەنگۆگەلی سیاسی، بابەتی کۆچە. وەک بابەتی پێشوو، ئەم بابەتەش تیشک دەخاتە سەر ناپاکی (الخیانة). لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، فەرەنسا ئامادە بوو بۆ شێواندنی وێنەی ئەو سیاسەتوانانەی گومانی سازشکارییان لەگەڵ مەغریبدا لێ دەکرا. ئەوە ڕەوشی کاتی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی١٩٨٣ بوو لە گرۆنۆبڵ و ڕۆبێ، کاتێک دەنگۆ، دوو کاندیدی پارتی سۆشیالیستی کردە ئامانج. بەلام ئەو دەنگۆیانە تازە نین. ئاخر کاتێک ئەدگار فور دەستی بەسیاسەتکردن کرد و بۆ یەکەمین جار لە هەڵبژاردنەکانی دۆبس Doubs دا خۆی کاندید کرد، دەنگۆیەکی هاوشێوەی بەدژ کرا، گوترا گوایە ناوی ڕاستەقینەی لیهمان Lehmanە و مەبەستیەتی ڕەگەزە جوولەکەکەی خۆی بشارێتەوە. بەلام لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا، قۆچی قوربانیش گۆڕاوە.

کەواتە، ئەمانە هەر حەوت بابەتە سەرەکییەکەی دەنگۆگەلی سیاسی بوون. بەلام

دەبێ بزانین هەر ئەمـــانە نین. بەڵام دەتوانین لەوە تێ بگەین بۆچی مـــەســـەلەی مارکۆڤیچ مەترسیدارە. ڕاستت دەوێ، دەنگۆ بابەتی زۆرە کە بۆ نموونە لە: مردن، سێکسبازیی ناباو، دزی، جیهانی ئەستێران، سەرۆکایەتیی کۆمار و کەسی نەناسراودا کۆ دەبنەوە. جێی سەرنجە، ئەم بابەتانە، هەمان ئەو بابەتانەن کە لە هەر چیرۆک یان ڕۆمانێکی پۆلیسیی نوێدا هەن.

## وێنەکە چۆن دروست دەبێت

بێگومـــان ئەو دەنگۆیانە بۆ ســـیـــاســـەتوانان دەکـــرێن، زادەی ڕێکەوت نین. ڕاستییەکەی، ئەوەیە دەنگۆکە درزە دەکاتە نێو خاڵە لاوازەکانی سیاسەتوانەکەوە و ڕووناکییان دەخاتە سەر، بەمەش، دەنگۆکە بڕێک ڕاستگۆییەکەی زیاتر و ماقووڵتر دەبێت. کارەکەش وا دێتە بەر چاو دەڵێی جۆراوجۆریی دەنگۆیان بۆ ئەوەیە پەیتا پەیتا وێنەیەک بۆ سیاسەتوانەکە دروست دەکەن. کۆڵینەوەی ئەو دەنگۆیانەی بۆ سیاسەتوانە ناودارەکانی دەوروبەرمان کراوە، ئەو ئامانج و وێنەیەمان لا گەڵاڵە دەبێت کە مەبەستی دەنگۆکان بووە. خشتەی داهاتوو، مەبەستە ڕاستەقینەکانی هەر دەنگۆیەکمان بۆ بەرجەستە دەکات. ئەمەش؛ چەند نموونەیەکە.

دوو لەو دەنگۆیانەی بۆ ڤالێری جیسکار دیستان کران، ئەوکات سەرۆک کۆمار (ئەڵبەت کۆماری فەرەنسا – وەرگێڕ) بوو، باسیان لەوە دەکرد گوایە کەسێک زللەی لێ داوە، ئەم مەسەلەیەش بەڵگەدەرێکی گەلێک گرینگە. دەنگۆی یەکەم دەیگێڕێتەوە گوایە جیسکار بەرەبەیانێک لە گەشتێکی شەوانە دەگەڕایەوە، ئۆتۆمبێلێکی وەرزشیی ڤادیم Vadimی برادەری لێ دەخوڕێ، لە ئۆتۆمبێلێکی شیردابەشکردنی داوە و وەری گێڕاوە. سەرەنجام، جیسکار و شۆفێری شیرەکە شەڕیان بووە و شۆفێرەکە زللەیەکی لە سەرۆک داوە. بەڵام دەنگۆی دووەم، میشال پیکۆڵی Michel Piccoli یەکێک لە قارەمانەکانیەتی. کاتێک خاتوو کلوستەر Claustre لە زینداندا بەتۆمەتی ئەندامیەتیی گرووپە شۆڕشگێڕییەکانی چادەوە، گیانی دەدا، پیکۆڵی ئەستێرەی ناوداری سینەما، لە ئاهەنگێکدا، زللەیەکی لە ڤالێری جیسکار دیستان، دا. بەڵام پیکۆڵی ئەم دەنگۆیەی بەدرۆ خستەوە، وەک چۆن مارلین جۆبێریش نکووڵیی لە پێوەندیی خۆی و جیسکار کرد. جۆبێر، یەک جار لە ڕێستورانتێکی دوورگەی

دجـێـربا Djerba باسـێکی وای کـردبوو، بەڵام وا ڕێکەوت ڕۆژنامـەیەک ئەو باسـەی قۆستەوە و زۆریشی پێوە نا.

ئەوەی جـێی سـەرنجـە لـە دەنگۆی شـیـر دابەشکـەرەکـەدا، شـەڕی ئەو و ڤـالێـری جیسکار دیسـتان نییـە، بگرە زللەکەیە. ئاخر نابێ شتی وا ڕوو بدات. خـۆ کابرای شیر، یان دەبێ سەرۆکی ناسیبێ، یان نەیناسیبێ، لەم حاڵەتەی دواییشیاندا، خۆ لە جیاتی زللـەیەک، بۆکسێکی دەگەیاندێ. لەم ڕۆژگارەدا، زللە باوی نەماوە، دواتر، ئەم وردەکارییە زۆر گرینگە.

چەندین جـار ڕەخنە لـە سـەرۆک دیسـتـان گیـراوە کـە زۆر تووڕە و هەڵەشـەیە. وا دیارە هێندە سـەنگین بوو، دەوروبەری بێزار کردبوو، ئیرەییـان پێ دەبرد. دەنگۆش ئەم خـاڵە لاوازەی قۆسـتەوە. بەمـەش، دەنگۆ وێنەی گەورە بەگزادەیەکی دەبەخشـییـە دیسـتان (دوای ئەوە نابێت گومان لە مـەیلە دیموکراسی و میللییەکانی بکرێ) بەڵام هـاوزەمـان لە پێگەی کـەم دەکـردەوە. دەنگۆکـە دەیگوت: ئەم پیـاوە شـاهـانـەیە، تازە بووبـووە سـەرۆک، زللەیەکی خـوارد. بێگومـان ئـەم چیـرۆکـە وێنەی سـەرۆک تێک دەشکێنێ و پێگەی دادەبەزێنێ.

ڕوون و ئاشکرایە، دەنگۆکان دەیانویست ڤالێری جیسکار دیسـتان وەک لویسی پازدەیەم پێـشـان بدەن، واتە، شـایـەکی هـەرزەکـار کـە تەنیـا خـەریکی ڕابواردن و خۆشـیـیـە و زۆر خۆپەرسـتـیـشـە. جێی سـەرنجـە، هەندێک پۆسـتـەر بڵاو بووەوە کـە دیسـتـان تاجێکی لەسـەر ناوە. بێ لـەوانە، ئەم شـایە، هەمـوو کات عـەقڵی مـیـوانی نەبوو، لە پڕێکدا شـەو دیار نەدەما، بێ ئەوەی کەس لە کۆشکی ئەلیزێ بزانی چۆن پێـوەندیی پێوە بکات، فـەرەنسـا بێ سـەرۆکی دەوڵەتێک دەمـایـەوە تا بتـوانێ ئـەگـەر شتێک ڕووی دا بڕیار بدات.

بەرانبـەر بەوە، دیارە ئەو وێنەیەی دەنگۆ بۆ فرانسوا مـیترانی دروست کرد، تەواو جـــیـــاواز بـوو. ئـەو وەک شـــازادەیەکی فلۆرەنس دەردەکـــەوت، یان وەک سـیاسـەتوانێکی فێڵـباز کـە ئامـادەیە هەمـوو شت بکات بۆ ئـەوەی پاش ١٩٨٦ لە دەسـەڵاتدا بمێنێتەوە.

شـایانی گـوتنە، ئەم وێنـەیە لەو کـتـێـبـانە وەرگـیـراوە کـە باسـی سـەرۆک دەکـەن.

بەناوبانگترین کتێبیان، کتێبەکەی کاترین نای Catherine Ney بوو کە دەیویست بیسەلمێنێ، فرانسوا میتران سۆشیالیستێکی ڕاستەقینە نەبوو، بگرە پیاوێکی فرەئامانج (طموح) بوو.

ئا ئەم تێڕوانینە، لە دەنگۆی نەخۆشیی شێرپەنجەکەشدا ئامادە بوو، دوای ئەوەی گەیشتە بەرزترین پێگە. ئەو بەساڵاچوو، گەیشتە مەبەستیش، تەنیا ئەوە ماوە بمرێ، وا دیارە، دەنگۆکە سیناریۆیەکی دانسقەشی بۆ کۆتاییی فرانسوا میتران هەڵبژاردبوو.

هەروەها ڕکابەرە سیاسییەکانی میشال ڕوکار، هەمیشە لە دووی ئەوە بوون، ڕوکار وەک پیاوێکی ڕاڕا پێشان بدەن کە ناتوانێ بڕیاری گرینگ بدات، بۆیە هەرگیز شایستەی ئەوە نییە، ببێتە کاندیدی پارتەکەی بۆ سەرۆکایەتی. بەم شێوەیە ئەو دەنگۆیانە تا دەهات زیاد بوون کە ڕایان دەگەیاند گوایە ڕوکار سەروەرییەک تۆمار دەکات، یان دروستتر هەڵدەچێ و کۆمەڵێک ڕاستیی ئاشکرا دەکات. لە بیست و دووی تشرینی دووەم – نۆڤێمبەری ١٩٨٤یشدا، ڕۆژنامەی لۆماتین Le Matin ی پاریسی لە ژێر ناونیشانی "دەنگۆی ڕوکار" ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە:"دەنگۆیەک بڵاو بووەتەوە گوایە وەزیری کشتوکاڵ لە پرۆگرامی ساتی ڕاستی Heure de ver-iteدا، بۆمبێک دەتەقێنێتەوە و دواتر لە حکوومەت دەکشێتەوە. بەڵام میشال ڕوکار هیچ بڕیارێکی نەدا". دواتر، کاتێک ڕوکار دەستی لە وەزارەت کێشایەوە بەهۆی ناڕەزایی لە سیستمی هەڵبژاردن وەک پێشتر ڕای گەیاندبوو، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە گوایە بڕیارەکەی ڕوکار لە ژێر کاریگەریی هاوسەرەکەیدا بووە، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە پیاوێکی دامەزراو و خاوەن بڕیار نییە. بۆیە، هەر سیاسییەک بووە مەترسی، دەشبێتە ئامانجی دەنگۆکەل. لە ساڵی ١٩٨٤هوە، دیاردەگەلێکی دەنگۆگەل لە دژی ڕیمۆن بار، دەبینرێ. بەهۆی شێوازی دیگۆلی و ڕازیینەبوونی بەپێکەوە گونجان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٦دا سەربکەوتایە. بووە ئەو پیاوەی نەک هەر چەپەکان، ڕاستڕەوەکانیش هەوڵی بچووککردنەوەیان دەدا.

کۆتای ساڵ ١٩٨٤، نێوەندە نزیکەکانی پارتی یەکبوون لە پێناو کۆماردا، دۆسێیەکیان لەبارەی ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی Inter _ France ەوە کە ئەڵمانە داگیرکەرەکان بەڕێوەیان دەبرد، بڵاو کردەوە، ناوی ڕیمۆن بار لە دۆسێیەکەدا بوو.

دەنگۆ بڵاو بووەوە کـە ژیانی ڕیمۆن بار لە سـاڵی ١٩٤٠ەوە تـا ١٩٤٦ ڕوون نیـیـە، گـوایە جـان مـاری لۆپانیش چاوی لێ پۆشـیـووە. دوای لێکۆڵینەوە، دەرکـەوت وێکچوونێک لە ناوەکاندا هەیە، ئەو ڕیمۆن بارەی ناوی لە دۆسییەکدا هاتووە، پازدە ساڵ لە ڕیمۆن باری سیاسەتوانی ناسراو گەورەترە.

هەر لەو دۆسـێیـەدا، ئامـاژە بەڕاسـتـیـیـەک کراوە کـە زۆر کـەس لە بارەی ڕیمۆن بارەوە نەیانبیسـتبوو. باوکی ئەو پیاوە دەسـتپاکە، سەبارەت بەڕاگەیاندنی لاتبوون و دەستکاریی تۆمـارەکانی ژمێریاریی بازرگانی، دادگایی کراوە. بەڵام دەنگۆکە، خۆی لەوە نـەدا کـە باوکی ڕیمۆن بار بێ خـەتا دەرچووە. هەروەها ڕیمۆن بـار لە تەمـەنی چوار سـاڵییـەوە کە دایک و بـاوکی جیـا بوونەتەوە، باوکی خـۆی نەبینیوەتەوە. بەڵام هێرشە سـەرەکییەکە ئاراسـتـەی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕیمۆن بار دەکرا لە سـاڵانی دووەمین جـەنگی جیـهانیدا، ئەو کاتەی لە دوورگەی ڕیونیـۆن Reunion دەژیا. سـاڵی ١٩٤٢، هێزە ڕزگاریخـوازەکانی فەرەنسا لە سـانت دنیز لا ڕیونیۆن-Saint-Denis-de-la-Reunion نووسـینگەیەکیـان بـۆ تۆمـارکردنی خۆبەخشـەکان کردەوە تا پێوەندی بکەن بەهێزەکانـی ڕزگاریخوازییەوە لە لەندەن. بەڵام ڕیمۆن بار، کە ئەو کاتە تەمەنی هـەژدە سـاڵ بوو، لەسـەر قسـەی دایکی، وەک برادەرەکانی نـاوی خـۆی نەنووسـی. وا دیارە لایـەنگرانی دیگۆل ئەم هـەڵکەوتەیـان قـۆسـتـەوە بـۆ ئەوەی لە ڕیمۆن بـاری پێ بدەن، بەتایبەتی کاتێک بوو بەسەرۆک وەزیران.

لە سـاڵی ١٩٨٥یشـدا، ڕۆژنامـەی لۆمـۆند وتارێکی بەناونیشـانی "باری نەناسـراو" بڵاو کـردەوە کـە هـەمـان ئەو ئـامـاژانەی تێـدا بوو. لە وتارەکـەدا هاتبـوو: "لـەوانەیە سـوێند بخوات کە لایەنگری دیگۆلە، سـووریشـە لەسـەر ئەوەی زۆر بـەبایەخەوە گوێی بۆ وتارەکانـی جـەنەراڵ دەگرت کاتێـک ڕادیۆی سـەرتاسـەری هیندسـتـان All India Radio پەخـشـی دەکـردنەوە، تۆمـاری خـزمـەتگوزارییـە بنەڕەتیـیـەکـانیش هـەیە کـە بەبنەمای شـەرعییـەت"دادەنرێ. ڕاستییـەکەی، هەمان ئەم وتارە باس لەوە دەکات کە گـەشـتـەکـەی پاریس کـاریگـەریـی زۆری لەسـەر ڕیمۆن بـار هـەبووە، بەڵام ئەو کـاتە تەمـەنی دە سـاڵان بووە. دواجـار، لە کاتێکدا وتارەکە ئاماژە بەوە دەدا کە ڕیمۆن بار کـەسایەتییەکی خـۆویست و لە دووی زانیـارییە، ئـاماژەش بـەبەشداریی ئەو دەدات لە لێژنە سێ قۆڵییە نهێنییەکەدا.

خشتەی ٤

وێنەکە چۆن دروست دەبێت

| ئامانج | ئەو وێنەیەی دەویسترێ دروست بکرێ | دەنگۆ نموونەییەکان |
|---|---|---|
| ڤالێری جیسکار دیستان | شایەکی سەرەڕۆ<br><br><br>هەڵەشە<br>خۆپەرست | – شەوانەگەشتی نهێنی<br>– دەنگۆی شیردابەشکەرەکە<br>– مارلین جوبێر<br>– زڵلەکەی میشال پیکۆڵی<br>– ئەڵماسەکانی بۆکاسا<br>– دارستانەکانی یۆنان |
| پییێر موروا | مێباز | – سەردانی یانەکانی شەوانە بەئۆتۆمبێلێکی فیراری سوور<br>– خواردنەوەی شەرابێکی زۆر پیش دەرچوونی شەوانە |
| میشال ڕوکار | ڕاڕا | – دەنگۆگەلێکی زۆر لە بارەی دەست لەکارکێشانەوەی<br>– هاوسەرەکەی ڕازی کرد ساڵی ١٩٨٥ واز لە حکومەتەکەی فابیۆس بێنێت |
| جاک شەپان دڵماس | دووزمان : دەستپیس | – پیاوی "کۆمەڵگەی نوێ" باج نادات<br>– نهێنیی مردنی هاوسەری یەکەمی |
| جۆرج مارشیێ | دووزمان | – فەرمانبەری کارگەکانی میسیر شمیدتی ئەڵمانیا لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا |
| ڕیمۆن بار | دیگۆلییەکی ساختە<br><br>هاوپەیمانی ڕاسترەوە توندڕەو<br>پیاوی مۆسکۆ | – ساڵی ١٩٤٢ پێوەندیی بە سوپای ڕزگاریخوازەوە نەکرد<br>– ئەندامی لیژنەی سێ قۆڵی توندڕەوەکان<br>– لۆپان زۆر کەم ڕەخنەی لێ دەگرت<br>– سۆڤێت پێیاندا هەڵدەدا. |
| فرانسوا میتران | پەککەوتوو میکاڤیللی | – نەخۆشیی شێرپەنجە.<br>– هێرشەکەی Observatoire |

شایانی باسە، تۆوی ئەم دەنگۆیانە و هی دیکەش، لە شوبات - فبرایەری ساڵی ١٩٨٦، لە گەرمەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فەرەنسادا، جارێکی دیکە بەئاشکرا، لە چوارچێوەی کتێبۆکەیەکدا بەناونیشانی"ڕووەکەی دیکەی ڕیمۆن بار"، سەریان هەڵدایەوە. بڵاوکاری کتێبۆکەکە، گرووپێکی نەناسراوبوون کە ناوی "داهاتووی نێودەوڵەتی" یان بۆ خۆیان دانابوو بەتایبەتیش بۆ ئەو مەبەستە دامەزرابوون[1]. بێگومان، تیژکردنی ڕێڕەوی دەنگۆکان و تەقاندنەوەیان بەئاشکرا لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، وا پێویست دەکات، بەخۆڕایی و بەفراوانی لە نێو پیاوماقووڵان و ڕۆژنامەوانانیدا، بڵاو بکرێنەوە.

لەوەش واوەتر، خشتەی ڕێکخستنی دەنگۆکان، هەر بەتەنیا سەبارەت بەکاندیدەکانی سەرۆکایەتی نییە، بگرە لە ئاستی نێوخۆدا، وارێک یان ڕەفتارێکی بەرجەستەیە. نووسەری ئەو ڕێنوێنەی پێشتر باسمان کرد "با هەڵبژاردنەکانی هەرێمەکان ببەینەوە"، شانازیی تۆمارکردنی ئەو ڕێڕەوەی پێ برا؛ ئەگەر هەر کەسێک بیەوێ بەو شێوەیە دەرکەوێ کە مەبەستیەتی، پێویستە پەیڕەویان بکات.

ئەگەر ویستت پیاوێکی چوست وچالاک دەربکەوی، بەدرێژی خشتەی ژوانگەل و هاموشۆ گشتییەکانت ڕا بگەیەنە.

ئەگەر ویستت بیسەلمێنی تۆ کاندیدێکی جیدیت، ئەو شتانە ئاشکرا بکە کە پێت ناخۆشە لە بارەی ژیانتەوە بنووسرێ، نەک زێدەڕۆییی تێدا بکرێ.

ئەگەر ویستت بیسەلمێنی لە دووی بەرژەوەندییەکی کەسێنیت نیت، ئەو مەترسییانە ڕوون بکەوە کە ڕووبەڕووت دەبنەوە (لە لایەنی پیشەییەوە بۆ نموونە).

ئەگەر ویستت دڵسۆزیت بسەلمێنی، ئەو مەسەلانە ڕوون بکەوە کە ڕازی نابیت لە بارەی ڕکابەرەکەتەوە بینووسیت.

ئەگەر دەتەوێ تواناکانی خۆت لە پێوەندی و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکدا بسەلمێنیت، هەندێک ڕووداوی دانسقە و سەرنجڕاکێش بگێڕەوە.

ئەگەر حەزت کرد ڕەخنە لە خەرجییەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ڕکابەرەکەت بگریت، خەرجی پۆستەرە بڵاوکراوەکان ئاشکرا بکە.

نەبووەتە باو گەر ویسترا دەنگۆیەک بتەقێنرێتەوە، کۆبوونەوە بۆ دەنگۆچییەکانت

ساز بکەیت. ئاخر بەرەفتارێکی لەو جۆرە، پێشانی دەدەی کە پروپاگەندەچیت و گەمە بەخەڵکەکە دەکەیت. بەرانبەر بەوە، پێویستە دەنگۆ دوای گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسانە بڵاو بکرێتەوە بێ ئەوەی ڕاستەوراست پێیان بڵێی وا بکەن و وا مەکەن. بۆ تەقاندنەوەی دەنگۆیەکیش، دە تا پازدە کەس بەسە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت. ڕاستت دەوێ، جیهانی سیاسەت تاکە جیهانە لە چەندین لایەنی پسپۆڕ لە گوتنەوەی دەنگۆگەلدا کە کاریتی Caritey پێیان دەڵێ "پسپۆڕانی دەنگۆ" سوود دەبینێ[٢٧].

ڕۆژنامەوانە سسیاسییەکان، پارلەمانتارانی پێشوو، ڕاوێژکارە سیاسییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، ڕاوێژکارانی سەندیکا و یەکیەتییەکانی خاوەن کارەکان و نووسیارانی لاپەڕەکانی کۆمەڵگە، ئەمانە؛ خەون بەوۆتەر گەیتێکی تازەوە دەبینن و لە هەلا و بڵاوکردنەوەی ڕیسواییی ئەم و ئەو، قازانج دەکەن.

ئەوانەی بەرژەوەندییان وا دەخوازێ دەنگۆیەک داهێنن: دەزگا سیاسییەکانی پارتەکان، باڵیۆزخانەکانی دەوڵەتە بیانییەکان، ئەمانە هانی خێراکردنی بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان دەدەن تا زوو مەسەلەکان یەکلا بنەوە.

جیا لەوانە، دەنگۆ کاتێک زۆر خێراتر بڵاو دەبێتەوە کە جیهانی سیاسەت بچووک دەبێتەوە و ملکەچی ژوورەکانی نووسیاری (مکاتب التحریر) دەبێت و ڕۆژنامەوانان و پەرلەمانتاران و پەیامنێرانی وەزارەتەکان و ڕاوێژکارە ڕۆژنامەوانییەکان و نووسەرانی "بڵاوکراوە نهێنییەکان"، ئەوانە، دەترسێن دوور بخرێنەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بۆ خوێنەرانیان دەکەنە کاری خۆیان. بەهۆی پەیامنێرانی دێهاتەکانیشەوە، دەنگۆکان بەسەرلەبەی فەرەنسادا بڵاو دەبێتەوە، لەوێشەوە دەگاتە لەندەن و بۆن و واشنتۆن و شام هەروەها لە ڕێی پەیامنێرانی ئاژانسە بیانییەکانی دەنگوباسەوە. ئەو کاتیش، دەنگۆ دەگاتە چڵەپۆپە لە نێو خەڵکدا و دەتوانرێ هەر ساتێک بقۆزرێتەوە.

بەشی چوارەم

# دەنگۆ دادەمرکێنرێتەوە؟

باسی هەژدەیەم

# دژەدەنگۆ

ئایا دەنگۆ دادەمرکێنرێتەوە؟ کامانەن ئامرازەکانی دامرکاندنەوە؟ بەدرۆخستنەوەی دەنگۆگەل چەند کاریگەرە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستییەکی واز لێنەهێنراوە بۆ ئەو کەس و گرووپ و رێکخراوانەی لە ناکاو رووبەرووی دەنگۆگەلێکی هەڵبەستراو دەبنەوە کە ڕەنگە لێکەوتەوەی نەرێنی و خراپ بگرە کارەساتاوییان دەبێت. پێش هەر شتێک دەبێ دان بەودا بنێین کە ڕاچێتەیەکی سیحراوی و ئامادە نییە فێرمان بکات چۆن بەرەوڕووی دەنگۆگەل دەبینەوە. بەرانبەر بەمە، ڕەنگە ناسینی وردی حاڵەتەکە، یارمەتیمان بدات بەتەواوی دەستنیشانی بکەین و ڕاسپاردەی گونجاویشی بۆ پێشنیاز بکەین.

## کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ و ئیبلیس

کاردانەوەکانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ چی بوون بەرانبەر بەو دەنگۆیە ساڵی ١٩٨٠ تۆمەتباری کرد کە موڵکی تایەفەی Moonە؟ سەرەتا، کۆمپانیاکە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی دایەوە و چۆنێتیی لۆگۆکەی لە ساڵی١٨٨٢دا و سەرمایەکەی خۆی ئاشکرا کرد. ویستی بیسەلمێنی کەس لە توانایدا نییە بەتەنیا خاوەنی پرۆکتەر ئەند گامبڵ بێت. ئەوەبوو تەلەفۆنەکانی کە بۆ کۆمپانیاکە دەکران کەم بوونەوە، ئەمەش هێمایەک بوو بۆ دامرکانەوەی دەنگۆکە.

بەڵام هێندەی نەبرد، کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨١، لێشاوێکی دیکەی تەلەفۆن دەستی پێ کردەوە. ئەم جارەیان ئەوانەی تەلەفۆنیان دەکرد دەیانویست بزانن ئاخۆ ڕاستە کۆمپانیاکە موڵکی ئیبلیسە. وردە وردە، تەلەفۆنەکان و نامە بێ سەرچاوەکان

بەشـێـوەیەکی شـێـتـانە زۆر بـوون تا لە حـوزەیران – یۆنۆی١٩٨٢دا چووە لـوتکە و تەلەفۆنەکان گەیشتنە پازدە هەزار پێوەندی.

لە یەکـەمین چرکەوە، پرۆکتـەر ئەند گامبڵ بڕیاری وەڵامـدانەوەی ئەو دەنگۆیەی دا، بەڵام بەشـاراوەیی و بێ ئەوەی بگاتە مـیـدیاکـان. کـۆمـپـانیـاکـە وای بـەباش زانی پشکداران نـەترســێنرێن و ڕێگە بەدابـەشکاران بـدرێ ســەبارەت بەمـــەرجـــە پێشنیـازکراوەکانی کۆمپانیا توندتر بن. ئـەو دەمە، سـەرەتا پرۆکتـەر ئەند گـامبڵ، دۆسیێیەکی ڕوونکاریی بۆ شەست و حەوت قسەڕۆیشتووی گرووپە ئاینییەکان نارد، دیسـان دۆسـیـێـیـەکی هـاوشـێـوەی بۆ چل و هـەشت گـۆمـەڵەی ئاینی نارد و ئاگـەداریان دەکـاتەوە و داوایـان لێ دەکـات هـەڵـوێسـتـێک دەربڕن. چونکە شـاڵاوەکـەی سـەر پرۆکـتـەر(بانگەوازێک بـوو بۆ نەکـڕینی بەرهـەمـەکـانی) ڕووخـسـارێکی ئاینیـانەی هـەبوو، پێویسـتی دەکرد، پێوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەی ئەو کۆمەڵانەدا بکات تا بتوانن لایەنگرانیان کۆنترۆڵ بکەن.

بەڵام لە ژێر باری زۆربوونی تەلەفۆنەکاندا، پرۆکتەر ئەند گامبڵ ناچار کرا پەنا بۆ مـیدیاکـان ببـات. لە بیست و چواری حوزەیران – یۆنیـۆی سـاڵی١٩٨٢دا، پرۆکتـەر ئەند گـامبڵ بـەیاننامـەیەکی ڕۆژنامـەوانیی دەرکرد بـەڕوونی باس لەوە دەکات گـەورە سـەرکردەکـانی بزاڤە ئاینییە توندڕەوەکان دانیان بەوەدا ناوە کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان کۆمپانیاکە و ئیبلیسـپەرستیدا نییە. قۆناغی دواتر، کۆمپانیاکە داوەتێکی بۆ هـەواڵنێرە ڕۆژنامـەوانییەکانی گـەورەتری کۆوار و ڕۆژنامەکانی ئەمریکا ڕێک خست. بێگومـان ئەم بزاڤـە ڕۆژنـامـەوانیـیـە زۆر گـرینـگ بـوو. بەڕێوبـەری پێـوەندییـەکـانی پرۆکتەر ئەند گـامبڵ لە پرۆگرامی بەناوبانگی بەیانیـان "بەیانی باش ئەمریکا "Good Morning America دا، دەرکـەوت، هـاوزەمـان بەرپرسـانی کـۆمـپـانیـاکـە خـۆیان لە پرۆگــرامـی تەلەڤــیــزیۆنیی فــیل دۆنـاهـیــو Phil Donahue پاراست ســەرەڕای دووپاتکردنەوەی داوەتکردنیـان لە لایەن بـەڕێوبەرانی پرۆگـرامـەکـەوە. هۆکـاری ئەو خـۆپاراسـتنە بۆ ئەوە دەگــەڕێتـە کـە لە دەنگۆکـەدا دەگـوترا گـوایە یەکـێک لە کاربەدەستانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ لەو پرۆگرامەدا دەرکەوتووە گوتویەتی لە سـەدا ١٠ی دەسکەوتەکانی کۆمپانیاکە بەماڵەکانی ئیبلیسپـەرستی دەدرێ، وا دیارە کـۆمـپـانیـاکـەش دەیویست ئەو خـاڵەی دەنگۆکە بـەدرۆ بخـاتەوە و بتـوانێ بڵێ

هەرگیز هیچ کاربەدەستێکی پرۆکتەر ئەند گامبڵ لەو پرۆگرامەدا دەرنەکەوتووە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم هەڵمەتە رۆژنامەوانییە چڕەدا، بۆ یەکەمین جار پرۆکتەر ئەند گامبڵ بڕیاری دا، سکاڵایەکی داوەری لە دژی شەش کەس تۆمار بکات بڵاڤۆکێکیان بڵاو کردووەتەوە، بڵاڤۆکەکە، خەڵک لە سروشتی ئیبلیسییانەی کۆمپانیاکە ئاگەدار دەکاتەوە و داوایان لێ دەکات بەرهەمەکانی نەکڕن. دەرکەت لە نێو ئەو شەش کەسەدا، دابەشکارانی کۆمپانیای ئاموای Amwayی ڕکابەری پرۆکتەریان تێدایە. دەبێ ئاماژەش بەو بدەین کە پاڵنەرەکانی دەنگۆچییەکان تەنیا باوەڕی ئاینییان نییە، بگرە پاڵنەرگەلێکی دیکە هەن، لەوانە ڕکابەریی ئابووری وەک لەم نموونەیەدا باس کرا. وەک دوا هەنگاویش، کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ پازدە کارمەندی لەسەر بگۆڕی تەلەفۆنەکانی سەنتەری دانا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو تەلەفۆنە زۆرە بدەنەوە کە لە ژمارە خۆڕاییەکانەوە بۆیان دەهات(٧، ٢٢).

لە تەمووز – یۆلیۆی١٩٨٢دا، کۆمپانیاکە لە شەش هەزار تەلەفۆنی زیاتر بۆ نەکرا. بەڵام ژمارەی تەلەفۆنەکان دیسان وردە وردە بەرز بووەوە تا پاش چەند مانگێک گەیشتەوە پازدە هەزار تەلەفۆن لە مانگێکدا. دوای چوار ساڵ چەرمسەری و هەزاران نامەی پێچراوە و سەدان هەزار تەلەفۆن، دروست لە نیسان – ئەپریلی ١٩٨٥دا، کۆمپانیای زەبەلاحی پرۆکتەر ئەند گامبڵ، کە کۆی فرۆشیارییەکانی دەگاتە دوازدە ملیار دۆلاری ئەمریکایی، ناچار بوو لۆگۆ بەناوبانگەکەی بەسەر هەموو بەرهەمەکانیەوە لا ببات، بەمەش، هێمایەکی لابرد کە لە ساڵی ١٨٨٢ەوە بەردەوام بوو. بەرانبەر بەوە، هێماکە تەنیا لە سەنتەری کۆمپانیاکە لە سنسیناتی Cincinnati و بەسەر نامە فەرمییەکانی کۆمپانیاکەوە مایەوە. بەم شێوەیە لە کاتێکدا دەنگۆکە جەختی لەسەر ڕووخساریی ئیبلیسیانەی دەکردەوە، کۆمپانیاکە هەموو هەوڵێکی دا لەو هێمای تاوانبارییە ڕزگاری بێت.

## بەڵام لابردنی لۆگۆکە (هێماکە)، سنوورێکی بۆ دەنگۆکە دانا؟

لە هەموو حاڵەتێکدا، جێی سەرنجە چەندین هێمای بازرگانی لە فەرەنسا ناوە کۆدکراوە ئەوروپاییەکەیان (E ژمارە) کە تایبەتە بەمادە زیادکراوەکان و لەسەر هەموو بەرهەمەکانیان دادەنا، گۆڕییان بەناوێکی زانستی (ئارتۆ فۆسفاتی سۆدیۆم

بۆ نموونە)، هەر ئەمەش وای کرد، ناوی ئەو بەرهەمانە لە لیستەکەی بڵاڤۆکی فیلگۆیڤ لاببرێن.

شایانی باسە دەتوانرێ هەندێک ستراتیجی دیکەش بەرووبەرووبوونەوەی دەنگۆ پەیرەو بکرێ:

بێدەنگی، ڕێگەی ئەو سیاسەتوانانەیە کە سووک سەرنجی ئەو بوختانانە دەدەن پێیان دەکرێ[١٥]. بڵێی لەو باوەڕەدا بن، دەنگۆ لە خۆوەڕا دادەمرکێتەوە؟ پێ ناچێ، لانی کەم لە مەودایەکی نزیکدا. بۆ نموونە، دەنگۆکەی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ، ڕۆژانە دەگەیشتە گرووپێکی ئاینیی دیکە، لەبەرئەوەی بازاڕی ئەو دەنگۆیە فراوان بوو، هەمیشە هێندەی سووتەمەنی هەبوو گڕ بگرێتەوە. لەو کاتەی گرووپە کۆنەکان لە دەنگۆکە بێزار دەبوون، تازە دەگەیشتە گرووپێکی دیکە.

**خاڵی چڕبوونەوە:** ڕاستت دەوێ، دەنگۆی پرۆکتەر ئەند گامبڵ، لە هەموو ویلایەتەکاندا هەمان کاریگەریی نەبوو. بۆیە دەبا جەخت بخرێتە سەر ویلایەتە سەرەکییەکانی باشوور کە دەنگۆکەیان بەفراوانی تێدا بڵاو بووبووەوە.

**هەڵمەتی ڕێکلام:** لەبەرئەوەی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ، لە ڕێکلامی تەلەڤیزیۆندا زۆر لێهاتووە، دەکرا سوودێکی چاک لەم لایەنە ببینێ. دەیتوانی ئەو زانیارییانە کۆنترۆڵ بکات کە دەگەیشتنە خەڵک، بەڵام گرانیی نرخی ڕێکلام، وای کرد خۆی لەو دارەتە نەدات. بەدیوێکی دیکەدا، ڕێکلامەکە، دەنگۆکەی دەگەیاندە ئەوانەش کە نەیانبیستبوو. هەروەها ڕێکلامەکە، ناوی کۆمپانیاکەشی ئاشکرا دەکرد، ئەمەش، پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کۆمپانیاکەیە کە سەدەیەک بوو پیادەی دەکرد. ئاخر کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ، هەرگیز هەوڵی نەداوە ناوی خۆی ڕابگەیەنێ، بگرە هەمیشە ڕێکلامی بۆ هێما بازرگانییەکەی دەکرد. لە ڕاپرسییەکدا[٣]، لە سەدا ٧٩ی ئەمریکاییەکان ئەو بەرهەمانەیان نەناسییەوە کۆمپانیاکە بەرهەمیان دێنێت. بەڵام ئەوانی دیکە، چەندین جار لە مەزەندەکانیاندا بەهەڵەدا چوون. ئەم ڕێژە گرینگە، لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێت کە مەترسیی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە زیادەڕۆیی تێدا کرا بێت. ئاخر بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرهەمەکانی پرۆکتەر ئەند گامبڵ، پێویستە بەرهەمەکانی

بناسـیتـەوە. سـەربارى ئەوە، لە سـەدا ٤ى ڕاپرسـراوان ئاشکرایان کـرد، کڕیارییـەکانیان لە بەرهەمەکانی پرۆکتەر کەم کردووەتەوە. لە دیدێکی ئابوورییانەى ڕووتەوە، ستراتیجی بێدەنگی، لەوانی دیکە پاساوى زێدەتر بوو، ئەگەرچی لە لایەنی دەروونییەوە لە هەموویان قورسترە. ئاخر فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە و دابەشکاران و فرۆشیاران، هەردەم لە چاوەڕوانیدا بوون ئەنجوومەنی کارگێڕیی ڕێوشوێنێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى دەنگۆکە بگرێتە بەر.

لە کەنەداش، کۆمپانیای لا باتز La Battsى بەرهەمهێنەرى بیرەى لاباتزى بەناوبانگ، ساڵی ١٩٨٤ ڕووبەڕووى ئەو دەنگۆیە بووەوە کە دەیگوت کۆمپانیاکە موڵکی کۆمەڵێک پاکستانییە. ئەو کات، کۆمپانیاکە هەڵمەتێکی ڕێکلامی بۆ بیرەکە بەرپا کرد بەناونیشانی "کەنەدیی ڕەسەن" لەوێدا تیشکی دەخستە سەر ڕۆچوونی بیرەى لا باتز بەمێژووى کەنەدادا. ئەگەرچی ڕێکلامەکان برێتی بوون لە فیلمی کورت کورت لە بارەى خودى بیرەکەوە، بەڵام بابەتەکە، وەڵامێکی ناڕاستەوخۆى دەنگۆکە بوو.

زنجیرە خواردنگەکانی ماکدۆناڵدزیش دیسان ڕێکلامی تەلەڤیزیۆنییان کردە، یەک لە ئامرازەکانی هێرشی پێچەوانە کە بزاڤێکی ڕۆژنامەوانی و لقەکانی خواردنگەکەى گرتەوە. بەڕێوەبەرانی ماکدۆناڵدز، نامەیەکی وەزارەتی کشتوکاڵیان بڵاو کردەوە کە دەڵێ ماکدۆناڵدز، بەپێی پێوەرەکانی سەلامەتیی خواردنەکان و خزمەتکردنی چۆنایەتییانەوە پابەندە. هەروەها لە ئاستی پێوەندى گشتییەکانیشدا، هەڵمەتێک بۆ دەرخستنی کەموکوڕییە ئابوورییەکانی دەنگۆکە بەرپا کرا. ئاخر نرخی کیلۆیەک کرمی زەوى پێنج ئەوەندەى نرخی کیلۆیەک گۆشتی گایە. هاوکات، هەڵمەتێکی ڕێکلامی تەلەڤیزیۆنی بەڕێ خرا کە بەهەمبەرگرى ماکدۆناڵدزدا هەڵدەدا و دووپاتی ڕستەیەکیشی دەکردەوە "لە سەدا سەد گۆشتی گا".

## ئۆرلیان: دژە داستان

دەنگۆکەى ئۆرلیان بەوە لەو دەنگۆیەى پێش ئێستا باسمان کرد، جیا دەکرێتەوە کە دەنگۆیەک بوو لە چوارچێوەى شارێکی ٨٨ هەزار کەسیدا. جیا لەوەى هێرشەکە لە دووى حوزەیران - یۆنۆى ١٩٦٩دا دەستی پێ کرد، واتە؛ دواى تێپەڕبوونی سێ

هەفتــە بەســەر ســەرهەڵدانیـدا لە نێـو کـچـە ڕووالەکـانی شــاردا. دیارە دەبێ دژە دەنگۆکەی کاریگەر بووبێت، بۆیە هەر لە ناوەڕاستی حوزەیران - یۆنیـۆدا ئەو تین و تاوەی نـەمـا، دەیان هـەزار دەنگۆی لێـرە و لەوێـی جێ هێـشت بـەر لەوەی حـاڵـەتی سەرکوتکردن: ("باشتر وایە باسی ئەوە مەسەلەیە نەکرێ") و بیرچوونەوە:("من هەر لە سەرەتاوە بڕوام نەدەکرد")، دەست پێ بکات. ئیدی چەند ڕۆژێکی نەبرد، خەڵک و کڕیاران ڕوویان لەو بازرگان و مارکێتانە کردەوە کە دەنگۆکەیان بۆ هەڵبەسترابوو.

بەڵام لە ٣٠ئایار - مایۆدا، بەڕێز لیشت Licht خاوەنی سوپەرمارکێتی دۆرفیێ Dorph (یەکـەمین مـارکـێت کـە دەنگۆکـە باسی دەکـرد)، لای پۆلیس سکاڵای دژی نەناسراوێک تۆمار کرد. لە دووی حوزەیران - یۆنیۆدا ڕۆژنامـە لۆکاڵییەکان چوونە نێو شەڕەکەوە، هەر بەگێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە نەوەستان، بگرە هێرشێکی توندیان کردە سەر دەنگۆکە و ڕۆژنامەی La Nouvelle Republique بە"بوختانێکی ناشیرین" و ڕۆژنامــەی Republique du Centre بە "شـاڵاوی ڕیسـواکـردن"یان نـاو برد. ئیـدی قــسـەی بن بـەڕە هاتە ســەر بەڕە، دەنگۆکـە ژێر بەژێر و بەچرپەچرپ باس دەکـرا، ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە و ناڕەزاییەکی گشتییان بەدژی دروست کرد. وا دیارە گۆڕانی هەڵوێست بەرانبەر دەنگۆکە، گۆڕانی پێگەی دەنگۆچییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، لە بەرهەڵستکارانی تاوانەوە بوونە لایەنگرگەلێکی ئاشکرای دژەسـامـیـزم. ئیدی دوای ئەوە، گوتنەوەی دەنگۆکە، لە ڕێزی کەم دەکردنەوە و خەڵک بەچاوێکی سووکەوە تەماشای دەکردن.

لە ئاستی نێوخـۆدا، مەترانی ئۆرلین و کـۆمـەڵە و ڕێکخـراوە سیـاسـیـیەکـان و سەندیکا پیشەییەکان، بەیاننامەی ناڕەزاییان دەرکرد، کۆمەڵەکانی کۆچبەرانیش وەک LICRA و MRAP هەمان شـتـیـان کـرد. لە مـاوەی نێـوان ٧ی حـوزەیران - یۆنیۆوە تا ١٠ی مانگ، ڕۆژنامەکانی پاریس؛ لۆمۆند، ئورۆر L Aurore، ئێکسپرێس L Express و چاودێری نوێ Nouvel Observateur، لە ڕێی چەند وتارێکەوە، فوویان بەزوڕناکاندا کرد.

بەڵام لە بەرانبـەر ئەو دژەهێرشـەدا،، سـەرەتا دەنگۆ هێـرشـێکی کـردە سـەر دژەهێرشـەکـە. وا دەردەکـەوت کـە داسـتـانی بازرگـانیی سـێکسـفـرۆشی، لە دژە

داستـانەکە دەباتـەوە، ئاخـر هێـرشـەکـەی دەنگۆ دەیگوت، جـوولەکـەکـان، بەرتیلیـان بەڕۆژنامـەکـان لۆکاڵی و کۆمـەڵەی دەسـتـەبژێری شـار داوە، هـەروەها هـەمـان شت بۆ ڕۆژنامـەکانی پاریسـیش ڕاسـتـە کە وەک هـەمـووان دەزانن، ویژدانـی خـۆیان بە پارە دەفـرۆشن. لە ئاکـامی ئەم زێدەڕۆییـیـەدا، دەنگۆکـە سـەروتازە تەقـیـیـەوە و دەتگوت بۆقێکە و دەیەوێ مانگایەک قووت بدات.

دەمـێنێـتـەوە بپـرسـین: بۆچی کـاریگەریـی دژەهێـرش لە ئۆرلیـان ١٩٦٩، ئامـیـانز ١٩٧٠ و لە لارۆش سـور یۆن ١٩٨٤ دەرکـەوت و هـاوکـات دژەهێـرشـەکـەی لە ئەمـریکا کرایە سەر دەنگۆکـەی کۆمپانیای پرۆکتـەر ئەند گـامبڵ وا نەبوو؟ لێرەدا دەبێ بڵێین ئەو ئامـرازانەی پرۆکتـەر ئەند گـامبڵ بەکـاری هێنان، بەچارەسـەرێکی مـامناوەندی یان ڕواڵەتـی دەژمـێـردرێن ئەگـەرچی گـرینگیش بوون. بەرانبـەر بەوە ئەو لێـشـاوە بەیاننـامـەی نارەزایی و خـۆپیـشـانـدان و وتارە ڕۆژنامـەوانیـیـانەی لـە نێـوان دوو، دوازدەی حـوزەیران – یۆنیـۆی١٩٦٩دا بڵاو کرانەوە و جـەختـیـان لـە شـاری ئۆرلیـان بەتەنیـا دەکردەوە، هـەڵمـەتێکی تا دەست هـەڵگری توند و چڕ بوو. یەکـەمـین پەندیش لەوەدایە: مـادام ئاگـرەکـە شـوێنێکی دیاریکراوی گـرتووەتەوە، دەتوانرێ خـێـرا بکوژێنرێتـەوە. بەڵام لە ئەمریکا، زۆری تەلەفـۆنەکانی بـۆ پرۆکتـەر ئـەند گامبڵ دەکرا، دەیسەلمێنێ دەنگۆکە دەمێکە سەری هەڵداوە و بەکاوەخۆ بڵاو بووەتەوە. هـەر بۆ زانـین ئەوانـەی لە سـەرەتاوە تـەلەفـۆنیـان دەکـرد "دۆسـتـان" بوون، واتە؛ ئەوان بـڕوایان بەدەنگۆکـە نەکـردبوو، بگرە دەیانویست ئەو کـۆمـپـانیـایەی مـتـمـانەیان پێـیـەتی، وەلامـێکی دڵنیاکـەرەوەیان بداتەوە. ئەوەبوو پێشـتـر گەیشـتـینە ئەو بەرەنجـامـەی(١٢١) ئەو لایەن یان کـەسـەی دەنگۆکـەی بەدژ دەکرێ زۆر درەنـگ دەیبـسـتـێ ئەویش لە ڕێی دۆسـتـێکیـەوە. بۆ نموونە لە ئۆرلیـان، بەڕێز لیـشـتـی خـاوەنی مـارکـێـتی دورفـیێ تا بیسـتوسێی ئایار– مایۆ دەنگۆکـەی نەبیسـتبوو تا دۆسـتێکی پێی گوت. لەوە زیاتر، دەنگۆکـە وەک بوخـتـانێکی کـەسـێنی دەژمـێـردرا، نەک دەنـگۆیەک بێت سـەبارەت بەبازرگـانیی سـێکسـفـرۆشی و ئامـانجـەکەش؛ شـەش سـوپەرمـارکێتی بەنـاوبانگی شـارە. بۆیە، بازرگانەکـان، دەسـتیـان بەدژەهێـرش نەکـرد، پاش چەند ڕۆژێک نەبێت، چونکە لە سـەرەتاوە گاڵتەیان بەدەنگۆکە دەهات.

باسی نۆزدەیەم

# بەدرۆخستنەوە: هونەرێکی مەترسیدار

## زانراوەیەکی کەمبایەخ

تەنیا بەدرۆخستنەوەی دەنگۆ بەس نییە، چونکە دەخرێتە بازاڕەوە هەندێک خۆڵوخاش لە بەهای زانیارییەکانی کەم دەکەنەوە.

بەدرۆخستنەوە، هەواڵێکی بەهەڕمێن نییە. ڕووداوێکە پێشبینیکراو، چونکە ئاساییە ئەوەی دەنگۆی بەدژ بڵاو دەکرێتەوە بڵێ بێ خەتام یان هەندێک ڕاسپێرێ بڵێن بێ خەتایە. بەڵام هەواڵی ڕاستەقینە، لە ناکاو و پێشبینینەکراو ئەوەیە، کاتێک تۆمەتبارەکە دەڵێ: "بەڵێ، من ئەوەم کردووە". دەبێ ئاماژە بدەین کە بەدرۆخستنەوە، هەر دەبێ (تحصیل حاصل). تەمووز – یۆلیۆی١٩٨٥، دەنگۆیەکی هەڵبەستراو گرووپی سانپیکیێ Sanpiquetی بەرهەمهێنی توونەی تۆمەتبار کرد کە توونەکەیان ژەهراوییە، دیارە ئەو بەدرۆخستنەوانەی بڵاو بوونەوە، شەرمنانەتر بوون لەو هەواڵانەی باسی ژاراویبوونی بەرهەمەکانی گرووپەکەیان دەکرد. بەڵام ئەم دیاردەیە، سروشتییە. چونکە ئەگەر بگوترێ: "توونە هیچ مەترسییەکی نییە"، ئەوە زانراوە نییە، بگرە قسەیەکی پڕوپووچە. بەڵام کە دەگوترێ:"ئاگەدار بن، توونەی قوتووبەند مەترسیدارە"، پێشدەستییەکی ڕۆژنامەوانییە.

بەدرۆخستنەوە، زانراوەیەکی بێ کاریگەرییە. تەنانەت بێزارکەرە. ئەو، لە دنیای خەیاڵ قوتار دەبێ بۆ ئەوەی لە پڕوپووچیی واقیعدا نغرۆ بێت، دەیەوێ چیرۆکێک سەرکوت بکات، کە نازانین ڕووی داوە یان نا، وێڕای ئەوەی لە کاتی گێڕانەوەیدا، کاری تێ کردووین و قسەگەلێکی باش و خراپمان لەبارەیەوە هەبووە. لێرەدا دەبێ

ئەو وتە بەناوبانگە ئیتالییە بێنینەوە یاد:" ئەگەر هەواڵەکە ڕاستیش نەبێت، خۆ داهێنان و هونەرێکی تێدایە". دوای ئەوە، ئاسانە لەوە تێ بگەین بۆچی بەدرۆخستنەوە، لە ڕۆژنامەدا وەک میوانێکی ناوەختە. یان ڕۆژنامەکە باسی دەنگۆکەی هەر نەکردووە؛ لەم حاڵەتەدا، چ پێویست دەکات ڕووبەرێکی گەورە بدرێتە بەدرۆخستنەوەی، یان ڕۆژنامەکە دەنگۆکەی هەر بۆ خۆشی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام بەدرۆخستنەوەکەی بێزارکەر و بێ تامە. لەم حاڵەتەشدا، بەدرۆخستنەوەکە، ڕووبەرێکی ئەوەندە بچووکی لە خواری لاپەڕەکەوە بۆ تەرخان دەکرێ، سەرنجی کەس ڕاناکێشێ.

بەڵام ئەگەر بەدرۆخستنەوەکە لە لایەن دەسەڵاتێکی فەرمیی بالاوە بوو، ئەوە دەبێتە زانراوەیەکی نیوچە پێگیر (شبه إلزامی). جیاوازیشی نییە، ئەگەر بەدرۆخستنەوەکە ڕەنگدانەوەی قووڵیشی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. لە ئۆرلیان بۆ نموونە، دەسەڵاتی فەرمی، دروست سەرۆکی شارەوانی و داواکاری گشتی و پارێزگار، هەڵوێستێکی ئاشکرایان دژی دەنگۆکە وەرنەگرت، بەرانبەر بەوە، بەدرۆخستنەوەکانی کۆمەڵە نێوخۆی و نیشتیمانییەکان، پەردەیان لەسەر پرسێک لابرد کە دەرهاویشتەی پڕبایەخی بۆ سەر هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی هەیە. بەدرۆخستنەوەکە، کێشەیەکی بنەڕەتیی ڕیسوا دەکرد کە تا دەهات هەستی دژەسامیزمی دەورووژاند. لەم حاڵەتەشدا، بەدرۆخستنەوەکە، زانراوەیەکی گرینگ و کاریگەر بوو.

## زانراوەیەکی کۆن "کلاسیکی"

یەک لە خاڵە بەهێزەکانی دەنگۆ، وا لە دووبارەکردنەوەیدا. ئەمڕۆ لە جێیەک دەیبیستین، سبەی لە جێیەکی دیکە. بەم شێوەیە، چیرۆکەکان دەچنە پێش و وردەکاریی زیاتریان دەخرێتە سەر.

بۆیە دەبێ بەدرۆخستنەوەش دووبارە بکرێتەوە تا کاریگەر بێت. بەڵام نابێ ئومێدمان بەوە بێت کە میدیاکان بۆ درۆخستنەوەکە دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەدرۆخستنەوە، دەقێکی ڕەقوتەقە و میدیا دەبێ پێگیری

وشـەبەوشـەی بێت. خـەڵک بۆیە ڕۆژنامـەکان دەخـوێننەوە و گـوێ لە ڕادیۆ دەگرن، تا ئاگەداری هـەواڵەکان بن، نـەک بۆ خـوێندنەوە یان گـوێگرتـن لەو شـتـەی چەند ڕۆژێک یان تەنانـەت چەند هـەفتەیەکیشـە بڵاو بووەتەوە. کاتێک قوربانیی دەستی دەنگۆ، داوا دەکات بەدرۆخستنەوەکە دووبارە بکرێتەوە، چاک دەزانێ، بەدرۆخستنەوەکە ناچێتە چوارچێوەی دواهـەواڵەکانەوە. ڕەنگە هـەندێک جار بەدرۆخستنەوە دووبارە بکرێتـەوە لە ئـەنجـامی هێـرشـێـک یان شـاڵاوێکی ئاینیـیـەوە. بـەڵام هـەر ئەوانـەی دووبارەی دەکەنەوە خۆیان هـەست بەماندووبوونێک دەکەن، دەرک دەکەن مەسـەلەکە هـەر هێندە دێنێ.

بۆ ئەوەی بەمـسـۆگەری سـەرنجی خـەڵک ڕابکێشی، دەکرێ برێک ڕووبەری ڕێکلام بکڕیت. بۆ نمـوونە، لە پێناو دانانـی سنوورێک بۆ ئەو دەنگۆیەی گـوایـە مـاری نێـو هێشـووە مۆزەکەی سوپەر مـارکێتـەکە بەمنداڵێکیەوە داوە و مـردووە، لە ٣٠ی تەمووز – یۆلیـۆی ١٩٨٢دا، بەڕێوبەری مارکێتـەکە، نیـو لاپەڕەی ڕۆژنامەی "ئەلزاس" لۆکاڵی کڕی و لە وتـارێکدا بەفەرمی دەنگۆکـەی بەدرۆ خسـتەوە، پاداشتێکیشی ڕاگەیاند بۆ ئەو کـەسـەی زانیـاریی سـوودبەخـشـیـان پێ دەدا. سـاڵی ١٩٨٤یش، لە نـاوچەی ناوەڕاستی ڕۆژئـاوای ئەمریکای موحـافیـزکاردا، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گـوایە بیرەی "سـترۆ" Strawی بەناوبانگ، بەنهێنی پشـتیـوانیی دارایـی هەڵمەتەکانی هەڵبـژاردنی جیسی جاکسـۆنی کاندیدی دیموکراتی سـەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕکابەری ڕۆناڵد ڕیگن دەکات. ئەو کات، کاردانـەوەی کۆمپانیای بەرهـەمهێنی بیرەی سترۆ برێتی بوو لە کـڕینی چەند لاپەڕەیەکی ڕێکلام لە یەکـەمین ڕۆژنامـەی ناوچـەکـەدا "شـیکاگـۆ تریبیون"Chicago Tribone.

## دیارنەمانی ئامانجەکان

یەک لە خـاڵە سـەیرەکانی هەڵمـەتەکانی بڕوا پێهێنان، وا دیارە کـار لەوانە دەکات کە لە بنەڕەتدا بڕوایان بەدەنگۆکە کردووە، نەک ئەوانەی هـەوڵ دەدرێ بڕوا بکەن[٧٤]. ڕاسـتـت دەوێ، گـەر ئێـمـە لە بۆچوونەکانمان دڵنیا نەبین، خـۆمـان لـەو زانیـارییـانە دەپارێزین کە گومان دەخاتە سـەر بۆچوونەکانمان، بەتایبـەتی لە هـەندێک مەسـەلەی ویژدانیـی گـرینگدا. بێگومـان، ئـەم دیاردەی گـوڵبـژێرە، ڕاکـردنمان لەو پەیامـانەی

دەزانین دژبەری تێـــڕوانینمـــانن، بۆ لێک دەداتەوە بەتایبـەتی کـــە دژبەرییـــەکـــە ڕەنگدانەوەی ویژدانیی هەبێت.

دیارە، ژمارەکان گریمانەی دیارنەمانی ئامانجەکانمان بۆ دەسەلمێنێ. لە سەدا ٨٣ی ئەو ئەمریکاییانەی بڕوایان بەدەنگۆکەی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ نەکردبوو، گوتیان بەدرۆخستنەوەکەی کۆمپانیاکەیان خوێندووەتەوە یان بیستوویانە. لە کاتێکدا، تەنیا لە سەدا ٥٤ی ئەو ئەمریکاییانەی بڕوایان بەدەنگۆکە کردبوو، بەدرۆخستنەوەکەیان لە بیر بوو یان چاویان پێ کەوتبوو. بەڵام لە ئۆرلیان، ناچێتە عەقڵەوە کەسێک مابێت بەدرۆخستنەوەکانی نەبینیبێ یان نەبیستبێ، ئاخر دەزانی دە ڕۆژی تەواو ڕۆژنامە نێوخۆیی و نیشتیمانییەکان چ هەرایەکیان نایەوە.

شایانی باسە، دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ڕێ لە دیارنەمانی خۆبەخۆ یان ئەنقەست دەگرێ. بەڵام لێرەدا بەسەر شتێکی دیکەی سەیردا دەکەوین. میدیاکان و ئەو کاتە نموونەییانەی بۆ گەیشتن و بڕوا پێهێنانی خەڵک دەشێن، چاکترین ئامراز نین بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ خەڵک، ئەگەر مەبەستەکە پێوەندیکردن بێت. واتە؛ ڕۆژنامەوانی کە شیاوترین ئامرازی ڕاگەیاندنە بۆ ڕاکردنی ئامانجەکان، بەگرینگترین ئامرازیش دادەنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام یان نێردراوەکان. سەبارەت بەکاتی زێڕینی ئێستەگەکانی ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن، پێچەوانەکەی ڕاستە، وەک کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بۆ نموونە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێڕەوی وەرگرتن

هیچ شتێک لە بەردەوامبوونی پێوەندی قورستر نییە. لە نێو ڕۆشنبیراندا، سەرکۆنەکردنی ڕێکلامەکانی تایت و دایبیی منداڵان، نیشانەی بەسەلیقەییە. لەم ڕێکلامانەدا، پەیامەکە سێپات دەبێتەوە. سەرباری ئەوە، پاکانە بۆ ئەو هەموو پێدا هەڵدانەی دەنگ و ڕەنگ دەکات. بەڵام ئەم ڕەخنانە، لە لایەنی بەردەوامبوون لەگەڵ خەڵکدا، بنەمایەکی ڕاستیان نییە، بەتایبەتی ڕێکلامە وێنەییەکان کە ماوەکەیان لە سی چل چرکە تێ ناپەڕێ، شاکارێکی هونەرین لە لایەنی بەردەوامبوونەوە لەگەڵ خەڵک. تاقیکردنەوەکانیش ئەمەیان سەلماندووە. زۆربەی جەماوەر گەوهەری پەیامەکەیان لە یادە.

له کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆندا، بەتایبەتی لەو کاتانەی زۆرترین بینەر بەدیاریانەوە دانیشتووە، ئەگەر ڕکابەریی ڕەوای زانیارییەکانی دیکەش لە بەرچاو بگرین، نابێ قوربانیی دەنگۆیەک، لە دوو سێ خولەک زیاتر قسان بکات. جیا لەوە، لەوانەیە قوربانییەکە هەلی گەیاندنی پەیامەکەی لە دەست بدات لەو پەنجەرەیەوە کە چەندین هەفتەیە چاوەڕێیە لێیەوە دەر بکەوێت، بەتایبەتی، زۆری پێیە دەری بڕێ و تامەزرۆیە، هەڵچووە، دەیەوێ ڕاستییەکان بڵێ، ڕاستییەکانی خۆی. لە کاتێکدا دەکەوێتە داوی گەورەکردنەوە، هەموو خولەکێک دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی شتەکان شی بکاتەوە و پاکانە بکات و پاساو بێنێتەوە و ڕاستییەکان ورد بکاتەوە. بەڵام لەو هەمووە، چ شتێک لە یادەوەریی بینەراندا دەمێنێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە بڕوایان بەدەنگۆکە کردووە؟

لە ئامیانز، شوبات – فبرایەری١٩٧٠ کۆپییەکی وەک خۆی دەنگۆکەی ئۆرلیان سەری هەڵدا. لەوێش میدیاکان ڕاچەنین و بەدژەهێرشێک بەرپەرچی دەنگۆکەیان دایەوە. پرۆگرامی"پانۆراما" Panoramaی تەلەڤیزیۆنی، چەند خولەکێکی بۆ دەنگۆکەی ئامیانز تەرخان کرد. بۆ ڕۆژی دواتر، یەکێک لە لێکۆڵیاران لە خاوەنی کتێبخانەکەی بیست کە خاتوونێک پێی گوتووە: تەلەڤیزیۆن بەفەرمی ڕاستیی دەنگۆکەی سەلماند. ژنێکی دیکە گوتی لە هەواڵەکانی تەلەڤیزیۆندا، دیمەنێکی پێشان داوە بەسیناریۆی ژووری جلگۆڕین، بابەتی دەنگۆکە دەچوو. ئەو کات، لێکۆڵیارەکە، ئەم لێکدانەوە هەڵانەی بۆ کاریگەریی دید و حوکمە پێشوەختەکان لەسەر دەرککردن، گێڕایەوە. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە پێویست نییە، چونکە بەهیچ کلۆجێک پێویست ناکات پەنا بۆ میکانیزمگەلێکی بەرگری ببردرێ بۆ لێکدانەوەی هەڵە تێگەیشتن.

جیا لەوە، بینەران بەردەوام بەدیار پرۆگرامەکانی تەلەڤیزیۆنەوە دانانیشن (ئەڵبەت سەبارەت ڕادیۆ کەمتریشە). زۆریان لەو کاتانەدا بەکارێکی دیکەوە مژوولن. خۆ بەردەوام لەبەر تەلەڤیزیۆنەکەدا هەڵنەتروشکاون و هەمیشە چاویان لە سەری نییە. جارجارێک مرۆڤ بەدیار تەلەڤیزیۆنیشەوەیە، بەڵام سەرقاڵی قسە و گفتوگۆیە یان سەیری کۆمەڵێک وێنە دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر ئەم هەواڵە لە ڕادیۆوە خوێندرایەوە: "بەگوێرەی هەندێک دەنگۆ، کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ پێوەندیی بەماڵەکانی

ئیبلیسپەرستییەوە هەیە. بەڵام ئەم هەواڵە هەڵبەستراوە، دەنگۆکەش هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نییە"، لەوانەیە هەندێک گوێگر ئاگایان لە بڕگەی یەکەمی زانراوەکە نەبێت، ئەو کاتە وا دەزانێ ڕادیۆکە، دەنگۆکە دووپات دەکاتەوە. بۆیە وا چاکترە کاتێک دەنگۆیەک لە ئامرازەکانی بینراو و بیستراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بەدرۆ دەخرێتەوە، دەنگۆکە، دووبارە نەکرێتەوە.

شایانی باسە، ئێمە بەهۆی سایکۆلۆجیای یادەوەرییەوە، دەزانین کە مانەوەی چەمکە هەست پێکراوەکان لە یادەوەریدا زۆر ئاسانترە لە چەمکە ڕووتەکان (المفاهیم المجردة). کاتێک گوێمان لە بەدرۆخستنەوەیەکی وەک: "فیسارە خواردن تووشی شێرپەنجەت ناکات"، لەوانەیە بیری هەندێک کەسی بێنێتەوە کە ئەو خواردنە بەڕاستی شێرپەنجەی پێوەیە. بەڵام زۆر بەئاسانی بەدرۆخستنەوەکە بیر دەچێتەوە. ئاخر هەر کە پێکەوە گوێمان لە هەردوو ڕستەی "فیسارە خواردن" و "هۆکاری شێرپەنجە" بوو، پێکەوە لە زەینماندا دەمێننەوە و هەردووکیان پێکەوە بەتوندی دەبەسترێنەوە.

بە ئاشکرا دیارە، ڕۆژنامەوانی تا ڕادەیەکی زۆر ڕێ لە کێشەی لێکدانەوە کەموکورتەکان دەگرن. ئەوکات، دەرفەت دەداتە خوێنەرێک هەواڵێک بخوێنێتەوە و بەو شێوەیەی پێی باشە دووبارە بیخوێنێتەوە، بێ ئەوەی لێشاوی وشە و وێنەکان سەری لێ بشێوێنن. بەڵام لەوانەیە هەواڵەکە نەخوێنێتەوە ئەگەر بڕواکردنی بەدەنگۆکە، گومان بخاتە سەر بەهاکانی، دواجاریش بیکاتە کەسێک کە زۆر هەستیار بێت بەرانبەر بەهەر پەیامێک کە بیبستێ یان ببینێ. بەڵام خۆشبەختانە، ڕادەی تێوەگلان لە زۆربەی دەنگۆکەلەوە، مامناوەندییە. جیا لەوەش، ناتوانین باسی جەماوەرێکی پێکەوەگونجاو بکەین، تەنانەت لەو دەنگۆیانەشدا کە ڕەگەزی ویژدانییان تێدایە، بەتایبەتی کاردانەوەی هەر ئینسانێک بەرانبەر دەنگۆیەک جیاوازە. ئاساییە کە ڕۆژنامەوانی بەئاسانی بگاتە ئەوانەی ڕادەی کاردانەوە و هەڵچوونیان کەمترە(٤٢).

## ئەو بەدرۆخستنەوەیەی یەخەی خاوەنەکەی دەگرێتەوە

ئەو لێکۆڵینەوانەی بەم دواییانە لەبارەی دەنگۆگەل و بەدرۆخستنەوەیانەوە ئەنجام دراون، دەری دەخەن کە دەکرێ مرۆڤ بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەنگۆوە با بڕواشی پێ نەکات. ڕەنگە کاریگەربوونەکە نەرێنیش بێت ئەگەر بڕوای بەدەنگۆکە هەبێت.

شایانی باسە، ئەم بەرەنجامە زۆر گرینگە، چونکە هەموو بەدرۆخستنەوەیەک، دوو بزواندن لە ئاستی پێوەندیدا لە خۆ دەگرێ. بەدرۆخستنەوە، دەنگۆکە دەگەیەنێتە ئەوانەش کە هێشتا نەیانبیستووە، هەوڵیش دەدا کار لەوانە بکات کە بیستوویانە. بەم شێوەیە بۆ نموونە، ئەو هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەی کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ لە حوزەیران – یۆنیۆی١٩٨٢دا بەرپای کرد، وای کرد دەنگۆکە بگاتە بەشێکی زۆر لە ڕای گشتی. لە ویلایەتەکانی باشووریش کە سەرچاوەی دەنگۆکە بوون، گێڕانەوە و وتاربێژان بوونە کەناڵی سەرەکیی دەنگۆکە. بۆ ئەمریکاش بەگشتیی، ڕۆژنامەوانی، سەرچاوەی هەموو ئەوانە بوو بەدەنگۆکەیان زانی. بەڵام دانیشتوانی ویلایەتەکانی باکور، زۆربەیان (لە سەدا ٦٠) دوای هەڵمەتی بەدرۆخستنەوەکە، دەنگۆکەیان بیست. هەروەها لە فەرەنسا، دروست لە ئۆرلیان، هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەکە بەشدارییەکی فراوانی لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆکەدا کرد بەگەڕەکەکانی قەراغ شار و ناوچەکانی دەوروبەردا (بە زۆری لە ئامیانز).

بێگومان، ئەم دیاردەیە پرسیارێکی زۆر گرینگ دێنێتە پێش: ئایا بەدرۆخستنەوە تەنیا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دەنگۆکەوە، هێندە بەهێز و کاریگەرە نەهێڵێ ئەو کەسانەش بڕوا بەدەنگۆکە بکەن کە تەنیا لە ڕێی بەدرۆخستنەوەکەوە دەنگۆکە دەبیستن؟ بەدەربڕینێکی پزیشکانە، بەدرۆخستنەوەکە دەرزیەک لەوانە دەدات تا لە میکرۆبی دەنگۆکە بیانپارێزێ یان دەیخاتە نێو مێشکیانەوە؟ لەم حاڵەتەدا، کەواتە کامانان ئەو پەیامانەی پێویستە لە بەدرۆخستنەوەکاندا هەبن، بۆ ئەوەی ئەو سەرەڕۆیییە نەکەین؟

لە تاقیکردنەوەیەکدا سەبارەت بەکۆمەڵێک ستراتیجی جیاواز لە پێناو دانانی سنوورێک بۆ دەنگۆ، ژمارەیەک قوتابی بانگ کران تا لە پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆندا ئامادە بن کە یەکەمین جار بوو پەخش دەکرا[١٤١]. وەک لە ئەمریکا باوە، لە نێو

پرۆگرامەکەدا جارجار ڕێکلامی ماکدۆناڵدز پەخش دەکرا، لە میانی ئەم تاقیکردنەوەیەدا و لە کاتی لێدانی ڕێکلامەکەدا، کچە قوتابییەکیان (ڕاستییەکەی، خۆی ئاگەداری ئەوانە بوو سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکەیان دەکرد) بەدەنگێکی بەرز کە بگاتە هەموو ئامادەبووان گوتی: "ئەم ڕێکلامە کرمەکانی نێو بابۆڵەکانی ماکدۆناڵدزم بیر دێنێتەوە، ئەڵبەت هەمووتان بیستووتانە ماکدۆناڵدز کرم دەخاتە نێو هەمبەرگرەکانیەوە".

شایانی باسە قوتابییەکان کرابوون بەچوار کۆمەڵی جیاوازەوە، هەریەکەیان بەشداریی دانیشتنێکی جیاوازیان دەکرد و بەگوێرەی ئەم سیناریۆیە:

لە کۆمەڵەی یەکەمدا کە ناوی "تەنیا دەنگۆ"ی لێ نرابوو، دوای ئەوەی قوتابییە کە دەڵێ کرم لە ماکدۆناڵدزدایە، توێژەوی نێو هۆڵەکە بیری قوتابیانی دێنێتەوە؛ لە کاتی پەخشی پرۆگرامەکاندا، قسەکردن قەدەغەیە.

لە کۆمەڵەی دووەمدا، کە کۆمەڵەی "دەنگۆ و ڕەتکردنەوە"ی پێ دەڵێن، کە قوتابییەکە قسەکانی خۆی دەکات، توێژەوەکە دەڵێ:" ئەمانە کۆمەڵێک قسەی هەڵبەستراو و بێ بنەمان. کرمی زەوی زۆر گرانە، کیلۆی بەپازدە دۆلارە. جیا لەوە وەزارەتی کشتوکاڵ لێکۆڵینەوەی کردووە و بۆ دەرکەوتووە کە ماکدۆناڵدز لە گۆشتی گا زیاتر هیچی دیکە بەکار ناهێنێ، ئێستاش تکایە بێدەنگ بن". دەکرێ سەرنج بدەین، توێژەوەکە هەمان پاکانەکانی ماکدۆناڵدز خۆی بەکار هێنایەوە.

لە کۆمەڵەی سێیەمدا، کە "دەنگۆ و جیاکردنەوە"ی پێ دەگوترا، توێژەوەکە خێرا وەڵامی قوتابییە فێرکراوەکە دەداتەوە و دەڵێ؛" ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت، بەڵام من هەفتەی پێشوو لەگەڵ خەسوومدا چوومە ڕێستورانتی پاوڵ Paul، ڕێستورانتێکی فەرەنسایی بەناوبانگە لە شیکاگۆ، زەڵاتەیەکی خۆشمان خوارد کە کرمی زەویی تێدابوو. باشە تکایە با ئێستا بێدەنگ بین".

لە کۆمەڵەی چوارەمدا، کە کۆمەڵەی"دەنگۆ و سەرلەنوێ گرێدانەوە"یان پێ دەگوت، هەر پەخشەکە تەواو بوو، وەک سێ کۆمەڵەکەی دیکە، فۆرمێک بەسەر قوتابیاندا دابەش کرا سێ پرسیاری سەبارەت بەماکدۆناڵدز تێدا بوو: (تەندروستییە، ناتەندروستییە. ئەوەیە کە بۆی دەگەڕێم، ئەوە نییە. هەر دەبێ بچم. هەرگیز ناچم).

بەلاَم لەم کۆمەڵەیەی چوارەمدا، بەپێچەوانەی سێ کۆمەڵەکەی دیکەوە، پێویستە قوتابیان پێش وەلاَمدانەوە ئەو لقەی ماکدۆناڵدز دەستنیشان بکەن کە بەردەوام بۆی دەچن. هەروەها ساڵی چەند جار دەچن، ئایا رێستورانتەکە، باڵکۆنێکی هەیە بەسەر دەرەوەدا بڕوانێ یان نا.

ئەنجامەکانی ئەو چوار تاقیکردنەوەیە لەم خشتەیەی خوارەوەدایە:

خشتەی ٥

ماکدۆناڵدزو کرمی زەوی

کاریگەریی هەندێک شێوازی بەدرۆخستنەوە




لەم خشتەیەوە دەردەکەوێ کە دەنگۆ و دوایی بەدرۆخستنەوەی، هەمان ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی هەیە کە بلاَوکردنەوەی دەنگۆکە بەتەنیا هەیەتی. بەرانبەر بەوە، دوو تاقیکردنەوەکەی دیکە (دەنگۆ و جیاکردنەوە، دەنگۆ و سەرلەنوێ گرێدانەوە) کاریگەریی دەنگۆکە ئیفلیج دەکەن.

بەلاَم لەم دەنگۆیەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی؛ بەدرۆخستنەوە بەهیچ کلۆجێک کاریگەر نییە. ئەم لێکۆڵینەوەی تەنیا یەک جۆر بەدرۆخستنەوەی وەرگرتبوو. وەک

باوە، بەدرۆخستنەوەکان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە، لە تەلەڤیزیۆنەکانەوە یان ڕۆژنامەکان، ئەمەش زیاتر جێی متمانەیە وەک لە توێژەوەیەک.

بەهەرحاڵ، ئەم ئەزموونە پەندی زۆری تێدایە سەبارەت بەدروستبوونی ڕاوبۆچوونەکان و ئەو کاریگەرییەی دەنگۆیەک لەسەر ئەو ڕاوبۆچوونانە هەیەتی، دەنگۆیەک مەرج نییە شیاوی بڕوا پێکردن بێت. ڕاستت دەوێ، ڕۆژی پاش تاقیکردنەوەکە، پرسیارێکی لاوەکی کرا کە بەڵگەی ئەوە بوو، بەلای هەر چوار کۆمەڵە قوتابییەکەوە، دەنگۆکە هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نییە.

دەبێ بگوترێ کە چوارچێوەی تیۆریی تاقیکردنەوەکە، بریتییە لە "شەنوکەوکردنی زانراوەکە" کە ساڵانێکی زۆر لە سایکۆلۆجیای ڕا و هەڵوێستەکاندا باوی بوو. بۆ زانین بیرۆکەی بنەڕەتیی ئەم چوارچێوەیە هەر زۆر ئاسانە. ئەو ڕایەی لە چرکەیەکی دیاریکراودا سەبارەت بەکەسێکی دیاریکراو لە بابەتێکدا، دەری دەبڕین، وابەستەی ئەو زانیارییە کۆکراوانەی مێشکمانە لە بارەی ئەو کەسە یان ئەو بابەتەوە و لەو چرکەیەدا دەردەکەوێ. بەڵام هەندێک لەو پێکەوە ڕیزکردنانە (تولیفات) تۆکمەن و هەندێکیشیان لاواز.

جیا لەوە، "شەنوکەوکردنی زانراوە" ئەو هۆکارانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی دەنگۆگەل کاریگەری و دەرهاوێشتەیان هەر هەیە با جێی بڕواش نەبن. بۆ نموونە، با دەنگۆکەی ماکدۆناڵدز بێنینەوە یادمان، لە یادەوەریی قوتابیاندا، زانیارییەکی نوێ سەبارەت بەو کۆمپانیایە جێگیر بوو، کاتێک لێیان بپرسیت ڕاتان بەرانبەر ماکدۆناڵدز چییە، دەمودەست هەرچی بەدەمیاندا بێت لەو چرکەیدا دەیڵێن بەباش و خراپەوە. بێگومان ئەو پێکەوەڕیزکردنە نوێیەی کرمی زەوی و ماکدۆناڵدزیش یەکسەری بەشێک دەبێت لە وەڵامەکانیان. چونکە مرۆڤ بێزی لە بیرۆکەکەش دەبێتەوە، بێز لێبوونەوەکە وا دەکات ئەو ڕایەی دروست دەبێت کەمتر ئەرێنی بێت. دواتر، کە دەنگۆکە کار لە قوتابیەکان دەکات لەبەرئەوە نییە بڕوایان پێیەتی، بگرە لەبەرئەوەی بیری لێ دەکەنەوە.

هەر ئەم چوارچێوە تیۆرییە بۆمان ڕوون دەکاتەوە بۆچی لە هەندێک حاڵەتی

هاوشێوەدا، ڕەتکردنەوەی دەنگۆ، کاریگەر نابێت؟ ئاخر ڕەتکردنەوەکە وا دەکات قوتابیان دەنگۆکە بڵێنەوە، هێندەی دیکەش پێکەوەرپێزکردنی کرمی زەوی و ماکدۆناڵدز لە مێشکیاندا بچەسپێ. خۆ ئەگەر ڕەتکردنەوەکە هێندە کاریگەر بێت قوتابیان بەئاسانی دەرکی ئەوە بکەن کە درۆیە و ماکدۆناڵدز کرمی تێدا نییە، مانای ئەوە نییە وێنەی پێکەوەڕیزکردنەکە بەتەواوی لە زەینیاندا نەماوە.

لە لایەنی تیۆرییەوە، ئەگەر ویستمان دەنگۆیەک پەک بخەین کە بۆ هەندێک کەسی دەگێڕنەوە، پێویستە:

١- زانیارییە نەرێنییەکە (کرمی زەوی) پێکەوە لەگەڵ ماکدۆناڵدزدا (بۆ نموونە) لە زەینیاندا جێگیر نەبێت، بگرە لەگەڵ شتێکی دیکەدا.

٢- یان زانیارییە نەرێنییەکە (کرمی زەوی) بگۆڕین بەزانیارییەکی ئەرێنی.

٣- یان دواجار کاتێک پرسیاریان لێ دەکەیت ڕایان بەرانبەر ماکدۆناڵدز چییە، هەندێک بیرۆکە بڵێین جیاواز لەو بیرۆکە نەرێیانەی دەنگۆکە چەسپاندوونی.

لە تاقیکردنەوەکەدا، کۆمەڵی سێیەم (دەنگۆ و جیاکردنەوە) باشترین نموونەی بەکارهێنانی خاڵی یەکەم و دووەمە. کاتێک دەمودەست پاش قسەکانی قوتابییەکە، توێژەرەکە گوتی زەڵاتەیەکی کرمی زەویی لە ڕێستورانتی (پاوڵ) خواردووە، یەکسەری زانیارییەکە "کرمی زەوی" بە ناوی "پاوڵ"ەوە لە زەینی قوتابییەکاندا چەسپی نەک بەناوی ماکدۆناڵدزەوە. جیا لەوە، وای کرد قوتابییەکان زۆر بێزیان لە کرمی زەوی نەبێتەوە.

بەڵام کۆمەڵەی چوارەم (دەنگۆ و سەرلەنوێ گرێدانەوە)، ئەوە پێچە بەدەورەیەکە بۆ هێنانەوەی هەندێک زانیاری لەبارەی ماکدۆناڵدزەوە کە هەروا بەبیری قوتابییەکاندا نایەت. کاتێک ئەو زانیارییانە دێن و ئەرێنیشن، کاریگەرییەکی زۆری دەبێت بۆ سەر تێڕوانینی قوتابییان لە بارەی ژەمەکانی ماکدۆناڵدزەوە.

## چی ڕاستی دەچەسپێنێ؟

ڕاستت دەوێ، دەنگۆگەلێکی زۆر دادەمرکێنەوە لەبەرئەوەی خۆی لەبەر تاقیکردنەوەی لۆگیکیی وردەکارییەکانیدا ناگرێ. بەرانبەر بەوە، هەندێک دەنگۆگەل،

خۆیان لەبەردەم بیرکرنەوەی عەقلانیدا دەگرن[١٤٦].

تا نێوەڕۆکی دەنگۆ ڕەمزییانە بێت، بایەخی وردەکارییەکانی کەم دەبێتەوە و وا تەماشا دەکرێن کە تەنیا بەڵگەدەرێکن (دالات) و شیاوی گۆڕینن. خۆ ئەگەر یەکێک لە وردەکارییەکان نەچووە عەقڵەوە، مانای وا نییە، سەرلەبەری چیرۆکەکە هەڵەیە، بگرە هەر هێندە ئەو وردەکارییە بەوردەکارییەکی دیکە دەگۆڕی کە عەقڵ بیبڕێ و تەواو.

بۆ نموونە، ئایا دەنگۆی وردەمارەکەی لە سوپەر مارکێتەکە بەمنداڵەکەیەوە دا، دادەمرکێتەوە ئەگەر زانیمان دەستەواژەی "وردەمار" مانای ئەوە نییە کە مارێکە لە ماوەی خولەکێکدا خەڵک دەکوژێ، بگرە لە زمانی ئیسپانیدا ئەوە مارێکی گەلێک بچووکە؟ بەدڵنیاییەوە نا، چونکە ئەوەی بڕوای بەدەنگۆکە کردووە، دەمودەست وەڵام دەداتەوە، کێ دەڵێ وردەمار بووە، ڕەنگە مارێکی دیکە بوویێت. جیا لەوە، بەتایبەتی لە ئەمریکا، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا تۆمەتبارکردنی ئەم کۆمەڵ و ئەو گرووپ گوایە خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزنەوە، باوی بوو. دوایی ئامارەکان دەریانخست مەسەلەکە وا نەبوو، باوترین وەڵام ئەوە بوو:"ڕاستە، بەڵام ئێستا لە پلەوپایەیەکی بەرزدان"[٥]. بەم شێوەیە دەبینین، بەڵگەدەرەکان دەگۆڕێن، لێ بەڵگەوەرەکان وەک خۆیانن.

لەم بارەیەوە، وا دیارە خۆڕاگرتنی هەندێک دەنگۆ لەبەردەم ڕاستییەکاندا، مایەی سەرسڕمانی چاودێرانە. بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێ، پێچەوانەکەی جێی سەرسڕمانە. ئاخر بۆ ئەوەی دەنگۆ گەورەتر بێت، پێویستە سەرنجە ڕەواکانی ئەو کەسانە تێپەڕێنێ کە لە سەرەتاوە دەنگۆکە دەبیستن. ئەو کاتیش پێویست نابێت وارەکە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم دەنگۆکەدا. ئاخر بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەکی ناوازەی وەک کرمی زەوی و ماکدۆناڵدز، دەیسەلمێنێ ئەو دەنگۆیە دەتوانێ خۆی لەگەڵ وارەکەدا بگونجێنێ و پاکانە دژەکان پووچەڵ بکاتەوە.

وەک سەلمێندراوە بوونی وردەکارییەک، دووانی ناسروشتی، دەنگۆکە نا شێوێنێ. لە زۆر دەنگۆگەلدا، نێوەڕۆک بەسەر ڕووخساردا زاڵ دەبێت. شایانی باسە، دەنگۆچی خەمی ئەوەی نییە وشە بەوشەی دەنگۆکە بگوازێتەوە، بگرە لە خەمی بڕوا

پێـهێنـانی گوێگرەکەیدایە، با ئەو هەوڵە ڕاسـتکردنەوە و جـوانکردنی دەنگۆکـەشی پێویسـت بێت. زۆربەبی جارانیش دەنگۆچی ئامادەیە دان بەهەندێک کەموکـورتیی پەیامـەکـەیدا بنێت، چونکە لە سـەمـتی بیناکـردنیـدا نەرم و خـۆشگـۆیە (سلس)، بۆیە نارەزاییبوون بەهەندێک وردەکاری لە بەهای کەم ناکاتەوە.

هـەروەهـا دەنگۆ دەزانـێ چۆن ڕێڕەوی بەڵگە و پاساوە دژەکان دەگۆڕێ. ئەوەبوو لە ئامیانز، لە ئۆرلیـانیش، پاکانەکانی دژی دەنگۆکـە، ڕاستیی دەنگۆکەیان دەسـەلماند. بێدەنگبوونی ڕۆژنامـەوانی لە سـەرەتادا، بێ هـەڵوێسـتـیی پۆلیس، ئاشکرانەکردنی دیارنەمـانی چـەند کـەسێـک، هـەمـوویان نیـشـانەی ئەوەن کـە کـاربەدەسـتـانی بالا، بەرتیلیـان لە بازرگـانـانی سێکسـفرۆشـی وەرگـرتووە. بـەم شـێـوەیە، ڕایەڵـەی نێوان پیـاوماقـوولان و خـەڵکانـی هـەرە خـوارەوە ئاشکرا بوو. کـاتێـک دەرگـای پشتـەوەیان لە هیـچ مـارکێـتێکدا ئاشـکرا نەکرد، دەگـوترا خـاوەنـەکـانیـان پێشـوەخـتـە ئاگـەداری پشکنینەکـە بوون و شـوێنـی دەرگاکـانیـان قـەپات کـردووەتەوە. دواتر، هـەر جـارێک ڕاسـتییـەک دەخـرایە ڕوو، ئەو ڕاستییـە بەئاراسـتەی پێچەوانە بەکار دەهێنرایەوە و ئامـاژە دەدرا گـوایە ئەوە مـەبەسـتـی ئەوان نەبووە، بۆیـە هـەمـیـشـە ڕاسـتـیـیـەکـان نیوەناچڵ دەردەکەوتن، چونکە هـەر کەسە و بۆخۆی بە جۆرێک لێکی دەدانەوە.

## کاتێک سەلماندنی ڕاستی قورس دەبێت

سـەرباری کـێـشـەی پـێـشـداوەریی (الحکم المسبق) کـە بەهـەڵکـەوتەکـان دەژی با دژبەریش بن، هـەنـدێک دەنگۆگـەل، کـێـشـەیـەکی زۆر ورد دێننە ئـارا، ئاخـر هـیـچ ڕاستییـەک ناتوانێ بیسـەلمێنێ ئەو دەنگۆیانە درۆن. بۆ نموونە، کام ڕاستییە دەکارێ بەشـێـوەیەکی یەکلاکـەرەوە بیسـەلمێنێ، کۆمـپانیـای پرۆکتـەر ئەند گـامبڵ مـاڵەکـانی ئیبلیسپەرستی بەخێو ناکات؟

دەبێ ئامـاژە بەوە بدەین کـە فـەیلەسـووفـان و زانایان زۆر زوو خـەریکی کـۆڵینەوەی کێشـەی سـەلماندنی دەنگۆ یان بەدرۆخسـتـنەوەی بوون. کـارڵ پۆپەر K. Popper پێی وایە گریمانەیەکی تیـۆری نابێتـە گریمانەیەکی زانسـتی ئەگـەر نەتوانرێ بەپراکتیک تاقی بکرێتەوە. ئاخر سـەلماندنی پراکتیکی، بنەمایەکی ڕاستی دەدات بەتیۆرییەکە.

ڕاستییەکەی، دەنگۆ گریمانەیەکە، چییەک، بەکەسێک یان بابەتێکەوە گرێ دەدات. بێگومان هەندێک لەو گریمانانە، لەگەڵ بەدرۆخستنەوەی ڕاستییەکاندا دێتەوە، بەتایبەتی ئەو گریمانانە بەجۆرێکن دەتوانرێ لە ڕاستی و ناڕاستییان بپێچینەوە، واتە؛ تاقییان بکەینەوە. بۆ نموونە، لە حوزەیران – یۆنیۆی١٩٧٩دا، تەلەفۆنێکی زۆر دابارییە سەر هێزەکانی ئاسایشی نێوخۆی شاری نیس Nice، سەرچاوەکەش هاووڵاتییە نیگەرانەکان بوون. ئاخر دەنگۆیەک بڵاو بووبووەوە گوایە بیست و چواری حوزەیران – یۆنیۆ، شەپۆلەکانی دەریا شارەکە نغرۆ دەکات، دوای ئەویش لە بیست و سێی ئاب – ئۆگستۆسدا، زەمیلەرزەیەکی لە شارەکە دەدات. لەم حاڵەتەدا، هەر ئەوە دەکرا ئەو پێشبینییانە چاوەڕێی تاقیکردنەوەی سروشتی بێن.

شایانی باسە، هەندێک لەوگریمانانە بەتاقیکردنەوە، ڕەت ناکرێتەوە، چونکە هەندێک چەمکی تێدایە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ناپێورێن. هەموو دەنگۆیەک کە ئیبلیسی تێوە گلابێت، کێشەی جیدی دەخاتە ڕوو کە پێویستیی بەڕەتکردنەوە هەیە، ئەگەر مەبەستەکە ئەوەیە بگەینە ڕاستیی یەکلاکەرەوە.

هەمان مەسەلەش سەبارەت بەو دەنگۆیانەی گوزارشت لە دوژمنایەتیی کۆمەڵێک دەکەن و دەڵێ بۆ نموونە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە لە کاتی شەڕدا بۆ خۆیان لێی دانیشتوون، بێ ئەوەی ماندوو بن پلەوپایە بەرزەکان و دەستکەوتەکانیشیان بەر دەکەوێ. جا لەبەرئەوەی دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ پلەوپایەکان پارێزراون یان نا، کارێکی قورسە، بۆیە ناتوانی گریمانەکە ڕەت بکەیتەوە.

بەدەر لەم حاڵەتە توندڕەوانە، هەندێک دەنگۆ "تەنیا بۆ دووپاتکردنەوە دەشێن" یان "بۆ ڕەتکردنەوە دەشێن". بۆ نموونە، لە کاتی جەنگدا، دەنگۆگەلێک بڵاودەبنەوە کە ئەم کۆمەڵە یان ئەوی دیکەیان دەکەنە قوچی قوربانی. ئەو کاتیش دەگوترێ:"لەو کۆمەڵەیەدا خەڵکی ناپاک هەن". ئا ئەم گریمانەیە، "تەنیا شیاوی تەئکید کردنەوەیە" چونکە نەدۆزینەوەی هیچ ناپاکێک لەم کۆمەڵەیەدا دوای چەندین جار لێکۆڵینەوە، ئەگەری دۆزینەوەی ناپاکێک لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا، ڕەت ناکاتەوە. وەک نموونەیەک بۆ ئەم جۆرە گریمانانە، دەنگۆیەکمان هەبوو سەبارەت بەبیرەی سترۆ کە گوایە خەرجی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کاندیدی ڕەش پێست جیسی جاکسۆنی لە

ئەستۆ گرتووە، هیچ لێکۆڵینەوەیەک ناتوانێ ئەم دەنگۆیە ڕەت بکاتەوە، کەواتە دەنگۆکە هەمیشە وەک دەنگۆیەک کە شیاوی تەئکیکردنەوەیە، دەمێنێتەوە.

جێی سەرنجە، خاڵە لاوازەکانی زۆربەی بەیاننامەکانی بەدرۆخستنەوە بریتین لەوەی ئەو بەیاننامانە "تەنیا شیاوی ڕەتکردنەوەن". بۆ نموونە، لەو بەیاننامەیەدا کە بۆ بەدرۆخستنەوەی بلاقۆکی فیلگۆیف دەرچوو، باسی ترشەڵۆکی ستریک کراوە و دەڵێ، ترشەڵۆکی ستریک ترشەڵۆکێکی ئاساییە و هیچ زیانێکی نییە، لە وەڵامی ئەم خاڵەدا کابرایەک گوتبووی"کێ دەڵێ ڕۆژێک دانایەت بڵێن ستریک زیانی هەیە؟".

ڕاستییەکەی، بەگشتی ئەو گریمانانەی حاڵەتێکی دیاریکراو ڕەت دەکەنەوە وەک پۆپەر دەڵێ خاڵێکی لاوازیان هەیە؛ دەتوانرێ بگۆڕێن، واتە؛ مانا و مەبەستەکانیان هەڵبگێڕدرێتەوە. بۆ نموونە، کۆمپانیایەکی دیاریکراو چۆن دەتوانێ بیسەلمێنێ پارە ناداتە حزبێکی سیاسی؟ لەوانەیە تاکە بەدرۆخستنەوەی جێی بڕوا ئەوە بێت: "نەخێر ٣ ملیۆن دۆلارمان نەداوە چوارە". ئەم ناهاوسەنگییەی تەئکیدکردنەوەی دەنگۆ و ڕەتکردنەوەی، زۆر بلاوە، هەر ئەمەش وا دەکات دەنگۆگەل بەردەوام بن. لە لایەنی لۆگیکییەوە، هیچ بەڵگەیەک ناتوانێ دەنگۆ دامرکێنێتەوە، ئەمەش مانای وایە پرسەکە داناخرێ، بگرە بەهەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە.

کەواتە لەم کاتەدا هیچ چارمان نییە دەبێ دان بەم حاڵەتە سەیرەدا بنێین؛ بڕواپێکردنی بەدرۆخستنەوە، هەمان لۆگیکی بڕواپێکردنی دەنگۆیە. لە هەردوو حاڵەتیشدا، بڕوا پێکردنێکی گوماناوی یان مەرجدارانەیە. جیا لەوە، کێشەی دامرکاندنەوەی دەنگۆ، بەپلەی یەکەم پێوەندیی بەکەسەکەوە هەیە، واتە، ئەوەی "دەبێ بڕوای پێ بکەین" بۆ "کێ قسەکە دەکات"، دەگەڕێتەوە. جا لە سایەی نەبوونی قسەبێژێکی متمانە پێ نەکراودا، شکستی هێرش بەدژی دەنگۆکە، شکستێکی مسۆگەرە.

## گەڕان بە دووی سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراودا

دروستە گەر بڵێین بۆ هێرشکردنە سەر دەنگۆ، دەبێ کەسانێکی بڕوا پێکراو بدۆزینەوە، گوزارشتێکی تا بڵێی تەواوە، بەڵام جێبەجێکردنی هەندێک جار، ڕەنگە

لە مەحاڵەوە نزیک بێت. زۆر جاران دەبینین، زۆربوونی دەنگۆکان، نیشانەی نەمانی متمانەن بەکەناڵە فەرمییەکانی میدیا و دەسەڵات خۆشی. بەم شێوەیە دەبینین بۆ نموونە، دەنگۆگەل لەو دەوڵەتانەدا باش گەشە دەکەن کە سانسۆر دەخەنە سەر میدیا. لەم حاڵەتەدا، ئایا هیچ بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیی لە توندیی دەنگۆکان کەم دەکاتەوە؟ مەگەر شتێکی سەرسڕهێن کچێنییەک بێنێتەوە کە دەمێکە لە دەست چووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکەکە مەحاڵ نییە. مەسەلەکە ئەوە نییە ببێتە خاوەنی ڕاستگۆیی، بگرە ڕاستگۆیی ئەو دەنگۆیانەی ڕابردوو و لەمەودواش نەهێڵێ کە وەستایانە هەڵبژێردراون. ئا ئەمەشە کە بەڕاگەیاندنی چەواشەکار ناسراوە. بەم شێوەیە بۆ نموونە، ڕۆژی شەممە، نۆزدەی کانوونی یەکەم – دیسێمبەری ساڵی ١٩٨١، ئێستگەی France- Inter مردنی کەسایەتییەکی دیاری نێو بەرهەڵستکارانی کاتۆلیکی پۆڵۆنیایی تادوز مازۆڤیسکی Tadeusz Mazowiecki زیندانی و یەک لە ڕاوێژکارانی لیش ڤاوێنسای ڕاگەیاند. وێڕای ئەوەی زانراوەکە بەفەرمیی ڕانەگەیەندرابوو، بەڵام لە ڕاست دەچوو(١١٧). هێندەی نەبرد هەواڵەکە بڵاو بووەوە بێ ئەوەی دەسەڵاتدارانی پۆڵۆنیا بەدرۆی بخەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر وێنەی جەنەراڵ یارزولیسکی Jaruzelski هەبوو لای ڕۆئاوا. وتارە ڕۆژنامەوانییەکان سەبارەت بەم مردنە گوماناوییەی "نێو زیندان" کەسایەتییەکی وا باڵا زۆر بوون. بۆ زانین، دەسەڵاتدارانی پۆڵۆنیا دەنگۆکەیان بەدرۆ نەخستەوە، لێی گەڕان تا لە کاتی خۆیدا ببێتە گاڵتەجاڕ و زیان بەو ڕۆژنامەوانانەی ڕۆئاوا کە بەپەلەپرۆزێ سادەترین دەنگۆی پۆڵۆنیا دەگوازنەوە. پێش کۆتاییی ساڵ بەچەند ڕۆژێک، گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی پۆڵۆنیا، هەواڵی مردنی تادوز مازۆڤیسکیی بەدرۆ خستەوە و میدیای ڕۆئاوای کردە جێی گاڵتەجاڕی. ئەو کاتیش، متمانەی خەڵکی بەدەنگۆگەل زۆر کەم کردەوە و ڕاستگۆیی خۆی چەسپاند(١٣٦).

باسی بیستەم

# گۆڕینی وێنەی دەنگۆ

تا دەنگۆ بنەمایەکی ویژدانیی هەبێت، هێندە کاریگەریی ستراتیجیی وارەکە کەمتر دەبێتەوە. کەمجار وار خەڵک سەرقاڵ دەکات. کەواتە بۆچی هیوامان بەوە بێت، وارەکە بۆ خۆی دەنگۆکە دادەمرکێنێتەوە؟ هەر بۆ زانین، دامەزرێنی زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ئێس ئاش S. Asch کلیلێکی کێشەی دامرکاندنەوەمان بیر دەخاتەوە. بیرۆکەکەی ئاش بریتییە لە: خەڵک تێگەیشتنیان بۆ بابەتێک ناگۆڕن، بگرە بابەتی تێگەیشتنەکە دەبێت بگۆڕێ، بەواتایەکی دیکە، گۆڕان لە ڕای گشتیدا ڕوو نادات لە ڕێی گۆڕانی پێناسەی دەنگۆکە خۆیەوە نەبێت.

## گۆڕینی شوێنی دەنگۆ

ئەو دژە هێرشەی حوزەیران – یۆنیۆی ١٩٦٩ کرایە سەر دەنگۆکەی ئۆرلیان، نموونەیەکی ڕوونە سەبارەت بەگۆڕینی شوێنی دەنگۆ. پێناسەی دەنگۆکە پێش خرا و شوێن و چۆنیەتی تێگەیشتنی خەڵک گۆڕدرا.

لە بنەڕەتدا، پێناسەی دەنگۆکە؛ ئاگەدارکردنەوەی خەڵک بوو لە پلانەکانی ڕفاندنی سیمبوڵی پاکیزەیی شار، واتە؛ کچە گەنجەکان. دوای ئەوە، سەروسیمای دەنگۆکە لە ڕێی تۆمەتبارکردنی پیاوە نامۆکەوە، دەستنیشان کرا، بەدروستی جوولەکە غەوارەکانی شار، بەو پێیەی ڕێکخەری پیلانی ڕفاندنەکانە. هەر لە چوارچێوەی پێناسە بنەڕەتییەکەیدا، ئەو کەسانەی لە هەمووان زیاتر مەترسیی ڕفاندنیان لەسەر بوو (ئافرەتانی ئۆرلیان)، لە هەمووان زیاتر بوونە پشتیوانی دەنگۆکە.

ئەویٚ ڕۆژیٚ، دژە هێرشەکە جەختی کردە سەر ڕوخساری دژەسامیزمی دەنگۆکە و پێناسەیەکی ناشیرینی پیٚ بەخشی. ئیدی دەنگۆکەی ئۆرلیان وەک پیلانێکی دژەسامیزم یان دەستێکی دەرەکیی لیٚ هات، خەڵک وەک بوختانێکی ئاشکرا یان گەڕانەوەی ئەو ئیبلیسەی ساڵی ١٩٤٥ فەرەنسا سەرکوتی کردبوو، تەماشا دەکرا. ئاخر دەنگۆیەکی لەو جۆرە نابێت بەرهەمی خەیاڵی کچێکی پاک و بێگەردی قوتابخانە بێت، بگرە ئەنجامی بزاڤی شاراوەی گرووپێکی دژەسامیزمە کە تازە سەری هەڵداوەتەوە. لەم کاتەشدا چار نەبوو هەر دەبوو سکاڵایەک دژی فیسارەکەس تۆمار بکریٚ، بەڕێز لیشتیش کە یەکەمین بازرگان بوو دەنگۆکە گرتیەوە، ئەوەی کرد و بەدوای ئەویشدا کۆمەڵەگەلێکی خەباتکار دژی ڕەگەزپەرستی هەمان کاریان کرد.

ئاشکرایە، سکاڵاکان ڕەنگدانەوەی شێوازی پێوەندیی گەل و قوربانیانی دەنگۆکەن. ئاخر لە بنەڕەتدا، دەنگۆ ئاراستەی گەلێکی قوربانی دەکریٚ کە بەبەهاترین بەرهەمەکانی خۆی لە دەست دەدات. بەڵام پێناسەی نوێی دەنگۆکە، گەل دوور دەخاتەوە بەو پێیەی گوازەرەوەیەکی بیٚ خەتای دەنگۆکەیە و کۆمەڵێک نازیستی نویٚ گەمەی پیٚ دەکەن. لەو کاتەدا کە واز لە هێرشبردنە سەر گەل دەهێنریٚ، دەرفەتێکی ڕیسوانەبوون بەمەی دواییان دەدرێت، بەوەش، توانای داکۆکی لە خۆکردنی لاواز دەبێت. زیاد لەوەش، ئەو پێناسە نوێیەی کۆمەڵە و یەکیەتی و سەندیکاکان بانگەشەی بۆ دەکەن و میدیاکانیش بڵاوی دەکەنەوە، دەرفەتی دامرکانەوەی دەنگۆکە دەڕەخسێنیٚ، لەبەرئەوە نا کە خەڵک بڕوایان پێی نامێنیٚ، بگرە لەبەرئەوەی باسکردنی جوان نییە.

## ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی

هەر دەنگۆیەک، لای خەڵک وێنەیەک لە بارەی ئەو کەسەوە دروست دەکات. لە ئۆرلیان بۆ نموونە، خەڵک بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەوانەیان دەکرد کە سەبارەت بەبازرگانیی سێکسفرۆشی لە نێو جەرگەی شاردا، ئاگەداریان دەکردنەوە. شایانی باسە ئەو سوودە دەروونییەی لە ئاکامی ئاگەدارکردنەوەی خەڵک لە مەترسیی بازرگانیی سێکسفرۆشی دەهاتە ئارا، دەبووە یەکێک لە بزوێنە بنەڕەتییەکانی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ. بەڵام پێناسە نوێیەکەی دەنگۆکە کە لە چاکەوە دەیکردە

پیلانێک دژی سامیزم، چاکەکانی بۆ خراپە دەگۆڕی. هیچ کەسێکیش نەیدەتوانی خۆی وەک دوژمنێکی سامیزم پێشکیش بکات، چونکە دەبووە جێگەی ناڕەزاییی کۆمەڵایەتی. گرینگیش نییە ئەگەر هەندێک لە دانیشتوانی ئۆرلیان بڕوایان بەدەنگۆکە کردبێت، ئاخر هەر باسکردنی دەبووە هۆی ناڕەزاییی کۆمەڵگە.

لە ئۆرلیان، دژە هێرشەکە بەشێوازێکی زۆر یەکسەری و زارەکی دەستی پێ کرد لە سایەی نەبوونی ئیدارەیەکی بالاّ کە بڕیار لە ستراتیجی هێرشک بدات و لە ژێر کۆنترۆڵیدا بێت. بەڵام لە ئەمریکا، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، مەسەلەکان بەشێوازێکی جیاواز بەڕێوە دەچوون، ئەگەر کێشەکان پێویستیان بەوە بووایە کە چەندی دەتوانرێ سنوورێک بۆ بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان دابنرێ.

ئەو ڕۆژە، ستراتیجەکە وابوو کە پێناسەیەکی دژەنیشتیمانی بەگواستنەوەی دەنگۆکان بدرێت، تەنانەت هەر باسکردنی بەناپاکی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمن بژمێردرێت. بەهەمان شێوازی ئۆرلیان، ئەو دەنگۆیانەی بۆ ورەی خەڵکەکە و یەکڕیزیی نیشتیمانی، خراپ بوون، بدرێتە پاڵ کەسانێک کە هاوکاریی دەزگا دەنگۆچییەکانی دوژمن، واتە؛ بەرەی میحوەر. لەو ڕۆژانەدا دەنگۆگەلێکی زۆر لە ئەمریکا سەریان هەڵدا لە شێوەی زانیاریگەلێکدا کە گوایە ئێستگەی نازییەکان بەزمانی ئینگلیزی بڵاوی کردوونەتەوە. بەڵام ئەوە نایسەلمێنێ سەرچاوەی دەنگۆکان ئێستگەی میحوەر بوون. ڕەنگە ئەو ئێستگەیە تەنیا دەنگۆکانی نێو خەڵکی گواستبێتەوە. بەهەرحاڵ، گوتنەوەی دەنگۆ خراپەکان وەک هاوکاریی تابووری پێنجەم تەماشا دەکرا بەهۆی سەرچاوە ڕاگەیەندراوەکەیەوە.

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە، ستراتیجە پێڕەوکراوەکە بریتی بوو لەوەی بڵاوکردنەوە و برەودان بەدەنگۆکان، ببێتە جێی ناڕەزاییی کۆمەڵگە. دەنگۆ پێناسەیەکی قێزەونی پێ درا، چونکە یان لە دوژمنەوە دەرچووە، یان ئاو دەکاتە ئاشی دوژمنەوە، کەواتە، ڕەنگدانەوەی کارەساتاوی دەبێت بۆ سەر خەڵک. هەر لە چوارچێوەی ئەم ستراتیجەدا، لایەنە شەڕکەرەکان پەنایان بۆ پۆستەری دژەدەنگۆ برد:

لە بەریتانیای مەزن، پۆستەرێکیان بڵاو کردەوە کە بریتییە لە دوو ئافرەت لە نێو شەمەندەفەردا پێکەوە دانیشتوون، دوو کورسی لە پشت ئەوانەوە لە دیمەنێکی

کاریکاتۆرییانەدا هەریەک لە ئەدۆڵف هیتلەر و وەزیری هێزی ئاسمانیی هیتلەر هێرمان گۆرینگ Goering.H دانیشتوون. لەسەر پۆستەرەکە نووسرابوو: " ئێوە نازانن کێ گوێتان لێ دەگرێ، زۆربڵێیی لەوانەیە خەڵکێکی زۆر لە نێو بەرێت". پۆستەرێکی دیکە لێی نووسرابوو:"قسە زۆر مەکەن، ئاخر نازانین کێ گوێ دەگرێ". ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ وێنەی پیاوێکدا بڵاو کرابووەوە کە نیوەی لای ڕاستی بەجلی باوی خەڵک و نیوەکەی دیکەش بەجلی ئەفسەرێکی ئەڵمانییەوە بوو.

لە ئەمریکا، پۆستەرێک بڵاو کرایەوە کە وێنەی سەگێکی خەمبار بوو سەری خستبووە سەر کورسیی چۆڵی خاوەنەکەی، دروشمێکیش بەدیوارەکەی پشتیەوە لێی نووسرابوو:" چونکە یەکێک قسەی کرد". هەروەها پۆستەرێکی دیکە، وێنەی دەریاوانێکی دەم بەپێکەینی گەنج کەلوپەلی کۆچی هەڵگرتووە، لە تەنیشتیەوە ئەو ڕستەیە نووسرا بوو: "گەر دەڵێن بۆ کوێ دەچێ، ڕەنگە هەرگیز نەگەڕێتەوە". لە پۆستەرێکی دیکەدا، کیژۆڵەیەک وێنەی باوکی بەجلی سەربازییەوە بەدەستەوەیە و لە تەنیشتەوە نوسراوە: "ئەوەندە قسە مەکەن، باوکی ئەم کیژۆڵەیە بەکوشت مەدەن".

لە فەرەنسا، لە ژێر ناونیشانی "ئاگەدارییەک بۆ سەربازە مۆڵەتدراوەکان _ سەربازی چاک زنجیرێکی داخراوە" لەگەڵ وێنەی سەربازێک کە دەمی زنجیرێکی داخراوە. پۆستەرێکی دیکە وێنەی سەربازێک و هاووڵاتییەکی سڤیلە، لە چایخانە دانیشتوون بۆ خۆیان قسان دەکەن، لە بەردەمیاندا سوراحییەکی ئاو کە وێنەی هیتلەری تێدایە گوێیان لێ دەگرێ.

پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەم ستراتیجەی دژ بەبرەودانی دەنگۆگەل، خاڵێکی گەلێک لاوازی تێدایە. ئاخر ئەو خەڵکە چۆن دەنگۆ بناسنەوە؟ چۆن دەنگۆ لە زانیارییەکی ڕاست و دروست لێک جودا بکەنەوە، چۆن هەواڵێکی پروپووچ لە نهێنییەک جیا بکەنەوە کە لەوانەیە ڕاست بێت؟ ڕاستت دەوێ، خەڵک ئەوەی پێ ناکرێ. ئەم کێشەیەی لە ئاستی چەمکەکە خۆیدا لە ڕووی تیۆرییەوە گیرمان بەدەستیەوە خواردووە، لە ئاستی پراکتیکیشدا یەخەمان دەگرێتەوە، ئاخر خەڵک چۆن دەنگۆ لە دیاردە هاوشێوەکانی جیا بکەنەوە؟

لێرەدا تێبینی دەکەین، چەمکی دەنگۆ دەمانبات بەرەو داوەری یان خەملاندنێکی

لامسەرلایی نەک ڕاستییەکی بابەتی کە چاودێران بتوانن لە دەرەوەڕا ببیننەوە.

شایانی باسە، ئەو کێشەیە تەنیا لەو کاتەدا ڕووبەڕوومان نابێتەوە کە بڕیار دەدەین بەرەنگاری دەنگۆیەکی دیاریکراو ببینەوە، لەم حاڵەتەدا، دیاریکردنەکە بەگوێرەی ئەوە دەبێت کام هەواڵە بەدەنگۆ بزانین. بۆ ئەمەش لەوانەیە هەندێک وشەی بنەڕەتی بەس بێت بۆ ناساندنی مەبەستەکە. لەوانە بۆ نموونە "کرمی زەوی لە ژەمەکانی ماکدۆناڵدزدا."،"دروشمە ئیبلیسانەکەی پرۆکتەر ئەند گامبڵ"، مردنی جین فۆندا لە کاتی وەرزشی ئیرۆبیکدا"... تد.

## خوڵقاندنی دوژمنێکی شاراوە

زۆر جاران قوربانییەکانی دەنگۆ، بەئەنقەست سکاڵا دژی نەناسراوێک تۆمار دەکەن. هەر بۆ زانین، ئەو بزاوتە هاوزەمان ڕووخسارێکی یاسایی و ڕووخسارێکی داستانییانەی (طابع أسطوری)ی هەیە. زۆربەی دەنگۆگەل، سەرچاوەیەکیان نییە بتوانی لێیان بکۆڵیتەوە، یان هیچ نەبێت وا دیارن. ئایا هیچ کچێکی ئۆرلیان بڕوا بکات کە نهێنییە خەیاڵاوییەکانی بوونەتە بیانووی دەنگۆ؟ زیاد لەوە، تۆمارکردنی سکاڵا، مانای هێرشکردنە بۆ سەر دەنگۆ. ئەو کاتیش، دەنگۆ دەبێتە شێوازێکی داستانییانەی ململانێ دژی سێبەر. ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا شایانی باسە، تۆمارکردنی سکاڵا دژی نەناسراوێک واتە؛ کەسێکی نەناسراو لە ئارادایە و قەوارەیەکی مادی و هزر و فێڵی هەیە، واتە، بریتییە لە "عەقڵێکی پلان داڕێژەر" کە لە یەکێک لە گەڕەکەکاندا دەژی. کەواتە، بەتەنیا بۆ خۆی بنیاتێکە.

بەڵام سکاڵا زۆر بێ مانایە ئەگەر لە هەموو لایەکەوە دەنگی لێ دەرنەچێ. ئاخر سکاڵاش بۆ خۆی پێوەندی و یەکدی دواندنێکە. مەسەلەکەش بەلای ئەوانەوە کە لە نیازپاکییانەوە بڕوا بەدەنگۆ دەکەن و دەیگوازنەوە وەک یەکە، چونکە نازانن دەنگۆیە. بەهەرحاڵ، قوربانییان کە لێیان قەوما سکاڵا تۆمار دەکەن، ئەگەرچی ئەنجامەکانیشیان مسۆگەر نییە. ئەمە بۆ نموونە، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی بڵاڤۆکی فیلگۆیڤدا وابوو، دادوەرەکان سکاڵاکانیان ڕەت دەکردەوە بەو پاساوەی دەنگۆگوێزەرەوەکان خۆیان قوربانیی دەنگۆکەن، ئەوان بڵاڤۆکەکەیان بۆ ئەوە

دەگواستەوە تا دۆستان و ناسیاوەکانیان نەکەونە هەڵەوە.(ئەگەرچی دواتر هەڵویستی دادوەران گۆڕا).

هەروەها ئەو قەرەبووانەی رۆژنامەوانی پێشنیازی کردن، رووخسارێکی داستانییانەیان هەبوو، بەتایبەتی، هەڵە تێگەیشتنێک سەبارەت بەدەنگۆ دروست دەکات کاتێک خەڵک دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی هیچ دەنگۆیەک بێ مەرام نییە.

بۆ نموونە لە ٣٠ی تەمووز – یۆلۆی ساڵی ١٩٨٢دا، بەڕێوبەری سوپەر مارکێتی کورا لە وایتنهایم (ڕاینی ژوورو) نیو لاپەڕەی ڕۆژنامەی "ئەلزاسی"ی کڕییەوە و خەڵاتێکی دە هەزار فرەنکیی بۆ ئەو کەسە تەرخان کرد کە زانیاریی دەداتێ لە بارەی سەرچاوەی دەنگۆی ئەو منداڵەی مارە بچووکەکە پێوەی دا. بێگومان ئەم ڕێوشوێنە ناباوە، سەرنجی خەڵکی بۆ لای جۆس ڕاندڵ Joss Randall ی ئەلزاسی ڕاکێشا کە هەر ناوهێنانی واتە؛ نێچیرێک هەیە و هەر دەبێ ڕاو بکرێ.

زۆریش گرینگ نییە ئاخۆ دەنگۆکەی وایتنهایم بۆ ناوزڕاندن داهێنراوە (ئاخر سوپەر مارکێتی کورا تەنیا سوپەر مارکێتی ئەو دەڤەرەیە کە دایەنگەی تێدایە). هەر جوڵەیەکی دژ، چنینە بنەڕەتییەکەی سیناریۆ گەورەکان کە خەیاڵی مرۆڤ فراوان دەکەن، بەرهەم دێتەوە. ئەوەی دەنگۆکەی بەدژ دەکرێ، دەستپێشخەری دەکات و شوێنی دەنگۆکە دەگۆڕێ. بەدەر لەوەی ئەم دەنگۆیە ببێتە ڕەنگدانەوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینە. دەبێتە پێڕەوێکی نوێی ڕکابەریی لە نێوان بازاڕە گەورەکاندا.

لە بواری سیاسیشدا، گریمانەی عەقڵی داڕێژەر بەشێکی سەرەکیی هەر دژە هێرشێکە. بۆ نموونە لە ئەیلوول – سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٤دا، لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەلا گەورەیەی چەند قسەوقسەڵۆکیک خوڵقاندیان گوایە هەزاران کۆچبەر بەپێی بڕیارێکی نووسینگەی نێوخۆیی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون، لە مارسیلیاوە هاتوون و لە لۆریان نیشتەجێ کراون، پارێزگاری لۆریان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ناوەختی بەمەبەستی "دانانی سنوورێک بۆ ئەو دەنگۆیەی هەڵقولاوی تەڵەکەبازییەکی ڕووتە و بۆ سەرکۆنەکردنی ئەوانەی ئەو درۆیانە هەڵدەبەستن و بەرپرسیاریشیان دەکەوێتە ئەستۆ"، سازکرد. دوای ئەوە، پارێزگار لیستێکی بەناوی کرێچییە تازەکانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون بڵاو

کردەوە بۆ ئەوەی هیچ گومانێک نەهێڵێ.

هەروەها وەئەستۆخستنی دەنگۆ بۆ کەسێک یان کۆمەڵێک، یان لە هەموو حاڵێکدا بۆ مەبەستێک (وەک ئەوەی ئۆرلیان)، ڕێ بەوە دەدات بەرانبەر لە ڕەتکردنەوەی نێوەڕۆکی دەنگۆکە واوەتر بچێ. ئاخر ڕەتکردنەوە هەڵوێستێکی بەرگریکارییە، هەروەها تۆمەتبارەکە دوای دەنگۆکە دێت، چونکە دەستپێشخەرییەکە لە بەرەی ڕکابەرانەوە بووە (جا دەنگۆکە داستانییانە بێت یان نا).

ڕادەستبوون بەبوونی عەقڵێکی داڕێژەر، دەرفەتی خۆسازدانەوە دەرەخسێنێ، لانی کەم، سەرلێشێواندنی ڕای گشتی کە نەزانێ بڕوا بەکێ بکات. نموونەی ئەو فڕۆکە بۆینگەی کۆریای باشوور ساڵی ١٩٨٤ هێزی ئاسمانی سۆڤیەت خستییە خوارەوە، نموونەیەکی دانسقەی گۆڕینی زانیارییەکانە. ئەوەبوو دەمودەست گوتەبێژی فەرمی بەناوی حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، ڕای گەیاند، بەشێوازێکیش کە نیشانەی بڕوابەخۆبوونێکی تەواوی بوو، ئەو فڕۆکەیە سیخوڕیی بۆ ئاژانسی موخابەراتی ناوەندیی (ئەمریکا) دەکرد، کەسێک ناتوانێ ئەم گریمانەیە ڕەت بکاتەوە ئەگەر ئاگەداری پێوەندییە توندوتۆڵەکانی کۆریای باشوور و ئەمریکا بێت. بۆیە هەر دەبوو کۆرییەکان ئەم گریمانەیە ڕت بکەنەوە کە ڕەت ناکرێتەوە (ئاخر کامانەن ئەو ڕاستییانەی دەتوانرێ بەهۆیانەوە ئەم گریمانەیە ڕەت بکرێتەوە؟). جارێکی دیکە، ڕاستیی بەو سەرچاوەیەوە گرێ دراوە کە دەمانەوێ بڕوای پێ بکەین.

## تێستێکی تیشکانی (فحص شعاعی) بۆ بڕواپێکردنی دەنگۆ

لەوانەیە دوو دارەت (مقاربة)ی دیکە سەبارەت بەگۆڕینی وێنەی دەنگۆ، ڕکابەرییان بێت. دارەتی یەکەم، گەڕان بەدوای هەڵەدا، بەمانایەکی دیکە، گەڕان بەدوای قسە هەڵبەستراوە مەحاڵ و ڕوون و ناشیرینەکاندا. بەڵام دەرفەتی گەڕانێکی لەم جۆرە بەبەردەوامی نییە. ئەم ڕاستییەشمان پێشتر لە شیکردنەوەی سنووری بەدرۆخستنەوەدا سەلماند. بەڵام دارەتی دووەم، ئاگەدارکردنەوەی خەڵک لەو هۆکارانەی وایان لێ دەکات بڕوا بەدەنگۆ بکەن. خەڵک بەگشتی هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەوە نازانن کە بۆچی بڕوا بە دەنگۆ دەکەن. ڕاستت دەوێ، ئەوان

بڕوا بەو قسە نەستەقە دەکەن کە دەڵێ "هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە". بەڵام ئاگرەکە لە هەناوی خۆیاندا نەبێت، نییە. دواتر، دەتوانین بڵێین بڕواپێکردنی دەنگۆ، دیاردەیەکی بەسەرداشکاندەوەییە (ظاهرة أسقاطية)، بێگومان لە خۆ تێگەیشتن، ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو بیروباوەڕانەی مرۆڤ دەستیان پێوە دەگرێ. شایانی باسە، ئەم دارەتە لە ڕێچکەیەکدا بەرجەستە دەبێت کە زۆر لە دەنگۆگەل جیاوازە. بەڵام خۆ هەندێک جار پێویستە بیرباوەڕەکانیش سنوورێکیان بۆ دابنرێ. مەبەستیش؛ ئەو تێستە دەروونییانەی لە بارەی هەڵچوونەکانەوە دەکرێن.

چۆن بزانین شتێکمان خۆش دەوێ یان نا؟ چۆن بزانین شایانی فلانە کار بووین یان نا؟ ئەم دووپرسیارە پێوەستن بەهەمان کێشەوە، واتە؛ بەو تێڕوانینەی لەبارەی خۆمانەوە گەلاڵەی دەکەین. زانستی دەروونناسیی کارگێڕی سەلماندی ئێمە ئاماژەگەلێکی دەرەکی و ئاشکرا بۆ زانین بەکار دێنین. وا دیارە ویلیام جیمس هەستی بەم ڕێچکەیە کردووە کاتێک دەڵێ: "ئێمە دەترسین لەبەرئەوەی ڕا دەکەین نەک بەپێچەوانەوە". بەڵام ئەو تاقیکردنەوە بەراییانەی[٩٥] بەئامانجی دڵنیابوون لەوەی کە ئەوە شێوازی ئێمەیە بۆ زانینی هەڵچوونە تایبەتەکانمان، بریتین لە پێشاندانی کۆمەڵێک وێنەی ئافرەتان بۆ ژمارەیەک قوتابی. لە دارەتی ئەم تاقیکردنەوەیەدا، دەزگایەک خرایە سەر دڵی هەر قوتابییەک کە بەبڵنگۆیەکەوە بەستراوەتەوە تا دەنگی لێدانەکانی دڵ بەرز بکاتەوە و خێرابوونی لێدانەکان لە کاتی پێشاندانی وێنە ورووژێنەرەکاندا، ئاشکرا بکات. وا پێویستیش بوو، هەر قوتابییەک لای خۆیەوە پلەیەک بۆ هەر وێنەیەک بەپێی ڕادەی سەرنجڕاکێشیی وێنەی ئافرەتەکە بۆ ئەو دابنێت. بەڵام قوتابییەکە نەیدەزانی ئەو دەنگی لێدانی دڵەی گوێی لێیە هی دڵی خۆی نییە.

ئەنجامەکان دەریان خست، ئەو پلانەی بۆ ئافرەتەکان دانراوە لەگەڵ خێراییی لێدانی دڵدا دەگونجان. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە قوتابییەکان پشتیان بەئاماژە دەرەکییەکان بەست بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کام وێنەیەیان خۆش بوێ و کامەیان خۆش نەوێ. تاقیکردنەوەکە بەپێشاندانی وێنەی ئافرەتی ڕووت و پیاوی ڕووت دووبارە کرایەوە، دیسان وەک یەکەم جار ئەنجامەکان یەکلاکەرەوە بوون.

بەڵام پێوەندیی ئەم ئەنجامانە بەدەنگۆگەل و بەدرۆخستنەوەکانەوە چییە؟ لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، ئەو قوتابییانەی حەزیان لە ڕەگەزەکەی دیکەیە، پلەی بەرزیان بۆ وێنەی پیاوان دانابوو. بۆیە زۆر پێویست بوو لە کۆتای تاقیکردنەوەیەدا ئاگەدار بکرێنەوە لەو گەمەیەی کرا. لێکدانەوەی گەمەکردنەکەش بەبەدرۆخستنەوەیەکی پڕبەپێست دانرا کە ڕێ نادات لە سروشتی ڕاستەقینەی حەزە سێکسییەکانیان بسڵەمێنەوە.

بەرانبەر بەوە و لە کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی هاوشێوەدا[١٤٣] کە بۆ هەستی هێژابوونی ئەنجامدانی کارێک کرا نەک هەڵچوونەکان، ئەنجامەکان دەریان خست، ئەوانەی زانیارییە گەڕاوە و هەڵەکان وایان تێ گەیاندوون کە ئەوان خەڵکێکی بەهرەدار و هێژان، بڕوایان بەو گریمانەیە کردووە تەنانەت پاش بەدرۆخستنەوەشی. دواتر، تێڕوانینەکانیان بەنەگۆڕی مایەوە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی بەرپرسانی تاقیکردنەوەکە کە بۆیان باس کردن لەوەی زانیارییە گەڕاوەکان، هیچ پێوەندییەکیان بەکاری هەڵە و ڕاستی ئەوانەوە نەبووە. لەگەڵ ئەوەی لە بەدرۆخستنەوەکە تێ گەیشتن و بڕواشیان پێ کرد، کەچی هەر شوێنەوارێکی لە دەروونیاندا مابووەوە. بەم شێوەیە، ڕەتکردنەوەی هەڵەکوتەکان نەیتوانی هەست و تێڕوانینەکان بگۆڕێ.

هەروەها چەند توێژەوەیەکی دیکە سەلماندیان[١٢٤] کە لێکدانەوەی تاقیکردنەوەکە و میکانیزمی زانیارییە گەڕاوەکان، بەس نییە بۆ نەهێشتنی ئەو تێڕوانینە نەگۆڕانە. هەر دەبێ میکانیزمی دەروونیی ئەو نەگۆڕییە ڕوون بکەینەوە. بەگەڕانەوە بۆ ڕێچکەی دەنگۆگەل، ئەم تاقیکردنەوانە وای دادەنێن کە بەدرۆخستنەوە کاریگەر نابێت بێ ئەوەی ئەو هۆکارانە ڕوون بکەیتەوە کە وا لە خەڵک دەکات دەستبەرداری دەنگۆ نەبن. ڕاستت دەوێ، لایەنگیریی دەنگۆ جێی سەرنجە. وەک چۆن لێکدانەوەی خەونەکان، ڕێگەی شایانەیە بەرەو نەستی تاک، لێکدانەوەی دەنگۆگەلیش، ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئومێد و مەترسییە دەستەجەمعییەکانە. ئەمەش پێویستە بۆ نێو خەڵک بگوازرێتەوە[١٠٤]، دروست هەر ئەوەش بوو لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا بەشێوەیەکی سیستماتیک لە ئەمریکا ئەنجام درا لەو ئەزموونەی بە "کلینیکی دەنگۆگەل" دەناسرا.

## کلینیکی دەنگۆکان

لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، ڕۆژنامەی بەناوبانگی شاری بۆستن Herald Traveler دەستپێشخەرییەکی کرد، هێندەی نەبرد، چل گەورە ڕۆژنامە و کۆواری سەرتاسەریی ئەمریکا و کەنەدا لاساییان کردەوە. لە ماوەی نێوان ئادار – مارسی١٩٤٢ تا کانوونی یەکەم – دیسێمبەری١٩٤٣، ئەو ڕۆژنامەیە، دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی گۆشەیەکی هەفتانە بەناونیشانی "کلینیکی دەنگۆکان"، گۆشەکە هەر جارەی بۆ ڕەتکردنەوەی دەنگۆیەک تەرخان دەکرا کە خوێنەران بۆ ڕۆژنامەکەیان دەنارد یان لە لایەن ئەو هەواڵنێرانەی دەچوونە نێو خەڵکەوە، دەنێردرا. زۆربەی جاران ڕەتکردنەوەکە لە ڕێی دیدارێکەوە دەبوو لەگەڵ سەرکردەیەک کە خەڵک گومانیان لە قسەکانی نەبوو (سەرۆک فرانکلین ڕۆزڤێلت، جەنراڵ و سەرۆک ئایزنهاوەر.. تد)، یان لە ڕێی خستنەڕووی هەڵکەوتە و زانیاریگەلێکەوە کە دەنگۆکە بکاتە مەحاڵ. لەبەرئەوەی هەموو بەدرۆخستنەوەیەک وا دەکات خەڵکێکی زۆرتر دەنگۆکە ببیستن، ڕۆژنامەکە زۆر بەوریایی و پارێزەوە، هەواڵەکەی دادەڕشت. بۆ نموونە، پێویست بوو هەمیشە بەخراپە باسی دەنگۆکە بکرێ، لەوەشدا، دەستەواژەکانی وەک، نوکتە، گاڵتە، هەواڵی درۆ یان گۆبەند .. تد بەکار دەهێنرا.

هەندێک دەنگۆ کە زۆر ئاڵۆز یان نامەردانە بوون، ناوەناوە مامەڵەیەکی تایبەتیان لە تەکدا دەکرا. ئەوەبوو کلینیکی دەنگۆکان، بەهاوکاریی زانایانی دەروونناسی، لێکدانەوەی ئەو هۆکارانەی دەخستە ڕوو کە وایان دەکرد خەڵک خۆیان لەبەر دەنگۆیەکی دیاریکراودا نەگرن و بڕوای پێ بکەن. ستراتیجەکە بریتی بوو لەوەی ئاگرەکە، وەک لە وتەکەدا دەڵێ هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە، وا لە ناخی خۆماندا، نەک لە هەندێک ڕاستیی هەڵبەستراودا. بۆ نموونە، دوای پێکهێنانی یەکەیەکی سەربازیی ئافرەتان، لێشاوێک دەنگۆگەل بڵاو بوونەوە. بۆ نموونە دەگوترا، زۆر لەو ئافرەتانە سێکسفرۆش بوون، کچەکان لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچوون، یان هەموو ئەو ئافرەتانە هەر ئەوەندەی وەرگیران یەکسەر حەبی دژی سکپڕبوون وەردەگرن. یان، هەر سەربازێکی پیاو کە لەگەڵ سەربازێکی ئافرەتدا بچێتە دەرەوە پێویستە تێست

بکرێ تا بزانرێ هیچ نەخۆشییەکی کۆئەندامی زاووزێی نییە. ڕۆژنامەکە بڕیاری دا وەڵامی ئەم هەموو دەنگۆیە نەداتەوە، بگرە یەکێکیان هەڵبژارد و لە ڕێی بەدرۆخستنەوەی ئەوەیانەوە، هەموو دەنگۆکانی پێش ئەو و دوای ئەو ڕەت بکاتەوە. دەنگۆی نموونەییش بۆ ئەو کارەی ڕۆژنامەکە، ئەو دەنگۆیەیە گوایە، پێنج سەد سەربازی ئافرەت بەپەلە ڕەوانەی باکوری ئەفریقیا کراون پاش ئەوەی دەرکەوت سکیان پڕە (ئەڵبەت بەڕێگەی ناشەرعی).

ئەو کات، وتارەکەی کلینیکی دەنگۆکان ئاماژەی دا کە ژمارەی ئەو سەربازە ئافرەتانەی ڕەوانەی باکوری ئەفریقیا کراون بەهیچ شێوەیەک نەدەگەیشتە ئەو ژمارە زەبەلاحەی باس دەکرا (پێنج سەد سەرباز). هەروەها وتارەکە وتەکانی جەنەراڵ ئایزنهاوەری بڵاو کردەوە کە سوپاسی هەوڵی زۆری ئافرەتە سەربازەکان دەکات و ڕوونی کردەوە ئەو قسانە قسەی دوژمنن. سەرباری ئەوەش، وتارەکە شیکارێکی دەروونیی دیاردەی بڕوا پێکردنی ئەو دەنگۆیانەی تێدا بوو. ئاخر لە شەڕدا جەستەکان دووری یەکدین و هەمووان ناچار دەکات ژیانی سێکسی لە بیر خۆیان ببەنەوە. لەو کاتەشدا، خەڵک چێژێکی نهێنییان لە خەیاڵی سێکسکردنی ئافرەتە سەربازەکان وەردەگرت و بەئاشکرا سەرکۆنەیان دەکرد، چونکە لەگەڵ ئەو حەزە شاراوانەدا دەگونجا کە پێویست بوو تەپەسەر بکرێ.

وا دیارە کلینیکی دەنگۆکان ئامانجی خۆی پێکا. دەرکەوت ڕێژەی بڕوا پێکردنی دەنگۆ لە نێو خوێنەرە هەمیشەییەکانی گۆشەکەدا، کەمترە لە ڕێژەی ئەوانەی جار جار دەیخوێننەوە. شیکردنەوەکانیش سەلماندیان، ئەو کاریگەرییە پێوەندیی بەبڕیار و ویستی خوێنەرەکان خۆیانەوە نەبووە. ئاخر ئەوانەی هەرگیز بڕوا بەدەنگۆگەل ناکەن، ڕەنگە لەوانەی دیکە زیاتر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانن، چونکە بەسەرچاوەیەکی ڕاستی دەزانن. شایانی باسە، زۆربوونی کلینیکەکانی دەنگۆگەل چارەسەرێکی سەرکەوتووی هەندێک دەنگۆی هەڵە بوو. هەروەها جێ دەستی خۆپارێزی گرینگی هەبوو. بوو بەباو خەڵکێک ڕۆڵی شێرلۆک هۆڵمز یان پشکنەری گشتیی ئەجاتا کریستی، هێرکوڵ پۆیرۆی زانیاری ببینن و بەبیری تیژیان دەرکی هۆکارەکانی گومانکردن لەو زانراوە یان لەویان بکەن. بەمەش، وا بکەن زۆرتر لە

دەنگۆیەکی درۆ بچن و پەلە لە شیکردنەوەی بکرێ. لەم سۆنگەیەوە، بوونی هەندێک گۆشەی تایبەت و تەرخانکراوی دەنگۆگەل، ڕۆڵی شرینقە بگێڕن. ئەم گۆشانە، تەنێکی دژیان دەئاژنییە جەستەی خوێنەرانەوە و وای لێ دەکردن، زۆرتر گومان لە هەر دەنگۆیەک بکەن.

بەڵام وەک بووبووە باو، بەو پێیەی ئەستەمە بۆ هەر کەسێک کە دەنگۆیەک دەبیستێ دەمودەست دەرک بکات ئاخۆ ئەو زانراوەیە ڕاستە یان هەڵەیە، ڕێی تێ دەچێ کلینیکی دەنگۆکان کاریگەرییەکی پێچەوانەشی هەبووبێت و کارێکی کردبێت کەسەکان گومان لە هەموو هەواڵێک بکەن.

لە فەرەنسا، کۆوار و ڕۆژنامەگەلێک هەن گۆشەیان بەناونیشانی"قسەقسەلۆک " یان دەنگۆگەل"ەوە هەیە. ئەم گۆشانە تەرخانن بۆ گواستنەوە یان خولقاندنی قسەوقسەلۆک و دەنگۆگەل. بەڵام تاکە یەک کۆوار یان ڕۆژنامە لە ئارادا نییە، گۆشەیەکی بەردەوامی هەبێت بۆ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەئامێز یان وردکردنەوەی دەنگۆکان. ڕەنگە ناوەناوە ڕوو بدات سەروتارەکان باس لە دەنگۆیەکی ئەکتیڤ بکەن، یان ڕۆژنامەنووسێک کە بایەخ بەدەنگۆکان دەدات، دەنگۆگەلی گوندەکانی دەوروبەر بگوازێتەوە. تەنیا هەندێک بڵاوکراوە کە بەداخەوە برەویان نییە، ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکییانە بڵاو دەکەنەوە کە شارەزایانی خۆبەخش، ئەوانەی لە دووی ئەو دیاردە نامۆیانەی لێکدانەوەیەکی دیاریکراویان نییە، ئەنجامی دەدەن "بینینی سێلە فڕۆک(صحون طائرة)، فڕێدانی مار لە فڕۆکەوە.. تد".

باسی بیست و یەکەم

# خۆپاراستن لە چارەسەر چاکترە

ڕەنگە هەندێک جار ئومێدەخواز بین، ڕێ لە سەرهەڵدانی هەندێک دەنگۆگەل بگرین. بۆ نموونە، شەستەکانی سەدەی بیست، کاربەدەستانی چەندین شاری ئەمریکا، هەوڵیان دا ڕێ لە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانەی ئەزموونەکان سەلماندیان دەبنە هۆکاری ئاژاوەی ڕەگەزی بگرن، بەڵام لای کەس شاراوە نییە دەنگۆ، بەهۆی ململانێی شاراوەی ڕەگەزییەوە دروست دەبێت، دەشخوازرێ چارەسەری مەبەستەکان بکەیت نەک هۆکارەکان. بەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەدرەنگانێکەوە لە شارە گەورەکاندا بیر لە داڕشتنەوەی جیهان کرا. دەمودەستیش پرسیارێکی پراکتیکیی هەستپێکراو هاتە ئارا: چۆن دەکرێ خۆمان لە هەندێک دەنگۆی پێشبینیکراو بپارێزین؟

## خۆپاراستن و ڕاستگۆیی

لە ساڵ ١٩٦٨ەوە، زۆربەی ئەو شارە ئەمریکییانەی مەترسیی ئاژاوەی ڕەگەزییان هەبوو، دەستیان بەدروستکردنی سەنتەرگەلی پسپۆڕی زانیاریی کرد کە بەسەنتەری کۆنترۆڵکردنی دەنگۆکان دەناسران[١١٨].

ئامانجی ئەم سەنتەرانەش، زانین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی وردی پێوەست بەو پرسیارانەی هاووڵاتیان لە ڕێی تەلەفۆنەوە دەیوروژێنن. لەم بارەیەوە، سەنتەری کۆنترۆڵی دەنگۆکان لە لۆس ئەنجلوس هەر لە یەکەمین هەفتەی دەستبەکاربوونیەوە دە هەزار تەلەفۆنی بۆ چوو. بەڵام ئەو سەنتەرانە، بەداخەوە، دووچاری گرێگوێرەیەک بوون، ئاخر پێویست بوو بۆ دەستخستنی زانیاریی ورد و نوێ پێوەندییەکی باشیان

لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێیی و بنکەکانی پۆلیسدا هەبێت، بەهۆی ئەو پێوەندییەوە، ڕادەیەکی چاک لە ڕاستگۆییی خۆیان لە نێو ڕەش پێستەکاندا لەدەست دەدا، بەڕاستیش ڕەش پێستەکان ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەوانەیان پێک دەهێنا کە تەلەفۆنیان بۆ دەکردن[٨٦].

لەبەرئەوەی دەنگۆگەل زۆربەی کات لە نەبوونی متمانە بەهەواڵە فەرمییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، ڕاستگۆییی سەرچاوەکان، کلیلی خۆپاراستنەکەیە. تێبینی دەکرێ ئەم ڕاسپاردە هەرە گرینگە، کێشەگەلێکی پراکتیکیی ترسناک دێنێتە پێش. بۆ ئەوەی مرۆڤ جێی متمانە بێت، هەر قسە بەس نییە، بگرە دەبێت بیسەلمێنی کە ڕاستگۆیە، واتە؛ هەمیشە ڕاستگۆ بێت[١٦]. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردەیەش لە کاتی تەنگژەکاندا، ئاسان نییە. بەتایبەتی زۆر جاران وا چاکترە زانیارییەکان ئاشکرا نەکرێن یان وا بکرێت نەناسرێنەوە.

ئەوەبوو دوو کەس کە بەتەواوی لێک جیاواز بوون، توانییان ئەو ناوبانگە بەدەست بێنن، ئەوانیش، وینستۆن چەرچڵ Winston Churchil و شۆڕشگێڕی ئەرجەنتینی چی گیڤارا Che Guevara بون. لەو ڕۆژگارەی لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا لە ژێر بۆمباراندا فڕۆکەکانی ئەڵمانیادا بوو، زۆر بەکەمی گوێت لەو دەنگۆیانە دەبوو کە باس لە زیانی گەورەی بۆمبارانەکان بکەن. وینستۆن چەرچڵ سەلماندی کە شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناو دەنێت و زیانەکانی زۆر بەوردی ڕا دەگەیاند، با زۆر گەورەش بووایە. بەڵام لە ئەمریکا، بەهۆی ئەو سانسۆرەی لە کاتی جەنگدا خرابووە سەر میدیاکان، لە دوای هێرشی لە ناکاوی فڕۆکەکانی ژاپۆنەوە بۆ سەر بەندەری پێرڵ هاربۆر، چەندین دەنگۆ بڵاو بوونەوە. دەنگۆکان ڕکابەریی گەورەکردنی ئەو ژمارانەیان دەکرد کە ئەمینداری گشتیی دەوڵەت بۆ کاروباری میدیا ڕای دەگەیاندن. بۆیە ناچار سەرۆک فرانکلین ڕۆژڤێلت لە پێناو دامرکاندنەوەی دەنگۆکان، باسی لەو پرسە کرد. بەڵام ئەمە لەگەڵ هەندێک دەنگۆدا نەکرا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سەرۆک نەیتوانی غایلە و مەترسییە ڕەواکانی خەڵک بەتەواوی بڕەوێنێتەوە.

لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ناوەڕاستیشدا، هێزە سەربازییە فەرمییەکان، بڕوایان بەو دەنگۆیانە دەکرد کە جووتیاران بڵاویان دەکردەوە، لە پێناوی زانینی ئەو

پێشڤەچوونەی میلیشیا چەکدارەکان بەڕاستی بەدەستیان دەهێنا، بەو پێیەش خۆیان بەشێک بوون لە ململانێکە، دەیانتوانی جیاوازیی نێوان ڕاستییەکان و بەیاننامە فەرمییەکان بکەن. بێگومان، چی گیڤارا زۆر سەرکەوتووانە متمانەی لایەنگرانی بەدەست هێنا، گیڤارا وا ڕاهاتبوو کە هەستیارترین هەواڵ نەشارێتەوە، چونکە پێی وابوو، ئەگەر ناوی بەناڕاستگۆ ڕۆیشت، لە مەودایەکی دوورتردا، زیانی زۆرترە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان.

بەهەرحاڵ، تاقیکردنەوە سەلماندی، هەواڵگەلێکی وا، هێندە نابات بەشێوەیەک لە شێوەکان لە شێوازی دەنگۆدا، بڵاو و ڕوون دەبێتەوە، ڕەنگە چاکترین نموونەش، کۆمپانیای کزیرۆکسیی پێشەنگی جیهانی دروستکردنی ئامێرەکانی کۆپیکردن بێت[٩٣].

## نیازپاکی و ئاشکرا وێژی و خێرایی

ساڵی ١٩٧٨، گرووپی کزیرۆکس لە ڕێی کۆمپانیا بەریتانییەکەیەوە پێی گەیشتەوە کە کۆمپانیایەکی سویدی مەرەکەبی ئامێری کۆپیکردنەوەکانیان شی کردووەتەوە و دەرکەوتووە کە هەندێک مادەی نێو مەرەکەبەکە بخرێتە ژێر پشکنینێکی وردەوە، چونکە ئەو مادانە ڕەنگە ئاژەڵان تووشی شێرپەنجە بکەن. ئەو کات، کۆمپانیاکە جێگری سەرۆکی ئێچ دەبلیو بیکەری ڕاسپارد لەو بابەتە بکۆڵێتەوە. کە بیکەر زانی ئەو کۆمەڵە توێژەوەیە نیازیان هەیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەیان لە گۆوارێکی زانستیدا بڵاو بکەنەوە، پێشنیازی کرد، کۆمپانیاکە دەست بکات بەبەرنامەیەکی توێژینەوەی تایبەت لە بارەی ئەو مادە ترسناکانەوە.

کاتێک تیمی توێژەوانی کۆمپانیاکە سەرقاڵی کارەکەیان بوون، دەرکەوت کە گەردیلەکاکانی نیترۆبیرین Nytropyrene لە ئەنجامی هەندێک خاشاکی کاتی دروستکرنی بەرهەمەکە، دروست دەبێت. بۆیە هەر خێرا کۆمپانیاکە چاکسازیی پێویستی ئەنجام دا و سەرەنجام پشکنینەکان پاک دەرچوون.

لەو کاتەدا، تیمێکی توێژەوانی تەکساس گەردیلەی گۆڕاوی لە مەرەکەبی ئامێرەکانی کۆپیکردندا (کۆمپانیایەکی دیکە بەرهەمی دەهێنا نەک کزیرۆکس)،

دۆزیوەتەوە. وا دیارە دوای ئەوە یەکێک لە ڕۆژنامەکان هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە و دەستەواژەی "گەردیلەگەلی گۆڕاو"ی بە"گەردیلەگەلی شێرپەنجەیی" گۆڕیوە. لەبەرئەوەی کزیرۆکس، ناودارترین هێمای بازرگانیی ئامێرەکانی کۆپیکردن بوو، دەنگۆیەک لە نێو دەیان هەزار بەکاربەردا بڵاو بووەوە گوایە مەرەکەبی کزیرۆکس خەڵک تووشی شێرپەنجە دەکات. هێندەی نەبرد پێوەندییە تەلەفۆنییەکان لەلایەن کڕیارە نیگەرانەکانەوە داباریینە سەر بگۆڕەکانی کزیرۆکس، هەر لەو بارەیەوە، ڕۆژنامەیەکی ئوسترالی ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە: "مەترسییەک هەڕەشە لە دەیان هەزار بەکاربەر دەکات". ئەو کات، کزیرۆکس توانی ئەنجامی توێژینەوەکانی بەسەر ئاژانسە نیشتیمانییەکانی پاراستنی ژینگە و ڕۆژنامەوانیدا دابەش بکات.

هەر بۆیە، فاکتەری کات، لە بواری خۆپاراستندا گرینگە. ئاخر پێویستە تا دەنگۆکە بەجوگرافیایەکی فراواندا بڵاو بووەتەوە بجوڵێی. کۆمپانیای سوبیکیێش هەر وای کرد. سیاسەتی ئاشکراگۆیی و خێرایی پەیڕەو کرد و نیازچاکیی خۆی سەلماند. با بگەڕێینەوە بۆ هەندێک هەڵکەوتە.

لە نۆی تەمووز – یۆلیۆی١٩٨٥دا، کوڕێکی ڕواڵ خرایە نەخۆشخانە. دوای ئەوەی عەمەلیاتی ڕیخۆڵەکوێرەی بۆ ئەنجام درا، پزیشکەکان ڕاپۆرتی دەستنیشانکاریی (تشخیصی) خۆیان بڵاو گکردەوە و ڕوونیان کردەوە کە نەخۆشەکە تووشی بەخواردەمەنی ژاراوی بووە. کاتێک لە ڕواڵەکەیان پرسی، گوتی پێش نەخۆشکەوتنی قوتویەکی تونەی گراسیێ Graciet ی خواردووە. شایانی باسە، گراسیێ ناودارترین تونەی قوتوبەندکراوی فەرەنسایە. یەکێکیشە لە هێما بازرگانییەکانی گرووپی سوبیکیێیە. دەمودەست، کاربەدەستانی گشتی، لە ڕێی ڕۆژنامەوانییەوە خەڵکیان ئاگەدار کردەوە و هەندێک تونەی لەو جۆرەشیان خستە ژێر شیکارییەوە. بەڵام کۆمپانیاکە، بەگوێرەی پرنسیپێکی سێکوچکەیی کەوتە جموجۆڵ، واتە؛ بڕیاری دا هیچ کاردانەوەیەک نەنوێنێ تا ئەنجامەکانی شیکاری دەردەچن، زانیاریی تەواوی بەڕۆژنامەنووسان دا، هاوکاریی توێژەرانیشی کرد تا بەزووترین کات ئەنجامی شیکارییەکانیان بڵاو بکەنەوە.

لە جیاتی هەوڵدان بۆ شاردنەوەی پرسەکە، کۆمپانیاکە دەستپێشخەریی کرد و

ڕای گەیاند کە متمانەی تەواوی بەدروستیی بەرهەمەکە هەیە. ئەگەر دەرکەوت هۆکاری ئەو ژاراوییبوونە تونەی گراسییەیە، ئەوە یەکەمین حاڵەت دەبێت لە ئەوروپادا. هەروەها کۆمپانیاکە پێش چواردەی تەمووز – یۆلیۆ بروسکەی بۆ هەموو دابەشکاران نارد و لە بابەتەکەی ئاگەدار کردنەوە. بۆ ڕۆژی دوایی، بەشی فرۆشیاری کەوتە کۆکردنەوەی تونەی گراسیێ لە بازارەکاندا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەرهەموویان کێشایەوە.

لە هەژدەی تەمووز – یۆلیۆدا، ئەمینداری گشتیی دەوڵەت بۆ کاروباری بەکاربەری و ئەمینداری گشتیی دەوڵەت بۆ کاروباری تەندروستی، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و تونەی گراسییان لەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی بێبەری کرد. ئەو کات، بەیاننامەکەی بۆ تۆڕی دابەشکردن نارد و ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنیشی ناچار کرد کە هەواڵەکەیان بڵاو کردبووەوە، بەدرۆخستنەوەکەش بڵاو بکەنەوە. بەهەرحاڵ تەنگەژەکە زیاتر لە هەفتەیەکی نەخایاند، لە دەستنیشانکردنەوەکەوە دەستی پێ کرد و لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنجامەکانی شیکارەکاندا تەواو بوو. ئەم نموونەیە دەیسەلمێنێ، ئاشکراگۆیی، ئەگەر دەنگۆکەش بنبڕ نەکات، بۆ خۆپاراستن پێویستە.

# پوختە

تا ئەمڕۆش، دەنگۆ هەر وەک چەمکێکی نەرێنی تەماشا دەکرێ، هەموو دەنگۆیەک هەڵەیە یان وەهمی یان ناچێتە عەقڵەوە. زۆرجارانیش دەنگۆکان سەرکۆنە دەکرێن، چونکە بەلادانێکی کاتی یان شێتییەکی نارەزایەتیی دەژمێردرێن، تەنانەت هەندێک کەس پێیان وایە پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دەرفەتێکە بۆ بنبڕکردنی نەخۆشیی دەنگۆکان.

بەڵام سەلماندمان ئەم تێگەیشتنە نەرێنییە هیچ بنەمایەکی نییە. بەتایبەتی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە ئێمەی گەیاندە ڕێگەیەکی داخراو، وای کرد، دەنگۆگەل وەک نەخۆشییەک و دیاردەیەکی لێکنەدراوە، بێتە پێش چاو. بۆ زانین، ئەم چەمکە وا دیارە بەتایبەتی گیرۆدەی ئامۆژگاریی ئاکاری و بۆچوونە دیماگۆگییە پێشوەختەکانە. ڕاستت دەوێ، خۆپاراستن لە دەنگۆگەل، تەنیا بەڕێگەیەک سەرکەوتوو دەبێت: خەڵک قسان نەکەن. پێویست ئاماژەش بدرێ کە ئەو غایلە بەرواڵەت ڕەوایەی داوا دەکات تەنیا زانیاریی ڕاست بڵاو بکرێتەوە، ڕاستەخۆ دەبێتە زەمینەسازیی سانسۆر لەسەر زانیارییەکان و دواتر سانسۆر لەسەر مافی ڕا دەربڕین. لەو کاتەشدا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبنە تاکە سەرچاوەی زانیاریی ڕێگە پێدراو. کەواتە دواجار زانیارییەک نییە بێ لە زانیارییە فەرمییەکان.

بێگومان ئەم گریمانەیە دەمانخاتە نێو گێژاوی دەنگۆگەلەوە. دەنگۆ مەرج نییە "درۆ" بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە نافەرمییە. ئاخر لە پەراوێزی زانیارییە فەرمییەکاندا، هەندێک جار بەپێچەوانەشیانەوە، دەنگۆ گومان دەخاتە سەر ڕاستییە فەرمییەکان و پێشنیازی ڕاستیگەلێکی دیکە دەکات. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆکاری بەردەوامیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

ماوەیەکی درێژ زۆر خەڵک پێیان وابوو دەنگۆ، ئەڵتەرناتیڤە. لە سایەی نەبوونی میدیایەکی متمانە پێکراو و بەپرنسیپدا، چار نەبوو دەبوو ئامرازێکی ڕاگەیاندنی ئەڵتەرناتیڤ ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە. بەڵام پێکەوەژیانی میدیا و دەنگۆگەل پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ. کەواتە دەنگۆگەل، ئامرازێکی ڕاگەیاندنی تەواوکارن و ڕاستییەکی دیکە دەگەیەنن. بۆ زانین، دیاردەیەکی لۆگیکییە، بەتایبەتی هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەونە خانەی لۆگیکێکی پێوەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتە؛ لەوانەوە کە ئاگەدارن بۆ ئەوانەی ئاگەدار نین. دوای ئەوە، خەڵک تەنیا ئەو شتە دەزانن کە دەویسترێ بزانن، بەڵام دەنگۆ، زانراوەیەکی هاوتەریبە و لە کۆنترۆڵ دەردەچێ.

وەک باوە، نەمانی کۆنترۆڵ بەلای ئەندازیار یان شارەزایەکی تەکنیکی یان ڕۆژنامەوانییەوە، واتە؛ کەمیی ڕادەی ڕاستیی زانراوەکە. کە ئەمەش ڕەوشەکە بێت، پێویستە تەپەسەر بکرێ. بەڵام بەلای سیاسەتوان و هاوولاتیی ئاسایی، نەمانی کۆنترۆڵ، واتە؛ نەمانی سانسۆر و لادانی پەردە لەسەر نهێنی و زانینی ڕاستییە شاراوەکە؛ بۆیە دەبێ کۆنترۆڵ بپارێزرێ.

جیا لەوە، بەستنەوەی دەنگۆ و بوختان، ڕووخسارێکی تەکنەلۆجیی وەرگرتووە. ئەمەش بەڵگەی نەبوونی پێوەندییەکی بەردەوامە ئەگەر ئەم ڕێڕەوە کۆنترۆڵ نەکرێت، بەڵام دەنگۆ، بەهایەکی نوێ پێشنیاز دەکات، تەئکیدیش دەکاتەوە، پێویستە پێوەندیی ڕاست و دروست، ئازاد بێت با لەسەر ڕاستگۆییش بکەوێ. ئاخر دەنگۆ درۆکان، بەواتایەکی دیکە، ئەو باجەن کە دەبێ لە بەرانبەر دەنگۆ ڕاستەکاندا بدرێت.

شایانی باسە، لێکۆڵینەوەی دەنگۆ لە ئاستی ماریفەتی فەلسەفەیدا، تیشک دەخاتە سەر پرسیارێکی زۆر گرینگ: بۆچی بڕوا بەوە دەکەین کە بڕوامان پێیەتی؟ ڕاستت دەوێ، ئێمە هەموومان لە ژیاندا کۆمەڵێک هزر و ڕا و وێنە و باوەڕمان هەیە لەبارەی ئەم جیهانەی تێیدا دەژین. زۆربەی ئەو هزر و باوەڕانەش ئەنجامی ئەوانەن کە دەگوترێن و گوێمان لێ دەبێت. بەڵام هیچمان بەم ڕێڕەوە نازانین، چونکە لەسەرخۆ و هاکەزایی و نەبینراوە. بەڵام دەنگۆ، دەرفەتێکی لەبارمان بۆ دەڕەخسێنێ چونکە ئەو ڕێڕەوە خاو و نەبینراوە خێرا دەکات و دەیخاتە ڕوو.

کەواتە دەگەینە چی؟ وا دیارە زانیارییە هەڵەکان وەک زانیارییە ڕاستەکان بەئاسانی دەخزێنە نێو کۆمەڵگەوە و هەمان کاریگەری و توانای دنەدانیان هەیە. سەرباری ئەوە، ئەو دەرک پێکردنە کورتخایەنەی کۆڵینەوەش کە دەنگۆکان دەیرەخسێنێ، فشەڵیی ماریفەتتان بۆ دەسەلمێنێ. ڕەنگە زۆر لە ماریفەتەکەمان هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبێ، بەڵام لەوانەیە ئاگەداری ئەم ڕاستییە نەبین.

ڕاستت دەوێ، دەنگۆگەل، ڕاستییەکی بەڵگەنەویستمان بیر دێنێتەوە. ئێمە بڕوا بەماریفەتەکەمان ناکەین لەبەرئەوەی ڕاست و چەسپاون، پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە؛ ماریفەتەکانمان ڕاستین بۆیە بڕوایان پێ دەکەین. دەنگۆ دەسەلمێنێ، لە کاتی پێویستدا، بڕوا پێکردنی تەواو، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. واتە؛ ڕاست ئەوەیە کە بەلای دەوروبەرمانەوە ڕاستە. دوای ئەوە، ماریفەتی کۆمەڵایەتی، پشت بەباوەڕ دەبەستێ نەک سەلماندن. مەگەر ئاین باشترین نموونە نییە؟ مەگەر دەنگۆ بڵاوبوونەوەی قسەی شایەتحاڵە دەستڕۆیشتووەکە نییە؟ جێی سەرنجە، ئەو سەرچاوە بنەڕەتییە لە ئاینی مەسیحیدا پێی دەگوترێ، وشە. ئاین وەک دەنگۆ، گوزراشتە لە باوەڕێکی درمین. کەسی باوەڕدار پێشبینیی بڕوا پێکردنی وشە و پشتگیریی ڕاستییە ئاشکرابووەکەی لێ دەکرێ. هەروەها سەلماندنی بوونی پەروەردگار، زادەی باوەڕداری نییە، بگرە پێچەوانەکەی تەواوە. بەم شێوەیە دەبینین ئەو بیروباوەڕە جێگیرانەی گەلان دەورووژێنێ زۆربەی جاران زادەی وشەکانن.

# پاشکۆ

## دەنگۆگەلی نوێ و داستانە هاوچەرخەکان

لەوەتەی ئەم کتێبە یەکەمین جار دەرچووە، توێژینەوە لەبارەی دەنگۆگەل و تیۆرییەکانیەوە بەرەوپێش چووە، زۆر لە دەنگۆ نموونەییەکان، بوونەتە کەرەسەی شیکاری و تێفکرینی قووڵ، ئەمەش؛ بووەتە هۆی سەرهەڵدانی تەوژمگەلێکی هزریی نوێ سەبارەت بەم دیاردەیە. وا پێویست دەکات ئەو پێشڤەچوون و ئەنجامە نوێیانە پوخت بکەینەوە کە مانا و بەڵگەوەری گرینگ لە خۆ دەگرن. هاوتەریب، ئەگەر ناچار بووین بۆچوونمان لە کۆنفرانسەکاندا دیاری بکەین، دەتوانین ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە پرسیارگەلێکی گشتییان لە بارەوە دەکرێ.

خوێنەر لەم بەشەدا، ئاراستە نوێیەکانی ئەو توێژینەوە و چەمکانە دەخوێنێتەوە کە لەم دواییەدا دەرکەوتن و ئەو پێشکەوتنەی لەلایەنی تێگەیشتنی دیاردەی دەنگۆوە، بە دەست هاتووە. وا دیارە وەڵامی نوێ پەیدا بوون تەنانەت بۆ پرسیارە باوەکانیش. دەتوانرێ سەرەتا، تێڕوانینێکی گشتگر و تەواو لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی دەنگۆگەلەوە، بخرێتە ڕوو. سەرەڕای ئەوەی ئێمە باسی دەنگۆ دەکەین، بەڵام دەبێ بزانین، دەنگۆکان لە لایەنی نێوەڕۆک و ئەرک و سەرچاوەکانیانەوە لێک جیاوازن. باشە چۆن ئەو جۆراوجۆرییە ڕێک بخەین، جۆراوجۆرییەک، لە یەکەمین چرکەدا وەک دژ دەردەکەون؟

## شەش جۆرەکەی دەنگۆ

وەک دەزانرێ، یەکەمین هەنگاو لە هەر زانستێکدا، ڕیزبەندییە. پێ ناچێ تیۆریی دەنگۆگەلیش لەم پرنسیپە بەدەر بێت. لە بواری کۆڵینەوە لە جۆرەکاندا، هەوڵ زۆرن بۆ ئەوەی دەنگۆگەل بکرێ بە چەند جۆرێکی کەمەوە.

پێویستە ئاماژە بە هەندێک لەو کۆڵینەوانە بدەین لە بارەی جۆرەکانی دەنگۆکەوە کــە نێــوەڕۆکی دەنگۆکــانیــان کــردە ئامــانج[١٥٤، ١٧٧](ب)، وەک (دەنگۆ لەبارەی تەندروستییەوە، پیلان، ژەهراویبوون... تد). پێشتر گوتمان، گومانمان لەو ڕیزبەندییە هەیە، چونکە زیاتر لە پێرستی بابەتەکان دەچێ. ئەو ڕیزبەندییـە، جەخت لەسـەر نێــوەڕۆکی ئاشکرای دەنگۆ دەکــاتەوە، لە کــاتێکدا، تا ڕادەیەکی زۆر لەســەر دەستەواژە ڕەمزییەکان دەوەستێ، ئاخر بەڵگەوەر لە بەڵگەدەر گرینگترە.

سـەرباری ئەوە، بەڵگەوەرەکە بە گوێرەی کولتـوورەکان و سـەردەم و ڕێڕەوەکـان دەگـۆڕێ. لە زۆر دەنگۆدا کـە باسی مـار دەکەن، مـار هەمـان مـانای ڕاستـەقینەی وشــەکــە ناگــەیەنێ. دواتر، هـەڵەکــردن لە مــانادا، هەڵـەکـردنی لە ئـەرکـدای لێ دەکـەوێتـەوە[١٥٩، ١٦٠]. بە هـەر حــاڵ، بێ زانینی مـێـژووی دەرکـەوتن و بـڵاوبوونەوە و خـەسڵـەتە کۆمـەڵایەتییـەکانی ئەو نێوەنـدەی تێیـدا بڵاو دەبێـتـەوە، شـیکردنەوەی ئەرکەکانی دەنگۆ، ئەستەمە.

شەش جۆرەکەی دەنگۆ

| | سەرچاوەی دەنگۆ | | |
|---|---|---|---|
| | لە ڕووداوێکەوە سەرهەڵدەدات | لە وردەکارییەکەوە سەرهەڵدەدات | بە تەواوی خەیاڵییە |
| دروستبوون لەپڕ | ١ | ٣ | ٥ |
| ئەنقەست | ٢ | ٤ | ٦ |

بەرانبـەر بەوە، کەمکردنەوەی ئەو جۆراوجۆرییە ڕواڵەتییەی دەنگۆ لە ڕێی شـوێنی دروسـتبـوونیـەوە، ئاسانە. خـۆ ئەگـەر دەنگۆگەل بەپێی سەرچـاوەکانی و ڕێڕەوەکـانی دروستبوونی شی بکەینەوە، دەبینین شەش جۆرن.

جۆری یـەکەم، ئەو دەنگۆیانەی لە ڕووداوێکەوە سـەرهـەڵدەدن کە ڕای گشتـی شۆک دەکــات. لە کــانوونـی دووەم – یۆنـایەری ١٩٨٠وە بۆ نموونە، چەندین ســەربـاز لە تەنیشـت سـەربازگـەی مۆرمـێلۆن Mourmelon دیار نەمـان، ئـەمـەش ڕاسـتیـیـە، بەڵام ئەوەی زیاتر خـەڵکەکـەی دەترسـان، ئاشکرانەکـردنی هیچ تۆمـەتبارێک بوو لەلایەن

بنکەی پۆلیسەوە تا هاوینی ١٩٨٨.

بە درێژاییی هەشت ساڵ، لە سایەی نەبوونی هیچ وەڵامێکی فەرمیدا، خەڵک بە تەمبەڵی دانەنیشتن، بگرە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی دەکرا، سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی وەڵامێک و لێکدانەوەیەکی تایبەت بوون بۆ ئەو دیاردەمانە سەرنجڕاکێش و بێ سەروسۆراخ و بێ وەڵامانە.

هاوزەمانی گەڕانی وردی پۆلیس، هەر خێرا دەنگۆ، گریمانەکانی خۆی پێشکێش کرد. هەندێک دەنگۆ ئاماژەیان دەدا گوایە شۆفێری لۆرییەکی ئەڵمانیاییە و هەر گەنجێک بچێت بەلای ئۆتۆبێلەکەیدا، دەیرفێنێ و ڕادەستی تۆڕێکی سێکسفرۆشیی نێربازییان دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هاوشێوەیەکی نێرانەی دەنگۆکەی ئۆرلیانە). دەنگۆیەکی دیکە؛ ئەوە یەکێکە لە تاوانەکانی سەربازێکی پێشوو، کەسێکی شێتۆکەیە و بە تەنیا دەژی و دوور نییە نێربازیش بێت. لەم جۆرە دەنگۆیانەدا، جەماوەری ڕووداوەکە لە سایەی نەبوونی هیچ وەڵامێکی فەرمیی خێرا و ماقووڵدا، هەوڵ دەدات، تێڕوانینی کەسێتی و کۆمەڵیی خۆی بۆ هەڵکەوتەکان گەڵاڵە بکات. دەبێ لێرەدا ئاماژەش بدەین؛ ڕێڕەوی گەڵاڵەکردنەکە هاکەزایی و سرووشتییە. خەڵک، کۆمەڵێک گریمانە دەخوڵقێنن و کامەیان زیاتر دەچێتە عەقڵەوە، واتە لە ڕاست دەچێ، ئەویان هەڵدەبژێرن.

ڕەنگە ئەم پرنسیپە هەروا بۆ خۆی بچێتە خانەی جۆری دووەمی دەنگۆگەلەوە. ئاخر لەو کاتەدا ناتوانرێ هەڵبژاردنە دەست ئەنقەستەکان کە لەلایەن کەسانێکی سوودمەند لە دەنگۆکەوە برەویان پێ دەدرێت، لەوانی دیکە جیا بکرێتەوە[١٧٨]. بۆ نموونە، دوای کۆچی دواییی لە ناکاوی پاپا یۆحنا پۆلسی یەکەم لە بیست و نۆی ئەیلوول – سێپتەمبەری ١٩٧٨دا، واتە؛ پاش چەند ڕۆژێک لە هەڵبژاردنی بە پاپا، ڕۆما تووشی شۆک هات، ئەوێ ڕۆژێ، باس لە ئەگەری کوشتن کرا. ئەگەرەکە بووە کتێبێک تا بیسەلمێنێ؛ نەخێر ئەوە مردنێکی سروشتی نییە، بەڵکو ئەنجامی پیلانێکە. هەروەها، دوای لافاوە کارەساتاوییەکەی لە بیست و سێی تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا نیم Nimes ی نقووم کرد و هەشت کەس بوونە قوربانی، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، گوایە ژمارەی قوربانیان سەد، بەڵکو دووسەد کەسە. بە پێی دەنگۆکە، هەوڵەکان بۆ ئەوەن "گەورەییی کارەساتەکە بشاردرێتەوە".

وێڕای ئەوەی کارەساتەکان بە گشتی زێدەڕۆییان تێدا دەکرێ تا لەگەڵ هەڵچوونی خەڵکەکەدا بێنەوە و پچڕانی پەیوەندییەکانیش ئاسانکاریی بۆ دەکات (دەنگۆیەک لە جۆری یەکەم)، بەڵام مەحاڵە بیر لە گریمانە سیاسییەکەش نەکەیتەوە. بۆ نموونە، کاتێک دوو کاندیدی ناسرا و ڕکابەر لە هەڵبژاردنێکدا دەکەونە بەرانبەر یەکدی. جۆری سێیەمی دەنگۆ، زادەی ڕووداوێک نییە، هی وردەکارییەکە پێشتر سەرنجی نەدراوە، یان بێ بایەخ تەماشا کراوە. وەک باوە، دۆزینەوە و گرتنی وردەکاری یان ئاماژەیەک، خەڵک بایەخێکی بژاردەیی (تایبەتی - إنتقائی) پێ دەدەن تا بچووکترین ئاماژە بکەنە بەڵگە. بۆ نموونە، دیارە گرووپە ئاینییە توندڕەوکانی ئەمریکا باوەڕیان بە بوونی مادییانەی ئیبلیس و چالاکییەکانی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی خواخوای ئاماژەیەکی بچووکیانە پشتیوانیی ئەو بیروباوەڕیان بکات. هەر بۆیە کۆمپانیای پرۆکتەر ئەند گامبڵ کەوتە داوی هێما "ئیبلیس"انەکەیەوە. ناتوانین لێرەدا ئەگەری هەندێک لێکدانەوەی زیاد و خستنەسەری دەست ئەنقەستیش لە نێو کۆمەڵگەدا لەبەرچاو نەگرین (جۆری چوارەمی دەنگۆ). پێش ماوەیەک لە فەرەنسا، بڵاقۆکێک خەڵکی لە مەترسییەکانی خاڵ و نیگارە لکاوەکانی منداڵان (الوشوم اللاصقة للأطفال) ئاگەدار دەکردەوە، گوایە مادەی ئێڵ ئێس دی LSD یان تێدایە نەک کەتیرە[١٧٣]. سەرەڕای ئەوەی ئەم بڵاقۆکە لە ئەمریکا دەرچووە و لە هەرێمی کیبیکی کەنەدایی کراوە بە فەرەنسایی، ڕۆژنامەوانی فەرەنسا سەرنجی ئەوەی دابوو، یەکەمین شاری فەرەنسا، بڵاقۆکەکەی تێدا بڵاو بووەوە، شاری (نیس) بوو کە لە بنەڕەتدا خەڵکەکەی هەست بەئاسوودەیی ناکەن. بەڵام بڵاقۆکی فیلگۆیف کە تیشک دەخاتە سەر هێمای چەند زیادکراوێکی خواردەمەنی، بەمسۆگەری زادەی حەزی گەمە پێکردنی خەڵکە بەکاربەرەکەیە[١٧٤].

جۆری پێنجەمی دەنگۆ، بەوە ناسراوە کە هەروا لە بەتاڵاییەوە پەیدا دەبێت. هەموو جارێکیش کە لە دروستیی دەنگۆکە دەکۆڵرێتەوە، دەردەکەوێ؛ هیچ ڕووداو، نیشانە و ئاماژەیەک نییە تا لێک بدرێتەوە و شتێکی لەسەر بنیات بنرێ. بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەم جۆرە دەنگۆیە، بە تەواوی خەیاڵییە. نموونەی ئەم جۆرەش؛ دەنگۆکەی ئۆرلیانە. تارماییەکەی سواری ئۆتۆمبێلان دەبێت، ئەو منداڵەی لە سوپەر مارکێتەکەدا مار پێوەی دا، جاڵجاڵۆکەکەی نێو لقی گوڵە دڕکاوییەکە و... تد. شایانی

باســه، ئەم جـۆرە دەنگۆیانـە، لە شـێـوەی "چیـرۆکـێکی نمـوونەیی"دا دەردەکـەون، هەوڵیش دەدەین بەتـایبـەتی باسـیـان بکەین، چونکە چەند سـاڵێکە بووەتە بابەتی تیـۆریگەلێکی چڕوپڕ کـە پسـپـۆڕانی ئەنگلۆسـاکسـۆنی زانسـتـیی فـۆلکلـۆرناسی گـەلاڵەیان دەکەن بە تایبـەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ناوێکی تایبـەتیشـیـان لێ ناوە بۆ توێژینەوە دەشێ "داسـتانە شاری یان هاوچـەرخەکان". لەم بارەیەوە دەبێ بگوترێ، ئەم دەنگۆیانە، وەک زینـدەخەوێکی دەسـتـەجـەمـعین و هەروا دەمـودەست لێرە و لەوێ پەیدا دەبن و زۆر کەسیش بڕوایان پێ دەکات.

لێرەدا نابـێت ئەو ئەگـەرەش بە دوور بگرین کە بۆ نموونە یەکێک لـەوانەی مـەراقی ئاگـرکـردنەوەیە، بە ئەنقـەست دەنگۆیەکی وا بە نـێـو دەوروبەرەکـەیدا بڵاو بکاتەوە (جۆری شەشـەمی دەنگۆ).

دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کـە هەندێک دەنگۆی هاوشێوەی دەنگۆکەی ئۆرلیان (ئەو جۆرە دەنگۆیانەی لە سـاڵی ١٩٦٩ەوە یەک یەک شـارەکانی فەرەنسـای گرتەوە) بەئەنقـەست هـەڵبـەسـتـرابێت. بـەڵام ناتوانرێ ئـامـارێک بۆ ژمـارەی ئەو دەنگۆیانە بکرێ. دواجار، پێویستـە ئاگامان لەوە بێت، نەگەینە ئەو باوەڕەی هەر دەنگۆیەکمان بیست یەکسـەر بـۆ ئەوە بچین کە پیلانێکی لە پشتـەوەیە، هاوکات ئاگـەداری ئەوەش بین، فریشتەییانە نەڕوانینە دەنگۆگەل و هەمووان بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕووت، بگێڕینەوە.

## نموونەیەکی تایبەت لە دەنگۆگەل: "داستانە شارییەکان"

دروسـتـبوونـی دەسـتـەواژەیەکی نوێی وەک "داسـتـانی شـارییـانە" دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو شـۆڕشـەی لە زانسـتـی فـۆلکلـۆرناسـیـدا ڕووی دا. جـاران، زانـایـانی فـۆلکلـۆرناسـی، هەوڵەکـانـیـان بـۆ کـۆکـردنـەوەی حـیکـایـەت و داسـتـان و چیـرۆکـە کـۆنە نەنـووسـراو و زارەکییەکان بوو. لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا، زانایان، زانیارییەکانیان تا ڕادەیەک لە پـیـرانی دێـهـاتـەکـان وەردەگـرت. بـەڵام وەک پـەرژین شـکـانـدنێک، چەندین زانـای فۆلکلـۆرناسـی دەسـتیان بە کارکردن کرد لە نێوەندی لاوان و هەرزەکارانی شـارەکانی ئەم ڕۆژگــارەدا، بە دروسـتـی لە نێـو یانە و ڕێسـتـۆرانت و شـوێنـەکـانی دیکەی گردبوونەوەی گـەنجانی شـاردا. بۆیان دەرکەوت ، چیـرۆکگەلێکی زۆر لەو نێوەندەدا

ئاڵووێر دەکرێ کە تیشک دەخەنە سەر بەرهەمی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی نوێ(١٤٧) (ئۆتۆمبێل، تەلەڤیزیۆن، کۆکاکۆلا... تد)، زانایان ئەو بەرهەمە دەماودەمەیان ناو نا "داستانە شارییە نوێیەکان". بە بەراورد لەگەڵ مانای پێشووتری "داستان"دا، بۆمان دەردەکەوێ، "داستانە نوێیەکان" خەسڵەتی ڕەسەن و سەرنجڕاکێشیان هەیە(١٧٦):

- لە کاتێکدا پیاوچاکان و پاڵەوانان لە داستانە کۆنەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن، داستانە نوێیەکان باسی کەسانێکی ئاسایی دەکەن لە ئێمە دەچن (ئەمە لە قوتابییەکی دواناوەندی ڕووی دا... لە کچە قوتابییەک... ژنێکی ماڵەوە...). ڕاستە کاراکتەرەکان نەناسراون، بەڵام کۆمەڵە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەبینن کە دەکرێ هەر تاکێک ببینێ.
- داستانی کۆن بە گێڕانەوەی ڕابردوویەکی دوور دەست پێ دەکات (جارێکیان...) بەڵام داستانی نوێ، لە ڕابردوویەکی نزیکدایە: "دوێنێ"، "بەم دواییە" ، "پێش کەمێک".
- داستانە کۆنەکان زۆربەی جاران ڕەهەندێکی پیرۆز یان سەرسامکاریان تێدایە، کەچی داستانی نوێ وا لە نێو ڕووداوە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا: لە گەراجی ئۆتۆمبێلان، لە بازاڕ، لە نێو ئۆتۆمبێلدا، لە چێشتخانە... تد.
- داستانی کۆن دان بە ناڕاستی و بێ بەڵگەیی خۆیدا دەنێت، بەڵام داستانی نوێ (وەک لە دەنگۆکاندا هەیە) هەوڵ دەدات جێگەی بڕوا و واقیعییانە بێت.
- داستانی کۆن، لە حیکایەتێکی بێ خاوەنی زۆر کۆن دەچێ، بەڵام داستانی نوێ، گێڕانەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە و برادەرێک بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەویش لە برادەرێکی دیکەی بیستووە.

کەواتە "داستان" بە مانا کلاسیکییەکەی بە ئاسانی و دەمودەست وەردەگیرێ، لە کاتێکدا دیاریکردنی، "داستانی شارییانەی نوێ" کارێکی ئەستەمە، چونکە وەک هەر دەنگۆیەک، نیوچە زانراوەیەکە. ئەگەر داهێنانی دەستەواژەی "داستانی شارییانە"، دەستکەوتێکی بازارگەرمکردنی سەرکەوتوو بێت لەبەر ئەوەی ڕووخسارێکی فەرمیی نوێ بە توێژینەوە فۆلکلۆرییەکان دەدا، بەڵام لە لایەنی تیۆرییەوە، ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرێ، دەگوترێ "داستانە شارییە نوێیەکان"، نە داستانن و نە نوێ یان شارییانەن:

- چەندین توێژەر سەلماندوویانە[١٥٢، ١٥٣، ١٨٣، ١٨٥] کە سەتان داستانی هاوچەرخ، ڕاستییەکەی، کۆپییەکی نوێی چیرۆکگەلێکی زۆر کۆنن (لە پشت وارێکی نوێوە خۆیان حەشار داوە)، لە چوارچێوەی دیاردەیەکدا کە پێشتر باسمان کرد "گەڕانەوەیەکی ئەزەلییانە". بەڵگەی توێژەوانان لەم گریمانەیەدا، بوون داستانگەلێکی کۆنە بۆ ئەو چیرۆکە "نوێیانە"، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە؛ بەم دواییانە دروست نەبووە، بگرە بەم دواییانە کۆکراوەتەوە[١٤٨، ١٤٩، ١٧٥، ١٧٩].
- ئەم چیرۆکانە هیچ ڕووخسارێکی "شارییانە"ی تایبەتییان نییە، دەکرێ لە کۆمەڵگە لادێیەکانیشدا، چیرۆکی لەو جۆرە ببینینەوە.
- سەرباری ئەوانە، پرۆسەکانی شیکردنەوەی ڕێڕەوی بڵاوبوونەوەی ئەم"داستانە شارییانە"، زۆربەیان دەیسەلمێنن ئەو دەنگۆیانەی گوایە تازەن، زۆر زووتر نیشانەکانیان دەرکەوتوون. بۆ نموونە، زانایانی فۆلکلۆرناسیی ئەنگلۆساکسۆنی سەرنجیان داوە، سەرچاوەی گێڕانەوە زۆربەی کات، هاوڕێیەک لە هاوڕێیەکی دیکەی دەگوازێتەوە، ئەمەش، خەسڵەتێکی گشتیی هەموو دەنگۆکانە. هەروەها، زانایانی فۆلکلۆرناسی، جەخت لەسەر واقیعییبوون دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە وا لێ بکەیت بڕوات پێ بکەن[١٥٥، ١٥٦، ١٦٤]، ئەمەش دیسان خەسڵەتێکی گشتیی دەنگۆیە.

ڕاستت دەوێ، ئەم "داستانە شارییانە"، تەنیا شێوەیەکن لە شێوەکانی دەنگۆگەل، کە لە "کامپیۆن ڤانسان"V. Campion Vincent لە ساڵی ١٩٧٦وە بە"چیرۆکە نموونەییەکان" ناسراون[١٥٨]. پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین، فرەناوی بۆ دیاردەگەلێکی هاوشێوە، کارێکی باش نییە، بە تایبەتی کە ناوە نوێیەکە ژاوەژاوێکی تیۆریی توند دەخوڵقێنێ و وای پێشان دەدا کە لە بەردەم دیاردەگەلێکی جیاوازداین و ڕاستییەکەشی وا نییە[١٨١]. بۆیە لای خۆمانەوە، دەست بە دەستەواژە کۆنەکەوە دەگرین و دوای ئەو مۆدەیە ناکەوین.

## تایبەتمەندێتیی چیرۆکە نموونەییەکان و ئەرکەکانی

وەک دەزانرێ، بنیاتی چیرۆکە نموونەییەکان، کارئاسانی چاک دەکەن بۆ ناسینەوەیان[١٨٣، ١٨٩]. لە زۆربەی دەنگۆکاندا دەگوترێ: "فڵانە کەس ئەوەی کرد" یان

"فیسارە کەس وای لێ بەسەرهات". لە غەیبەتکردندا، غەیبەتکەرەکە، کەسەکە دیاری دەکات؛ دراوسێکەی نهۆمی خوارەوەیە، ژنە قەسابەکەیە، کرێچییە تازەکەی نهۆمی پێنجەمە یان سەرۆکی کۆمپانیاکەیە[١٦٧]. بەڵام لە دەنگۆدا، کەسەکە؛ جاک شیراکی سەرۆکی فەرەنسا یان ئیزابێل ئەدگانی کچە ئەکتەر یان تایتی لوشایە.

لە چیرۆکی نموونەییدا، فلان کەسەکە بە نەناسراوی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەخرێتە خانەیەکەوە کە ئەوانەی گوێیان لە چیرۆکەکە دەبێت، دەیناسنەوە؛ قوتابییەکە لە دواناوەندی... ژنێک لە گەڕەکی ...، ئیدی بەم شێوەیە. دیسان، چیرۆکی نموونەیی، بە گوێرەی بونیادێکی جێگیر دەگێڕدرێتەوە، ئەو ڕووداوە لە ناکاوەی لە فیسارە کەسایەتیی ناسراو قەوماوە، واتە؛ دوور نییە لە ئێمەش بقەومێ. نموونەیەکی بەناوبانگی ساڵی ١٩٨٠ی ئەمریکا، ئەم بنیاتەمان بە چاکترین شێواز بۆ بەرجەستە دەکات.

"مەسەلەکە لە ئافرەتێک قەوماوە، هاوڕێی هاوڕێی هاوڕێیەکمە، لە شاری.. نزیک.. ئافرەتەکە چووە سەنتەری شار و پێداویستییەکانی کڕی، کاتێک گەڕایەوە ماڵەوە، سەگەکەی (جۆری دوبرمان) بینی لەسەر زەوی هەڵتوتاوە، سەگەکە دەقورسکێنێ و بە زەحمەت هەناسە دەدات. دەمودەست ئافرەتەکە سەگەکەی برد بۆ بەیتەری، لەبەرئەوەی پزیشکەکە، سەرقاڵ بوو داوای لە ئافرەتەکە کرد، سەگەکە جێ بێڵێ تا دوایی سەیری بکات. دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، تەلەفۆنەکە لێی دا، پزیشکە بەیتەرییەکە بوو بە دەنگێکی هێواش گوتی:" یەکسەر تەلەفۆنەکە دابنێ و ماڵەکە جێ بێڵە و بگەرە ماڵە دراوسێکەت، منیش وا گەیشتم". هەرچەندە ئافرەتەکە نیگەران و هیچ تێ نەگەیشت، بەڵام بە قسەی پزیشکەکەی کرد.

پاش چەند خولەکێک، چوار ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە لوورەلوور گەیشتن. پۆلیس خۆیان کرد بە ماڵی ئافرەتەکەدا. لە دولابی ژووری نووستنەکەدا دزێکی دەستخوێناوییان دۆزییەوە. پزیشکەکەش گەیشت، ڕوونی کردەوە کاتێک تەماشای سەگەکەی کردووە، دەبینێ سێ پەنجە لە قوڕگی گیراوە، بۆیە هەر خێرا پۆلیسی ئاگەدار کردووەتەوە".

ئەم چیرۆکە کە بە"سەگە دوبرمانە عەدالەتخوازەکە" ناسراوە، زۆر تۆکمە و

جێگیر، داڕێژراوە. وا دیارە گۆڕاوەکانی چیرۆکەکە: شوێنەکە، جۆری ئافرەتەکە، جۆری سەگەکە و ژمارەی پەنجەکانە. هەندێک جار، دەگوترێ پەنجەکان ڕەش بوون. شایانی باسە، ئەم چیرۆکە نموونەییە، بەردەوام لەسەر خوانی ئێواران دەگێڕدرێتەوە و بە ڕاست دادەنرێ و دەبێتە جێی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە بارەی نەمانی ئاسوودەیی و سەگ و ئەو جۆرە شتانەوە.

وەک زۆربەی چیرۆکە نموونەییەکان، ئەم چیرۆکەش، شەش قۆناغی هەیە(١٨٩):

- پێشەکی.
- دیمەنێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە (ئافرەتەکە لە سەنتەری بازاڕ پێداویستییەکان دەکڕێت).
- ڕووداوێکی نائاسایی و تەماوی (سەگەکە بە هەزار حاڵ هەناسەی دەدا).
- ئەنجام (بردنی بۆ لای پزیشک).
- لێکدانەوە (سێ پەنجەی ئادەمیزاد لە قوڕگی سەگەکەدا: لەوانەیە دزەکە تا ئێستا هەر لە ماڵەکە بێت).

ڕاستت دەوێ، ئەم بنیاتە، لە چیرۆکی ئەو ژنە گەنجەشدا دەبینین کە جاڵجاڵۆکەکەی لە لقی گوڵەدڕکاوییەکەدا دۆزییەوە، یان لە چیرۆکی ئەو ئافرەتە گەشتیارەی لە گەشتێکی ئەفریقیا هاتەوە و کاتێک زانی دوومەڵێکی ڕەشی گەورە لە نێوچەوانی هاتووە، دەرکەوت پڕە لە هێلکەی جاڵجاڵۆکە. لێرەدا، ئێمە لە ئاست "چیرۆکێک"داین، بنیاتێکی داستانئامێزی جێگری هەیە. ئەم چیرۆکانە، چیرۆکی "نموونەیی"ن، چونکە پەندێکی ئاکاری لەخۆ دەگرن کە لە کۆتاییی هەندێکیاندا دەدرکێنرێ.

ئەم چیرۆکانە کە وەک ئەوە وایە یەکێک چیرۆکی هەرزەکاریی ڕاستەقینەی خزمێک یان دۆستێکی هاوڕێیەکمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەرکێکیان هەیە، ئەرکەکەشیان تەنیا پەیوەندیی بەو پەندەوە هەیە، جا پەندەکە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بێت یان ناوەخن(١٥٠، ١٥١، ١٦١، ١٦٥).

سەرباری ئەوە، ئاشکراکردنی پەندەکە، واتە؛ ئەرکەکە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەوروبەر و توێژ و پاشخانی جودای ئەوانەوە دەبێت دەنگۆکەیان لە نێودا بڵاو

دەبێتـەوە. بێگومـان چەندین چیرۆکیـان وەک ئاگـەدارکردنەوەیەکی کۆمـەڵایەتی یان سێکسییانەن بۆ ئەو گەنجانەی لەوانەیە ڕووبەڕووی کێشـەگەلێک ببنەوە کە بۆ ئەوان تازەن[١٥٨، ١٦٦]. جیـا لـەوە، هەندێک چیرۆکی نموونـەیی، پەیوەندییـان بە بەسـەربردنی پشـووەکـانەوە هـەیە لە دەرەوەی وڵات، ئەم جـۆرەیان چیـرۆکگەلێکی تازەن، چونکە تەوەرەکـەیان، هەسـتی بێـبـەشـبـوون و غـایلـەکـانی ڕۆژگـاری ئەمـڕۆن، ئەگـەرچی نێوەرۆکەکانیان لە چیرۆکە کۆنەکان دەچن[١٧٥]. بۆ نموونە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەگوترا ئـەو کچەگەنجانەی دەسـتەوارە لەگەڵ ئیبلیس دەبەسـتن، شـوێنی ماچـەکە بە تەختـی نێوچەوانیانەوە دەمێنێتەوە، ماچی ئیبلیسیش، دوومەڵێکی ڕەشـی گەورەیە. بێگومـان ئەم دەنگۆیانە پڕن لە مـەتەڵ، لەوانەیە هـەر مانایەک زۆربەی جـاران، مـانـای دیکەش بدات.

## دەنگۆ و ڕاستی

کـەواتـە هـەندێک دەنـگۆ، زادەی خـەیاڵە، بەڵام دەخـرێتـە خـانـەی ڕاسـتـیـیـەوە و دەگـوترێ بەم دواییـیانـە ڕووی داوە، ئەمەشـە، ڕووخـسـارێکی ڕاسـتەقینانەی تۆکمـە بەو دەنگۆیانە دەبەخشـێ. بەرانبەر بەوە، هەندێک دەنگۆ، بەری ڕووداوێکن، سـەرمان دەسـوڕێ و بـۆ کلیلـی نهـێنیـیـەکـەی دەگـەڕێین، ئەمـەش ڕووخـسـارێکی سـەر لێـشـێـوێنەرانەی دەداتێ. لـەم حـاڵەتەدا، دوور نـییـە دەنگۆ و ڕاسـتی بگەنە یەکـدی، ئەگەرچی ئەو پێکگەیشتنە، هەرگیز لە پێگەی دەنگۆکە ناگۆڕێ.

نموونەکەی سـەربازگەی مۆرمیلۆن کە پێشتر باسـمـان کرد، ئەو ڕایەڵەیەی نێوان دەنگۆ و ڕاسـتی ڕوون دەکاتەوە. بە تایبـەتی، ڕایەڵەکە زۆر ناڕوونە. ئـاخـر دیاردەی تەماویی دیارنەمانی گەنجەکان بووە هۆی دوو ڕێڕەوی هـاوتەریب[١٧١]:

- لێکۆڵینەوەکانی بنکەکانی زێرەڤانی بە گەڕان و پشکنینی وردیشەوە.
- قسـەیەکی دەستەجـەمعی بە مەبەسـتی گەڵاڵەکردنی لێکدانەوەیەکی مـاقووڵ بۆ ئەو دیاردە تۆقێنەرە، لە سایەی بێهوودەیی لێکۆڵینەوەی فەرمیدا.

لەم قسـە دەسـتەجـەمعیـیـانەوە، دوو گریمـانە هـاتنە ئارا (شـۆفـێری لۆرییـەکە و سـەربازە شـێتۆکەکە). ئەوکات، ئەو دوو گریمانەیە، بوونە دوو دەنگۆ. خەڵک لەبەرئەوە بڕوایان پێ نەکردن، چونکە ڕاستن یان پاساوێکی چاکیـان هـەیە (خۆ کەس ڕاسـتیی

هەردوو ڕووداوەکەی نەدەزانی)، بگرە لەبەرئەوەی دەچوونە عەقڵەوە. ئاساییە، ئەو دەنگۆیانەی لە ئەنجامی گفتوگۆی خەڵکەوە پەیدا دەبن، بە هەڕمێن بن، چونکە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە قبوڵ دەکرێن. بەڵام سەتان گریمانەی ماقووڵ دیسان لە نێو خەڵکدا ئەو هەڕمێنەیان نەبوو، چونکە بەو شێوەیە نەدەچوونە عەقڵەوە. خەڵک نەیاندەویست بڕوا بکەن، لەبەرئەوەی بێ سەروبەر بوون.

خۆ ئەگەر ڕێک کەوت، لێکۆڵینەوە دەنگۆیەکی سەلماند، ئەوە هیچ لە دەستنیشانکردنەکە ناگۆڕێ. ئاخر زانراوەکە تەنیا دەنگۆیەک بوو هیچی دیکە، قسە نافەرمییەکان لەبەرئەوە تێ ناپەڕن کە ڕاستن (بەو پێیەی هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەریان نییە) بگرە لەبەرئەوەی خەڵک بڕوایان پێ دەکەن.

لەبەرئەوەی دەنگۆکان پێویستیان بە بەڵگەی پێ سەلمێن نییە تا بڵاو ببنەوە، سەیر نییە بەڵگەکانی بەدرۆخستنەوە نەتوانێ دایانمرکێنێتەوە. ئاخر میکانیزمی بەرەنگاریی گشتی پشت بەجیاوازیی تەواوی ڕاستی و ڕاستییەکی دیکە دەبەستێ. بۆ نموونە، سەبارەت بەو بەیاننامانەی بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو دەنگۆیەی باسی مادەی (ئێل ئێس دی)ان دەکرد لە خاڵکوتەکانی منداڵاندا، لێکۆڵینەوەکەمان کە ٩٣١ قوتابیی دواناوەندیی گرتەوە، دەری خست، قوتابیان ئامادەبوون بڵاڤۆکەکە بە درۆ بزانن، بەڵام هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی بڵاڤۆکەکە لە بنەڕەتدا ڕاستە. یەکێکیان گوتی: "بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان هێندە بلیمەتن ئێمە کەی بەوان دەوێرین". دواتر، ڕەنگە بڵاڤۆکەکە ڕاست نەبێت، بەڵام ڕاستییەک دەخاتە ڕوو کە نکوولی ناکرێت. ئا لێرەوە لەوە تێ دەگەین؛ بۆچی بەدرۆخستنەوەکان، ناتوانن ئەو دەنگۆیانە دامرکێننەوە کە لە نێو ڕۆشنبیرە نیگەرانەکاندا بڵاو دەبنەوە سەبارەت بە مەترسیی مادە هۆشبەرەکان کە هەڕەشە لە منداڵەکانیان دەکات.

## ئاشکراگۆیی بەیاننامەکانی بەدرۆخستنەوە

کاریگەریی لاوازی بەیاننامەکانی بەدرۆخستنەوە دیارە (باسی ١٩). لێ هۆکارەکانی لاوازییەکە، بە تەواوی ڕوون نییە. بەڵام بەم دواییانە هەندێک تاقیکردنەوە کراوە کە تا ئاستێک مەسەلەکە ڕوون دەکەنەوە[١٧٣]. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، تیۆریی خستنەپاڵ (الإسناد) هاوکارمان دەبێت لە شیکردنەوەی ئەو

ڕێگەیەی پەیڕەوی دەکەین کە چۆن بەپێی هەندێک بنەما، هۆکارەکان دەخەینە پاڵ ڕووداوەکان و خەسڵەتەکان دەخەینە پاڵ کەسەکان. لەم ساڵانەی دواییدا سەلمێنرا؛ ستراتیجەکانی گەڕان بە دوای زانراوەدا بە گوێرەی تێڕوانینی ئەرێنی و نەرێنیمان بۆ کەسەکان دەگۆڕێ[١٨٨]. بۆ نموونە، کەسێک بە دوو شێوەی جیاواز پێشکێش دوو گرووپی خەڵک کرا. بە گرووپی یەکەم گوترا "کەسێکی گۆشەگیرە" و بە گرووپی دووەمیش گوترا "کەسێکی کراوە نییە". دواتر داوا لە گرووپەکان کرا لە دوو زەرف، یەکێکیان هەڵگرن کە هەریەکەیان زانیاریی جیاواز لەوی دیکەیانی تێدا بوو. یەکەمیان، زانیاریی سەبارەت بە گۆشەگیری و ئەوی دیکەشیان زانیاریی لەبارەی کراوەیی کەسەکەی تێدایە. لەو کاتەدا، گرووپی یەکەم ئەو زەرفەیان هەڵبژارد ئەو زانیارییانەی تێدایە کە گۆشەگیریی کەسەکە دووپات دەکاتەوە، بەڵام گرووپی دووەم، زەرفەکەی دیکەیان هەڵبژارد کە دەڵێ کەسەکە کەسێکی کراوەیە و ویستیان لەو بارەیەوە زانیاریی زیاتر وەرگرن، سەرەڕای ئەوەی پێشتر پێیان گوترا بوو کەسێکی کراوە نییە. تێبینی دەکرێ، پێشکێشکردنی خەڵک بە شێوازی بەدرۆخستنەوە (کراوە نییە)، وای لە گرووپی دووەم کرد هەوڵ بدەن پێچەوانەکەی بسەلمێنن. ئەوەی ڕووی دا مانای وایە: بەدرۆخستنەوە گومانەکان دەورووژێنێ.

بە هەمان شێواز، قوتابیانی دواناوەندییەکە بڕوایان بە بەدرۆخستنەوە فەرمییەکە نەکرد[١٧٣]. کاتێک پرسیاریان لێ کرا بۆچی بڕوا بە بەدرۆخستنەوە ناکەن، ئەم پاساوەیان پێشکێش کرد: " ئێمە نازانین، باشە ئەگەر بڵاڤۆکەکە درۆیە، کێ سوود لە بڵاوکردنەوەی دەبینێ". لە سایەی ئەوەی ناتوانین هۆکارێک بخەینە پاڵ بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکێکی درۆ، قوتابییەکان لێیان بوو بە ڕاستی.

شایانی گوتنێیە، بەدرۆخستنەوە هەندێک شوێنەوار جێ دێڵێ تەنانەت لای ئەوانەش کە بڕوایان پێی کردووە. بۆ نموونە، کاتێک خاوەنی ڕێستورانتێکی ژەمە خێراکان هەستی کرد ئەمەکدارترین کڕیارەکانی ناچنە ڕێستورانتەکەی بە هۆی ئەو دەنگۆیەوە کە دەیگوت ئێسکی جرج دەکاتە خواردەمەنییەکانییەوە[١٨٦]، گەیشتە ئەو باوەڕەی کڕیارەکان بۆیە ناچنە لای، چونکە بێزیان لە بیرۆکەکە دێتەوە و هەردەم دێتەوە پێش چاویان، ئەگەرچی هیچیان بڕوایان بەتاکە وشەیەکی دەنگۆکە نەکردووە. باشە ئەمە دەچێتە عەقڵەوە؟ ڕاستت دەوێ، بیرۆکە، کارمان تێ دەکات با

بڕواشـمـان پێ نەکـردبێ، ئەو هەڵچـوون و بێـزەوەرییـەی لەم بیـرۆکەیـەدا هەیە، هەر دەمـێنێـتـەوە و بـە بەدرۆخـسـتـنـەوەش زیاتر ڕۆدەچێ. سـەرەڕای بـەدرۆخـسـتـنـەوە کە بیرۆکەیەکی وا بڵاو دەکرێتەوە، کۆمەڵێک وێنەی نەرێنیی پێوە دەلکێ و لێی نابێتەوە.

بووە بە بـاو، فـیـکـری ئادەمـیـزاد بە کـۆمـپـیـوتـەر بەراورد دەکـرێ. بەڵام دەبـیـنـین لە گـەوهـەردا زۆر جـیـاوازن. ئاخـر لـە کـاتێـکـدا دەتـوانرێ زانـیـاریـیـەکـی هەڵە لە کۆمـپیـوتـەردا بسـڕێتـەوە، لای مـرۆڤ زانیـارییـەکان هـەر کـەڵەکە دەبن. ئەوەی مـرۆڤ زانی، لە عەقڵیدا دەچەسپێ (لانی کەم لە مەودایەکی کورتدا). دواتر بەدرۆخستنەوە زانیارییەک ناگێڕێتەوە، بگرە زانیارییەک زیاد دەکات. بۆیە پێویستە دژەدەنگۆ، پەند لەم بەرەنجـامـە گـرینگە وەرگـرێ. شکسـتـهـێنانی بـەدرۆخـسـتـنەوەی دەنگۆی ئەو خـاڵکوتانەی مـادەی ئێڵ ئێس دییـان تێـدایە، بۆ ئـەوە دەگـەڕێتـەوە، تـەنیـا بەدرۆخستنەوە بوو. ئیزابێل ئەدگانی چاکی کرد پابەندی ئامۆژگاریی ئەو کەسە بوو کە پێـی گوت تەنیا بـەدرۆخستنەوە بـەس نییە، هـەر ئـەوەش بوو هـۆکاری سـەرکـەوتنی دژەهێرشـەکەی بۆ سـەر دەنگۆکە.

## نموونەی دژەدەنگۆیەک: دژەهێرشەکەی ئیزابێل ئەدگانی

ڕۆژی یەکشـەممە ١٨ی کـانوونی دووەم – یۆنایەری ١٩٨٧، کـچـە ئەکـتـەری نـاسـراو ئیزابێل ئەدگانی بڕیاری دا واز لەو بێدەنگییە بێنێ کە چەند هەفتەیکی خایاند و ئەو دەنگۆیانـە بەدرۆ بخـاتـەوە چەند مـانگێک بوو باسـیـان لە حـاڵەتی تەنـدروسـتـیی ئەو دەکـرد و ژوورەکـانی نووسـیـاریـیـان بۆژۆ کـردبوو. هەنـدێک دەنگۆ باسـیـان لە نەخـۆشـیـیـەکی ترسناک، بگرە کـوشنـدە دەکـرد. ئەوێ ڕۆژێ باس لـە چەنـدین نەخۆشخـانە و تەنانەت ژمـارەی ژوورەکـەی دەکرا. لـەو کاتەشـدا، ئەدگانی لە هەواڵە ڕاسـتـەوخـۆکـانی ئێـوارەی یـەکشـەممەدا دەرکـەوت و لـە تەنیـشـتـیـیـەوە سـەرۆکی سـەندیکای پزیشکان پرۆفیـسـۆر ڕیمۆن ڤـیـلای دانیـشـتـبـوو بۆ ئەوەی پشـتـیـوانیی داکۆکییەکانی بکات.

چەند ڕۆژێک پاش دەرکـەوتنی لە تەلەڤـیـزیۆن، ئامـرازەکـانی ڕاگـەیاندن بە گشـتی لێدوانەکـانی ئەدگانییـان گواسـتـەوە و پشـتگیرییـان لە بەدرۆخـسـتـنەوەکانی کرد. تێکڕای دەزگـا ڕاگـەیاندنە نیـشـتـیـمـانییـەکان ئامـاژەیان بە بەدرۆخـسـتـنەوەکـەی دا،

ئەوەش بووە حاڵەتێکی نموونەیی. دوای بەدرۆخستنەوەکە بە سێ هەفتە، کۆمەڵەی کۆڵینەوە و زانیارییەکانی تایبەت بە دەنگۆگەل، ڕاپرسییەکی لە ڕێی کۆمپانیای IFOPەوە لە سەرانسەری فەرەنسادا ئەنجام دا کە ١٨٢٣ی گرتەوە، ئامانجی ڕاپرسییەکە؛ شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی بەدرۆخستنەوەکە بوو.

بەرانبەر بەوە، زۆر بەیاننامەی بەدرۆخستنەوە شکست دێنن، چونکە ئامانجی خۆیان ناپێکن و کەس گوێیان لێ ناگرێ. ئەوەش حاڵی بەدرۆخستنەوە فەرمییەکانە (وەک ئەو بەدرۆخستنەوەیەی سەبارەت بە مادەی ئێڵ ئێس دی بڵاو کرایەوە)، بەڵام کچە ئەکتەرە فەرەنساییەکە ئەو مەترسییەی لە ڕێی هەواڵەکانی سات هەشتی ئێوارەی تەلەڤیزیۆنەوە (زۆرترین تەماشاڤانی هەیە) کەم کردەوە، دەرکەوت؛ لە سەدا ٣٨ی پێگەیشتووان، ئەدگانییان بینییوە، بەرانبەر لە سەدا ٢٢، بەدرۆخستنەوەکەیان لە ڕۆژنامەدا خوێندووەتەوە و لە سەدا ٢٨یش لە ڕادیۆوە گوێیان لە بەدرۆخستنەوەکە بووە. زۆر جاران ڕەخنە لە بەدرۆخستنەوەکان دەگیرێ، لەبەرئەوەی ئەوانەی دەنگۆکەشیان نەبیستووە، لە ڕێی بەدرۆخستنەوەکەوە دەیبیستن. هەر بۆ زانین لەڕاپرسییەکەدا دەرکەوت، لە سەدا ٥٦ی ڕاپرسراوان، دەنگۆیەکیان بە هۆی بەدرۆخستنەوەکەوە بیستووە. لە کاتێکدا پێش بەدرۆخستنەوەکە تەنیا لە سەدا ٢٦ی پێگەیشتووان، دەنگۆکەیان بیستبوو. شایانی باسە، ئەدگانی لە دیدارە تەلەڤیزیۆنەکەدا هەرگیز وردەکاریی دەنگۆکەی نەدرکاند.

جیا لەوە، هەڵبژاردنی کاتی بەدرۆخستنەوەکە مەسەلەیەکی پڕ بایەخە. ئاخر دیارنەمانی ئەو کچە ئەکتەرە بۆ چەند هەفتەیەک، ڕۆڵی لە بازارگەرمیی دەنگۆکەدا گێڕا. پێش دیارنەمانی باسی نەخۆشی دەکرا، دوای ئەوە، باس باسی مردنی بوو. ئەوەش لەبارترین کات بوو بۆ دەرکەوتنی، چونکە ڕەتکردنەوەی دەنگۆی نەخۆشکەوتن ڕەنگە قورس بێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی مردن، تەنیا دەرکەوتنی کەسەکەی بەسە. دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین، دەنگۆکەی ئەدگانی زیاتر لە نێو ڕۆشنبیران و گەنجاندا بڵاو بووەوە. دەنگۆ لە دوای دەنگۆ، ئاشکرا دەبێت چۆن دەنگۆگەل بە نێو ڕۆشنبیراندا بڵاو دەبێتەوە.

بەڵام ڕای ئەوانە چییە کە دەنگۆکەیان پێش بەدرۆخستنەوەکە بیستبوو؟ وا دیارە

له سەدا ٢٦یان بڕوایان بە دەنگۆکە کردبوو بەرانبەر بە لە سەدا ٣٦ کە بڕوایان نەکردبوو، لە سەدا ٣٧یش دوودڵ بوون. بەڵام بەدرۆخستنەوەکە کاریگەر بوو، لە سەدا ٥٠ی یەکەمین پۆستە و لە سەدا ٨٣ی دووەم و لە سەدا ٧٣ی سێیەم پۆستەش، بڕوایان پێ کرد. بەڵام ئەوانەی لە ڕێی بەدرۆخستنەوەکەوە دەنگۆکەیان بیستبوو، لە سەدا ٥١یان بڕوایان بە بەدرۆخستنەوەکە کرد و لە سەدا ٣٩ش گومانیان هەرمابوو، لە سەتا ٢شیان هەر پێیان وابوو دەنگۆکە ڕاستە.

کەواتە، ئەوانەی بڕوایان بە بەدرۆخستنەوەکە نەکرد، کەمینە بوون، ئەگەرچی ستراتیجی ئەدگانی هیچ نەبێت بێدەنگی کردن.

سەرباری کات و ئامرازی بەدرۆخستنەوەکە، ئەدگانی هەر بە بەدرۆخستنەوەکە وازی نەهێنا، بگرە هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو کەسانەی بە ئەنقەست دەنگۆکەیان بڵاو کردەوە. پرۆفیسۆر ڤیلای خۆشیی باسی لەو سزایانە کرد کە لەوانەیە بە سەر ئەندامانی تیمی پزیشکیدا بسەپێنری، چونکە کەمترین دەرفەتیان نەچواند بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆکە و تەنانەت گەورەکردنیشی. چەندین هەفتە، نەخۆشیی ئەدگانی بابەتی سەرەکیی خەڵک بوو، هێندە بێ تام کرا، تا وای لێ هات بووە یەک لە بابەتە یاساغەکان. بەڵام ئەوانەی هەر حەزیان لێ بوو دەنگۆکە بڵێن و بڵێنەوە، خەڵک بە گومانەوە تەماشای دەکردن، چونکە کەس نازانێ بۆ وا دەکەن. ڕەنگە ئیزابێل ئەدگانی پشتگیریی ڕەهای هەمووانی بە دەست نەهێنابێ، بەڵام خۆ توانیی هەمووان دەمکوت بکات. لەگەڵ ڕۆژگاردا، وردە وردە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکان دەنگۆکەیان دامرکاندەوە.

بەڵام ئایا دەتوانرێ ئەم حاڵەتە بە سەر هەموو حاڵەتەکاندا جێبەجێ بکرێ؟ ڕاستییەکەی، کەمن ئەوانەی هەواڵەکانی کەناڵی TFI دەبینن. لەم چوارچێوەیەدا، ڕەگەزێکی دیکە ڕۆڵی لە بەدرۆخستنەوەی دەنگۆکەی ئەدگانیدا گێڕا: کۆدەنگیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. کاتێک ڕۆژنامەکان نووسییان و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکان بە چاکی پشتیوانیی ئەو کچە ئەکتەرە و سەرکۆنەی دەنگۆچییانیان کرد، ئیدی هیچ ئامرازێکی ڕاگەیاندن نەگەڕایەوە سەر بابەتەکە. بۆیە ئەگەر ڕۆڵی گرینگ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بزانین، دەشزانین مەحاڵە بێ هاوکاریی ئەوان، دەنگۆیەک بەدرۆ بخرێتەوە و دامرکێنرێتەوە.

## وێنە و دەنگۆ

دەنگۆی ئەدگانی پەیوەندیی نێوان وێنە و دەنگۆ، دووپات دەکاتەوە. هەڵەیە گەر پێمان وابێت دەتوانین وا لە خەڵک بکەین؛ بڕوا بە هەر زانیارییەک لەبارەی هەر کەسێکەوە بکەن. ئاخر کەسانێک هەن، وێنەیان لای خەڵک هێندە ئەرێنییە، مەحاڵە هیچ دەنگۆیەک بتوانێ کار لە وێنەی ئەو کەسانە بکات. ئەمە لە وینستۆن چەرچڵ و جەنەراڵ دیگۆل ڕووی دا کە هیچ دەنگۆیەک نەیتوانی وێنەیان لە چاوی خەڵکەکەدا بگۆڕێ، چونکە وێنەکەیان هێندە بێگەرد بوو. بۆیە دەکرێ بگوترێ، وێنەی ئەرێنی قەڵغانێکە بە ڕووی دەنگۆگەلدا.

بەرانبەر بەوە، دەنگۆ زۆر لە ڕاست دەچێ کاتێک لە کەسەکە دەوەشێتەوە. ئیزابێل ئەدگانی لە هەموو فیلمەکانیدا ڕۆڵی ورووژێنەری ئافرەتێکی دەبینی کە هەناوی هێندە ئاگراوی بوو، لە لۆگیک دەردەچوو. ئەم وێنەیەش، تاکە زانیاریی خەڵک بوو لە بارەی کەسێتییەوە. ئەدگانیش، هەوڵی زۆری دەدا ژیانی کەسێنیی شاراوە بێت، تا دواجار دەنگۆکە تەقییەوە. بە دەگمەن دیداری دەکرد، نەدەبوایە بێ ڕەزامەنیی خۆی وێنەی لە گۆوارەکاندا، بڵاو بکرێتەوە. بێگومان ئەم ڕەفتارانە وای لە هەندێک وێنەگران و ڕۆژنامەوانان کرد، ڕقیان لێی ببێتەوە و لە هەلێک بگەڕێن تا لە ڕێی دەنگۆوە کینەکەیان هەڵڕێژن. بەڵام خەڵک هیچ لەبارەی ئەو کچە ئەکتەرەوە نازانێ جگە لەو "کەسێتییە ئاوێتە"یە نەبێت کە لە فیلمەکانیدا ڕۆڵەکەی دەبینێ، بۆیە هەموو دەنگۆیەک کە لەگەڵ ئەو کەسێتییەدا بگونجایە، پێی وابوو هەواڵێکە شایانی بڕواپێکردن. هەر بۆ زانین ئەگەر هەمان دەنگۆ بە دژی کاترین دۆنۆڤ De- Catherine neuve بکرایە زۆر سەیر دەبوو.

هەر بۆیە، وێنە، ڕەنگە دەنگۆگەل جێگیر بکات، ڕەنگیشە بەدرۆی بخاتەوە. وێنە، یان قەڵغانە و لە دەنگۆگەل دەتپارێزێ، یان مایەی گومانە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەکەی پێشەکیی ئەم کتێبە، دەبینین، پرۆکتەر ئەند گامبڵ خۆی دووچاری دەنگۆ کرد، چونکە بێدەنگ بوو. چونکە خەڵک وێنەیەکی ئامادەشیان لە بارەی کۆمپانیاکە خۆی نەبوو، بۆیە وێنەی کۆمپانیا زەبەلاحە بێدەنگە دەستڕۆیشتووەکانیان بەویشەوە نووساند.

## دەنگۆگەل و ململانێی ڕکابەران

مەسـەلەکە پەیوەندیی بە سیاسـەتەوە هەبێت یان بازاڕ، سروشتی ململانێ لەسەر دەسـەڵات یان کـۆنتـرۆڵکردنی بازاڕەکـان، دەرفـەت بۆ بەکـارهێنانی دەنگۆگـەل دەڕەخـسـێنـی وەک چەکـێکی باو بۆ ڕازیکردنی خـەڵکێک یان بچـووککردنەوە یان لەخشتەبردنیان، بەکار بهێنرێ. پێویستە ئەو زانا کۆمەڵناسـەی ڕێکەوتی ئەو جۆرە دەنگۆیانە دەکات، هێندە سـاویلکە نەبێت وای بۆ بچێ لەو حـاڵەتانەدا، دەنگۆگـەل لەخـۆوەڕا و هەروا بێ مـەبەست بڵاو دەبنەوە، ئەگەرچی بڕواپێکردنی خـەڵک، ڕۆڵی یەکـلاکـەرەوە لە هـەر دەنگۆیەکـدا دەگـێـڕێ. ڕاسـتـت دەوێ، بۆ ئەوەی بتـوانی دژەهێرشێکی سەرکەوتوو بکەیتە سەر دەنگۆیەک، پێویستە سەرچاوەکەی بزانی.

لەگـەڵ نزیکبـوونەوەی هەڵبـژاردنەکـانی سـەرۆکـایەتیی فـەرەنسـا لە ئایار – مـایۆی١٩٩٥دا، ڕەوشی نێـوان "هاوڕێیـانی سی سـاڵە" وا توند بوو، دەنگۆ بووە حـاڵەتێکی واز لێنەهێنراو؟ لێرەدا وەبیـری دێنینەوە، دەنگۆگـەل زۆربەی جـاران لە دۆست و برادەرانەوە دەردەچێ نەک لە ناحـەزانەوە کـە بێ دوودڵی ڕای خـۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕن. ئەمە بوو لە تشرینی یەکەم – ئۆکتـۆبەری١٩٩٤دا لە فەرەنسا قـەوما، کـاتێک دەنگۆیەک لە دەزگـاکـانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو بووەوە، گوایە سـەرۆک فرانسوا میتران حەوت ساڵ سەرۆکایەتییەکەی تەواو ناکات. بڵێی سەرچاوەی ئەم دەنگۆیە "ڕاوێژکـارانی ڕاگـەیاندن"ی "ئەدوارد بالادور"ی سـەرۆک وەزیران بن، بۆ ئەوەی پاڵ بە جاک شیراکەوە بنێن، بیرۆکەی هەڵبژاردنی سەرەتایی قبوڵ بکات، لە جیاتی هەڵبژاردنێکی پێشبینیکراو بەرانبەر "جاک دیلۆر" کە ئەو کاتە پێشـەنگی ڕاپرسـییەکـانی گرتبوو؟ یان سـەرچاوەکە سـەرۆک وەزیران خـۆی بوو تا سـەرۆک میتران ناچار بکات ماوەکەی خۆی تەواو بکات. هەموو ئەوانەی میترانیان دەناسی، دەیانزانی میتران قبووڵی نییە هـەنگاوەکانی بۆ دیاری بکرێ. بۆیە لەوانەیە هەر بۆ لاملی، سوور بێت لەسەر ئەوەی بەدرۆخستنەوەیەکی توندی دەنگۆکە بڵاو بکاتەوە.

هەڵبـژاردنەکـانی سـەرۆکـایەتیی ئەو سـاڵە دەرفـەتیـان ڕەخـسـاند، حـاڵەتێکی سەرنجڕاکێشی دەنگۆی ڕاست بەرجەستە بکرێ. لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی دووەم – نۆڤـێـمـبـەری ١٩٩٤ەوە، دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کـە جـاک دیلور خـۆی بۆ

هەڵبـژاردنەکـانی سـەرۆکایەتیی کاندید ناکـات وەک پێشـبـینی دەکـرێ. ئەوەبوو، ئێوارەی ۱۱ی کانوونی یەکەم – دیسێمبەر لە پەردەی تەلەڤیزیۆنەکانەوە دیلۆر ڕای گـەیاند خـۆی کـاندید ناکـات. بلـێی ئەو دەنگۆیـەی چەندین ڕۆژ بـەر لەو ڕووداوە لە ئارادا بـوو، هەروا لە خـۆڕا و لە ناکـاو بووبێت؟ بێگومـان دوودڵیی جـاک دیلۆر و لێدوانە دژبەرەکـانی چاوەڕێی چاکـەیان لێ نەدەکـرا، لەوانەیە مـرۆڤ هەندێک جـار فـریای بێ شـانسـیی خـۆی بکەوێ بەوەی بتـرسێ خـراپتـری بە سـەر بێت، گوزارشـتکردن لە مـەترسییـەکان، لایەنگران هـان دەدات پێچـەوانەکەی بڵـێن. بەڵام هەندێک کەس نهێنییـەکەیان پاراست. هـەندێک جار، مرۆڤ نـابێت هـەندێک نهێنیی تەنیا لای خۆی بهێڵێتەوە.

لەو ڕووەوە، دەرکـەوت ئەمینداری گشتیی پارتی سۆشیـالیست، هنری ئیمانویلی هەواڵەکـەی لە یەکی دیسـێمبـەرەوە لە جاک دیلۆر خـۆی گوێ لێ بووبـوو. ناشکرێ هەڵسوکەوت و هـەڵوێستی لە ئاست هەواڵێکی وا گرینگدا نەگـۆڕێ کە کشـانەوەی براوەیەکی مسۆگەری هەڵبژاردنەکانە.

بەڵام لە بواری بازاڕدا، ئەم دوو نموونەیەی دادێ، توندیی ئەو ململانێ ژێربەژێرەی دامـەزراوەکان دەردەخـەن. شوبات – فبرایـەری۱۹۹٤ بۆ نموونە، دەنگۆیەک لە بارەی جگەرەی چیسـتـەرفیـڵد Chesterfieldی سـەر بە گـرووپی فیلیپ مـۆریس بڵاو بووەوە. گـرووپەکـە پێش مـاوەیەک نرخی ئەو جگەرە ئـەمـریکاییـەی لە کـانوونی یەکـەم – دیسـێمـبـەری۱۹۹۲ەوە کـەم کـردبووەوە لە ۱۱٫٦۰ فـرەنکەوە بۆ ۱۰ فـرەنک، بۆیە ئەوکات لە ئاستی خـۆیدا، هەرزانترین جگەرە بوو. بـۆیە هێندەی نەبرد بەو هەنگاوە، جگەرەکـە زۆربەی هـەرە زۆری گـەنجـانی بە لای خـۆیدا ڕاکـێشـا، ئاخـر نـاوێکی وا جیهـانی و چێژێکی وەک چیستـەرفیڵد بەو نرخـە، سـەرنجڕاکێش بوو. ئاسـاییە، ئەم سەرکەوتنە، دەنگۆگەل بەدوای خـۆیدا بێنێت. لە لایەنی کۆمـەڵایەتییەوە (تووتن، ئەو دڕەندەیەی دەبێت لە نێـو ببرێ) ئـەو سـەرکـەوتنەی جگەرەیـەک لە نێو گـەنجـاندا بە دەستی هێنـاوە، مایەی بێزاریی کۆمەڵگەیە. لەو کـاتەدا، خەڵک هـەنگاوەکەی گرووپی سـایتـا Seita یان هـاتەوە یاد کـە جگەرەی شـۆڤـینیـۆن Chevignon یان لە بازاڕەکـاندا کێشـایەوە لە بن پاڵەپەسـتۆی میشـال ڕۆکاری سـەرەک وەزیرانی فەرەنسـا و وەزیری

تەندروسـتی و وەزیری لاوان و وەرزشـدا. بەڵام دەخـاڵـەتی دەوڵەت لە مـەسـەلـەیەکی ڕەوای یاسـای تایبـەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سـەرکەوتنە گەورەیەی مارکەکە لە نێو گـەنجـاندا بە دەسـتی هێناوە و مـایەی تـەنگاوکـردنە بۆ خـەڵکی دیکە. وا دیارە چیسـتـەرفـیڵـد، هـەمـان حـاڵەتی بەسـەردا هـات. لە لایەنی ڕەمـزییـەوە، داگـرتنی نرخـەکەی وای کرد بە ئـاسـانی دەست گـەنجـان بکەوێ. لە تێکڕای بەشـەکـانی ئەم کتێبەدا بینیمان کە گەنجان حاڵەتێکی تایبەتن لە نێو کۆمـەڵگەدا. ئاخر چونکە وەک نەوەیەکی "خلیسک" و "بێدەسەڵات" سەرنجی لاوان دەدرێ، بۆیە دەبێ بپارێزرێن.

لەبەرئەوەی ئەو هۆشیارکردنەوەیەی بە سـەر پاکەتی جگەرەکانەوەیە، بەس نییـە، دەنگۆ بۆ پشـتـیوانیی ئەو هۆشـیـارکـردنەوەیە هـاتووە، دەنـگۆکە دەیگوت "جگەرەی چیسـتـەرفـیـڵـد دەبێـتـە هـۆی خـوێنبـەربـوونی سـییـەکـان". بەڵام ئەو دەنگۆیـە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبوو. وا دیارە تاکە دەردی ئەو جگەرەیەی پەنجا ساڵە ملیۆنان کەس دەیکێشن، پەیداکـردنی ئەو ناوبانگە بوو لـە نێـو گـەنجـانی فـەرەنسـادا. جێی سـەرنجـە شـێوازی دارشـتنی دەنگۆکـە خـۆی کە مـەحـاڵە لە ڕووی زانسـتـییـەوە بسـەلمێندرێ، شایەتی ئەوە دەدەن، سـەرچاوەکەی، نێوەندی تەندروستی نییـە. جیا لەوەی لەگەڵ ئـەو زمـانە میللییـەی باسی تووتن و سیی پێ دەکرێ، نایەتەوە. دوای ئەوە، گومانی تێدا نییە دەستێک لە پشتی ئەو دەنگۆیەوەیە.

لەم ڕۆژگارەدا، لە فەرەنسا ڕێکلام بۆ هـەمـوو جۆرە جگەرەیەک قـەدەغەیە، ئەمـەش بازاڕی لە ئاسـتێکدا ڕاگرتووە، بەرزکردنەوەی فرۆشـیـاریش ئەرکێکی قورسـە. لەم سۆنگەیەوە، دەکرێ لە کاردانەوەی توندی ڕکابەرانی چستەرفیلد تێ بگەین.

ئەو بـەرهـەمـانـەی هـەسـتی گـوناهبـاری ڕادەچەنن و نیگەرانکەرن، هـەمـیـشـە هـەڕەشـەی دەنگۆیان لە سـەرە. بۆ نموونە، حـەبـەکـانی دووگـیـانیگر (منع الحمل) بەردەوام بابەتی دەنگۆگـەلن. لەو کـاتانـەدا، دەنگۆ، زەنگی ئاگـەدارکـردنـەوەی کۆمەڵگەیە. تووتن یەکێکە لەو بەروبوومانەی هەستی گوناهباری دەجووڵێنێ، دەوڵەت ڕێ و هـانی دەدا، تـەنانەت دەیفـرۆشێ و پارەی چاکی لێ دەست دەکەوێ (لـە ڕێگەی باجـەوە) لە کـاتێکدا لە لایەن کۆمـەڵگەی پزیشکی و وەزارەتی تەندروستییەوە ڕەت دەکرێتەوە.

هەروەها چارەسەرکردنی دەروونی بە هۆی هەندێک دەرمانی کیمیاییەوە، مەترسییەک لە نەستی بەشێک لە ڕای گشتیدا دروست دەکات. ئاساییە، ئەو دەزگایانەی لە بوارگەلێکی بازرگانیی دیکەدا کار دەکەن، ئەو مەترسییانە بقۆزنەوە، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵانەی نەخۆشیی دەروونییان تێدایە. بۆ زانین، ئەو گرووپانە ئەمڕۆ دامەزراوگەلێکی فرەڕەگەزن و ڕەگوڕیشەیان بۆ چەندین دەوڵەت درێژ بووەتەوە. بۆیە دەتوانن "بە ئاسانی" هەڵمەتگەلێکی ڕێکخراو بە دژی دەرمانێک ساز بکەن گوایە ئەو دەرمانە مەترسییەکی ڕاستەقینەی هەیە، بکرێتە داواکاریی یاساییش لە پێنج شەش وڵات پێکەوە. لە ئەنجامدا، ئەم "ڕاستییە" نوێیە پەرشوبڵاوە، دەبێتە "زانراوە"یەک و سەرنجی ڕۆژنامەوانی ڕادەکێشێ. سەرنجی ئەو کۆوارانە ڕادەکێشێ هەر خەریکی گومانکردنن لە زانستی پزیشکی. ئەوانەی لە پزیشکایەتیی ئەڵتەرناتیڤدا کار دەکەن، هەروەها ئەوانەی هەر بۆ خۆیان نیگەرانن، باشترین کڕیاری ئەو دەنگۆیانەن. ڕۆژێک ڕۆژنامەوانیش باسی ئەو دەنگۆیە دەکات. پزیشکانی تەندروستیی گشتیش ڕووبەڕووی دەنگۆ نابنەوە، ئاخرلە سایەی ئەو ڕەوشە ئابوورییە گرانەدا، ئەوانە هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ تا کلینیکەکانیان پڕ بێت لە نەخۆش. خۆ ئەگەر نەخۆشێک لەو دەرمانە کیمیاوییە (ئەوەی دەنگۆکە دژی کراوە) ترسا کە پزیشکەکە بۆی نووسیووە، پزیشکەکە ئامادەیە دەرمانەکەی بە یەکێکی دیکە بۆ دەگۆڕێ، ئەمەش دەنگۆکە زیاتر دەسەلمێنێ... وردە وردە، حاڵەتێکی گومانکردن لە نێو زانایانی دەروونناسی و دەسەڵاتدارانی تەندروستیدا (لە سەر دەنگۆگەل و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕانەهاتوون) پەیدا دەبێت دەگەنە ئەو بڕوایەی، ئەو دەنگۆیانە هەوڵدانێکی پلان بۆ دارێژراون لە پێناو شکاندنی مارکەیەکی بازرگانیی دیاریکراودا.

## جەنگی کەنداو و پەخشکردنی ڕاستەوخۆی دەنگۆیەک

لوتکەی هەوڵەکانی دەورەدان یان بچووککردنەوە لە شەڕی کەنداودا، بەرجەستە بوو، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە. وا دیارە بوونی کەناڵێکی میدیا بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی بیست و چوار سات ڕاستەخۆ بگوازێتەوە، پەخشی میدیای بە هێز نەکرد، بگرە بواری زۆربوونی دەنگۆگەلی ڕەخساند. ئەو پەخشە تەرخانەی

"الحصري" بە کەناڵی CNNی ئەمریکایی ڕەوا بینرابوو، بووە چاکترین زەمینەسازیی دەنگۆ لای هەردوو بەرەکە، سەدام حسێن و هێزەکانی ئەمریکا. لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق دەرفەتی ئەوەی هەبوو، ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ ملیۆنان هاووڵاتی ڕۆژئاوادا بکات، برەوی دەدا بە دەنگۆگەلێکی نموونەی "بەهێزترین سوپا لە جیهاندا" و "باڵادەستیی چەکەکانی عێراق" و "ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن عێراقەوە".

چونکە سوپای عێراقیش هێشتا لە کوێت نەکشابووەوە، وێنەکانی تەلەڤیزیۆن گوێ و زەینی نەوەیەکی کاس کرد کە لە جەنگی جیهانی ١٩٤٥وە شەڕی نەبینیبوو. بە هۆی ئەو مقەستەشەوە کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا نۆرمان شوارزکۆف خستبوویە سەر زانیارییەکانی بەرەکانی شەڕ، کەشوهەوای زۆربوونی دەنگۆ و زانیاریی هەڵە لەبار بوو. هەروەها حکومەتی لە وڵات بەدەرنراوی کوێتیش، لەو بوارەدا بەخۆ کەوت، تەلەڤیزیۆنەکانی ئەمریکا وێنەی ئەو سەربازە عێراقییانەیان پێشان دەدا کە بە ئەنقەست لانکە (حاضنە)ی منداڵانی نەخۆشخانەکانیانی کوێتیان دەشکاند. بێگومان، ئەو دیمەنانە ڕقی هاووڵاتیانی هەستان و پشتیوانیی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی باوکیان کرد لە لێدانی ئەو ئیبلیسەدا. لێرەدا تێبینی دەکەین چۆن پێگەی کۆنترین ئامرازی ڕاگەیاندن لە مێژوودا، لە ڕێی ئەو ململانێیەی نێو گۆڕەپانی تەکنەلۆجیای میدیا و پەخشی زیندووەوە، جێگیرتر دەبێت. چەند کۆمەڵگەکانمان لە خوێندنەوە دوور بکەوێتەوە، هێندە خوو دەداتە میدیای بینراو و بیستراو، واتە ئەوەی چاومان دەیبینێ و ئەوەی پێمان دەگوترێ، بێگومان دەنگۆ، دزە دەکاتە نێو ئەو دوو ئامرازەی کە بۆ تێگەیشتن لە دنیای دەوروبەرمان، پشتیان پێ دەبەستین.

# کۆتای دابڕین

بێگومـان دەنگۆگـەل، مـافی هـاووڵاتیـبـوونیـان وەرگـرت. پاش ئەوەی بە درێژاییی ماوەیەکی زۆر وەک ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنە تەماشا دەکران کە چالاکییەکەیان بۆ دواکەوتوویی ئامرازەکانی دیکەی میدیا دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆمان دەردەکەوێ؛ ئامرازێکی ڕاگەیاندنی کامڵە، لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەدا هاوتەریبە و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمڕۆ ئەرکە ئەرێنییەکانی دەنگۆ، ئەو تێڕوانینە نەرێنییە دەسڕنەوە کە دەرهەق دەنگۆ پێشتر لە ئارادا بوو.

شـایانی باسـە، ئەنجامی ئەم پێشـڤەچوونە کـە ئەم کـتـێبـە ڕۆڵی تێدا هەبوو، دەسکەوتێکە بۆ دەنگۆ. وا دیارە ئەمڕۆ جیدیرین هەواڵنامە ڕۆژنامەییەکان، ماوەیەک بۆ "دەنگۆکان" تەرخان دەکەن. هاوکات ژمارەی هەواڵنامە نهێنییەکان (لە هەردوو بواری سیاسی و ئابووریدا) کە بۆ بەڕێوبەرانی کۆمپانیا و دامەزراوەکان سەبارەت بە تازەترین دەنگۆ، ئامادە دەکرێ، زیادیان کردووە. هەروەها خزمەتگوزاریی "ئەلو دەنگۆکان" کە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی زانیاری پێشکێشی دەکەن، ڕکابەریان بۆ پەیدا بووە.

لە ئاسـتی توێژینەوەشـدا، دەنگۆگـەل، بوونەتە بابەتی چەندین نامـەی زانکۆکـان. نموونەی ئەو نامـانەش لە فـەرەنسـادا زۆرن. زانسـتی کـۆمـەڵناسـیی تایبـەت بە کـۆڵینەوەی دیاردە ڕۆژنـامەییـیـەکـان، دەنگۆ وەک زەوییـەکی بـەپیـتی توێژینـەوەکـان دەبینێ.

دروست لەم کاتەدا (باس لە کاتی دەرچوونی ئەم کتێبەیە بە زمانی فەرەنسی واتە سـاڵی١٩٩٥ ـ وەرگـێڕی کـوردی)، کۆمـەڵە توێژەوەیەک لە فـەرەنسـا لەو دەنگۆیانە دەکـۆڵنەوە، بۆ نموونە، باس لە بینینی هـەندێک ئاژەڵ دەکـەن کـە سـاڵانێکی زۆرە

نەماون، بینینی سێله فرۆکەکان، بڵاوکردنەوەی ماریکی زۆر بە دێهاتەکاندا، جیا لەوەی کە دەنگۆکانی کۆمەڵگەی تەندروستی پڕ لە دەنگۆ، هەروەها دەنگۆگەلێکی سیاسی و دارایی دیکە کە لە کۆمپانیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە و هەروەها زانیاریگەلێکی لەخشتەبەری بێشوومار.

ئەو توێژینەوانەی ئەمڕۆ لە بارەی دەنگۆگەلەوە لە جیهاندا دەکرێن، زیاتر دەرک بە گرینگیی دەنگۆ دەکەن و ڕێکوپێکترن. لەم بارەیەوە، زانایانی فۆلکلۆرناسی کە لە بواری داستانە شارییەکاندا چالاکن، دەڵێن ئەوان پشتگیریی ئەو تیۆرییانە دەکەن کە پێشتر سەبارەت بە دەنگۆ، گەڵاڵە کراون. هاوکات ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی (لە زانکۆی شیفیلدی بەریتانیایی و لە کۆلێجی زانستە مرۆڤییەکانی پاریس) پێک هێنراون و لەبارەی دەنگۆوە گفتوگۆ لە ئارادایە. بۆ زانین، پێشڤەچوونی تێگەیشتن لە دەنگۆگەل، زادەی فرەپسپۆڕیی توێژەوانە. بێگومان زانایانی کۆمەڵناسی و زانایانی فۆلکلۆرناسی، خاوەنی جێ دەستێکی بەرچاون لە بواری دەنگۆگەل و داستانە شارییەکاندا. بەدڵنیاییەوە ئەنجامدانی توێژینەوە و کۆڵینەوەی دیکەش مایەی دەستخۆشییە. بەشداریی مێژوونووسان و زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا، لەوانەیە هاوکاریی دەستنیشانکردنی سەردەمی دەنگۆکان بکات. سەرباری ئەوانە، تیۆرییە ئابوورییەکان یان تیۆریی دروستکردنی بڕیار، زۆری پێیە لە بارەی بەهای ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانەوە بیڵێ.

دیسان دەگوترێ، توێژینەوە باڵاکان، سوود لە گەڵاڵەکردنی گریمانەگەلێک وەردەگرن و دەیانخەنە بەر تاقیکردنەوەی زانستی. ئەو کاتیش لە فرەپسپۆڕییەوە بەرەو حاڵەتێکی یاخیبوون دەچین کە دواجار، دەرفەتی گۆڕینی تێڕوانینە باوەکان لە بارەی دەنگۆگەلەوە، دەڕەخسێنێ.

٢٠٠٨/٨/٢٨ – هەولێر

# سەرچاوە و ژێدەرگەل


١- Abelson R., Aronson E., McGuire W.J., Newcomb T., Rosenberg M., Tannenbaum P.H., تیۆرییەکانی دەرک پێکردنی مەعریفی. Rand McNally Sourcebook , Chicago 1968.

٢- Adams J., <<ئەمبارکراوی بزاڤی نرخەکان وەک ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی>>، ڕۆژنامەی جیهانیی زانستی کۆمەڵناسیی بەراوردکاری، ١٠ (٢-٣)، نیسان- تەمووز ١٩٧٣، لاپەڕە ١٣٣- ١٤٧.

٣- سەردەمی ڕێکلام، <<Procter and Gamble Rumor Blitz Look's Like a Bomb>>، سەردەمی ڕێکلام، ٥٣، ئاب ١٩٨٢، لاپەڕە ٦٨- ٦٩.

٤- Allport F. H. Lepkin M <<سەردەمی شەڕی دەنگۆگەل بۆ لاواز و خودانی جیاووک: بۆچی هەندێک خەڵک بڕوایان پێ دەکەن>>، ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٤٠، ١٩٤٥، لاپەڕە ٣ - ٣٦.

٥- Allport G. W., Postman L <<شیکردنەوەی دەنگۆ>>، ڕای گشتیی وەرزییانە، ١٠، زستانی ١٩٤٦-١٩٤٧، لاپەڕە ٥٠١-٥١٧.

٦- Allport G. W. , Postman L , زانستی دەروونناسیی دەنگۆ، نیویۆرک، هنری هۆڵت، ١٩٤٧.

٧- Alter J << Procter and Gamble Sues Over Satanism >>, سەردەمی ڕێکلام، ٥٣، تەمووز ١٩٨٢، لاپەڕە ١.

٨- Ambrosini P. J <<لێ وردبوونەوەیەکی مەیدانی بۆ کۆمەڵێک دیاردەی خۆپارێزیی دەنگۆ>>، ڕۆژنامەی جیهانیی چارەسەریی دەروونی، ٣٣ (١)، کانوونی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٦٩-٨٣.

٩- Arndt J <<زوڕنای ڕاگەیاندن>>، نیویۆرک، دەزگای توێژینەوەی پروپاگەندە، ١٩٦٧.

١٠- Asch S <<کاریگەریی گرووپەکانی پاڵپەستۆ لە کاتی گۆڕین یان هەموارکردنی یاساکاندا>>، خوێندنەوەیەکی زانستییانەی دەروونناسی.
E. Maccoby, T. Newcomb, E. Hartely (eds).، نیویورک، 1958. and Winston Holt Reinehart, لاپەڕە ١٧٤-١٨٣.

١١- Assouline P <<دەسکیسەکانی نێو کۆمار>>، ژمارە ٨٤، کانوونی یەکەم ١٩٨٥، لاپەڕە ٨-١٩.

١٢- Auclair G ئەلموونای ڕۆژانە، پاریس، بڵاوکراوەکانی ئەنترۆپۆس، ١٩٨٢.

١٣- Banta T <<کوشتنی کێنێدی: بیرۆکە و هەڵچوونە پێشوەختەکان>>، وەرزینامەی ڕای گشتی، ٢٨، ١٩٦٤، لاپەڕە ٢١٦-٢٢٤.

١٤- Bauer R. A. , Gleicher D. B <<میدیای زارەکی لە یەکیەتیی سۆڤیەت>>، وەرزینامەی ڕای گشتی، ١٧، پایزی ١٩٥٣، لاپەڕە ٢٩٧- ٣١٠.

١٥- Bensahel J. G <<ئایا پێویستە ئامبازی دەنگۆی ژەهراوی ببێت>>، بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی، ٢٩ ئایاری١٩٧٤، لاپەڕە ٢٥-٢٦.

١٦- Bensahel J. G <<هەواڵە خراپەکان لە کارمەندان مەشارەوە>>، بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی، ٣٠، ئەیلوول ١٩٧٥، لاپەڕە ٤٩-٥٠.

١٧- Bernard C <<سێبەری مرۆڤکوژ>>، ڕاگەیاندن، ٢٨، ١٩٧٨، لاپەڕە ١٦٥-١٨٥.

١٨- Bieder J <<لە پیاوەکەی کیڤەوە بۆ خاتوو ئامیان>>، ساڵانەی تەندروستی - زانستیی دەروونناسی، ١، ١٩٧٠، لاپەڕە ٧٧١-٧٧٥.

١٩- Bonaparte M داستانگەلێکی جەنگی، پاریس، چاپکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا، ١٩٥٠.

٢٠- L., Meurger M Brodu J. << نهێنی و ناڕوونی>>، پاریس، بوگنێب، ١٩٨٥.

٢١- Brunvand J.H, << The Vanishing Hitch-hiker >> لەندەن، دەفتەرەکانی بیکادۆر، ١٩٨٣.

٢٢- Brunvand J. H <<دۆبەرمانە خنکێنەرەکە، نیویۆرک>>، نۆرتۆن و هاوبەشەکانی، ١٩٨٤.

٢٣- Bukhout R <<شایەتیی شایەتحاڵێک>>، زانستی ئەمریکایی، ژمارە ٢٣١، ٦، کانوونی یەکەم ١٩٧٤، لاپەڕە ٢٣-٣١.

٢٤- Campion-Vincent V <<حیکایەتە نموونەییەکان>>، Contrepoint, ژمارە ٢٢-٢٣، ١٩٧٦، لاپەڕە ٢١٧-٢٣٢.

٢٥- Cantril L. , Gaudet H. , Hertzog H <<هێرش لە مەریخەوە>>، برنستاون، چاپکراوەکانی زانکۆی برنستاون، ١٩٤٠.

٢٦- Caplow T <<دەنگۆ لە جەنگدا>>، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، ٢٥، ١٩٤٧، لاپەڕە ٢٩٨-٣٠٢.

٢٧- Caritey J <<دەنگۆ و سیاسەت>>، کۆواری کارگێڕی، ١٩٥، ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٠، لاپەڕە ٢٥٠-٢٥٢.

٢٨- Chaiken S << Heuristic versus Systemic Information Processing and the Use of Source versus Message Cues in Persuasion >>, ڕۆژنامەی کەسیەتی و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٣٩ (٥)، ١٩٨٠، لاپەڕە ٧٥٢-٧٦٦.

٢٩- Choumoff P. S <<دیدارگەلێک لەبارەی ژوورەکانی گازەوە>>، مێژوو، ژمارە ٧٩، حوزەیران ١٩٨٥، لاپەڕە ٦٨-٧٣.

٣٠ - Ciric P <<دەنگۆگەلی دارایی، بازاڕەکانی کەلوپەل>>، توێژینەوەیەکە بەسەرپەرشتیی Kapferer, N.J. HEC, 3, Jouy-en-Josas, 1985.

٣١- Coleman A <<تیمساحەکان لە ئاوەڕۆکاندا>>، ڕۆژنامەی فۆلکلۆری ئەمریکایی، ٩٢، ١٩٧٩، لاپەڕە ٣٣٥-٣٣٨.

٣٢- Danner J <<لێ مەگەڕێ بکەویتە داوی دەنگۆوە>>، کارگێڕیی چاودێریی، ١٧، تشرینی دووەم ١٩٧٢، لاپەڕە ٢-٧.

٣٣- Davis K <<چاودێری و ڕاهێنانی تیمی دەنگۆ>>، کۆواری بەڕێوەبردن، ٦٢، تشرینی یەکەم ١٩٧٣، لاپەڕە ٥٣-٥٥.

٣٤- Davis K <<ئەو دەنگۆیانە ببڕەوە با نەمێنن>>، کارگێڕیی چاودێری، ٢٠ حوزەیران ١٩٧٥، لاپەڕە ٢-٦.

٣٥- Debats K.E << وەرزشێکی تاقینەکراوە>>، ڕۆژنامەی کەسیەتی، ٦١، تشرینی دووەم ١٩٨٢،

لاپەڕە ٢٠٨.
٣٦- Defleur M <<میدیای جەماوەری و کۆڵینەوە لە دەنگۆ>>، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، ٣٢، ١٩٦٢، لاپەڕە ٥١-٧٠.
٣٧- Delaney W <<سکرتاریەتی دەنگۆ>>، کارگێڕیی چاودێری، ٢٨، ئادار ١٩٨٣، لاپەڕە ٣١-٣٤.
٣٨- Delort R <<شەڕەگورگ>>، مێژوو، ژمارە٥٣، شوبات ١٩٨٣، لاپەڕە ٦-١٩.
٣٩- Delumeau J <<ترس لە رۆئاوا>>، پاریس، بلۆریێل، ١٩٧٨.
٤٠- Deutsch E <<شێکاری دەنگۆیەکی لەبەینبراو>>، ڕەگەزی مرۆڤ، ٥، ١٩٨٢ لاپەڕە ٩٩-١١٤.
٤١- Dichter E <<زوڕنای ڕاگەیاندن چۆن کار دەکات>>، ڕۆژنامەی کارنامەی هارڤارد، ٤٤، تشرینی دووەم-کانوونی دووەم ١٩٦٦ لاپەڕە ١٤٧-١٦٦.
٤٢- Douel J <<ڕۆژنامە وەک ئەوەی دەخوێنرێتەوە>>، سەنتەری ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای ڕۆژنامەنووسان، ١٩٨١.
٤٣- Duhamel J <<تیۆریی وەرزشیی نەخۆشی و دەنگۆکان>>، ڕۆژنامەوانیی تەندروستی، ٦٣، ژمارە ٣٤، ١٩٥٥ لاپەڕە ٧١٧-٧١٨.
٤٤- Dumerchat F <<شتی نوێ لە بارەی زێوانەکەوە>>، وەرزینامەی لێژنەی بواتۆ- شارێنت>>، ژمارە ٣ کانوونی دووەم ١٩٨٥ لاپەڕە ٢-٨.
٤٥- Durandin G <<دەنگۆگەل>>، نامەیەکی زانکۆیی، وانەگەلێک لە زانستی دەروونناسیدا، پاریس، ١٩٥٠.
٤٦- Elias N <<چەند سەرنجێک لەبارەی زۆربڵێییەوە>>، چەند باسێک لە توێژینەوەکە، ژمارە ٦٠ تشرینی دووەم ١٩٨٥ لاپەڕە٢٣-٣٠.
٤٧- Erlanger <<خودان>>، پاریس، ڤۆلیۆ-، ١٩٨٥.
٤٨- Esposito J. L. , Rosnow R <<تیمی دەنگۆگەل: چۆن دەست پێ دەکات و چۆن ڕادەگیرێت>>، کۆواری بەڕێوەبردن، ٧٢ نیسان ١٩٨٣ لاپەڕە ٤٤-٤٩.
٤٩- Favreau-Colombier J. , Marie Besnard , پاریس، ڕۆبێر لافۆنت، ١٩٨٥.
٥٠- Festinger L <<تیۆریی بەراوردکاری لەبارەی کۆمەڵگەوە>>، پێوەندییە مرۆییەکان، ٧، ١٩٥٤ لاپەڕە ١١٧-١٤٠.
٥١- Festinger L <<تیۆریی دژەدەرککردن>>، ستانفۆرد، چاپکراوەکانی زانکۆی ستانفۆرد، ١٩٦٢.
٥٢- Festinger L. , Cartwright D. , et al <<لێکۆڵینەوەیەکی دەنگۆ: سەرچاوەکەی و توانای بڵاوبوونەوەی>>، پەیوەندییە مرۆییەکان، ١، ١٩٤٨ لاپەڕە ٤٦٤-٤٨٥.
٥٣- Fine G <<پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەنگۆکانی منداڵان>>، ڕۆژنامەی ڕاگەیاندن، ژمارە ٢٧ (١)، زستانی ١٩٧٧ لاپەڕە ١٨١-
٥٤- Fine G <<داستانە شارستانییەکان و فرەڕەچەڵەکی and coke Law :>>، ڕۆژنامەی



عەبدولڕەزاق عەلی (٢٣)

فۆلکلۆری ئەمریکایی، ۹۲ ، ۱۹۷۹ لاپەڕە ٤٧٧–٤٨٢ .
٥٥– Flem L <<زارێکی زۆربڵێ و گوێیەکی هەڵخراو>>، ڕەگەزی مرۆڤ، ٥ ، ۱۹۸۲ لاپەڕە ۱۱–۱۸
٥٦– Gauchet M <<کارنامەگەی گومان>> ، ژمارە ، ٨٤ کانوونی یەکەم، ۱۹۸٥ لاپەڕە ٤٨–٥٧ .
٥٧– Griffin G <<بەشداریی کۆڵینەوەکانی سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ تیۆریی متمانە لە نێو کارمەندانی کاری ڕاگەیاندندا>>، بڵاوکراوەی دەروونی، ٦٨ (٢)، لاپەڕە ۱۰٤–۱۲۰ .
٥٨– Goldschmidt B <<ئۆردوگای ئەتۆمی>>، پاریس، فایار، ۱۹۸۰ .
٥٩– Gorphe F <<ڕەخنەکردنی شایەتی>>، پاریس، دالۆز، ۱۹۲۷ .
٦٠– Gritti J، أوتاوە، ستانکی، ۱۹۷۸ . وا دێ، دەنگۆ دێ
٦١– Gross E <<سەرکردایەتی لە بازاڕگەرمکردندا>>، نیوجێرسی، ڕۆژنامەوانیی فلۆرهام پارک، ۱۹٦٨ .
٦٢– Guillet P. , Bretxa M << دەنگۆکانی بازاڕی بۆرسە>>، توێژنەوەیەک بە سەرپەرشتیی N. J. Kapferer, ,HEC 3 Jouy-en-Josas, 1985.
٦٣– Hall M <<گەورەفێڵە دزراوەکە>>، ڕۆژنامەی کەسیەتی و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٢ (٤) ,1965, لاپەڕە ٥٦٣–٥٦٩ .
٦٤– Hanna D. , Sternthal B <<ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ڕووخساری خەوتوو>>، ڕۆژنامەی لێکۆڵینەوەی بەکاربەر، ۱۱ (٢), ، ۱۹۸٤ لاپەڕە ٦٣٢–٦٤٢ .
٦٥– Hirschhorn L <<بەڕێوەبردنی دەنگۆ لە کاتی بەخۆداشکانەوە و خۆخواردنەوەدا>>، ڕۆژنامەی کارگێڕیی پێشکەوتوو، ٤٨ ، هاوینی ۱۹۸۳ لاپەڕە ٤–۱۱ .
٦٦– Holmes J. , Lett J <<نموونە و زارەکی>>، ڕۆژنامەی کۆڵینەوە لە ڕاگەیاندن، ۱۷ ، ژمارە ٥ ، ۱۹۷۷ لاپەڕە ٣٥–٤٥ .
٦٧– Hyman H. , Singer E <<تیۆری و کۆڵینەوە لە سەرچاوەی گرووپەکە>>، نیویۆرک، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، ۱۹٦٨ .
٦٨– Jaeger M. , Rosnow R. L <<کێ چی لە کێ دەبیستێ و ئەنجامەکەی چییە: کۆڵینەوەیەک لەبارەی دەنگۆوە>>، ڕۆژنامەی کەسیەتی و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ژمارە ٦ (٣)، ئەیلوول ، ۱۹۸۰ لاپەڕە ٤٧٣–٤٧٨ .
٦٩– Jervey G Entemann's Fights Moonie Link <<سەردەمی ڕاگەیاندن>>، ٥٢ تشرینی دووەم، ۱۹۸۱ ، لاپەڕە ٣٣ .
٧٠– Johnson D. M <<تارمایی هۆشبەری ماتۆن: کۆڵینەوەیەکی مەیدانی بۆ هیستریای جەماوەری>>، ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٤٠ ، ۱۹٤٥ لاپەڕە ۱۷٥–۱۸٦ .
٧١– Jones E. et al <<هەستی هۆکاری ڕەفتارەکان>>، مۆریستاون، ڕۆژنامەوانیی گشتی بۆ هەمووان، ۱۹۷۲
٧٢– Jung C << Ein Betrag zur Psychologie des Gerüchtes >>, zentralblatt für Psychoanalyse, 1, 1910, لاپەڕە ٨١–٩٠ .

٧٣- Kahneman D., Slovic P., Tversky A <<داوەری لە بن کاریگەریی گوماندا: دەزگای ئاشکراکردن و مەیلەکان>>، کامبریج، ڕۆژنامەی زانکۆی کامبریج، ١٩٨٢ .

٧٤- Kapferer J. N <<ڕێگەکانی بڕوا پێهێنان>>، پاریس، دۆنۆ، ١٩٨٤ .

٧٥- Kapferer J. N <<منداڵ و ڕێکلامەکانی تەلەڤیزیۆن: ڕێگەکانی سەرنجڕاکێشان>>، پاریس، دۆنۆ، ١٩٨٥ .

٧٦- Kapferer J. N <<دەنگۆکەی فیلگۆیف: دانەیەک لە دەنگۆکەلی خۆراک>>، کۆواری بەڕێوەبردن، ٥١ . ١٩٨٥ لاپەڕە ٨٧-٩٣ .

٧٧- Kapferer J. N <<دەنگۆیەک لە بارەی ژەهر لای فەرەنساییەکان>>، ڕاگەیاندن: ڕۆژنامەی ئەوروپا بۆ ڕاگەیاندن، ١ . ١٩٨٥ لاپەڕە ١١١-١١٩ .

٧٨- Kapferer J. N <<دەنگۆی ڕێکلام: ڕێکلامێکی بە زایەڵە>>، کۆواری بازاڕگەرمکردن، ١١٠ کانوونی یەکەم ١٩٨٦ .

٧٩- Kapferer J. N Dubois B , <<هەڵوەرینی زانست>>، پاریس، چاپکراوە عەقڵانییە نوێیەکان ١٩٨١ .

٨٠- Kapferer J. N Laurent G <<چۆنیەتیی پێوانەی ڕادەی بەشداریی بەکاربەران>>، پاریس، ئەنیستیتوتی کۆڵینەوەی توێژینەوەکانی پڕوپاگندەی ڕێکلامییانە، ١٩٨٣ .

٨١- Kaplan S <<پلانی برسیەتی: چیرۆکی دەنگۆیەکی سەدەی هەژدە>>، پاریس، ئارمان کۆلینس، ١٩٨٢ .

٨٢- Katz E. , Lazarsfeld P <<کاریگەریی کەسیەتی: ئەو بەشەی ڕاگەیاندنی جەماوەری کە گەل ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ>>، نیویۆرک، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، ١٩٥٥ .

٨٣-Kindleberger C P. <<ڕازیبوون، هەڵپەهەڵپ و لاتبوون: سەربووردەی قەیرانە داراییەکان>>، نیویۆرک، کتێبە بنچینەییەکان، ١٩٧٨ .

٨٤- Klapp O <<سەرکردە کاریزمییەکان>>، شیکاگۆ، ئەدلین، ١٩٧٥ .

٨٥- Knapp R <<زانستی دەروونناسیی دەنگۆ>>، وەرزینامەی ڕای گشتی، ٨ (١)، . ١٩٤٤ لاپەڕە ٢٢-٣٧ .

٨٦- Knopf T <<لێدانی دەنگۆ: خەملاندنی سەنتەرەکانی چاودێریی دەنگۆ>>، شیکاریی سیاسی، ژمارە ١ . پلە ٤ . ١٩٧٥ لاپەڕە ٥٩٩-٦١٢ .

٨٧- Lacouture J <<هەڵلا و ڕاستی>> ، ڕەگەزی مرۆڤ، . ٥ . ١٩٨٢لاپەڕە ١٩-٢٩ .

٨٨- Laufer R. , Paradeise C <<میرە بیرۆکراتەکە>>، پاریس، فلاماریۆن، ١٩٨٢ .

٨٩- Le Bon G <<دەروونی حەشاماتەکە>>، پاریس، ڕۆژنامەوانیی زانکۆیی فەرەنسا، ١٩٦٥ .

٩٠- Lecuyer B.P- <<ئەزموونێکی نیوچە تەواو لە بارەی دەنگۆگەلەوە لە سەدەی هەژدەدا: لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی-بەرایی ئۆریی چاودێری گشتییە (١٧٤٥)>>، لە بارەی زانست و تیۆریی لای ڕای گشتییەوە، ڕێز و پێزانین بۆ Jean Stoetzel, پاریس، چاپکراوەکانی ڕیتز، کتێبخانەی CELP, 1981, لاپەڕە ١٧٠-١٨٧.

٩١- Lefebvre G <<ترسە گەورەکەی ساڵی . ١٧٨٩ پاریس>>، دەزگای خوێندنی باڵا، ١٩٥٧.

٩٢- Lépront C «دەنگۆ», پاریس, گالیمار, ١٩٨٤.

٩٣- Levy R «لە نێو بەرداشی دەنگۆدا»، کۆواری دن, ١١٨، تەمووز ١٩٨١ لاپەڕە ٥٢-٥٤.

٩٤- D. , London M. London I. B «دەنگۆ وەک پەڕاوێزێک لە ڕەفتاری نیشتیمانییانەی چیندا»، ڕاپۆرتەکانی زانستە دەروونییەکان، ژمارە ٣٧ (٢)، تشرینی یەکەم ١٩٧٥ لاپەڕە ٣٤٣-٣٤٩.

٩٥- London H. , Nisbett H «بیـرۆکـە و هـەسـتـگەل: گـۆڕانـی دەرک پێککردنی حـاڵەتەکـانی هەستگەل»، شیکاگۆ، ئەدلین، ١٩٧٤ .

٩٦- LSA حاڵەتی «سـپـیـەیس دۆست»، هەواڵەکانی خزمـەتکردنی خۆبەخۆ، ژمارە ٧٥٩ ٢٣ ئایار ١٩٨٠ لاپەڕە ٥٦-٥٨

٩٧- Makay LL. D «وەهـمـە سـەیرە میللـیـەکان و شـێـتـیـەتیی ئـەو حـەشـامـاتە»، نـیـویۆرک، کتێبەکانی هارمۆنی، ١٩٨٠ .

٩٨- Mannoni O «کلیلەکانی خەیاڵ یان دیمەنەکەی دیکە»، پاریس، چاپکراوەکانی سۆی، ١٩٦٩

٩٩- Marcellin R «جەنگی سیاسی»، پاریس, بلۆن، ١٩٨٥ .

١٠٠- Marty M. E «مـەزەبی ئـیـبلیـسـانە: بێ مـەرایی»، سنووربەزاندن، ١٩ کـانوونـی یەکـەم ١٩٨٢ لاپەڕە ٨-١٤ .

١٠١- McGregor D «کاریگەرییە سـەرەکـیـیـەکـانی پێـشـبـینیی ڕووداوە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان»، ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٣٣ ١٩٣٨ لاپەڕە ١٧٩-٢٠٤ .

١٠٢- McSweeny J. P «دەنگۆگـەل: دوژمنی هـاوڕێیەتیی ئـاکارییـانە و پێوەندییـە هـاوبەشـەکان »، ڕۆژنامەی کەسیەتی، ٥٥ ئەیلوول ١٩٧٦ لاپەڕە ٤٣٥-٤٣٦ .

١٠٣- Medalia N. , Larson O «بڵاوکردنـەوە و باوەڕهێنان لە وەهـمی دەسـتـەجـەمـعـیدا: دەردی سییتڵ وینگایڵد بیتینگ»، کۆواری کۆمەڵایەتی ئەمریکا، ٢٣ ١٩٥٨ لاپەڕە ١٨٠-١٨٦ .

١٠٤- Medini G. , Rosemberg E. H ، «بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و چارەسـەری دەروونی»، ڕۆژنامەی ئەمریکایی بۆ چارەسەری دەروونی، ژمارە ٣٠ (٣)، تەمووز ١٩٧٦ لاپەڕە ٤٥٢-٤٦٢ .

١٠٥- Meyer Spacks P «بڵاوکردنەوەی دەنگۆ»، نیویۆرک، ئەلفرێد کنۆبف، ١٩٨٥ .

١٠٦- Morin E «دەنگۆکەی ئۆرلیان». پاریس. چاپکراوەکانی سۆی. ١٩٦٩ .

١٠٧- Morin E «ئەستێران»، پاریس، چاپکراوەکانی سۆی، گرووپی بوانت، ١٩٧٢ .

١٠٨- Moulins J. L «, Roux E «لە زارەوە بۆ گوێ و دەنگۆی ڕاگەیاندن»، لە بارەی دەنگۆوە، پاریس، چاپکراوەکانی ئۆرگانیزاسیۆن، ١٩٨٤ لاپەڕە ١٥٥-١٧٣ .

١٠٩- Murphy R «دەنگۆگەل، کێبەرکێ و گەڕەلاوژێ»، زانسـتی کۆمەڵناسـیی هاوچەرخ، ژمارە ٥ پلە ٢ ١٩٧٦ لاپەڕە ١٩٩-٢٠٠ .

١١٠- Myon J. C «دەنگۆ و ژیانی نێـوخـۆی دەزگـا: کـۆڵینەوەی دۆخـێـک»، توێژینەوەیەک بە سەرپەرشتیی J. N. Kapferer, HEC 2, جۆی ئۆن جوزاس، ١٩٨٥ .

١١١- Nicolas J «دەنگۆکـەی پاریس: ڕفـانـدنی منداڵان سـاڵی ١٧٥٠»، مـێـژوو، ژمـارە ٤٠ ١٩٨١ لاپەڕە ٤٨-٥٧ .

١١٢- Nkpa N «دەنگۆگـەلێک لـەبارەی ژاراویکردنی خـەڵکێکی زۆرەوە لە بیـافرا»، وەرزینامـەی

ڕای گشتی، ٤١ (٣)، پایزی ،١٩٧٧ لاپەڕە ٣٣٢-٣٤٦ .
١١٣-Ojka A. B «کۆڵینەوەی دەنگۆ: دەست نیشانکردنێکی چڕوپڕ»، ڕۆژنامەی ئەکادیمیای هیندی بۆ زانستی دەروونناسیی پراکتیکی، ژمارە، ١٠ (٢-٣)، ،١٩٧٣ لاپەڕە ٥٦-٦٤ .
١١٤-Park R E. « هەواڵ وەک تەرزێک لە ماریفەت»، ڕۆژنامەی ئەمریکایی بۆ زانستی کۆمەڵناسی، ٤٥ ، ١٩٤٠ لاپەڕە ٦٦٩-٦٨٩ .
١١٥- Peterson W. , Gist N «دەنگۆ و ڕای گشتی»، ڕۆژنامەی ئەمریکایی بۆ زانستی کۆمەڵناسی، ٥٧ ، ١٩٥١ لاپەڕە ١٥٩-١٦٧ .
١١٦- Pichevin M. , Ringler A. , Ringler M «هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە هێڵی هاوسەنگی بە هۆی تەکنیکی دەنگۆوە»، نامەکانی زانستی دەروونناسی، ١٤ پلە ٣ .
١١٧- Pomian K «شەممە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ سات پێنجی پاش نیوەڕۆ: ڤێرسۆفیا»، ڕەگەزی مرۆڤ، ژمارە ٥ پایزی ،١٩٨٢ لاپەڕە ٦٣-٧٠ .
١١٨- Ponting J «سەنتەری چاودێریی دەنگۆ: دەرکەوتن و پرۆسێسەکەی»، کۆواری زانستی ڕەفتاری ئەمریکایی، ژمارە ١٦ (٣)، کانوونی دوەم ،١٩٧٣ لاپەڕە ٣٩١-٤٠١ .
١١٩-Richins M. L «ئەو بەکاربەرانەی زارەکییانە و نەرێنییانە ناڕازین: کۆڵینەوەیەکی پێشەنگە»، ڕۆژنامەی بازاڕ، ژمارە ٤٧ (١)، زستانی ،١٩٨٣ لاپەڕە ٦٨-٧٨ .
١٢٠- Rose A «دەنگۆگەل لە نێو جەرگەی بازاڕدا»، وەرزینامەی ڕای گشتی، ١٥ ، ١٩٥١ لاپەڕە ٤٦١-٤٨٦.
١٢١- Rosen S. , Tesser A «لە قسەنەکردنەوە بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی نەشیاو: کاریگەریی بێدەنگی»، پێوانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ٣٣ ، ١٩٧٠ لاپەڕە ٢٥٣-٢٦٣ .
١٢٢-Rosnow R. L «گێڕانەوەی سەنگ بۆ زانستی دەروونناسیی دەنگۆ»، بڵاوکراوەی زانستیی دەروونناسی، ژمارە٨٧ (٣)، ئایار ،١٩٨٠ لاپەڕە ٥٧٨-٥٩١ .
١٢٣-Rosnow R . L. , Fine G A. «دەنگۆ و بڵاوبوونەوە: زانستی دەروونناسیی گوێ لێگیراوەکان»، نیویۆرک، ئیلسیفییر، ١٩٧٦ .
١٢٤- Ross L. , Lepper M. « R. , Hubbard M «بەردەوامبوون لە دەرکپێکردنی خۆیی و کۆمەڵایەتیدا: پرۆسەکانی لادان بەناوی هەڵێنجانی زانیارییەوە»، ڕۆژنامەی کەسیەتی، ژمارە ٣٢ پلە ٥ ، ١٩٧٥ لاپەڕە ٨٨٠-٨٩٢ .
١٢٥- Rossignol C «دیاردەی دەنگۆ»، زانستی دەروونناسیی فەرەنسایی، ١٨ ژمارە ١ ئاداری ،١٩٧٣ لاپەڕە ٢٣-٤٠ .
١٢٦- Rouquette M. L «دەنگۆگەل »، پاریس، چاپکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا، ١٩٧٥ .
١٢٧- Rouquette M . L «دیاردەکانی دەنگۆگەل»، نامەی دکتۆرا، زانکۆی پرۆڤانس، ١٩٧٩ .
١٢٨- Roux E «لە زارەوە بۆ گوێ: چۆنیەتیی تێکەڵکردنی بۆچوونی شارەزایان لە ستراتیجی ڕاگەیاندنی دەزگادا»، ڕۆژی بیست و یەکەمینی ڕۆژی خوێندنی ئەنیستووتی توێژینەوە و کۆڵینەوەگەلی پروپاگندە، پاریس، ئایار ،١٩٨١ لاپەڕە ١٦٣-١٩٥ .
١٢٩- Rowan R «ئەم دەنگۆیە لە کوێوە هات؟»، سامانەکە، ١٠٠ ئاب ،١٩٧٩ لاپەڕە ١٣٠-١٣١

١٣٠- Rysman A <<چۆن ئەم گوتی گوتیە بوو بە ئافرەت؟>>، ڕۆژنامەی ڕاگەیاندن، ژمارە٢٧ (١)، زستانی ١٩٧٧، لاپەڕە ١٧٦-١٨٠ .

١٣١- Sabini J. , Silver M <<ئاکار لە ژیانی ڕۆژنامەدا>>، نیویۆرک، چاپکراوەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٨٢

١٣٢- Sauvy A <<لە دەنگۆوە بۆ مێژوو>>، پاریس، دۆنۆ، ١٩٨٥ .

١٣٣- Schachter S. Burdick H <<ئەزموونێکی مەیدانی لە گواستنەوەی دەنگۆ و شێواندنیدا>> ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٥٠، ١٩٥٥ لاپەڕە ٣٦٣-٣٧١ .

١٣٤- Séguin J . P <<هەواڵی نەرمونیان، ڕۆژنامەکانی سەدەی نۆزدە>>، پاریس، ئەرمان کۆلینس, گرووپی "کیۆسک"، ١٩٧٥ .

١٣٥- Sheatsley P. , Feldman J <<کوشتنی سەرۆک کێنێدی>>، وەرزینامەی ڕای گشتی، ٢٨، ١٩٦٤، لاپەڕە ١٨٩-٢١٥ .

١٣٦- Sherkovin Y. , Nazaretyan A <<دەنگۆگەل وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامرازێکی جەنگی دەروونی>>، ڕۆژنامەی زانستی دەروونناسی، ژمارە ٥، زنجیرە ٥، ١٩٨٤ لاپەڕە ٤١-٥١ .

١٣٧- Shibutani T <<هەواڵگەلێکی پێشبینینەکراو: کۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دەنگۆ، ئەندیانا پۆڵیس، بۆبس میریل، ١٩٦٦ .

١٣٨- Simon Y <<بۆرسەی بازرگانی و شوومەک>>، پاریس، دالۆز، ١٩٨٠ .

١٣٩- Stein H. F <<جەنگ و دەنگۆگەلی جەنگ: توێژینەوەیەکی زانستی دەروونناسی ـ مێژوویی لە ڕۆشنبیریی تەندروستیدا>>، ڕۆژنامەی زانستی دەروونی – مێژوویی، ژمارە ٧ (٤)، بەهاری ١٩٨٠، لاپەڕە ٣٧٩-٤٠١ .

١٤٠- Tubiana M <<شێرپەنجە>>، پاریس، چاپکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا، گرووپی "ئەوەی دەیزانم چییە"، ژمارە ١١، ١٩٨٥

١٤١- Tybout A. , Calder B. _J. , Sternthal B <<بەکارهێنانی تیۆریی بەکارهێنانی هەواڵ بۆ نەخشەڕێژیی ستراتیجگەلی مامەڵەی بازاڕ>>، ڕۆژنامەی کۆڵینەوەی کڕین و فرۆشتن، شوبات ١٩٨١، ١٨، لاپەڕە ٧٣-٧٩ .

١٤٢- volkoff V <<شیکاریی ڕاگەیاندن>>، پاریس, جولیار، ١٩٨٦ .

١٤٣- Walster E. , Festinger L <<کاریگەریی گواستنەوەیەکی بەجێی هەواڵە بیستراوەکان >>، ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٦٥، ١٩٦٢ لاپەڕە ٣٩٥-٤٠٢ .

١٤٤- Walster E. et al <<کاریگەریی هەڵێنجانی زانیاریی دوای ئەزموونگەلێکی بێهوودە>>، ڕۆژنامەی ناوازان و زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ٦، ١٩٦٧ لاپەڕە ٣٧١-٣٨٠ .

١٤٥- Watzlawick P <<واری وار>>، پاریس، چاپکراوەکانی سۆی، ١٩٧٨ .

١٤٦- Weinberg E <<بەرەنگاربوونەوەی ئاگر بە ئاگر>>، ڕاگەیاندنی وەرزیی، ٢٦ (٣)، هاوینی ١٩٧٨، لاپەڕە ٢٦-٣١ .

# پێڕست


پێشەکیی چاپی کوردی ..... 5
پێشـەکی ..... 9
باسی یەکەم: دیاردەیەک تێگەیشتنی ئەستەمە ..... 13

**بەشی یەکەم**: سـوڕی ژیانی دەنگۆ لە سـەرەتاوە تا کۆتایی ..... 35
باسی دووەم: دەنگۆگەل چۆن سـەرهەڵدەدەن؟ ..... 37
باسی سـێیەم: دەنگۆگـەل بڵاو دەبنەوە ..... 65
باسی چوارەم: بۆچی بڕوا بەدەنگۆگەل دەکەین؟ ..... 84
باسی پێنجەم: جەماوەری دەنگۆ و ئەرکەکانی ..... 110
باسی شەشـەم: کاراکتەران "دەنگۆچییان" ..... 118
باسی حەوتەم: کۆتاییی دەنگۆ و ماناکانی بێدەنگی ..... 132
باسی هـەشتـەم: گەڕانەوەیەکی ئەزەلییانە ..... 140

**بەشی دووەم**: لێکدانەوەی دەنگۆگـەل ..... 155
باسی نۆیەم: نێردراوەکە "المرسلە": مـەترسی و پێداویسـتی ..... 157
باسی دەیەم: نێردراوی داپۆشراو ..... 175
باسی یازدەیەم: داناری "جرود" فەرەنسا لە ڕێی دەنگۆکانەوە ..... 187

**بەشی سێیەم**: بەکارهێنانی دەنگۆگەل ..... 199
باسی دوازدەیەم: تاوانگەل و لیکۆڵینەوەکان و دەنگۆگەل ..... 201
باسی سێزدەیەم: دەنگۆگەل و دروستکردنی ئەستێران ..... 217
باسی چواردەیەم: لە کارگە و لە نووسینگەدا ..... 224
باسی پازدەیەم: دەنگۆ لە بواری بازاڕگەرمکردندا ..... 233
باسی شـازدەیەم: دەنگۆگەلی دارایی ..... 250
باسی حەڤدەیەم: دەنگۆی سیاسی ..... 265

**بەشی چوارەم**: دەنگۆ دادەمرکێنرێتەوە؟ ..... 283
باسی هەژدەیەم: دژەدەنگۆ ..... 285
باسی نۆزدەیەم: بەدرۆخستنەوە: هونەرێکی مەترسیدار ..... 292
باسی بیستەم: گۆڕینی وێنەی دەنگۆ ..... 308
باسی بیست و یەکەم: خۆپاراستن لە چارەسەر چاکترە ..... 320
پوختە ..... 325
پاشکۆ ..... 328
کۆتای دابڕین ..... 349
سەرچاوە و ژێدەرگەل ..... 351